٣ـ عند عدم دفع بدل الاشتراك السنوي خلال المدة المحددة في فقرة (٢) من هذا المادة فعلى النقابة الطلب من الدائرة أو الجهة التي يعمل فيها العضو بإستقطاع البدل من راتبه وتسجيله أمانة لحساب النقابة ومن ثم تحويله الى صندوق النقابة.

**المادة التاسعة:**

تتألف النقابة من:
١ـ الهيئة العامة.
٢ـ مجلس النقابة.
٣ـ لجنة الانضباط.
٤ـ فروع النقابة في محافظات الاقليم.
٥ـ شعب النقابة أو لجانها.

**المادة العاشرة:**

١- تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة الذين أوفوا بألتزاماتهم بموجب أحكام هذا القانون، ويرأس الهيئة العامة النقيب وعند غيابه نابه الاول فالثاني فإذا غاب الثلاثة المذكورون، تكون الرئاسة لأكبر أعضاء مجلس النقابة سناً.

٢- لايجوز للعضو الممنوع من مزاولة المهنة انضباطياً الاشتراك في إجتماعات الهيئة العامة.

٣- تصدر القرارات في إجتماعات الهيئة العامة بأكثرية الاصوات وعند التساوي يرجح الجانب الذي يكون في الرئيس.

**المادة الحادية عشرة:**

تختص الهيئة العامة بما يلي:

١- مناقشة التقرير السنوي والشؤون الاخرى وإتخاذ القرارات بشأنها.

٢- تصديق الميزانية.

٣- إنتخاب النقيب ونائبيه وأعضاء مجلس النقابة (عدا رؤوساء لجان الشعب) وخمسة من أعضاء لجنة الانضباط (ثلاثة أصليين وأثنين إحتياط) وذلك مرة كل سنتين ولها سحب الثقة من أي من هؤلاء وإقالتهم عند الضرورة وإنتخاب من يحل محلهم للمدة الباقية.

**المادة الثانية عشرة:**

١- تجتمع الهيئة العامة لممارسة إختصاصها إجتماعاً عاديا مرة كل سنتين وذلك خلال شهر كانون الثاني بقرار من المجلس ودعوة من النقيب على أن يعلن عنه في صحيفة محلية و في مقر النقابة وفروعها إن وجدت قبل حلوله بثلاثين يوماً.

٢- إذا لم يقم المجلس بدعوة الهيئة العامة للإجتماع في الموعد المشار اليه في الفقرة (١) من هذه المادة فللوزير أن يتولى دعوتها للاجتماع خلال مدة لا تتجاوز ثلاثة أشهر من تاريخ الموعد النظامي لاجتماعها العادي.

٣- يتم نصاب الهيئة العامة في الاجتماع الاول بحضور الاكثرية المطلقة للأعضاء الذين آوفوا بالتزاماتهم، وإذا لم يتم النصاب فتجتمع الهيئة العامة بعد أسبوع من الاجتماع الاول ويعتبر النصاب حاصلاً مهما كان عدد الحاضرين.

**المادة الثالثة عشرة:**

١- تجتمع الهيئة العامة اجتماعا غير عادي في إحدى الحالتين التاليتين:

أ - بقرار من المجلس.

ب - بطلب من عدد الاعضاء لايقل عن (٣٥٪) من مجموع اعضاء النقابة، ويجب ان يتضمن القرار او الطلب الغاية من الاجتماع غير العادي.

٢- يقرر المجلس موعد الاجتماع غير العادي في اول جلسة يعقدها بعد تسلمه الطلب على أن لايتجاوز هذا الموعد ثلاثين يوماً من تاريخ صدور القرار وإلا تولى الوزير تحديد موعد الاجتماع والدعوة له.

٣ـ يعلن عن موعد الاجتماع في صحيفة محلية وفي مقر النقابة وفروعها إن وجدت وذلك قبل حلولة بخمسة عشرة يوماً.
٤ـ لايجوز البحث في الاجتماع غير العادي، إلا في الامور التي جرى من آجلها الاجتماع وما يتعلق بها أو يتفرع عنها فقط.

**المادة الرابعة عشرة:**

١ـ يتألف مجلس النقابة من:
أ ـ النقيب.
ب ـ نائبي النقيب.
ج ـ أحد عشر عضواً أصيلاً، وخمسة اعضاء إحتياط يحلون محل الاعضاء الاصليين.
د ـ ينتخب مجلس النقابة في أول إجتماع له من بين أعضائه سكرتيرا وأمينا للصندوق و ذلك لمدة سنتين و تحدد صلاحيتها في النظام الداخلي.

المادة الخامسة عشرة:

١ـ إذا شغرت مناصب عدد من أعضاء المجلس يدعو المجلس من يحل محلهم من بين الاعضاء الاحتياط ممن حاز آصواتا أكثر عند الانتخاب.
٢ـ إذا شغرت مناصب أكثر أعضاء المجلس، فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع خلال شهرين لإنتخاب من يملأ المناصب الشاغرة للمدة المتبقية من الدورة.
٣ـ إذا شغرت مناصب جميع أعضاء المجلس لأي سبب تشكل لجنة من خمسة أعضاء من أعضاء النقابة يعينهم الوزير، تتولى شؤون النقابة الى أن يتم إنتخاب مجلس جديد، ويكون لهذه اللجنة جميع صلاحيات مجلس النقابة، ويكون لمن ينسبه الوزير رئيساً، جميع صلاحيات النقيب، وتدعو اللجنة الهيئة العامة للإجتماع في موعد لايتجاوز الشهرين من تاريخ شغور المناصب لإنتخاب مجلس جديد للمدة المتبقية من الدورة إن كانت تزيد على ستة أشهر ويعلن في جريدة محلية.

**المادة السادسة عشرة:**

١ـ لمجلس النقابة الاختصاصات التالية:
أ ـ العمل على تحقيق اغراض النقابة حسبما جاء في المادة الثالثة من القانون.
ب ـ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.
ج ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة.
د ـ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم.
هـ ـ النظر في طلبات الانتماء، وإقرار قبول الاعضاء العاملين والمشاركين.
و ـ إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
ز ـ إحالة القضايا والشكاوي الى الجنة المختصة.

ح ـ تأسيس فروع النقابة في المحافظات وفق الشروط المبينة في النظام الداخلي.

ط ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

ي ـ البت في إستقالة النقيب أو نائبه أو أي من أعضاء المجلس أو اللجان.

ك ـ تعيين مدقق حسابات لإجراء التدقيق السنوي.

ل ـ تنظيم الاوراق الانتخابية والوثائق الاخرى والاشراف على عملية الانتخاب وفق احكام هذا القانون.

م ـ إقرار تملك الاموال والعقارات في حدود أغراض النقابة والهبات والمنح.

ن ـ تأسيس وإدارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعيات.

٢ـ للمجلس تخويل بعض صلاحياته الى لجان الفروع.

**المادة السابعة عشرة :**

للنقيب الصلاحيات التالية:

١ـ رئاسة إجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تمثيل النقابة في المعاملت كافة لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة، وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من أعضاء المجلس بموافقة المجلس.

**المادة الثامنة عشرة :**

١ـ إذا تغييب النقيب ناب نائبه الاول، وإذا شغر منصب النقيب لاي سبب كان، حل محله نائبه الاول نقيبا للمدة المتبقية من الدورة، وفي حالة غيابهما يحل محلهما النائب الثاني، وللمجلس إنتخاب احد اعضائة ليقوم مقام النقيب عند غيابه وتغيب نائبيه.

٢ـ عند شغور مناصب النقيب ونائبيه ينتخب المجلس أحد أعضائه ليقوم مقام النقيب وعلى المجلس أن يدعو الهيئة العامة لاجتماع غير إعتيادي خلال مدة لا تزيد على شهرين لانتخاب النقيب ونائبيه للمدة المتبقية من الدورة، إذا كانت المدة أكثر من ستة أشهر وعند عدم قيام المجلس بذلك يتولى الوزير تحديد موعد الاجتماع والدعوة خلال شهر واحد.

٣ـ يشترط في النيب ونائبيه أن يكونوا قدمارسوا المهنة مدة لا تقل عن عشر سنوات.

**المادة التاسعة عشرة :**

يعتبر عضو مجلس النقابة، أو أي عضو في لجانها مستقيلا إذا تغيب عن حضور خمس جلسات إعتيادية متتالية دون عذر مشروع يقبله مجلس النقابة أو اللجنة أو إذا تغييب عن حضور عشر جلسات خلال السنة دون موافقة المجلس.

**المادة العشرون :**

١ـ تؤسس الشعب التالية في النقابة لتمثيل الفروع المهنية التي ينتمي اليها أعضاؤها حسب تخصصهم، وتدير كلا منها لجنة الشعبة وفق أحكام هذا القانون.

أ ـ شعبة الهندسة التطبيقية.
ب ـ شعبة النفط.
ج ـ شعبة الاتصالات.
د ـ شعبة الصناعة الفنية.
٢ـ يجوز تأسيس شعب تمثل الفروع المهنية الاخرى، على ان لايقل عدد الفنيين في ذلك الفرع عن (مائة) بعد موافقة المجلس.

**المادة الحادية والعشرون:**

١ـ تتألف هيئة الشعبة من جميع أعضائها الذين أوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون، وتجتمع كل سنتين إجتماعا إعتياديا في نفس الموعد المحدد للهيئة العامة، وذلك لإنتخاب رئيس وأعضاء لجنة الشعبة بالاقتراع السري في الامور التي تخص الشعبة.
٢ـ لهيئة الشعبة أن تجتمع إجتماعات عامة غير إعتيادية بدعوة من لجنة الشعبة أو (٢٠٪) من أعضائها على الاقل.
٣ـ تراعي في الاجتماعات العامة لهيئة الشعبة أحكام الفقرة (٣) من المادة العاشرة، والفقرة (٣) من المادة الثانية عشرة من هذا القانون.
٤ـ لهيئة الشعبة إتخاذ القرارات في الامور التي تخص فعالياتها ضمن إختصاصها عرضها على مجلس النقابة أو الهيئة العامة للتصديق عليها، وكذلك لها سحب الثقة من أي عضو في لجنتها وإقالته عند الضرورة، وإختيار بديل عنه لما تبقى من مدة الدورة.
٥ـ إذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء اللجنة، تجتمع هيئة الشعبة بموافقة المجلس وبدعوة من رئيسها أو من ينوب عنه لإنتخاب من يملأ الشواغر.

**المادة الثانية والعشرون:**

١ـ تتألف لجنة كل شعبة من رئيس، وأربعة أعضاء ينتخبون من قبل هيئة الشعبة بالاقتراع السري.
٢ـ يمثل الرئيس الشعبة في مجلس النقابة.
٣ـ ينتخب أعضاء اللجنة من بينهم نائب للرئيس لينوب عنه عند غيابه أو شغور منصبه وأمينا للسر.
٤ـ يجب أن يكون رئيس اللجنة ممن له ممارسة في المهنة لتقل عن ثلاث سنوات.

**المادة الثالثة والعشرون:**

١ـ للجان الشعب الصلاحيات التالية:
أ ـ دراسة ما يعرض عليها من قبل مجلس النقابة ولجان الشعب الاخرى.
ب ـ دراسة المقترحات الخاصة المقدمة اليها من أعضاء الشعبة والبت فيها وإحالتها الى مجلس النقابة.

ج ـ تنفيذ مقررات مجلس النقابة وهيئة الشعبة.
د ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها إياها المجلس بموجب هذا القانون.

٢ـ لمجلس النقابة رفض توصيات لجان الشعب وإعادتها اليها لإعادة النظر فيها، على أن يبين الاسباب، وعند إصرار لجنة الشعبة على رأيها، لايجوز للمجلس رفضها إلا بأغلبية ثلثي أعضائه.

٣ـ لايحق للجنة الشعبة الاتصال المباشر بالمراجع الرسمية وغير الرسمية، إلا عن طريق النقيب أو المجلس أو بتخويل من أحديهما.

**المادة الرابعة والعشرون:**

تؤلف لجنة الانضباط من خمسة أعضاء، ثلاثة من الذين إنتخبتهم الهيئة العامة في إجتماعها الاعتيادي، وينتخب هؤلاء من بينهم رئيسا، أما العضوان الاخران فيعينهما مجلس النقابة لكل قضية إنضباطية حسب مقتضى الحال، على أن يكونا مقيمين في مدينة أربيل.

**المادة الخامسة والعشرون:**

تقوم لجنة الانضباط بالتحقيق في الشكاوي التي يحيلها اليها المجلس ولها أن تكلف بعض أعضائه بإجراء التحقيق وتقديم تقرير بذلك اليها.

**المادة السادسة والعشرون:**

تتبع لجان الانضباط القواعد الواردة في قانون أصول المحاكمات الجزائية بالتبليغ وإحضار المشكو منه والشهود وسماع الإفادات وإجراء المرافعة، وتوجيه التهمة، وفرض العقوبات المنصوص عليها في هذا القانون.

**المادة السابعة والعشرون:**

على لجنة الانضباط إحالة القضايا التي تكون جريمة الى حاكم التحقيق المختص مع كافة ما له علاقة بالتحقيق الذي تولته، ولا يمنع صدور الحكم بالبراءة من أن تصدر اللجنة القرارات الانضباطية ضد المتهم وفق القانون.

**المادة الثامنة والعشرون:**

١ـ لايجوز للعضو القيام بالاعمال التالية:
أ ـ إهمال و عرقلة تطبيق القوانين والانظمة المتعلقة بالنقابة والتعليمات التي تصدرها.
ب ـ عدم مراعاج السولك المهني أو الاساءة الى سمعة المهنة حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.
ج ـ إستخدام أي وسيلة أو أسلوب بقصد الربح غير المشروع.
د ـ إنتحال صفة مهنية غير صحيحة أو غير مصادق عليها وفق القوانين والانظمة المرعبة والاعلان عغن ذلك بأي طريقة كانت.
هـ ـ تجاوز حدود مزاولة المهنة حسبما نص علية النظام الداخلي أو التعليمات التي تصدرها النقابة.

و ـ إرتكاب أي خطأ فني جسيم من شأنه لا يسبب خسارة مادية لذوي العلاقة.
٢ـ إذا تراءى لمجلس النقابة ارتكاب العضو اي عمل من الاعمال المحضورة المشار اليها في الفقرة (١) من هذه المادة فعليه إحالة المخالف الى لجنة الانضباط لمحاكمته عن تلك المخالفة.

**المادة التاسعة والعشرون:**

للجنة العقوبات إصدار أي من العوقابت الاتية:

١ـ إلفات النظر.
٢ـ الانذار، ويكون بارسال كتاب الى العضو يذكر فيه الذنب الذي ارتكبه، وإن هناك من الافعال ما يجعل سلوكه غير موض ويطلب اليه عدم تكراره.
٣ـ المنع من مزاولة المهنة لمدة لاتتجاوز ستة أشهر، ويكون المنع بالنسبة لمنتسبي الدوائر الرسمية والمؤسسات الحكومية الاخرى، منعا من العمل لحسابهم الخاص خارج أوقات الدوام الرسمي على أن تبلغ الدائرة بذلك.

**المادة الثلاثون:**

تكون عقوبتا الفات النظر والانذار الوارد ذكرهما في الفقرتين (١ ,٢) من المادة التاسعة والعشرين نهائيتين، أما عقوبة المنع من مزاولة المهنة فيجوز الاعتراض عليها لدى مجلس النقابة خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ أو إعتبارها مبلغا، ولا تصبح نافذة إلا بعد المصادقة عليها من قبل المجلس أو إنهاء المدة المحددة للإعتراف وللمجلس عند النظر في الاعتراض أن يصادق على هذه العقوبة أو يلغيها أو يستبدلها بعقوبة أخرى أخف منها، وقراره في ذلك نهائي.

**المادة الحادية والثلاثون:**

١ـ تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة.
٢ـ تألف لجنة الفرع في كل محافظة من رئيس و أربعة أعضاء ينتخبهم آعضاء المحافظة على أن يكونوا من الذين يزوالون المهنة في تلك المحافظة ويكون الانتخاب بالاقتراع السري، وذلكمرة واحدة كل سنتين، وتنتخب اللجنة من بين أعضائيها نائبا للرئيس وسكرتيراً.
٣ـ تتبع في الاجتماعات العامة لأعضاء الفروع نفس الاجراءات الخاصة بإجتماعات الهيئة العامة، ولها صلاحية قبول إستقالة رئيس وأعضاء لجنة الفرع وإقالتهم وإنتخاب من يحل محلهم للمدة المتبقية من الدورة، وكذلك ملء الشواغر في عضوية اللجنة عند حصولها.

**المادة الثانية والثلاثون:**

للجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.
٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم بعد مصادقة المجلس.
٣ـ إختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسميةوغيرها في المحافظة.
٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بأمور الفرع الى المجلس لإتخاذ القرارات بشأنه
٥ـ ممارسة الصلاحيات الي يخولها إياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

**المادة الثالثة والثلاثون :**

تتكون مالية النقبة من الموارد التالية :

١ـ بدلات الانتماء والاشتراك السنوي.

٢ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية.

٣ـ التبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء وغيرهم.

٤ـ ربح الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٥ـ آرباح مطبوعات النقابة.

٦ـ ارباح المشاريع المتعلقة بالمسح التي تقوم بها النقابة.

٧ـ الاجور التي يقررها مجلس النقابة في حالة قيامها بالتحكيم.

٢ـ يكون اجرة تأييد ملاءة العضو في الكفالات والعقود بين الاعضاء وذي العلاقة كما يلي :

أ ـ خمسمائة فلساً عن كل عشرة دنانير من مبلغ الكفالة أو أجر العقد يدفعه العضو.

ب ـ لا يقل الاجر عن عشرين دينارا ولاتزيد على خمسون دينارا.

٣ـ يعود تقدير ملاءة العضو المالية للمجلس.

**المادة الخامسة والثلاثون :**

١ـ لايجوز مزاولة المهمنة لغير أعضاء النقابة ومشاركيها.

٢ـ لايجوز للدوائر الرسمية وشبه الرسمية والمؤسسات توظيف أو إستخدام أي شخص في وظيفة تدخل ضمن إختصاص النقابة ما لم يكن منتميا اليها.

٣ـ على كل دائرة رسمية زو شبه رسمية أو مؤسسة أو شركة عند تعيينها لاحد أعضاء النقابة أن ترسل اليها صورة من الامر الصادر بتعيينه.

**المادة السادسة والثلاثون :**

يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على ستة أشهر أو بغرامة لاتزيد على خمسمائة دينار، كل من يزاول المهنة من غير المنتسبين الى النقابة أو من يزاولها وهو ممنوع من ذلك، بموجب هذا القانون وكل من ينتحل صفة أحد أعضائها دون أن يكون حاصلا علي شهنادة معترف بها من المجلس، وتكون العقوبة في حالة العود الحبس مدة لا تزيد عن سنة أو الغرامة بما لا يزيد على ألف دينار.

**المادة السابعة والثلاثون :**

للمجلس أن يقرر مساعدات مالية، منحا أو قروضاً لعضو عاجز ماليا وفق تعليمات يصدرها وذلك في الاحوال التالية، وعلى أن لا تزيد على خمسمائة دينار من كل حالة :

١ـ إذا أصيب بمرض يستلزم معالجة خاصة بتقرير من لجنة طبية رسمية.

٢ـ إذا تعرض لحادث عطله مؤقتاً عن مزاولة المهنة من جراء العمل.

٣ـ إذا حلت به كارثة طبيعية سببت له أضراراً مالية لا قبل له بتحملها.

**المادة الثامنة والثلاثون :**

يجوز للنقابة أن تؤسس صندوقا للتقاعد والضمان الاجتماعي على أن يتم ذلك بنظام تقررة الهيئة العامة للإجتماع في موعد لايتجاوز سنة لانتخاب مجلس جديد للنقابة.

المادة التاسعة والثلاثون :

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وعلى الوزراء المختصون تنفيذه.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی گرفت ئەوەیە هۆیە پێویستەکان (الاسباب الموجبە) لەگەڵ نییە ئەگەر ئیجازە ئەو بابەتەش کە خوێندنەوەی پرۆژەی سەندیکای خودان پیشە ئەندازەییەکان مان تەواو کرد ئەدرێ بەلیژنە پەیوەندی دارەکان بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدرێت ،من لەئێستاوە یەک تێبینم هەیە بۆلیژنەکان تکایان لێدەکەین کە(مراعات)ی یاساکانی تر بکەن کە پەیوەندی هەیە بەسەندیکاوە وە ئەو خاڵەهاوبەشانە نزیکی یەک بکەنەوە، وەکو جارەکەی تریش وابزانم بریارێکی وامان لەناو خۆمان هەبوو کە ئەوانەی خاڵی هاوبەشن وەکو یەک بن ئەو قەسابخانەیەشی لێهەڵگرنەوە ئەوە سەندیکانییە بە هەقیقەت ئەوە قەسابخانەیە،گرتن وکوشتن و هەرماوە بڵێ ئیعدام کردنی خەڵک بەهەر حاڵ وەختی خۆشی باسمان کردووە ئەم جۆرە یاسایانە پێچەوانەی سروشتی پەیرەوەکەیە ئێمە ئەمرۆپەیرەوێکی ترمان هەیە کە بروای بە فرە لایەنی هەیە، بەبیروباوەر هەیە بەبنەماکانی مافی مرۆڤ هەیەبۆیە گومان لەوەدانییە دەسکاریەکی باشی لێدەکرێت بەڵام تتەنها ئاگاتان لە خاڵە هاوبەشەکانی هەموو سەندیکاکان بێت دیسان جارێکی تر نەکرێتە گوفتوگۆ درێژکرینەوە لەسەر ئەم بەندو ئەو بەند، جا زۆر سوپاس، کاکە فەرەنسۆ لەوانەیە تێبینییەکی هەبێ

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیەکەم رەنگە تێبینی زوربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکیشە، حەزدەکەین یەک دوو قسە لەسەر ئالا لەسەر بەیداغ بکرێت خەڵک لێی دەکۆڵنەوە دەڵێن بۆئەو لەناو بەرنامە نییە حەزدەکەین روونکردنەوەیەک بدەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش دەخرێتە بەرنامەوە، بەرنامەی کارمان هێشتا ماوە، هێشتان خاڵی ترمان ماوە ئەگەر پرۆژەکە تەواو نەبێت ئەبێ! پرۆژەی هەر یاسایەک دەبێ تەواو بێت لەرووی هونەرییەوە لەرووی یاساییەوە بۆیە ئەویش داخلی بەرنامە دەبێت، هەرکاتێ پرۆژەکە وەکو پرۆژەیەک لەرووی یاساییەوە تەواو بوو دەقی خۆی وەرگرت، هێشتا پرۆژەی تریشمان ماوە خۆ هێشتائەمە رۆژی یەکەمی خولەکەیە دانیشتنی یەکەمی خولە هێشتا زۆرمان ماوە،نزیکەی چوار مانگی ترمان لەپێشە، بەیاری خوا هەموو شت وەکو پێویست ئەنجام ئەدرێت دانیشتنەکەمان لێرە تەواو بوو سبەی سەعات (١٠) کۆدەبینەوە ئەو پرۆژانەی کەتەواو دەبن بەڵکو ئەوانەی کورتەکان بەڵێ جا حەز دەکەن (١٠)بێ یان (١١) بێت ؟،ئەگەر لیژنەی یاساگرفتیان نییە ئەیکەینە (١٠) ئەگەرگرفتیان هەیە دەیکەن بە (١١)بەڵێ ئێستا پرۆژە هەندێکی ئەمرۆ ئێحالەمان کردوە بۆیە تۆزێ ئیشی پێویستەتا بەلانی کەمەوەدووسێ پرۆژەمان بۆ تەواو دەکەن، داوا دەکەین لە لیژنەکان

دەوام بکەن ئەگەر پێیان دەکرێت دوو دەوام بکەن بەیانیان و ئێواران، چونکە کۆمەڵێ پرۆژەمان لەپێشە ئەبێ هەموویان تەواو کەین جارەکەی تریش پرۆژەکان ئامادە دەکەین لیژنەکان ئەبێ دەوام بکەن لیژنەی یاسا ولیژنەکانی تری پەیوەندیدار هەر هەموو لێرەبن بەژمارەی تەواویانەوە بەیانیان دەوام بکەن دوای ئێوارانیش لێرە دەوام بکەن بۆ ئەوەی پرۆژەکان دیراسەت بکرێت و بەزووترین کات ئەنجام بدرێت زۆر لەوپرۆژانە لەوانەیە زۆر ئیشی دەوێت، بۆیە داوا دەکەین لە لیژنەکان لە ئێستاوە ئیتر دەست بکەن بە ئیش و کاری خۆیان، بیکەن بە دوو وەجبەی دەوام ئەگەر حەزیش دەکەن شەویش بیکەن، ئەوە بەڵێ با هەر دانیشتنی یەکەم بە لانی کەمی سەی با سەعات (١١)بێت تا خۆیان دووسێ پرۆژە ئامادە دەکەن دوایی ئیتر ئیعتیادی کۆبونەوەکان ئەخەینە وەختی خۆی چۆن باش بوو وای لێدەکەین، بۆ نموونە ئەو پرۆژەی ئاکرێ تەواو بوو واتا مەبەستم ئەوەی شەهید عەبدوڵڵا قادۆ لەمێژە ئەوە تەواوبووە تەنها لەوانەیە هەندێ وەسیلەی هونەری پێویست بێت بەدانیشتنێک تەواو دەبێت و کورتیشە، بۆ نمونە (١٨) ی شوبات یەک بڕیارە یەک تصویتە و گفتوگۆشی لەسەر ناکرێت نە عطلەیە و نە هیچەو تەنها رۆژە ئەوە دوو،بۆ نمونە ئەگەر هەموار کردنی یاسای دەرێوە بردنی شارەوانیەکان ئەگەر ئیشی لەسەر بکەن ئەورۆ، ئەگەر ئەوەمان بۆتەواو کەن ئەوە سوپاستان دەکەین ئەوە سێ، بۆ نمونە بابەتی باجی دەرامەت و باجی عەقارات لەوانەیە ئەگەر یەک دوو رۆژیش دوایبخەن باشە چونکە لەوەکۆمەڵێک تێبینی هاتووە لەلایەن ئەوانەی کە لەرۆژنامەکان لە سەریان نووسیووە رەچاو بکرێت، بەرای من لیژانە پەیوەندیدارەکان ئەو نووسینانەی کە لەرۆژنامەکان نووسراوە لەگەڵ ئەوانەی کە بڵاوبۆتەوە پرۆژەکە بەراوردی کەن بەرای من هیچ گرفتێک نامێنێ، ئەوەی تریش تەنها لەوانەیە سبەی دووسبە نەبێت بەڵام لەوانەیە لەماوەی دوو رۆژ لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندارەکانی وەک لێژنەی ئابووری ئەویش تەواو کەن ئەمێنێتەوە پرۆژەیەکی ئەوەی چوار پارێزگاکە کە پێشنیار کراوە ئەتوانن بڕیارێکی لێبدەن بەشێوازێک ئەویش اتەواوکەن باوەڕ دەکەم چ ئیشکالێکی وامان لەسەر ئەوانەش نییە، یەعنی پرۆژەکان هەندێکی کورتن،بەرای من نە تەنیا لیژنەیەک هەموو لیژنەکان دوو دەوام ئەگەر بکەن باشە چونکە ماددەیەکی زۆرمان لەپێشە وەختەکەش کەمە بەحەقیقەت کۆمەڵێکی پرۆژەی تریش بەرێگەیەوەیە ئێستا تەواو مان نەکردوون ئەویش ئەگات، هیوادارم لیژان بەرنامەی خۆیان دابنێن بەتەئکید پێش جەلسە نەبێت پاش جەلسە لەهیچ لیژنەیەک قبوڵی ناکەین و حەزیش ناکەین لەناو قاعەی پەرلەمان لێزنەکان مناقەشەی هیچ شتێ بکەن کە لێژنەکان بڕیاریان داوە ئەوە چەند جار گوتوومانە، لەم دانیشتنە هەوڵ دەدەین پیادەی بکەین ،یەکێ لە لێژنەیەک لەناوەراستی جەلسە هەڵبستی لیژنەیەک بڵێ وەڵا من رام وایە یان وانیە لە لێژنەکان هەموو شت ببڕیننەوە بیدەن بە لیژنەی یاسا کۆبونەوەی هاوبەش بکەن لەگەڵیاندا بۆئەوەی پرۆژەکە کەمترین مناقەشەی لەسەر بکرێت ،مەگەر هەندێ بابەت نەبێت، جا هیوادارین لەم خولە هەندێ کەمو کوڕی خولەکانی تر سەرو بەر بکرێت. هەر لەبەر ئەوەش

لەدانیشتنی یەکەمدا ئێمە نزیکەی چواردە پانزە پڕۆژەمان خستۆتە بەردەستی ئێوە، بۆیە بەتەواوی ئیسراحەتی خۆتان ئیشی لەسەر بکەن وەکو گوتیشم جارێکی تریش دەڵێمەوە دەوام بکەن ئەوە لێرە پەرلەمان کراوەتەوە بەڕۆژو بەشەو کاری خۆتان بکەن بۆ ئەوەی وەختەکەش ئیستفادەی لێبکەین وەپێکەوە لیژان نزیکی یەک بن دابنیشن هەر خاڵێکیش لێتان بچەقێ کۆبونەوەی هاوبەش بکەن، ئەگەر ئێمەشتان پێویست بوو ئەوە ئیمڕۆ جەنابی سکرتێر لێرەیە ئەتوانێت لەگەڵتاندا کۆبونەوەیەکی هاوبەش بکات ئەگەر پێویستی ئەویشی نەکرد، هیوادارم پڕۆژەکان کەمترین گفتوگۆیان لەسەر بکرێت بە باشترین شێوەش دەربچن سوپاس بۆئەڕۆ سبەی سەعات (١١).

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٩**
**مێژووی بڕیاردان: ١٩/٩/١٩٩٩**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە ولەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ١٨/٩/١٩٩٩دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

**یەکەم:**
اـ بەخشینی (إعفاء)کردنی ڕێزدار (مەئمون نور مەحمەد بریفکانی)لە پایەی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان.
ب ـ متمانەدان بە (مەئمون نور مەحمەد بریفکانی)ببێتە وەزیری پیشەسازی و وزە.

**دووەم:**
اـ بەخشینی (إعفاء)کردنی دکتۆر(ئیدریس هادی ساڵح)لە پایەی وەزیری پیشەسازی و وزە.
ب ـ متمانەدان بە دکتۆر(ئیدریس هادی ساڵح)ببێتە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.

**سێیەم:**
متمانەدان بە (نازەنین مەحمەد وسو)ببێتە وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان.

**چوارەم:**
لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**پێنجەم:**
ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/٩/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/٩/١٩٩٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/٩/١٩٩٩ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/٩/١٩٩٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری هێنانەکایەی پارێزگاکانی (هەڵەبجە - و - بیتوێن - و - ئاکرێ - و - سۆران).

٢- خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری دانانی ڕۆژی (١٨)ی شوبات لە هەموو ساڵێکدا بە ڕۆژی قوتابیان و لاوان.

٣- خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری دەسەلات دان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەرهێنانی بڕیارەکانی لێبووردنی تایبەت.

٤- خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری بەموڵک کردنی ئەو خانووانەی لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٤) لە کەرتی (٨٨ ئەشکەفتە) لە گەڕەکەی شەهید (عەبدوللا قادۆ) لە ئاکرێ دروست کراون، بۆ ئەوانەی کە لەو خانووانەدا دانیشتوون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات دانیشتنی ژمارە (٢) ١٩/٩/١٩٩٩، بەرنامەی کارمان چوار خاڵە:

خاڵی یەکەم خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری هێنانە کایەی پارێزگاکانی هەلەبجەو بیتوێن و سوران و ئاکرێ.

خاڵی دووەم خستنە رووی پرۆژەی بریاری دانانی رۆژی ١٨ی شوبات لە هەموو ساڵێک بە رۆژی قوتابیان و لاوان.
خاڵی سێیەم خستنە رووی پرۆژەی بریاری دەسەلات دان بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرهێنانی بریارەکانی لێبووردنی تایبەت
چوارەم خستنە رووی بەموڵک کردنی ئەو خانووانەی لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٤)کەرتی ٨٨ (ئەشکەوتە) لە گەرەکی شەهید عەبدوالله قادۆلە ئاکرێ دروست کراون بۆ ئەو کەسانەی کە لەو خانووانەدا نیشتەجێن ، ئەمە بەرنامی کاری ئەمرۆمانە بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرموون. خاڵی یەکەمی ئەو پرۆژەیەیە کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە تیایدا پێشنیار کراوە کە هەڵەبجەو بیتوێن و ئاکرێ و سۆران بکرێن بە پارێزگا، ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی سەرەتایی کراو دراوە بە لیژنە پەیوەندی دارەکان ئێستا ئەو پرۆژەیە ئامادە کراوە ئێستا با لیژنەی یاسا بفەرمووێ، پێشەکی رای لیژنەکان پاشانیش بەرێزان ئەندامانیش رای خۆیان دەربرن.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا

**إلى/السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم**

**م/رأي لجنة**

بعد دراسة مشروع قرار استحداث اربعة محافظات في اقليم كوردستان العراق لاحظت اللجنة وبموجب احكام قانون المحافظات رقم(١٥٩)لسنة ١٩٦٩بأن استحداث المحافظات يجب ان يكون باقتراح من السيد وزير الداخلية ومن ثم موافقة مجلس الوزراء عليه وحيث ان المشروع المذكور قد جاء خالياً من اقتراح السيد وزير الداخلية عليه ترتأي اللجنة إعادته الى مجلس الوزراء لاعادة النظر فيه.

***مع التقدير***

ئەمە رای لیژنەی یاسابوو.

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:هەر بۆ زانیاریتان بۆئەوەی صورەتەکەتان لاروون بێت پێش ئەوەی بریاری لەسەر بدەن، لە کاتی خۆیدا کە ئەو پرۆژەمان بۆ هات ئێمە لە سەرۆکایەتی بە بەپێی رای لیژنەی یاسا ورای لیژنەی ناوخۆشمان وەرگرت وا پێشنیار کرابوو کە ئێمە مفاتەحەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەین و لەو رایەی کە لەلایەن لیژنەی یاساوە جێگیر کراوە ئاگاداریان بکەینەوە ئەوە بوو ئێمە نووسراوێکمان بۆ کردن نووسراوەکە بە ژمارەی ٣٧٥/ لە ١٩٩٩/٧/٢٥وا دەقی نووسراوەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز
ب/ گەڕانەوەی پرۆژە
ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە ٤٠٢ لە ١٩٩٩/٦/٦دا کە بە هاوپێچ پرۆژەی هێنانە کایەی چوار پارێزگای لەگەڵ دا بوو دەمانەوێ ئاگادارتان بکەین دوای ئەوەی بابەتەکەمان خستە بەر دەم هەردوو لیژنەی کاروباری یاسا و کاروباری ناوخۆی ئەنجومەن هەردوو لیژنەکە دوای ئەوەی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجام دا ئەو تێبینیانەی خوارەوەیان لە سەر هەبوو، داواکارین کە ڕەچاو بکرێت و دوو بارە پرۆژەکە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی گونجاودا بتوانین لە ئەنجومەندا بیخەینە ڕوو.
دەقی پێشنیارەکانی لیژنەکانی یاسا و ناوخۆ بەم شێوەیە بوو:
١- پێویستە پرۆژەی یاسا یان بڕیار لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەپێی ماددەی ٧١ لە پێڕەوەی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، چونکە لە ڕاستیدا پرۆژەکە بەو شێوەیە نەهاتبوو، پرۆژەکە وا هاتبوو دەڵێ بەپێی حوکمەکانی برگە (٤)لە ماددە٥٦ لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی نیشتمانی لەدانیشتنی ...هتد پرۆژەکە وا هاتووە وەکوو دەزانن بەپێی یاسا نە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی مافی ئەوەیان نییە پرۆژە پێشکەش بکەن ئەوە مافی ئەنجومەنی وەزیران و ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەوە تێبینیەکی لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆ بوو تێبینی دووەمیان بەپێی یاسای پارێزگاکان ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ لە ماددە چواردا تێیدا دیاری کراوە بۆ دامەزراندنی پارێزگای تازە ڕێنمایی دەکرێت ئەمەش دەقی ماددەکەیە:
(تستحدث المحافظة ويوعين و يغير مركزها و إسمها و تثبت و تحدد حدودها وتفك إرتباط الاقضية و النواحي منها و تلحق بمحافظة أوخرى بمرسوم الجمهوري يصدر بناءاً على إقتراح الوزير و موافقة مجلس الوزراء و مصادقة مجلس قيادة الثورة).
سێیەم پێشنیاریان ، پێویستە دەست نیشانی ئەو قەزاو ناحیانە بکەن کە داندراون سەر بە پارێزگایە تازانە دەبنبۆ ئەوەی بابەتەکە بەیەک جار ئەنجام بدێت بۆیە پرۆژەکەمان گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئاگاداری بۆچونەکانمان بکرێت، بەڵکو پرۆژەکە بە شێوەیەکی یاسایی کۆتایی پێ بێت،ئەوە ڕای هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسا بوو بەو نووسراوەی کە ئاماژەمان بۆ کرد ناردمانەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە ٦١١لە ١٩٩٩/٨/١٥ وەلامیان داوەتەوە:
بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی.
ب/ پرۆژە
نووسراوتان ژمارە ٣٧٥لە ١٩٩٩/٧/٢٥

١ـ پرۆژەکە بە بریاری ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ژمارە «٥٧»ی رۆژی ٦/١ ئامادە کراوە
٢ـ لە برگەی یەکەمی بریارەکەدا هاتووە سنورەکە سنوری ئێستای قەزاکە دەبێت.
٣ـ داوا کراوە کە بریارەکە دەسەلات بداتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دانانی سنوری قەزا و ناحیەکانی نەخشەکەی چونکە لێتۆژینەوەیەکی تێرو تەسەلی دەوێت تکایە پرۆژەکە بدرێتە کۆبوونەوە و بریاری پێویستی بۆ بدرێت و ئیجرائاتەکەی تەواو بکرێت.
لەگەڵ رێزمان.

ئەوە وەلامی ئەنجوومەنی وەزیران بوو سەبارەت بە رای هەردوو لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆ، جا ئەوە بۆ ئەوەی بتان خەینە سورەتەکەوە بەم شێوەیە ئەم پرۆژەیە رێچکەی خۆی گرتووە، لیژنەی ناوخۆش وابزانم هەمان رایان هەیە کە بیگەرێنینەوە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەو خالانە رەچاو بکرێت، کاک محەمەد ئەگەر چ تێبینیتان هەیە بفەرموون.

**بەرێز محەمەد حەسەن بالتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا ئێستاش هەمان رایان هەیە کە بگەرێندرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە پێشنیارێکی وەزیری ناوخۆ بەرز بکرێتەوە و سنورەکانیان دیاری بکرێت، ئینجا بیخەنە بەردەم پەرلەمان ،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆ بەم شێوەیەیە با ئەو بەرێزانەی دەیانەوێ قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە،کاک کانەبی ئاغا فەرموو.

**بەرێز کانەبی عەزیز ئاغا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو نووسراوەی دوایی ئەنجومەنی وەزیران هیچ لە بابەتەکە ناگۆری هەمان رامان هەیە کە بگەرێندرێتەوە ،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەرێز شێخ جەعفەر علی عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای دەبینم کە وەلامەکەی ئەنجومەنی وەزیران زۆر روونە و پێویست بە گەراندنەوە ناکات و بۆیە پێشنیار دەکەم کە بخرێتە گفتوگۆوە ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە لیژنەی دارایی بۆ ئەم پرۆژەیە کۆبوونەوەی خۆی بەست لیژنەی ئابووریش هەمان رای لیژنەی یاسا و ناوخۆی هەبوو،و رای وەزارەتی دارایی و ئابووریش وەر نەگیراوە، هەروەها ناکرێ سنوری قەزایەکیش بکرێتە پارێزگایەک بۆ یە ئێمە بە پێویستمان زانی کە ئەو پرۆژەیە بگەرێندرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی چاوی پێدا بخشێندرێتەوە چونکە نە رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و نەوەزارەتی دارایی تێدا نەهاتووە، تەنانەت بۆ دامەزراندنی فەراشێک دەبێت رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگیرێت ئایە بۆ دروست کردنی چوار پارێزگا چۆن رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەرناگیرێت؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆئەوەی لە بابەتەکە تێبگەن ئەوە دەڵێت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بریار دراوە بە تەئکید لەو کۆبوونەوە وەزیری ناوخۆئامادە بوو (إذا حضر الماء بطل التیمم) کە وەزیر لە کۆبوونەوەکە ئامادەبێت ئەگەر تێبینیەکی هەبوایە دەبوا لەوێ بیکردبا، لە یادیش مەکەن کەوەزیری ناوخۆ ماوەیەکیش خۆی وەکیلی سەرۆک وەزیران بوو لەو کاتە ئەو نووسراوانە دەهاتوو دەچوو گەر تێبینی لەم بابەتەدا هەبوایە دەیکرد، مادام لە ئەنجومەنی وەزیران باس کراوە بۆیە دەسەلاتی پێشنیاری پرۆژەیەک مافی ئەنجومەنی وەزیرانە، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت دەرچوونی لە ئەنجومەنی وەزیران روونە و کۆبوونەوەیەکی فراوانی زۆریشی لە سەر کراوە و وەزیری داراییش تیایدا ئامادە بووە وابزانم دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانە ئەگەر چەند گوندیک زیاد یان کەم بکاتەوە ئەگەر وا نەبێت چۆن کاتی خۆی دە گوندی سەر بە ئاکرێیان دابری و خستیانە سەر شێلادزێ.

بیست و یەک گوندی سەر بە نزارییان دابری و خستیانە سەر مێرگە سۆرێ، یان لەو رۆژانەدا چوار گوندی تر کە کەلەکیشی لەگەڵ دایە و خراوەتە سەر هەولێر بۆیە وابزانم دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانە سنوران دابنێت، یان گوندێک زیاد بکا، یا نا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە قسەکانت دەبرم، جەنابت ئەندامی پەرلەمانی ئەوانەی کە جەنابت گوتت هەمووی مخالفی یاسایە،بۆیە من حەز ناکە ئەندامی پەرلەمان بەرگری لە شتێ بکات پێش ئەوەی بۆ مادده یاساییەکەی بگەرێتەوە.ئەوانەی کە باست کردن لە گۆرینی قەوارەی قەزاو ناحیە و زیاد کردنی گوند هەموو دەبێ بە پێ یاسای پارێزگاکان بێت کە ئێستا یەکێ لە ئەندامان باسیان کرد، ئەوەی کە باس کرا ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی کە تۆ داوای دەکەی ، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش وادەڵێم ئەگەر دەسەلاتیان نەبێت چۆن ئەو گوندانەیان دابرییوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەسەلاتیان نیە.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش حەز دەکەین ئەمرۆ گفتو گۆی لەسەر بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام نە بە شتێکی نایاسایی بێت بابە شتێکی یاسایی مناقەشە بکەیت،واتا ئەوەی کە باست کرد گۆرینی قەوارەی ناحیەو قەزا لەو دەسەلاتەیە کە یاسای پارێزگاکان دیاریان کردووە کە ئێستا یەکێ لە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بۆ کرد لە نووسراوی لیژنەکە ئاماژەی بۆ کراوە ئەوە رێچکە یاساییەکەیەتی بەلام ئەگەر هەندێ ئیجرائات کرابێ لە هەندێ بابەتی تر بە ئەوە تێکەڵ نەکرێ باشە، کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەیانی ئەسباب موجیبە نەکراوە بۆ ئەم یاسایە، بابەتەکەش گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلێ، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە رای من ئەو پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران کە جارێک ناردویانە و سەرۆکایەتی پەرلەمان رەوانەی کردۆتەوە لەگەڵ تێبینی خۆیان ئەوان جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە، مەعقول نیە جارێکی تر رەوانە بکرێتەوە، راستە لەوانیە برادەرانی لیژنە پەیوەندی دارەکان چ یاسای و چ دارایی رایان وایە کە دەبێ وەزیری ناوخۆ رەزامەندی لەسەر دەربرێ، جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران نیە؟ لەکۆبوونەوەکان بەشداری کردوە بێ گومان ئاگادارە بە بروای من واچاکە رەوانە نەکرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و کۆتایی پێ بهێندری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە ئەندامان بەوانەی لە لیژنەکانیشن کە ئەڵێن بگەرێندرێتەوە، لەوانەیە لە هەموومان زیاتر بە

پەرۆش بن بۆ ئەوەی ئەم دەست کەوتە ئەمرۆ لە پەرلەمانی خۆمان بۆ یەکەم جا بەدەستی بێنین کە چوار شوێن بکەینە پارێزگا کە بە پشتوانی خوای گەورە دەبنە پارێزگا و هەتا هەتایە، منیش هەر پشگیری قسەکانی پێشتر دەکەمەوە کە جەنابتان ئاماژەتا بۆ کرد ئێستاش نووسراوێکی تر بنووسرێتەوە هەمان ناوەرۆکی ئەو نووسراوەی کە جەنابتان رەوانەتان کردبوو بێت ، خۆ لەوە بە هێزتر نانووسرێ ، ئێوە نووسیوتانەو ئەوان ولامیان داوەتەوە کە رای هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانە واتا ئەوە رای هەموو وەزارەتەکانە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ کە ئەوکاتە بری کاری سەرۆک وەزیران بووە وەک ئاماژەتان بۆ کرد، بۆیە من داوا دەکەم کە ئەوە پەلەی لێ بکرێت ، چونکە بەراستی ئەو خەڵکەی لە کوردستان هەرهەموو پەرۆشی ئەوەن کە ئەو یاسایە بەزووترین کات پەرلەمانی کوردستان وەکوو دەستە گوڵێک پێشکەشی بکات، بۆیە تکام وایە کە بیخەیتە دەنگ دانەوە تا بزانین ئەگەر زۆرینە رایان لەسەر بێت کە نەگەرێتەوە ، نەگەرێتەوە باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ ئاگاداریت، کە ئێوە ئەندامانی پەرلەمان دەزانن کە پرۆژەیەک درایە دەنگ دانەوە رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کرایەوە ئەوە لەو خولەدا باس ناکرێت، واتا ئەگەر رەفز بکرێت و بنێردرێتەوە ئەوە لەم خولەدا باس ناکرێت بۆ خۆلادان لەم کەم وکوورییە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە دەست پێشخەریەکمان کردووە لە پێشرا رای هەردوو لیژنەمان وەرگرت، پێش ئەوەی بیخەینە روو ئێمە نووسراوێکمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کرد وەلامەکەشیم بۆتان خوێندەوە، حەز دەکەم بزانن بەرێزانی هەردوو لیژنەو هەموو ئەندامان کەس نییە لەگەڵ پرۆژەکە نەبێت ئەوە دوو شتی جیایە ئەوە لاتان روون بێت کەس نییە دژی پرۆژەکە بێت، ئەو بەرێزانەی تێبینیان هەیە تێبینیەکی یاساییە یاسایەکەشی ئەوەیە کە ئەو شوێنەی دەبێ بە پارێزگا دەبێ سنور و قەوارەکەی دیاری بکرێت، ئەگەر بەرێزانی لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆ بەو راقەی ئەنجومەنی وەزیران رازی بوون کە خاوەنی پێشنیارەکەن مافی خۆیانە پێشنیار بکەن ، سنوری قەزاکەی ئێستا بکرێ بە پارێزگا چی زیادەی دەوێ بخرێتە سەری، لەو نووسراوە دەڵێ لێکۆڵینەوەیەکی دەوێت ، بێگومان هەر زیادەیەکی بوێت بەپێی یاسا دێتەوە بۆ ئێرە لێرە ئەو زیادانە یان گۆران کاریانە بەپێی یاسا جێبەجێ دەکریت، وابزانم لەسەر بنەماکە هەمووتان کۆکن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا، بەلام لە رێچکە یاساییەکەی تەنها ئەو تێبینیە هەیە سنورەکەی لە کوێ بێت؟ئەنجومەنی وەزیران دەڵێ سنورەکەی هەمان سنوری قەزاکانە کە ئێستا هەنە،واتە ئەو ناحیەو گوندانەی کە سەر بەوانن هەر دەمێنن جا ئەگەر لە داهاتوودا هەر دەست کاریەکیان کرد هەر زیادەیەکیان ویست وەکوو ئەوەی کە کاک رەجەب باسی کرد ئەو کاتە پرۆژەیەکی بۆ دەکەن دەیخەنە بەر دەستی ئێوە ئەو کاتە بریاری لە سەر دەدەن ،ئەگەر هەر درێژەپێدانێکی تر هەیە قەیدی چیە هەر بۆ ئەوەی روون بێت،ئەگەر بشی نێرینەوە مانای ئەوە نیە کە رەفزمان کردەوە، دەتوانن ئەگەر کەمە بیخەنە سەری و لەم خولەدا ئێمە دەیخەینە روو دەیکەین بە یاسا ، د. ناسح با بفەرمووێ.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو باس کرا ئەو پێشنیارە جاری یەکەم لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە و، لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە تێبینی بۆ ڕەوانە کراوە، بەڵام دیسانەوە ئەنجوومەنی وەزیران وڵامی ئەو تێبینییەیان داوەتەوە، یەکەم ئەمە بەناوی گشت ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، کە بەناوی گشت ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووبێت، وەزیری ناوخۆ وەزیرێکە لەو ئەنجوومەنە، کەواتە بەناوی ئەویشەوە دەرچووە، بەتایبەتیش بەڕێز وەزیری ناوخۆش ڕۆڵی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی گێڕاوە. دووەم وەکو جەختی لەسەر دەکات لە نووسراوەکەدا و دەڵێت بە هەمان سنووری دیاری کراوی ئێستای قەزا، کەواتە سنووری دیارەکە دیاری کراوە، سێیەم من وای بۆ دەچم کە ئەم بڕیارە لە بنەڕەتەوە پێشنیار کرابێت، هەڵبەتە پێویستییەکی هەیە، پێویستییەکی ناوچەیی و، هەم پێویستییەکی سنووری هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەگەر بەراوری کەین لە گەڵ قەزای ئاکرێ کەوا ئێستا بەستراوە بە پارێزگای دهۆکەوە، پێشووتر هەر دیسانەوە ئێمە خۆمان بەستمان بە دهۆکەوە، ئەویش چونکە خۆی بەستراوە بە موسڵەوە، ئێستا پێویستییەک هاتووەتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کەوا دوورە لە دهۆکەوە،هەروەهاش سەبارەت بە سۆران و ڕانیە و هەڵەبجەشەوە، جا منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو بەڕێزانەی کەوا دەڵێن با ئەم مەسەلەیە دوا نەخرێت و هەر ئەمڕۆ دەنگدانی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر زینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من پێشنیارێکم هەبوو، بەڵام پێشنیارەکەم دەکێشمەوە، جا بۆیە داوای لێبووردن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاش ئەو ڕوونکردنەوەی جەنابتان، وەکو ئەوەش کە بۆمان دەرکەوت دانەوستانێکی زۆری لەسەر کراوە، سێیەمیش برگە«٢» لێرەدا چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەکات کەوا ئەندامانی لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆ باسیان کرد، ئەویش کە دەڵێت:بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە نەخشە بۆ ئەو پارێزگایانە دانێت و سنووری پارێزگاکە دیاری بکات، کەواتە لەم برگەیەدا ئەو بابەتە چارەسەر کراوە، جا بۆیە منیش دەنگێ خۆم دەخەمە پاڵ ئەوانەی کە دەڵێن با بڕیاری لەسەر بدرێت و پیرۆزبایشیان لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە پێشتر ئەم پرۆژەیەمانە پێگەیشتووە وەکو لیژنەی ناوخۆ و، ئێمە رای خۆمان دەربڕیوە سەبارەت بەم بابەتە و، سووریشین لەسەر رای خۆمان، لێرەدا بابەت گفتوگۆ کردنی دامەزراندنی پارێزگاکانە، ئێمە ئاماژەمان بەوە داوە کەوا ئەم پرۆژەیە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، بەڵام لە یاسای پارێزگاکاندا دەڵێت: دەبێت لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ بێت، نووسراوی دووەمیشمان بۆ هاتووە دەڵێت: ئەنجوومەنی وەزیران ناردوویەتی و وەزیری ناوخۆشی تیادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کەوا وەزیری ناوخۆشی تیادایە، لە پەیڕەوی ناوخۆدا لە مادده(٧١)دەڵێت: پرۆژەی هەر بڕیارێک دەبێت «هۆکاری پێویستەکان»ی تیادا بێت، هۆکاری پێویستیش بۆ نوێ کردن و دامەزراندنی هەر پارێزگایەک، یا هەر قەزا و ناحیەیەک شێوازی خۆی هەیە، دەبێت هۆکاری ئاسایش و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی جوگرافی هەبێت، و لە بەرژەوەندیشدا بێت، هەروەها چاودێری ژمارەی دانیشتوان بکرێت، ژمارەی (قطعە و مقاطعە) تۆمار بکرێت، بەڵگەکان چیین و، وەزارەتی دارایی دەبێ رای خۆی دەربڕێت، هەروەها ئەو چوار پارێزگایە چوار پارێزەری دەوێت و، ئەو دامودەزگایەی کە لە پارێزگاکانی تردا هەیە، دەبێت لەو پارێزگایانەش دابمەزرێت، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران تەنها بەناردنی ئەو پرۆژەیە توانیویەتی ئەو هەموو بۆشاییە داپۆشێت، ئێمە هیچ لارییەکمان لەوەدا نییە کەوا چوار پارێزگا دابمەزرێت، بەڵام ئەمە پێچوانەی یاسای پارێزگاکانە، چونکە پێشکەش کردنەکەی پێچوانەی ئەو یاسایەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کەوا ئەم پارێزگایانە دابمەزرێن، بەڵام دەبێت هۆکارە پێویستەکانیشی لە رووی هونەرییەوە بۆمان دیاری بکرێت، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەم پرۆژەیە دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فەرنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە پێویست بوو لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆش پێش ئەوەی ئەمە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بێنەلای جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن و داوای لێ بکەن کەوا ئەم پرۆژەیە جارێ نەخرێتە بەرنامەی کارەوە، چونکە ئەو مەرجەی کەمە، بەڵام کە خرایە بەرنامەوە رای گشتی چ بڕیارێکی لەسەر دەدات، بڕیاری لەسەر دەدرێت، من لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئامادە بووم کاتێ کە ئەم پرۆژەیە پێشنیار کرا، وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایش ئامادە بوون و، هەردووکیشیان رایان لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا بوو، لەوانەشە پێشنیاری وەزیری ناوخۆ بێت بەڵام بە

سەرزاری نەوەک بە نووسراو، جا بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەم پرۆژەیە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە دەبوایە پێش ئەوەی بخرێتە بەرنامەوە ئەم داوایە بکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هاتینە ژوورەوە پاشان بەرنامەی کارمان پێ درا، جا بۆیە هیچ ماوەیەکمان نەبوو کەوا بچینە لای سەرۆکی ئەنجوومەن و قسەی لەگەڵدا بکەین و، پێی بڵێین ئەمە رای لیژنەی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام دەتانزانی کەوا ئەمڕۆ باسی ئەم بابەتە دەکەین، ئێستا دوو رێگامان لە پێشە، یەکەم هیچ گرفت نییە، ئەگەر لەسەر رای وەزارەتی ناوخۆ وەستاوە ئەوە ئێمە ئێستا دەتوانین راستەوخۆ رای وەزیری ناوخۆ وەرگرین، وەکو هەمووشمان ئاگادارین وەزیری ناوخۆ لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووە و، هیچ بەرهەڵستییەکی نەبووە و، دەتوانین لە پێشەکی دارشتنی کۆتایشدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین و بڵێین «بناءً على ما أقترحه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء تم تشريع هذا القانون» ئەگەر ئەوە گرفتەکەی بێت ئەوە دیباجەکەی بەو شێوەیە چارەسەر دەکرێت، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە سوورین لەسەر رای خۆمان، کەوا ئەم پرۆژەیە لە رێگایەکی نا یاساییەوە هاتووە، دەبوایە بە پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و بە پەسەند کردنی ئەنجوومەنی وەزیران بوایە، ئەو نووسراوەی کە ئێستا بەڕێزتان خوێنتانەوە نەگەیشتووەتە دەستی ئێمە، جا لەبەر ئەو هۆیانە لیژنەی یاسا رایەکەی خۆی دەکێشێتەوە و، داوا دەکات کەوا ئەو پرۆژەیە دابەشی سەر ئەندامان بکرێت و، لە رووی یاساییەوە بە هەڵە هاتووە، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی کەوا سەرۆک وەزیران دیاری کردووە ئێمە هیچ لاریمان نییە کەوا پرۆژەکە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ گرفت نابێت ئێمە کاتمان هەیە و، دەتوانین ئەم خاڵە جارێ دواخەین، چونکە رووبە یاساییەکەی دەبێت بە رێکوپێکی بێت و، هەر کەلێنیکی یاسای تیادا بێت، ئێستا چارەسەری دەکەین و، دەنگدانی لەسەر دەکەین و بەو شێوەیێک دایدەڕێژینەوە کەوا یاسا رێگا دەدات، ئێستا ئەم خاڵە بۆ چەند کاتژمێرێک دوا دەخەین، پاشان دێینەوە سەری.

ئەم خاڵە ئێستا دوا دەخەین دوایی جارێکی تر دێینەوە سەری هیچ گرفت نابێت، چونکە وابزانم هەمووتان کۆکن لەسەری لیژنەی یاسا و ناوخۆش مافی خۆیانە.

گرفت نییە دەتوانین هەردووکی دواخەین تا وەزیری ناوخۆ خۆی دێت، ئەو لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو زیادەیە بکرێت: (بناءاً علی ما إقترحه وزیر الداخلية)، ئەو خاڵە گرفتی نەما.
خاڵی یەکەم تەواو بوو، ئەگەر دەبینن کەلێنێکی تر لەیاساکەدا هەیە یان لە دارشتنەکە هەیە، خۆتان چارەسەری بکەن.
لیژنەی یاساو ناوخۆ دابنیشن بیخەنە ئەو قاڵبەوە. برایان گرنگ دوو شتە پێشنیارێک هاتووە دوای دیراسەتکردنی ئێوە بریارێک بدەن ئەو چوار پارێزگایە بە سێ بە دوو بە یەک ئەوە تایبەتە بە ئێوەوە، بەڵام لەرووی یاساییەوە هیچ گرفتێک نابێت ئەگەر لە نووسراوی یەکەم هەڵەیەک هاتووە چاکمان کردووە ئەنجومەنی وەزیران ژمارەی دانیشتنەکەشی نووسیوەو باس کراوە، وەزیری ناوخۆ هیچ گرفتێکی نییە (بناءاً علی ما إقترحه) بنووسرێت بۆیە ئەو بابەتانە تەواو بوون، ئەگەر کەلێنێکی تر دەبیننەوە گرفت نابێت، لە هۆیە پێویستییەکان حەز دەکەن شتێک دەنووسین پاشان دەیخەینە بەردەم حکومەت و رایان وەردەگرین وەکو هەر جارێک کە لێرە لە دارشتنی کۆتایی هۆیە پێویستەکان دەنووسین، جا ئەم بابەتە با لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ بەتایبەتی دابنیشن دارشتنی پرۆژەکەمان بۆ بکەن و، پرۆژەکە دەیخەنە دەنگدانەوە و خاڵ بە خاڵ تەواوی دەکەین، ئەگەر لیژنەی یاساو ناوخۆ رازی بن لەم بابەتەوە دەچین بۆ خاڵێکی تر.
لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەرێز کانەبی عەزیز دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەزامەندی وەزیری ناوخۆ دەبێت بە نووسین بێت دوای دیراسە کردن نەک بە تەلەفۆن و بە زار، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسان دووپاتی دەکەمەوە ئەو ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیرانە، دەڵێت من کە لەوێ بووم باس کراوەو دیراسەتمان کردووە من رازیم.

**بەرێز کانەبی عەزیز دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەس نییە، دەبێت بە نووسین بێت و، دیراسەتی ناوچەکە بکات، قەزاو ناحیەکان دەستنیشان بکرێن، بۆ هەر پارێزگایەک.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد وەڵامی هەیە، فەرموو.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کانەبی ئاغا راست دەفەرمووێت دەبێت رەزامەندی بە نووسین بێت، بەڵام ئەو رەزامەندییەی

وەزارەتی ناوخۆ کە بە نووسینە بۆ ئێمە نایەت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەچێت ئەوە مەسئولیەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەنجوومەنی وەزیران کە دەنووسێ (بناءاً علی ما عرضه وزیر الداخلیة ووافق علیه مجلس الوزراء) پرۆژەکە تەواوە، بەڵام بە نووسین بۆ پەرلەمان نایەت کە ئەمە پێشنیاری وەزیری ناوخۆیە، تەنیا بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئێستا یەک تێبینیمان هەیە ئەگەر ئەو پرۆژەتان ئامادە کردووە بە پرۆژەکەدا دەچینەوە لەهەر خاڵێک ئەگەر چ تێبینییەک هەبوو ئەوا گفتوگۆی دەکەین. ئەوەی کاک کانەبی ئاغاش دەڵێت وابزانم (ضمنیا) هاتووە ئێمە لە دیباجەکەدا دەنووسین (بناءا علی ما إقترحه وزیر الداخلیة) ئەگەر جەنابی وەزیری ناوخۆ بەرهەڵستی هەبوو دە رۆژی بەدەستەوەیە دەتوانێ ئاگادارمان بکاتەوە ئێمە جارێکی تر ئەو یاسایە دەهێنینەوە بۆ پەرلەمان ئەگەر هەر بەرهەڵستییەک هەبوو لەسەری ئەوە ئێوە ئاگادارن تا دە رۆژ مافی هەیە جارێکی تر لاری بوون (ئیعترازی) خۆی تۆمار بکاتەوە ئەیگەڕێنینەوە بۆ پەرلەمان تا بڕیارێکی تری لەسەر بدات، کەواتە ماوەمان هەیە مادام ئێمە لەسەر مەبدەء کۆکین کە مەبدەئەکەش سێ شتە: ١ـ ئەو لایەنە یاسابییە بنەڕەتییەکەی کە باستان کرد ئەوە گرفتی لەسەر نییە هەردوو لیژنەی یاساو ناوخۆ دەتوانن بنووسن وەکو هەموو جارێک خۆتان دیباجەکە دەنووسن حکومەت هیچ گرفتی نییە. لەبەرئەوە وابزانم ئەو مەترسییە یاساییە چارەسەر بووە.

حەز دەکەن ئێوە پرۆژەکە تەواو بکەن ئێمە سبەی دەیخەینە بەرنامەی کارەوە و باسی دەکەین، کەواتە خاڵی یەکەم دوا دەخەین بۆ سبەی تاوەکو داڕشتنی کۆتایی تەواو بێت و بخرێتە دەنگدانەوە. هۆکارە پێویستەکانیش ئامادە دەکەین.

با بڕۆین بۆ خاڵی دوو، خستنەرووی پرۆژەی بڕیاردانی رۆژی (١٨)ی شوبات لە هەمووساڵێکدا بە رۆژی قوتابیان و لاوان. لیژنەی یاسا با کەرەم بکەن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای لیژنەی یاسا بەم جۆرەیە:

السید رئیس المجلس الوطني لکوردستان العراق المحترم

رأي اللجنة

ناقشت اللجنة القانونیة مشروع قرار جعل یوم (١٨) شباط یوم الطلبة والشباب في الإقلیم، وبعد المناقشة إرتأت اللجنة عدم إعتبار الیوم المذکور عطلة رسمیة راجین التفضل بالإطلاع وعرضه علی المجلس الموقر، مع التقدیر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزان ئەمە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە تەنها ببێ بە رۆژی قوتابیان و لاوان بێ پشوو، بۆئەوەی زۆر گفتوگۆ نەکەوێتە سەری چونکە دەزانم هەستیاری هەیە بەرامبەر بە پشوو، یانی بێ پشوو رۆژێک وەکو یادوەریەک دانراوە پشوو نییە بۆئەوەی لێتان تێک نەچێت. ئەگەر چ تێبینییەک نییە پرۆژەکە دەخوێنینەوە؟ کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

« قرار »

استناداً الى احكام الفقرة الأولى من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على موافقة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق قرر المجلبس الوطني لاقليم كوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩اصدار القرار الآتي:

١- اعتبار يوم (١٨)شباط يوم الطلبة والشباب.

٢- على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.

٣- ينفذ اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێوە هیچ ئیشێکتان لەسەر ئەم پرۆژەیە نەکردووە، بڕیار وا نەبوو ئێوە پرۆژەکە ئامادە بکەن؟. وەکو لیژنەی یاسا دەبوایە بتانخستبایە داڕشتنی خۆیەوە وەکو هەموو جارێک دەکرێت و، لەگەڵ بەرنامەی کار دابەش بکرابایە، بەداخەوە هەروەکو خۆی چۆن کراوە وا خوێندرایەوە. با ماددە ماددە بێینە سەری، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

استناداً الى احكام الفقرة الأولى من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على موافقة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق قرر المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩اصدار القرار الآتي:

١- اعتبار يوم (١٨)شباط يوم الطلبة والشباب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا، ئێمە لە دوێنێوە دانیشتنمان تەواو بوو، بڕیار بوو ئێوە بەیانی و نیوەڕۆ دابنیشتبان داڕشتنتان بۆ کردبا وەکو هەموو پرۆژەیەکی تر، بڕگە (١)کێ تێبینی هەیە لەسەری با ناونووسیان بکەین.کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«٤٦»ساڵ و «٧»مانگ پێش ئێستا و، لە «١٨»ی شوباتی ١٩٥٣ یەکێتی قوتابیان و لاوان وەک دوو ڕێکخراوی جەماوەری و شۆڕشگێر ودیموکراتیخوازی گرێدراو بە واقعی کوردستان، هەر لەو دەمەوە توانیویانە جێگایەکی دیار و ڕۆڵێکی چالاکانەیان لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییدا هەبێت.

ئەم دوو یەکێتیە هەردەم پاڵپشتی قوتابیان و لاوان بوون، هەردەم هەوڵیان داوە بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئارەزو و مافی رەوای قوتابیان و لاوان و، هەردەم خەباتیان کردووە بۆ رێکخستنی هێزو توانای قوتابیان ولاوان و، بەگەڕخستنی ئەم توانایانە لە پێناوی نیشتماندا.
سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان(مەئمون دەباغ و سدیق پێنجوێنی و عەبدولخالق سپینداری و سمکۆ ئامێدی و کوردستان ساڵح) و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان و سەر کاروانیان شەهید بارزانی نەمر و، لە کۆتایشدا ئەم بڕیارە پەسند دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بڕگەکە بە بڕوای من پێویستی بە زیادەیەک هەیە (إعتبار يوم (١٨) شباط من كل عام يوم الطلبة والشباب في إقليم كوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پێشنیاری د. ناسحم هەبوو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاردان بە دانانی رۆژی (١٨)ی شوبات لە هەر ساڵێک بۆ رۆژی قوتابیان بە مانای جەژنی قوتابییانە، جەژنیش دەبی پشووی هەبێت جەژنێکم نیشان بدەن کە پشووی نەبووبێ بۆ ئەوەی ئەوە جەژنیش بێت و پشووی نەبێت. ئەگەر جەژنی قوتابییانە ئەبێ هیچ نەبی ئەو رۆژە بۆ قوتابیان پشوو بێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پڕۆژەکە لە حکومەتی هەرێمەوە هاتووە، جەنابیشت ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەوان داوا دەکەن نەبێت بە پشوو، بەو پێیە کە پشووەکان زۆرن و رەخنەیەکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە، باش تر بوو لەوێ ئەو پێشنیارە بکەن، دکتۆر ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من هەرچەندە لە پڕۆژەکەی حکومەتیش ئەوە نەهاتووە بۆیە پێویست ناکات بکرێت بە پشوو، چونکە بەراستی لە مانگی دووەوە تا مانگی سێ کۆمەڵێک پشوومان هەیە کاریگەرییەکی زۆری خستۆتە سەر خوێندن ئەمە یەک، دوو مەسەلکە بۆ ئەوە نییە پشوو بێت یان نا مەسەلەکە بۆ ئەوەیە یەک رۆژ بۆ هەموو لاوان و قوتابیانی کوردستان ببێتە ئەو رۆژەی کە

ئاهەنگی تیادا دەگێڕن، چونکە ئەمە ببێتە ڕەسمی لە ڕۆژانی تر کەس ناتوانێ ئاهەنگ بگێڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان دەڵێن تکایە پڕۆژەی کردنی ڕۆژی (١٨)ی شوبات بە ڕۆژی قوتابیان و لاوان بە پشووی ڕەسمی لە دەزگاکانی هەرێم چاوپۆشی لێ بکرێت. ئەو ڕۆژە بکرێت بە ڕۆژی قوتابیان، لەبەرئەوە خۆیان داوایان کردووە کە نەکرێت بە پشوو. جا پێشنیارەکەی د. ناسح لیژنەی یاسا چ تێبینی هەبوو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێشنیارەکەی د. ناسح پەسەند دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەکە چی لێ دێت؟.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

اعتبار يوم (١٨) شباط من كل عام يوم الطلبه والشباب فى اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقەکە بەو شێوەیە دەبێت:

إعتبار يوم (١٨) شباط من كل عام يوم الطلبه والشباب فى اقليم كوردستان العراق، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

٢ـ على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ پێشنیارێک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

٣ـ ينفذ اعتبارا من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

وەکو بڕیار دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

دەرۆین بۆ خاڵی (٣) خستنەرووی پرۆژەی بریاری دەسەڵاتدان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەرهێنانی بریارەکانی لێبووردنی تایبەت.

**بەڕێز شێخ یەحیا بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە یاساکەدا پشووە رسمییەکەی تێدا هاتووە، ئەگەر بخوێندرێتەوە و ببوێردرێت (شطب) بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر ئەوە (فت) شەطب دەکرێت.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵی سێ دەربارەی دەسەڵاتدانە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی لێبووردنی تایبەت.

الى السيد رئيس المجلس المحترم

رأي اللجنة

لا ملاحظات للّجنة القانونية على مشروع قرار منح صلاحية العفو الخاص للسيد رئيس الوزراء و ترتأي اللجنة عرضه على المجلس الموقر للمناقشة والتصويت. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر ماوەیەکتان دابایە بە لیژنەی یاساو لیژنە تایبەتییەکان هیچ نەبێ یەک دوو رۆژ ئیش لەسەر ئەو پرۆژانە بکەن باشتر دەبوو، لەوانەیە هەندێکیان کاتیان نەبووە، ئێمە لێرەینە یەک دوو رۆژ لێرە دەبووین لەگەڵ برادەران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە مادام وایە لەسەر پێشنیاری جەنابت ئێمە ئەو ماددانە هەمووی دوادەخەین سبەش با بۆ ئەوان بێت ئێمە رۆژی سێ شەممە دادەنیشین با تێبینییەکانیان بچەسپێنن، رۆژی سێ شەممە سەعات (١١) کۆدەبینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ژمارەی بڕیار: ١٠

مێژووی بڕیار: ١٩/٩/١٩٩٩

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩/٩/١٩٩٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

١ـ دانانی ڕۆژی (١٨)ی هەژدەی شوبات لە هەموو ساڵێکدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ڕۆژی قوتابیان و لاوان.

٢ـ وەزیرە تایبەتمەندەکان لەسەریانە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٣ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**هۆیە پێویستەکان**

## هۆیە پێویستەکان

لەبەر ڕۆڵی بەرچاوی قوتابیان و لاوان لە بزاڤی ئازادی خوازانەی کوردیداو، خەباتی بەردەوامیان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کوردمان و ڕێز لێنان لە خەباتیان و هاندانیان بۆ پێشکەش کردنی بەخششی زیاتر، ڕۆژی «١٨»ی شوبات لە هەموو ساڵێکدا بە ڕۆژی قوتابیان و لاوان دادەندرێ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری هێنانەکایەی پارێزگاکانی (هەڵەبجە ـ و ـ بێتوێن ـ و ـ ئاکرێ ـ و ـ سۆران).***

***٢ـ خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری دەسەڵات دان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرهێنانی بڕیارەکانی لێبووردنی تایبەت.***

***٣ـ خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری بەموڵک کردنی ئەو خانووانەی لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٤) لە کەرتی (٨٨ ئەشکەفتە) لە گەڕەکەی شەهید (عەبدوڵڵا قادۆ) لە ئاکرێ دروست کراون، بۆ ئەوانەی کە لەو خانووانەدا دانیشتوون.***

***٤ـ خستنە ڕووی پرۆژەی یاسایی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا (وقائع الاقلیم)***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکات دانیشتنی ژمارە (٣) لە ١٩٩٩/٩/٢٢.

بەرنامەی کارمان چوار خاڵە:

خاڵی یەکەم خستنەڕووی پرۆژەی بڕیاری هێنانەکایەی پارێزگاکانی هەڵەبجەو بێتوێن و ئاکرێ و سۆران.

دوو: خستنەرووی پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەرهێنانی بڕیارەکانی لێبووردنی تایبەت.
سێ: خستنە رووی پرۆژەی بڕیاری بە موڵک کردنی ئەو خانووانەی لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٤) لە کەرتی (٨٨)ی ئەشکەفتە لە گەڕەکی شەهید عەبدوڵڵا قادۆ لە ئاکرێ دروست کراون بۆ ئەوانەی لەو خانووانەدا دانیشتوون.
چوار: خستنەرووی پرۆژەی یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا (وقائع الاقلیم). یان (وقائع کوردستان).
بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین پرۆژەی بڕیاری دامەزراندنی ئەو چوار پارێزگایەی کە باسمان کرد هەڵەبجەو بتوێن و ئاکرێ و سۆران باس کرا لە دانیشتنی پێش ئێستاکە بۆ داڕشتنی دەقەکە گوێمان بەیاری خودا لەم دانیشتنەدا تەواوی دەکەین لیژنەی یاسا ئەگەر کەرەم بکەن بێنە سەر سەکۆ بۆئەوەی دەست بەو خاڵە بکەین.
لە دانیشتنی پێشوو زۆر لەسەر ئەم پرۆژەیە دواین چەند تێبینیەک هەبوو لەلایەن ئەندامانی بەڕێز و لیژنەکانەوە بڕیاردرا کە رەچاوی ئەوانە بکرێت وابزانم لیژنەی یاسا داڕشتنی کۆتایی تەواو کردووە ئێستا مادە بە مادە دەیخوێنینەوە تکایە ئەو شتانەی کە گفتوگۆی کراوە پێویست ناکات دووپاتی بکەینەوە بۆئەوەی سوود لە کاتەکە وەربگرین پرۆژەکانیش دوورو درێژن.
ئێستا دەست بە خودی بابەتەکە دەکەین، چونکە رای لیژنەکان پێشتر خوێندرانەوە و رەچاو کران.
فەرموون.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
«قرار»
استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩ القرار الآتي: ١
١ـ استحداث المحافظات المدرجة أدناه في اقليم كوردستان العراق وبنفس الحدود الادارية للأقضية حالياً:

| اسم المحافظة | مركز المحافظة |
| --- | --- |
| ١ـ محافظة سوران | سوران |
| ٢ـ محافظة ئاكرێ | ئاكرێ |
| ٣ـ محافظة بيتوين | رانية |
| ٤ـ محافظة حلبجة | حلبجة |

ثانياً ـ يخول مجلس الوزراء صلاحية تغيير وتحديد الحدود الادارية لكل محافظة وتنظيم الخرائط اللازمة.

ثالثاً ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

رابعاً ـ ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە دارشتنی كۆتاییە رەچاوی ئەو تێبینیانە كراوە كە لە دانیشتنەكانی تردا كراوە.

ئێستا مادده دەیخوێنرێتەوە لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر جەنابی وەزیری ناوخۆ هۆكاری پێویستی هەیە با پێشكەشی ئێمەی بكات تاوەكو بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر حكومەت شتێكتان هەیە دەربارەی ئەو پرۆژەیە بیخەنە روو پێش ئەوەی دەست بكەین بە پرۆژەكە.

فەرموو

**بەڕێز فازڵ میران/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.

ئەمرۆكە لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی حكومەت و كاك فەلەكەدین وەزیری راگەیاندن هاتووین بۆ ئەوەی هەر روونكردنەوەیەك پێویست بێت بۆ ئەو پرۆژانەی كە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێشكەشی كردووە وەڵامی پەرلەمانی خۆمان بدەینەوە.

لە راستیدا هۆكارە پێویستەكانی ئەم دەرخاستەی كردنەوەی چوار پارێزگا لە كوردستان بەم شێوەیە هەرچەندە بە نووسینیش لای سەرۆكایەتی پەرلەمان هەیە. لە دوای سەرهەلدان و لە دوای

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە و پاش ئەزموونی ئەم حەوت ساڵەی رابردوو لە خۆ بەڕێوەبردنی خەڵکی کوردستان، وامان بە پەسند زانی کە ئێمە کۆمەڵێک یەکەی ئیداری زیاد بکەین. مەبەستیش لەم زیادکردنە شێوەیەکی هاوچەرخ و تازەیە بۆ زیاتر خۆ بەڕێوەبردن و رێکخستنی کاروباری ئیداری و کاروباری ئابووری، بەدیدی ئێمە هۆکاری جوگرافی بوو و بەرژەوەندی جەماوەر لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی نفوس و چڕی دانیشتووان ئەمە کردوویەتی بە پێداویستییەکی گرنگ کە مرۆڤ بەدوای دابچێت بۆ جێبەجێ کردنی، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم پێداویستییەکانی ئەنجامدانی ئەم یاسایەشمان لەبەرچاو گرتووە لەوانەیە پرسیار هەبێ دەرباری توانای (امکانیە) جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، بڕیاردان و بەدەست هێنانی یاسایەک نیوەی کارەکەیە، ئەوەی تر مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ (مومکینات) دەکات، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم لەبەرچاومان گرتووە کە ئێمە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بچین، چونکە خزمەتی کوردستانی تێدایە خۆ بەڕێوە بردنەکەی کوردستان و ممارەسەی ئیدارە لە کوردستاندا و زیادکردنی رووبەری یەکەکانی ئیداری بۆ مامەڵەکردنی ناوەوەو دەرەوەش بەرای ئێمە ئەمە شتێکی باشە لە ئایندەدا دواڕۆژی کوردستان بەوە زیاتر گەشە دەکات. ئومێدەوارین و بڕواشمان وایە کە ئەم بڕیارە لەلایەن پەرلەمانەوە ببێ بە یاسا، ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێم هەموو توانایەک بەکار دەهێنین بۆ رەچاو کردن و جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ. جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەراستیدا بڕیاری دروست کردنی چەند پارێزگایەک بڕیارێک نییە کە پەیوەندی بە یەک وەزارەتەوە هەیە، بڕیارێکی گرنگە لە ئەنجامی دیراسە کردنی لە لایەن هەموو وەزارەتەکانەوە هاتۆتە پێشەوە، چونکە دروست کردنی پارێزگایەک بەستراوە بە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە، هەروەها بەستراوە بە کاروباری هەموو فەرمانگەیەک بۆیە ئەنجامی ئیشی ئەم سێ ساڵەی دوایی و پاش ئەوەی دیراسەتی باری ئاکرێ و سۆران و پێتوێن و هەڵەبجە کرا بە درێژی لە هەموو بارێکەوە باری ئێستای هەرێم رەچاو کرا کە لەوانەیە هەندێ لەم هەنگاوانە جێبەجێ ناکرێن، لە راستیشدا نهێنیەک نییەو شاراوە نییە لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەش بخەمەروو بە پلەی یەکەم بە پێشنیارو پشتگیری سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی ئەم بابەتەی کردەوە و بۆ چەند دانیشتنێک باسی لێ کرا لە ئەنجامدا پرۆژەی یاسایەک پێشکەشتان کرا بۆ کردنەوەی ئەو چوار

پارێزگـایە کـە بە پلەی یەکـەم ئاسـانکارییـەکی ئیـداری بۆ هاووڵاتیـان دێنێتـە کـایەوە ئەو هاووڵاتیـانەی کـە ئەمـڕۆ بە چڕییـەکی دانیـشـتـوانی بەرفـراوان لەو ناوچانە ئەژین کـە تووشی زەحمـەتییـەکی زۆر دەبن لە شوێنێکی گەورە بۆ هەمـوو ئیـشوکارێکی ڕەسمی دێنەوە هەولێرو، دەچنە دهۆک یان دەچنە سلێمانی پێویستی بەوە کرد چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە زیاد لەسەر ئەوە ئاسانکارییە بۆ کاری حکومەت بەشێوەیەکی گشتی، چ لە ڕووی ئاسایشەوە بێت، چ لە ڕووی یاساییەوە بێت چ لەڕووی پەرەوەدەوە بێت چ لە ڕووی پێشکەش کردنی خزمـەتگوزارییـەکانەوە بێت، بۆئەوەی دەسـەڵاتدانێکی زیاتر بەو ناوچانە بدرێت بە چاکـمـان زانی کـە ئەم پارێزگـایانە دروست بکرێن و ئیشـوکاری حکومـەت بە گشـتی ئاسان دەکات، لەهەمـان کـاتیـشـدا هـاوکاری هاووڵاتیـان دەکـات، جگە لەوە هەندێ لەو شـوێنانە دەتوانم بە ئاشکرا بیـڵـێم بەتایبـەتی شـاری ئاکرێ، شاری قـارەمانی هەڵەبجە ناوچەی سۆرانیش تا ڕادەیەکی زۆر هەروەها ڕانیەش بەدرێژایی ئەو ماوە کۆنەی کە حکومەتی عێراقی تیادا دروست کراوە بە درێژایی ئەو ماوەیە پشتگوێ خراوە بە سیـاسـەتێکی دیراسـەتکراو هەوڵ دراوە ئەو ناوچانە دوا بـخرێن و پێش نەکـەون، بۆیە ئێـمـە بەچاکی دەزانین ئیـمـڕۆ لەم مـاوەیەدا جـارێ ئەو چوار پارێزگـایە بێتـە کـایەوە هەرچەنـدە هەندێ شوێنی تریش هەیە کە لە بارودۆخێکی باشتردا و لەکاتێکی گونجاوترو باشتردا لەوانەیە بیر لەوە بکرێتەوە ئەوانیش بڕیارێکی وایان بۆ دەربچێت. ئێسـتا دروست بوونی لە ئەو چوار پارێزگایە بە بەسی دەزانین، هیـواشـمـان وایە بڕیارەکـە بەم شێـوەیە بێت پابەندیەکی وای تێدا نەبێت یەکـسـەر جێبـەجێ بـکرێت بەڵکو ڕەچاوی بارەکـە بکرێت کـە بەشـێـوەیەکی ئـاسـایی و ڕێکوپێـک و چاک ئەنجام بدرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە.

دێینە سەر بەرنامەی کارمان بە مادده (١) دەست پێ دەکەین لیژنەی یاسا بفەرموون.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١ـ استحداث المحافظات المدرجة أدناه في اقليم كوردستان العراق وبنفس الحدود الادارية للأقضية حالياً:

| اسم المحافظة | مركز المحافظة |
| --- | --- |
| ١ـ محافظة سوران | سوران |
| ٢ـ محافظة ئاكرێ | ئاكرێ |
| ٣ـ محافظة بيتوين | رانية |
| ٤ـ محافظة حلبجة | حلبجة |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
مادده (١) ئەو چوار برگەیە دەگرێتەوە واتا پارێزگای سۆران و پارێزگای ئاکرێ و پارێزگای بێتوێن و پارێزگای هەڵەبجە.
تکایە (حلبجە) بکەن بە (هەڵەبجە).
کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات با ناو نووسیان بکەین.
کاک کانەبی ئاغا سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کانەبی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بە باشی دەزانم عەرز بکەم کە دامەزراندنی هەر یەکەیەکی ئیداری بەتایبەتی پارێزگا پێویستە ئیجرائاتی بەپێی ئەو قۆناخانەی خوارەوە هاتووە ببێ هەروەکو لە راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ ژمارە (٩/ ١٠) لە بەرواری (١٠/٧) پەیڕەو کراوە استناد لەسەر مادده (٤)ی یاسای پارێزگاکان.
هەروەکو لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە لە پێش ئێستاش پەیڕەو کراوە:
یەکەم: پێویستە بەنووسین داوای دامەزراندنی پارێزگاکان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە.
دووەم: هەروەها پێویستە ئەو قەزاو ناحیانە دیاری بکرێن کە سەر بە هەر پارێزگایەک دەبێت.
سێیەم: هەر گۆڕانکارییەک لە سنوور لە ئەنجامی ئەو ئیجرائاتانە روو بدات سەبارەت بە هەموو یەکە ئیدارییەکانەوە بە نەخشە نیشان بدرێت.
چوارەم: ئەگەر هیچ گۆڕانکارییەک نەبێ لە سنووری یەکە ئیدارییەکان لە قەزاو ناحیەکان دا پێویستە (ذکر) بکرێ بۆ هەر پارێزگایەک کە ئەو قەزاو ناحیانە (تابع)ی دەکرێت، بەتەواوی سنووری ئێستایان پێ دەدرێت.
پێنجەم: هەر یەکەیەکی ئیداری کە بە تازەیی دادەمەزرێ پێویستە لەژێر ئیدارەی راستەوخۆی سوڵتەی خاوەن بریار بێت لە هەموو روویەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ. دێینە سەر ئەو برادەرانەی کە ناونووس کراون.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من پیرۆزبایی لەخەڵکی ئەو جێگایانە دەکەم کە بریاری بوونە پارێزگایان بۆ دەردەچێت بەتایبەتی و، سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها بەڕێز وەزیری ناوخۆ هەمیشە زیاد کردنی یەکەی ئیداری بەڵگەی ئەوەیە کە خزمەتگوزارییەکان زیاتر دەکرێت، من یەک دوو تێبینیم لەسەر یەک دوو ناو هەیە سەبارەت بە هەڵبجە پێشنیار دەکەم وشەی شەهیدی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە راستیدا هەڵبجە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی مەسەلەی کوردی بە هەموو دونیا، ناوەکەی بکرێت بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید.

دوو، سەبارەت بە بیتوێن، ئەگەر بکرێت من پێشنیار دەکەم بکرێت بە پارێزگای راپەڕین، بەوپێیەی کە دەروازەی راپەڕین بوو هەروەکو هەموو لایەکمان دەزانین.
دەرباری سۆران، ئەگەر ئێمە بڵێین ئێرە سۆرانەو جێگای ترە ئیمارەتە بەش بەش کراومان بیر دەخاتەوە کە لە بیرو باوەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان گەلێک دوورە ئێمە لە کاتێکدا ئاڵای یەکبوونی هەموو کوردستانمان هەڵگرتووە و، شاری رەواندوزیش شارێکی کۆن و دێرینە لە مێژووی کوردا دوا میرنیشنی پاشای کۆر بووە کە هەموو لایەکمان دەنگوباسیمان بیستووە و باسی تۆپەکەی وەستا رەجەبمان بیستووە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ناوەکەی بکرێت بە پارێزگای رەواندوز لە جیاتی سۆران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ شێخ عەدنان، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەم یاسایە بە چاک دەزانین کە خزمەتی هەژارانی ئەو ناوچانە دەکا، بۆیە بە گەرمی پشتیوانی خۆمان بۆ ئەم پێشنیارە رادەگەیەنین هەروەها بۆ سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ و وەزیری رۆشنبیری هەرچەندە ئاماژەی کرد کە توانای حکومەت کەمە، لێرەوە داخوازی لە دەزگاکانی حکومەت دەکەین کە دامەزراوی ئیداری لەشوێنی دیار دابمەزرێت و بازنەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکە بەر فراوان بکرێت.
هەروەها هیواداریین لە ماوەیەکی نزیکدا هەر لەم هۆڵە پیرۆزە پارێزگای هەشت رابگەیەنین کە ئەویش پارێزگای زاخۆیە، چونکە چ لە لایەنی ئاکنجی بوون و چ جوگرافیایەوە پێویستە.
هیواداریین جەنابی سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ ئامادەن ئەم پێشنیارە بەهەند هەڵگرن.
جارێکی تر پیرۆزبایی لە خەڵکی هەر چوار پارێزگایەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار، بەڕێز ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ناوانەوە کە دیاری کراون بۆ پارێزگا شتێکی زۆر پیرۆزە منیش پێشنیار دەکەم کە ناوچەی بتوێن بە ناوی پارێزگای راپەڕینەوە بێت، چونکە راپەڕین رۆژێکی زۆر مێژووییە وەرچەرخانێک بوو لە مێژووی کوردا، راپەڕینیش لەوێوە دەستی پێ کرد داوا دەکەین ئەو پێشنیارە بخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان بۆئەوەی پەسەند بکرێت یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئازاد قەرەداغی. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من نایەمە سەر رای لیژنەی دارایی و ئابووری، چونکە ئێمە لە (١٠٠٪) کۆکین لەگەڵ رای لیژنەی ناوخۆ هەروەکو کاک کانەبی دزەیی فەرمووی.

پشتگیری هەموو پێشنیارەکانی بەڕێز عەدنان نەقشبەندی دەکەین.

دەربارەی زاخۆ بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە خۆی لەم کۆبوونەوەیە فەرمووی هەندێک جیگای تریش هەنە پێویستە ببنە پارێزگا بە هیوادارم (خیر البر عاجله) هەر لەم دانیشتنەدا پێشنیار دەکەم کە زاخۆش ببێتە پارێزگا هەمان سنووری خۆی لەگەڵ کانی، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک جەمیل جەنابت ئەندامی پەرلەمانی، چۆن لەم دانیشتنە یەکسەر ئەم بڕیارە دەدرێت ئەمە پێویستی بە پرۆژەی یاسایی هەیە، سوپاس بۆ پێشنیارەکەت، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد تاهیـــر زین العـــابدین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەگەڵ پێخۆشحاڵیمان بۆ ئەو رۆژە کە یەکەی وەها بۆ خزمەت کردن و ئاسان کردنی کاروباری هاولاتیان دروست دەبێت وەکو ئەو پاساوانەی(موبەریراتە)ی کە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جەنابی وەزیری ناوخۆ باسیان کرد هەمان بەڵگەی بەهێزتر هەیە بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلار ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەویش لەو کاروانە جێ نەمێنێت و لەکاتی خۆی دەرفەتێکی باشە ناوچەی کەلار بکرێ بە پارێزگا لەبەرئەوەی زۆر فراوانە کفریە، کەلارە، دەربەندیخانە، خانەقینە، مەندلیە، لەرووی جوگرافیاوە هەموو بەڵگەی کە بۆ ناوچەکانی تر هەنە بۆ گەرمیان کەلار بەڵگەی زیاتر هەیە، جا پێشنیار دەکەین کەلاریش لەو کاروانە جێ نەمێنێت لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جـــــەعـــــفـــــەر شـــــێخ عـــــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پرۆژەی هێنانە کایەی ئەو شوێنانەی کە دەستنیشان کراون ببنە پارێزگا هەرچەندە هەر شوێنەیان مەڵبەندێکی فراوان و گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە هەر لە هەڵەبجەی شەهیدەوە کە پێناسەی زوڵملێکراوی گەلی کوردە تا رانیە و بتوێنی دەروازەی راپەڕین سۆرانی مەڵبەندی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، ئاکرێی دێرین من دوو پێشنیارم هەبوون بەڕێز کاک شێخ عەدنان باسی کردن کە پارێزگای بتوێن بکرێتە راپەڕین، دەربارەی پارێزگای هەڵبجە پێشنیارەکەم لەگەڵ هی ئەو تۆزێک جیاوازی هەیە، پارێزگایەکە هەر بە هەڵبجە بمێنێتەوە بەڵام مەڵبەندی شار بکرێت بە (هەڵەبجەی شەهید)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ جەعفەر. مامۆستا مەلا تەها فەرموو.

**مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیارەکەی شێخ عەدنان پەسەند دەکەم، لەبەرئەوەش کاتی خۆی ڕەواندوز شاری پاشای کۆرە بووە، شاری وەستا ڕەجەبە، کە ئینگلیزەکان هاتن تەماشای تۆپەکەیان کرد، گوتیان لەو بەروارەدا ئێمە ئەو تۆپەمان نەبووە ئەو شارە شاری وەستای ڕەجەبە شاری پاشای کۆرەیە، پێویستە ئەو ناوە بهێنێ بەعسی ئەو ناوەی گۆڕی کردی بە (صدیق) ئێستا ئێمە ناوی ڕەواندوز هەر کۆر کەینەوە، بەڕاستی من داوا دەکەم کە ئەو پارێزگایە بەناوی ڕەواندوز بێت، تەنها مەڵبەندەکەی سۆران بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا تەها. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئەو ڕوونکردنەوانەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشانیان دا حەزم دەکرد بە نووسین بووایە بەڵگەی خۆشی هەیە کە ئێمە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەدوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردن لە کوردستاندا کران، بێگومان کردنەوەی پارێزگای تازە مافێکی خۆمانە لەو ڕوانگەوە من دەڵێم پێویست بوو و واش هیواخواز بووم ئەم مەسەلەیە زیاتر دیراسەت بکرابایە، زیاتر بایەخی پێ بدرابایە وەکو پێویست، هەروەهاش بەرای من باری کوردستانیش ئەبێ ڕەچاو بکرێ کە بارێکی نائارامە گیروگرفتی زۆرە، ئێمە ئاواتە خواز بووین کە ئەم شتانە بەیەک گرتوویی بکرابایە لەدوای ئەوە ڕێککەوتن نامەیەی جێبەجێ بکرابا بۆئەوەی شتەکان زیاتر وردبان، لەبەرئەوە من هیچ گرفتێکم نییە کە ئەو شوێنانە کراونەتە پارێزگا، بەڵام هەندێ شوێنی تریش هەیە گرنگن و، خەڵکی ناوچەکەش خۆیان بە گرنگ دەزانن یەکێکیان کۆیسنجاقە کە شارێکی گرنگە هەر لە زووەوە پێشبینییەکان وابووە کە ئەو ناوچەیە ببێتە پارێزگا، هەروەها شاری ڕەواندوز کە برادەران زۆربەیان ئاماژەیان بۆی کرد، هەروەها ئەگەر ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی سۆران ببێتە پارێزگا با مەڵبەندی پارێزگاکە لە ڕواندوز بێت. ئینجاش زیاتر ئاواتەخواز بووم کە ئەم مەسەلانە حیساباتێکی تری ببوایە کە ئایا ئەمە لەگەڵ بڕیاری (٩٨٦) لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان چۆن چارەسەر دەکرێت؟، یەکێک لەو شتانەی کە من حسابی بۆ دەکەم ئەوەیە کە باری دارایی کوردستان چەند یارمەتیدەرە لەم بارودۆخەدا ئێمە ئەو (تضخم)ە ئیداریە بکەین و، هەندێ لە پارێزگاکانیش لە شوێنی خۆی نابێت دەبێت پارێزگای موزادفی بۆ بکەن وەکو پارێزگای سولێمانی و پارێزگای کەرکوک. ئینجا لەبەرئەوە من بڕوام وایە ئەم مەسەلەیە پێویستە

زیاتر دیراسەت بکرێت، پێویستە زیاتر نەخشە پێشکەش بکرابایە. دوا خاڵیش هەر لە کۆنەوە دابونەریتێکش هەیە ئەو شوێنانەی کە لە سنوور نزیکن ناکرێنە پارێزگا حەق وایە ئەمەش رەچاو بکرابایە، لەبەر حساباتێکی ئەمنی، لەبەر دەستدرێژی کردنە سەریان، هەروەکو ئاگادارین هەموو جارێک گیروگرفت لەناوچەکە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق فەرموو. کاک زاهیر فەرموو.

**بەڕێز زاهیر محەمەد ئیبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە ئەمرۆ ببینێ کورد ماڵی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە، پاش ئەو هەموو وێرانکاریانەی کە دوژمنانی کورد ئەنجامیان دا لە ساڵانی رابردوودا و، کورد ئەمرۆ خۆی خاوەنی بڕیاری خۆیەتی بۆ ئەم مەبەستە و، ببینێ کە شارەکانی گەورە دەبێت وگەشەدەکات و، ئاوەدان دەبێتەوە، هەرچەندە لێرە بەڕێز سەرۆک وەزیران ئاماژەی پێدا، کە ئێستا ئەم چوار پارێزگایە بێتە کایەوە، بەڵام ئەگەر بکرێت لە داهاتووشدا بێت (کۆیە)ش بخرێتە پێش چاو بەناوی پارێزگای باواجییەوە و، بەڕێز کاک عەبدولخالقیش ئەم پێشنیارەی خستە روو منیش پشتگیری دەکەم و، سوپاسیشی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا ئەم پرۆژە گرنگەی کە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاریان کردووە، کەوا چوار پارێزگای نوێ لە کوردستاندا دابمەزرێت، پێشنیارێکی پیرۆز و هەنگاوێکی مێژووییە، بەتایبەتی بەپێی ئەو هۆکارە پێویستیانەی کە دیاریان کرد، هەڵبەتە چ لە رووی جوگرافی و چ لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە و، چ لە رووی راپەڕاندنی کاروباری ئیداری و هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، جگە لەوەش ئەم چوار ناوچەیەی کە باس کران هەر ناوچەیەکیان خاوەن شارستانییەتێکی کۆنن لە کوردەواریدا، بۆیە من پڕ بە دڵ لەگەڵ ئەم هەنگاوەدام وپیرۆزبایی لە پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم و، بەیاوەری خوای مەزن سەرکەوتوو دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا منیش وەکو ئەندامانی تر تێبینیم لەسەر ناوی پارێزگاکاندا هەیە، سەبارەت بە هەڵەبجەوە، بە بڕوای من وەکو هاتووە شتێکی پیرۆزە، چونکە رەچاوی ئەوە کراوە کە هەڵەبجە خۆی لە خۆیدا ئێستا ناوێکی پیرۆزە لە مێژووی کورد و کوردستاندا و، زیادکردنی وشەی شەهید بۆ ناوەکە بە رای من پێویست نییە، لە جیاتی هەڵەبجە لە مێژە ناوەندێکی شارستانی لەو ناوچەیەدا هەبووە ئەویش (شارەزوور)، بەڵام چونکە ناوی هەڵەبجە بووتە ناوێکی پیرۆز بۆیە پەسەند ترە لە جیاتی شارەزوور هەڵەبجە بێت،

سەبارەت بە ناوی (بتوین)یش هەڵبەتە ئەم پارێزگایە تەنها ناوچەی بتوێن ناگرێتەوە، بۆیە باشتر وایە لە جیاتی ناوی بێتوێن ناوی راپەرینی لێ نێن کە هەم بێتوێن و هەم رانیە و ناوچەی پشدەریش بگرێتەوە، ئێمە لەناو خۆشماندا گفتوگۆمان لەسەر ئەم ناوە کردووە و، پێمان باشترە کە ئەم ناوە بگۆردرێت بە ناوی راپەرین، چونکە بەراستی یەکەم چەخماخە و یەکەم هەنگاو ویەکەم تەکانی راپەرین لەم ناوچەیە دەستی پێکرد، جا بۆیە ئەو ناوە پیرۆزە شایستەی ئەم ناوچەیەیە، لە رووی جوگرافیشەوە ئەگەر بڵێین بێتوێن ناوچەیەکی دیاری کراو دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین راپەرین ناوێکی تازەیە کە ناوچەکە هەمووی بگرێتەوە، سەبارەت بە پارێزگای سۆران من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە ناوی پارێزگاکە هەر سۆران بێت، بەڵام قەزایەک هەبێت بە ناوی رەواندزەوە،بەڵام لە رووی جوگرافییەوە ئێستا زۆر گرانە قەزای رەواندز بکرێتە ناوەندی پارێزگا، بۆیە بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەو شوێنەی کە ئێستا بە ناوی قەزای سۆران هاتووە ئەوە بکرێتە پارێزگای سۆران، ئەوەی پەیوەندیشی بە ئاکرێوە هەیە من هیچ تێبینیم لەسەری نییە، بۆیە من پشتگیری ئەم داوایە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی شانازی وسەربەرزییە کەوا لە پەرلەمانی کوردستاندا بریاری ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لە حکومەت و پەرلەمان بدرێت، بەراستی رای ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک شێخ عەدنانە و، بۆ ئەوەی ناوی ئیمارەتی رەواندووز کۆنترین ئیمارەتە ناوی پارێزگاکەش بەو ناوەوە بێت باشترە، جا ناوەندی پارێزگا لەهەر کوێ بێت ئەوە لاریمان نییە و، بەرامبەر بەعارەب کردنی ئەو ناوچەیەدا، لە جێگای قەزای سدیق هەرچەندە ناوی سدیقیش ناوێکی کۆنە بکرێتە پارێزگای رەواندووز،ئەمە یەکەم، دووەم لەسەر ئەو مزگێنییەی بەڕێز سەرۆک وەزیران کە فەرمووی هێشتا دامەزراندنی پارێزگای تریش بەرێوەیە، ئومێدەوارین رۆژئاوای کوردستانی عێراق لە بیر نەکرێت، هەرچەندە ئێستا دوژمن بە هەموو هێزێکییەوە هەوڵی ئەوە دەدات کەوا نیشانەو هێمای کوردایەتی و کوردستانی تیادا نەهێڵێت، بەڵام لە بیر نەکرێن کەوا ناوچەی «رەبیعە و زمار و شنگار و تەلەعفەر» هەقە بەهەر شێوەیەک بێت پارێزگایەکی بۆ دامەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مەمند محەمەد ئەمین بابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیەی کە هاتووە بۆ گۆڕینی چوار قەزا و بکرێن بە چوار پارێزگا، بەراستی ئەمە دربڕینی

هەست و نیازی دانیشتوانی ئەم ناوچانەیە، پڕ لە سوود و کەڵکە لەهەموو بارێکەوە، ئەوەی من ئاگام لێیە لە پێش ڕاپەڕین دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەوڵیان داوە کەوا ڕانیە بکەنە پارێزگا، بەڵام داوەکەیان جێبەجێ نەکراوە و، دوای ڕاپەڕینیش هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەم مەبەستە لەکاتی حکومەتی هاوبەشدا، بەڵام ئەویش سەری نەگرتووە، هەروەها هەمان هەوڵیش لەلایەن دانیشتوانی هەڵەبجەوە دراوە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام ئەویش سەری نەگرتووە، بەڵام ئەو ئاواتەی کەوا چەندەها ساڵە هەوڵی بۆ دەدرێت لەلایەن سەرۆکی خۆشەوتیستمانە کاک مەسعود بارزانییەوە هاتە دی، وەک دەسکەوتێکی گرنگ پێشکەش بە هاولاتیانی هەر چوار پارێزگاکە کرا، من وەکو نوێنەرانی ڕانیە و قەلادزەی دەروازەی ڕاپەڕین زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەم و، هەروەها سوپاسی ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەکەم، زۆر سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان و هەموو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەم کە دەنگ لەسەر ئەم بڕیارە مێژوویە دەدەن و، پیرۆزبایی لە دانیشتوانی ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین و هەر سێ قەزاکەی تری دەکەم بۆ ئەم دەسکەوتە پڕ بەهایەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی پێشکەشی کردن، هەروەها منیش ڕام وایە کەوا ناوی پارێزگای ڕانیە بکرێت بە ڕاپەڕین، چونکە ناوێکی مێژوویە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی هەرچی قسەمان کرد هەمووی دەربڕینی شادمانی خۆمانە بەرامبەر بەم مەسەلەیە و، پیرۆزبایی لە حکومەتی کوردستان دەکەین کەوا ئەم هەنگاوە پیرۆزەی ناوە و، پیرۆزبایش لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کەوا لە یەکەم پەرلەمانی کوردستاندا چوار پارێزگادێتەکایەوە، ئەمە گەورەتیرین موژدەیە بۆ شەهیدانی کوردستان بەتایبەتی ئەو شارەی کەوا کیمیا بارانی بەسەردا ڕژا، لەکاتێدا کە هەر جارێک نوێنەری پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و بەڕێز د.ڕۆژ کە دەرۆشتنە ئەوێ بەرامبەر بە شاری هەڵەبجە لە پاتی و سەرۆک بارزانی مژدەی ئەوەیان پێدەدان کەوا دەکرێت بە پارێزگا، من وادەزانم بە کردنی ئەو شوێنە پیرۆزانە بە پارێزگا و، بەتایبەتیش هەڵەبجەی شەهیدیش کە پێناسەیەک بووە بۆ میللەتی کورد و، جێگاکانی تریش کەوا دەروازەی ڕاپەڕین و ئاکرێی پیرۆز و ناوچەی سۆران کە ئەویش بە یاری خوا هەوڵ بدرێت بە خزمەتێکی ڕێکوپێکەوە بکرێتە پارێزگا، ئەگەر ناوەکەشی ڕەواندز بێت چاکترە و، زیاتر مێژووی پێوە دیارە و خزمەتی ئەو ناوچەیەی پێوە دیارە، ئەمە هەنگاوێکی باشە و بەرای من لە خزمەتکردنی بە کردەوەش بەکەڵک ترە، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا هەڵەبجە بکرێتە هەڵەبجەی شەهید، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، لەبەر ئەوەی کە ئێستا دوو شار هەیە یەکێکیان ناو نراوە هەڵەبجەی تازە تاوەکو شاری هەڵەبجە بنەرەتییەکە لەبیر کرێت، لە ناو خەڵکیشدا ئێستا هەڵەبجەی تازە و هەڵەبجەی

شەهید باووە، بۆ ئەوەی ئەم ناوی هەڵەبجەی کۆنە لە ناو مێژوودا نەمێنێتەوە و، کە وترا هەڵەبجەی شەهید هەموو ناوەکانی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر بەلامەوە پەسەندە و جێگیر ببێت و ناوەندی پارێزگاکەشی هەر هەڵەبجە بێت، سەبارەت بە پارێزگای بتوێنیش ناوی لێ بنرێت راپەرین و، سۆرانیش ناو نرێت پارێزگای رەواندز و، با ناوەندی پارێزگاکەشی سۆران بێت، سوپاس بۆ خوا هەموومان لەسەر ئەوە رێکین کەوا پارێزگای ئاکرێ ناوەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ناوێکی رێکوپێکە، دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی کەوا ئەمرۆ هاتووەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدرێت، دەبێتە بریارێکی مێژوویی سەبارەت بە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، زۆر لە دوژمنانی میللەتی کورد دەیان وت مللەتی کورد هوشیارە و توانای بە رێوەبردنی خۆی نییە، بەلام ئەوە وەلامێک بوو بۆ ئەوان هەموویان کەوا پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەتوانێت هەموو کاتێک ئێدارەی میللەتی خۆی بکات، ئەگەر تەماشای وڵاتانی کەنداو و عەرەبی بکەین، ئەوان وڵاتن و حکومەت و سنووریان هەیە، پانتایی ئەو وڵاتانە بە قەد پارێزگایەک لەم پارێزگایانە نییە، ئێمە داوا ناکاین کەوا هەموو شتێک جێبەجێ بکرێت، بەلام بە پێی توانای حکومەتی کوردستان بێت، چونکە ئێمە هەمووما‌ن دەزانین کەوا دهۆک «١٥»ساڵ پێش ئێستا بووتە پارێزگا وتاوەکو ئێستاش کەموکوڕی هەر هەیە، من بە ناوی خۆم و دانیشتوانی شاری ئاکرێ سوپاسی هەموو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم کەوا پشتگیری و پشتیوانی ئەم پرۆژەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەوانەی کە من پێم بوو باسی بکەم باس کرا، سوپاسی هەموو ئەندامان دەکەم، بەلام من وەک نوێنەرێکی ناوچەی هەڵەبجە پێش هەموو شتێک سوپاسی سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی دەکەم، لەکاتێکدا ئێمە چەند جارێک سەردانیمان کرد بۆ ئەم مەبەستە و، خەڵکی هەڵەبجەش دەیان ساڵە هەوڵی ئەوەیان داوە کەوا ئەو ناوچە گرنگە بکرێت بە پارێزگا، ئێستا بەراستی ئەو هەنگاوە پیرۆزەی ئەنجوومەنی وەزیران ناویەتی بۆ ئاسانکردنی ئیشوکاری ئیداری بەتایبەتی ئیشوکاری پەروەردەیی، بەراستی هەنگاوێکی گەورەیە و جێگای ئەوەیە کەوا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان و، وەکو خەڵکی ئەو ناوچانەی هەر هەموو کوردستان سوپاسی

پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان بکەین، چونکە هەنگاوێکە هەقە وەکو موژدە بە خەڵکی کوردستانی بدەین، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەو ناوانەی کە لێیان نراون وەکو کاک شێخ عەدنان باسی کرد بگۆڕدرێت، چونکە کێش و نەریتی خۆی هەیە، شتێکی تازە تریشە، لەبەر ئەوە دیسانەوە من بەناوی دانیشتوانی کوردستان و بەتایبەتیش دانیشتوانی شاری هەڵەبجەوە سوپاسێکی بێ پایانتان دەکەم، بۆ ئەوەی لەم ڕۆژە ئەو بڕیارە گرنگە هاتە بڕیاردان و بە یاری خوا لە کاتێکی نزیکدا بتوانین هەموو کوردستان ئاوەدان بکەینەوە و، بەتایبەتیش هەڵەبجەی کیمیاباران و هەموو ئەو شوێنانەی کە بە کیمیاوی وێران کراوە، لە ژێر سێبەری ئەم حکومەتەدا ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی پیرۆزە و پیرۆزبایش لە هەموو لایەک دەکەم، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە تێبینییەکم هەیە، ئەم قەزایانە کاتی خۆی بە پێی یاسایەک گرێ دراون بە پارێزگاکانەوە، ئایا پێویست ناکات ئێمە بڕگەیەکمان هەبێت ئەو قەزایانە لەو پارێزگایانە بکەینەوە؟!، پاشان ئەم پارێزگایانە دامەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پاشان لیژنەی یاسا وڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، کاک شەفیق ئەمین با بفەرموێ.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی پێخۆشحاڵین بۆ ئەو بڕیارەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ کردنی ئەو چوار قەزایە بە پارێزگا، بەتایبەتی من پشتگیری قسەکانی کاک شێخ عەدنان دەکەم بۆ ئەو ناوانەی کە دایناوە، هەڵەبجە بکرێت بە هەڵەبجەی شەهید، هەروەکو کاک موحسن فەرمووی دوو هەڵەبجە هەیە، ببێت بە هەڵەبجەی شەهید و، سۆرانیش ببێت بە ڕەواندووز و، بتوێنیش ببێت بە ڕاپەڕین، بەڵام شتێکی ڕوونە کەوا ناوچەی بتوێن کە ئێمە ئێستا ناوی لێ دەنێین ڕاپەڕین، ئەمە هەر لە مێژوودا ناوچەیەکی گرنگ بووە هەر لە شۆڕشی ئیلوولەوە، چونکە سەرۆک بارزانی هەموو جێگاو هەنگاوی شۆڕشەکانی لەو شوێنە بووە و، شۆڕش کە دەستی پێکردووە لەو شوێندا دەستێکی باڵای هەبوو و، ، جا لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتنەکانی سەرۆک بارزانی دوای ناکۆکییەکان هەموو لەو ناوچەیەدا بووە، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی مێژووییە، باشتر وایە بکرێت بە پارێزگای ڕاپەڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوانەی كە ویستیان قسە بكەن تەواو بوون، ئێستاش ئاماژە بۆ ئەو چەند پێشنیار و پرسیارانە دەكەین كە لە مەیانی گفتوگۆكاندا كران، پێشنیار كرا كەوا هەڵەبجە بكرێت بە هەڵەبجەی شەهید و، بتوێن بە راپەڕین و، سۆرانیش بە رەواندووز و، پێشنیاری دامەزراندنی پارێزگای زاخۆ و كەلار و كۆیەش كرا، ئەوە چەند پێشنیارێكە كەوا لە میانی گفتوگۆكاندا كران، ئێستا جەنابی سەرۆك وەزیران با بفەرمووێ.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتاوە حەز دەكەم باسی ئەوە بكەم كەوا بۆچی ئەم ناوانەمانە لەم پارێزگایانە ناوە، یاخود بۆچی ئەم بابەتە هاتووەتە كایەوە و، من بە راشكاوی و بە درێژی باسی ئەم مەسەلەیە دەكەم، بەڕێزانێكی زۆر ئەم بابەتەیان باس كردوو و، چەند بۆچوونێكی جۆراوجۆر خرایە روو، منیش دەمەوێت هەڵوێست و بۆچوونی حكومەتی كوردستانتان بۆ روون كەمەوە، لە هەمان كاتیشدا ئەگەر شتێكی ناتەواو یا نادیاری تیادا بوو هیوادارم هەڤاڵانم كاك فەلەك و كاك فازڵ هاوكاریم كەن، پێش هەمووشتێك باسمان كرد كە ئەم پێشنیارە لە بنەرەتەوە هی جەنابی سەرۆك بارزانییە و،لەسەر داوای جەماوەری ئەو شوێنانەو لەسەر داوای زۆر شوێنی تریش، وەكو باسیشم كرد شوێنی تریش زۆر هەیە كە شایستەی ئەوەیە بكرێتە پارێزگا، لەوانەشە بكرێتە پارێزگا، بەڵام لە بارودۆخێكی لەبارتر و گونجاوتردا، ئێمە دەمانتوانی لە جیاتی (چوار) چەند پارێزگایەكی زیاتر دامەزرێنین، خەڵكیش پێی خۆشە، بەڵام گەر وامان كردبایە لە یاری دەچوو و، لە شتێكی رەزین و بە ئاست نەدەچوو، جا بۆیە چوارمان هەڵبژارد و هەوڵمان دا كەمتر بێت لەوانەی كە هەڵبژێردراون بكرێنە پارێزگا، بۆ چوار دەسنیشان كرا؟!یەكەم بابێینە سەر هەڵەبجە، هەڵەبجە راستە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمدا نییە، لەوانەیە هەندێك بپرسن هەڵەبجە ئێوە ناتوانن بیكەن بە پارێزگا، ئێمە ئەڵێین هەڵەبجە هێمای كوردایەتی و قوربانیدانی ئەم سەدەیەمانە، هەڵەبجە گەورەترین قوربانی داوە لە مێژووی میللەتی كوردا، هەڵەبجە هەرایەكی وا گەورەی دروست كردووە كە بە درێژای خەباتمان و، بەدرێژایی خەباتی داهاتووشمان دەتوانین سوودی لێ بكەین و، یەكێك دەبێت لەو كۆڵەكانەی كە دەمانگەیەنێت بە ئامانجمان، هەڵەبجە دەبێت ببێت بە هێمایەكی زندووی كوردستان، هەڵەبجە دەبێت هەمیشە زیندوو بێت و، پێش هەموو شتێك ئێمە پیشانی هەموو خەڵكیشی دەدەین كەوا هەر كاتێك حكومەتی هەرێم دەسەڵاتی بەسەر هەموو كوردستانەوە هەبوو، ئێمە شاری هەڵەبجە دەكەین بە پارێزگا، لە جارانیش سەد بار چاكتری دەكەین، خوا یارمان بێت دەسەڵاتمان هەبێت، سەبارەت بە رانیەش، رانیە هەر لە كۆنەوە بەپێی ناوچە، ناوچەیەكی كوردەواری دێرینە، رانیەیە قەڵادزەیە پشدەرە و بێتوێنە، دوورە لە شاری هەولێرەوە، دووریشە لە سلێمانییەوە، كێشەیەكی ئێداری زۆری هەیە و،

مەڵبەندی گرفتە، بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێت، ئیشوکاری خەڵکی تێدا ئاسان بکرێت، ئەو ناوچەیە بەگشتی بەڕێوەبەرین پێویستە بە شێوەیەکی تر ئیدارە بکرێت، پێویستە بکرێت بە پارێزگا و گرنگی پێبدرێت و دەسەڵاتی بدرێتێ لەو شوێنەدا گرفتی پێ چارەسەر بکرێت، راستە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، بەڵام ئەمە بۆچوونی ئێمەیە، ئێمە بە باشی دەزانین برادەرانمان لە سلێمانی ئەوێ بکەن بە پارێزگا، ئەگەر بیکەن ئەوە ئیشێکی باش دەکەن، چونکە ئێمە بڕیاری پەرلەمانمان پێی وەرگرتوو، ئەگەریش نەیکەن ئەو کاتەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی گەیشتێ ئەوە ئێمە دەیکەین و، یەکەم ئیشە کە دەیکەین، شان بەشانی هەڵەبجە، ئاکرێ، وەکو هەمووتان دەزانن ئاکرێ گرفتێکی ئیداری تایبەتی هەیە، ئاکرێ زوڵمێکی زۆری لێکراوە، ئاکرێ بە حکومەتی مەرکەزییەوە گرێدراوە و لە ئۆتۆنۆمیدا نەبووە و، هەوڵ دراوە جۆرەها شتی تیادا بکرێت و، لە هەمان کاتیشدا کەوتووەتە نێوان دهۆک و هەولێردا، نە ئەوەیە ١٠٠٪ سەر بە دهۆک بێت، نەش ١٠٠٪ سەر بە هەولێرە و، بنکەیەکی رۆشەنبیری وکەلتووری کۆن ودێرینی کوردییە و، خەڵکی ئەو شارەش خاوەن خەبات و قوربانییەکی زۆرن، لە هەموو روویەکەوە ئەگەر لەیەکی بدەیتەوە، ئەو شارە پێویستە گرنگییەکی تایبەتی پێبدرێت، جا بۆیە ئێمەش بەباشمان زانی ئاکرێیش بخەینە سەر ئەو شارانەی کە دەیانکەینە پارێزگا، سەبارەت بە سۆران یا رەواندووز، قەزای سۆران ئێستا بووەتە مەڵبەندێکی نیشتەجێبوونی خەڵکێکی زۆر و خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەتەوە و، ناوچەیەکی زۆر گرنگە و، ئەو دەشتاییەی کە لەوێدا هەیە رێگا دەدات کەوا شارەکە گەورە بکرێتەوە، دەبینین ئێستا خەڵکەکە بەشێوەیەکی سروشتی لەوێدا کۆدەبنەوە و، ناچنە رەواندز، راستە لەوانیە رەواندز ناوێکی گەورەتر بێت، تامێکی تایبەتی هەیە، لە هەمان کاتدا قەزای سۆران ناوچەی باڵەکی لەگەڵدایە و ناوچەی سیدەکان و بارزانیشی لەگەدایە ناوچەی هەمەجۆری لەگەڵدایەو ناوچەیەکی فراوانی گەورەیە کە هەموو پێداویستییەکی تێدایە کە ئەویش یەکەیەکی ئیداری و خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەی تێدا هەبێت کە لە مەوقیعدا بڕیار بدات و ئیشوکارەکانی ئاسان بکات، بۆیە بە باش زانرا ئەوێ بکرێتێ. ئەم چوارە پێش ئەوانی تر کەوتن بەپێی شوێنیان و بەپێی پێویستی بەپلەی یەکەم ئەگەر سەیری بکەن ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمووی بە پێویستی دادەنێین دەڵێین ئەمانە هەموویان پێویستن ئێستا بکرێن.

بێینە سەر ناونان لە هەموو دونیا کە ناو ئەندرێ هی پارێزگاو یەکەی ئیداری هەمیشە بەناوی شارەکەوە دەبێت ناوی خۆشی بۆ نادۆزرێتەوە، ناوی شار بە تەبیعەت دروست بووە ناوێکی مێژوویی بۆ نموونە (دهۆک - پارێزگای دهۆک ، هەولێر- پارێزگای هەولێر، سلێمانی - پارێزگای سلێمانی ، کەرکووک - پارێزگای کەرکوک ... بەغداد، تاران... هتد) هەموو دونیا وایە، مرۆڤ هەوڵ دەدات بەناوی ئەو شوێنەوە کە گەورە بوو بە شێوەیەکی ئاسایی خۆی دەبێت بە پارێزگاو ئەو ناوە وەردەگرێت. لە ئاکرێ گرفتمان نییە، لە هەڵەبجەش گرفتمان نییە، تەنیا لە

رانیەو سۆران گرفتمان هەیە سۆران یەکمجار قەزای سەدیق بوو گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا کە قەزای سەدیق بکەین بەچی یەکێ گوتی رەواندوز یەکێ گوتی دیانا ، لە ئەنجامدا رای هەموو حزبە کوردستانییەکان بە هەردوو لا سەرەکییەکەوە ئەوەبوو ئێمە بیکەین بە (قەزای سۆران) ، بۆچی؟ ئەویش ناوێکی مێژووییە ، رەواندوز نییە ، چونکە شاری رەواندوز لە شوێنێکی ترە ئەمەش شوێنێکی ترە ناوێکی مێژووییە ، ناوەکەش مانای ئەوە نییە کە ئەمە سۆرانە ئەوە بادینانە ، ئەمە ناوێکی مێژووییە خەڵکی ناوچەکەش تا رادەیەک پێیان خۆشە و ، گرفتمان نەبووە لەسەر ئەو بنەمایە ، بەس ئەوە مانای نییە کە ئێمە ناومان نا سۆران نابێ بایەخ بە رەواندوز بدەین ، بەپێچەوانەوە دەبێت بایەخێکی زیاد بە رەواندوز بدەین دەبێ پێش هەموو شتێک رەواندوز بکەین بە قەزا لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بدەین لەرووی پێشکەوتنی بیناسازی (عمرانی) رەواندوز و سۆران لەیەک بدات ، ئەگەر ئەمەش هەمووی کفایەت نەبێ خەڵکی ئەم ناوچەیە مافی خۆیانە سبەینێ کە پارێزگاکە پێش کەوت داوا بکەن ناوەکەی بگۆرێ ، ئەو کاتەش هیچ گرفتێک نابێت و بریارێکی دیکەی لێ دەدرێ و ناوێکی تری دەدرێتێ ، بەڵام ئەم سەرەتا کە بنەرەتییەکە ئەوەیە ناو دەبێت ناوی شار بێت ، دەبێت ناوێ شونێک بێت کە سروشتی بێت .

دێینە سەر رانیە ناوی بنێین رانیە یاخود ناوی بنێین قەڵادزە؟ ، هەردووکی ناون هەردووکی هەقیان هەیە ، لەبەر ئەوە ناومان نەنا رانیە بەڵکو بتوێنمان هەڵبژارد ، من ئێستاش لەگەڵ ئەوەدام نازانم برادەران چ رایەکیان هەیە ، ئەگەر ناوی شار بێت ، یان ناوی ناوچە بێت پێم پەسەند ترە لەناو دۆزینەوەیەک ، هەرچەندە ئەو ناوە زۆر مانای شۆرشگێری هەبێت و مانای تری هەبێت بەس لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێین رانیە دەڵێین دەروازەی راپەرین هەر (لازم و ملزوم)ن بەیەکەوە ئۆتۆماتیکیەن بەبێ ئەوەی بڵێین راپەرین کە ئەڵێین رانیە دەڵێین دەروازەی راپەرین ، هەر کەسێک لە ئێمە کە گوتی هەڵەبجە دەڵێت (هەڵەبجەی شەهید) .

دێمە سەر هەڵەبجە وەکو ئەوەی باسمان کرد هەڵەبجە ناوێکی مێژووی دێرینی کۆنی کوردی رێکوپێکە ، هەڵەبجە کە لێدرا لە شاری هەڵەبجە درا ، لە هەڵەبجەی تازە درا؟ ، لە هەڵەبجەی شەهید درا؟ نەخێر لە هەڵەبجە درا ، ئێمە دەمانەوێ ناوی هەڵەبجە زیندوو بکەینەوە ، هەڵەبجە لای ئێمە زیندووە ، هەڵەبجە دەبێت لە هەموو شوێنێک زیندوو تر بێت ، تاوانێکی گەورەشی بەرامبەر کراوە ، ئەو تاوانەش ناشارینەوە و دواشی دەکەوین و لێشی دەکۆڵینەوە و ، داواکاریشمان هەیە بەرامبەر بەو تاوانە ، بەڵام هەڵەبجە شارێکی زیندووە و دەبێت ناوی پارێزگاکە بە ناوی هەڵەبجەوە بمێنێتەوە ، یەک هەڵەبجە هەیە کە هەڵەبجە بنەرەتییەکەیە ، ئەوە ئەو راقەیە بوو لەسەر ناوی هەڵەبجە ، ئێستا دێمە سەر شوێنەکانی تر ، سەبارەت بە کەلار و کۆیە و زاخۆ ئەو شوێنانە مافی ئەوەیان هەیە کەوا باشتر خزمەت بکرێن .

کاک عبدالخالق ئەندێ شتی خستە روو ، دەپرسێ ئایە لە توانادا هەیە ئەو پارێزگا تازانە بکەین؟ئێمە بە پێی توانای خۆمان مەرج نیە هەر چواری بە جارێک بکرێت ، بە پێی توانای

خۆمان هەر کاتێ زانیمان دەتوانین پارێزگا دروست کەین دروستی دەکەین، پارێزگا دروست کردن شتێکی ئاسان نیە بەیەک بریار و بە یەک فەرمان و یەک جار دروستی کەی خۆ ئامادەکردنی دەوێ ئیشی دەوێ فەرمانگەی جۆراو جۆری دەوێ بە هەنگاو هەنگاو دەکرێ، ئێمە پێش ئەوەی ئەو بریارە دەرچێ ئیمە وەکو ئاگادارن هەنگاومان ناوە هەندێ فەرمانگە دەسەلاتمان داونەتێ وەکو پەروەردە و شوێنی تر چ لە سۆران بێت چ لە ئاکرێ بێت تاکو وردە وردە پێداویستی ئەوەی تێدا بێت کە خۆی بەخۆی بەریوە ببات ئەوەش کاتی دەوێت بەپێی تواناى خۆمان هەنگاو دەنێین، نەمان گوتووە باز بەسەر تواناکانی خۆمان داوێین. لە راستیشدا بە رای من وەکو سەرۆکی وەزیران ئەگەر بیری لێ بکەینەوە و پارەی حزبەکان کەم بکەینەوە لەوانەیە بتوانین پارێزگایەکی تریش دابنێین، من جارێ هەر ئەوەندە روون کردنەوەم هەبوو سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرەک وەزیران بۆ ئەو روون کردنەوە، کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەرێز فەلەکەدین کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەرێز سەرۆک وەزیران باسی کرد رای ئیمەش بوو،سەرەرای ئەومانە هەر بۆ روون کردنەوەی زیاتر خالێک باس کرا برادەرێک باسی میرنشینەکان کرا گوتی ئەگەر ناوی بنێین سۆران میرنشینی سۆران و بادینان دێنێتە پێشەوە،سۆران میرنشین بووە بابان میرنشین بووە لەراستیدا دەبێ ئیمە شانازی بەو میرنشینانە بکەین ئیمە دەبێت نەترسین ئێستا بارێکی سیاسی لە ئارادایە جیایە بوونی میرنشین لە مێژوی کورددا مانای ئەوەیە کە دەیسەلمێنێ کە کورد کیانی هەبووە میرنشینەکان کیانی کورد بوون بە دەلیلی ئەوە دیار دەکەوێ کە کورد هەمیشە ئامادە بووە کە کیان و دەوڵەتیشی هەبێت هەندێ میرنشین دەوڵەت بووینە ئەورۆ دەبێ ئیمە شانازی بەو میر نشینانە بکەین کە لە مێژوودا هەبوون هەندێک زۆر رێک و پێک بووە خزمەتگوزاری هەبووە زۆر پێش کەوتوو بووە و ناو نانی هەرشوێنێک بە ناوی ئەو میر نشینانە مانای ئەوە نادات بەپێچەوانەوە مانای ریزنانە لە مێژووی کورد لە کەلتوری کورد لە کەلەپوری کورد،لەبەر ئەوە زۆر سروشتیە ناوی سۆرانی لێ بندرێت کە میرنشینێک هەیە بەناوی سۆران ، هەروەها هەر بۆ نمونە وەک لە میرنشینی باباندا هەیە بۆ نمونە چی دەبێت ئەگەر لە داهاتوو سلیمانی ببێتە بابان و مەرکەزەکەی سلێمانی بێت،یان هەر میر نشینێکی تریش،واتا ناو هێنانی میرنشینەکان مێژووی کوردە دەبێ شانازی پێ بکرێت ئەمە لایەنێک لایەنێکی تر سەبارەت بە رەواندوز کە برادەران باسیان کرد رەواندوز جگە لەوەی کەشارێکی مێژووییە خاوەنی چالاکیەکی رۆشنبیری و سیاسیە و مێژوێکی زۆر دێرینی هەیە بەلام لەوانەیە لە رووی شارەوانیەوە نەتوانێ پێش کەوێت و لەوە زیاتر گەشە بکات بەلام سۆرانی ئێستا بواری زیاتری هەیە بۆ فراوان بوون لە لانی جوگرافیاوە لەوانەیە ببێتە شارێکی گەورە تر بێ گومان دەبێ زیاتر بایەخ لە ناحیەیی رەواندوز بکری بە

قـەزایەک قـەزایی ڕەواندوز لە پارێزگـای سـۆران لە ئایندەدا زانکۆ یان دام و دەزگـایەکی گـەورە کـــرایەوە نـاوی ڕەوانـدوزی لێ بندرێ،ئەوەش دەبێـــتـــە ئەوەی کـــە هەردەم نـاوی ڕەوانـدوز بهێنێـتـەوە.بابەتێکی تر هەیە ئەو سێ پارێزگاییەی کە برادەران باسیـان کرد سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ولامی دایەوە. بۆیە ئەو چوار پارێزگـایە پێـشنیـار کـراوە ڕەچاوی تـواناکـان و باری ئێستاش کراوە. سەبارەت بە نـاوەکەی کە بگوتری ڕاپەڕین،بەڵێ ڕاپەڕین لەوێ دەستی پێ کرد، جـارێ شـارەکـان هەروەک سـەرۆک وەزیران باسی کـرد شـارەکـان بەنـاوی مـێـژووی جـوگـرافی دادەندرێت بەو ناوەی کە سروشتی هاتووە با ئامە باسی ئەمڕۆ نەکەین لەوانەی پەنجا ساڵێکی تر خـەڵکی تر بێت دەبێ ناوێک دابنێین کـە بهێنێـتـەوە.سـەبارەت بـە ڕاپەڕین ، بەڵێ ڕاپـەڕین لەوێ بووە بەلام لە هەمان کاتدا نانوی تەنها پارێژکایەک بنێی ڕاپەڕین ئەوە ڕاپەڕین بچوک دەکەینەوە ڕاپەڕین لە هەمـوو کـوردسـتـان بووە، دەتوانم بڵـێم ڕاپەڕینی کـەرکـوک لە مـێـژوودا لە هەمـووی گەورەمتر بوو بۆیە ئەگەر تەنها پارێزگایەک ناو بنێین ڕاپەڕین دەکا ئێمە ڕاپەڕینمان بچوک کردەوە ڕاپەڕین لە هەمـوو کوردستـان بووە کوردستانمان ناوی ڕاپەڕینە،ئەوە لایەنێک لایەنێکی تر لایەنی سیاسی هەر وەکو هەڵەبجەی شەهید بەڵێ هەڵەبجە ناوەکەی خۆی بۆتە ناویکی مێژووی ناوێکی جیهانیـشـە کە گوتیان هەڵەبجە خەڵک وەکو هێرۆشیـما ناوی دەبات پێویست بە ناوی شەهید ناکات هەوەها طابعێکی سیاسیشی هەیە لەبەر ئەوە

سەبارەت بەو تێبینییەی کە کاک د. ناصح دەڵێ لە سنورەوە نزیکە هەڵەبجە لەسنوورەوە نزیک نییە، لە ەقی کوردستانە، و جێگای خۆیەتی هەڵەبجە وەکو هەڵبجە ببێتە پارێزگا.

بابەتێکی تر هەیە بابەتی کەلار لە ڕووی جوگرافیا و دیموگرافیەوە وەکو ئەو شارانە لەوانەبوو لە ڕووی ئیداریی بکرابا بە پارێزگا، بەلام بابەتێکی زۆر گرنگ هەیە بابەتی کرکوک واتا بە عەرەبی کـردنی کـرکـوک، کـەرکـوک کـە بە عـەرەبی کـرا سـەرەتا وەکـو پارێزگـا بە عـەرەبی کـرا یەکێ لە شێوەکانی بە عەرەبی کردنی ئەوەبوو ئەو قەزاو ناحیانەی سەربە کەرکوک وەکو کەلار چمچماڵ و دوزو هەندێ جێگای تر لە کەرکـوک جیـا کـرایەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر ئامـارکـرا ڕێژەی کـورد کـەم تر بێت. ئەم لایەنێک لایەنی تر هەر لەبەر ئەم هۆییەتی ئەگەر ڕۆژێک بابەتی سەرژمێری هاتە پێش ئێمە مافی خۆمانە سەرژمێری بکەینەوە، بێ گومان پاش ئەوەی کەوا تابعی کەرکوک بگۆردرێت ئەو عەرەبانەی هێندران بگەڕێنەوە ئەو کوردانەی لە کەرکوک دەرکراون بگەڕێنەوە جێگای جێگاو شوێنی خۆیان و ئە قەزاو ناحیانەی کە لێ دابڕندراون پێوەی بلکێندرێتەوە.

ئینجا، بەپێی سنوری ئیداری پێش (١٩٧٠) ئامارگیری بکرێت ئەوە سەبارەت بە ئامارگیری، سەرەڕای ئەوەش سەبارەت بە ئێمە شاری کەرکوک ئەگەر هەموو قەزاو نـاحیەکانی پێ جیاکرایەوە و تەنها شـاری کـەرکـوک بمێنی ئێـمـە هەر بەکـوردی دەزانین بەلام ئێـمـە دەڵێین بۆ ئامـار ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ ئێمە ئەو شارانەی جیاکراونەتەوە بگەڕێندرێتەوە سەر کەرکوک وەکو کەلار، چمچمال و دوز، داقـوق، ئەوانی تری ناوچەی شوان بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی سروشتی کورد نیـشـان بدرێ وەکو

گوتم ئەگەر بە تەنها شاری کەرکوک بمێنێ کەرکوک هەرکوردە ئەو تێبینیانەم هەبوو، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین کە ناوەکان وەکو هاتووە هەروا بمێنێتەوە بۆ پێشنیارەکانی تریش هەمووی جێگای رێزن، بەڵام تواناکانی ئێمە دیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری رۆشنبیری، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری رۆشنبیری، لە راستیدا دەمەوێ زیاتر روونی بکەمەوە. باسی ئەوەمان کرد کە سۆران بگۆردرێ بە رەواندز، مەرج نییە کە مەرکەزی پارێزگاکەی رەواندز بێت هەمووومان دەزانین ئەوە لە هەڵ ومەرجێک دەست نیشان کراوە بۆ ئەوەی دوژمن نەی گاتێ، دەکرێ پارێزگاکە لە سۆران بێت ناوەکەی رواندز بێت، هەر بۆ روون کردنەوە نموونەی بۆ ئەمە زۆرە من ئەگەر لە یادم بێت وبەهەڵە نەچووبم دوای بەیانی(١١)اذار بڕیار وابوو لەبەر باری تایبەتی قەزای ئاکرێش، کە بارێکی عەشائری تایبەتی هەبوو لەگەڵ دهۆک کە جەنابت ئاماژەت بۆ کرد پارێزگایەک لە هەریر بکەنەوە بەناوی پارێزگای خانزاد چونکە هەریر مەجالی فراوان بوونی هەبوو، بەڵام ئەوەی کە ناوەکان وەکو خۆی بێت، هەموو گفتوگۆیەکە بۆ ئەوە بوو بگەینە داڕشتنەکەی راست ورێک، جێگای سوپاسە کە ئەوان ئەمەیان کردووە، بەتایبەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆک وەزیران، بۆ نموونە زۆر جار شار هەیە بەدرێژایی رۆژگار ناوەکەی گۆردراوە بۆ نموونە سان بترس یورک بووە بە (لینین گراد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایی گۆڕیانەوە.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام ئەگەر سیستەمی شوعیەت نەگۆڕابا ئەوە لەوە بوو سێ چوار لینین گرادی تریان زیاد دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیری ناوخۆ با بفەرمووێ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا بەش بە حاڵی خۆم خۆشی حاکم کە قسەیەکی زۆر لەم بابەتە کرا، بەڵام ئەوەی پتر مرۆڤ خۆشحاڵ دەکات ئەوە بوو کە قسەکان بۆچوونی جیاوازمان تێدا بوو بەڵام خاڵی هاوبەشی یەکجار زۆری تێدا بوو ئەوە خۆی لە خۆیدا ئومێدێکی زۆر بە مرۆڤ دەدات کە ئەمۆڕ ئێمە وەکو

خەڵكی كوردستان تێیداین، ئەمەش مرۆڤ هان دەدات كە بەرەو هەنگاوی تریش بڕوات یان پێ هەڵێنێ، ئاماژە بەو هۆكارانەی كە سەرۆك وەزیران ئاماژەی بۆ كرد و وەزیری رۆشنبیری روونیان كردەوە.

من دەڵێم لەسەر ناو لێنان كارەكان رانەگرین ئێمە دەبێ لەسەر بنچینەی بابەتەكە شان بە شانی یەک ئەم وڵاتە بەرەو پێشەوە ببەین، لە پرۆژەكەی كە سەرۆكایەتی حكومەت پێشكەشی كردووە بەو واتایە نییە كە دوا بیركردنەوەی ئێمەیە و لێرەدا ئیدارەی كوردستان بەو شێوەیە كۆتایی دێت، طموحی ئێمە لەوە زۆرترە لە بیركردنەوەو لە كاركردنیشدا. ئەوەی كەلارو كفری ئەو تحفظە سیاسیەمان نیشاندا، وەكو پارتی دیموكراتی كوردستان وەكو حكومەتی هەرێمیش چونكە مرۆڤ نابێ هەنگاوەک باوێ و قازانجێک بكات، بەڵام زەرەر بكات، لەوەدا ئەوە بەدیار دەكەوێ، بابەتێكی تریش، ئاماژە بە وتەكانی عەبدولخالق مەرج نییە ئێمە ئەمرۆ لاسای یاسای دۆنی بكەینەوە، ئێمە كە پەرلەمانمان بەدەستەوەیە پەرلەمانی كوردستان لێرەیە ئەوە سەروەری بڕیارە، كە ئێمە بڕیار لە پەرلەمان وەردەگرین بۆ كردنەوەی پارێزگاكانی هەڵەبجەو رانیە مانای وا نییە ئێمە لێرە دامودەزگای ئیداریان بۆ دادەنێین بۆیە مەرج نییە ئەوەی دوێنێ كردوومانە ئەمرۆ لاسای بكەینەوە بەڵام ئێمە هەوڵ بدەین لەوە بكەین كە توانای جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارەی پەرلەمان فەراهەم بكەین چ لێرە یان لەوێ، چونكە كوردستان لای ئێمەیە كە پەرلەمانێكمان هەیە چ لێرە بێ یان لەوێ، ئەوەی لای كورد گرنگە ئێمە ئەم یاساو بڕیارانە جێبەجێ بكەین هەروەكو بەڕێز د. رۆژ نیشانی دا ئەگەر لەو دیو نەیان كرد ئەگەر توانامان هەبێ جێبەجێی دەكەین، چونكە بەرژەوندی مللەتی ئێمە بە یاسایەكی دەزگای یاسا دانانی میللەتەكەمان كە پەرلەمانی كوردستانە لەبەر ئەوە ئێمە بە دائل و سێبەر دانانێین ئێمە پێمان باشە هەرچی كەم كوریەكانی ئیدارەی كوردستان دووێنێ هەبووە ئێمە ئەمرۆ چاكی بكەین وە بۆ ئەوەی مللەتەكەمان پێش بخەین وڵاتەكەمانیش سوود لەو هەلومەرجەی دەوروبەری و نێو دەولی بكات، بەرەو چەسپاندن و گەشەپێكهێنی فیدرالیەتی كوردستان، لەبەر ئەوە زاخۆش لەبەرچاوەو كۆیەش لەبەر چاوە كەلارو كفریش لەبەر چاون.

دیسان د.رۆژ ئاماژەی كرد، ئێمە افضلیەتمان داوەتە ئەولویات لە ئەولەویاتی ئێمە مامەڵ لەگەڵ واقعی تواناادا دەكەین لە ئەوەی لە تواناادا هەیە. لەوانەیە توانای ئەوە هەبێ سۆران پێش ئاكرێ بكەین.

ئەوە هەم ئەولەویات و هەم ممكنات،حكومەتی هەرێمیش سەرەتایی ئەم كارانەی ئەنجام دانە و لەبەر چاوی گرتووە سوپاسی خۆشک و برایانی پەرلەمانتار دەكەم كە زۆر بەتێروتەسەلی گفتوگۆی بابەتی كەیان كرد و لە راسیشدا مداخەلاتیان هەموو سودمەند بووە.

بۆ بنچینەی بڕیارەكە وپێكەیاندنی بیروزاكانی پرۆژەی حكومەتی و بیروڕای پەرلەمانتارەكان هەر بەم شێوەیەش دەتوانێت خۆ بەخۆیی ئیدارەی خۆمان پێش بخەین.

**بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ بۆ ئەم روونکردنەوە و قسەکردن لەسەر ئەم خاڵە تەواو، روونکردنەوەکانی سەرۆکی وەزیران و برا وەزیرەکان درایەوە بەسەر ئەم بابەتە ئەگەر پێشنیارێکی تر نییە لەسەر ئەوەی روونکرایەوە ئەوە خاڵەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا پشتگیری پرۆژەی حکومەت دەکات بەڵام تێبینی هەیە لەسەر راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ. وا کاک شێروان دەیان خاتە روو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پێشنیار یاخود دوو رەخنە لەلایەن لیژنەی ناوخۆوە هەیە کە گوایە پێشنیارەکە لەلایەن وەزیری ناوخۆ نەکراوەو دەبێ پێشنیارەکە تەحریری بێت، لە راستیدا لە دانیشتنی پێش و پەیوەندی وەزیری ناوخۆ کرا پشتگیری پێشنیارەکەی کرد ئەوە خاڵی یەکەم.

دووەمینیش ئەو پێشنیارە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ کراوە لەویش پشتگیری پێشنیارەکەی کردووەو ئێستاش لێرەیە هیچ رەخنەیەکی لەسەر ئەو پێشنیارە نییە ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم کە لە لایەن لیژنەی ناوخۆ هەندێ ئەندامانی پەرلەمان خرا روو، کە سنووری ئیداری قەزاو ناحیەکان دەبێ دیاری بکرێت، چونکە گۆڕینی سنووری ئیداری یان ترازانی لکاندنیان دەبێ لە پرۆژەکەدا دیاری بکرابا. لە راستیدا ئەگەر خاڵی دووەمی پرۆژەکە بخوێنینەوە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردو کە تەخویل بکرێت بۆ ئەوەی سنووری ئیداری هەر پارێزگایەک دیاری بکات وترازانی لکاندنی.

ئەو قەزاو ناحیانە بکات کە بە پارێزگا تازەکان دەتکێنرێن بۆیە ئەم تێبینیانە چرە کراوەو هیچ خەلەلێکی تێدا نییە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پشتگیری پرۆژەکە دەکەین وهیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە برگەیەکی پرۆژەکە بخوێنینەوە(استحداث المحافظات المدرجة ادناه في اقليم كوردستان العراق وبنفس الحدود الادارية للقضاء) واتا سنووری قەزای ئاکرێ یان هەڵەبجە چ ناحیە یان قەزای تێدایە لە رووی جوگرافیەوە ئەوە دەگرێتەوە، ئەوە سنوورەکەیە، بەڵام گۆران لە

سنووری بکرێت یان ناحیەکی تری پێ بلکێندرێ یان ترازانی لکاندنی ناحیە یان قەزایەک بکرێت لە دوارۆژی حکومەت دەتوانێت بیکاتە پرۆژەیەک وبۆمانی رەوانە بکات ئێمەش دراسەی دەکیەن وبڕیاری لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا بۆ ئەم روون کردنەوە، ئەگەر چ تێبینییەک تر نەما ئەم خاڵە دەخەینە دەنگدانەوە. خاڵی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(يخول مجلس الوزراء صلاحية تغيير الحدود الادارية لكل محافظة وتنظيم الخرائط اللازمة لها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی دووەم لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی لەسەر ئەم خاڵە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین، کە ئەم دەسەلاتە بدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید یەعقووبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەسەلاتە دەسەلاتی پەرلەمانە ئەو پارێزگایانە کە دادەمەزرێن لە داهاتوو هەر فراوان کارێکی پێویستی بوو هەروەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە پێویستە نەخشەی بۆ پێشکەش بکرێت بەپێی سنووری پارێزگاکەی ئەو قەزایەی بۆ دیاری بکرێ کە بە پارێزگایە دەلکێندری ئەوە خودی دەسەلاتی پەرلەمانە وپەرلەمانیش ماوە بەپشتیوانی خوا هەر دەمێنێ وحکومەتیش ماوە وهەر دەمێنێ لەوانەیە حکومەت بگۆڕێ بەڵام پەرلەمان چەسپاوە بۆیە لە داهاتوو هەر فراوان کارێکی پێویست بوو پێویستە پرۆژە پێشکەش پەرلەمان بکرێ ئەوجا پەرلەمان بەدەنگی خۆی یان رەفزی دەکات یان بڕیاری لەسەر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید، وابزانم کاک محەمەد روونی کردەوە شێوەی چۆن وەردەگیرێ ئەم پارێزگایانە وهەر پێشنیارێکی تر هەبوو بۆ گۆڕینی قەوارەی ئەو شێوەیەی کە لێرە هاتووە، بێگومان یاسای پارێزگاکان لە وڵاتی ئێمە تاکو ئێستا کاری پێ دەکرێ.

بەپێی ئەم یاسایە چ وەزارەتی ناوخۆ وچ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر چ گۆڕانکارییەک پێویست بوو بێگومان ڕێچکەی خۆی وەردەگرێت، لیژنەی یاسا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەیت مادە(٤) لە یاسای پارێزگاکان ژمارە(١٥٩) ساڵی ١٩٦٩دەخوێنمەوە(تستحدث محافظة ويعين ويغير مركزها واسمها وتثبت وتعدل حدودها ويظل ارتباط الاقضية والنواحي منها وتلحق بمحافظة اخرى بمرسوم جمهوري يصدر بناءً على اقتراح الوزير وموافقة مجلس الوزراء ومصادقة مجلس قيادة الثورة)، ئەم(واو)ـە لە هەمووی بە(واو)ی عطف هاتووە(استحداث محافظة) دامەزرا بەڵام دوارۆژ سنووری جوگرافی وئیداریش استحداث کرا(بحدود القضاء الادارية) بەڵام داهاتوو قەزایەکی تر بکلێندرێ یان ناحیەکی تر بکلێندرێ ئەوە هەر بەگوێرەی ئەم مادەیە پرۆژە بەپێشنیاری وەزیری ناوخۆ ورەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێ وپەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مادده(٢)ئەگەر چ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادە الثالثە«على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر مادە(٣)دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة الرابعة«ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە(٤)دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس. وەکو بڕیار دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، جەنابی سەرۆک وەزیران بابفەرمووێ.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە راستیدا پێش ئەوەی بڵێین بەزۆرینە ئەم بڕیارەمان وەرگرت، بڕگە(٣)دەڵێ(علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القرار)، ئەو بڕگەیە بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا مانای چییە بڕیارەکە بەکۆی دەنگ وەرنەگیرا؟ ئەوە نەگونجاوە ئەو برادەرانەی لە بڕگەکەدا دەستیان بەرزکردەوە دەبوا لە بڕارەکەش دەستیان بەرز بکردایەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دەنگدان مادە بە مادە دەکرێت هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئازادە لەسەر چ ماددەیەک دەست بەرز دەکاتەوە ئەوە باوێکە لەسەر رۆیشتووین.
**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ببوورە وابزانم لە رای من تێنەگەیشتی من دەڵێم بۆ لە بڕگە(٣)کە دەڵێ(تنفیذ هذا..)بە تێکڕای دەنگ کرا بەڵام بڕیارەکە وا نییە ئەوە ناکۆکە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جەنابی وەزیری ناوخۆ.
**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە راستیدا ئەمە(تحیل)ێکی یاساییە چونکە ناکرێ لە مامەلە کردنی ئینسانیدا تۆ دژی بڕیارێک بێت ودەزگایەکی تر مجبورکەی کە بڕیارەکە جێبەجێ بکات، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
نە(تحیل)ە نە دژایەتیە زۆر جار ئەوەمان دووبات کردۆتەوە کە ئەو ئەندامانەی لەگەڵن دەست بەرز بکەنەوە وەک باوە ئەوەی دەستی بەرز نەکاتەوە ئەوە واتای ئەوەنیە کە لەگەڵ نییە کە ئەڵێی کێ لەگەڵ نیە ئەوەی دەست بەرز نەکاتەوە ئەوە ئەگەیەنێت کە دژە و ئەندامانیش بە پێی پەیرەوەی ناوخۆ ئازادن، جەنابی سەرۆک وەزیران فەرموو.
**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەراستیدا لە دانیشتنی ئەمرۆماندا گوێمان لە کۆمەڵێ رستە بوو لەوانە دەگوترا ئەمرۆ رۆژێکە کە کردو ماڵی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە دەبێ لە یادمان بێت، من پێشەکی بۆ ئەو رستەیە سوپاستان دەکەم کە لەجێ خۆیەتی دووەمیش سوپاسێکی بێ پایان بۆ ئەم بڕیارە چاکەی ئیمرۆ وەرتان گرت بۆ دەست کردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێک هێنانی ئەو(٤)پارێزگایە سوپاستان دەکەم هێوادارم هەردەم کاروبارمان بەم شێوەیە بێت وەبە هەردوو رامان خزمەتی گەل ونیشتمانەکەمان بکەین جارێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک وەزیران(اسباب موجبة) ش دەخوێنینەوە.

**حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الاسباب الموجبة للقرار، بعد انبثاق المجلس الوطني لكوردستان العراق وتشكيل حكومة الاقليم وبعد تملك شعب كوردستان ارادته الحرة وقراره الوطني وتعزيزاً لمكتسبات انتفاضة اذار سنة ١٩٩١ولكون المحافظات الحالية تغطي مساحات واسعة وللزيادة الحاصلة في نفوس ابناء الاقليم وبغية تطوير النظم الادارية بما يواكب الاساليب الحديثة المتبعة في الدول المتقدمة ولتحقيق اماني وتطلعات ابناء كوردستان وللتضحيات الجسام لابناء هذه المحافظات الجديدة ولتسهيل تقديم افضل الخدمات فقد شرع هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سێ ڕێژەی بەرایی لەگەڵیاندا ناگونجێ وابزانم زیادن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاشان دای دەڕێژینەوە، چ تێبینیەک هەیە بینێرن بۆ لیژنەی یاسا پاشان صیاغەی.

دێینە سەر خاڵی دووەم. خاڵی دووەم خستنە رووی پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بۆ دەرهێنانی بڕیارەکانی لێبووردنی تایبەت. لیژنەی یاسا پرۆژەکە لەبەر دەستیاندایە فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

بعد دراسة ومناقشة مشروع تخويل رئيس مجلس الوزراء صلاحية اصدار العفو الخاص ارتأت اللجنة القانونية اجراء التعديلين المدرجين ادناه عليه وصياغة المشروع وفق النموذج المرفق طياً:

اولاً: تخويل هيئة رئاسة مجلس الوزراء بدلاً من رئيس مجلس الوزراء.

ثانياً: اضافة عبارة (امام القضاء)الى الفقرة الاولى من المشروع بعد كلمة اطرافها.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس تەواو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە رای لیژنەی یاسا بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای لیژنەی یاسا بوو، دەست بکەین بە بڕیارەکە فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسون من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩تشريع القرار الآتي:

١ـ يخول هيئة رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها امام القضاء وباقتراح من وزير العدل.

٢ـ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٣ـ ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی بچووکم هەیە رەخنەم لەسەر ئەوە نییە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان لیژنەیەک یا هەر شتێک بێت مەرج ئەوەیە ئیشەکە بروا ئیشێکە کە گرفتەکانمان بۆ چارەسەر دەکات، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر راست بکرێتەوە دەستەی لابردرێت سەرۆکایەتی ئەمجوومەنی وەزیران! سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دابندرێت رێک ترە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە ئەوەی جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران ئەڵێ یاسای ژمارە(٣) تەماشا کەن، گرفت نییە چاکی بکەنەوە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران خۆمان دامانناوە ئەزانین چیمان نووسیەوە، بەڵام ئێوە لە منتان تێکدا، بەڵێ بیکەنە سەرۆکایەتی مەعروفە هەمان مانا ئەگرێتەوە، وەختی خۆی من ئەو تێبینیەم دا بە ئێوە دەی گرفت نییە سەرۆکایەتی ناسراوە فەرموون مادده یەک.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١- يخول هيئة رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها امام القضاء وباقتراح من وزير العدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببێتە يخول رئيس مجلس الوزراء نا رئاسە، رئيس مجلس الوزراء هەر ئەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(يخول رئاسە) ئەوان لەسەر ئەوە کێشەیان نییە سەرۆکایەتی باشترە، چونکە لە یاسای ژمارە(٣) پێناسەی(هيئە)نەهاتووە بۆیە بەراستی وەکو پێشنیاری خۆیان چیە ئێمە لەم مەسەلەیە ئەوە جێگر دەکەین، ئەگەر چ گفتوگۆ لە سەر ئەم خاڵە هەیە با ناو نووسیان کەین(هيئە) نییە لە یاسای ژمارە(٣) بە پێناسەی دەستە واتا حکومەت پێشنیار دەکا لە جیاتی دەستە(هيئە) بنووسن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران(رئاسە مجلس الوزراء) جا لە سەر ئەم بابەتە پێشنیارەکەی ئەوان دەخەینە گفتوگۆ کردن، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارەکەم لە حکومەت دەکەم ئەویش کە ئەم لێخۆش بوونە(عفو)ە باسی مەسرەتی(صلح) تێدا دەکرێ بەڵام نیزاعاتی......

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ ئێمە نەهاتوینەتە سەر ئەو ماددەیە، مادده بە مادده باسی پێشنیارەکە دەکەین.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وام زانی باسی مادده یەک دەکەن.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

نەخێر ئەو یەکەم ماددەیە، بۆ یەک لا بوونەوەی ئەو بابەتە پڕۆژەکە چاک بکەینەوە، کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە؟ مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد تاهیـــر زین العـــابدین:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە یاسـاکـان پێناسـە سـەربارە بە یاسـای ئەنجـومـەنی وەزیرانەوە باسی دەسـتـەی یان باسی سەرۆکایەتی نەهاتووە تەنها سەرۆکایەتی خۆی هیـئە هەمان هیـئەیە زیاد کردنی هیـئە بۆ لای سەرۆکایەتی زیاد کردنێکی بەیانییە وەکو قواعـید ئەڵێ زیاد کردنی هیـئە رئاسە ئەڵێ: هیـئە عبارە عن رئاسە و رئاسە خاتم فی ضوایە (الخاتم من فضە و فضە من خاتم) هیئەتیشی لەگەڵ بێ هیچ مانایەکە ناگۆڕێت سەرۆکایەتی بەتەنیاش بێ هیچ مانایەکە ناگۆڕێت سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس ئەوە پێشنیارێکە بەراستی، فەرموو ماددەکە بخوێنەوە هەر ئەو زمانەوانیە جارێکی تر دیسان گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر خودی ماددەکە هەمووی، فەرموو.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تخول رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها امام القضاء وباقتراح من وزير العدل.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

فەرموو کێ ناو نووس بکەین کاک ئیبراهیم، فەرموو.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئەم لێخۆش بوونی تایبەتە ئایا تەنیا بۆ تاوانەکانی کوشتنە؟ واتا هەر بۆ کوشتن کاریگەرە؟ ئەگەر بەس ئەوە بێت ئایا بۆ باسی ماددە (٤٠٥، ٤٠٦) نەکرایەوە کە تایبەتە بە کوشتن؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، لیژنەی یاسا تێبینی خۆتان بنووسن، کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەم بڕیارە خۆی لە خۆیدا توانا و هێزی قایل بوون و بروا هێنانی تیایە لەبەر ئەوە مەرجە

سەرەکیەکانی تیا کۆبۆتەوە کە پێکهاتنی هەر دوولایەنەکەیە وە پێشنیارەکە لە لایەنەکی یاسایی سەرەکیەوە کە وەزارەتی دادە و لە خودی وەزیری دادەوە بەڵند دەکرێتەوە بۆ بالاترین پلەی دسەلاتی ڕاپەراندن کە بریتیە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەمە کورت کردنەوەی وەیان ڕێگا کورت کردنەوەیە بۆ چارەسەر کردن و بۆ ئاسان کردنی کار بە بڕیارێکی گونجاو بارو دروستی ئەمین لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد، کاک ڕەجب.

**بەڕێز ڕەجب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسرەتی(صلح)شتێکی گەلەک باشە چونکە هەموو ڕقو قینە بنەبڕ دەکات وە دەبێتە هۆی نەمانی دوشمنداری و ناحەزی لە ناو میللەتی ئێمە دا وە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووی(وصلح خيرا) وە دیسان دەفەرمووی(انما المؤمنون اخوه فاصلح بين اخويكم) جا ئەگەر هاتوو هەردوو لایەنی ناکۆک پێکهاتن وە ڕقو کینەیان نەهێشت پێویستە دەزگایەک هەبێ یان ڕێزدارەک هەبێت دەسەلاتی لێخۆش بوونی لە دەست بێ و لێیخۆش بێت، ئەمە لایەک لە لایەکی تریش ئەوە هەر داوای وەزارەتی دادە ئەم شتەی داوایان کردووە شتێکی زۆر باشە وابزانم کە ئەم دەسەلاتە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بدرێت لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ڕەجب، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.رزگار(قاسم محەمەد قاسم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گومانی تێدا نییە ئەرکی سەرەکی دادگا و پۆلیس و بەندیخانە کەم بکەنەوە لە تاوان کردن وە وەختی دادگا بڕیار دەدا ئەمری سەرەکیش هەر ئەوەیە لەبەر ئەوە لێخۆش بوون شتێکی پیرۆزە بەلام من بەباش تری ئەزانم کە تاوانبار هەست بکات کە تاوانی کردووە یان هەڵەیەکی کردووە، لێرەدا مافی گشتی بمێنێ تەنها لێخۆش بوونیش بڕیاری دادگا بێت، واتا ماوەی حوکمدانی دادگایی ئەو لێی خۆشبێ بەلام مافی گشتی(حق العام) بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار، کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا دەکەم ئەو لێخۆش بوونە تایبەتیە ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابندرێت بۆ(٣) مانگ یان بۆ(٦) مانگ، چونکە ئەگەر بێ ماوەی دیاری کراو بێ، ئەوە مرۆڤی خاوەن دەسەلات چ دەسەلاتی پلەو پایەی هەبێ یان دەسەلاتی پارەی هەبێ ئەوە هەر کاتەک دەتوانی بەو دوو زەبرە قورسانە زاڵ بێت بەسەر هەموو مرۆڤێکی بێ دەسەلات و لاواز و بێ دەرامەت هەر کاتەک مرۆڤی خاوەن دەسەلات دەتوانی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، منەتی نییە چ بە پارە بێ چ بە زەبرەکەی تر بێ

ئەوە بڕیار ، بڕیاری خۆیەتی چونکە ئەمە لێرەوە ڕێگای مەسرەتیمان دایتێ مرۆڤی بێ دەسەڵاتیش ئەوە ناچارە سەری بۆ شۆڕکات و ناوی خوای لێ بینی، بۆیە زۆر پێویستە ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دیاری بکرێت، وە ئەگەر نیازێکی وا هەبێتن بیانەوێ ئەوە بێ ماوەی دیاری کراو بی ئەوە دەبی یاسایی سزاکان بگۆری ئەو وەختە پرۆژەکی بۆ پێشکەش بکەن ئەویش گفتوگۆی لە سەر دەبێ لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید یەعقوبی، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕیارە ئامانجەکەی بڕیار هەندێک تاوانەکانی کوشتن هەیە نێوان دوو کەس یان دوو هۆزەکان کرایە و مەسرەتی لێ کرایە، بەڵام مافی گشتی دەیگرێتەوە، گەر مافی گشتییەکەی لێخۆش بی بەڵام لە پەنای ئەو بڕیارە زۆر تاوان ئەقۆزنەوە لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم تاوانی دزی تاوانی لواتە تاوانی بغاء لێی بەدەر بکرێتن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، ئەوانەی کە ویستیان لە سەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو لیژنەی یاسا ئەگەر ڕوونکردنەوەکتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەوەی کاک ئیبراهیم سەعید پێشکەشی کرد ئایا لێخۆش بوونەکە کوشتن دەگرێتەوە یان شەموولی تاوانەکانی تر دەکات؟بێ گومان هەموو تاوانێک دەگرێتەوە کە مەسرەتی تێدا کرابی وە بەتەئکیدیش حوکمی دەرچووبی لە دادگا سەبارەت بە کاک سەعید دەڵێ ماوەی دیاری کراو هەبی بۆ ئەو یاسایە بەراستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە داوای(تخويل)ەکەش کردیە داوای ڕەهایی (موتلەقی) نەکردیە لە بنەڕەت خۆی داوای (تخويل)ێکی کردیە لەو کێشانەی کە حوکمی تێدا دەرچووە وە مەسرەتی تێدا بووە، واتا ئێمە ئەگەر هاتوو پەسەندی ئەو پێشنیارەش بکەین خۆی لە خۆیدا لێخۆش بوونە تایبەتیەکەش موقیدە، بە چ موقیدە؟ بەو حوکمانەی کە دراوە و مەسرەتیشی تێدا کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەگەڵ وەزارەتی دادیش؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ لەگەڵ وەزارەتی دادیش سەبارەت بەوەی کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی ووتی بەدەرکردنی

تێدابێ(استثناء) بەراستی ئەمە کە دەڵێن مەسرەتی تێدا بێ ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەو خاڵە ڕەچاوی دەکات زۆر شتێکی سروشتییە، بۆ نموونە کێشەی بێ هۆشکەرەکان (مخدرات )یان سیخوڕی(تەجەسوس) یان (تەخریب) ئەوانە مەسرەتی تێدا نییە چونکە حکومەت لەناویا لایەنێکە ئەوە لەلایەنێک، لایەنی دووەمیش سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانی ماوە بە ماوە بە خۆی بزانی کامە کێشە( خاضعی استثناء)ە بۆ ئەوەی شەملی بکات بە لێخۆش بوونەکان، سەبارەت بەو تێبینیانەی کە هەیان بوو هەر ئەوەندە بوو سەبارەت بە ئێمە نازانم ئەگەر باوکی بەهزاد شتێکی تری هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شێروان، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

درێژە پێدان بۆ قسەکانی کاک شێروان سەبارەت بە کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی لێخۆش بوونی گشتی هەیە و لێخۆش بوونی تایبەتیش هەیە، لێخۆش بوونی تایبەت ئەوە بوو کە کاک شێروان باسی کرد موقیدە بە دوو مەرج، یەکێک مەسرەتی، دووەم پێشنیاری وەزیری داد، ئەو بەدەرکردنەی( استثناء)ەی کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی دەفەرمووی ئەوە لە لێخۆش بوونی گشتی دێت، لێخۆش بوونی گشتی بۆ هەموو بەندییەکان(سجن)ە دەرئەچێتن ئەمە بۆ حاڵەتێکی تایبەتەو بە تاکە لێخۆش بوونی گشتی دەرئەچێت ئەو تاوانانە بەدەردەکرێت(استثناء) لەو لێخۆش بوونە گشتییە بەڵام ئەوە لێخۆش بوونی تایبەتە ئێمە دەسەڵات بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەدین لە حالاتی دیاری کراو بەو مەرجە لێخۆش بوونی تایبەت دەرئەکا سەبارەت بە د.رزگارەوە خۆی هەموو تاوانەک مافی گشتی هەیەو مافی مەدەنی یان تایبەتی هەیە، مافی مەدەنی ئەوەیە تەعویزە، خوێنە لە کوردەواری دەڵێن خوێن مافی گشتی حەبسە ئەو حەبسە مافی گشتییە کە مەسرەتیان کرد ئەوە لە مافی تایبەتی خۆیاندا خۆش دەبن، کە سەرۆک وەزیرانیش لە مافی گشتی خۆی لێخۆشبوو، ئەوە لە بەندیخانە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوون کردنەوە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە لێخۆشبوونی گشتی و لێخۆشبوونی تایبەتی جیاوازیان هەیە، تایبەت واتە بۆ کەسانێکی دیاری کراو، کە مەسرەتی دنراوە لە نێوان هەردوو لایەندا، چونکە تاوانی دزی دوو لایەنی تیادایە، ڕاستە بڕیاری پێ دەردەچێت ، کە مەسرەت کرا کەواتە ئەو لێخۆشبوونە دەیگرێتەوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەو تاوانانەی کە ئێستا و پێشتریش وتم بەدەر بکرێت، چونکە ئامانجی لێخۆشبوونەکە بۆ تاوانەکانی کوشتنە، نەوەک بۆ تاوانەکانی دزی، ئەوانە با ئیستغلالی ئەو تاوانانە نەکرێ لە پەنای ئەو بڕیارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیار لە کاک ئیبراهیم دەکەم لە تاوانی تەهریب، تەهریبی موخدەرات، یان تاوانی بازرگانی تەهریبی موخدەرات، لایەن کێیە لەگەڵ تاوانبار کێ لایەنە؟! حکومەت لایەن نییە؟ ئێ حکومەت چۆن مەسرەتی لەگەڵ ئەوە دەکاتن؟ تێناگەم تاوان بی هەمان شت چۆن مەسرەتی دەکات ئەوە هەمووی لە میانی تاوانی لێخۆش بوونە لایەن نییە لە تاوانی تەهریب و ئەوانە لایەن نییە بەس حکومەت لایەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

روونە سوپاس، کاک ئیبراهیم دواین بە دواداچوون تەواو دەبێ.

**بەڕێز ئیبراهیم عەدولقادر دۆغەرمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمن باسی موخدەرات و تەخریب و تەجەسوسم نەکردیە راستە ئەوانە بەس یەک لایەنی تێدایە ئەویش حکومەتە ئەمن باسی تاوانەکانی ترم کردیە کە دوو لایەنی تێدایە بۆ نموونە دزی دوو لایەنی تێدایە ئەو کەسەی لێ کرایەو ئەو کەسەی کە دزی کردیە مەبەستم ئەو تاوانانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مەبەستی کاک ئیبراهیم لە راستیدا دوو سێ بابەتی ترە مەبەستی لە تاوانی دزیە لە نێوان دوو لایەنە دەبێت یان لەوانەیە لە نێوان دەزگا عمومیەکانیش دەبێت وە مەبەستی هەندێک تاوانی ترە وەکو (لواتە و جماع بالمحارم) ئەو کێشانەیە کە لە زۆر یاسای تر، لە زۆر لێخۆش بوون و شتدا دیاری دەکرێت بە روونی بڵێ کاک ئیبراهیم ئەم شتانە بە روونی بڵێ چونکە پێویست ناکا بشاردرێتەوە، ئەوە پەرلەمانە و مەسەلە یاسایەوەکو ئەڵێن(لا حیاء في الدين) ئەمەش بابەتێکی گرنگە دەزانین تۆ مەبەستت ئەو بەندەیە بەڵام ناتەوێت بیلێی.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک ئیبراهیم لە لیژنەی یاسایە جەنابتان ئاگادارن دەسەڵاتی یاسادانان( سلطەی تەشریعی) یەک لە ئیشەکانی چاودێری کردنی ئیش و کاری دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە کاک ئیبراهیم ئەگەر زانی استیغلالی ئەو بابەتە لە کێشەیەکی دیاری کراو کرایە لە بەر دەم دادگا با داوای فایلێک بکا کە بەرەسمی بێتە ئێرە ئەو وەختە کێشانەوەی تەخویلەکە پێشکەشی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین واتا مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە ئەوەندە ئیستغلال بکرێ و دوایش هەڵسەنگاندن(تقیمی) رەوشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس ، بابەتەکە تەواو روونە ئێستاکە مەبەست چیە؟ با جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران روونکردنەوەیەکی هەیە، پاشان ئەگەر کاک ئیبراهیم هەر سوور بێت لە سەر پێشنیاری خۆت ئەیخینە دەنگدانەوە، فەرموو جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا کە ئێمە ئەو پرۆژەیەمان پێشکەش کرد چونکە کێشەیەکی سەرەکیمان هەیە پێویستی بە چارەسەر کردن هەیە، تاوانێکی کوشتن بە پلەی یەکەم رووی داوە کە کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە خوێن کاریەکی گەورەی دروست کردووە و لە رێگای حزبە کوردستانیەکانەوە کە یەکێک لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان ماندوو بوونێکی تیا سەرەف کردووە و چارەسەری کردووە و مەسرەتی عەشائیریان کردووە و مەسرەتی نێوان دوو لایەنیان کردووە ئەم مەسرەتیە ئەگەر وا بمێنێتەوە وە لەلانی یاساییەوە چارەسەرێکی بۆ نەکەین کێشەکە بەردەوام دەبێ و کۆتایی پێنایێ و سیغەیەکی یاسایی وەرناگرێ، حاڵەتەکان دیاری کراون کە لای وەزارەتی داد کۆبۆتەوە، تا ئێمەی وا لێکرد ئەو پێشنیارە پێشکەش بکەین بۆ چارەسەری کۆمەڵێک حاڵەتی دیاری کراو ناسراو ئەم حاڵەتانە ئەمانەوێ چارەسەری بکەین وە ناشیشارمەوە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئەو دەزگایانەی بەم مەسرەتیانە هەڵدەستان ئەو ئیشانەیان لێ وەربگرینەوە ئیتر وای لێ بکەین یاسا سەروەر بێ، وای لێ بکەین هەموو شتێک بە پێی دادگاو یاسا بێ وە مافی گشتی رێگای خۆی بگرێ، بەس ئەو ئیشانەی تا ئێستا کراوەن ئەمانەوێ بیانخەینە چوارچێوەیەکی یاساییەوە ئەم پێشنیارە بۆ ئەوەیە لەراستیدا من پێشنیاری کاک سەعیدم زۆر بەدڵە ئەم لێخۆش بوونە بۆ کراوە بێت؟ مەبەستەم ئەوە نییە من متمانەم بەخۆم نییە، من سوور دەبم لە سەر مافی گشتی بەڵام ئەوە لەوانەیە هەندێک خەڵک هانبدا هەر بەردەوام بن لەسەر ناکۆکی و بەردەوام بن لە سەر تاوانی کوشتن، بۆ بەیانی من مەسرەتی دەکەم و لێخۆش بوونی گشتیم بۆ دەرئەچێ ،زۆر لایەنگیری ئەوە ئەکەم ئەوە دیاری کراو بێ لە ماوەیەکی دیاری کراو(٣) مانگ بێ یا(٦) مانگ بێ هەر چەند کاک هێن شەرحی کرد لە راستیدا کە ئەمە بۆ ئەو حوکمانەیە کە دراون بەڵام لەوانەیە بابێکی ئەوە بمێنێتەوە لەبەر ئەوە ئەگەر ماوەکە دیاری بکرێت ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابندرێ رێگای ئەوەش ئەبرین، من بە پێشنیارێکی چاکی ئەزانم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بۆ روونکردنەوەکەی، ئێستا دوو پێشنیارمان لە پێشە ئەگەر کاک ئیبراهیم ئەوە رازی بێت کە برادەران روونیان کردووە و سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانیش روونیکردەوە پێشنیارەکەت بخەینە دەنگدانەوە. باشە پێشەکی پێشنیارەکەی کاک سەعید کە جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانیش پشتگیری لێ کرد مادام کە پشتگیری لێ کرا کاک سەعید فەرموو ئەگەر پێشنیارەکەت تەواوکەی ماوەکەی بە چەند دیاری بکرێ؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم بۆ لایەنگیری پێشنیارەکەم من نزم ترین رادده دیاری دەکەم بە(٦)مانگ لەگەڵ ڕێزمدا، وە بڕیاری کۆتایش بڕیاری پەرلەمانە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێویست بوو شیاوی درێژ کردنەوەشە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر شیاوی درێژ کردنەوەشە لە پەرلەمان دەخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، فەرموو کاک د.رۆژ.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بابەتێکی بە راستی حەساسە حەساسەکەی لەوە نییە ئێستا من هەندێک دەسەڵاتی ترتان پێداوم ئەمە( تحسین حاصل)ە، لەوانەیە ئەوانەی مافی لە سێدارەدانی هەبێ ئەبێ مافی لێخۆش بوونیشی هەبێ، دەتوانم ئەوها پێشکەشی بکەم بەڵام من نامەوێ ئەوها تەرحی بکەم بۆ ئەوە دەرگای تاوان نەخەینە سەر پشت، ئێمە دەمانەوێ یاسا سەروەر بێ هیچ عەیب نییە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بێتە ئێرە بڵێ رازیبێ من لێخۆش بوون ئەکەم هۆکارێکی پێویستم هەبێ هۆکارێکی رێک و پێکم هەبێ بێم پێشکەشی بکەم مەسەلەش هەر من نیم بەتاقی تەنێ سبەینێ یەکێکی تر دێت ئینجا ئەوە ئەگەر کراوە بێت ئەوە بۆ هەموو کەسێک ئەکرێتەوە نازانم لەو لایەنەوە من بەباشی نازانم وە بە چاکی دەزانم ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابندرێ ماوەیەکی دیاری کراوی واش بێ ئەو کێشانەی تیا تەواو بکەین لەوانەیە (٦) مانگ باش بێ ئەگەر تەواومان نەکرد داوا ئەکەین درێژی بکەینەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

درێژ دەکرێتەوە، سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران باشە دێینە سەر مادده(٣) لەوێ زیادی ئەکەین با جارێ مادده یەک تەواو بکەین ئەگەر چ تێبینەک نییە لەسەر برگەی یەک ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس... پێشنیارەیەکی کاک ئیبراهیم هەیە داوا ئەکات لە برگە یەک استثناء بە دیاری کردنی هەندێ تاوان بکەین کاک ئیبراهیم فەرموو ئەو تاوانانەمان بۆ دیاری بکە وەکو پێشنیارەک چی وچیە؟

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوانی دزی و تاوانی لواطە و تاوانی زنی بالمحارم ئەو سێیە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەو سێ خاڵە هەیە وەکو استثناء بکرێ لەم بڕیارەوە پێشنیارێکە ئەگەر چ روونکردنەوەیەک لەسەر ئەمە نییە جەنابی وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە کۆمەڵێک ئەلفاز لێرەنە بەراستی لواتە و دزی کۆناکرێتەوە لەگەڵ تاوانێک کە لە بارودۆخی نالەبار کرابێ الزنی بالمحارم لەگەڵ ئەمانە کۆناکرێتەوە نەبە استثناء نە بە سزادان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ، کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای عێراقی بۆ دزی گەڵێک دژوارە(موشەددەدە) گەورەترین تاوان، تاوانی کوشتنە ئایا دەبێ بۆ کوشتن لێخۆش بوونی تایبەت هەبێت بۆ دزی لێخۆش بوونی تایبەت نەبێت ؟ هەندێک دزی هەیە کەسێک مریشکێکی دزیوە ئەمەش هەژاریە ئەوە(١٥) ساڵ حوکم بی چونکە بڕیار مجلس قیادە ثورە بەغدایە ئەوەی کە لەشەودا دزی بکاتن(١٥)ساڵ تا لەسێدارە دان حوکم دەدرێ دەبێ دزیش مەشموول بی بە لێخۆش بوونی تایبەت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس موشەددەدە ئەگەر چ تێبینیەکی تر نییە کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە من لەگەڵ کاک جەمیلم بەس ئەو بڕیارە کە دەردەچیت ئەڵێ ئەگەر مەسرەتی لێ کرا کە مەسرەتی لێ کرا موشەددەدەکە نامینێتن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بە هەر حاڵ مادام لەسەر رای خۆیەتی ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەو پێشنیارە کاک ئیبراهیم داوا ئەکات سێ تاوان بەدەر(استثناء) بکرێ لەم لێخۆش بوونە یەک دزی، دوو (لواط)ە، سێ الزنی بالمحارم، واتا هەر تاوانێک هەر حوکمێک بەمە دراوە ئەگەر مەسرەتی کرا لەسەری ئەم لێخۆش بوونە نایگرێتەوە، فەرموو کاک فەرسەت روونکردنەوەیەکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رای کاک جەمیلم بەراستی دزی لە کۆمەڵەی بارودۆخ دێتە کردن هەندێک بارودۆخ لە بارە هەندێک نالەبارە، ئەبینی کابرایەک مریشکێک ئە دزی بەڵام پاش ئاوا بونی رۆژ

(زەرفەکی موشەددەدە) حیسابە، یان موعتەبەرە لە عێراق تاکو ئێستا زەرفی شەڕ بەردەوامە لەگەڵ ئیران ئەو تاوانانە هەموو (موشەددەدەن)، ئەبینی لەسەر دزی قەلەم پەندانەک هاتیتە حوکمدان بە(٢٠)ساڵ، ئەگەر بێت و ئێمە (استثناء) بکەین پێویستە کاک ئیبراهیم دیاری جۆری دزی و بارودۆخی بکات، ئەما بە موتلەق دزی بێتە (استثناء) کردن بەرای من لەگەڵ یەکسان بوونی ئەو بڕیارە ناگونجێت، چونکە وەختێک من یەکێک عفو بکەم تاوانی کوشتنی کردیە دوور نییە بە شێوەیەکی دەنیئیش کردبیتی، واتا مادده(٤٠٦) لەسەری جێ بەجێ دەبێت وەکو حوکمی لە سێدارە دان کابرایەک استثناء بکەم لە لێخۆش بوونەک و دوور نییە قەلەم پەندانەک یان مریشکێکی دزی بێت یان موسجەلەک بە(٢٠)ساڵ لەسەر ئەو دزیە حوکم کرابی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە کاک ئیبراهیم دواین موداخەلەیە دوایی ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر سور بی لە سەر پێشنیارەکەی.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمنیش لەگەڵ رای کاک فەرسەتم مریشکێک بدزێ دوای رۆژ ئاوا هەمان تاوانە کە ملیۆنێک بدزێ باشە مریشکێک بەدزرێ بە(٢٠)دینارە هەر ملیۆنێکیش بە شەو بدزێ هەر هەمان حوکم بی، ئەمنیش لەگەڵ ئەوەم بەلام ئەوەی کە ئەو دەڵێت دیاری کردنی دزی ناکرێت، لێرە ئیلا بە هەموارکردنی یاسای سزادان دەبێ بەس ئەگەر بێت و دزی بەدەر( استثناء) بکەم، مریشکێک و ملیۆنەک دەگاتە هەمان ئاست سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەخیەنە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ئەو پێشنیارەی کاک ئیبراهیم کە ئەم تاوانانە استثناء بکرێ لە لێخۆش بوونی تایبەت( دزی و لواتە و زینی بالمحارم)؟ سوپاس؟ ...کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرایی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا سوپاس بۆکاک ئیبراهیم، برگە یەک ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان ئەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرایی دەنگ پەسەند کرا سوپاس،برگە دوو فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر برگە دوو؟ نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە ؟ سوپاستان ئەکەین کێ لەگەڵ نییە ؟ سوپاس بەتێکرایی دەنگ پەسەند کرا سوپاس، باشە وای لێدێت ئەو پێشنیارە وای لێدێت بیخوێنەوە یکون هذا قرار ساریە المفعول.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە پێشنیاری بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە کە ماوەیەکی دیاری کراوی بۆدابنێین ئێمەش پشتگیری دەکەین بەڵام ماوەکەی بەشەش مانگ دیاری بکەین برگەکە ئاوا دەڵێت یکون هذا القرار ساری المفعول لمده٦ أشهر من تأريخ صدوره ئەوبرگەیەی دەخەینە سەر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس بابیخوێنمەوە ئەو پێشنیارە لەلایەن کاک سەعید یعقوبی یەوە کراوە و لەلایەن جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسندو پشتگیری کراوە کەماوەی شەش مانگی بۆدیاری بکرێ ، ئەمە ئەبێ بە برگە سێ یکون هذا القرار ساری المفعول لمده ستەأشهر من تأریخ صدورە، ئەوە ئەو پێشنیارە پەسەند کرا پێشنیاری شەش مانگەکە، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شتی وا دادەڕێژرێتەوە بەڵام (یکون هذا قرار) تۆزێک لاوازە (یسری احکام هذا قرار )باشترە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یسری احکام هذا قرار گرفت لەدارشتنەکەی نابێت ماوەکەی دیاری کراوە ئەیخەینە دەنگ دانەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو بریارە لەماوەی شەش مانگ کاری پێدەکرێت لەرۆژی دەرچوونییەوە پاشان دایبرێژن ئەگەر لە دارشتن هەڵەیەکی ئیملای هەبوو چاکی کەن ئەگەر چ تێبینیەک نییە ؟ ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە سوپاس کێ لەگەڵ نییە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

٤ـ ینفذ هذا القرار من تأریخ صدوره وینشر فی الجریده الرسمیه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیەک نییە لەسەر مادده چوار؟ ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە سوپاس کێ لەگەڵ نییە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس وەکو بریار ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە .. سوپاس کێ لەگەڵ نییە سوپاستان دەکەین بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین سوپاس بۆئەو بریارەی کەداتان دێینەوە سەر خاڵی سێ پرۆژەیەکە پەیوەندی دارە بە هەندێ خانووبەرە لەگەرەکی عەبدلڵا قادۆ لەئاکرێ کاک فەلەک لێرە ئەمێنێتەوە نوێنەری حکومەتە ،دێینەوە سەر خاڵی سێ فەرموو لیژنەی یاسا. کاک جەمیل فەرموو لیژنەی دارایی و ئابووری ئەگەر دەستی خۆتان سووک کەن لەوەیە رای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

السید رئیس المجلس الوطني المحترم

م/رأي لجنة

نرفق طياً مشروع تمليك الدور المشيدة في حي الشهيد (عبدالله قادو)بعد صياغته مجدداً راجين التفضل بالإطلاع و عرضه على المجلس الموقر.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا لیژنەی دارایی و ئابوری فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

السيد رئيس البرلمان المحترم

قرار التمليك في حي الشهيد (عبدالله قادو)

تحية واحتراماً

اجتمعت لجنتنا يوم الاحد الموافق ١٩٩٩/٩/١٩ لدراسة ومناقشة مشروع القرارالخاص بتمليك الدور في حي الشهيد (عبدالله قادو)وتوصي لجنتنا بالاجماع:

١ـ اضافة عبارة (والبالغة عددها٦٤)في نهاية المادة(١) من القرار.

٢ـ نظراً لوجود تفاوت شاسع في المساحات من(١٧٠م٢ـ الأتي في تسلسل٤٢الى المساحة ١٤٢٠)م٢ في التسلسل ١٤ نقترح مازاد عن (٦٠٠م٢)أن يكون التمليك ببدل نقدي تقدره وزارة المالية والاقتصاد.

٣ـ من المفضل درج الاسم الثلاثي للمالك.هذا ولكم الامر.

مح التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس لیژنەی دارایی و ئابووری دووپێشنیاریان هەیە لەراستی دا ئەگەر هاتینە سەر برگەكان پاشان پێشنیارەكانیش ئەخەینە روو لیژنەی یاسا با بفەرموێت دەست بەپرۆژەكە بكات

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطنى لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار:

قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١)من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم

(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءً على ماعرضه وزير المالية والأقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني بجلستة المنعقدة بتأريخ / /٩٩٩ تشريع القرار الأتي:ـ

١ـ تمليك الدور الكائنة في حي الشهيد (عبدالله قادو) المشيدة على القطعة المرقمة(٤)مقاطعة (٨٨) اشكفته (مغارة)الكائنة في قضاء ئاكرى العائده لوزارة المالية و الإقتصاد أرضاً وبناءً وبدون بدل الى شاغليها ووفق القائمة المرفقة بهذا القرار.

٢ـ على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار .

٣ـ ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

ئەوەدارشتنی لیژنەی یاسایە

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

خالی یەکەم دەست پێبکەن با بیخوێنێتەوە ئنجا ناوەکان دەنووسین خاڵی یەکەم

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

١ـ تمليك الدور الكائنة في حي الشهيد (عبدالله قادو) المشيدة على القطعةالمرقمة(٤)مقاطعة (٨٨) اشكفته (مغارة)الكائنة في قضاءئاكرى العائده لوزارة المالية و الأقتصاد أرضاً وبناءً وبدون بدل الى شاغليها ووفق القائمة المرفقة بهذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناوەکان بخوێنەوە وەکو قایمەیەک تکایە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

١ـ ذکری عومەر تەمەر.

٢ـ نەسروڵلا ئیسماعیل.

٣ـ محەمەد رەمەزان محەمەد.

٤ـ سادق محەمەد عومەر.

٥ـ کەمال شێخۆ.

٦ـ ئەحمەد حامد.

٧ـ ئەحمەد محەمەد ڕەمەزان.

٨ـ محەمەد عومەر شێرۆ.

٩ـ محەمەد سەعید مستەفا.

١٠ـ ئیبراهیم جومعە محەمەد.

١١ـ شەعبان ئیبراهیم جومعە.

١٢ـ عیزەت یاسین نعمەت.

١٣. خالید یاسین نعمەت.

١٤. خسرۆ خالید یاسین.

١٥. شوکری جومعە محەمەد.

١٦. ناقخۆش محەمەد.

١٧. محەمەد ناقخۆش محەمەد.

١٨. مستەفا ناقخۆش محەمەد.

١٩. حوسێن عومەر شێرۆ.

٢٠. سالح عومەر شێرۆ.

٢١. ئەمین یوسف محەمەد.

٢٢. عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز یوسف.

٢٣. سەبری عەبدوڵڵا قادۆ.

٢٤. زکری عەبدوڵڵا قادۆ.

٢٥. محەمەد ئەمین عەزیز عەزیز.

٢٦. نەجم عەبدوڵڵا قادۆ.

٢٧. ئەحمەد قادر.

٢٨. ڕزگار عەبدوڵڵا قادۆ.

٢٩ شوکری تەها حافز.

٣٠. ئەحمەد خورشید سەیفەدین.

٣١. ئەسکەندەر یاسین نعمەت.

٣٢. جادر ئسکەندەر یاسین.

٣٣. ڕەحمان ڕەمەزان محەمەد.

٣٤. غەفور سالح مستەفا.

٣٥. محەمەد تاهیر ئەحمەد فتو.

٣٦. سالح محەمەد تیرو.

٣٧. عەبدوڵڵا ئەلیاس خدر.

٣٨. سالح ئەلیاس خدر.

٣٩. ئەیوب ئەلیاس خدر.

٤٠. سدیق شەمسەدین عەبدوڵڵا.

٤١. ئەلیاس خدر یونس.

٤٢. شینۆ عومەر حەمەد.

٤٣. سدقی ساحب یاسین.
٤٤. حوسێن ئەحمەد عەبدوڵلا.
٤٥. بەکر ئەحمەد عەبدوڵلا.
٤٦. عەبدولسەلام ئیبراهیم عەبدوڵلا.
٤٧. عەبدولڕەحمان ئیبراهیم عەبدوڵلا.
٤٨. جەمال شێخۆ.
٤٩. جابر محەمەد ئەمین ئیبراهیم.
٥٠. موعاز سالح محەمەد ئەمین.
٥١. زۆراب ڕەسول عەلی.
٥٢. محەمەد ڕەسول عەلی.
٥٤. عسام سالح محەمەد ئەمین.
٥٥. مستەفا ڕەمەزان محەمەد.
٥٦. شەمسەدین عەبدوڵلا ئیبراهیم.
٥٧. عەبدوڵلا تەها یاسین.
٥٨. یاسین تەها یاسین.
٥٩. عەبدولڕەحمان ئەحمەد مستەفا.
٦٠. شاکر محەمەد ئەمین ئیبراهیم.
٦١. کاوە سلێمان یاسین.
٦٢. سلێمان یاسین سلێمان.
٦٣. کەریم تەها یاسین.
٦٤. تالیب حوسێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ناوەکان بوون، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم بابەتە ئەوانەی ئەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەم بابەتە تکایە باناوەکانیان بنووسین کاک شێخ عەدنان فەرموو

**بەڕێز شێخ عەدنان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا یەک تێبینم هەیە پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی ئابووری دەکەم سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب فەرموو

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زەویەی( ئەشکەوتە ) کە ژمارەی قطعەکەی (٨٨)ە هی وەزارەتی ئابووری یەو زەویەکەی نەداوەتە وەزارەتی شارەوانی چونکە بۆچی هەندێ موشەیەداتی تێدایە، لەبەر ئەوە نەخۆ دێتە ئیفراز کردن بە تەواوەتی، بەڵام لەبەر ئەو موشەیەداتانە ئاواش زەویەکی حکومیە

وەمعەسکەرێکی کۆنە هەر لەوەختی مەلەکییەوە سەربازگە بووە، پشتی سەربازگە چووی ئەو برایانە هەموویان خاوەن خەباتن خاوەن قوربانین پێشمەرگەن پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و گولانن هەمووشیان پەنا هەندەن هەمووشیان خاوەن شەهیدن وابزانم وای بەبەرژەوەند دەزانین کە ئەڤ برادەرە پێویست بوو زەویەکی بدەنێ ئەوە لە هەموو زەویەکی چاکترە کە بێنە تێداو پشتی کە ئەو زەویە ببێتە موڵکی وان ئەوکاتە شارەوانی ئاکرێ دەتوانێت خزمەتگوزاری بگەیەنەتە ئەوێ وەکو قوتابخانە، بنکەیەکی تەندروستی، ئاو، کارەبا، جا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هەرچەند ئەوی لیستە هەندێ کەموکوڕی تێدا هەیە هەندێ ناوی هەڵەن دوای ئەوەی من سەردانی شارەوانی ئاکرێم کرد هەروەختێ جەنابت مۆڵەتت پێدام دەتوانم ئەو ناوانەش راست بکەمەوە کە من لەلای خۆم چەسپاندومە وابزانم نووسراوی لقی نۆی بەڕێز چووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ناوانەی بۆمان هاتووە لەحکومەتەوە بۆمان هاتووە بەهەقیقەت ئەو لیستە پابەندە بەو بڕیارە ئەگەر ناوێکی سیانی وای بۆدەچی هەڵەیە یاخود ناوی باوکی هەڵەیە پێمان باشە پێمان بڵێی چونکە ئەم بڕیارە ئەو ناوانە ئەگرێتەوە کە لێرە هاتووە بۆ ئەوەی روون بێت ئەمە لەحکومەتەوە هاتووە بۆ پەرلەمان کە ئەم زەویانە بەسەر ئەوانە دابەش دەکرێت.

**بەڕێز رەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەهاتینە سەری ئەوە لیستەی ناوەکانە من ئەوەی لای خۆم راست دەکەمەوەو پاشان بەجەنابت دەڵێم کەرەزامەندیت لەسەر بێت کە راست بکرێتەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوەکانمان خوێندەوە، تێبینت لەسەر چ ناوێک هەیە؟

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مەسەلەن تەسلسل (٣٣) رەحمان رەمضان محمەد بۆ خۆی ناوی حاجی رمضان محەمەدە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەگەر زەحمەت نەبێت لیژنەی یاسا لای خۆتان تۆماری کەن دوایی تەئکید دەکەین

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەسەلسلی (٣٣)یە رەحمان دەبێتە حاجی رە مضان محمەد وەتەسەلسلی (٥٠)م معاذ صالح محمد امین ناوی راستی (معاذ محمد امین ابراهیم)ە ئەوە شارەوانی ئاکرێ ئەو لیستەی داوەتە دەست منو بۆ منی دیاری کرد تەسەلسلی چواردە خسرۆ خالید یاسین هاتیە کە ١٤٢٠م بەڵام ئەو زەویە وەکو دەزانین ئی دووکەسانە هی کورو بابیەتی یەک خسرۆ خالید یاسین وەخالید یاسین ئەوە هی دوو کەسانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئێمە ئەوە زیاد ناکەین ئەوە لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە زیادی بکەینیش.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غایەی من ئەوەیە لەوانەیە هەر بێژن ١٤٢٠م چونکە هی دوومالە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جا روونی کەیەوە ئێمە ناتوانین بەراستی دوو ناو بکەین بەیەک ناو ئەگەر ناوی تەنها لە پیتەکانی ئەبجەدی یەعنی قصدم ئەوە غەڵەت بێت ئێمە دەسکاری ناو ناکەین ئەوەی کوڕ وبابە دوایی بڕۆن شکات بکەن بڵێن ئێمە دوومالمان هەیە ئەوە عایدی شارەوانییە، عایدی ئێمە نییە لەراستی دا لای ئێمە راستکردنەوەی ناوەکان دەکەین لەلانی ئیملائی، ئەگەر هەڵە بێت نەک ناوێک زیاد بکەین ئێمە هیچ ناوێک زیاد ناکەین لەسەر ئەم لیستە تەنها ئەو ناوانە نەبێ کەلانی چاپەوە هەڵەنە سوپاس هەر ئەو سێ تێبینیە هەبوو واتە ئەو ١٤٢٠ کە بەناوی خسرۆ خالید یاسینە یەعنی هینی دووکەسە هینی یەک کەس نییە بۆ ئەوەی ژمارەکە ئەوە نەبێت سوپاس بۆکاک رەجەب کاک د. ناسیح ویستی قسە بکات فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی کە ناوەکانیان خوێندەوە ناوی ژمارە (٢٦) و ناوی ژمارە (٥٣)یان لەبیر کرد چونکە دیارە لەسەرەوەیە لای ئەوان چاپ نەبووە لەسەری لاپەڕەکەیە غەیاث محمد امین ناوی (٥٣)یە نجم عبدالله قادۆ ناوی (٢٦)ە ئەو نەی خوێندەوە دیارە لەوێ چاپ نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ و کێ ؟ (٢٦) ناو نەنووسراوە.

**د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو نەی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لای ئێمە هەیە نجم عەبدوڵلا؟

**د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوی تر غەیاث محمد امین (٥٣) ئەویشی نەخوێندەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(غەیاث) یش نووسراوە سوپاس لە لیستی ئەصڵی هەیە

**د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو بەنسبەت خودی خاڵی یەکەم پێم وایە پێش ئەوەی کەئێستا ئەلێرە بڕیارێکی زۆر پیرۆزمان

وەرگرت کە قضای ئاکرێ بوو بە پارێزگای ئاکرێ بۆیە پێم وایە هەمواریکی پێویستە (تمليك الدور الكائنة في حي الشهيد عبدالله قادو المشيدة على القطعة المرقمة (٤) مقاطعة(٨٨)اشكفتة (مغارة)الكائنة في مركز قضاء ئاكرى من محافظة ئاكرى العائدة لوزارة المالية و الأقتصاد أرضاً وبناءً و بدون بدل الى شاغليها ووفق القائمة المرفقة بهذا القرار چونکە ئەو بڕیارە دوای ئەو بڕیارەی تر دەر ئەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.ناسح بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە مامۆستاملا محمود.

**بەڕێز مەلا محمود دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جێی شانازی و کەیف خۆشیە کە حوکمەتی هەرێم دەستی هاریکاری بۆ هەژارو بەلەنگازو پێشمەرگەو دەربەدەر درێژ بکات ،خانوو بیان بۆ دابین بکات بەراستی بە هەموو هزرو توانا پشتگیری و هاندانی حکومەتی هەرێم دەکەین،کە ئەم خانووانەیان بۆ ئاوەدان کردونەوە زۆربەی زۆریان یان هەموویان ئەوەبوون ئەوە تاکید بکرێت، لە بن سێبەری تەیارەی عێراقی دەژیان ئێستاکە داوای پارەی لێبکەین بە حسابی من مادەم حکومەت دەبێژت بێ پارە (بدون مقابل ) هەموومان پشتگیری حکومەت دەکەین (بدون مقابل) بێت، بەڵکو ئێمە حەز دەکەین حکومەت هاوکاریشیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وادیارە ناوی گەڕەکی لێیە مانای وایە سەربەشارەوانی ئاکرێیە، ئەگەر سنوری شارەوانی ئاکرێ بێتن لەراستیدا ئەو جیاوازییە زۆرە لە مابەینی ١٧٠م٢ و ١٤٢٠م٢ بەڵام ئەگەر هاتوو گوند بێتن دەرەوەی سنووری شارەوانی بێتن مساحەی زۆرە خێزانی زۆرتر مانای مەساحەیەکی زۆرتری دەوێت ئەگەر حەیواناتێکی زۆری هەبێ بەڵام ئەگەر سنوری شارەوانی بێت دەبێت ئەو جیاوازیە نەبێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس وەکو کاک رەجەب باسی کرد ئەمە وەختی خۆی سەربازگە بووە، ئەمانە پەنا هەندە بوونە مندالی شەهیدن،کەسوکاری شەهیدی شۆڕشی ئەیلول و گوڵانن کە وەختی خۆی هاتوونەپێنج شەش ساڵ لەوێ نیشتە جێ بوونە وەهەر لەوێنە، پاشان ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە خزمەتگوزاریە لەوانەیە ئەوەی هەزاری هەیە ئێستاکە بەشێکی بکرێت بەقوتابخانە ئەو فەرزە عایدی شارەوانییە ئەم بابەتە هەیە ئەوانەی لەوێندەرێن هەموویان خێزانی ئەو شەهیدانەن

کەلەشۆڕشی ئەیلول و وەکو برادەران باسیان کرد لە ئۆردوگای زێوەوئەو شوێنانە بوونە دوای ڕاپەڕین گەڕاونەتەوە ئەو جێگانە ئەوە مەسەلەیەک نییە زەوی دراوە بەخەڵک واتا فەرزو مەرز نییە لەجێگەی خۆیان هاتوونە بۆ خۆیان لەوێ نیشتە جێبونە و حکومەت لەسەر ئەو بناغەیە ئەوەی کردوە، ئەوە پێشنیاری حکومەتە خۆیان ئەو پێشنیارەیان کردووە سوپاس کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکاتێکدا من لەگەڵ ئەوەم پڕ بەدڵ کەوا هەر کەسێک لەخاکی کوردستان ئەژی ڕازییە بە هاونیشتمانیەتی کوردستانی هەقی ئەوەندەی هەبێت دوو پارچە زەوی هەبێت یەکێکیان قەبریەتی وەپارچە زەویەکەی تریشی هەبێ لەسەری سوکنایەک بۆ ماڵ و منداڵەکانی خۆی دروست بکات، بۆ ئەوەی کەس واتێنەگات من دژی ئەو پرۆژەیەم بەڵام ڕوونکردنەوەو بەرگری لەموڵکی میللەت کە ئەورۆکە لەژێر دەستی ئەو حکومەتە دایە واجبێکی سەرشانمانە کە ئێمە نوێنەری ئەو میللەتەین ١ـ لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە ناوەرۆکەکەی دەخرێتە ناو پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان وە لەبەر ئەوەی لەپرۆژە یاساکەی دیاری نەکراوە ئایا ئەو توێژە کە بریتین لە (٦٤) کەس چ توێژێکن؟ وەکێ دەگرێتەوە؟ تاوەکو موڵکی حکومەت بەبێ پارەو بەدەل بیان درێتێ وەموڵکەکەش بەناویان تۆمار بکرێت هیچ دیار نییە لەپرۆژەکە کێن ئەوانە ئایا کەس و کاری شەهیدانن؟ ئایا کەم ئەندامانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانن؟ئایا پێشمەرگەن ؟وە یاخود فەرمانبەرن ؟هەتا دوایی، ئایا چ کارێکی وایان کردووە و ئەنجامیان داوە بۆ خزمەتی کورد، بۆیە داوا دەکەم لە خاوەنی پرۆژەکە ئەوەمان بۆ ڕوونکاتەوە چونکە موڵکی حکومەت موڵکی میللەتە وە ئێمەش ئەمینداریـن لەسەری، بۆیە پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە ٢ـ وەکو تێبینی پرۆژەکە دەکەین تێیدا ڕوونە ئەو موڵکە بەزەوی و خانوەکانیەوە هەموو ئی وەزارەتی دارایی و ئابووریە هەر وەک لەپرۆژەکە هاتووە بەڵام وەکو چاو لەلیستی ناوەکان دەکەین کە لەگەڵ پرۆژەکەی هاتووە وەلە تەنیشتی هەر ناوێکیان جۆرە مێژوویەک نووسراوە کە لەو مێژووە ئەم خانووە لەسەری کرابێت جیایە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ مێژووی دروست کردنی خانوەکەی تر کە دەستی پێدەکات لەساڵی١٩٦٧وە (٧٠،٦٩،٦٨)تا دەگاتە ساڵی ٧٥ ئەمەش وادەگەیەنێت کەوا هەر یەک لەو ناوانە لەمێژوویەکی جیا لەسەر ئەم زەویەی حکومەت بۆخۆی خانووی دروست کردبێت لەم حاڵەتەش بەپێشێلکار(متجاوز) دادەنرێت کەواتە حسابی تریان بۆ دەکرێت یاسا ڕێگای بۆ دیاری کردووە بۆیە داوا دەکەم لەخاوەنی پرۆژەکە ئەم گرفتەمان بۆ ڕوونکاتەوە ئەگەر زەویەک لەناو سنوری شارەوانی بێت ئەوە بەگوێرەی یاسای ژمارە (٨٠) ی ساڵی (١٩٧٠) دەبێت تۆمار کرابێت بەناوی شارەوانی ئاکرێ ئەوجا شارەوانی داوابکات تۆمار بکرێت و تملیک بکرێت

بەناوی هاونیشتمانیەکان ئەویش بنەمای خۆی هەیە بنەماکەش ئەوەی کە تێبینیم هەیە لەسەری دوو شتی سەرەکییە یەک أن لایتجاوز المساحات المطلوب تمليكها الى مواطنين ألموم اليه في القرار مساحات وحده إفراز القطعه السكنيه في أقضيه وهي مائتان وخمسون مترا چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو لیستە لە ١٧٠ مەترەوە تا دەگاتە ١٤٢٠م ی تیایە، لەو حالەتەش یاسا کە ٢٥٠مەتری بۆ یەکێ دیاری کردووە حسابی خزمەتگوزاری رێگا خزمەتگوزاریەکانی ئاوەرۆو،ئاوو،کارەباو ئەو شتانەی کردووە ئەوجا کوا خزمەتگوزاری بۆ یەکێ کەلەسەر ٢٥٠م پێشکەش بکات لەکاتێکدا ئەو کەسە ١٤٢٠مەتری داگیرکردوە ٢ـ نابێت بەرهەڵستی هەبێت لەگەڵ تەسمیمی بنەرەتی شاری ئاکرێ چونکە لەوانەیە ئەو کابرایە بەگوێرەی تەسمیم لەجێگەیەکی دروست کردبێ ئەو جێگەیە مەڵبەندێکی شارستانیەتیە یان،ئەو جێیە فەرمانگەیەکی حکومیە لە دوا رۆژدا بۆی دانراوە بۆ ئێستا بە موڵک بکرێت و پاشانیش داوا بکرێت استملاک بکرێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید بۆ ئەو تێبینیانە بەڵام من پێش ئەوەی قسە بدەم بەکاک رەجەب چونکە لەهەموو کەس زیاتر ئاگاداری ئەم پرۆژەیە دوایی ئەگەر جەنابی وەزیری رۆشنبیریش قسەی هەبێت لەسەر ئەم پرۆژەیە بەرامبەر بەهەندێ بابەت، بەڵام ئەو پرسی ئەمانە کێن ؟بەو زانیاریانەی کە ئێستاکە بەلایەنی کەمەوە من ئاگاداری هەندێ لەو ناوانەم ئەمە کۆمەڵێک لە کەس و کاری شەهیدانی شۆڕشی ئەیلول و گولانن ،خەڵکێکن کە بەخوێنی خۆیان ئێمەیان گەیاندە ئەم پایەیە لەناو ئەوانە کۆمەڵێک ناو هەنە لەوانەن کە ئێمە هەمیشە قەرزار باری ئەوانین هەر خودی عەبدوڵلا قادۆ بەسە کە مرۆڤ یادی قەد لەبیرنەکات، عەبدوڵلا قادۆ پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆڕشی ئەیلولە تێکۆشەرێکە هەموو ژیانی خۆی لەسەر کوردایەتی دانا تا پێش ماوەیەک شەهید کرا، وە ئەگەر تەمەشای کۆمەڵێک لەوناوانە بکەن هەموو کەس و کارو خزم و پێشمەرگەی ئەون کە هەموو لەگەڵیا بوونە لەخۆشی ولە ناخۆشی دا وەژیانێکی کوڵە مەرگیان بردۆتە سەر لەو ئۆردگاو زیاتر لە١٥تا ٢٠ ساڵ دووره ووڵات بوونە بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم کە عەبدوڵلا قادۆ هاوڕێییەکی من بووە زۆربەی زۆری ئەندامانی ناو ئەم هۆڵە ئەم ناوەیان زۆرگوێ لێبووبێ کە تێکۆشەرن جێگای رێزن خۆزگە بمان توانیایە بۆ ئەم جۆرە خەڵکە زوو شتی باشترمان بکردایە وە ئەو قطعانە شتێکی بەدەر (ئیستثنایە) بەڵێ جێگایەکە وەختی خۆی ئەم بینایەتەی لەسەر بووە وە ئەمانە هاتوونەتەوە زۆربەی هەرە زۆریان لەدوای راپەرین هاتوونەتەوەو لەوجێگەیە نیشتە جێبوونە وابزانم جیاکاری (افرازاتی ) ی رەسمی کراوە ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لەپەرلەمان (٦) مانگ نووسراوو نووسراوکاریمان کردوە هەتاکو گەیاندومانەتە شارەوانی ئاکرێ و شارەوانی گشتی نەخشەو هەمووشتێکمان لەگەڵ ئەوە کردوە بۆیە ئەو مەجرا یاساییەی خۆی وەرگرتووە، بەڵام من ئەگەر ئەمەم نەگوتبایەلەوانەیە هەستم بەگوناهێک بکردایە، بەلایەنی کەمەوە بەرامبەر بەو ناوە، بەرامبەر بە شەهید عەبدوڵلا قادۆ و بەرامبەر بەو کەوکەبەی کە لەگەڵیایەتی، جەنابی وەزیری رۆشنبیری بابفەرموێت.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەمە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری پێشکەشی کرد کە ڕەنگە ئەو زانیاری زۆر تر بێت ،بەلآم من وەکو لایەنی تری زانیارییەکە وەکو جەنابت فەرمووت راستە من ئەمانە زۆربەیان دەناسم بەناو بە خێزان دەزانم کە ئەوانە لەگەڵ ئێمە ساڵەهای ساڵ پەناهەندە بوونە لەئێران و پێشمەرگەبوونە لەشۆڕشی گوڵان شەهیدیان داوە خەباتیان کردوە، ماوە سەر هەندێ ئەگەر وەکو ناحیەی کۆمەلآیەتی بێت بەڵێ ئەوە خزمەتێکی زۆرە بۆ ئەو توێژە ڕەنج کێش و زەحمەت کێشە ئەوانە هەمووشیان هەژاریشن زۆربەی زۆریان لەخانەوادەی هەژارن وە هەتا لە پەناهەندەتیش دیسان وەزعی ئابوریان خراپ بووە وەزۆریشیان پێشمەرگەبوونە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هەندێ مەسائیلی یاسایی کە بەڕێز کاک سەعید وروژاندی ئەوە دەمێنێتەوە بۆ لیژنەی یاسایی لەرووی یاساییەوە بەلآم وەکو کۆمەلآیەتی شایانی ئەوەن بەڵێ ئەم خێزانانە شایانی ئەوەنە کە بەراستی پشتگیری بکرێن ویارمەتی بدرێن زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەم زەوییەی کە ئێمە دیارمان کرد کە سەربازگە بووە لە ڕاستیدا بازگە نەبووە پاش ئەوە هاتنە ناوی بە فەرمانی جەنابی سەرۆک هاتنە ئەوێوەو لەوێ مانەوە بۆچی چونکە ئەمانە بە ئەسڵی خۆی ئی دوو گوندانن لە زێبار ئێستا ناوچەی قەدەغەکراو نەدەبوایە یەکێک ناوی (سەرانی و بانی) و نەپاخی لەولاوە زۆر زۆر دوورە وە ئەم گوندانە ئەنفالیش کرابوون هیچ دارو باری نەمابوو ئینجا بە بەرژەوەندی دەزانم ئەگەر ئەمانەش لێرە بێنە خوارەوە، وە من خاوەن پرۆژەکە نیم بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەکەی پێشکەش کردووە، بەلآم چونکە من نوێنەری ناوچەکەم بۆیە بە پێویستی دەزانم هەندێک شت دیار بکەم وە زۆربەی زۆریان دەزانن کە (عەبدوڵلا قادۆ) شەهیدە ناوخۆش محەمەد شەهیدە وە چوار شەهیدی دیکە هەن لە هەمان بنەماڵەن شەهیدی دەستی تیرۆرستانی پەکەکەن وە ئەمانەش هەر هەمان خەباتیان هەیە لە ساڵی ١٩٧٤چوونەتە ریزی شۆڕشی کوردی بەشداریان لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵان کردووە، هەتاکو ڕاپەڕین هیچ شوێنێکیان نەبووە هاتنە ئەوێ هەندێکیان هەر لە شوێنی مەعسکەر بوونە هیچ جێگایەکیان نەبووە بەڵکو خۆیان ژوورێک یان دوو ژووریان بە هاوکاری هەموو برادەران دروستیان کردووە ئێستان لەوێ نیشتەجێ بوونە وا بزانم ئەوە زۆر کەمە لە بەرامبەر ئەو خەباتەی کە ئەمانە کردوویانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ڕەجەب، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا هـادی خــضــــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــــومــــەن.**

کە برادەران باسی ئەوە دەکەن، ئەم هەنگاوە پیرۆزە هەنگاوێکە زۆر پشتگیری لێ دەکەین وە نەبێ کە باسی دەکەین کەوا رەخنەمان هەبێ لەسەر ئەم هەنگاوە یاخود لەسەر کەسەکان تەنیا بیستنی ناوی شەهید عەبدوڵلا قادۆ بەسە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین لەسەر شەرەفی ئەو بدرێتە چەند خەڵکانێکی وەکو ئەو، بەڵام دێینە سەر باسی قانوونی کە ئێرە سەرچاوەی یاسا دانانە دەکرێ ئەم شتانە لەسەر ئەساسی شێوەی قانونی بکرێ زەوییەکە زەوی شارەوانیە بە یاسای شارەوانی رووبەری زەوی بۆ دابەش کردن لە مەرکەزی پارێزگا (٢٠٠)مەترە، لە قەزاو ناحیەکان نابێ لە(٢٥٠)مەتر زیاتر بێ ئینجا ئێمە ئەگەر بمانەوێ یان ئەوان بیانەوێ شتێکی وا بکەن ئێمە پیرۆزبایی پشتگیریان لێ دەکەین بەڵام بە شێوەیەکی قانونی ئەو زەوییەی کە زیادە لە رووبەری دیاریکراو کە(مقەرەر) با بە بڕیارێکی تر بۆیان بدرێ ئێمە لەگەڵین. دووەم پێویستە ڕەچاوی نەخشەی بنەڕەتی شار بکرێ کە شاری ئاکرێ ئێستا چاوەڕوان دەکرێ بکرێت بە پارێزگا بۆ خزمەتگوزاری دوا رۆژ ئەوە رەچاوی بکرێ، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــــومــــەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا هادی، بۆ ئیجرائاتی رەسمی ئەوە هەموو نەخشەیە وە لەبەر بێ ئیمکاناتی خۆمان نەمان توانی چاپی بکەین، یەکەم ئەم زەوییە زەوی شارەوانی نیە زەوی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، وەزارەت ئابووری وەک وەزارەتی لە مافی خۆی خۆش بوو وە پێشکەشی کردووە بۆ ئەم خێزانە شەهیدانەی ئێمە وە هەموو ئیجرائاتێکی شارەوانی و هەموو نەخشەی زەوییەکە لەگەڵی هاپێچەوە ئەمە نووسراوی شارەوانی و عەقاراتی دهۆکە، بەهەر حاڵ ئەم ئیجرائاتە لەگەڵی هاوپێچ کراوە وە ئێمە خۆمان دوو جار بە نووسراوی رەسمی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ شارەوانی گشتی وە لەگەڵ دهۆک ئەوەمان کردووە ئەو هاوپێچە هەمووی لەگەڵە.

**بەڕێز مـــەلا هـادی خــضــــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــــومــــەن.**

ئێمە ئەو هاپێچانەمان لا نییە، بەڵام شتێکی باش کراوە.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــــومــــەن:**

ناکرێ ئێمە (٧٠) یان(٨٠) وەرەقە کۆپی بکەین، فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عــــەبدولقـــــادر قـــــەرەداغی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــــومــــەن.**

لە راستیدا هەر وەکو ئێوە باستان کرد کە ئەو ماڵانە شیاوی ئەوەن کە ئەو زەوییەیان پێ دراوە، لە هەمان کاتیشدا هەندێ تێبینی برادەران ئەوەیە دەڵێن ئەوە کەمە ئەوە زۆە داوایان نەکردووە ئێمە

زەوییان بۆ دابەش بکەین داوایان کردووە یاسایەک دەربچێ وببێ بە موڵکیان، ئەوان بۆ خۆیان ڕێک کەوتوون واتە بە شێوەیەک ڕێک کەوتوون کە ئەو زەوییە خێزانی شەهیدن و پێیان بدرێ، بەڵام ئەوە موستەحەقی کەمە ئەوە زۆرەو، زەوییەکە لەناو سنووری شارەوانیدا نییە زەوییەکی بیابانییە و، بەرای من نەک هەر زەوییەکە پێیان بدرێ بەڵکو بۆیان بکرێ بە خانوویەکی باش ئەگەر ئیمکانیات هەبێ کە باسی ئەو شەهیدە نەمرانەتان کرد لە سەرووی هەموویانەوە کاک عەبدوڵڵا قادۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئازاد. د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو بڕیارە بە بڕیارێکی ڕەوا دەزانم و مافێکی شەرعی ئەو تێکۆشەرانەیە وەکو عەبدوڵڵا قادۆ، فەیزۆ زێباری و سلێمان هەرمی و سەدان شەهیدی تر ئەوانەی کە گیانی خۆیان لەدەست داوە بۆ پشتیوانی و بەرەڤانی دۆزەکەمان، مافی وان تەنیا زەوی و ئاوایی نییە، بەڵکو دابین کردنی ژیانی خێزانی ئەوانیشە بە بڕوای من ئەوە بەشێکە لە وەفاداری بەرامبەر بە خێزانی ئەو شەهیدانە.

من تێبینییەکم لەسەر بۆچوونی لیژنەی دارایی هەیە، لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی دارایی کە مکوڕن لەسەر موڵکە گشتییەکان (ممتلكات العامة) ئەو خێزانانەی داوای بڕێک پارەیان کردووە بەرامبەر بە موڵک کردن ئەوانە خێزانی شەهیدو تێکۆشەرەکانن، لەوانەیە دەست نەدات کە بڕێک پارەیان لێ وەربگرین، لەبەرئەوە جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە کە جێگای سوپاسە ئەوان مکوڕن لەسەر موڵکە گشتییەکان. ئەمە یەک.

تێبینی دووەمم ڕاستکردنەوەیە بۆ بەڕێز ڕەجەب شەعبان هەرچەند جێگای بڕوایە بەڵام دوو ناو گۆڕاون، جەنابیشت جەختت لەسەر کرد، ئەگەر ماوە هەبێ من ئاماژەیان پێ دەکەم، ئەو ناوانەی هاتوون لەوەزارەتەوە هاتوون (موثقە) لەوانەیە دەستکاری کردنی گرفت دروست بکات بۆ نموونە ژمارە (٣٣) (رحمان مەکرە حەجی)، جارێکی تر دووبارە دەکەمەوە کە کاک ڕەجەب جێگای بڕوای ئێمەیە بەڵام ئەمە (توثیقە)، دەستکاری کردنی ناو لەوانەیە لە دوا ڕۆژدا گرفت بۆ ئێمە دروست بکات. ئەمە یەک. دوو لە زنجیرە (٥٠) (معاذ صالح بكر)، (معاذ محمد) هاتووە، من ئەو تێبینییەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە ئێمە لەسەر ئەو لیستەیە دەڕۆین ئەوە تەنها تەنویرێکە ئەصلی لیستەکە کە لێرە خوێندرایەوە جاری یەکەم ئەولیستەیە نافذ مەفعولە هەر کەسێک لەسەر ئەم لیستەیە لاری هەیە دوای بەپێی ئصولی خۆی دەچێ موراجەعە دەکات و ڕاستی دەکاتەوە ئەوەی کاری پێ دەکرێ لای ئێمە ئەو لیستەیە ئەوە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیەک بووئەگەر گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵە تەواو تەنها کاک مامەند ماوە. فەرموو کاک مامەند.

**بەڕێز مامەند بابکر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران قسەکانی منیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شێخ عەدنان روونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو تێبینیمان کرد لە پرۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە، باسی ئەوە دەکات کە ئەو «وقائع»کە دەرئەچێت بە دوو زمان بێت بە کوردی و عەرەبی، بەڵام لەم پرۆژەیەدا ئاماژەی بۆ ئەو خاڵە نەکردووە، یا لە چاپ دەرنچووە، یاخود ئاماژەی بۆ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەمە خۆی دەرئەنجامە«تحصيل حاصل)ە و، هەرچی لە پەرلەمانەوە دەردەچێت بە کوردی و بەعارەبی دەردەچێت، چونکە زمانی رەسمی ئێمە کوردییە و پێشەکی دەبێت بە کوردی دەربچێت پاشانیش بە عارەبی، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەی یەکەم لە پرۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە «جريده الاقليم»، لیژنەی یاسا پێشنیاری کرد کەوا بکرێت بە «وقائع كوردستان»، گۆڕانکارییەکە تەنها لەوێدا بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی کاک بورهان ئەوە نییە، بەڵکو مەبەستی زمانەکەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا هەروەکو جەنابتان فەرمووتان هەر وایە، جا بەهەر زمانێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەمە کارێکی یاساییە، دەبێت بنووسرێت کەوا بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت، کەواتە دەڵێین: (تتولى وزارة العدل إصدار الجريدة الرسمية لاقليم كوردستان ـ العراق ـ بإسم« وقائع كوردستان »، و باللغتين الكوردية والعربية.)، چ تێبینی تر لەسەر ئەم ماددەیە نییە پاش ئەو پێشنیارە، کەواتە زیاد کردنی (باللغەتین الکوردیە والعربیە) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئێستا ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ ..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ماددەی یەکەم پەسەند کرا، سوپاس، ئێستا دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الثانية:**

تختص (وقائع كوردستان) بنشر مايلي:

١ـ القوانين وقرارات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ـ وما يعتبر من مرفقاتها او مانص فيها على نشرها.

٢ـ الأنظمة ـ وما يعتبر من مرفقاتها او نص فيها على نشرها.

٣ـ المراسيم والأوامر الصادرة بموجب الصلاحيات الواردة في القانون رقم(٢)لسنة ١٩٩٢(قانون انتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية) عن القائد او من يقوم مقامه.

٤ـ التعليمات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ماددەی دووەم هەیە، کاک سەعید یەعقوبی، کەسی تر نییە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێویستی دەزانم کەوا بابەتێکی تر بخرێتە سەر ئەو چوار خاڵەی کە لە «تخصص»ەکەدا هاتووە، ئەویش بابەتی «بەیان»ە، چونکە لە زۆر لە یاسا بەرقەرارەکانی هەرێمدا و، لە زۆر بابەتی گرنگ کە هاووڵاتیان دەبێت لێی ئاگادار بن و، بۆ نموونە ماددەکانی «٧ و ١٠ و ١١» لە یاسای شارەوانییەکانی هەرێم کە دەڵێ:«دامەزراندنی شارەوانی، یا یەکخستنی پۆلەکانی دەبێت بە بەیان بێت» و، بەیانەکەش بڵاو بکرێتەوە و لە «وقائع کوردستان»دا بنووسرێت، هەروەها بەیانەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گشتی کە دەریی دەکات، ئەویش پێویستە کارمەندانی

هاتووچۆ و هاوولاتیانیش لێی ئاگادار بن، ئەویش دەبێت بە بەیان بێت، هەروەها دامەزراندنی فەرمانگەی «کاتب العدل»لە یاساکەیدا نووسراوە دەبێت بە بەیان بێت، هەروەها دیاری کردنی خاڵە گومرگییەکان دەبێت بە بەیان بێت، هەروەها دیاری کردنی نرخی خزمەتگوزارییەکانی پزیشکی و، تاقیگەکان دەبێت بە بەیان بێت بۆ ئەوەی خەڵکی لێی ئاگادار بن، هەتاکو فەرمانگەکانیش پێی پابەندبن، ئێستا لە رۆژنامەی پەرلەماندا بابەتی «بەیان »هەیە، بەڵام لێرەدا ئاماژەی پێ نەکراوە، لە خودی ئەو رۆژنامەیەدا هاتووە دەڵێت: « ئەگەر هاتوو هەڵەیەک لە چاپدا هەبێت دەبێت بە بەیان لەو رۆژنامەیەدا بڵاوبکرێتەوە» ، بەڵام لێرەدا بابەتی بەیان باس نەکراوە، جا داواکارم کەوا ئەم بابەتە بخرێتە سەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی بۆچوونی ئەندامان رێنمایی «تعلیمات» گشتی ترە، هەر بەیانێکیش کە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆوە دەرچێت رێنماییە، جا ئەگەر دەزانی وشەی «تعلیمات» بەس نییە، بەیانی لە شوێن دادەنێین.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە لە بنەڕەتەوە لە یاسای ناوەندییەوە وەرگیراوە، جگە لەوەش بڕیاری تیادایە، سەبارەت بە بڕیاریش، کە بڕیارێک دەردەچێت بۆ نموونە کە وەزیری دارایی بڕیارێک دەردەکات و دەڵێت: بڕیارم دا لە ناوچەیەکدا خاڵێکی گومرگی دامەزرێنین ئەوە نابێت بە بەیان، یا بە رێنمایی بێت، بەڵکو دەبێت بە بڕیاری خودی وەزیر بێت، چونکە هەندێ بڕیار هەیە سیفەتی تایبەتی نییە بە وەزارەتێکەوە، بەڵکو سیفەتی گشتی هەیە، بەڵکو هەموو هاوولاتیان پابەندین و، هەروەها هەموو وەزارەتەکانیش، باشە بە چ رێگایەک ئاگادار بن ئەگەر بێت و لە «وقائع کوردستان»یشدا بڵاو نەکرێتەوە، چونکە ئەمە رۆژنامەیەکی «معتەبەرە و مولزمە» بۆ هەموو هاولاتییان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەعید، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە ئەو ماددەیە ناوەڕۆکەکەی بەسە، بەڵام ئەو پێشنیارەی کاک سەعید ئەگەر پەسەند بکەن ئەوە ئێمە لارێمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای هەر «٤»خاڵەکان بکەین، دەبینین کەوا یاسادانەر چاودێریی تەدەروجی یاسایی کردووە، یاسا وپەیڕەو و ڕێنمایی «قانون، نظام، تعلیمات» مراسیمیش هێزی یاسای هەیە لەبەر ئەوە لێرەدا هاتووە، جا سەبارەت بە بەیاناتیش دەتوانن بلاوی بکەنەوە، بەلام ئەگەر پابەندی بکەین بۆ هەموو فەرمانگەکان، ڕۆژنامەکە وای لێ دێت دەبێت بە ڕۆژنامەی بەیانات، چونکە هەر فەرمانگەیەک مافی ئەوەی هەیە کەوا بەیان دەربکات، بەلام ئەگەر تەماشای بەیانات بەشێوەیەکی گشتی بکەین ناوەڕۆکەکەی هەمیشە لە میانی ڕێنماییەکاندا دێت، بەیان نە هەموارکراوی ڕێنماییە و،نە پلەیەکە لە میانی پلەکانی یاسا، بەیان ڕێنماییە، بەلام ناوەکەی بەیانە، بە رای من پێویست ناکات هیچی بۆ زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زنجیرە لە یاسای وقائعی عێراقییەوە وەرگیراوە، ئێرەش بەشێکە لە عێراق، ئەگەر فیدرالیش بێن ئێمە بەشێکین لە عێراق، ئەوشتانەی کە پێویستی کردووە لە ڕۆژنامەی وەقائعی عراقی هەبێت، دەبێت لێرەشدا ڕەچاو بکرێت، ئەگەر وەزارەتێک بڕیارێک دەرکات خۆ دەبێت هاووڵاتیان ئاگایان لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لە دەرەوەی ڕێنماییە؟.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بابەتی تایبەتی و ناونیشانی تایبەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت چییە؟.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەم ئەوەیە، خاڵێکی بخرێتە سەر وەکو ماددەیەکی تازە، ئەویش ( وکل ما یراه مجلس الوزراء ضرورة نشره)، ئەنجوومەنی وەزیران پێویستی بە شتێک هەیە و دەیەوێت ئامادەی کات، بەلام بابەتەکە لە یاسای وقائعدا نەنووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوکاتە دەبێتە گشتی، لەوانەیە ئەنجومەنی وەزیران هەندێ شت دەبێت بڵاو بکرێت وبڵێت من بڵاوی ناکەمەوە، ئەوە پابەندییە، بەبۆچوونی ئێمە ئەم زنجیرەی کە هاتووە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بەلای کەمەوە بەپێی ئەم بارودۆخە بەسە و، لە ئایندەدا بە یاری خوا کە ڕۆژنامەکە دەرچوو و، زانیمان هەندێ بابەت پێویستە ئەو کاتە هەمواری دەکەینەوە، چونکە ئەوانەی کە جەنابت باسی دەکەی دەتوانین لە ژێر خاڵی «تعلیمات»دا دابنێین، ئەگەر پێشنیارێکی دیاری کراو هەیە ئەوە دیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەی کەوا لە زۆر لە یاساکاندا هەیە کە دەڵێ: بە خودی بەیان بڵاو بکرێتەوە و، ناڵی بە ڕێنمایی، وەکو ئاماژەم بۆی کرد یاسای شوێنەوارە، یاسای شارەوانییەکانە، یاسای کوتاب العدولە، یاسای وەزارەتی داراییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەمانە لە دەرەوی ڕێنماییەکانە، یا نە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەمە لە دەرەوەی ڕێنماییەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناونیشانەکەی چی بێت؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەیان و، بڕیاری وەزیریش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە، بەیان و، بڕیاری وەزیرەکانیش بخرێتە سەر ماددەی دووەم، ئەم پێشنیارەی کاک سەعید دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، سوپاس کاک سەعید، لە ئایندەش کە پێشنیارێک هاتە پێشەوە لەو بابەتەدا و، زانیمان کە پێویستە بە یاری خوا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«القوانین والقرارات»، الیف و لامەکەی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بڕگەی «١»دا ئەو الیف و لامە زیادە، ئێستاش ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الثالثة:**

ماينشر في(وقائع كوردستان) يعتبر هو النص الرسمي المعتمد ويعمل به من تاريخ نشره مالم يرد فيه نص خلاف ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی سێیەم؟ تەنها د.رزگار تێبینی هەیە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها من پرسیارێکم هەیە،«هو النص الرسمي» ئەم دەقە ڕەسمیە وا دەگرێتەوە کەوا ئەوەی لە ئەنجومەندا دێتە بڵاوکردن هەڵدەوەشێنێتەوە، ئێمە لە ڕۆژنامەی پەرلەماندا یاسا و بڕیارەکان بڵاو دەکەینەوە، ئایا ئەمە ئەوە هەڵدەوەشێنێتەوە؟، چونکە ئەوەی لێرە بڵاوکراوەتەوە دەقی ڕەسمیە و، ئەوەی لە ڕۆژنامەی پەرلەماندا بڵاودەبێتەوە دەقی ڕەسمی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دیارە کەوا ئەم ڕۆژنامەیە دەبێتە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، هەرچی لەوێ بڵاو دەبێتەوە ئەوە ڕەسمییە، بەڵام ڕۆژنامەی پەرلەمان ڕۆژنامەیەکە تایبەتمەندە بە پەرلەمان و چالاکی و بەرهەمەکانی پەرلەمان، چی بڵاودەکاتەوە ئەوە خۆی ئازادە، بەڵام ڕەسمی ئەم ڕۆژنامەیەیە و، شوێنی ڕۆژنامەی پەرلەمانی ئێستا دەگرێتەوە، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی تیادا بڵاو دەکرێتەوە و، ڕۆژنامەی پەرلەمانیش هەمان شتی تیادا بڵاو دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرج نییە هەمان شتی تیادا بڵاو بکرێتەوە، ئەوە لەسەر پەرلەمان ڕادەوەستێ کە چی لەوێ بڵاو بکەینەوە.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە ئەوەی لە ڕۆژنامەی پەرلەماندا بڵاوبکرێتەوە ڕەسمی نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا دەقەکە روونە، ئەمە دەبێت بە رۆژنامەیەکی رەسمی، ئەوانی تر رەسمی نین، ئەمە کارپێکراوە، ئەمە دەبێت بە زمانحاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەویشی بڵاو دەبێتەوە ئەوە شتێکی ترە، ئێمە کە لێرە لە پەرلەمان رۆژنامەیەک دەردەکەین و، شتەکانی خۆمانی تیادا بڵاو دەکەینەوە، ئەوە رەسمی نابێت، کەواتە لایەنە رەسمییەکان ئەوە حیساب ناکەن، ئەوەی لە وقائعی کوردستانی بڵاودەبێتەوە ئەوە دەبێت بە رەسمی، وەکو رۆژنامەی پەرلەمانی ئێستا، ماددەی «٣» دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الرابعة:**

ينصرف لفظ المذكر الى المؤنث، والمفرد الى المثنى والجمع، والشخص المعنوي اينما ورد فيما ينشر في وقائع كوردستان مالم يوجد نص او قرينة تدل على خلاف ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوارەم چ تێبینی لەسەر هەیە، هیچ تێبینی لەسەر ماددەی چوارەم نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الخامسة:**

يفترض فيما ينشر في وقائع كوردستان علم الجميع به، ولايعتد بادعاء الجهل بمضمون ما ينشر فيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی پێنجەم هەیە، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە وشەی «يفترض» شتێکی فەرزییە و جەزمی تیادا نییە، لێرە ئەوەی بڵاودەکرێتەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا جەزمی تیادایە، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە تۆزێک حەزمی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بکرێت بە «ما ينشر في وقائع كوردستان يعتبر علم الجميع به»، مامۆستا فەرموو.

بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«يفترض» لە «يعتبر» بەهێزترە ئەگەر لیژنەکە نەیگۆڕن، چونکە وشەی يفترض بەهێزترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە لە وشەی «یفترض» بەهێزتر چییە؟.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی وشەی «یفترض» بەهێزە، بەڵام وشەی «یعتبر» زۆر ناسکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پشت بەو بنەمایە دەبەستێت «الجهل بالقانون»، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەگەر وشەی «لا یعتد بالجهل في ما ینشر في وقائع کوردستان» دابنرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ئەم دەقە دەوەستین پاشان ئەگەر پێویستی کرد ئەوە لیژنەی یاسا با دایرێژنەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بکرێتە ما «ینشر في وقائع کوردستان ملزم للجمیع»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر بۆ وشەی «ملزم» دابنێین، خەڵکێک هەیە ئیشی بە وقائع نییە و ناشی خوێنێتەوە، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقە باس لە راستییەک دەکات کەوا خوی «إفتراض»ییە، چونکە مانای ئەوە ناگرێتەوە کە ئەگەر لە وقائعی کوردستانی بلاو کرایەوە هەموو کەسێک ئاگادارییەتی، دوورنییە لە سەدا یەک لەو خەڵکە ئاگاداری نییە، بەڵام هیچ رێگایەکی تر نییە کەوا هاووڵاتیانی پێ ئاگادار بکەین، جا لەبەر ئەوە بلاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی وا دادەنرێت کەوا یاسادانەر هەموو کەسێک ئاگای لەو یاسایە هەبێت و، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە لە دادگا، یا لە فەرمانگەیەک بڵێت کەوا من ئاگام لەو یاسایە نەبووە، چونکە رۆژنامەی رەسمیم نەخوێندووەتەوە، یاخود خوێنەواریم نییە، جا لەبەر ئەوە یاسادانەر رادەی بۆ بێ ئاگایی لە یاسا داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ ئەگەر دەتەوێت دەیخەینە دەنگدانەوە، کەواتە شێخ عەدنان پێشنیارەکەی خۆی دەکێشێتەوە، ئەگەر هیچ پێشنیارێکی تر نییە ماددەی پێنجەم دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة السادسة:**

اولاً: يحسب الشهر والسنة وفقاً للتقويمين الشمسي(الميلادي)والكوردي وتثبتان معاً في كل ماينشر بوقائع كوردستان.

ثانياً: يكون لكل قانون او نظام رقم تسلسل يضاف الى سنة صدوره وعنوان مستخلص من مضمونه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی شەشەم، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة السابعة:**

لايجوز لأية جهة او شخص اعادة طبع ماينشر في(وقائع كوردستان)إلا بإذن وإشراف وزارة العدل في اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی حەوتەم هەیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الثامنة:**

تصحح الاخطاء المطبعية التي تقع فيما ينشر في وقائع كوردستان من قبل الجهة التي اصدرت الاصل الذي وقع فيه الخطأ وذلك ببيان ينشر في(وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لە ماددەی دووەمدا ئاماژەم بۆی کرد، ئێستا لێرە لە خودی مادەکە ئاماژەی بۆی کردووە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرەدا روونە، چونكە «بیان» هەڵەبووە، بەڵام ئێمە دەترسین پاشان حزبەكانیش بەیان دەركەن و بڵێن لە وقائعی كوردستان بۆمانی بڵاو بكەنەوە،سوپاس، ئێستا ماددەی هەشتەم دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟..سوپاس..كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا، سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**المادة التاسعة:**

يستمر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ـ على إصدار جريدة (البرلمان) بعد صدور هذا القانون وتعتبر النشرة الرسمية الناطقة بأسم المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەك هەیە لەسەر ماددەی نۆیەم، مامەند ئاغا و د.رزگار، مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند حەمەد ئەمین بابەكر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لێرە لە رۆژنامەی پەرلەمان بڵاودەكرێتەوە، ئیتر پێویست ناكات لە رۆژنامەیەكی تر بڵاو بكرێتەوە، چونكە ئەوە بە رەسمی دەژمێردرێت، ئەگەر ئەوە لیژنەی یاسا بۆمانی روون بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەكەم كەوا جارێكی تر قسەكانم دووبارە دەكەمەوە، بەڵام دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەكەم كەوا رۆژنامەی پەرلەمان دەمێنێت و، هەرچەندە هەڵیشوەشێنراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

روونكردنەوەی تیادایە، «الناطق بإسم المجلس» نەوەك «بإسم الحكومة»، بەڵام وقائعی كوردستان زبانحاڵی دەسەڵاتی جێبەجێ كردن و پەرلەمان و هەموو لایەنە رەسمییەكانی تری حكومەتە، بەڵام رۆژنامەی پەرلەمان هەر زبانحاڵی پەرلەمانە بەتەنها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك محەمەد، كاك مامەند فەرموو.

**بەڕێز مـــامـــەند حـــەمـــەد ئەمین بابەکــــر:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

کەواتە دەبێت لە ڕۆژنامەکەی تریشدا بڵاو بکرێتەوە، ئەگینا نابێت بە ڕەسمی، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

ئەمە خۆی روونە، ئەم وەقائعی کوردستانە کە دەردەچێت ڕۆژنامەیەکی هەرێمی کوردستانە، هەموو دامودەزگا رەسمییەکان دەگرێتەوە کەوا بەپێی ئەم یاسایە مافی پێ دراوە شتی خۆی تیادا بڵاوبکاتەوە، وەکو پەرلەمان، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و، لایەنەکانی تر کە پەیوەندداره بەم مەسەلەوە، لە مادده یەک، دوو دیاری کردووە، ئەمە ڕۆژنامەی هەرێمە، ڕۆژنامەی لایەنێک نییە بەتەنها، هەموو شتێکی رەسمی لێ بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی «پەرلەمان» تایبەتە بە پەرلەمان، چونکە دەڵێت (نشرة رسمية الناطق بإسم البرلمان)کەواتە بە زمانی پەرلەمانەوە شت بڵاودەکاتەوە، جا ئەوە یاسا و بڕیارەکان و چالاکییەکان و دانیشتنەکانی پەرلەمانی تیادا بڵاو دەکەینەوە، خۆی لە بنەڕەتەوە بیرۆکەکە لەوە دروست بوو و، ئێمەش لە کاتی خۆیدا دارشتنەوەیەکمان هەیە بۆ ئەم ڕۆژنامەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی وقائعی کوردستانمان نەبوو، پەرلەمان شوێنی گرتەوە، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مـــەحـــمـــەد حـــەســـەن باڵتـــــە:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

وشەیەک لە چاپ دەرنەچووە، ئەویش چارەسەری ئەم گرفتە دەکات ئەویش «وتعتبر فيما بعد النشـرة الرسـمـيـة». ئێستا ماددەی نۆیەم دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حـــوســـێن عـــەلی کـــەمـــال:**

المادة العاشرة: لوزير العدل اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

مادده (١٠) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟. نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حـــســـێن عـــەلی کـــەمـــال:**

المادة الحادية عشرة: لا يعمل بأي نص أو قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

مادده (١١) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟، نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حـــســـێن عـــەلی کـــەمـــال:**

المادة الثانية عشرة: ينفذ هذا القانون....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان لێرە لە چاپ ماددەیەک نەهاتووە.

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون. ئەوە زیاد دەکرێ دەبێتە مادده (١٢).

ينفذ هذا القانون دەبێتە مادده (١٣).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية عشرة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٢) ئەوەی کە لە چاپ دەرنەچووە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون بعد ثلاثين يوماً من تاريخ نشره في جريدة البرلمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٣) چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادده (١٣). کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەی حکومەت هاتووە (بعد تسعين يوما)، ئێمە دیتمان (تسعين يوما) زۆرە لەبەرئەوە کردمان بە (ثلاثين يوما).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەنگە رای حکومەت لەبەر مەسائیلی چاپ و ئەو شتانە بێت، ئەمە مەسەلەیەکی تەکنیکیە ئێمە ناتوانین بیسەپێنین بەسەریاندا. بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک و برایان.

هەر حکومەتێک کە ڕەشنووس یان پرۆژەی یاسا پێشکەش بە دەسەڵاتی یاسادانانی خۆی دەکات بیر لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی دەکاتەوە دوای پەسەندکردنی یان دەرکردنی یاساکە بەرای من حیکمەتەک لەو (٩٠) ڕۆژەدا هەیە بۆ مەسەلەی تەکنیکی، چونکە بڕیار یان یاسا مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵام فرەهە کردنی پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی گرنگیەکەی زیاتر دەکات بۆیە من

پێشنیار دەکەم (٩٠) رۆژەکە بچەسپێ.
ئێمە نالێین لەپێش (٩٠) رۆژەکە نەکرێ، ئەگەر لەماوەی (٣٠) رۆژەکە کرا ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پێشنیارێکم هەیە بەبۆنەی ساڵی (٢٠٠٠) رۆژنامەکەش شتێکی پێویست و پیرۆزە ئەگەر ببێتە (١/١) ساڵی تازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حکومەت رازین و لەسەر ئەو پێشنیارەن، پێشنیارەکەی کاک سەعید دەخەینە دەنگدانەوە. جەنابی وەزیری ناوخۆ لەگەڵ ئەو رایەدایە. مادام وایە دەبێتە (٦٠) رۆژ. کەواتە ماددەکە بەم شێوەیە دەبێت: ینفذ هذا القانون فی ١/١/٢٠٠٠. با گفتوگۆی لەسەر بکەین. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم (١/١) پشووی رەسمییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە گرفت نییە، با (١/٢) بێت گرنگ ئەوەیە لەساڵی تازە بێت، لەوانەیە ئەو رۆژە رێکەوتی هەینیش بێت.

چ تێبینی تر هەیە لەسەر (١/١)؟.. نییە؟.. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. (ینفذ هذا القانون اعتبارا من ١/١/٢٠٠٠....

دوای ئەو پێشنیارەی کە پەسەند کرا ماددە (١٣) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

دەڕۆین بۆ خاڵی (٢) خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای باجی دەرامەت.

ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی کەرەم بکەن بۆ سەر سەکۆ.

ئەم پرۆژەیە بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٥١٦) لە ١٩٩٩/٧/٦

ناردراوه بۆ پەرلەمان بەناوی هەموارکردنی یاسا کەموکوری هەبوو ئەویش بۆیە پاشان لیژنەیەک دروست بوو بۆ بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک ئەو پرۆژەیە تەواو بوو بە هەماهەنگی لە پسپۆڕانی ئەم بوارە لەلایەن حکومەتەوە و هەروەها لیژنەی دارایی پەرلەمانیش بەشداری کرد، ئەو پرۆژەیە ناردرا بۆ پەرلەمان و ئێستا لەبەردەستتان دایەو دەخوێندرێتەوە، با لیژنەی یاسا بفەرمووێت بەلام پێشەکی با گوێمان لە رای لیژنەکان بێت.

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي للجنة

كتابكم المرقم (ك/٥٦) في ١٩٩٩/٩/١٩ لقد عرض على اللجنة القانونية مشروع قرار تعديل قانون ضريبة الدخل وبعد المناقشة ودراسة المشروع من كافة الجوانب وملاحظات المواطنين المنشورة في صحيفة (خەبات) إرتأت اللجنة إجراء اضافات والتعديلات التالية على المشروع:

١ـ تعديل الفقرة (هـ) من المشروع بحيث يصبح السماح القانوني للأولاد (٣٠٠) دينار بدلاً من (٢٠٠) دينار.

٢ـ يكون تنفيذ القرار في ٢٠٠٠/١/١ بدلاً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**اللجنة المالية والاقتصادية**

**العدد: ج/١٠**

**١٩٩٩/٩/١٩**

**الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/مشروع قرار ضريبة الدخل**

تحية واحتراماً

اجتمعت لجنتنا المالية والاقتصادية صباح هذا اليوم الموافق ١٩٩٩/٩/١٩ لدراسة ومناقشة مشروع القرار الخاص بتعديل ضريبة الدخل المحال الينا من قبلكم، وسبق للجنتنا تقديم مشروع خاص بهذا الخصوص اليكم بكتابنا المرقم(ط/٧)في ١٩٩٩/٥/١٨ وندرج ادناه توصياتنا على هذا المشروع:

١ـ درج عبارة ضريبة الدخل في بداية القرار حيث لاتوجد اية اشارة الى نوع الضريبة لكافة مواد القرار ولا في ديباجته.
٢ـ اضافة كلمة (والاقتصاد)الى عبارة (ماعرضه وزير المالية)وتصبح(ماعرضه وزير المالية والاقتصاد)وكذلك اضافة العبارة (استثناءاً من قانون ضريبة الدخل رقم(١١٣)لسنة ١٩٨٢وتعديلاته) الى نهاية الديباجة.
٣ـ المادة الأولى: يتم تغيير مبالغ السماح وتصبح كالآتي:
أـ (٣٠٠٠)ديناراً للمكلف ذاته.
ب ـ (٣٠٠٠)ديناراً لزوجته او زوجاته في حالة كونها ربة بيت.
ج ـ (٣٠٠)ديناراً عن كل ولد من اولاده مهما بلغ عددهم.
ولكم الامر.
***مع التقدير***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری ئەو بڕگانەی کە باس دەکرێت لە کاتی خۆیدا پێشنیارەکان دەخەینە روو. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی لیژنەیەک پێک هێنرا ئەو لیژنەیەش لە پسپۆڕانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجوومەنی وەزیران و زانکۆی سەلاحەدین و ئەندامانی پەرلەمان بوو. ئەندامانی پەرلەمانیش لە لیژنەی یاسای من و کاک شێروان حەیدەری تیابووین و لە لیژنەی دارایی کاک جەمیل سندی کە سەرۆکی لیژنە بوو خۆی تێدابوو لەگەڵ جەنابی شێخ یەحیا ئەو پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە رێککەوتن و راوێژ کردن و گفتوگۆکردنی ئەو لیژنەیەش پێکەوە هەموومان کۆک بووین لەسەر ئەو پرۆژەیە کە هاتووە بۆ پەرلەمان بەڵام پاش ئەوەی کاک شێروان لەرۆژنامەی خەبات بڵاوی کردەوە کە ئەوەی رای هەبێت بیدات رایەکی زۆرمان بۆ هات، ئێمە تەنها ئەو رایەمان وەرگرت ئەو پێشنیارەکە بۆ لیژنەی یاسا (٢٠٠) دینارەکە هی (اولاد) ببێتە (٣٠٠) دینار، جێبەجێ کردنەکەش ئەوە پێشنیاری ئێمەیە لە (٢٠٠٠/١/١) ئێمە لیژنەی یاسا (١٠٠٪) لەگەڵ ئەو پرۆژەیەین (شكلا وموضوعا) بێجگە لەو دوو پێشنیارەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە لە خولی پێشوو سەرۆک بارزانی لێرە چەند پێشنیارێکی خستە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، یەک لەوانە ئەم بابەتە بوو لەگەڵ بابەتی باجی دەرامەت واتا باجی دەرامەت و باجی عەقار و داوای کرد ئەو بابەتە بەڵکو دیراسەت بکرێ لەلایەن پسپۆڕانەوەو

پەرلەمـان بڕیاری لەسـەر بدات، لەسـەر ئەو بنەمـایە حکومـەت وەکـو باسم کـرد لە مـانگی (٧) نووسراوێکی بۆ ناردین پێشنیاری پڕۆژەیەکی کرد دوایی پاش گفتوگۆ کردن بەباشمان زانی ئەو لیژنەیەک دروست بکرێت و لیژنەکەش پێک هاتبوو لەم بەڕێزانە کە ئەوانەی پەرلەمان ئەو چوار برادەرە بوون:

کاک محەمەد حەسەن باڵەتە، شێروان حەیدەری، جەمیل سندی، شێخ یحیا.

لەلایەن حکومەتەوە ئەم پسپۆڕانە دەستنیشان کرابوون:

فازل نەبی عوسمان(راگری پەیمانگای تەکنیکی هەولێر)، جەلال عەبدولەتیف (بەڕێوەبەری باجی دەرامـەت)، مـەحـمـود هالۆ (بەڕێوەبەری گـشـتـی وەزارەتی دارایی و ئابووری)، یوسف مـیـرزا محـەمەد بەڕێوەبەری گشـتی لە دیوانی ئەنجوومـەنی وەزیران)، صەباح نەجەمـەدین حەمـەدەمین (بەڕێوەبەری باجی خـانووبەرەی هەولێـر)، سـەردار قـادر (پەیمانگای تەکنیکی هەولێـر)، ئازاد مـەعـروف عـەبدوڵلا (پەیمانگای تەکنیکی هەولێـر)، عـادل سالـح (بەڕێوەبەری باج لەوەزارەتی دارایی)، ئەم لیـژنەیە پاش چەند دانیـشـتـنێک پڕۆژەیەکـیـان ئامـادە کـرد و، ئەو پڕۆژەیە درا بە حکومەت بە نووسراوی تایبەتی ناردیەوە بۆ پەرلەمان و درا بە لیـژنەی تایبەت پاش خوێندنەوەی یەکـەم و ئێـسـتـا ئەو پڕۆژەیە ئامادەیە بۆ گفـتـوگـۆ کردنی هیـواداریـن ئەمـە ئەنجام بدرێت چونکە خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئەم پڕۆژانە دەکەن، جا با لیژنەی یاسا کەرەم بکات دەستی پێ بکەین.

**بەڕێز حـــوســـێن عـــەلی کــــەمـــال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تاريخ القرار

قرار

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على عرضه وزير المالية ووافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ (                ) القرار الاتي:

اولاً- يمنح الفرد المقيم السماحات الاتية عن كل سنة تقديرية على اساس حالته في سنة نجوم الدخل.

أ- (٢٠٠٠) دينار للمكلف ذاته.

ب - (٢٠٠٠) دينار لزوجته او زوجاته في حالة كونها ربة بيت وليس لها دخل او التي يدمج دخلها مع دخل زوجها.

جـ - (٢٠٠)ديناراً عن كل ولد من اولاده مهما بلغ عددهم.
د- يمنح المكلف لذاته سماحاً اضافياً مقداره (٥٠٠) دينار اذا تجاوز سن الثالثة والستين من عمره اضافة الى السماح المقرر له في الفقرة الاولى اعلاه.
ثانياً: تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب الآتية:-
أ- دخل الفرد المقيم وذلك بعد منح السماحات القانونية المنصوص عليها في الفقرة(أولاً)أعلاه:
(٥٪)لغاية (١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار.
(١٠٪)مازاد عن (١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار لغاية(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار.
(١٥٪)مازاد عن(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار لغاية(٣٠٠٠٠)ثلاثون الف دينار.
(٢٠٪)مازاد عن (٣٠٠٠٠)ثلاثون الف دينار لغاية(٤٠٠٠٠) أربعون الف دينار.
(٢٥٪)مازاد عن(٤٠٠٠٠)اربعون الف دينار لغاية(٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار.
(٣٠٪)مازاد عن(٥٠٠٠٠)خمسون الف دينار لغاية(٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.
(٤٠٪)مازاد عن(٦٠٠٠٠)ستون الف دينار لغاية(٧٥٠٠٠) خمس وسبعون الف دينار.
(٥٠٪)مازاد عن (٧٥٠٠٠)خمس وسبعون الف دينار.
ب - تفرض الضريبة على الشركات ذات المسؤولية المحدودة (الصناعية والغير الصناعية)وفق النسب التالية:
(١٠٪)لغاية (١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار .
(١٥٪)مازاد عن(١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار ولغاية(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار.
(٢٠٪)مازاد عن(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار ولغاية(٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون دينار.
(٢٥٪)مازاد عن(٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون الف دينار لغاية(٤٥٠٠٠)خمس وأربعون الف دينار.
(٣٠٪)مازاد عن(٤٥٠٠٠)خمس وأربعون الف دينار لغاية (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.
(٤٠٪)مازاد عن (٦٠٠٠٠)ستون الف دينار.
ج - تفرض الضريبة على شركات المساهمة عدا شركات القطاع المختلط (الصناعية والغير الصناعية) وفق النسب التالية:
(١٠٪)لغاية(٢٠٠٠٠)عشرون آلف دينار.
(١٥٪)مازاد عن (٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار لغاية (٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون الف دينار.
(٢٠٪)مازاد عن (٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون الف دينار لغاية(٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار.
(٢٥٪)مازاد عن (٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار لغاية (٦٥٠٠٠) خمس وستون الف دينار.
(٣٠٪)مازاد عن (٦٥٠٠٠)خمس وستون الف دينار لغاية (٨٥٠٠٠) خمس وثمانون ألف دينار.
(٤٠٪)مازاد عن (٨٥٠٠٠) خمس وثمانون ألف دينار.

د ـ تفرض ضريبة الدخل على شركات القطاع المختلط وتخضع أرباحها لنسب مئوية مقطوعة مقدارها(٢٥٪)من صافي الربح.

ثالثاً: تقدر قيمة العقار الموروث أو المتملك كما كانت قبل (٧)سنوات من تاريخ طلب تصرف الوارث أو المالك.

اذا كان قد مر على نقل ملكية العقار او حق التصرف فيه للمورث او المالك اكثر من (٧)سبع سنوات و تعتبر القيمة المقدرة على هذا الاساس كلفة على الوارث او المالك، اما اذا كانت الفقرة المذكورة تقل عن ذلك فيؤخذ عندئذ بتقدير التركات او بدل التملك او القيمة المقدرة في معاملات الهبة و التنازل والمبادلة على ان تأخذ المحدثات بنظر الاعتبار اساساً لاحتساب الربح.

رابعاً :ـ

أـ يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار او الشقة المعدة للسكن بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل المبيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكناه على وجه الاستقلال بتأريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية. ولا يعتبر تملك المكلف المذكور او زوجته او اولاده القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتأريخ البيع مانعاً للاستفادة من هذا الاعفاء، ولايتمتع بالاعفاء من تمتع بالاعفاء الوارد في البندل ادناه.

ب ـ يعفى المكلف من قطعة ارض معدة للسكن واحدة عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل المبيع، اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكنى او شقة سكنية او قطعة ارض معدة للسكن على وجه الاستقلال بتأريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

ج ـ لايستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ و ب) من هذه الفقرة إلا مرة واحدة خلال (٣) ثلاث سنوات من تأريخ البيع السابق المتمتع عنه بالاعفاء.

خامساً :ـ

تلتزم وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم بعدم اجراء اي تغيير في الضوابط المالية المعتمدة للسنة التقديرية ١٩٩٩.

سادساً :ـ

لوزارة المالية والإقتصاد في الإقليم إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القرا.

سابعاً :

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

ثامناً: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

تاسعاً: ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیێنە سەر یاساکە مادده بە مادده. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەک هەیە لە لیژنەی یاسا کە ئەم پرۆژەیە بەشێوەی یاسا دەربچێت نەک بەشێوەی بڕیار بۆئەوەی ئەو ملابەساتەی کە کاک جەمیل ئاماژەی بۆ کرد نەمێنن، بڕیار بەردەوامی هەیە و شتێکی کاتی نییە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین ئەمە بەشێوەی یاسا دەربچێت. ناوی یاساکەش ببێت بە (قانون ضريبة الدخل لإقليم كوردستان العراق). ئەو کاتەش دەبێ دەستکاری بڕگە (٧) بکەین ئەوە زیاد بکەین (يعتبر القوانين والقرارات الضريبية المعمول بها نافذة المفعول بما لا يتعارض واحكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە پێشەکی ئەو بڕیارە ببێت بە یاسای (ضريبة الدخل لإقليم كوردستان العراق). ئەگەر چ تێبینییەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا بوو بە (قانون ضريبة الدخل في إقليم كوردستان العراق).

لە دیباجەکەی لیژنەی ئابووری تێبینییان هەبوو دێری دووەم (ما عرضه وزير المالية والإقتصاد) وشە (الإقتصاد) لە چاپ کەوتووە دەبێ زیاد بکرێت.

ئێستا دێینە سەر مادده (١) فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

اولاً- يمنح الفرد المقيم السماحات الاتية عن كل سنة تقديرية على اساس حالته في سنة نجوم الدخل.

أ- (٢٠٠٠) دينار للمكلف ذاته.

ب - (٢٠٠٠) دينار لزوجته او زوجاته في حالة كونها ربة بيت وليس لها دخل او التي يدمج دخلها مع دخل زوجها.

جـ - (٢٠٠)ديناراً عن كل ولد من اولاده مهما بلغ عددهم.

د- يمنح المكلف لذاته سماحاً اضافياً مقداره (٥٠٠) دينار اذا تجاوز سن الثالثة والستين من عمره اضافة الى السماح المقرر له في الفقرة الاولى اعلاه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١) چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟. با ناونووس بکەین. یەک تێبینی هەیە ئەو ژمارانەو بڕانەی کە دانراون پسپۆڕان دایانناوە بەرپرسان لەگەڵ پسپۆڕان لەم مەیدانە هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان نەیکەین بەوەی کە سەد دینار کەم بکرێت یان زیاد بکرێت، چونکە ئەمە

حسابی بۆ کراوە، تەنها ئەوەمان لەکۆڵ بکەنەوە نەیخەنە کە زۆری لێک نەکێشنەوە.
کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت ئەو سەماحەتەی لە یاسای کۆنی مەرکەزی، یاسای ژمارە (١١٣) ئاماژە پێ بدەم. لێرە هاتووە (٢٠٠٠) دینار للمکلف ذاتە لە یاسای کۆن (١٠٠٠) دینار للمکلف ذاتە واتا (١٠٠٪) زیادمان کردووە، (٢٠٠٠) دینار للزوجە هەموارمان کردووە لە یاسای کۆن (١٠٠٠) دینار بوو للزوجە، ولک ولد (١٠٠) دینار بوو ئێمە دیسان لە پرۆژەکە سەدی سەد زیادمان کردووە بووە بە (٢٠٠)، پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە بکرێت بە (٣٠٠)، من تجاوز سن (٦٣) سنە من عمر (٣٠٠) دینار بوو کردوومانە بە (٥٠٠) دینار، ئەم جیاوازیانە لەگەڵ یاسای کۆندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا پرۆژەی پسپۆران کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش کراوە پێشنیاری (مضاعف)ی کردووە بۆ سماحات لە یاسای رەسمی ئەمە شتێکی باشە کە حکومەتی ئێمە ئاوڕ لەو خەڵکە بداتەوەو بەو شێوەیەی کە هەیە، سوپاس کاک محەمەد بۆ ئەو روونکردنەوەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای عێراقی ئیعفاکردنی مناڵەکان بەشێوەیەکی دیاری کراو هاتووە، بەڵام لێرە بەشێوەیەکی رەهایی (مطلق) هاتووە منیش لەگەڵ فیکرەکەدام بەڵام مادام ئامانجی هەر یاسایەکی باج، لە پێشدا سەپاندی دادوەرییە، مەبەستیش لە دادوەری نەک تەنیا داوەری لە نێوان هاوولاتیان بێت پێویستە دادوەری لەگەڵ حکومەتیش بکرێت، مناڵەکان ئەگەر تەمەنیان لە هەژدە ساڵ زیاتر بێت (٢٠) ساڵ بێت (٢٥) ساڵ بێت (٢٨) بێت لەوانەیە ژنی نەهێنا بێت بۆ ئیعفا بکرێت؟، پێویستە دەخلی سەربەخۆی خۆی هەبێت و ئیعفا نەکرێت، بەرای من ئەو برگەیە سنووردار (تقیید) بکەین چونکە بارودۆخی ئێمە داخوازی ئەمە دەکات بە مەرجێک تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت یانیش ئەگەر قوتابی بێت بەس تەمەنی لە (١٨) زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مادده (١) یاسای ژمارە (١٣) هەمووی یەک ماددەیە برادەران کردوویانە بەسێ برگە ئەوە گرفت نییە.

دەربارەی ژمارەکان ئەگەر بێتو بەراورد بکرێت لەگەڵ بژێوی ئەمڕۆ زۆر کەمە راستە (١٠٠٪) زیاد بووە بەڵام ئەگەر (قوەی شرائی) دینار حساب بکرێت دووجای ئەو پترە، ئەوەش کرفت نییە.
لێرە من تێبینییەکەم هەیە لەسەر برگە (ب) (٢٠٠٠) دینار لزوجتە او زوجاتە ئەو مەرجەی ئەو برادەرانە دایاننا (في حالة كونها ربة بيت) لێرە لە رۆژهەڵاتدا باوەڕ ناکەم (ذمەی مالی) لەنێوان ژن و مێردا جیاواز بێت یان سەربەخۆ بێت لەبەرئەوە ئەو مەرجە بەرای من پێویست ناکات لەلای ئێمە (ذمةي مالي) لە ژن و پیاودا یەکە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە بەم شێوەیە بێت (٢٠٠٠) دینار لزوجتە او زوجاتە. ئەمە یەک.
دوو، برادەران ئاماژەیان بۆ نەکردووە (ارملە و مطلقە) هەیە هەردووکیان منالی خۆیان بەخێو (اعالە) دەکەن، لێرەدا بۆ سماحاتیان بۆ دانەنراوە واتا بەدەر (استثناء) کراون، ئەگەر ئەم یاسایە هەموارکردنە ئەوە دەڵێین ئەمە لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٥٩) هەیە.
برگەیەکی تر ئەوەی کاک فرسەت ئاماژەی بۆ کرد زۆر پێویستە لە برگە (ج) ئەو برگەیە زیاد بکرێت (اللذين لم يتموا الثامنه عشره من عمرهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێمە هەموو جار دەڵێین کێ موداخەلەی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە ئەوەی لێرە دەنووسرێت سکرتێر دەیچەسپێنێ، ئەوە هەڵدەستێت، لە کاتی گفتوگۆ کەس زیاد ناکەین. کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی برگە (ج) کە برادەران پێشنیاریان کرد بۆئەوەی بۆ تەمەنی (١٨) ساڵ دیاری بکرێت بەرای من (١٨) بەس نییە چونکە هەندێ خێزان هەیە منالی کەم ئەندامی هەیە، لەبەرئەوە ناتوانین بە تەمەن دیاری بکەین و (٢٠٠) دینارەکە (عن كل ولد من اولاده المكلفين بإعالتهم او العاجزين عن العمل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت برگە (ج) کە (٢٠٠) دینار بۆ منالّ کەمە بەرای من (٣٠٠) دینار بێت، چونکە دوو سەد دینار بەشی کرینی شیری منالّیش ناکات (قوەی شرائی) ئێستا لەگەڵ رابردوو زۆر جیاوازی هەیە ٢٠٠دینار بکرێت بە ٣٠٠دینار و پێشنیارەکەی کاک فرسەت لە جێگای خۆیەتی کە پاش ١٨ ساڵی تەنها ئەوەی موکەلەفی پەکەوتە بێت شتێکی لەو جۆرە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕەجەب فەرموو

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوای ئەوەی بەڕێزتان ڕون کردنەوەیەکتان دا تەنهایەک پێشنیارم هەیە نڕگەی (ب) دەڵێ (٢٠٠٠ دینار لزوجهه او زوجاتە)من پێشنیار دەکەم بکرێتە (لکل زوجه من زوجاهه) لەوانەیە کەسێک دوو ژنی هەبێت یەکێک بیگرێتەوە ئەوەی تر نەی گرێتەوە ئەوە پێشنیارێکە دەیخەمە بەر دەستی ئەندامە بەڕیزەکان،سوپس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەلام کاک ڕەجەب ئەوە هاندانێکە ئەگەر ٢٠٠٠هەزار بێت ئەوە هەموو ساڵ دەی دات بە ژنێک ژنێک دێنێت ،سوپاس

کاک شێخ ڕەقیب

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە قسەم نییە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا چ ولامێکتان هەیە بۆ ئەو تێبینیانە؟فەرموون

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی بەریزان کاک فرسەت و کاک ئەمین مەولود ئاماژەیان پێکرد ئەوانە هەموو لە یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ١٩٨٣چارە کراوە ئەگەر دەتانەوێ دەقەکەی دەخوێنمەوە سەبارەت بەوانە کە لە ١٨ساڵ زیاترن یان کەمترن یان ئەوانەی کە لە خوێندن بەردەوامن و ئەوانەی بەردەوام نین و ئەوەی عاجزە وئەوەی عاجز نیە هەر هەمووی چارە کراوە ئەوە سەبارەت بە پێشنیارەکانی بەڕێزان کاک فرسەت و کاک ئەمین مەولود. کاک سەبارەت بەپێشنیارەکەی کاک د.ڕزگار بۆ دەمج،ذمەی مالیە سەربەخۆیە بۆ ژن و مێرد هەر کەس سەماحاتی خۆی وەر دەگرێ و ئەگەر تەعەددی زەوجات بوو ئەوە تەعەددودی سماحات نابێت، ئەوە سەبارەت بە جوابەکەی کاک ڕەجەبیش . سەبارەت بە ٣٠٠دینارەکەش ئەوە پێشنیاری ئێمەشە کە زۆر کەمە چونکە بەرزترینیان تاکو ٣٥٠ دینار چووە بەلام سنوری بۆ داناوە تاکو پێنج منداڵ، ئێمە ڕەهامان کردوە پێشنیاری ئێمە ٣٠٠دینارە. سەبارەت بە بێوەژن کە بەڕێز د. ڕزگار ئاماژەی بۆکرد، لێرە چارە کراوە چونکە مێرد کە مرد ئەوە بێوەژن سماحاتی خۆی وەر دەگرێ ئەویش ٢٠٠٠دینارە سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکانی لیژنەی یاسای وابزانم رووە،تیشکی خستە سەر ئەو خالانەی کە تۆزێ نادیار بوون بە تایبەتی تەمەنی یاسایی و بابەتی زوجات چ بەدوا داچونێک هەیە ، کاک سەعید یعقوبی، کاک ئەمین مولود کاک ئیبراهیم بە دوا داچونیان هەیە ، کاک سەعید ، کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبنی من لەسەر ٢٠٠٠رەکەیە سماحاتی ٢٠٠٠ سالانە واتە کولفەی مەعیشەیە ئەگەر ئافرەت بێت یان پیاو بێت واتا کولفەی ژیانی لە خواردن و جل و بەرگو خانووە ٢٠٠٠دینار کاک شێروان دەڵێ ١٠٠٪ زیاد کراوە بەڵێ ١٠٠٪ زیاد کراوە ئایە ئەگەر ١٠٠٠ ساڵی ١٩٨٠ بەراورد بکرێت لەگەڵ ١٠٠٠ ئێستا یەکە؟فەرمانبەرێک بەرزترین راتب ٢٠٠ وەر دەگرت یان کاسب کارێک کە کاری دەکرد ٣٠٠ یان ٤٠٠ دیناری ئیش دەکرد بە فەراحی بەشی دەکرد بەلام ئێستا زۆر کەمە من پێشنیار دەکەم بکرێتە ٣٠٠٠ دینار ئەوە یەک. دووەم سەبارەت بە منداڵ ٣٠٠دینار زۆر کەمە من پێشنیار دەکەم کولفەی سالانەی منداڵ□کە سەماحاتی دراوەتێ کەمە لەبەر ئەوە ئەو مانگانە بە ٣٠٠ دینار ناژێ جا سالانەش لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ببێتە ٣٠٠٠ دینار سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم باسی هەندێ لە بابەتەکانی منی کرد من زیادەیەکم دەربارەی ئەوەی مندالان هەیە دادگای شەرعی هەوەلێر کەمترین معاش کەمترین نەفەقە کە بۆ منداڵ دادەندری لە ١٠٠دینار کەمتر نیە کە دەکات ساڵێ ١٢٠٠دینار من نالێم ئەو مەبلەغە بێت بەلام بەلانی کەم ٥٠٠ دینار بێت چونکە قوەی کرین ئێستاو ئەو کات جیاوازی هەیە، و مەعاش نابێت باجی لە سەر بێت ئەو نەفەقەی کە دادەندرێ بۆ منداڵ نابێت باجی لەسەر بێت و سەد دیناریش شتێکی زۆر کەمە بۆ مندالان کە داندرایە بگرە دەبێت منداڵ هەر باجی لەسەر نەبێت بەلانی کەم ئەگەر نەش بەخشرێ بڕیارەکە بکرێتە ٥٠٠ دینار سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس.کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک شێروان ولامی دایەوە ئەوەمان کرد بەیاسا لە یاساکە هیچ دەقێک نیە ئاماژە بەوە

بکات کە ئێمە گوتومان کە ئەوی لێرە نەهاتبێت بگەڕێینەوە بۆ یاسایەکی تر

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەیە لە سەرەتا گوتی لە مادده (٧) چارەسەری ئەو بابەتەی کردوە. کاک شێروان فەرموو وەلامی بەڕێزان بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو پرۆژەمان لە هەموو رۆژنامەکەمان بلاو کردەوە کۆمەلێ رامان بۆ هاتووە هەندێ برادەر دەڵێن سماحتی زەوجە و زەوج بکرێتە ٣٠٠٠ هەزار هەندێک دەڵێن بکرێتە ٥٠٠٠ هەندێکێکی تر دەڵێن ببێتە ٦٠٠٠ هەزار بەبێ ئەوەی بابەتەکە شی بکەنەوە و دراسەتی بکەن ، کە ئەو پرۆژەیە داندرا و ئێمە بەشداریمان کر بەر ژەوەندیەکی مام ناوەند داندرا لە نێوان هاولاتیان و حکومەت ، چۆن هاولاتیان خزمەت گوزاریان لە حکومەت دەوێت بە هەمان شێوە حکومەتیش داهاتی لە وان دەوێت بەلام داهاتەکە دەبێت بە شێوەیەکی وا بێت متوازن بێت و بەرژەوەندی هەردوو لایەنی تێدا بێت من نمونەکتان بۆ دینمەوە:خاوەن تەکسیەک دەست کەوتی بە ٦٠٠٠ هەزار دینار دەخەملێندرێ بە گوێرەی یاسای کۆن ئەگەر هاتوو ١٠٠٠ خۆی سماح وەرگرێ ١٠٠٠ خێزانەکەی بێگومان دەکات ٢٠٠٠دینار ئەگەر پێنج منداڵیشی هەبێت هەر یەکەو ٢٠٠ دەکات دەکاتە ١٠٠٠ هەموو دەکاتە ٣٠٠٠ دینار لێرەدا خاوەن تەکسیەکە ٣٠٠٠ دینار سماحات وەر دەگرێ، کەچی هەمان خاوەن تەکسی لە پرۆژەی ئێستادا ٢٠٠٠ خۆی سەماحات وەردەگر و خێزانەکەشی ٢٠٠٠ و ئەگەر پێنج منداڵیشی هەبێت ئەوە ١٥٠٠ دینار واتا ٥٥٠٠دینار سماحات وەردەگرێت واتا تەنها ٥٠٠ دینار باج دەی گرێتەوە کە باجەکەی دەکات ٢٥دینار من حەز دەکەنم برادەران بەو شێوەیە بچنە ناو بابەتەکەوە کە خاوەن تەکسی توێژێکی زۆر پێک دێن لەوانەی کە باج دەدەن، وەهەر وەها سەبارەت بە توێژەکانی تر، ئێمە کردوومانەتە ٢٠٠٠ دینار و ٢٠٠٪مان زیاد کردوە ئەو رێژانەمان لەبەر چاو گرتووە، ئەوەی کاک ئەمینیش ئاماژەی بۆ کرد ئەوە لە مادده (١٢) برِگەی (٣) ئەگەر کاک ئەمین مەولود لە یاسای ژمارە (١٣) بخوێندرێتەوە چارە سەری لەوێ هاتووە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێروان، جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەگەر تێبینی هەیە

**بەڕێز فازل میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبێ تردید هەر پەرلەمانێک هەر نوێنەری میللەتێکی هەڵبژێردراو چ راستەو خۆ چ بە هۆی لیست یەکێک لە ئەرکەکانی سەرەکی ئەوەیە کە بەرگی لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە بکات کە دەنگیان پێداوە، وەکو ئەو بەڕێزانەی لێرە کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن. بنەمایەک هەیە موازەنە لە

نێوان ئەرک و ماف ، ئێمە هاولاتی ئەم کوردستانەین چۆن داوای ماف دەکەین دەبێت بیر لە ئەرکەکانیش بکەینەوە ئەولەویات هەیە ئەولەویاتی کەسی هەیە ئەولەویاتی گشتی هەیە، لەیاساکانی تایبەت مەند ئەولەویەت دەدرێ بە ئەولەویاتی کەسی ، بۆ نمونە بیر لەوە دەکاتەوە چەند سماحات زیاد بکرێت ، بە دیدی من وەکو نوێنەری حکومەت و هەموومان نوێنەری میللەتی خۆمانین ئەولەویەتێکی جەمعی هەیە ئەویش ئەولەویەتی بەردەوام بوونی ئەو کیانە میللەیە کە هەموومان ئەمرۆ لە بوونیدا داوای پێشەوە بردنی ئەولەویەتی کەسیش دەکەین بەبێ بوونی ئەو کیانە بەبێ بەردەوام بوونی ئەو کیانە ناتواندرێ دەسکەوتی کەسیش وەدەست بێنیت،لێرەدا من پێم رەوایە یان من پێم رەواترە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری کیانەکە بن و نوێنەری خەڵکەکەش بن،چونکە کیان بۆ خەڵکە و خەڵک کیان دادەمەزرێنێ،ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم سوپاس بۆ خواو بۆ خەڵکی هەرێم ئەوە حەوتەمین ساڵە بەردەوامین لە بەرێوەبردنی خۆمان ،بە بودجەیەکی کەم ئەم ساڵ بە بودجەیەکی زۆر ساڵی رابردوو، بەلام لە هەموو گرنگ تر بەردەوام بوونی ئێمەیە،چونکە ناکرێ ئێمە کیانەکی کاتی بین ساڵێک پێنج ملیون دۆلارمان هەبێت و ساڵێکی تر رابوەستین، بۆیە ئەوەلەویەت دەبێت بە بەردەوام بونەکە بدرێت چونکە میللەتی ئێمە کیانەکی بەردەوامی دەوێت بە هەموو کەم کوردەکانیەوە نەک کیانێکی دەوڵەمەند بەلام کاتی بۆ یەک دوو ساڵ. لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی گفتو گۆ بۆ ئەوەی هەر وەک جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بۆ کرد دوو لە گفتوگۆی یان بۆچونی کەسی بۆ ئەو ماوەیە ئەو پرۆژەیە دوا کەوت؟ تا تێرو تەسەڵ گفتوگۆی بکرێت و نەک تەنها لەلایەن حکومەت و پەرلەمانەوە بەڵکو لەلایەن پسپۆران و توێژی جۆراو جۆری میللەتەکەمان ، بۆیە لە رۆژنامەکان بلاو کرایەوە رای توێژەرەوەکانی لەسەر بلاو کرایەوە ئەوجا کاکلەکەی هاتووە دراوە بە کۆمەلێ کەسی پسپۆر لە پەرلەمان لە حکومەت و لە خاوەن تایبەت مەندیەکان و پوختەکەی ئەمەیە، ئەونمونەی کاک شێروان حەیدەری ئاماژەی بۆ کرد یەکێ لە نمونەکانە و زۆریش زیندوە و توێژێکی زۆریش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارە بە گشتی دەخەمە بەر چاوی بەرێزتان کە پێمان باشە لە تاودانێکی ئابووری باشدا بژین کە ئێمە ئەرگ هاولاتی خۆمان بکەینە سفر، بەلام پرسیارێک لە ولاتێکی دوونیادا هەیە هاولاتی باج نەدات؟ نیە،بانمونەیەک بێنینەوە لە سیستەمی یەک جەمسەردیدا ئەمرۆ ولاتە یەک گرتوەکانی ئەمەریکا یەکەمین هێزە لە جیهاندا تەنهاو تەنها سەرچاوەی واریداتی ئەمەریکا باجە، نە کۆمپانیای فرۆکەوانی هەیە نە نەوت هی حکومەتە نە هێلی شەمەندەفەر هی حکومەتە نە کۆمپانیاکانی گواستنەوەی زەوی و ئاوی و ئاسمانی هی حکومەتە تەنهاو تەنها حکومەت طابع و بەریدی هەیە زائیدەن باجی داهات و جۆرەکانی باج، ئێمە کیانێکین پێویستیمان بە پشتوانی میللەتی خۆمان هەیە میللەتی ئێمە پشتوانی کردین بە خوێن و بە ماڵ بۆ دامەزراندنی کیانێک و بەردەوام بوونی، لەبەر ئەوە ئێمە نابێت لەمرۆ پێداویستی بەردەوام بوونی ئەو کیانە لە بەر چاو نەگرین حەتا ئەگەر لە یەکێ لە بوارەکانی ژیان کاهلی هاولاتیش گران بکات کە بەدیدی من

گرانتر نیه له سالانی رابردووی پێش دامەزراندنی کیانەکە سوپاس بۆ خوا و خۆش بەختین بەوەی کە رۆژبە رۆژ کاهیلی هاولاتی ئێمە لە سوک بوون دایە، ئێمە هەموومان ئاواتمان ئەوەیە کە ئەو کاهلە ئێکجار سوک بکەین بەلام ناکرێ ئێمە تووشی حساباتی هەڵەبین ،لە حەسمەکاندا بێین بلێین ئێمە $ ئەوکات دیناری ئەو کات ۳$بووە بەلام ئیمە بێین ئەمرۆش ئەو حەسمەی ئێمە دەی دەین ناکرێ ئێمە بە دۆلار بەراوردی بکەین ، ئێمە بەپێی واریداتی خەڵکی خۆمان سەماحاتەکان ۱۰۰٪بووە ، ئەگەر ئێمە حسابێکی وا سەر پێیی بکەین لە دوای حەسمەکان سماحاتەکان٦٢٪داشکێندراوە بۆ پیشە ٧٠٪ داشکێندراوە بۆ عەقار ٨٠٪ کەم کراوەتەوە ئەوەش بە هەموو حسابیک لە دوونیادا کە واریداتی بەر چاو و سابتی نیە واریداتی ئێمە بێچگە لەمانە واریداتی خۆمان تەحەکمی تێدا ناکەین بگرە هۆکاری بابەتی زیاتر لە هۆکاری زاتی تەحەکمی تێدا دەکات ئێمە نابێ بەلانی کە بەردەوەم بوونی ئەوکیانە بە حکومەت و پەرلەمانەوە لە بەر چاو بگرین؟لە حالەتێک کە تەحەکمی بارودۆخی بابەتی زیاتر بوو لە بارو دۆخی زاتی ،ئەگەر ئێمە راوەرگرتنێکی میللەتی خۆمان بکەین ئەو خەڵکانەی کە ئێوەی بەرێز نوێنەریانن من بە دیدەکی رەهاوە دەڵێم دەڵێن ئێمە ئامادەینە کە ئەوەکیانە بمێنێ و بەردەوام بێت با کاهیلی ئێمەش گرانتر بێت لە و رادەیەی کە لە باردایە(لایکلف الله نفساً الا وسعها) ئەوە بەدواداچونێکی زیاتر نەتەوەیی بوو لەوەی حکومەتی بوویێت ئەوە یەک دووەم من پێم باش نیە ئێمە بەرەو سالی دوو هەزار دەچین ئێمە باسی ئەوە بکەین کە نابێ لە رۆژهەلات ئافرەت زمەتی هەبێت یان ئابووری هەبێت یان سەربەخۆیی دارایی هەبێت من دەڵێم ئێمە لە لایەک داوای یەکسانی دەکەین لەلایەک داوای عەدالەتی کۆمەلایەتی دەکەین لەلایەک داوای مافی ئافرەتی سیاسی و کۆمەلایەتی دەکەین ئەو ئافرەتەی کە مافی هەبێت کە ببێت بە ئەندازیار و دکتۆرە و بە بازرگان و ببێ بە مقاول و خاوەن کار دەبێت سەربەخۆیی داراییشی هەبێت ،ئیستاش خۆش بەختانە لە کۆمەڵگایی کوردەواریماندا ئافرەتیکی زۆرمان هەیە ،باجی داهات بە حوکمی پیشەکەی باجی خۆی هەیە جا چ زمەتی مالی بۆ دابندرێ یان نا چونکە داهاتی سەربەخۆی هەیە و مووچەکەی ناچێتە سەر موچەی مێردی خۆی قائمەی راتبی خۆی هەیە خۆی لاپەری تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت ئێمە دەبێ ئاواتمان ئەوە بێت کە داهاتووەکی باشی بۆ فەراهەم بکەین ئەوەش بە دیدی من لە گرفتەکان کەم دەکاتەوە و دەوری ئافرەت بەدیار دێخیت، سەبارەت بە منداڵیش لە دونیاش هەتا ئەوانەی دەگەنە ١٨ سالی کە سەر بە خۆیی داراییان هەیە ئەگەر لە ژێر دەستی جێزانەکەیدابێت بەو هۆیانە بێت کەم کەم ئەندامی و شێتاتی کە هەر کەم ئەندامی دەی گرێتەوە یانیش بەردەوام بوون لە سەر خوێندن ئەمانە هەموو تەمەنێکی دیاریان بۆ دانەناوە ئێستاش لە ئەمەریکا ئەگەر کەسێک تەمەتی ٢٠ سالْ بێت ئەوە لە کۆلێژیش دەخوێنێ و لە ضمنی ئیعالەی خێزانە ئەو سەماحاتە بۆ دایک و باوکی حساب دەکرێت تەکالیفی خوێندنی دەچێتە سەرێ چونکە لێرە خوێندن بەلاشە ئەگەر بەلاش نەبا ئێمە دەبایە تێچونی خوێندنی ئەو قوتابیە لە سەر دایک و

باوکی له ضمنی سماخات بابێکی ترمان بۆ بکردباوه سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ بۆ ئەو روون کردنەوەیە، کاک جەمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێز و پێزانین بۆ لیژنەی یاسا هەروەها زۆر ڕێزم بۆ جەنابی فاضل میرانی وەزیری ناوخۆ کە باسی ڕێژەیان کرد کە ١٠٠٪ ڕێژەی سماحات زیادی کردوە یان بە ڕێژەی جیاجیا زیاد بووە، ئەوە بەشێوەیەکە نەک بەشێوەی هێزی کردینە ئەگەر تەمەشای ژمارەکان بکەین،کاتێ ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسا دانیشتین تەمەشایی هێزی کرینی حقیقیمان کرد کە نرخی $ چەند بووە ئێستا چەندە کە ئەو کات٣١٠فلس بوو ئێستا بووەتە ١٨دینا رو ربعێک پێویستە هەروەک جەنابی وەزیری ناوخۆش باسی کرد دەبێت ئێمە چاویشمان لە گەنجینەش بێت لەو ڕێژەیە هێزی کرینی دۆلارو دیناریش یان هی زێری ٩٥٪مان بۆ بەرژەوەندی گەنجینە بەجێ هێشت تەنها ٥٪لە بەرژەوەندی هاولاتیان بەجێ هێشتووە ، ئەو ڕێژانەمان دانا و دەرکەوت کە ڕێژەی سەماحات بۆ پیاوێک ببێتە ٣٠٠٠ دینار و هەروەها سەماح بۆ ژنەکەی ببێتە ٣٠٠٠دینار چونکە ئێمە تەمەشایی هێزی کرینی حەقیقی، مەبەست لەو یاسایە چیە کە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەک پرۆژەیەک ناردویەتی مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە کاهلی زەریبی لە سەر هاولاتی یەکجار کەم ببێت،کە لەو پرۆژەدا هاتووە ئەگەر هەر ئەوها بمێنێتن یان ئێمە تەنها ١٠٠دینار بکەینە ٢٠٠دینار ئەوە هیچ گۆڕانی گەورە ناکرێ ئەوگۆڕانە کەکراوە ٩٥٪لە بەرژەوەندی گەنجینە تەنها ٥٪یان کەمتر لەو ڕێژەیە کە هەندەجار دەبێتە ٤٪ش ئەگەر بمانەوێ لە بەرژەوەندی هاولاتی دابێت ئەوە دەبێت هەزار دینار ببێتە سێ هەزار دینار ،بەڕێز شێروان حەیدەری باسی سایەقی بەکسی کرد کە داهاتەکەی ٦٠٠٠دینارە زەوابتی وەزارەتی دارایی سالانەیە بۆ ئەو سالەیە بۆ سالی ١٩٩٩ سالی٢٠٠٠ وەزارەتی دارایی مافی خۆیەتی زەوابتی نوێ بەپێی هێزی کرین و بەپێی بازاری نوێ و بەپێی قازانجی نوێی ئەوکاتە چ ماددەک قازانجی زۆرە چ پیشەک ڕەواجی زۆر ترە سالانە ئەوە دەگۆڕدرێت،لیژنەی یاسا پێشنیاری خۆی واداناوە کە لە ٢٠٠٠/١/١ جێبەجێ بکرێت ئەوکاتە وەزارەت زەوابتی دەگۆڕێت و ئێمە ئو مافەمان نیە کە ئەوە بسەپێنینە سەر وەزارەتی دارایی تاکوو زەوابتی خۆی بگۆڕێت چونکە ئەوە سالانەیە زەوابتی وەزارەتی دارایی ئەمساڵ تەنها تا کۆتایی ١٩٩٩/١٢/٣١ەلەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم و سوریشم لە سەر پێشنیارەکەم کە ١٠٠٠دینار سەماحات بکرێتە ٣٠٠٠دینار بۆ پیاوان و بۆ ژنەکەشی بەهەمان شێوە و بۆ منداڵیش وەک لیژنەی یاساش لەگەڵماندایە کەببێتە ٣٠٠دینار ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو بابەتە بەدرێژی باس کرا ،بابەتی سماحات باش باس کرا،لەسەرەتاوە گوتمان ڕەوا نیە

کە پێشێلی هەندێ زەوابت بکەین کە پسپۆران باسیان کردوە ، کاک جەمیل خۆی ئەندامی ئەولێژنەیەبووە کە ئەو پرۆژەی ناردوەم بۆ ئێرە و ئەندامی لێژنەی دارایشە لە پەرلەمان برادەرانیتریش هاوکاریەکی باشیان کرد لە گفتوگۆکرنی ئەو بابەتە ئەو بەراوردانەی کە بۆ دۆلار و دینار دەکریت ئەوەلە جێگای خۆی نیە لە ولاتی تر هەیە جیاوا لە نێوانیاندا زۆر زۆرە هەر کەسەو دەبێ بە پێی توانای خۆی بێت (بەقەدەر بەرەکەی خۆی پێی رابکێشێ)ئێمە ئەمرۆ واقعێکمان هەیە لە کوردستان و پارچەیەکێن لەم عێراقە بۆ بەراوردی ئەوە ناکەن ؟هەروەک زۆرتان باستان کرد کە پارچەیەکن لەو عێراقە یاسای ژمارە ۱۱۳ تاکو ئێستا لە عێراق کاری پێ دەکرێت ووا ئێستا ئێمە هەموارمان کردوە ئێمە ۱۰۰٪ زیادمان کردوە واتا ۱۰۰٪ سەماحاتمان زیاد کردوە جیاوازی نێوان پارەی سویسری و چاپیش ۱۰۰٪ زیاترە بۆیە لە راستیدا حەقە بە چاوێکی بابەتیانە سەیری باری ئابووری خۆمان بکەین و باسی سەماحات بکەین لە بەرژەوەندی ئێمەیە من لە سەرەتاوە گوتم و ئیشارەتێکم بەئێوەی بەرێز دا تکایە مەمان خەنە ناو ئەو درێژ کردنەوە چونکە درێژکردنەوەو رێژەو ژمارەکانی کەسانی پسپۆر داناوە بۆ نمونە مستەوای مەعیشی باشە مستەوای معیشی مستەوای ئێمە هەزارجار فەرقی هەیە لەگەڵ بەغدا فەرمانبەرێک ئێستا لە بەغدا بەقەدەری نزمترین کەس وەردەکرێت ئەگەر بەراوردی مستوای مەعیشە بکەین ،ئەوان ئازوقە لە un وەر دەگرن وئێمەش وەری دەگرین، بۆیە ئەبێ وەکو ئەندامی پەرلەمان دەبێ ئەو بابەتانە قوڵتر لێی بکۆڵنەوە بابەتیانە سەیری سەماحات بکەن سەیری ئەو رێژەیە بکەن، ئەگەر بگەینە ئەو بەراوردە لە راستیدا توشی اشتباە دەبین، باشە بەراوردی دیناری چاپی عێراقی ودیناری سویسری بکەن، ئەوەی ئێستا ۲۰۰۰۰ دینار سەماحی هەیە بیکە بە سویسری فی ۱۰۰ دەکاتە ۲۰۰۰۰۰ دینار، باشە داهاتی کام فەرمانبەر لە عێراق ۲۰۰۰۰۰ دینارە؟بۆیە دەبێت بابەتیانە سەریری بابەتەکە بکەین ، لەبەر ئەوە ئەو برادەرانەی کە پێشنیاریان هەیە و سورن لەسەر پێشنیارەکانیان دەیخەینە دەنگ دانەوە.بەلام رەچاوی ئەو بارە بکەن. فەرموو کاک فرسەت تێبینیەکی هەیە.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوی مداخەلەیەک بکەم لەسەر دوو خاڵ رابوەستم ، بەبێ برادەران باش بزانن کە یاسای باجی دەرامەت پێش ئەو هەموار کردنە یاسای دەوڵەتێکی زەنگین ،خاوەن نەفت بوو،ئێمە نەفتمان نیە ونەکشتوکاڵمان هەیە نە پیشەسازیمان هیە، دەبێ ئەو راستیە باش بزانن کە داهاتی تەنها و تەنها باجە، ئەوە یەک.

دوو،برادەران پشت بە هەڵەیەکی شایع دەکەن ، دێن باسی دۆلار و دینار دەکەن ، منیش حەز دەکەم بەرژەوەندی هاولاتیان بپارێزم ، بەلام جیاوازی نێوان دۆلارو دینار سەبارەت بە حکومەتیش گۆراوە بۆ نمونە ئەگەر حکومەتی ئێمە جاران ۲۰ دیناری وەرگرتبا دەی کرد ...$

ئێستا ٢٠ دینار وەربگرێ بەرامبەر ١$ە پێویستە ئەو راستیە لە یاد نەکەین، واتا بە یەک چاو سەری بابەت نکەین و بەدوو چاو سەریری بابەتەکە بکەین ، یاسای باج بۆ عەدالەتە و بۆ چالاک کردنی باری ئابووریە و یان فەلسەفەی حکومەتە.ئەگەر هاتوو هەموویان لێک بدەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ باری خۆمان کە هیچ داهاتەکمان نیە ، بەراستی خەڵکیش پرسیار دەکات ، دونیایەک پێشمەرگەمان هەیە رۆژانە ١٠ شەهید دەدەی جا چ بارامبەر بە پەپەکە چ بەرامبەر کەسانی تر، بۆ نمونە ئەو شەهیدانە موچەیان دەویت داوا لە من دەکرێ هاوکاری بکەم و ناتوانم بچمە حاجی ئۆمەران بەلام دەتوانم باج بدەم ،لەهەموو دونیا دوو توێژ هەیە توێژێک ولات ئاوەدان دەکاتەوە توێژەکەی تر ولات دەپرێزێ ئەو خەڵکێک هەیە ئەو توێژە دەپارێزێت ، پێویستە لەسەر خەڵکی تر کە هاوکاری لە ئاوەدان کردنەوە و پارێزگاری کردنی ئەو هەوڵەو ئەو ئەزموونە بکات،گۆرینی باجێک و سەماح ٢٠٠دینار کە ئەو ٢٠٠دینارە باج بەی گرێتەوە نەک ٢٠٠دینار لە باجەکە بێتە خواری دەبێت ئەو راستیە بزانین ، واتا ٢٠٠دینار لەضمنی باجەکە نیە سەماحی لەسەرە یان سەماحی لە سەر نیە بابەتەکە بەرای من ئەوەندە هێنان و بردنەی پێناوێ ، سوپاس.

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن: زۆر سوپاس،با پێشنیارەکان کورت بکەینەوە ئەو برادەرانەی کە پێشنیاریان کردوە، پێشنیارێک هەیە کە بکرێتە ٢٠٠٠ دینار ئەگەر سورە لە سەر پێشنیارەکەی دەیخەینە دەنگ دانەوە، کاک جەمیل سورە لەسەر پێشنیارەکەی دەیخەینە دەنگ دانەوە ، پێشنیار دەکات سەماحەکە بکرێت بە ٣٠٠٠ دینار کێ لەگەڵئەو پێشنیارەیکە؟ سوپاستان دەکەین ، لەگەڵ نیە؟بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا، سوپاس.پێشنیارێکی تر هەیە بابەتی منداڵ وابزانم کاک شێروان روونی کردوە و جەنابی وەزیریش تیشکی خستە سەر،لە یاسا بابەتی منداڵ چارە کراوە جا چ لە سەر خێزان بێت یان نا روون کراوەتەوە پێویست ناکات ئێمە بچینە ناو بابەتێک کە یاسا چارەی کردبێت ج ئەو برادەرەی سورە لەسەر پێشنیارەکەی دەیخەینە دەنگ دانەوە، کاک سەعید فەرموو.

**بەرێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە منداڵ پێشنیارەکە پێشنیاری من ... دەڵێم دادگا نەفەقە بۆ منداڵ دادەنێ بەلانی کە مانگانە ١٠٠دیناری بۆ دەبڕێتەوە ساڵانە دەکات ١٢٠٠ دینار پێشنیارەکەم ئەوەیە لە باتی ٢٠٠ دینار با ٥٠٠ دینار بێت سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید کە دادگا شتێک دادەنێت بۆ ژیانی ئەو منداڵەیە سەماح مانای ژیان نیە منداڵ لە دەخلی دایکیشی دەخوات لە دەخلی باوکیشی دەخوات و ئازوقە لە unوەر دەکرێت ، مانای ئەوە نیە کە بەو سەماحە ئەموو ژیانی دابین بکات لە هەموو دونیا کەباج داندرا جۆرێک سەماحات هەیە مرۆڤ بەو سەماحەتانە نا ژی خەڵک داهاتی هەیە بەو داهاتە دەژی واتا سەماحاتی داهات

سەرچاوەی ژیانی نیە، بەشێکە بۆ بەهێز کرینی داهاتی ئینسان ، بۆیە کەس ناتوانێ بە ۲۰۰ دینار بژێ و لە هەموو ولاتێکی پێشکەوتوش کە لەسەر یاسای باج دەژین و لەوێش سەماحات هەیە بەلام سەماحات نابێتە داهاتی مرۆڤ،داهاتی مرۆڤ ئەوەیە کە سالانە بەجۆرێ لە جۆرەکان ژیان بەدەستی دێنێت،بۆیە ئەو بابەتە ئەگەر کاک سەعید سورە لەسەری، ئەوە دەیخەینە دەنگ دانەوە،کاک سەعید پێشنیار دەکات ئەوەی منداڵ بکرێت بە ۵۰۰ دینار کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند نەکرا سوپاس. پێشنیارێک هەبوو سەبارەت بە داهاتی ئافرەت کە دەمج نەکرێ وابزانم جەنابی وەزیر روونی کردەوە،لە راستیدا ئێمە لە کۆمەڵگایەکین ئافرەت داهاتی تایبەتی خۆی هەیە کاک د. فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەد لە سەد بۆچوونەکەی کاک فاضل پەسەند دەکەم، من وام نەگوتووە من دەڵێم دوو هەزار دینار لزوجتە او زوجە کافیەو ئەوانەی دی زیادەیە واتا ئەو شەرتانە زیادن .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی لەگەڵ ئەو رایەی (۲۰۰۰) هەزارەکە بمێنێتەوە، باشە مادەم وایە ئەوە تەواو وابزانم ئەو پێشنیارانەی کە کرا بەو شێوەیە روونە واتە ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، چ تێبینی تر نییە؟.. ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەی کاک جەمیل ئاماژەی بەدوو خاڵ کرد، پێویستە لێرە وەڵامی بدرێتەوە یەک باسی بەرزەفتیەکانی دارایی کرد، وەزیری دارایی پابەندە وەدەسەڵاتی خۆیەتی بەرزەفتی دارایی سالانە بەگوێرەی هەل ومەرجی ئابووری ساڵی(۹۹)دەردەکات بۆ(۲۰۰۰)بەگوێرەی هەل ومەرجی ئابووری و دارایی ساڵی(۲۰۰۰)دەردەکات لە هەموو عێراقیش وەزیری دارایی وئابووری مخەووەلە بۆدانانی بەرزەفتیەکان کە بۆ ساڵی(۲۰۰۰)ی ئایندە کە دەڵێن لە ۱/۱/۲۰۰۰ کاری پێ بکرێت لەبەر حساباتی دارایی یەک، دووەمینیش عەدالەتی تێدایە بۆ لەساڵی (۹۹)هەندێ کەس باجیان پاکتاو(تەصفیە) کردووە ومەشمول نابن بەوە لەکاتێکیش کەتصدیق کرا ئەوانەی کە بێبەری دەبن، بۆیە ئەگەر بووە ۱/۱/۲۰۰۰ لە ناحیەی حسابی هەموو وەکی یەکتریان لێدێت بۆیە دەبێ باجی ساڵی(۹۹)بدرێت و نەمێنێتەوە لە ۱/۱/ وەباجی تازەی دەبێت ،چونکە عەدالەتی تێدایە بۆیە ئەو مێژووەمان دانا و لە (۱/۱/۲۰۰۰)ە وەکاری پێدەکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان یاساکە روونە یەکەم هەر ئەبێت لە ۱/۱/۲۰۰۰ە وە بێت چونکە ساڵی(۹۹)وا

تەواو ئەبێت ،دوو وەزیری دارایی و ئابووریش بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات بەڵام ئەو ڕێنماییانە نابێ لە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە دەرچێت ئەگەر پێویستی بەگۆڕانکاری ژمارە وڕێژە هەبێت زۆر ئاسانە پێشنیارێک وەکو ئێستا پێشنیاری کردووە وە بەوە قانونی ضریبەی بۆ هەموار کراوەتەوە، وا بزانم ئەوە قابیلی گفتوگۆ نییە ئەم مەسەلە ئەخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ثانيا : تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب الاتية :

أ ـدخل الفرد المقيم وذلك بعد منح السماحات القانونية المنصوص عليها في الفقرة (اولا) اعلاه.

(٥٪) لغاية (١٠٠٠٠)عشرة الاف ديناراً.

(١٠٪) مازاد عن (١٠٠٠٠) عشرة الف دينار ولغاية (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار.

(١٥٪) مازاد عن (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار ولغاية (٢٠٠٠٠) ثلاثون الف دينار.

(٢٠٪) مازاد عن (٣٠٠٠٠) ثلاثون الف دينار ولغاية (٤٠٠٠٠) اربعون الف دينار.

(٢٥٪) مازاد عن (٤٠٠٠٠) اربعون الف دينار ولغاية (٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار.

(٣٠٪) مازاد عن (٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار ولغاية (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

(٤٠٪) مازاد عن (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار ولغاية (٧٥٠٠٠) خمسة وسبعون الف دينار.

(٥٠٪) مازاد عن (٧٥٠٠٠) خمس وسبعون الف دينار.

ب ـ تفرض الصريبة على الشركات ذات المسؤولية المحدودة (الصناعيةوالغير الصناعية) وفق النسب التالية :

(١٠٪) لغاية (١٠٠٠٠)عشرة الاف ديناراً.

(١٥٪) مازاد عن (١٠٠٠٠) عشرة الف دينار ولغاية (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار.

(٢٠٪) مازاد عن (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار ولغاية (٣٥٠٠٠) خمس وثلاثون الف دينار.

(٢٥٪) مازاد عن (٣٥٠٠٠) خمس و ثلا ون الف دينار ولغاية (٤٥٠٠٠) خمس و اربعون الف دينار.

(٣٠٪) مازاد عن (٤٥٠٠٠) خمس واربعون الف دينار ولغاية (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

(٤٠٪) مازاد عن (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

جـ ـ تفرض الضريبة على الشركات المساهمة عدا شركات القطاع المختلط (الصناعية والغير الصناعية) وفق النسب الاتية :

(١٠٪) لغاية (٠٠٠ ٢٠) عشرون الاف ديناراً.
(١٥٪) مازاد عن (٠٠٠ ٢٠) عشرون الف دينار ولغاية (٠٠٠ ٣٥) خمس وثلاثون الف دينار.
(٢٠٪) مازاد عن (٠٠٠ ٣٥) خمس وثلاثون الف دينار ولغاية (٠٠٠ ٥٠) خمسون الف دينار.
(٢٥٪) مازاد عن (٠٠٠ ٥٠) خمسون الف دينار ولغاية (٠٠٠ ٦٥) خمس وستون الف دينار.
(٣٠٪) مازاد عن (٠٠٠ ٦٥) خمس وستون الف دينار ولغاية (٠٠٠ ٨٥) خمس وثمانون الف دينار.
(٤٠٪) مازاد عن (٠٠٠ ٨٥) خمس وثمانون الف دينار.

د - تفرض ضريبة الدخل على شركات القطاع المختلط وتخضع ارباحها لنسب مئوية مقطوعة مقدارها (٢٥٪) من صافي الربح.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ثالثا: تقدر قيمة العقار الموروث او المتملك كما كانت قبل (٧) سبع سنوات من تاريخ طلب تصرف الوارث او المالك اذا كان قد مر على نقل ملكية العقار او حق التصرف للمورث او المالك اكثر من (٧) سنوات وتعتبر القيمة المقدرة على هذا الاساس كلفة على الوارث او المالك اما اذا كانت الفقرة المذكورة تقل عن ذلك فيؤخذ عندئذ بتقدير التركات او بدل التملك او القيمة المقدرة في معاملات الهبة والتنازل او المبادلة على ان تأخذ المحدثات بنظر الاعتبار اساسا لاحتساب الربح.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ثالثاً هەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

رابعا:

أ- يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار او الشقة المعدة للسكن بالبيع او باي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل المبيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكناه على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

ولايعتبر تملك المكلف المذكور او زوجته او اولاده القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعا للاستفادة من هذا الاعفاء ولايتمتع بالاعفاء من تمتع بالاعفاء الوارد في البند ادناه.

ب ـ يعفى المكلف من قطعة ارض معدة للسكن واحدة عند نقل ملكيتها بالبيع او باي طريقة من طرق نقل المكلية مهما بلغ بدل المبيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكني او شقة سكنية او قطعة ارض معدة للسكنى على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

جـ ـ لايستفيد من الاعفاء الوارد في (أ و ب) من هذا الفقرة إلا مرة واحدة خلال (٣) ثلاث سنوات من تاريخ البيع السابق المتمتع عنه بالاعفاء .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ئەم برگەی(رابعاً) هەیە؟ باناونوسی برادەران بکەین، کاک ئیبراهیم سەعید، مامۆستا مەلا تاهیر، کاک د.رزگار، کەسی تر نییە؟ مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زەین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیەکەی من لەسەر ئەوەیە کە ئەمەتان لە بریار دەرکردوکرتان بە یاسای (ضريبه الدخل فی اقليم كوردستان العراق )بە ماددەی یەکەم دەستان پێکردو بە اولاً وثانیاً و ثالثاً ورابعاً بەسەردا رۆیشتن هەقە بکرێ بە مەوادو ئینجاهەندێ دارشتنەوەو هەندێ راست کردنەوەشی ئەوێ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا ئەوە عادەتەن لە کاتی دارشتن لای خۆتان ئەکرێت ئێستا ئەمە روونە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە پرسیارێکم هەیە لە برگە(أ)دەڵێت ئەگەر خانوەکت هەبێ وەکۆمەڵێک (قطعەی سەکەنی)ئەگەر پارچە زەویەکە بفرۆشی ئەوە ئیعفا دەبێ کە چەند پارەچە زەویت هەبێ لە برگەی(ب)ئەگەر دوو پارچە زەویت هەبێت یەکێکیان بفرۆشی ئەوە باج دەیگرێتەوە ئەوی تر ئەگەر(١٠)پارچە زەوی وخانوویەکی هەبێت خانووەکەت فرۆشت هەمووی لێبوردنی گشتی دەیگرێتەوە بەینما لە حالەتی(ب)پارچە زەویەک یان خانوویەک یان دوو پارچەت هەبێ پارچەیەکیان بفرۆشی ئەوی تر ئەو سماحاتە دەیگرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی یاسا دوایی روونی دەکەنەوە بۆتان سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا من تێبینیەکم هەیە لەسەرمنالانی قاصرین ئەوانەی کە ئەو نەخۆشیانەی کەعیلاجیان نییە (العاهات المستدیمە)جا بەدەنی یاخود عقلی کە ئەوە بەردەوام بێت پێویستیان بە خزمەت و صرف هەیە من پێشنیار دەکەم لەبارەی مرۆڤیەوە ئەو ئەولادی قاصرینەی تێیدا نەمێنێت هەتاکو مشمول نەبێت بەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.رزگار لیژنەی یاسا ئەوەی کاک ئیبراهیم سەعید نەوعە جیاوازیەک هەیە لەبەینی(أ)و(ب)ئەگەر روونی کەیەوە بۆیان.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

فقرة -أ- یعفی المکلف من ضریبة الدخل عن نقل ملکیة الدار او الشقة المعدة للسکن بالبیع او بای طریقة من طرق نقل الملکیة مهما بلغ بدل المبیع اذا لم یکن لمالکها او زوجته او اولاده القاصرین دار سکن او شقة سکنیة صالحة لسکناه علی وجه الاستقلال بتاریخ البیع فی محل اقامته الاعتیادیة.. ئەوە روونە هیچ گرفتی تێدا نییە، یەعنی خانوویەک یان شوقەیەک بیفرۆشێ چیتر نەبێت لە محلی ئیقامەی لەباج عفو دەبێ مهما بلغ بدل المبیع.. ولایعتبر تملك المکلف المذکور او زوجته او اولاده القاصرین قطعة ارض معدة للسکن او اکثر بتاریخ البیع مانعا للاستفادة من.. فقرە(أ)، ئەمە روونە بتاریخ البیع پارچەیەکی تر بە قانون لە شوقەیەکی تر بە پارچە زەوی بۆ هات،(بتاریخ البیع)ئیستیفادە لە برگە یەک هەر دەکات لایعتبر مانعاً ولایعتبر تملك المکلف المذکور او زوجته او اولاده القاصرین قطعة ارض معدة للسکن او اکثر بتاریخ البیع مانعاً للاستفادة من هذا الاعفاء ولایتمتع بالاعفاء من تمتع بالاعفاء الوارد فی البند ادناه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم ئەگەر ئیجازە من سێ پارچە زەویم هەیە باشە پارچەیەکی بەناوی خۆمە، پارچەیەکی تر بەناوی منداڵەکانمە، پارچەیەکی تری بەناوی خێزانمە، من ئەو پارچەیەی کە بە ناوی خۆمە نەخانووی ترم هەیە و ئەوەی ترم ما فرۆشتم قابیلی اعفائم وا نییە برایانی یاسا؟ مانع نییە ئەو اعفائە ئەمگرێتەوە( بغض النظر) ئەگەر قطاعی تر هەبوو لە ذمەتی منداڵەکان، وابزانم روونە، لە کاتی بیع من کڕین وفرۆشتن دەکەم،پارچەیە بەناوی منە من دەیفرۆشم روونە کاک محەمەد تێبینیەکی لەسەر برگە(ب) کاک ئیبراهیم ئەوە ئێستاکە(أ)روونە(ب)ماوەتەوە هیچ نادیاریەک هەیە (غموضێک) کاک محەمەد توخوا روونی کەرەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم لەنێوان شقە سکنیە ونێوان قطعە سکنیەتێکەڵاو دەکات ، دوو فقرە(أ)ی هەیە

بەس سەبارەت بە دار سەكەن او شقە سكنيە تۆ ئەوەت هەبێت لە شوێنی نیشتەجێ بونت هیچی تر نەبێت بیفرۆشی عەفوکراوی لە باج دان پارەی فرۆشراوەکە هەر چەندێک بێت برگە(ب)سەبارەت بە زەویە پارچە زەوی نیشتەجێ بوونە. جەنابت دوو پارچە زەوی نیشتەجێ بونت هەیە لەشوێنی نیشتەجێ بونت ئەگەر یەکێکی بیفرۆشی تۆ پارچەیەکی ترت هەیە مەعفو نابێ لە ضریبە بەڵام ئەگەرپارچە وپارچە بیفرۆشێ پارچەی ترت نەبێت عەفو دەبێ لە ضریبە وەکو شوقەی سەکەنی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم روونە کاک محەمەد سوپاس ئەوەی کاک د.رزگار ئەڵێ قاصرین کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک د.رزگار لە زۆربەی زۆری رۆژنەمەکانیش ئەو پێشنیارانەکان بۆ هاتووە بە حەقیقەت کە دەڵێ(ان لايملك هو واولاده القاصرين)اولاده القاصرين کە تێدەکات دەیەوێ خۆ بواردن لەباج دان نەکرێت بۆیە ئەو مەرجەی دانایە ئێمەش لەگەڵێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماذا يعني القاصر؟ ئەگەر شەرحێکی بچووک بکەی.

**بەڕێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قاصر ئەوەی لە(١٨)ساڵ کەمتر بێت قاصرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی نەخۆش نییە ئاخر ئەوە کوو تێنەگەن برادەران یەعنی قاصر ئەوەیە نەگەیشتبێتە سنی رشد ، کاک د.رزگار تەعقیبێکی هەیە ئاخر تەعقیب فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە رۆژنامەش هاتووە لە یاسای ئەصلیش هاتووە بەس لە ڤیتری قاصر ئەوەیە کەم ئەندام بێت یا کەم عەقڵ بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە روونم کردەوە قاصر ئەوەیە کە سنی رشد عمری نەگەیشتبێتە(١٨)ساڵ قاصر ئەوە معەوەقە. فەرموو تێگەیشتم تێبینیەکەت فەرموو مادە چوار ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە، کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

رابعا: جـ - لايستفيد من الاعفاء الوارد في (أ و ب) من هذا الفقرة إلا مرة واحدة خلال (٣)

ثلاث سنوات من تاريخ البيع السابق المتمتع عنه بالاعفاء.
خامساً: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم بعدم اجراء اي تغيير في الضوابط المالية المعتمدة للسنة التقديرية ١٩٩٩.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٥)کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە(٥)، کاک شێخ عەدنان، کاک جەمیل، کاک شێروان، کاک سەعید یەعقوبی، کاک ئیبراهیم، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی دارایی و هەموو ساڵێک مافی هەیە بەرزەفتیە داراییە پشت پێ بەستراوەکان (الضوابط المالیە المعتمدە)بۆ ئەو ساڵە بەتەقدیری دابنێت ئەوە لەوێ مادەم یاسایە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشتاو پێنج هەزار بعد طرح السماحات خاضعە بۆ باجی خانووبەرە بعد الاستبعاد

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد حەسەن باڵتە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی سماحات هەر لە داهاتی ئەو کەسە دەکوژن وە دەربارەی قسەکانی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە کێ فەرمانبەری باجەکانە باجی خانووبەرەی لەسەرە با حسابی بکات یەکێک سەد هەزار دەخلی هەیە لە عەقارات، دە هەزار باجی ئەساسیە دەدات دەبێتە نەوەد وە نەوەدیش بۆ ئیجازە دەدات ئەو حسابە ئەکرێتن باجی ئیضافی لە هەموویان وەرئەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، وا بزانم روونە چونکە ئەم صیغەیە لە قانوونی ئەساسی وەرگیراوە استبعادەکە تەنها ئەوە کراوە، وە ئەوە لە بەرژەوەندی ئەو کەسەیە کە باجەکە دەدات لە بەرژەوەندی حکومەت نیە ئەویش نسبەکەی زیاد کراوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم روونکردنەوەیک بدەم بە برادەران ئەگەر هاتوو ئێمە بەراووردێکی ئەو کە بکەین لەگەڵ قانوونی پێشوو ئەوەی کە ئێستا ئیشی پێ دەکرێ ئەورێژانە کە لەو قانوونەدا هاتووە لەگەڵ ئەو رێژانەی کە لەم قانوونەدا هاتوون تەماشا دەکەین یەکەم سماحات بە نسبەت مکلف لە دوو هەزارەوە بوەتە پانزە هەزار واتە حەوت بەرابەر زیاد کرایە دووەم ئەو نسبانەی کە

هەیە لە قانوونی پێشوو  بە شێوەیەکی توند هاتبوو ئەو نسبانەی کە لەو قانوونە هاتووە بە شێوەیکی نەرم(مرن) ،هاتوون سێیەم بە نسبەت حد الاعلی بە گوێرەی قانوونی پێشتر ئەگەر لەسەدا بیست و پێنج بێ ئێستا کردوومانە بە لە سەدا بیست ،ئەو سێ خاڵە تازەن کە هاتوونە ناو ئەم پرۆژەیە بۆیە ئێمە حسابێکی زۆر زۆر ووردمان کرد لە ئەنجامدا گەیشتینە  ئەوەی کە ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە لە پەرلەمان پەسند بکرێ ئەو کەسەی مکلفە  ساڵانە لە سەدا پەنجا باجەکەی دێتە خوارێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین  کە زێدە باج هەر نەمێنێ بەڵام هەروەکو لە پێشتر ئیشارەتمان پێدا ئەبێ بەرژەوەندی یەکسانی هەبێ لە نێوان بەرژەوەندی گەنجینەو بەرژەوەندی هاووڵاتیان، بۆیە ئەم پرۆژەیەمان هێنایە کایەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێروان، وا بزانم سماحات روونە زۆر زۆر لە بەرژەوەندی ئەو کەسەیە کە باج دەدات بەو شێوەیەی کە ئێستا باس کرا دیسان ئەگەر زەربی سەدی بکەین واتە حەوت سەد لە سەد، نەک حەوت لە سەد، ئەگەر تۆزێک بە ووردی تەماشای بکەین، ماددەی یەکەم ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە دەیسخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە...؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

لا تسترد المبالغ المتحصله على حساب الضريبه الاضافيه قبل صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لا تسترد المبالغ المتحصله ئەوە في حاله تنفيذه بعد صدوره ونشره، بەڵام ئێستا ئێمە پێشنیارمان کرد لە ١/١/٢٠٠٠ ئەوە جێبەجێ بکرێتن لەبەر ئەوە ئەم بڕگەیە پێویست ناکاو واتە نەمێنێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر پێشنیارەکەی کاک محەمەد حەسەن باڵتە... ؟ نییە ئەخەینە دەنگدانەوە پێشنیارەکە ئەوەیە کە مادەی دووەم نەمێنێ، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟  بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس.فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يعمل بالقوانين والقرارات ضريبه العقار االنافذه بما لايتعارض واحكام هذا القانون ئەوە زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکە چۆن ئەبێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یعمل باحكام القوانين الضريبيه‌النافذه بما لا يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە پێویست بەو شتە ناکا چونکە لێرە لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار ئەوە ئەبێتە تحصیل حاصل حەزم کرد ئەوە روون بکەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سیروان ئەوە دانراوە چونکە هەندێ یاسای باج هەیە بەرقەرارە لە وڵاتی ئێمە واتە (نافذ المفعول)ە بە مەرجێک ئەو بەندانەی لەو قانوونە هەیە پێچەوانە(تعارض) نەبێ لەگەڵ قانوونە چونکە یاساکە یاسای باجی خانووبەرە ئیشی پێ دەکرێ، ئەخەینە دەنگدانەوە ، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا. ماددەی سێیەم.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة:لوزارة المالية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ آحكام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن: کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێزئیبراهیم عەبدولقادر دوغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەش وەکو یاساکەی پێش ئێستا کە ووتمان لە ١/١/٢٠٠٠ جێبەجێ بکرێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارە هەیە سوپاس، ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس. ماددەی چوار الغا دەکرێ، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە...؟ بەتێکڕایی دەنگ پەسند کرا کە مادەی چوار هەڵبوەشێنرێتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة: علي الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەین ئەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نسبەت الوزراء المختصین واتە وەزیری دارایی مەعنیە بەڵام لە یاساکە هاتووە علی الوزراء المختصین وە هەروەها لە یاساکەی پێش ئەوەش هەر بە هەمان شێوە هاتووە ئەمە پرسیارەک بوو حەز ئەکەم بزانم بۆ دووەم لە داڕشتنی مادەی یەکەمی ئەم یاسایەش وشەی (مستوفیە) لە ماددەی یەک بکرێ بە (مستوفات) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا لە داڕشتنیدا ڕێکی بخەن، جەنابی وەزیری ناخۆ فەرموو.

**بەڕێز فاضل میرانی وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا دەڵێ المسوؤلیە تضامنیە ما یعنی الوزیر یعنی الوزراء، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی چوار ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

پێشنیارێک هەیە ئەڵێ: ینفذ هذا القانون اعتبارا من ١/١/ ٢٠٠٠ وینشر فی الجریده الرسمیه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پیشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر هیچ تێبینی لەسەر نیە. فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لام سەیرە شتێک هەیە ئەڵێ (اهل مکه ادریٰ بشعبها)ئەو لیژنەیە نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدا بوو من مەبەستم هەرئێرە نییە هیچ مانع نییە ئەگەر بڵێی دوای ئێستا بەڵام هەندێ جار دەستکاری کاتەکە بە کەیفی خۆیان بکەن شتێکی زۆر سەیرە پێویستە نوێنەری وەزارەتی دارایی کە لەو لیژنەیە تەقدیری ئەو ماوەیە بکاتن ئایا لە ١/١/ئەتوانن جێبەجێیس بکەن یان پێش ئەو ماوەیە ؟س سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوێنەری حوکمەت لێرەیەو رازیە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ برادەرانی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران ئەم بابەتەمان گفتوگۆ کردیە وە هەموومان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە جێبەجێکردنی لە ١/١/ ٢٠٠٠بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا،سوپاس. وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە وەکو یاسا...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کران، سوپاس. پرۆژەیەکی ترمان ماوە ئۆتۆمبیلی بێ ژمارەکان.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

كتابكم المرقم(ك/ ٥١)في ١٩/٩/١٩٩٩

عرض على اللجنة القانونية مشروع قرار حول حائزي المركبات التي تحمل لوحات الادخال الگمركي المؤقت/اربيل وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع من كافة جوانبه تؤيد اللجنة مشروع القرار وذلك لوضع حدٍ لدخول السيارات الى الاقليم بصورة غير مشروعة، راجين التفضل بالاطلاع وعرضه على المجلس للمناقشة.

مع التقدير

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة الأولى من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩ القرار الآتي:

اولاً:على حائزي المركبات التي تحمل لوحات الادخال الگمركي المؤقت/اربيل مراجعة وزارة المالية والاقتصاد والداخلية لتسديد الرسوم المقتضية خلال مدة لاتتجاوز(٩٠)يوماً من تاريخ نفاذ هذا القرار لغرض اكمال اجراءات التسجيل.

ثانياً:لاتخصص بعد نفاذ هذا القرار لوحات الادخال الگمركي المؤقت/اربيل للمركبات الداخلة الى الاقليم والتي لاتحمل المستمسكات القانونية للتسجيل.

ثالثاً:تصادر كل مركبة مخالفة لأحكام الفقرتين اولاً وثانياً اعلاه.

رابعاً:يمنع منعاً باتاً تفسيخ المركبات والمكائن والمعدات الصالحة للعمل ويجوز تفسيخها اذا كانت غير صالحة للعمل بعد استحصال الموافقات الگمركية والمرورية والامنية ويعاقب المخالف

بغرامة تعادل ضعف قيمتها اضافة الى العقوبات المنصوص عليها في القوانين الاخرى.
خامساً:على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.
سادساً:لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.
سابعاً:ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ كاك حوسێن، ئینجا دێینە سەر ئەوەی مادده بە مادده بڕیارەكە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

اولاً:على حائزي المركبات التي تحمل لوحات الادخال الگمركي المؤقت/اربيل مراجعة وزارة المالية والاقتصاد والداخلية لتسديد الرسوم المقتضية خلال مدة لاتتجاوز(٩٠)يوماً من تاريخ نفاذ هذا القرار لغرض اكمال اجراءات التسجيل.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک لە لایەن لیژنەی دارایی و ئابووری هەیە دەڵێت شطب كلمة(آربيل) في المادتين اولا والثانية حتى يكون القرار شاملا لمحافظات الاقليم وكاملاً. فەرموو كاك محەمەد

**بەڕێز حەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئۆتۆمبیل كە دێتە ناو هەرێم لە ڕێی ئیبراهیم خەلیل و زاخۆوە دێ، ئەوە ڕێگایەكی شەرعییە ئەوە لەوحاتی گومرگی ادخال گمرگی مؤقت/ دهۆک، دێت رسوماتی خۆی ئەدات چی تەكالیف هەیە لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلە ئەیدات، وە بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی دهۆكیش بەیانێكی دەركردووە كە ئەم لەوحەیە هەتا دوومانگ زیاتر نەمێنێت دەبێت بچێ لەوحەی رەسمی وەرگرێت ژمارە ئەمەندە دهۆک یان بێتە هەولێر لەوحەی رەسمی وەربگرێت هیچ مانع نیە. بەڵام ئێستا لە دهۆک و لە هەولێریش هەیە وەریگرتووە ادخال گمرگی مؤقت اربیل من نازانم لە چ ڕێگایەک دێتە ناو هەولێر لەسەری دەنووسرێت ادخال گمرگی اربیل ئەگەر لە دهۆک نەهاتبێت مەگەر تەنها لە ئاسمانەوە بە فرۆكە هاتبێتە خوارەوە ناو هەولێر لەبەر ئەوە وا بزانم وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ دەیانەوێ وای لێ بكەن كە ئەو لەوحەیە نەمێنێت بچێت موراجعەی دەوائری گمرگی بكات ئەگەر گمرگی لەسەر بێت بیدات، وە موراجعاتی وەزارەتی ناوخۆ بكات من دەزانم وە جەنابی وەزیری ناوخۆش باشتر لە من دەزانێ لە من زۆر ئۆتۆمۆبیل هاتوون بە ڕێگای نا رەسمی بۆ ناو هەولێر ئینجا ئەم لەوحەیەی لێداوە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ نەكەن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ كاك محەمەد، فەرموو كاك فاضل.

**بەڕێز فاضل میرانی وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی سەرەکیمان لەم یاسایە ئەوەیە کە ترومبێلی الدخالی گمرگی نەمێنێ بەشێوەیەکی بەردەوام ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ بۆ دیارکردنی خاوەنەکەی وە ڕێگرتن لە دزین یاخود مانەوەی نارەسمی (اقامة غير شرعية) لە کوردستان، داوا ئەکەم وشەی لەوحاتی ئێستا هەولێرو دهۆک بگۆڕێن مەبەستمان تەعریفەیەکی گمرگیە بۆ تەرقیمی ئەو ترومبێلانە قۆناغی دووەم،س ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسادایین ڕێگایەکی ئاسمانی نییە ترومبیل بێتە ناو کوردستان ئەبێ لەوحەیەکی عبوری مؤقت لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بۆ هەر ترومبێلەک بکرێ ئینجا هێنانەکەی خۆی خاوەن ترومبیلەکە هێنابێ بۆ خۆی ئیشە پێ بکا هەتا موعامەلەکەی تەواو دەبێ یان بۆ ئیشی بازرگانی هێنابێ پاشان موعامەلاتی تەرقیم دەکرێ بۆ ئەمەش نۆوەدت ڕۆژی بۆ دانراوە لەبەر ئەوە دوو بابەت هەیە لێرە یەکیکیان ئێمە رزگارمان بێ لەو لەوحاتەی کاتی کە ئەمە دوو ساڵ و سێ ساڵە هەیە هی دووەم ئێمە ماوەیەکی کاتی دابنێین بۆ ئەو ترومبیلانەی کە لە مەودوا کە دێنە ناو هەرێم پابەندبن بە بەرزەفتییەکانی(ضوابط)ی کاتی چونکە خەڵکانێک هەیە اقامەیان کاتیە لە کوردستان مافی سروشتی خۆیانە ئێمە ژمارەی بیانی لێوەردەگرین ادخال گمرگیەکی کاتیان دەدەینێ وە ژمارە بیانیەکە لای خۆمان هەڵدەگرین هەر کاتێک لە کوردستان دەرچوو لە هەرێم دەرچوو ئەو ترومبیلەی کە هێنابووی بردی ئێمە ادخال گمرگیەکەی لێ وەردەگرین وە ژمارە بیانیەکەی دەگەڕێنینەوە، بەڵام ئەگەر مانەوەی اقامەی بەردەوام (دائمی) بوو یان بۆ مەبەستی بازرگانی بوو ئەوسا ئێمە ژمارە بیانییەکە لای خۆمان بەجێدەهێڵین وە ئێمە موعامەلاتی تەرقیم و باجی گمرگی دەکەینەوە بۆ ئەوەی خوشک و برایانی پەرلەمان لە روونکردنەوەکەی ئەمە، حاڵەتێکی بەردەوام دەبێت حاڵەتێکی کاتی نیە بەڵام ئەمەی ئێستا وەزارەتی دارایی تەعریفەیەکی گمرگی دەربهێنن بۆ ئەو ترومبیلانەی کە ئەمە سێ ساڵە لەوحاتی ادخال گمرگی کاتیان هەیە وە خاوەنیان لێ پەیدا نەبووە حەزدەکەم پەرلەمانی بەڕێز بزانێ بۆ ئێمە وەکو ناوخۆ ئەم ئیشەمان کرد ئێمە ادخالی گمرگی کاتیمان دەرنەچواندووە بۆ ئەوەی حەصری ئەو هەموو ترومبیلانەی لە کوردستان بکەین ژمارەی ماتۆڕ و سلیندەریان بخرێتە ناو کۆمپیوتەرەکانی خۆمان لە حاڵەتێک سبەی سکاڵایەک کرا لەسەر ترومبێلەک جا ئەگەر لەوحەیەکی ادخال گمرگی پێوەی بوو یان لەوحەیەکی رەسمی گەڕانەوە بۆ سەر محەرک و سلیندەر دەتوانین ئەو ترومبیلە دیاری بکەین لای کێیە وە چۆنیەتی بە خاوەنکردنی(تمليک) وە ئەو ژمارەیەیەی کە ئێستا لە ژێر ئەم ترومبیلە بەکاردێت، بۆیە من ئەڵێم ووشەی دهۆک زیاد بکەین نەک بۆ ئەوەی لەمەودوا نەخێر، ئەمەی ئەم سێ ساڵە بووە چونکە ادخال گمرگی دهۆکیش هەیە وە ادخالی هەولێریش هەیە دەمانەوێ وەکو هەرێم رزگارمان بێ لەو ادخال گمرگیانە کە ئەوانە خەڵکێکی دانیشتووی کوردستانن ادخال گمرکیەکی لەمەودوا دوای ئەم تەرقیمە دێت بۆ مەسائلی کاتی دەبێ و وە بۆ

ئەو ماوەیە یاساییە دەبێ کە لیژنەی یاسا بەڕێز پێشنیاری کردووە وە ئێمەش لەگەڵ رای لیژنەی یاسادایین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری ناوخۆ، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر زۆر سوپاسی وەزیری ناوخۆ دەکەین کە روونکردنەوەیەکی باشی بۆ ئێمەدا ئەمە بۆ ئەوانەی کە مستمسکاتی رەسمیان نییسە من زۆرم قسەکانی برای بەڕێزم کاک محەمەد حەسەن باڵەتەم پێ غەریبە کە دەڵێتن ریگایەکی تر نیە جگە لە ئیبراهیم خەلیل، بەڵکو رێگای کەرکوک وموسڵ و ئوردن یان لەسعودیە رێگا زۆرە لەبەر ئەوە هەتاکو ئەم حاڵەتە نەمێنێت وە بۆ ئەوە هەموو کوردستان بگرێتەوە هەر ووشەی هەولێر نەمێنێتن بۆ ئەوەی هەموو بگرێتەوە ئەوەی مستمسکاتی رەسمی نەبێت ئەوەی مستمسکاتی رەسمی هەیە بەڵام عادیە، لەوحەی بۆ دروست دەکاتن لە ماوەی ئەو شەست رۆژە موعامەلەی خۆی تەواو دەکات ئەوە تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی کاک جەمیل لە لای وەزیری ناوخۆ پەسندە، جا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە تایبەتە بەو ترومبیلانەی کە ادخالی گمرگی کاتی هەولێری تێدایە بۆ ئەوەی بگەینە راستی ئەم بابەتە بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر تەشریفی هێنا بۆ لای ئێمە لە لیژنەی یاسا دانیشت تەئکیدی کرد کە ئەم پرۆژەیە بۆ ئەو ترومبیلانەی کە لە دوای راپەرینەوە هاتوونەتە هەرێم بەتایبەتی لە هەولێر کە ئەولەوحانەی پێوە ماوە هەتا ئێستا موراجەعەتی دەوائری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ ناکەن مەوقفیان سەلیم نییە ئەیانەوێ ئەو دیاردەیە نەمێنێ ئێمە پێشنیارمان کرد کە دهۆکیش بخرێتە ناو ئەم پرۆژەیەوەسسسس ووتیان لە دهۆک ئەم کێشەیەمان نیە دەتوانێ بەڕێوەبەری هاتوچۆی دهۆک بەیانێک دەربکات ئەو حاڵەتە نەهێڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فازل.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رێزم هەیە بۆ قسەکانی کاک حوسێن چونکە قسەکانی بەڕێوەبەری هاتوچۆیە بەڵام من وەکو

وەزیری ناوخۆ کێشەکانی دهۆک لە بەڕێوەبەری هاتۆچۆی هەولێر باشتر ئەزانم ئێمە ترومبیلی (دخالی گمرگی مؤقت)مان لە دهۆکیش هەیە لەبەر ئەوە الکل اکبر من الجزء ویساوي مجموعةالاجزاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە پێشنیارەکەی کاک جەمیل کە لە لایەن حکومەتەوە پشتگیری لێ کرا ووشەی هەولێر هەڵبگیرێ ئەبێ بە گشتی هەر ترومبێلەکی (ادخال گمرگي مؤقت) ی هەبوو لەم ماوەیەدا ئەبێ خۆی تۆمار بکا ئینجا لەهەر شوێنێک هاتبێتە ناو هەرێم، ئەم پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا. واتە وشەی هەولێر هەڵئەگیرێت تەنها خالّی گمرگی مؤقت آیآ کانت المصدر.مادەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە پاش ئەو گۆڕانکارییەی کە خرایە سەری، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز حوسێن علی کەمال:**

أولاً: تخصص بعد نفاذ هذا القرار لوحات كمركي مؤقت/اربيل للمركبات الداخلة الي الاقليم والتي لا تحمل المستمسكات القانونية للتسجيل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی دووەم چ تێبینیەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ نیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن علی کەمال:**

ثالثا: تصادر كل مركبة مخالفة لاحكام الفقرتين آولا وثانياً آعلاة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی سێ؟ نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن علی کەمال:**

رابعاً: يمنع منعاً باتاً تفسيخ المركبات والمكائن والمعدات الصالحة للعمل ويجوز تفسيخها اذا كانت غير صالحة للعمل بعد استحصال الموافقات الگمرگية والمرورية والأمنية ويعاقب المخالف بغرامة تعادل ضعف قيمتها اضافة الي العقوبات المنصوص عليها في القوانين الاخري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی چوارەم؟ نیە؟ بەڵام یەک تێبینی هەیە ئەڵێن ئەو(منعـاً باتآ) پێویست ناکا تەنها (يمنع)س بەسە، منعآ باتآ هەڵئەگیرێت لەم بڕگەیە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا، تەنها يمنع دەمێنێت.

ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

خامساً: علي الوزار المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ماددەی پێنج هەیە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم دوغرمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە بۆ ئەوانەیە کە موخالفن لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو یاسایە ماوەیەکی دیارکراوی بۆ دابنێین بۆ جێبەجێ کردنی ئیشی پێ نەکرێ هەتا کۆتایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە برگە یەک ماوەکە دیاری کراوە بۆ نەوەد رۆژ واتە بۆ سێ مانگ ئەبێ لە ماوەی ئەو سێ مانگە ئەو کێشانە هەمووی ڕێک بخرێن.سوپاس. چ تێبینیەک لەسەر ماددەی پێنج هەیە؟ نیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ینفذ هذا القرار من تآريخ صدوره وينشر في الجريده الرسميه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ماددەی شەش هەیە؟ نیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ينفذ هذا القرار اعتباراًمن تآريخ صدورة وينشـر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر مادەی پێنج هەیە؟ فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز سەعید محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار دەکەم ئەوە بکرێ بە(لوزارة الداخلية حق اصدارالتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ مافی دەرکردنی ڕێنمایی هەیە وە مافی ئەوەیان هەیە ئەگەر شتێک بوو بە بەیان چارەسەری بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە هەر یاسایەک دەرمانهێنابێ دەسەڵاتمان داوە بە وەزیری بۆ ئەوەی ڕێنمای دەربکات، بەڵام بە گوێرەی قسەکانی کاک شێروان بێ کەواتە ئێمە پێویست ناکا شتی وا بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانین ئێمە ماددەیەک لێرە زیاد بکەین دەکیەین بە سابعاً(لوزیر الداخليةاصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار) پێشنیارەکەی کاک سەعید ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا.

واتە ئەم ماددەیەمان زیاد کرد بۆ وەزیری ناوخۆ هەیە ڕێنمایی دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، فەرموو کاک فازل.

**بەڕێز فازل میرانی/وەزیری ناوخۆ**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو هەر بڕیاریک ئەم ماددەیە هەیە کە دەڵێ علي وزراء المختصين تنفيذ هذا القرار واتە گشت وەزیرەکان دەگرێتەوە جا پێویست ناکا ئەم گفتوگۆیە بکرێ لەسەر ئەم ماددەیە خۆتان تووشی شتی زیادە مەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان تێبینی ئەوە بکەن کە دەڵێ تنفيذ هذا القرار واتە دەتوانێ وەزیرڕێنمایی بۆ دەربکا.چ تێبینیەک هەیە لەسەر ماددەی هەشت؟ نیە؟ ئەیخەینە دەنگدانە،کێ

لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.
وەکو بڕیار ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕایی دەنگ پەسند کرا، سوپاس.دانیشتنەکەمان لێرەدا کۆتایی پێهات بەیانی سەعات (١٠) دانیشتنەکەمان دەست پێدەکات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٤

مێژووی بڕیار: ٢/ ١١/ ١٩٩٩

## بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا (وەقایعی کوردستان)

ماددەی یەکەم:-

وەزارەتی داد دەرچوواندنی ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئەستۆ دەگرێ بە هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی و پێی دەگوترێ (وەقایعی کوردستان).

ماددەی دووەم:

(وەقایعی کوردستان) تایبەتمەند دەبێ بە بڵاوکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە:

١- یاسا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەوەی بە هاوپێچەکانیان حساب دەکرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی.

٢- پێڕەوەکان و ئەوەی بە هاوپێچەکانیان حساب دەکرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی.

٣- (مەرسووم) و فەرمانە دەرچووەکان بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزاڤی ئازادیخوازی کورد) هاتووە دەربارەی ڕابەر یا ئەوەی شوێنی ئەو دەگرێتەوە.

٤- ڕێنماییەکان.

ماددەی سێیەم:-

ئەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە بە دەقی ڕەسمی باوەڕ پێکراوە دەژمێردرێ و لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە کاری پێ دەکرێ ئەگەر دەقێکی تیا نەهاتبێ کە پێچەوانەی ئەوە بێ.

ماددەی چوارەم:-

(لەفز)ی نێر مێینەش دەگرێتەوەو، تاک، جووت و کۆو، کەسی مەعنەویش دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکدا هاتبێت کە لە وەقایعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو دەقێک یا قەرینەیەک نەبێت لەگەڵ ئەوەدا نەگونجێت.

ماددەی پێنجەم:-

وا دادەندرێ ئەوەی لە وەقایعی کوردستان بڵاو دەبێتەوە هەموو کەس پێیان زانیوە، ئیدیعا کردن بە نەزانین بەوەی کە لە ناوەڕۆکی دا بڵاوکراوەتەوە بە هەند هەڵناگیرێ.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: ساڵ و مانگ بەپێی هەردوو تەقویمی شەمسی (زاینی) و کوردی حسێب دەکرێ و بەیەکەوە لەهەر شتێک کە لە وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە جێگیر دەکرێن.

دووەم: هەر یاساو پەیرەوێک ژمارەی زنجیرەی خۆی دەبێت و دەخرێتە سەر ساڵی دەرچوونی و ناو و نیشانەکەیشی لەناوەڕۆکەکەیەوە وەردەگیرێت.

ماددەی حەوتەم:

هیچ لایەنێک، یان کەسێک بۆی نییە دووبارە ئەوەی لە وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە چاپی بکاتەوە، مەگەر بە رەزامەندیی وەزارەتی داد، یاخود بەسەرپەرشتی ئەو بێت.

ماددەی هەشتەم:

هەڵەی چاپکردنی ئەوانەی بڵاودەکرێنەوە لە وەقایعی کوردستاندا بە بەیاننامەیەک راست دەکرێنەوە کە لەلایەن ئەو لایەوە دەردەچێت و راستکردنەوەکەش لە وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە.

ماددەی نۆیەم:

دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێت لە دەرچوواندنی بڵاوکراوەی (پەرلەمان)و دوایی بە پەخشنامەی ڕەسمی زمان حاڵی ئەنجوومەن دادەندرێ.

ماددەی دەیەم:

وەزیری داد بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسان کاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی یازدەم:

کار بە هیچ دەقێک، یا بریارێک ناکرێت، کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.

ماددەی دوازدەم:

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی سێزدەم:

ئەم یاسایە لە ٢٠٠٠/١/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ١٥
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای باجی دەرامەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ئەو کەسەی کە لە هەرێم دادەنیشێ، لە هەر ساڵێکی مەزەندە کراو لەسەر بنچینەی باری گوزەرانی لە ساڵی سەرجەم داهاتەکانی، ئەم بێ قەیدیی (سەماحانە)ی خوارەوەی پێ دەدرێ:

أ- (٢٠٠٠) دینار بۆ خودی ئەو کەسەی لەسەریەتی باجەکە بدات.
ب- (٢٠٠٠) دینار بۆ هاوسەرەکەی یان هاوسەرەکانی لە بارێکدا کە ژنی ماڵەوە بێت و هیچ داهاتێکی نەبێت یان ئەو داهاتەی لەگەڵ داهاتی مێردەکەی لێکدرا بێت.
جـ- (٢٠٠) دینار بۆ هەر منداڵێک لە منداڵەکانی، جا ژمارەیان هەر چەندە بێت.
د- خودی ئەو کەسەی کە لەسەریەتی باجەکە بدات (المكلف)، ئەگەر تەمەنی لە شەست وسێ ساڵی تێپەڕاند، زێدە بێ قەیدییەک (سەماح) ێکی دیکەی پێ دەدرێت کە بڕەکەی (٥٠٠) دینارە. جگە لەو بێ قەیدی(سەماح)ەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا بڕیاری لەسەر دراوە.

**ماددەی دووەم:**

باجەکە لە هەر ساڵێکی مەزەندە کراو بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە دەخرێتە سەر ئەو کەسەی کە موکەللەفە بیدات.

أ- داهاتی کەسی دانیشتووی هەرێم دوای ئەو بێ قەیدییە (سماحە) یاساییانەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتوون:
(٥٪) تاکو دەگاتە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار.
(١٠٪) ئەوەی لە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار.
(١٥٪) ئەوەی لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (٣٠٠٠٠) سی هەزار.
(٢٠٪) ئەوەی لە (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار پتر بێت. تاکو دەگاتە (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار.
(٢٥٪) ئەوەی لە (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار.
(٣٠٪) ئەوەی لە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار.
(٤٠٪) ئەوەی لە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٧٥٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دینار.
(٥٠٪) ئەوەی لە (٧٥ ٠٠٠) هەزار دینار پتر بێت.

ب ـ باج لەسەر کۆمپانیا دەستەلات سنووردارەکان (پیشەسازی و ناپیشەسازی) بەپێی ئەم ڕێژانە خوارەوە دەسەپێندرێ:
(١٠٪) تاکو (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار.
(١٥٪) ئەوەی لە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار.
(٢٠٪) ئەوەی لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار پتر بێت تاکو دەگاتە (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینار.
(٢٥٪)ئەوەی لە(٣٥٠٠٠)سی وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٤٥٠٠٠)چل وپێنج هەزار دینار.
(٣٠٪)ئەوەی لە(٤٥٠٠٠)چل وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٦٠٠٠٠)شەست هەزار دینار.
(٤٠٪)ئەوەی لە(٦٠٠٠٠)شەست هەزار دینار پتر بێت.
ج ـ باج لەسەر کۆمپانیا هاوپشکەکان جگە لە کۆمپانیای کەرتی تێکەڵاو(پیشەسازی ونا پیشەسازی)بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە فەرز دەکرێ:
(١٠٪)تاکو دەگاتە(٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار.
(١٥٪)ئەوەی لە(٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٣٥٠٠٠)سی وپێنج هەزار دینار.
(٢٠٪)ئەوەی لە(٣٥٠٠٠)سی وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٥٠٠٠٠)پەنجا هەزار دینار.
(٢٥٪)ئەوەی لە(٥٠٠٠٠)پەنجا هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٦٥٠٠٠)شەست وپێنج هەزار دینار.
(٣٠٪)ئەوەی لە(٦٥٠٠٠)شەست وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٨٥٠٠٠)هەشتا وپێنج هەزار دینار.
(٤٠٪)ئەوەی لە(٨٥٠٠٠)هەشتا وپێنج هەزار دینار پتر بێت.
د ـ باجی داهات لەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تێکەڵاو فەرز دەکرێت وقازانجەکانی دەکەونە ژێر باڵی ڕێژەی سەدەیی بڕاوە کە بڕەکەی(٢٥٪)ی پاکتاوی قازانجەکەیەتی.

**ماددەی سێیەم:**

نرخی خانوو بەرەی بە میرات بەجێماو یان بە موڵک کراو وەکو حەوت ساڵ بەر لە مێژووی داوا کردنی تەسەروفی لەلایەن میراتگر یا خاوەنەکەی، مەزەندە دەکرێت، ئەگەر پتر لە حەوت ساڵ بەسەر گواستنەوەی موڵکیەتی خانوو بەرەکە یان مافی تەسەروفی خاوەن میرات یان خاوەنەکەی ڕەت بوو بێت و، ئەو نرخەی کە لەسەر ئەو بنچینەیە مەزەندە کراوە، دەبێتە خەرجییەک لەسەر میراتگر یان خاوەن موڵکەکە. بەڵام ئەگەر بڕگەی ناوبراو لەوە کەمتر بوو، ئەوکات موڵکە بەجێماوەکان یان کرێی بە موڵک کردن یاخود نرخی خەمڵێنراو لە مامەڵەی بەخشین ودەست لێ هەڵگرتن یاخود گۆڕینەوە بە مەزەندە دادەنرێن، بە مەرجێک شتە نوێکان ڕەچاو بکرێن وببنە بنچینەیەک بۆ حیساب کردنی قازانج.

**ماددەی چوارەم:**

أـ ئەو کەسەی باجی داهاتی کەوتۆتە سەر، لە باجی گواستنەوەی موڵکایەتی خانوو یاخود شوقەی نیشتەجێ بوون بە فرۆشتن یان بە هەر ڕێگایەک لە ڕێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی عەفوو دەکرێت.
جا پارەی فرۆشتنەکە بکاتە هەر چەندێک، ئەگەر خاوەنەکەی یان هاوسەرەکەی یاخود منداڵە ناکامەکانی لە ڕۆژی فرۆشتنی موڵکەکە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاسایی خانوو یان شوقەیەکیان نەبێت کە بۆ نیشتەجێ بوون دەست بدات و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بێت.

ئەو کەسە باسکراوە یان هاوسەرەکەی یاخود منداڵە ناکامەکانی ئەگەر لە ڕۆژی فرۆشتندا پارچە عاردێکی ئامادە کراویان هەبێت بۆ نیشتەجێ بوون یاخود زیاتر، ئەمە نابێتە ڕێگر لە سوود وەرگرتن لەم عەفوو کردنەو هەر کەسێکی سوودی لە عەفوو کردنی ئەم بەندەی کە دێت وەرگرتبێ، سوود لەم عەفوو کردنە وەرناگرێت.١

ب ـ ئەو کەسە باسکراوەی باجی کەوتۆتە سەر، لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتی بە فرۆشتن یان بەهەر ڕێگایەک لە ڕێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی جا پارەی فرۆشتنەکە هەر چەندەکی بێت، عەفوو دەکرێت، ئەگەر خاوەنی موڵکەکە یان هاوسەرەکەی یاخود منداڵە ناکامەکانی خانووی نیشتەجێ بوون یاخود شوقە یان پارچە عەردێکی ئامادەکراوی سەربەخۆ یان لە ڕۆژی فرۆشتندا لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان نەبێت.

ج ـ ئەوەی سوودی لە عەفوو کردن وەرگرتبێ. سوود لەم عەفوو کردنە وەرناگرێ کە لە خاڵەکانی(أ و ب)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە. تەنیا جارێک نەبێ لە ماوەی سێ ساڵ لە مێژووی فرۆشتنی پێشوویەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی وئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە یاساو بڕیارە باج ستێنییە بەرقەرارەکان دەکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نەبن.

**ماددەی حەوتەم:**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ٢٠٠٠/١/١لەوە کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان

بەمەبەستی سووککردنی باج بەسەر هاووڵاتییانەوە بۆ ئەوەی پشکێکی دادوەرانە لە داهاتی (المکلف) بۆی جێ بهێڵدرێ و هان بدرێ تا چالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکانی خۆی فراوان بکا و بەشداری لە وەبەرهێنانە بەسوودە تازەکان بکات، ئەم یاسایە دەرهێندرا.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٦

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا

یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٩

یاسای باجی خانووبەرە (عقار)ی هەرێمی کوردستان

ماددەی یەکەم:

زیادە باجێکە لەسەر زیاتر لە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار لە کۆی داهاتی (عەقارەکان)ی ئەوەی لەسەریەتی (المکلف) وەردەگیرێ و دەسەپێندرێ، بەو مافەشەوە کە لە عەقارە وەقف کراوەکانیشەوە هەیەتی، دوای لێ دەرکردنی بڕە باجی بنچینەیی وبێ قەیدی یاسایی«السماح القانونی» بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

(٥٪)تاکو دەگاتە(٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار.

(٨٪)ئەوەی لە (٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٧٠٠٠)حەوت هەزار دینار.

(١٠٪)ئەوەی لە (٧٠٠٠)حەوت هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (١٠٠٠٠)دە هەزار دینار.

(١٥٪)ئەوەی لە (١٠٠٠٠)دە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار.

(١٧٪) ئەوەی لە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار.

(٢٠٪) ئەوەی لە (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار پتر بێت.

ماددەی دووەم:

کار بە حوکمی یاساکانی باجە بەرقەرارەکان دەکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نین.

ماددەی سێیەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

ماددەی چوارەم:

لەسەر وەزیرە پەیوەندیدارەکانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم:

ئەم یاسایە لە ٢٠٠٠/١/١ەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**

**کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان:

بۆ سووک کردنی باج لەسەرشانی ئەوانەی کە موکەللەفن باج لەو داهاتە بدەن کە لە خانوو و بەرەوە دەستیان دەکەوێ، وە بۆ ئەوەی هان بدرێن بۆ وەبەرهێنانە تازەکان کە بگونجێ لەگەڵ ئەو ڕەوشە ئابووری و ئاوەدانکارییەی کە هەرێم پێیدا گوزەر دەکا، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، قۆناغی بونیاد نان و نۆژەن کردنەوەی کوردستانی خۆشەویستمان، وە بۆ پتەو کردنی پرنسیپی هاوکێشەکردن لەنێوان بەرژەوەندی گەنجینەو موکەللەفەکان، ئەم یاسایە درهێندرا.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٧

مێژووی بڕیار: ٢/ ١١/ ١٩٩٩

بڕیار

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

**یەکەم:** ئەوانەی ئەو ترومبێلانەیان لە دەستە کە تابلۆی هێنانە ناوەوەی گومرگی کاتیان بەسەرەوەیە دەبێ سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ناوخۆ بکەن، بۆئەوەی ئەو ڕەسمە پێویستانە بدەن کە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی بەرقەرابوونی ئەم بڕیارە تێنەپەڕێ بۆ مەبەستی تەواو کردنی ئیشوکاری تۆمارکردن.

**دووەم:** دوای بەرقەراربوونی ئەم بڕیارە تابلۆی هێنانە ناوەوەی گومرگی کاتی تەرخان ناکرێ بۆ ئەو ترومبێلانەی دەهێندرێنە ناو هەرێمەوە کە بەڵگەنامەی یاسایی تۆمارکردنیان نییە.

**سێیەم:** هەر ترومبێلێکی سەرپێچی کاری حوکمەکانی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی سەرەوە بێت دەستی بەسەر دادەگیرێت.

**چوارەم:** هەڵوەشاندنی ترومبێل و ماکینەو کەلوپەلی باش و لەکارنەکەوتوو یا ساغە، ئەگەر بێ کەلک بوون، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندنی گومرگ و هاتوچۆ(مرور) و ئاسایش دەکرێ هەڵبوەشێندرێن، سەرپێچیکار بەدوو قاتی نرخەکەی سزا دەدرێ. جگە لە سزای تر کە لە یاساکانی تردا دەقیان گرتووە.

**پێنجەم:** لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**شەشەم:** کار بە هیچ دەقێکی تر ناکرێ کە لەگەڵ ئەم بڕیارە هاودژبێ.

**حەوتەم:** وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە.

**هەشتەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢/١١/١٩٩٩

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سكرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(٧)ی ئاسایی خۆی لە كاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢دا بەم شێوەیە بێت:***

١ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەكان.

٢ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای خاوەن پیشە ئەندازەییەكانی كوردستانی عێراق.

٣ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی ترازاندنی پەیوەندی ئەزموونگەی ناوەندی دامەزراوەكان (الانشاءات) لە وەزارەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێ كردن و بەستنەوەی بە پێكهاتەكانی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

٤ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای سێیەم هەمواركردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (٦) لە ساڵی ١٩٩٣.

٥ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیكای دەرمانسازی كوردستان.

٦ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای كیمیاگەرانی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەمان دەست پێدەكات، دانیشتنی ژمارە(٧) ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢ ، بەرنامەی كارمان ئەم خاڵانەی خوارەوەیە

١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەكان.

٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خاوەن پیشە ئەندازەییەکانی کوردستانی عێراق.
٣ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی ترازاندنی پەیوەندی ئەزموونگەی ناوەندی دامەزراوەکان(الانشاءات)لە وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن و بەستنەوەی بە پێکهاتەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.
٤ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(٦)لە ساڵی ١٩٩٣.
٥ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای دەرمانسازی کوردستان.
٦ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای کیمیاگەرانی کوردستان.
بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، لیژنەی یاسا پێشنیار دەکەن کە ئەم خاڵە دوا بخرێت،لە بەر ئەوەی هەندێ هەڵەی چاپی تێدایە،وا خەریکن چاپیان دەکەنەوە دواتر بەسەرتان دابەش دەکرێتەوە،ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس. کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، ئەم خاڵە دوادەخەین بۆ دانیشتنەکانی داهاتوومان، واتا بە خاڵی دووەم دەست پێ دەکەین کە بریتیە لە خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خاوەن پیشە ئەندازەییەکانی کوردستانی عێراق. با برادەرانی لیژنەی یاسا کەرەم کەن، رای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

كتابكم المرقم(ك/٥٩)في ١٩/٩/١٩٩٩

بعد دراسة ومناقشة مشروع قانون نقابة ذوي المهن الهندسية إرتأت اللجنة القانونية صياغة المشروع المرفق مجدداً مؤيدين ما جاء فيه، راجين عرضه على المجلس الموقر للمناقشة.

مع التقدير

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء البرلمان شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته

المنعقدة بتاريخ / / القانون الآتي :ـ

قانون رقم( )لسنة ١٩٩٩

قانون نقابة ذوي المهن الهندسية

لإقليم كوردستان العراق

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون :

١ـ الاقليم : كوردستان العراق.

٢ـ الوزير : وزير الصناعة والطاقة.

٣ـ النقابة : نقابة ذوي المهن الهندسية.

٤ـ النقيب : نقيب ذوي المهن الهندسية.

٥ـ المجلس : مجلس النقابة.

٦ـ مزاولة المهنة : ممارسة المهنة المقررة في النظام الداخلي.

ئەوە ماددەی یەکەمە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم کێ تێبینی لە سەر ئەو ماددەیە هەیە؟ کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی دووەم پێناسەی وەزیر هاتووە لە هیچ ماددەییەکی یاساکە ناوی وەزیر نەهاتووە، لە بەر ئەوە لیژنەی یاسا وای دەبینێت ئەوە لابرێت،ئیکتفاء بە بڕگەکانی تر بکرێت

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: سوپاس، پێشنیارێک هەیە کە بڕگەی دووەم لابرێت ، چونکە لە هیچ بڕگەیەکی یاساکەدا نەهاتووە، بۆیە پێشنیار دەکەن لە پێناسەکاندا نەیێت پێویست ناکات ئەگەر هیچ تێبینیەک لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا،واتا پێناسەی الوزیر لە پێناسەکان لادەدرێ،کاک حەمید فەرموو

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رام وایە وشەی الاقلیم لە شوێنی الوزیر دابندرێ، واتا الاقلیم:اقلیم کوردستان العراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا یەکەم الاقلیم:اقلیم کوردستان العراق،و پێش کوردستان اقلیم زیاد دەکرێت، ئەوە پێشنیارێکە ئەگەر کەس تێبینی نیە دەی خەینە دەنگ دانەوە کاک د. رزگار تێبینی هەیە لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن.**

ببورن کە ناوی سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکان دێت دەگوترێ هەرێمی کوردستان، واتا پێویست ناکات سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن:**

لێرە پێناسەیە واتا لێرە الاقلیم پێناسە کراوە.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن.**

ببورە لەو لایەنەوە زۆر پرۆژەی تریشمان بەو شێوەیە بۆ هاتووە، واتا مشروع قانون اقلیم کوردستان العراق لە دوای دێت نقابە ذوی المهن فلان لاقلیم کوردستان پێویست ناکات برگەک زیاد بکریت چونکە خۆی پێناسەی کردوە.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن:**

لە زۆربەی ماددەکان هاتووە (الاقلیم)، نەنووسراوە نقابە بۆیە ئەو دوبارە بوونەوەیە باشە لەهەر جێگایەک هاتبێت بنوسین لاقلیم کوردستان العراق ،بۆیە کە پێناسە دەکرێت الاقلیم لە هەر شوێنێک هات واتا اقلیم کوردستان العراق،ئەوەی جەنابت دەیلێیت ئەگەر لە جێگایەکی تر هات ئەگەر نقابە ذوی المهن الصحیە لەهەر شوێنێکی تر هات ئەنوسین لاقلیم کوردستان العراق، واتا دەیخەینە دەنگ دانەوە زیاد کردنی وشەی الاقلیم لە پێش کوردستان، مامۆستا پێشنیاری هەیە فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مــحـــمـــەد طاهر زین العـــابدین:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمە پێناسەی دەکەین کە دەڵێن (الاقلیم) واتا ئەقلیم کوێیە؟ کوردستانی عێراقە، ئەگەر اقلیمت دووبارە کردەوە لە یاسای پێناسە کردن پێی دەڵێن المصادره واتا وشەی اقلیم زیادە، لە سەر کوردستانی عێراق بێت لە پێناسەکان بێت چونکە لە یاساکەدا لەپێشرا هاتووە،(قانون نقابە ذوی المهن الهندسیە لاقلیم کوردستان العراق) بۆیە بۆ پێناسەکان (کوردستان) بەسە، ئەگەر اقلیمەکەت دووبارە کردەوە زیادە.سوپاس

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەوە لایەنە زمانەوانیەکە بابزانین لایەنە یاساییەکەی چیە، سودی لی وەر دەگرین ئەگەر بنووسین الاقلیم ، کاک فرسەت فەرموو

**بەڕێز فـەرسـەت ئەحـمـەد/سکرتێری ئەنجـومـەن:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن.**

بە رای من ئەو زیادەیەی کاک حەمید گوتی وابێت چونکە لە پێناسەکان وەکو جەنابت باست کرد

له مەضمونی یاسا وشەی اقلیم بەتەنیا دێت چ اقلیمێک؟ اقلیم کوردستان العراق ،پێویستە پێناسەکە بەتەواوی بکریت بە کوردستان العراق بە تەنیا نەبیت ئەگەر لە یاساکانی تریش هاتبێت ئەوە بالەسەر ئەو هەڵەیە نەڕۆین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەرووی یاساییەوە ئەوە بۆ ئەوپێناسەیە قابیلی تەفسیر ناکات ئەوە زمانەوانییە ئەوەی مامۆستا باسی کرد پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە ، (اقلیم )بخرێتە پێش (کوردستانە)وە ئەگەر هیچ پێشنیاری تر نەبیت ، مامۆستا بەدواداچونی هەیە فەرموو

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من مادام پێناسەیە پێویست بە اقلیم ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە رووی یاساییەکەیەوە دەڵێن بۆئەوەی تەواوکەر بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە اقلیم زیاد بکرێتە پێش کوردستانی عێراق؟سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس .هیچ تێبینی تر نیە لەسەر ئەو ماددەیە دوای ئەو پێشنیارانەی کە پەسەند کرا دەیخەینە دەنگ دانەوە وکو ماددە یەک کێ لەگەڵە؟سوپاس ،کێ لەگەڵ نیە؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الفصل الاول

(التأسيس والأهداف)

المادة الثانية:

١ـ تؤسس بموجب هذا القانون نقابة لذوي المهن الهندسية تتمتع بالشخصية المعنوية ويكون مقرها مدينة اربيل ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم.

٢ـ تشكل لجنة تحضيرية مكونة من (١٥)عضواً وبموافقة الجهات المختصة لحين اجراء الانتخابات العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، دەیخەینە دەنک دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟بەتێکرای دەنگ ماددەی دووەم پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة:

تعمل النقابة من اجل تحقيق الاهداف التالية:

١ـ رفع مستوى الاعضاء الثقافي والاجتماعي والاقتصادي والدفاع عن حقوقهم ورعاية مصالحهم.

٢ـ المساهمة في التنمية الصناعية بالتعاون مع الجهات المختصة.
٣ـ السعي لضمان مستقبل العضو في حالات المرض والشيخوخة والبطالة.
٤ـ تنظيم قواعد مزاولة المهنة.
٥ـ توثيق العلاقات مع النقابات المماثلة في العالم.
٦ـ تنظيم اوقات الفراغ وتوفير وسائل الراحة والتسلية وتأسيس النوادي الرياضية والاجتماعية.
٧ـ تأييد وتمتين الحركة التحررية الوطنية الكوردية في المستوى العالمي.
٨ـ تمتين العلاقات الاخوية بين خريجي المعاهد الهندسية (تكنلوجيا ـ نفط ـ اتصالات).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی سێیەم كێ تێبینی لەسەر هەیە؟ من سەبارەت بە برگەی حەوتەم نازانم ئەو نەقابەیە لە مستەوای عالەمی چی بۆ قەزیەی كوردی دەكات؟ لە جیاتی بڵێت لە خزمەتی ئەو ئەزموونەدابێت لە خزمەتی كوردستاندا بێت لە خزمەتی هەرێمی كوردستاندا بێ لە خزمەتی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بێ لە خزمەتی ئەو ئەزمونە دیمكراتیەدا بێ لەخزمەتی فدرالیەت و چارەنووسی میللەتەكەماندا بێ ،كە دەڵێ تمتین الحركە الكوردیە وەكو بڵێی رێكخراوێكی بیانیە خەبات دەكات بۆ ئەوەی كورد بنا سێنێ ، ئەم جۆرە دروشمانە لێرە جێگای نیە بە لانی كەم ئەگەر برگەیەكی تر زیاد بكەن بگوترێ پشگیری لەو كیانە بكەن و لە حكومەت بكەن و لەو فرە حزبیە بكەن لە فیدالیەت بكەن ، ئەمە چارە نووسی ئێمەیە دەیخەینە دەنگ دانەوە

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەتوانین بیكەینە(دعم الحركة التحررية الوطنية الكردية داخل الاقليم و خارجه)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە پێویست ناكات ئێمە نامانەوێ پشگیری بزوتنەوەی كوردی بكرێ، ئێمە دەمانەوێ پشگیری ئەو حكومەتە بكەن پشگیری ئەو كیانە بكەن پشگیری فدرالیەت بكەن لە پشگیری ئەمەدا بن ئێمە بەسەر ئەو ماوەیەدا تێپەڕین ئێستا كیانمان هەیە ، ئەوە شعاراتێك بوو لە پێش دە پازدە ساڵ، بۆیە پارێزگاری ئەو كیانە گرنگە حكومەتێكمان هەیە دەبێت پشگیری لێ بكەین ئەزموونێكمان هەیە دەبێت پێشی خەین، لە راستیدا دەبێت لە ئەدەبیاتی ئێمە، لە بە رۆشنبیری كردنی خەڵكی ئێمە، لە سەندیكاكانی ئێمە بچێتە هەموو كەلەبەرێكی دەزگاكانی ئێمە، لەسەرەوە دەی خوینیەوە ناوی ئەو ئەزموونەی تێدا نیە.(دعم وتطوير حكومة الاقليم كوردستان العراق والتجربة الدمقراطيةو النظام الفدرالي)بە بروای من هەر سەندیكایەك لە ئامانجەكانی دەبێت ئەوەی تێدا بێت، لەراستیدا ئەو راكردنە لە حەقیقەدا نابێت بواری پێ بدرێ ، واتا ئەوەی لە شوێنێكی تر نەقلی كردوە نابێت لە بەر دەستی ئێوە دەرباز بێت ئێوە بەرپرسیارن دەبێت بۆ

هەر سەندیکایەک ئەوە وەکو مەرجێک بێت کە پشگیری لەو کیانە بکات پشگیری لەو ئەزموونە بکات لە ئایندەی ئەو کیانە بکات ،بەشداری لە پێشخستنی ئەو ئەزموونە بکات ئەمە خۆی لە خۆیدا پشگیریە لەبزاڤی رزگاریخوازی کورد،ئەوە کەم نیە.کاک محەمەد فەرموو.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(دعم حكومة الاقليم والتجربة الديمقراتية بما ينسجم مع النظام الفدرالي)

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابی (وينسجم )با جەخت لەسەر فدرالیەکە بکرێتەوە، ئەوەی کە جەنابت باست کرد باشە(الحركه الكورديه)ئەوەی برگەی پێنجەم بابمێنێت(ئەوە پێشنیارێکە(المساهمه فی الدعم وتطوير حكومه الاقليم والتجربه الدمقراطيه على اساس النظام والعلاقه الفيدراليه)کاک د. ناصح فەرموو

**بەرێز د. ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێستا کردتان دەتواندرێ لەگەڵ برگەی دووەم دەمج بکرێت، بە برگەی دووەم بگوتری المساهمه وەلەوێ روون نیە(المساهمه فی النهضه الصناعيه و بالتعاون مع الجهات المختصه فی الاقليم، ئەلێرە تطوير بکرێت باشترە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئێمە شتێکمان گەلالە کردوە (المساهمه فی دعم وتطوير حكومه الاقليم ، اقليم پێناسە کراوە واتا اقليم كوردستان العراق ، والتجربه الديمقراطيه ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەمانەوێ من حەز دەکەم التجربه بکرێتە الكيان الديمقراطی ئەکەر قانونیا هەلە نەبێت لە بەر ئەوەی ئەوەندە گوتومانە التجربه ئەوە ٨ ساڵە هەڵەنیە ئەوە دەکەینە کیان ،(المساهمه... واسناد الفدراليه و تطويرها ) خۆزگە ئەو برگە لە هەموو بەندێک لە ئامانجەکانی سەندیکاکاندا دادەندرا، چونکە ئەوە ناوەرۆکی خەباتی هەموو رێکخراوێکی پیشەییە و جەماوەری ئێمەیە (المساهمة في دعم و تطوير حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي واسناد الفدرالية وترسيخها و تطويرها) ئەوە پێشنیارێکە بێتە جێگای برگەی حەوتەم ، برگەی پێنجەم ( توثيق العلاقات مع النقابات المماثلة في العالم و تعرفها بالقضية الكوردية)کاک عەدنان فەرموو.

**بەریز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی جەنابتانم ، بەلام ئەگەر زیاتر دەست کاری بکرێت ، ئەمە رێکخراوێکی پیشەییە جیاوازی چیە لە نێوان رێکخراوی پیشەیی و سیاسی ؟ ئامانجەکەیە لە زەمانی عبدالكريم قاسم رێکخراوی بەرگری لە کۆماری هەبوو بۆ نمونە لە جمعيه فەلاحی کاتی خۆی کازم فەرهوود پێناسەی دەکرد واجب الدفاع عن الجمهوريه العراقيه زۆر لە یاساییەکان رەخنەیان هەبوو

که ئەمە صیغەیەکی سیاسیە، ئەوە ڕێکخراوێکی پیشەییە، باهەندیک لەوە وریا بین با نەیکەینە صیغەیەکی سیاسی ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرەتا ئەوە حزب نیە ئەوە سەندیکایەکە کۆمەڵێک خەڵک تێیدا کار دەکەن لە ضمنی کیانێک کار دەکات کە ئەو بوارەی پێداوە، دەبێ کە ئەو کیانە ئەو بوارەی پێداوە ئەو ڕێکخراوە هیچ لێپرسراویەتی نەبێت بەرامبەر بەرگری لەو کیانە وبەرەو پێش بردنی واتا ئاندامانی هیچ لیپرسراویەتێکیان نەبیت بڵێن ئێمە کیانمان هەیە سیستەمێکی دیمکراتی فرە حزبیمان هەیە فدرالیەتێکمان هەیە،من مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کیانە بچێتە خوارێ بۆ ناو ناخی هەموو ڕێکخرا و و هەموو خەڵکێکی ئێمە،بۆ هەر ڕێکخراوێک جگە لەوەی پیشەییە بەشێک لە ئامانجی سیاسیشی تێدا هەیە،ئێمە ئامانجەکەمان بەوە سنور دار کردوە کە پشگیری لەو کیانە بکات ، بە پێی توانای خۆیان ،دڵسۆزییان پشگیریە، وشیار کردنەوەی ئەندامانیان لەو کیانە پشگیریە، هاوکاری کردن لە سەر خستنی ئەو ئەزموونە پشگیریە، هەرکەسێ لە شوێنی خۆی ئەویش جۆرە پشگیرێکە لەو کیانە بۆیە من وای بۆ ناچم کە خراپ بێت ئەگەر ئێمە شتێکی وا زیاد بکەین . بۆ خالی حەوتەم ئەم پێشنیارە هەیە (المساهمة في دعم و تطوير حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي واسناد الفدرالية وترسيخها و تطويرها)ئەمە یەکێکە لە ئامانجەکانی سەندیکا ئەگەر تێبینی نیە دەی خەینە دەنگ دانەوە کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان جاف**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بوارم بدەی منیش ئەوەم نووسیوە (المساهمه فى دعم و تطوير برنامج حكومەت الاقليم من اجل ترسيخ الفدراليه)سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیش پێشنیارێکە بەلام هەمان ناوە ڕۆکە تەنها دارشتنەکەی جیاوازە. ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە، پێشنیارێکی تر هەیە(صيانة حكومة الاقليم والدفاع عن النظام الفدرالي فيها)پێشنیارەکە ئەوەیە(المساهمة في دعم و تطوير حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي واسناد الفدرالية وترسيخها و تطويرها) ئەگەر کەس تێبینی نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە کاک دکتور ناصح

**بەڕێز د. ناصح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە ببێتە خاڵی دووەم بەرای من باشترە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باجارێ دەقەکە جێگیر کەین دوایی زنجیرەی بۆ دادەنێین.کاک ڕەجەب.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم (مساندة)باشترە لە (اسناد)واتا (مساندة النظام الفدرالي)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرفتێک نیە دوایی لە دارشتن بۆمان چاک بکەنەوە.کامی باشە ئەوە دانێن.کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وای لێ بێت باشترە... وابزانم کورت تر و بەواتاترە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەفەر ئەوانە کارمەندی حکومەتن دەبێ مساهەمە بکەن ،باجارەک جێگیری بکەین پاشان دارشتن گرفتێک نیە دوایی وشەیەک لە دارشتن هەموار کرا ئەوە گرفتێک نیە، واتا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە ؟سوپاستان دەکەین ، کێ لەگەڵ نیە ؟بە تێکرای دەنگ ئەوەپێشنیارە پەسەند کرا.پێشنیارێک هەیە کە ئەم خالە ببێ بە خالی یەکەم، کێ لەگەڵە ؟سوپاس،کێ لەگەڵ نیە ؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا ، کرا بە خالی یەکەم تەنها خالی پێنجەم دەمێنێ(٥- توثيق العلاقات مع النقابات المماثلة في العالم و تعريفها بالقضية الكوردية)پێشنیارێکی وا هەیە ئەگەر حەز بکەن،کاک مامەند.

**بەڕێز مامەند بابکر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بۆ خالی پێنجەم (توثيق العلاقات مع النقابات المماثلة في العالم ) تەنها بەبێ ئەوەی رای کەس وەرگرن هەر خۆیان ئەو بوارەیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆزگا وابێ هیچ رای ناوێت ئەوەکاری سەندیکاکانە کێ رێگایان پێ ئەگرێت ،کاک د رزگار فەرموو.

**د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە لە پێنجەم تەنها وشە بگۆرین (مع النقابات المحلية والخارجية)لەوانەیە تەواو بێت . دووەمیش لەو ماددەیە من هەموو مادەکانم خوێندەوە هیچ برگەیەکی تێدانیە کە باسی بزافی زانستی بکات چونکە ئەندامانی سەندکا هەموو زانستین بۆیە پێشنیار دەکەم کە برگەیەکی تر زیاد بکریت (تشجيع و دعم الحركة العلمية بين الاعضاء و عقد الندوات ودورات خاصة بالمهن الهندسية )سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المساهمة في التنمية الصناعية بالتعاون مع الجهات المختصة.) هەموو شتێک دەگرێتەوە، دەورات بکرێتەوە وتار پێشکەش بکەن، گۆڤار دەر بکەن بۆ بووژاندنەوەی پیشە سازی کارەکەیان وایە.لە برگەی پێنجەم پێشنیارێک هەیە دەڵێ (و تعريفيها بالقضية الكوردية)زیاد بکرێت ، کاک ئیبراهیم تێبینی هەیە فەرموو

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بکرێتە (قضية شعبنا العادلة)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ فەموو.

**بەریز شێخ جەعفەر عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لە خالی یەکەم ئەوەمان دانا پێویست ناکات، چەند جارێک دووپاتمان کردۆتەوە و داوامان لە ئەندامان کردووە کە کاتێ پرۆژەیەکیان بۆ دێت بە زووترین کات چ تێبینی و شتی خۆیان هەیە بۆمانی بنێرن، هەتاوەکو ئێستا هیچ ئەندامێک تێبینی خۆی نەناردووە لەسەر هیچ پرۆژەیەک، زۆر جاریش تەماشا دەکەین کەوا تێبینییەکانی ئێرەش کاردانەوەیە بۆ تێبینییەکانی ئەندامەکان،یان خۆبەخاوەن کردنی تێبینی ئەندامێکی ترە، شتەکە ئانییە، نەوەک پێش وەخت لە یاساو پرۆژەکان ورد بنەوە، زۆربەی ئەندامان ئەو شتە رەچاو ناکەن، جا ئەوە یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمە، کەوا دانیشتنەکانمان درێژە دەکێشێ و دەبێتە مایەی بێزاری هەموو لایەک، هەروەها لیژنەکانیشمان تووشی کێشە دەبن، جا هیوادارین بەڵکو لە پاشە رۆژ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، دێینە سەر ماددەی چوارەم فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الثاني

(الانتماء والعضوية)

المادة الرابعة:

يشترط في العضو ان يكون :

اولاً: من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

ثانياً: غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

ثالثاً: حاصلاً على شهادة دبلوم فني في الاقسام الهندسية (تكنولوجي - نفط - اتصالات)واذا كان مساحاً فيشترط فيه ان يكون قد مارس مهنة المساحة في احدى الدوائر الحكومية لمدة لاتقل عن (٥)سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان ئێستا داوای پرۆژەکە دەکەن، ئەم پرۆژەیە لە ڕۆژی ١٦/٩/١٩٩٩دا بەسەر ئەندامانددا دابەش کراوە، لەبەر ئەوە جارێکی تر یەک دانە چاپ ناکرێتەوە، ئەم بابەتە لای خۆتان یەک لاکەنەوە، دەبێت هەر ئەندامێک پرۆژە و پەڕاوەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا بێنێتە ژوورەوە، چونکە خۆتان دەزانن هەر پرۆژەیەکی بە دەها لاپەڕەیە دەبێت چاپ بکەرێت و بکرێت بە کوردی، دەزانن کە چەند کاتی دەوێت وچەند کاغەز و مەرەکەب خەرج دەکات، کێ تێبینی هەیە لەسەر مادده «٤»؟، کەس تێبینی نییە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی پێنجەم فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة:

اولاً: يكون الانتماء الى النقابة بتقديم طلب تحريري الى النقيب مرفقاً بالوثائق اللازمة.

ثانياً: يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ تسجيله وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر الطلب مقبولاً.

ثالثاً: للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى محكمة تمييز الاقليم خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی پێنجەم هەیە؟، لیژنەی یاسا و، پاشان کاک د.رزگار، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من «من تاريخ التبلغ به» ئەو «بە»ی زیادە و، هەڵی گرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە کاتی دارشتنەوەدا خۆتان چارەسەری بکەن، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم مەحمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا ماوەی «١٥»ڕۆژتان داناوە، ئەگەر بکرێتە «٣٠»ڕۆژ باشترە، چونکە یاسای سەندیکاکانی تر «٣٠»ڕۆژە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای منیش «١٥»ڕۆژ کەمە، ئەگەر بکرێتە «٣٠» ڕۆژ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کەوا ماوەکە لە «١٥» ڕۆژەوە بکرێت بە «٣٠» ڕۆژ؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ کرا بە «٣٠»ڕۆژ، سوپاستان دەکەین، ئێستا وەکو مادده دیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ماددەی پێنجەمە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی شەشەم فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة:

اولاً: بدل الانتماء الى النقابة ثلاثون ديناراً.

ثانياً: بدل الاشتراك السنوي عشرون ديناراً ويدفع في موعد لايتجاوز شهر شباط من كل سنة واذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم (٥٠٪)من بدل الاشتراك وان تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب اسمه من سجل الاعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کەس تێبینی نییە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی حەوتەم فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الثالث

(التشكيلات)

المادة السابعة:

تتشكل النقابة من :

١ـ الهيئة العامة.

٢ـ مجلس النقابة.

٣ـ لجنة الانضباط.

٤ـ فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە حەوت ئەمە دەستەی ئەوانە، کەس تێبینی هەیە؟، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرۆژەی کە بە ئێمە دراوە، ئێستا دەسکاری کراوە، خۆی هەق وایە بڵێین کەوا پرۆژەکە دەسکاری کراوە، راستە پرۆژەکە لە رۆژی ٩/١٦ بە ئێمە دراوە، بەڵام ئیستا تەماشای پرۆژەکە دەکەین وەکو یەک نییە، بۆ نموونە ئەوەی کەوا ئێستا دەخوێنرێتەوە ماددەی نۆیەمە لە پرۆژەکەی لای من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی کە ئێستا دیخوێنینەوە، پاش داڕشتنەوەی لەلایەن لیژنەی یاساوە دیخوێنینەوە، ئەوەی بنەڕەتییە لە خوێندنەوەی یەکەم خوێنرایەوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە، پرۆژەی لیژنەی یاسایە، کە ئەویش دابەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەوا لیژنەی یاسا دەیخوێنێتەوە هیچ پەیوەندی بەوە نییە کەوا دابەش کراوە، چ ئەوە وچ ئەوەی پێشتریش دابەش کراوە، جا ئێمە نازانین ئەوە چییە وا دەیخوێننەوە، نازانین رای چ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی کەوا ئیستا دەخوێنرێتەوە لیژنەی یاسا دایڕشتووەتەوە، بەڵام لێرە چەند جارێک گفتوگۆ لەسەر ئەوە کراوە کە هەوڵ بدرێت کە هەندێ لە خاڵەکانی پێکهاتەکان و بنەماکانی ئەو سەندیکایانە رەچاوبکرێت کەوا پەسەند کراون، ئەمەش ئێمە ئەوەمان رەچاوکردووە بۆ ئەوەی پێکهاتەکان یەک بن، بۆیە ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا هاتووە بەو شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا دەسکاری ئەو پرۆژەیەیان کردووە، پرۆژەکەتان لەبەر دەستدایە و لە هەر کوێ دەسکاری کراوە چاکی کەن، چونکە لیژنەی یاسا پرۆژەکەیان دەسکاری کردووە و، ئەمەش رای لیژنەیە لەسەرەتاشەوە وتیان، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەکەم بابەتەکە تەنها گۆڕینی ژمارەکە نییە، مادده هەیە هەر لێرە هەڵگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دەتوانن بڵێن ئەو ماددەیەی کە هەڵ گیراوە کوا؟ چونکە لیژنەی یاسا هەر لەسەرەتاوە وتیان ئەم پرۆژەیەمان دەسکاری کردووە، چونکە پرۆژەکە بێ سەروبەر هاتووە وەکو هەموو پرۆژەیەکی تر، بەڵام ئێوە پرۆژەکەتان لەبەر دەستدایە، ئەگەر گۆڕان لە ژمارەی ماددەکان کراوە، دوو حاڵەت هەیە، یان دەپرسن ئەو ماددەیە بۆ گۆڕاوە، یان دەڵێن ئەم پێشنیارەش هەیە و، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەمان بەسەردا دابەش کراوە، بەڵام دەبوایە لیژنەی یاسا دەقە ئەسلییەکەمان بۆ بخوێنێتەوە و، پاشانیش بڵێت ئەوەش رای ئێمەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لەبەر دەستی ئێمەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هەر لە سەرەتاوە وتیان کەوا دەسکاری پرۆژەکەیان کردووە، ئێستا ئەوەی کە دیخوێننەوە رای لیژنە خۆیەتی و ئێوە دەتوانن رایەکەیان رەت کەنەوە، مەبەستم ئەوەیە ئێوە پرۆژە بنەرەتییەکەتان لەبەر دەستدایە ئێستا و، دەسکارییەکەتان بۆ دەخوێننەوە، چ تێبینییەک لەسەر ماددەی حەوتەم هەیە، کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی حەوتدا ئەو شتانەی کەوا ئەوان داوایان کردووە، لەمیانی ئەو شتانەدا هۆبەکانی سەندیکاو لیژنەکانیەتی، بەڵام ئەمان ئەو هۆبانەیان نەخستووەتە ناوی، چونکە ئەوە چەند هۆبەیەکە وەکو هۆبەی ئەندازە و نەوت و گەیاندن، بەبێ ئەو هۆبانە ناتوانی کار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا بینی هۆبە لە میانی پێکهاتەکانی ئیدارییە، نەوەک لە میانی پێکهاتەکانی سەندیکا، هۆبەی ئەندازەیی وهۆبەی هونەری و هۆبەی گەیاندن ئەمە هەمووی لەمیانی

پێکهاتەکانی ئیدارییە، جا لەبەر ئەوە ئێمە باسمان لێی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ لەوەی کەوا کاک محەمەد باسی کرد، ئێمە بابەتی هۆیەکانمان لە پەیڕەوی ناوخۆ باس کردووە، چونکە وامان پێ باشتر بوو، جا بۆیە لە یاساکەدا باسمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا لەسەر ئەو بابەتە روونە، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددە «٧»دایە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی هەشتەم فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

المادة الثامنة:

تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء الذين اوفوا بألتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة في النقابة وتعقد في مركز النقابة اجتماعاً عاماً اعتيادياً خلال شهر كانون الثاني في كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لإنتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول وفي نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة اخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە هەموار کراوە و رەچاوی ئەوە کراوە کەوا جۆرە یەکبوونێک هەیە لەگەڵ سەندیکاکانی تر و، ئەوەش لەسەر داخوازی ئێوە بووە کە چەند جارێک گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئەگەر چ تێبینییەک لەسەر ماددە هەشت نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

المادة التاسعة:

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً اعتيادياً لغرض:

اولاً: تصديق الميزانية والحسابات الختامية.

ثانياً: مناقشة واقرار تقرير المجلس.

ثالثاً: النظر في الاقتراحات المقدمة بشأن تعديل قانون النقابة.

رابعاً: اقرار النظام الداخلي وتعديله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادده نۆ نییه، دەیخەینه دەنگدانەوه، کێ لەگەڵه؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییه؟ به زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة العاشرة:

اولاً: يجوز دعوة الهيئة العامة الى اجتماع غير اعتيادي في احدى الحالتين التاليتين:

١ـ بقرار مسبب يتخذه اكثرية اعضاء المجلس.

٢ـ بطلب تحريري مسبب يقدمه ثلث اعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعلى المجلس اصدار الدعوة وتعيين موعد الاجتماع خلال مدة خمسة عشر يوماً من تاريخ وصول الطلب.

ثانياً: لايجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا في الامور التي ادرجت في جدول الاعمال وعقد الاجتماع من اجلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەیش مادده دەیه که دەکاته ماددەی «١٢و١٣»ی پرۆژەکەی بەر دەستان، هەردوو ماددەکه تێکەڵ کراوه، چ تێبینییەک هەیه لەسەر ئەم ماددەیه، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم مەحمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینییەکم نییه، بەڵام کاتێ که ماددەکه دەخوێننەوه با بڵێن کەوا لەسەر پرۆژه ئەسڵییەکه دەکاته ژماره چەند، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس تێبینی تری لەسەر ئەم ماددەیه نییه دەیخەینه دەنگدانەوه، کێ لەگەڵ مادده دەدایه؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییه؟ به زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الحادية عشر:

اولاً: لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان ممنوعاً من مزاولة المهنة انضباطياً.

ثانياً: تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة بأكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادده «١١»هەیه، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة بأكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.» ئەوە تەنها بۆ مەجلسە، ئەگەر ئەوە «عند تساويها» لابرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە خۆی بنەمایەکی کۆبوونەوەکانە، هەمیشە دەبێت دەنگدان یەکلا بکرێتەوە، هەموو لیژنەیەکیش سەرۆکایەتییەکی هەر هەیە و، ئەوەش تەنها بۆ یەکلا کردنەوەی ئەو بریارەیە تاوەکو بکەوێتە ئەو لایەنەی کەوا سەرۆکی لیژنەکە لەگەڵیەتی، ئەوە بنەمایەکە پەیرەو دەکرێت لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کەوا بە لیژان دەکرێن، ماددەی «١١» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية عشر:

يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من اعضاء :

اولاً: النقيب ويشترط فيه ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات.

ثانياً: ثمانية اعضاء بما فيهم نائب النقيب والسكرتير ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن خمس سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەڵێ«يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من اعضاء» لێرەدا ئەو «أعضاء»ە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بکرێتە «يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من» و«أعضاء»ەکە لابرێت و دوو خاڵ دانرێت، ئەوە پاشان دایرێژنەوە، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوێ ئێمە لەسەر «٧» پێکهاتین، بەڵام لێرە کراوەتە «٥» ساڵ، ژمارەی ئەندازیارەکان لە کوردستاندا زۆرە، جا ئەگەر ژمارەیان کەم بووایە ئەوە ئەو کاتە «٥»ساڵ دانرابایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەر هەمان تێبینیم هەیە، هەتاوەکو ئێستا «٧» ساڵ بوو، بەڵام لێرە بۆ سکرتێر و جێگرەکەی «٥» ساڵ دانراوە وەکو یەک، با بۆ سکرتێر «٥»ساڵ بێت، بەڵام بۆ جێگرەکەی «٧» ساڵ بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر وەکو کاک ئیبراهیم دەڵێت ژمارەی ئەندازیارەکان زۆرە، کە ژمارەشیان زۆر بوو ئەوە پێشبڕکێی لەسەر دەبێت، هەروەها یەکێک لە سیفاتەکانی کادری باش ئەوەیە کەوا خزمەتی زۆر بێت، کە خزمەتی زۆر بوو ئەوە لەوەیە توانای باشتر دەبێت، ئەگەر واش بوو ئەوە شیاو تر دەبێت بۆ سەرۆکایەتی، جا ئێستا پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم دەخەینە دەنگدانەوە، ئەویش ئەو «٥»ساڵە بکرێت بە «٧» ساڵ، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا وەکو مادده دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة عشر:

أولاً: ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين أعضائه نائباً للرئيس وسكرتيراً.

ثانياً: يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الأقل كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضائه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادده«١٣»، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا دەڵێ: «يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الأقل»، هەر ئەوەندە بەسە، چونکە مەجلس بەلایەنی کەمەوە لە مانگێکدا یەک جار کۆ دەبێتەوە، جا ئیتر ئەو بەدەرەی بۆ چییە، کەواتە«كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضائه»ە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا کە دەڵێت:«يعقد المجلس جلساته الأعتيادية مرة واحدة في الشهر على الأقل كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضائه» لێرەدا ئەو «أستثنائيه» هیچ پەیوەندی بە دەستەواژەکەی پێشی خۆیەوە نییە، یاخود ئەگەر دەتانەوێت دەیکەینە برگەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە ئەنجوومەن بەرنامەی کاری داناوە کەوا هەموو مانگێک دوو جار کۆبوونەوە دەکات، بەڵام لەو میانەدا کۆمەڵێک کار هاتە پێشەوە جا ئەو بەدەرە دانراوە بۆ ئەو کاتە کوتوپڕانە، ئەمە لە دەرەوەی بەرنامەی ئەو ئەنجوومەنەیە، بۆیە ئەو بەدەرەیان بۆی داناوە، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە مافمان داوە بە ئەنجوومەن کەوا لە مانگێکدا دوو جار کۆببێتەوە، ئیتر بەدەری بۆ چییە!، چونکە دیاریمان نەکردووە کەوا چەند جار بۆی هەیە کۆببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەن ماوەیەکی دیاری کراوی نییە کەوا دیاری کات لە چ ڕۆژێکدا کۆببێتەوە، بەڵام کە کاتێ کارێکی کوتوپڕ دێتە پێشەوە ئەو کاتە ئەنجوومەن کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دەبەستێت بۆ ئەو کارە کوتوپڕە، هەر وەکو لێرە لە پەرلەماندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە مافی خۆیانە، ئێمە ئەو مافە بەوان دەدەین کەوا دانیشتنی ئاسایی و بەدەر بکەن هەر کاتێک ویستیان و پێویستیان پێ بوو، بەڵام ئەمە مافی ئەوەیان پێ دەبەخشێ کەوا دانیشتنی بەدەر ناکەن، ئەگەر هاتوو ئەوان بڕیاریان دا کەوا «٥» دانیشتن بکەن و، دانیشتنی بەدەر ناکەین، باشە خۆ دەبێت مافی ئەوەی پێ ببەخشین کەوا دانیشتنێکی بەدەریشیان هەبێت، ئێستا پێشنیارەکەی کاک ئەمین مەولود دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دانیشتنی بەدەر هەڵگیرێت؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، سوپاستان دەکەین، وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة عشر:

أولاً: يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الأعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيه النقيب.

ثانياً: اذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير اذا كان مركز نائب النقيب شاغراً وذلك للمدة المتبقية.

ثالثاً: اذا شغر أحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين اعضاء الاحتياط.

رابعاً: اذا شغرت مناصب اكثرية أعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين لانتخاب من يملؤها بنفس الطريقة المبينة في هذا القانون وللمدة المتبقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی و کاک ئیبراهیم سەعید و کاک حەمید، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر بۆ روون کردنەوە «اذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير اذا كان مركز نائب النقيب شاغراً وذلك للمدة المتبقية»بکرێتە «وإذا غاب النائب يحل محله السكرتير» بەم شێوەیە روون تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەستت خاڵی دووەمە، خۆی روونە، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەگوێرەی بڕگە سێ کە دەڵێت:«اذا شغر أحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين اعضاء الاحتياط»، ئەو «لأعضاء الاحتياط» یەدەگ نیین، بەڵکو ئەندامی ئەسڵین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگەی سێیەم کە دەڵێت«اذا شغر أحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين اعضاء الاحتياط»، ئەو (فائه) کە لە «فيحل»زیادە. ماوە بدەن با گفتوگۆ لەسەر ئەمە بکەین. ئەنجوومەن (٩) کەسە بە بەنەقیبەوە، پلەو پایەکانیشی سەرۆک و، جێگرو، سکرتێرن ،سێ مەنسەبی هەیە گریمان یەکێکیان عەمری خوای کرد، لەو حاڵەتە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن دێت جێگای، واتا یەدەگێک دێتە جێگای ئەو.

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر هاتوو بەڕێز نەقیب و جێگرو سکرتێر ئامادە نەبوون یانی شوێنەواریان لە سەندیکادا نەما خۆی ئەنجوومەنی سەندیکا هەشت ئەندام و دوو یەدەگە، دوو یەدەگەکە دەچنە ناو ئەنجوومەن بەلام بۆ نەقیب ئەوانەی ئەسلی هەلدەبژێردرێن نەک یەدەگەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادده (٨) دەلێت: (يتألف المجلس من تسعة اعضاء وعضوين احتياط). واتا دەبنە (١١)، لێرە دەبێت ئەو یەدەگانە بمێننەوە نابێت بچن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناکرێت ئێمە (ثانياً و ثالثاً) بکەین بەیەک برگە، چونکە (ثانياً) تەنها بۆ پلەی نەقیب هاتووە ئەگەر شوێنەکەی بۆش بوو جێگر یاخود سکرتێر دێتە جێگەی لە حالەتێک ئەگەر جێگر یان سکرتێر لێرە نەبوون.

(ثالثاً) بە رەهایی هاتووە ئەگەر شوێنی هەر سێ پلەکە چۆل بوو چی دەبێت، بەرای من ببێت بەیەک برگە باشترە ئەگەر یەکێک لەم سێ پلەو پایانە چۆل بوو یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن پڕی دەکاتەوە.

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە دوو پێویستە بمێنێ، چونکە برگە (٢) پلەی سەرۆکە بە هەلبژاردن نایەت سەرۆک کە ئامادەنەبوو یەکسەر جێگر دەچێتە جێگای، ئەگەر جێگیریش ئامادەنەبوو یەکسەر بەبێ دەنگدان سکرتێر دەچێتە جێگای ئەو برگەیە بۆ ئەم بابەتەیە، بەلام مەبەستی من لە برگە (٣) کە(٩) کەسن ئەگەر سێ کەسەکە ئامادە نەبوون شەش دەمێنێتەوە شەشەکە ئەسلیە دوو یەدەگەکە بەسەر دەکەون دەبنە (٨) کەس ئەوجا لەو (٨) کەسەی یەکێک هەلدەبژێردرێ بۆ نەقیب لە (٦)ی ئەسلی مەبەستم لێرە بەس یەدەگەکە ببێتە ئەسلی هەموو شتەکان چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من برگە (٣) هیچ کەموکوری تێدا نییە (إذا شغر احد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين اعضاء الاحتياط) برگە (١ و ٢) باسی نەقیب و جێگرەکەی و

سکرتێری کردووە، برگە (٣) تەنها بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنە و، دوو ئەندامی یەدەگمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە ئەم یاسایە وەکو یاسای ژمارە (٢) لێدەکەن، مادده (١٣ و ١٤) لێرەش دیسان مادده (١٣ و ١٤)، ئەگەر مەبەست ئەوەیە پلەو پایەکانی ئەنجوومەن (٩) کەسن، نۆ کەس رابەرایەتی سەندیکا دەکات خۆی ئەندامانی ئەنجوومەن پایەن (منصبن) ئەوەی من تێی دەگەم لەم برگەیە مەبەستی ئەوەیە ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن لەو (٩) کەسە شاغر بوو یەدەگ دێتە جێگای لەبەرئەوە باشترە لێرە بنووسرێ (اذا خلی) نەک (اذا شغر) ئینجا ئەگەر عەمری خوای کرد یان دەستی لەکار کێشایەوەو نەهات، چونکی گونجاو نییە لە کۆبوونەیەک ئەگەر ئەندامێکی ئەنجوومەن نەهات یەکسەر بلێین یەدەگ بێتە شوێنی.

ثالثا: اذا شغر احد مراكز المجلس بإستثناء من ذكروا في الفقرة ثانياً من المادة اعلاه ولأي سبب كان يحل محله عضو من بين اعضاء الاحتياط.

کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ماددەکە زۆر روونە هیچ دەست لێدانی ناوێت مەبەستی (مراكز) ئەوەیە ئەو ئەندامانەی سەندیکا کە هەشت کەسن ئەگەر یەک لەوانە ئامادەنەبوو یەک لەو ئەندامانەی یەدەگ دێتە جێگای ئەوە دەقێکی کارپێکراوە لە هەموو دونیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە کاک شێخ ئەگەر نەقیب نەهات چی بکەین؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر نەقیب نەهات بەگوێرەی دەقەکە جێگری نەقیب دێتە شوێنی، ئەگەر جێگر نەبوو سکرتێر دێتە شوێنی، ئەگەر یەک لەوانە کەم بوو لەو کاتە یەدەگ دێن و لە نێوان خۆیان دووبارە سکرتێر و جێگرو نەقیب هەڵدبژێرنەوە، ئەمە یەک.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با یەکەم جار بزانین پلەکانی سەندیکا مەبەستیان لێی چییە؟.

بەرای من (مراكز النقابة) نەقیبە، جێگرە، سکرتێرو، ئەندامە ئەسڵەکانن ئێمە چارەسەری نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێرمان کرد، ئەسڵیەکان مانەوە برگەی (٣) بەرەهایی هاتووە (إذا شغر احد مراكز المجلس) (مراكز مجلس) هەر نۆ کەس دەگرێتەوە، لێرە ئەگەر روونی بکەینەوە (عدا ممن ذكروا اعلاه) او (غير ممن ذكروا اعلاه) تاوەکو نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێر

بەدەر بکەین، ئەو کاتە تەنیا ئەندامانی ئەسڵی دەمێننەوە، ئەگەر یەکێک لە ئەندامە ئەسڵەکان جێگای خاڵی بوو ئەو کاتە یەکێک لە یەدەگەکان دێنە ئەوێ واتا ئەو وشەیە تەنیا بۆ روونکردنەوەیە ئەگەر ئەو وشەیە زیاد بکەین چونکە بەرەهایی هاتووە، پێویستە پێوەند (تقیید) بکرێت وای لێ نەیە کە(تناقض) هەبێت لەنێوان برگە (٢ و ٣) ئێستا ئەوەی برگە (٣) بخوێنیتەوە و برگە (٢) بخوێنیتەوە وا هەست دەکات دوو جار چارەسەر کراوە جارێک دەڵێت یەدەگ دەچێتە جێگای، جارێکی تریش دەڵێت سکرتێر و جێگر دەچنە جێگای سەرۆک، لەبەرئەوە تاوەکو باشتر روونی بکەینەوە بەرای من ئەم رستەیە زیاد بکەین (من غير ممن ذكروا في الفقرة ثانياً اعلاه)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی بە گوێرەی پێڕەوی ناوخۆ من قسەکانی خۆم تەواو نەکرد، دەبوایە قسەکانی خۆم تەواو بکەم ئینجا بوار بدەن بە جەنابی سکرتێر قسە بکات.

من لەسەر قسەکانی خۆم دەڕۆم دەڵێم ئەو دەقە واقیعیە هەر زیادەیەکیش بکرێت هیچ بنەمایەکی نییە و پێویست ناکات و یاساش هەمیشە دەبێت کورت و بەسوود (مفید ومختصر) بێت دەقی یاسایی (متن)ە، (متنیش) هەمیشە خۆی لە (حشو) دوور دەکاتەوە.

تێبینی دووەمم هەیە لە راستیدا بەتایبەتی کاک ئیبراهیم کە ئەندامی لیژنەی یاسایە ئەو مەسلانەی کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە لەوێ ئەو ناکۆکییەکانی خۆی یەکلا بکاتەوە، من زۆر لام غەریبە لە هەموو ئەندامانی لیژنەی یاسا ئەو لێرەدا گفتوگۆ دەکات لەسەر مەسەلەی ئیزافە کردن پێویستە ئەو لە لیژنەی یاسا رای خۆی بدات ئەوان پێکەوە هاریکاری یەکترن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەدنان.

خاڵی یەکەم باشە، بەڵام خاڵی دووەم ئێمە دە جار لەم مینبەرەوە بەم برادەرانەمان گوتووە بۆیە موقاتەعەمان کرد، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگە (٢) کە هاتووە(اذا شغر مركز النقيب لاي سبب كان يحل محله .. الخ) ئەوە تەنها بۆ نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێرە سەبارەت بە برگە (٣) ئەوە هەموو مەرکەزەکانی ئەنجوومەنە مەبەستیش لە برگە (٣) ئەوەیە یەدەگەکان بێننە پێشەوە لەبەرئەوەی لەوانەیە نەقیب خوانەخواستە ئەمری خوای کردبی یان جێگر یان سکرتێر. بەرای من هیچ دەستکارییەکی پێ ناوێت هەردوو برگەکان روونن، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە کاکە شێروان من ئەندامێکی یەدەگم، یەکێک لەو نۆ پلانە شاغر دەبێت من بڕگە (٣) قەبوول دەکەم بڕگە (٢) قەبووڵ ناکەم.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بە بڕگە (٣) بێت دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەن.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە بە هەڵبژاردنیش ببێت بە سەرۆک.

باشە ئێوە لە بڕگە (٢) قەیدتان کردووە دەڵێن هەر دەبێ جێگرەکە بێت.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە هەتا یەدەگەکە دێتە جێی بە گوێرەی بڕگە (٣).

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی ماددەکە تۆزێک شاراوەیە، ئەگەر سکرتێر شاغر بوو کێ دێتە جێگای؟..

لەبەرئەوە لە بڕگە دوو دیاری کراوە لە نێوان سکرتێر و جێگر و نەقیب ئەمە چارەسەرکراوە، بەڵام ئەگەر سکرتێر مرد نەهات کێ دێتە جێگای.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە کە یەدەک دێتە شوێنی مەرج نییە ئەوە یەدەگە ببێتە سەرۆک یان جێگری سەرۆک یان سکرتێر.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام تۆ لە بڕگە دوو یەکلات کردۆتەوە کە جێگرو سکرتێر دێن، بەڵام لە بڕگە سێ بە ڕەهایی هێناوتەوە، چ هەڵەیەکی تێدا ئەگەر بڵێین (بإستثناء ممن ذكروا في الفقرة ثانيا) بۆ ئەوە ئیلتباس نەبێت لە نێوانیاندا.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە بڕگە (ثانياً) بۆ چارەسەرکردنێکی وەختییە یەکسەر پاش مردنی یان ڕووداوێک جێگری نەقیب یان سکرتێر دێتە جێگای بەڵام یەدەگەکە نایەتە ناو ئەنجوومەن ئەگەر هاتوو ئەو دەقەی بڕگە (٣)ی تێدا نەبێت.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمەش وا دەڵێین لە بڕگە (٣) تەنیا ئەمە زیاد بکرێت (بإستثناء ممن ذكروا في الفقرة ثانياً من

المادة الرابعة عشرة).
جەنابی سکرتێر پێشنیارێکی هەیە.

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عــــەبدوڵلا:**

**بـەڕێزســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

مادده و مادده سێ چارەسەری باری (خلو مراكز النقابة)ی کردووە بابێین تەماشای مادده (٢) بکەین سێ (مرکز)مان هەیە نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێر، ئەگەر شوێنی نەقیب شاغر بێت جێگری نەقیب دەچێتە جێگای یان سکرتێر دەچێتە جێگای، باشە ئەگەر شوێنی سکرتێر شاغر بوو کێ دەچێتە جێگای؟، ئێمە لێرە لە چارەسەرییەکە دەگەڕێین، چارەسەریەکە ئەوەیە یەکێک لە یەدەگەکان دەچێتە جێگای، بۆچی یەدەگ بچێتە شوێنی جێگر یان سکرتێر ئەگەر شوێنیان خاڵی بێت، مادام ئێمە چارەسەری حاڵەتی سێ مەرکەزمان کرد نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێر ئەوانە لە مادده (٣) بە ڕەهایی هاتووە دەڵێت ئەگەر مەرکەزی نیقابە، کامە مەرکەزی نیقابە شاغر بوو بە ڕەهایی هاتووە بنەمایەکیش لە یاسادا هەیە دەڵێت (المطلق يجري على اطلاقه ما لم يرد ما يفيد تقييده) پێشنیاری من ئەوەیە ئەو ڕەهاییە بەسستینەوە وەکو جێبەجێکردنێک بۆ ئەو بنەمایە بیبەستینەوە بە دوو وشە (عدا ئەوانەی لە برگە دوو هاتوون)، تاوەکو ئەگەر هاتوو مەرکەزێکی تر شاغر بوو مەرکەزی تریش ئەندامانی ئەسڵێن یەدەگەکە بچێتە جێگای وای لێ نەیەت ئەگەر من ئەندامی یەدەگ بم سبەینێ داوا بکەم بچمە شوێنی سکرتێرەکە، داوا دەکەم چونکە مادده سێ ئەو مافە بە من دەدات. هەروەها بۆ جێگریش ئەگەر سکرتێر ئامادە نەبێت، ئەگەر مەرکەزی جێگری نەقیب و سکرتێر بەتاڵ بوو مادده (٣) مافی داوە بە ئەندامی یەدەگ بچێتە جێگای لە کاتێکدا کە چوار ئەندامی ئەسڵی هەیە، مافی ئەوان لە پێشترە لە ئەندامانی یەدەگ، سوپاس.

**بـەڕێزســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

برایان ئێمە هەندێ جار لە گفتوگۆدا ئاسنی سارد دەکوتین (إذا شغر احد مراكز المجلس لإي سبب كان) یانی چوو ئاو بخواتەوەو نەهاتەوە، ئەو جێگەیە (شاغرە)، تووشی هەڵامەت بوو نەهاتەوە ئەوە ئەو جێگەیە بوو بە شاغر تا ئێرە قەیناکە، بەڵام (لإي سبب كان فيحل محله عضو من بين اعضاء الاحتياط) محل مركز الشاغر سواءً كان الرئيس أو نائبه أو السكرتير ئەمانە مەناصبی قیادەنە دەقەکە روونە.

**بەڕێز عــەدنان مــحــمــەد نەقــشــبــەندی:**

**بـەڕێزســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

لە بنەڕەتدا موشەریع کردوویەتی بە دوو برگە بۆئەوەی جیاواز بێت، جەنابت ئاماژەت بۆ کرد سکرتێریش گوتی سکرتێر و جێگری نەقیب جیاواز کراوەتەوە، ماددەکە لە برگە (١) روونە حاڵەتی (٢) چارەسەری ئەم حاڵەتە دەکات کە لە برگە (١) نەکراوە، ئەو گریمانەی جەنابت

هێنات کە ئەگەر سکرتێر نەبوو ناچێتە جێی سکرتێر دێتە ئەنجوومەنی سەندیکا، چونکە سکرتێر هیچ برگەیەک نایگرێتەوە دووبارە ئەو هیئەیەی کە یەدەگەکە هاتۆتە ناوی هەڵبژاردنی سکرتێر دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە با ئەم مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، پێشنیارێک هەیە (إذا شغر احد مراكز المجلس لأي سبب كان من غير ممن ذكروا في الفقرة ثانياً في المادة اعلاه) زیاد بکرێت لەسەر (ثانیاً) بۆئەوەی روون بێت. ئەمە پێشنیارێکە دەیخەینە دەنگ دانەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، سوپاس.

کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر برگە (٤) پێشنیارێکم هەیە (إذا شغر منصب اكثرية اعضاء المجلس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين لإنتخاب من يملؤها بنفس الطريقة المبينة في هذا القانون وللمدة المتبقية على ان لا تقل عن ستة اشهر)، چونکە گونجاو نییە ئەگەر ماوەکە کەمی مابوو بۆ ماوەی مانگێک هەڵبژاردن بکرێت و خەڵک دابنێن.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لە سەندیکاکانی تر شتێکی وامان کرد، ئەمە هیچ گرفت نییە.

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە (على ان لا تقل عن ستة أشهر).

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە چوار دەڵێت (إذا شغر منصاب اكثرية اعضاء المجلس، ئەگەر (اكثرية اعضاء المجلس بوو) مانای ئەوەیە مجلس نەما لە خوارەوەش (دعوة الهيئة العامة) دەبێت لایەنێکی تر دەعوەتی هیئە بکات، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

(ما تبقى من المجلس يعتبر مجلس). بابزانین لە یاساکانی تر چۆن چارەسەر کراوە؟. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم خاڵەی کاک ئەمین خستیە روو ئێمە لە لیژنە هەمان خاڵمان خستەروو و گفتوگۆشمان لەسەر

کرد گەیشتینە ئەوە کە سەندیکا نابێت (حل) ببێت، گەیشتینە ئەو ئەنجامە ئەوانەی ماون دەبێت داوەتی (هيئة عامة) بکەن بۆئەوەی نەقیب و جێگری نەقیب بەدیلیان بێت، لە سەندیکاکانی تر بە هەمان ڕێگە چارەسەرمان کردووە.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارە هەیە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیاری کاک حەمید پەسەند دەکەین.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە ئەم ڕستەیە زیاد بکرێت (على ان لا تقل عن مدة ستة اشهر) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة عشر:

١ـ يمارس المجلس الاختصاصات التالية:

أـ العمل على تحقيق اغراض النقابة.

ب ـ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.

ج ـ تنفيذ مفردات الهيئة العامة.

د ـ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد أجورهم.

هـ ـ النظر في طلبات الانتماء.

و ـ أختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية و غيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.

زـ احالة القضايا والشكاوي الى اللجنة المختصة.

ح ـ تأسيس فروع النقابات في المحافظات.

ط ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

ي ـ قبول أستقالة النقيب أو نائبه أو أي من أعضاء المجلس او اللجان.

ك ـ تصديق مدقق حسابات لإجراء التدقيق السنوي.

ل ـ تنظيم الادوار الانتخابية والوثائق الأخرى والاشراف على عملية الانتخاب وفق أحكام هذا القانون.

م ـ اقرار تملك الاموال والعقارات ـ وقبول الهبات والمنح.

ن ـ تأسيس و ادارة النوادي وفقاً لقانون الجمعيات.

٢ـ للمجلس تخويل بعض صلاحياته الى لجان الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟.

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە دەربارەی برگە (ح ـ تأسيس فروع النقابات في المحافظات)، چەند نیقابە هەیە؟ (نقابة) مفردە ئەگەر ئەوەیە ئیشتباهە ئەگەر یەکێکی ترە بۆمان روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە (ح) دەبێت بگوترێت (تأسيس فروع النقابە).

لە برگە (ک) هاتووە (تصديق مدقق الحسابات) دەبێت بگوترێت (تعيين مدقق الحسابات لإجراء التدقيق السنوی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل کێ (تصديق)ی دەکات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێک دەستەی گشتی کۆ دەبێتەوە ئەوە بوودجە وحیسابکاری دوماهی دەڕاستێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوەی کاک جەمیل ختیەروو(تصديق مدقق الحسابات لإجراء التدقيق السنوي) تعيين نییە خۆی تصدیقەکە راستە، چونکە حساباتی نقابە دەبێت لەلایەن مدقق حساباتەوە تصديق بکرێت یان مدققێک بە کرێ دەگیرێت، مەسەلەکە تعيين نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وابێت وەکو کاک شێروان فەرمووی ئەو کاتە ئەرکی ئەنجوومەن نییە (مدقق حسابات تصدیق) دەکات ئەوە مانای مهام جلس نییە، مادام لە (مهام المجلس) هاتووە ئەوە دەبێت مجلس (مدقق حسابات) تعیین بکات ئەو کاتە (مدقق حسابات تصدیقی دەکات کە بە گوێرەی حساباتی مالیە تەواوە یان تەواو نییە لێرە هەر دەبێت تعیین بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل وەکو فەرمانگەیەک ئەمانە حساباتیان هەیە دەبێ ئەو حساباتە وردکاری بکرێت و دەبێ ئەو تەدقیقەکەش لایەنێک پەسەندی بکات کە ژمێریارێکی یاسایی دێت ئەو لایەنە ئیمزای بکات بڵێت (صدقت) یانی ئەمە راستە وابزانم ئەم تصدیقە هیچ اشکال نییە دەبێت ئەم ئەنجوومەنە دابنیشێ بۆئەوەی ئەو مدققە تەصدیقی کردووە بڵێین تەدقیقی ئەم ئیمزایە دەکەین، هیچ گرفتێکی تێدا نییە.

ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە؟.

ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة عشرة:

للنقيب الصلاحيات التالية:

١- رئاسة اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية و المصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض صلاحياته الى من يرتأيه من أعضاء المجلس و بموافقة المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ماددە (١٦) دووجار ئەو (معاملات)ە هاتووە (تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والمصادقة على المعاملات والوثائق..)، وابزانم یەکێکیان زیادە دەبێت بیگۆڕین. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بکرێتە (والمصادقة عليها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببێتە (تمثيل النقابة لدى المراجع القضائية والإدارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والمصادقة على المعاملات) ئەو دەستەواژەی (في المعاملات كافة) لادەبرێت.

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم (وله تخويل بعض صلاحياته الى من يرتإيه من اعضاء المجلس وبموافقه المجلس) ئەو (وبموافقة المجلس) ـە زیادە.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە. پاش ئەو هەڵە ئیملائیانە.

پێشنیارێک هەیە (في المعاملات كافة) لە ثانیا لاببرێ کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

پێشنیاری دووەم (وبموافقه المجلس) لە کۆتایی برگە دوو لا ببرێ، چونکە زیادە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة عشرة:

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً إذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال السنة بدون عذر مشروع.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشر:

اولاً: تؤلف لجنة الإنضباط من ثلاثة أعضاء وعضوين إحتياط. تختص بالنظر في القضايا والشكاوي التي يحيلها عليها المجلس وتتبع القواعد الواردة في قانون إنضباط موظفي الدولة.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (١٨)، چ تێبینییەک لەسەر ئەماددەیە هەیە؟. نییە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. ببورە کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتووە (اولا) خۆیشی یەک برگەیە.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە باشە، پێشنیارێک هەیە کە ئەم (اولا) هەڵبگیرێت. هەڵەیە، کەواتە پێویست بەدەنگدان

ناكات.
مادده (١٨) دەخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة عشر:
للجنة الانضباط صلاحية إصدار العقوبات التالية:
أ- الفات نظر.
ب - الإنذار
ج - المنع من مزاولة المهنة لمدة لاتزيد على ستة أشهر.
د - أحالة القضايا التي تكون موجهة الى المحاكم المختصة.
وبالنسبة لمنتسبي الدوائر الرسمية ينحصر المنع على العمل خارج أوقات الدوام الرسمي على ان تبلغ الدائرة المختصة بالقرار .ئەمە مادده (١٩) یە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (١٩)خوێندرایەوە، لیژنەی یاسا فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (١٩)(إحاله القضايا التى تكون جريمه) نەک(تكون الموجهه)

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا (موجهه)کە بە هەڵە هاتووە،ئەبێ بە جەریمە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

بەڵێ ،تكون جريمه

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

إحاله القضاياالتى تكون جريمه ئەمە دەسەڵاتێکی یاساییە تكون جريمه باشە ئەو موجیهە هەڵەیەکی ئیملائیە خۆی جریمەیە،بێجگە لەمە ئەگەر چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک د. رزگار فەرموو

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم شەش مانگ ببێتە سێ مانگ چونکە گەلێ قانون یەک مانگە یا ئەوە سێ مامنگ بێت شەش زۆرە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ذوى المهنى الصحيەیە، لەراستیدا پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە ببورە هەندەسی دیسان ئەوەش

پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، المنع من مزاولة المهنة لمدة لاتزيد عن ستة أشهر.دەشێت مانگێک بێت، دە ڕۆژ بێت، دوو مانگ بێت، ئەوە عایدی لیژنەی بەر زەفتیە لاتزید عن سته أشهر

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەزدەکەی با مانگێک بێت ڕاستە، ئەوە مادده (١٩) ئەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا لەبیر نەکەن برگەی دال موجهە ئەبێت بە جریمە

**بەڕێز حوسێن عەلی کەماڵ:**

الماده العشرون، ئەمە دووبارە بۆتەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ دووبارەیە ئەبێت بەبیست

**بەڕێز حوسێن عەلی کەماڵ:**

الماده العشرون:

على العضو تجنب الأمور التاليه

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده نۆزده لايجوز الطعن ئەبێ بەبیست (التاسعە عشر) دووجار هاتووە بە بیست، تاسع عشری دووەم ئەبێت بە عشرون، فەرموو

**بەڕێز حوسێن عەلی کەماڵ:**

الماده التاسعه عشر:

اولاً: يجوز الطعن في قرارات لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ التبلغ به وللمجلس تأييده ويكون قرار المحكمة باتاً.

ثانياً: لاتنفذ العقوبات المتميزة بحق المخالف الا بعد المصادقة عليها. ئەو المتميز بە هەڵەهاتووە خۆی (التميز)ة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی ئێمە ئەوەیە (الا بعد اكتسابها الدرجه القطعيه)

واتا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی بیست کەس تێبینی لە سەر هەیە کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم (وللمجلس تأئیدە)ئەوە زیادە

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن لە کام برگە؟

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەکەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێ (یجوز الطعن في قرارات لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ التبلغ به وللمجلس تأييده ويكون قرار المحكمة باتاً.بریاری دادگای تەمیز بەپێی یاسا قابیلی گفتوگۆ نیە وانیە؟ ئیستا دوو پێشنیارمان هەیە یەکەم (وللمجلس تأئیدە)لە برگەی یەکەم لابرێ کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین ،کێ لەگەڵ نیە؟ بە تیکرای دەنگ پەسەند کرا.پێشنیاری دووەم لە برگەی دووەم (بعدة مصادقة علیه)لابریت لەجیاتی ئەوە اکتسابە درجة البتات دابندرێ بە ئیعتبار دەستەواژەیەکی یاساییە کاک شێخ فەرموو.

**بەریز شێخ عەندنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم بۆ لێژنەی یاساییە ئەگەر بە جوانی تەمەشای بکەین ،ئەگەر (بعد المصادقه علیها)مەبەستیان ئەنجومەنی سەندیکایە بابەتەکە تەمیز بێت ئەوە راستە،ئەگەر بابەتەکە لە مێژووی ئاگادارکردنەوە و راستاندنی ئەنجومەن بێت ئەوە شتێکی ترە حەز دەکەم تۆزێ بە وردی تەمەشا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لە جیاتی لێژنە وەلامت دەدەمەوە (لاتنفذ عقوبات المميزه بحق المخالف الا بعد اكتساب درجه البتات ،با لێژیەی یاسا ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە.

**بەریز محەمەد حەسەن بالەتە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ،بە لوغەتی یاسا هەر بریارێک تەمیز ببێت بچێتە دەسەلاتی دادگەری دەبێ دەستەواژەی یاسایی خۆی بەکار بێنێت، دەستەواژەی یاساییش لە هەموو یاسا و بریارێک (بعد اكتسابها الدرجه القطعيه)یان (بعد اكتسابها الدرجه البتات)ئەو جا ئەو بریارە جێ بەجێ دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مەبەست چیە لە بەتات؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**
مەبەست ئەوەیە کە لەپاش ئەوە هیچ تانەلیدانیکی تر نامێنێت. بۆ نمونە پاش تەمیز لێژنەی تایبەت دادەنیشن کە لێژنەی راست کردنەوەی بریارە بەلام لەو یاسایە ئەو مافە نەدرایتە سەندیکا تەنها تەمیزە. واتا بریاری تەمیز باتە واتا پاش ئەوە هیچ تانەیەک نەماوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
واتا پەیوەندی بە ئەنجومەنەوە نیە وابزانم ئەوەی کاک شێخ روون بوو.کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای من کە لە برگە دوو دەڵێ(لاتنفذ العقوبات المتميزة بحق المخالف الا بعد المصادقة عليها )ئەوە لەلایەن دادگا یان لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە دەبیت؟ بابەتی راستاندن دەڵێ بریارەکە دەرەجەی قەطعی وەرگرتووە هەموو مەرحەلەکانی بڕیبێ واتا هەموو ریگاکانی تانە لێدانی کردوە ئەوە دەر ئەنجامە پێی ناوێت لێرە ناوی بهێندرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پێشنیار کراوە کە بنووسرێت (الا بعد اكتساب درجه البتات)ئەوە پێشنیارێکە دەیخەینە دەنگ دانەوە

کێ لەگەڵە ؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. ماددەکە پاش ئەو دوو راست کردنەوە دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا ، سوپاس

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**
المادة واحدة والعشرون

على العضو تجنب الأمور التالية:

أولاً: أهمال أو عرقلة تطبيق القوانين والأنظمة المتعلقة بالنقابات والقرارات التي تصدرها.

ثانياً: مزاولة المهنة دون تجديد الإشتراك السنوي.

ثالثاً: عدم مراعاة السلوك المهني والإساءة الى سمعة المهنة وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.

رابعاً: انتحال لقب مهني أو صفة مهنية غير صحيصة أو غير مصادق عليها وفق القوانين والأنظمة المرعية.

خامساً: ارتكاب خطأ فني جسيم نتيجة إهمال يسبب خسارة كبيرة لذوي العلاقة.

سادساً: تجاوز حدود مزاولة المهنة حسبما نص عليه في النظام الداخلي او التعليمات التي

تصدرها النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کۆمەڵێ تەحزیراتە بۆ ئەندامانیان دایان ناوە کەس تێبینی لە سەر هەیە؟ کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەریز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە وابزانم پەیوەندی هەیە بە لیژنەی انضباطی کە دەڵێ دەبێ ئەندام ئەوانە نەکات باشە ئەگەر ئەوانەی کرد؟پێویستە ڕەوانەی لیژنەی بەرزەفتی(انضباطی) بکرێت وابزانم لە یاساکانی تریش وامان کرد ئەو سەرپێچیانەمان لە لیژنەی بەرزەفتی(انضباطی) داناوە واتا چۆن لە پرۆژەیەکی تر هاتووە(لمجلس النقابة احالة العضو الى لجنة الانضباط اذا نسب اليه احدى المخالفات التالية) واتا بدرێتە لیژنەی بەرزەفتی (انضباطی)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ فەرموو

**بەریز جەعفەر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم دەڵێ(...النقابات)بۆچی نقابات بێت؟دەبێت نقابە بێت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نقابەیە لەوانەیە بەهەڵە هاتبێت . کاک ئەحمەد سالار

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی سێیەمدا(عدم مراعاة السلوك المهني والإساءة الى سمعة المهنة) وئەوەی تر دەچێتە قاڵبی دارشتنەوە و زیادەیە (وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها فى النظام الداخلى) لەوانەیە ئەوەندە پێویست نەبێت چونکە (الى سمعة المهنة )کۆیە و مەبەستەکە دەگەێنی سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئەگەر شتێکتان هەیە.

**بەریز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک سیروان فەرمووی ئەوە (على العضو تجنب ما وردة في هذة المادة )لە ما[illegible] هەیە (للمجلس احالة العضو الى اللجنة الإنضباط في حالة المخالفات التي تارتئي المجلس تطلب احالته الى الجنة الانضباط)ئەوە ضمنی ئەو ماددەیەیە، ئەگەر ئەنجومەن دیتی کە ئەندامێک ئەمانەی کرد دەتوانێ ڕەوانەی لیژنەی بەر زەفتی بکات .ئەوەی کاک ئەحمەد لیژنەی یاساش

ئـــەوەی دەڵـــێ(حسب القـواعـد المنصـوص عليـهـا في النظام الداخلي)زيـادە پـێـی نـاوێـت (وكرامتها)بەسە واتا حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي) هەمووی لابـبرێ

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:

كاك سیروان فەرموو.

**بەریز ســــەرتیپ مـــحــــمـــەد حـــوســــێن:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی كاك محەمەد گوتی(في الحالات التي ترتأي المجلس)ئەوە اجتـهاداتی لێ پەیدا دەبێت، لەبەر ئەوە با ئەو مـەرجانە بـن كە لێرە هاتـووە هەر حالـەتێـک كـە هەوەسیـان لێ بوو رەوانەی ئەو لێژنەیە دەكری

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

چی لێ بكەین بیبەینە پێرەوی ناوخۆ یان لیژنەی بەرزەفتی(انضباطی)؟

**بەڕێـز ســـــیـــــروان كـــــاكــــــەیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەرای من تەنها ئەو حالەتانە بدریتە لێژنەی بەرزەفتی غەیری ئەوانە دەبێتە اجتهاد، سوپاس

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

كاك شێروان

**بەڕێز شـــێـــــروان نـاصح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە مـاددە (١٥)برگەی (ز)لە ضمنی تایبەتمەندەكانی ئەنجومەن (احالة القضاية و السكاوى الى اللجنة المختصة)

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مەبەست لە لێژنەی تایبەتمەند لێژنەی بەرزەفتیە(انضباطیە) ، بەلام ئیمە لێژنەی بەرزەفـتیمان دایە دەنگ دانەوە ، كاك ئیبراهیم

**بەڕێز ئیـــــبــــــراهیم دۆغــــــرەمــــــەچی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر تاوان دیاری نەكرێ ئەوە سزا نادرێت ، لێرە سەرپێچیەكانی دیاری كردوە ، ئەگەر ضمنی ئەوسەرپێچیانە بێت ئنجا رەوانەی لێژنەی بەرزەفتی دەكرێت غەیری ئەو سەرپێچیانە بوو ناتوانی رەوانەی بكات دەبێ سەرپێچی دیاری بكرێت ، سوپاس

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

روونە ئەگـەر ئەندامی سـەندیكا سـەرپێچی كـرد لەو بنەمـایەی كـە هەیە، ئەنجـومـەن بۆی هەیە رەوانەی لێـژنە بەرزەفـتی بكات ئەوە دەرئەنجـامـە لە مـاددەیەكی تر هـاتووە ،واتا ئەو مـاددەیە

پشگیری رای جەنابت دەکات،ئەم ماددەیە وەکو خۆی دەخەینە دەنگ دانەوەکێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا . تەنها ئەوەی برگەی سێیەم نەبیت کە گوتمان زیادەکە لابیرێت

ماددە بیست و دوو

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية والعشرون:

تدار شؤون الفرع في المحافظة لجنة مؤلفة من خسمة أعضاء وعضوين إحتياط ينتخبهم أعضاء الفرع بالاقتراع السري كل ثلاث سنوات على ان يكونوا من الذين مارسوا المهنة لمدة لاتقل عن ثلاث سنوات وتنتخب اللجنة من بين الأعضاء رئيساً للجنة.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لە سەر هەیە، تەنها کاک ئەحمەد سالار فەرموو

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کراوە بە مەرجێک (من الذين مارس المهنة لمدة لتقل عن ثلاث سنوات )ئەو مەرجە لەوانەیە بۆ لقەکان پێویست نەبیت ئەوە تەنها بۆ ئەنجومەن بیت ئەوەش بۆ ئەوانەی کە دیاری کراوە لێرە ئەو ساڵەی کە دەرچوە ئەوە مەرجی ئەندامیەتی تێدایە لەبەر ئەوە وابزانم ئەو سێ خاڵەی کە دەست نیشان کراوە رەنگە پێویست نەکات، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە شێخ عەدنان

**بەرێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم هەڵەیەکی چاپە یان بەهەلە لە دارشتنەوە هاتووە(تدار شؤون الفرع في المحافظة لجنة) یان تدير... یان تدار من قبل.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من قبل اللجنە . مامۆستا فەرموو

**بەرێز مەلامحەمەد تاهر زین العابدین**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە جەنابی کاک عەدنان فەرموی راستە وابزانم هەڵەکە چاپە لە خوارەوە هاتوە (من بين الأعضاء رئيساً للجنة ) من بين اعضائها رئيسا للجنه)وابزانم ئەوەش هەر لە چاپ بەهەڵە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تدار شؤن الفرع من قبل ...)و لە کۆتاییدا (من بین الاعضاء رئیسالّها)لیژنەکە دەکۆژێتەوە ئەعضاء دەبێتە اعضائها. ئەمێنێتەوە ئەوەی سێ ساڵەکەی کاک ئەحمەد دەڵێ پێویست ناکات سێ ساڵ بیت چونکە لە فەرعەکانە لەوانەیە یەکێ دەست نەکەوێ کە سێ ساڵ خزمەتی هەبێت ئەوە پێشنیارێکە چ تێبینی لەسەر هەیە؟ کاک ئیبراهیم

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لەوەو پێش روونم کردەوە ژمارەیان زۆرە بۆ ئەوەی کە دەبێتە ئەندامی لق یان لێپرساوی لق بەلانی کەم دەبێت خبرەکی لە پیشەکەی هەبیت چونکە لەو لقە هۆبە دروست دەبێت .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناصح

**بەڕێز د. ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە کاک شێخ عەدنان باسی کرد هەرچەندە پەیوەندی بە دارشتنەوە هەیە بەلام من پێم وایە ئەو دارشتنەی کە ئێستا هەیە لە جیاتی (تدار)ەکە بکرێتە تدیر باشترە لە جیاتی ئەوەی (من قبل)ی بۆ زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە گرفت نیە با لە دارشتن چارەی بکەن ، کاک ئەحمەد ئەوە رای کاک ئیبراهیمە لە جیاتی لیژنەی یاسا قسە دەکات

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە لە فەرعدا نەمان وتووە دەست نیشان نەکراوە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی لق یان کاروباری دارایی دەگرێتە ئەستۆ یان سکرتێری لق سالی بۆ دەست نیشان نەکراوە لەبەر ئەوە بۆ ئەندامەکەش پێویست ناکات دەست نیشان بکرێت ئەمە جیایە لەگەڵ ئەنجومەنی گشتی.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: پێشنیاری ئەوەی کە ەو سێ ساڵە لابەین و کراوە بێت چونکە لە دەرەوەی پارێزگایە لە لقەکانی سەندیکایە کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا واتا سێ ساڵەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە ،مادده بیست و دوو پاش ئەو راست کردنەوە ئملاییە دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا

**بەویز حوسێن عەلی کەمال:**

الفصل الرابع

(مالية النقابة)
المادة الثالثة والعشرون:
تتكون مالية النقابة من :
١ـ بدلات الإنتماء والإشتراك السنوي.
٢ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية.
٣ـ التبرعات والهبات المقدمة من الأعضاء وغيرهم بعد موافقة الجهات المختصة.
٤ـ ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.
٥ـ أرباح مطبوعات النقابة.
٦ـ أرباح المشاريع المتعلقة بالمسح التي تقوم بها النقابة.
٧ـ الاجور التي تقررها النقابة في حالة قيامها بالتحكيم.
٨ـ رسوم تأييد ملاءة العضو في الكفالات والعقود بين الأعضاء وذوي العلاقة وبنسبة (١٪) من مبلغ الكفالة والعقد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
- ماددەی بیست و سێیەم كەس تێبینی لە سەر ئەو ماددەیە نیە؟ مامۆستا فەرموو

**بەڕێز مامۆستا مەلاتاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
برادەران دەزانن لەوانەیە پەری بێت كاتی خۆشی گوتمان ماددەكە بە دوو برگە بێت یەكەم ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،دووەم (تخضع میزانیە النقابە بما فیها المصروفات السنویة للرقابة المالیة )
بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:بەلام ئیمە چاودێری دارایمان نیە مامۆستا ، لە هیچ سەندیكایەكیش ئەوەمان نەكردوە ، هەر كاتێك چاودێری دارایی دروست بوو بریارێک درا كە هەموو سەندیكاكان ملكەچی ئەوە بێت ، خۆزگە چاودێری دارایی دەبوو. واتا ماددە بیست و سێ دەخەینە دەنگ دانەوە ، كێ لەگەڵە ؟سوپاس، كێ لەگەڵ نیە؟ بەتێكرای دەنگ پەسەند كرا .

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**
المادة الرابعة والعشرون:
على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
كاك محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
ماددە بیست وچوار ئەوە دادەنێین (لایعمل باي نص یتعارض و احكام هذا القانون)ئەوانی تر لە ٢٥ و ٢٦ دادەنێین ،سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن: بۆ مادده بیست و چوار پێشنیارێک هەیە (لا یعمل باي نص یتعارض و احکام هذا القانون) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس کی لەگەڵ نیە؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا .

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادە الخامسە والعشرون

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەوە ناونیشانەکە (الاحکام الختامیە)لادەبریت چونکە لە هیچ یاسایەک ئەوەمان نەکردووە، مادده بیست و پێنج دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ لەگەڵە؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە ؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة والعشرون:

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەی بیست وشەشەم، کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو یاسا دەی خەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنک وەکو یاسا پەسەند کرا ، سوپاستان دەکەین

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الأسباب الموجبة

نظراً لأهمية القطاع الصناعي والهندسي في الاقليم ولاجل النهوض بهذين القطاعين لمواجهة مشاكل التنمية الصناعية وخلق كادر هندسي كفوء للنهوض بالحركة العمرانية وانطلاقاً من المبادئ الفيدرالية التي أقرها المجلس الوطني لكودستان العراق والمبادئ التي انتهجها زعيم الحركة التحررية الكوردية مصطفى البارزاني فقد شرع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:ئەو خالەشمان تەواو سوپاس بۆ لیژنەی یاسا و بۆ بەڕێزیشتان . وابزانم کاتەکەمان تەواو بوو بۆ دانیشتنی داهاتوویەک تێبینیم هەیە لە بابەتی سەندیکاکان تۆزێ دەستی خۆتان سوک کەن ئەکەر وا برۆین دوا دەکەوین . ئەوەی سەندیکاکان زۆربەی ماددەکانی دووبارە بووەتەوە،لیژنەکانیش لەسەر ئەو کۆکن لەبەر ئەوە گفتوگۆکان زۆربەی دووبارەیە سوپاس سەعات سێ و نیو لێرە کۆ دەبینەوە

# کۆبوونەوەی دوای نیوەڕۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر برایانی لیژنە تەشریف بێننە سەر سەکۆ تۆزێکیش لەسەر خۆبین، بۆ ئەوانەی خاڵی هاوبەشیان تیایە کە پێشان موناقەشەمان کردوون خۆمانی زۆر پێوە خەریک نەکەین، خاڵی سێیەم خستنە روو گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی ترازاندنی پەیوەندی ئەزموونگەی یان (تاقیگەی) ناوەندی دامەزراوەکان (الإنشاءات) لە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن و بەستنەوەی بە پێکهاتەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، فەرموون.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الی/ السید رئیس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

کتابکم المرقم(ك/٦٥)في ٢٦/١٠/١٩٩٩

عرض مشروع قرار فك ارتباط المختبر المركزي للانشاءات من وزارة الاشغال والاسكان والحاقه بتشکیلات رئاسة مجلس الوزراء وان اللجنة تؤيد ما ورد في المشروع، راجين عرضه على المجلس الموقر للمناقشة للتفضل بالعلم.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، لیژنەی پیشەسازی و ئاوەدان کردنەوە ئەوانیش رای خۆیان ناردووە، وێنەت لایە کاک حەمید، ئەگەر بۆمان بخوێنیتەوە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ پرۆژە

نووسراوتان ژمارە (ک/٦٥) لە ٢٦/١٠/١٩٩٩ دەربارەی جیاکردنەوەی تاقیگەی ناوەندی دامەزراوەکان (المختبر المركزي للانشاءات) کاتی خۆی ئەم داوایە لەلایەن لیژنەکەمانەوە پێشنیار کرابوو بۆ ترازاندنی لە وەزارەتی اشغالەوە و بەستنەوەی بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم تاقیگەیە کاریگەری کارەکانی ئەو وەزارەتانە ئەنجام دەدات کە ئیشەکان جێبەجێ ئەکەن. لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەکەمان پشتگیری ئەم گۆرانکاریە ئەکەین.

لەگەڵ رێزماندا

مەبەستیش لەوە ئەوەیە، ئەمە نابێ ئەو وەزارەتە سەر بە وەزارەتێک بێ کە خۆی ئیش و کار

بكات، چونكه فەحسی ئیش وكارەكانیان دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەدڵی ئێوەیە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەكەین، ئێستەیش پرۆژەكە بخوێندرێتەوە با بفەرموێ.

**بەڕێز حسین عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه رئيس مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لاقليم كوردستان بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩ القرار الآتي :-

أولاً :- فك ارتباط المختبر المركزي للانشاءات من وزارة الاشغال والاسكان بكافة اثاثة واجهزته ومعداته ومركباته وملاكه وربطة بتشكيلات رئاسة مجلس الوزراء .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشەكی ئەم پرۆژەیە بە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٣٧٦) پێنج هەزاروسێ سەدو حەفتاو شەش لە ١٩٩٩/٩/٢٧ وە بۆمان هاتووە، پاش ئەوەی یەكەم خوێندنەوەی كرا، درا بە لیژنەكان و، گوێتان لە ڕای هەردوو لیژنەبوو، ئێستەش بڕیارەكە مادده بە مادده دەخوێنێتەوە، ماددەی یەک خوێندرایەوە چ تێبینییەک لەسەر مادده یەک هەیە؟ كاك جەمیل سندی، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمیشە میلاک پێش هەموو شتێکە، خودای گەورە دەفەرموێ (لقد كرمنا بني ادم) (فك الارتباط بكافة ميلاكه) وشەی میلاک شوکر کارمەندە و مرۆڤە، دەبێ پێش کەل وپەل و ئەو شتانە بگوترێ و لە شەرحەکە دابندرێ. (فك ارتباط المختبر المركزي للانشاءات من وزارة الاشغال والاسكان بكافة ملاكه و اثاثة واجهزته ومعداته ومركباته وربطة بتشكيلات رئاسة مجلس الوزراء.

واتە وشەی (میلاك) لە دواوەیە بێتە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل بۆ ئەو تێبینییە، لە (فك الارتباط) (ملاك) پێش بکەوێت، دوای داڕشتنەوە لیژنەی یاسا ئەو تێبینییە لای خۆی بنووسێ، سوپاس بۆ کاک جەمیل، حەزدەکەی هەر بە نووسینیش پێیان بدە، ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر پێشنیارەکەی کاک جەمیل دەیخەینە دەنگ دانەوە،کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کراو ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بەتێکڕای دەنگ ماددە یەک پەسەند کرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية ـ الحاقة بالمديرية العامة للشؤون الادارية والمالية من الناحيتين الادارية والمالية وبالمديرية العامة للتخطيط والمتابعة من الناحية الفنية في الرئاسة المذكورة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حسین، چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددە دوو، کاکە محەمەد ئەمین مەولودو کاک ئیبراهیم سەعید، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە ئەم برگەیە زیادە، چونکە بەراستی کە ئیلحاقی کەین بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاسایی دەچێ بۆ کاروباری دارایی لە ئەنجوومەنی وەزیران و کاروباری هونەری بۆ بەشی هونەری لە ئەنجوومەنی وەزیران، لەبەر ئەوە هیچ پێویستی نەدەکرد ئەم برگەیەی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەیە بۆ ئەو جیاکردنەوەیە کرابێ بۆ ئەوەی وا تێنەگەن ئەمە یەکەیەکی سەربەخۆیە بۆیە بە میلاک و ئەساس و هەموو شتێکەوە دەگوێزرێتەوە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان بۆچوونم هەبوو، تەنیا بۆ تێبینی حەز دەکەم بڵێم کەوا لە عێراقدا (مركزي قومي مختبرات الآنشائية) ئەمە چەند ساڵێکە هەر سەربە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردنە ئێستە

ئەنجوومەنی وەزیران خۆی ویستی ببەستریٚ بە ئیٚوەوە، لاری نییە، بەلاّم ئەگەر سەربە وەزارەتیش بوایە باشتر بوو چونکە لە عیٚرقیشدا هەر وابووە، سوپاس.

**بەریٚـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

وابزانم ئەم پیٚشنیارە لەسەر ئەوە هات کە وەک هەمووتان دەزانن بارو دۆخ چۆن بوو، کۆمەلیٚ کاری خراپ روویدا، دیارە بە بەرژەوەندی زانرا کە جیابکریٚتەوە، بۆ ئەوەی بابەتەکە ون نەبیٚت، لە راستیدا هەندیٚ شت زیاتر لەبەرئەوەیە، جا ئەگەر چ تیٚبینییەکی تر نییە، مادده دوو وەکو خۆی دەخەینە دەنگ دانەوە، کیٚ لەگەلّە، سوپاس، کیٚ لەگەلّ نییە، سوپاس، بەتیٚکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەریٚز حـسین عـەلی کـەمـال:**

المادة الثالثة ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەریٚـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

چ تیٚبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەگەر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کیٚ لەگەلّە، سوپاس، کیٚ لەگەلّ نییە، سوپاس، بە تیٚکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەریٚز حـسین عـەلی کـەمـال:**

المادة الرابعة ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره.

بەلاّم پیٚشنیاریٚک هەیە ئەگەر بکریٚ بە (من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەریٚـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

واتە بکریٚ بە (ينفذ من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) تا ماوە بدریٚ بە ترازاندنی پەیوەندی و شتی تر، کاک سیروان فەرموو.

**بەریٚز سـەرتیپ مـحـەمـەد حـوسـیٚن:**

**بەریٚـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

وابزانم پیٚویستیشە بنووسریٚ (لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار) چونکە لەویٚ دەق هەیە بەستراوە بە...، سوپاس.

**بەریٚـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

رابعاً: (ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، ئەگەر چ تیٚبینییەک نییە لە سەر ئەم ماددەیە دەیخەینە دەنگ دانەوە، کیٚ لەگەلّە، سوپاس، کیٚ لەگەلّ نییە، سوپاس، وەکو خۆی پەسەند کرا، وەک بریار دەیخەینە دەنگ دانەوە، کیٚ لەگەلّە، سوپاس، کیٚ لەگەلّ نییە، سوپاس، بە تیٚکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

دەرِۆینە سەر برگەی (٤) خستنە روو و گفتوگۆ کردنی لەسەر پرۆژەی یاسای سیٚیەمی هەموارکردنی یاسای بەریٚوەبردنی شارەوانییەکانی هەریٚمی کوردستانی عیٚراق ژمارە (٦) سالّی ١٩٩٣، بریا وەزیری شارەوانیش لیٚرەبوایە، ئەم پرۆژەیە لە راستیدا لە لایەن ژمارەی یاسایی

پەرلەمانەوە هاتووە. هەتا ئێستاکەش هیچ نووسراوێکمان بۆ نەهاتووە لە رای حکومەت یا وەزارەتی تایبەتمەند، بۆیە من وای بۆدەچم ئەگەر ئەمە دوا بخرێ بۆ سبەینێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ بە ئامادەبوونی وەزیری شارەوانی بۆ ئەوەی خۆیشی بەشداربێ لەم مەسەلەیە، لەوانەیە هەندێ ئیشکالات دروست بکات لەلایەنی ئیداری و یاساییەوە، جا ئەگەر لاریتان نییە لەسەر ئەمە، ئیمڕۆ لەگەڵ وەزیری شارەوانی قسەدەکەین بۆ ئەوەی سبەینێ لێرە ئامادە بن و، ئەوانیش بەرگری لە بۆچوونەکەی خۆیان بکەن، ئەم پێشنیارە ئەگەر چ تێبینییەک لەسەری نەبێ، دەیخەینە دەنگ دانەوە ئەم پرۆژەیە دوابخرێ بۆ سبەینێ، کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا گفتوگۆی ئەم پرۆژەیە دوابخرێ بۆ سبەینێ.

دەچینە سەر بڕگە (٥) ئەویش پرۆژەی یاسای سەندیکای دەرمانسازی کوردسانە ئەمیش وابزانم لە ژمارەی یاسایی پەرلەمانەوە هاتووە، لیژنەی یاسا، فەرموون.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

كتابكم المرقم (ك/٦٦) في ١٩٩٩/١٠/٣١

بعد مناقشة مشروع قانون نقابة الصيادلة من قبل اللجنة القانونية فقد تم دراسته وصياغته مؤيدين ماجاء في مشروع القانون وفق الصيغة المرفقة، راجين التفضل بعرضه على المجلس الموقر لاقراره، للتفضل بالاطلاع.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێستە دەیخوێنینەوە پرۆژەی لیژنەی یاسایە، هەمان ناوەرۆکی رای لیژنەی یاسایە، بەڵام چەند خاڵێکمان زیاد کردووە یان پێش و پاشمان خستووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دراوە بە ئەندامان با بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکە دراوە بە هەموو ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە با بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز حسین عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

«قرار»

استناداً الى أحكام الفقرة (ا) من المادة (٥٦) السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩٩ القانون الآتي:

مشروع قانون نقابة الصيادلة لإقليم كوردستان العراق

المادة الأولى:

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة إزائها:

الإقليم: إقليم كوردستان العراق.

الوزير: وزير الصحة والشؤون الاجتماعية.

النقابة: نقابة الصيادلة.

النقيب: نقيب الصيادلة.

المجلس: مجلس النقابة.

الصيدلاني: كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لا تقل عن بكلوريوس من كلية الصيدلة او جامعة معترف بها من مجلس التعليم العالي في كوردستان العراق.

ممارسة المهنة: ممارسة مهنة الصيدلة بموجب احكام قانون مزاولة المهنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەی خوێندرایەوە مادده یەک بوو، چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادده یەک، کاک بورهان و مامۆستا مەلا مەحمود، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا پێش و پاشی تێدایە، لەبەر ئەوەی وشەی (عضو) زۆر لە پرۆژەکە هاتووە، دەبێ وشەی (عضو) لە تەعریفەکە دابنرێ، لەباتی ئەوەی بنوسێ (الصیدلاني) بنووسێ (عضو) (کل صیدلاني حاصل علی شهادة ...الخ ) چونکە لە پرۆژەی ئەندازیارانیش تعریفی عضو نەهاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک بورهان، فەرموو مامۆستا مەحمود.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی دیباجە لە بڕیارە کە هەیە، بەڵام نەخوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا مەحمود، ئەوە زیادە هیچ نییە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک بورهان فەرمووی لە ئەصلی پرۆژەکەدا نەهاتووە، وە (صیدلاني) تاریفەکەی بەوشێوەیە هاتووە وە ممارس مهنەیش لە ئەحکامی قانونی مزاولە دەمێنێ تاریف کرایە بۆیە لێرە (مزاولة المهنة) نەهاتییە، بۆیە پێمان وایە تاریفەکە لە جێگای خۆیەتی و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی (تعریف) ئەوە نییە، مەبەستی ئەوەیە بنووسرێ (العضو) لەجیاتی بنووسرێ (الصیدلاني).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک بورهان لە کۆبونەوەو گفتوگۆی لیژنەی یاسایی هەمان پێشنیاری کرد و پەسەند نەکرا ئێمە لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەوە ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ناسیح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانرێ بەم شێوەیە چارەسەری پێشنیارەکەی کاک بورهان بکرێ، (الصیدلاني: هو عضو النقابة الحاصل علی شهادة ...الخ )، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی ئەوە نییە بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە تاریفی (عضو) بکرێ، چونکە لە زۆر شوێن ناوی (عضو) هاتووە، کاک بورهان دەیەوێ لە جیاتی (الصیدلانی) بوتری (عضو) چونکە لە زۆر شوێن لە یاساکە هاتووە، ئەگەر کاک بورهان خۆی مەبەستەکەی زیاتر روون بکاتەوە.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە لە هەموو پرۆژەیەک وشەی (عضو) هاتووە، وە بەتایبەتی لەم پرۆژەیە وشەی (عضو) زۆر دووبارە کراوەتەوە، وە دوای ئەوە (عضو) تعریفی (الصیدلانی)یش دەکات لە هەمان کاتدا، (عضو هو کل صیدلاني حاصل علی شهادة بکلوریوس في الصیدلة)، واتە هەم تعریفی عضو و هەم تعریفی صیدلانی دەکرێ لەم تعریفەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک بورهان، فەرموو مامۆستا مەلا محمەد طاهر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کاک بورهان بەجێیە، بەڵام ئەڵێ (صیدلاني) مادام بە (کل عضو) تاریفی کردووە، واتە (عضو) لە تاریفەکەدا هاتووە جا ئەگەر (صیدلانی) دابنێ و بە (عضو) تاریف بکرێ یان بە پێچەوانەوە، هیچ جیاوازییەکی نییە، بەڵام من شتێکم هەیە لەسەر ئەم بابەتە باسی (مذخر) کراوە لە دواوە ئایا مذخر هەر بەشێکە لە (صیدلة) ئەگەر بەشێک نییە لە (صیدلة) هەقە پێش بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(مذخر) لە دوو سێ جێ هاتووە و، ئەگەر حەزدەکەی دەیخەینە دەنگ دانەوە، بەڵام ئێستە ئەو تعریفەی کاک بورهان دەیخەینە دەنگ دانەوە یەک دوو جار گوێتان لێ بوو، کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، ئێستە مادده یەک دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسین عەلی کەمال:**

المادة الثانیة:

١ـ تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بإسم نقابة الصیادلة في الاقلیم تتمع بالشخصیة المعنویة ولها استقلال مالي واداري ویکون مقرها اربیل عاصمة الاقلیم ولها أن تفتح فروعاً في مراکز محافظات الاقلیم.

٢ـ تشکل النقابة بناءً علی طلب یقدمه ما لا یقل عن (عشرة اعضاء) مارسوا المهنة مدة لا

تقل عن (سبعة سنوات) الى الجهة المختصة وتعتبر هيئة تحضيرية لإدارة اعمال النقابة لحين إجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده دوو چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو پرۆژەکان (پازدە ئەندامە) بەڵام لێرە (دە ئەندامە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار، لە یاسای کۆمەڵەکانیش هەر (پازدە ئەندامە) لە پرۆژەکانی تریش هەر پازدە ئەندامە، پێشنیارێک هەیە بکرێ بە (پازدە ئەندام)، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، وەک و مادده دوو دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق ما يلي:

أولاً ـ العمل على رفع المستوى العلمي والمهني والاجتماعي والصحي للأعضاء.

ثانياً ـ تنظيم علاقات الاعضاء مع بعضهم ومع الجهات الحكومية والاهلية في الاقليم والدفاع عن حقوقهم.

ثالثاً ـ التعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات الاخرى التي تتفق اهدافها مع اهداف النقابة.

رابعاً ـ ضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والعجز.

خامساً ـ تنظيم قواعد مزاولة المهنة ومراقبة تطبيقها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حسێن، چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادده سێ؟، کاک ئیبراهیم سەعید و کاک د.رزگارو کاک سەفەرو کاک مەلا هادی، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ( رفع المستوى العلمي والمهني والاجتماعي والصحي للأعضاء) وەک جەنابت دیاریت کرد لە سەرەتای اهدافی سەندیکاکان باسی مەسائلی نەتەوەیی و فیدرالی بکرێ، بەڕای من هەر ئەوەش پێویستە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلا هادی، پێشنیارێک هەیە کەوا لە سەندیکای پێشتر باس کرا لەوێش هەبێت، کاک ئیبراهیم سەعید، هەمان پێشنیار بوو، کاک د. رزگار هەمان پێشنیار بوو، کاک سەفەر هەمان پێشنیار بوو، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد سەدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە (٣) کە دەڵێ (التعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات الاخرى التي تتفق اهدافها مع اهداف النقابة) من زیاد کردنێکم هەیە بۆ پاش وشەی (والنقابات) (داخل الاقليم ) واتە کراوە بێ بۆ هەموو نەقابەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستە دوو پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەکەم لە ئامانجەکانی سەندیکا وەکو سەندیکاکەی تر ئاماژە بکەین بۆ پشتگیری لەم تەجربەو لەم کیانەو لە حکومەت ولە فیدرالیەت، هەر هەمان دەق دەتوانین بگوازینەوە بۆ ئەمە، وە باشتریشە دەقی هەموو سەندیکاکان یەک شت بن و وەک یەک بن، ئێستە ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بە تێکڕای دەنگ ئەو دەقە دەبێ بە یەکەم و جێگیر دەکرێ، پێشنیارێکی تر، پێشنیارەکەی کاک سەعید لە خاڵی سێیەم دەڵێ پاشی (والنقابات) (داخل الاقليم ) زیاد دەکرێ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستە وەک مادده دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بە تێکڕای دەنگ مادده (٣) پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

پاش و(النقابات) (داخل الاقليم ) زیاد دەکرێ، ئەوەی تریش لە سەندیکا لە یەکەم جێگیر دەکرێ واتە (أولاً) دەبێ بە (ثانياً) لێرە وە زنجیرەی ژمارەکان دەگۆڕێ و دەبێ بە (شەش)، چونکە ماددەیەکمان زیاد کرد.

**بەڕێز حسین عەلی کەمال:**

المادة الرابعة:

يشترط في العضو ان يكون:

أولاً - من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

ثانياً - غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

ثالثاً - حاصلاً على شهادة لا تقل عن بكلوريوس في الصيدلة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده چوار چ تێبینییەک هەیە، تەنها کاک رەجەب و مامۆستا مەلا هادی و کاک سیروا، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (حاصلاً على شهادة لا تقل عن بكلوريوس في الصيدلة)(او ما يعادلها) ی بۆ زیاد بکرێ واتە ببێت بە (حاصلاً على شهادة لا تقل عن بكلوريوس في الصيدلة او ما يعادلها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ڕاستیدا ئێمە نوسیومانە لە (صیدلاني) تاریفمان کردووە ئەبێ (حاصلاً على شهادة لا تقل عن بكلوريوس في الصيدلة او ما يعادلها) ئەم ماددەیە زیادە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە دەرمانسازێ لە عێراقەوە یاخود لە دەرەوە بێت بۆ کوردستان جا بەڕای من (ان يكون عيراقياً و مقيماً في اقليم كوردستان)ی بخرێتە سەر، لەوانەیە یەکێکی عەرەب بێت و مافی ئەوەی نەبێت ببێت بە ئەندامی سەندیکا جا بۆ ئەم مافەی لێ زەوت کەین، بەتایبەتی ئێمە کە پێویستیمان بە دەرمانسازو پزیشک هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرمانساز تاریف کراوە (عضو في النقابة حاصل على شهادة لا تقل عن بكلوريوس من كلية الصيدلة او جامعة معترف بها من مجلس التعليم العالي في كوردستان العراق)تاریف کراوە لە ڕاستیدا جا ئەگەر دەتانەوێ لێرەدا دووبارەی بکەینەوە (حاصل على شهادة بكلوريوس) یان نا؟ کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەیە لەسەر دەرمانسازی ئەوەی خاڵی (٣) (حاصل على شهادة بكلوريوس) زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە خاڵی (٣) زیادە لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مەرجێکە لە مەرجەکانی ئەندامێتی، ئەگەر شتێک نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە.(او ما يعادله) زیاد بکرێت. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک مەلا هادی یە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

واتا مادده چوار ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟..
بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة:

اولاً: يكون الإنتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب مرفقاً بالوثائق اللازمة.

ثانياً: يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال(١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر مقبولاً.

ثالثاً: للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن يه لدى محكمة تمييز الاقليم خلال(١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو(١٥)وابزانم لە جێگایەکی تر گۆڕیمان کردمان بە(٣٠) ئەمەش بکەین بە(٣٠)يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال(٣٠)يوما تمييزيش ئەبێ خلال(٣٠)يوما.

لیژنەی یاسا خۆی راستی کردەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە مادده(٥)کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة:

أولاً- يكون بدل الانتماء الى النقابة (٢٠٠) مائتا دينار وبدل الاشتراك السنوي (١٠٠) مائة دينار سنوياً.

ثانياً - رسم إجازة فتح الصيدلية (المسؤولية + الامتياز) (٢٥٠) مائتان وخمسون دينار نصف دوام سنوياً.

ثالثاً - رسم اجازة فتح الصيدلية (المسؤولية + الامتياز) للمتقاعدين (٥٠٠) خمسمائة دينار دوام كامل سنوياً.

رابعاً - رسم اجازة فتح مذخر اهلي (المسؤولية + الامتياز) (١٠٠٠) الف دينار، ئەوە مادده شەش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر مادده شەش هەیە؟ نییە؟.. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة:

اولاً - لا يجوز مزاولة مهنة الصيدلة لغير اعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

ثانياً ـ على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر تعيين الصيدلي الى النقابة، ئەوە مادده حەوتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر مادده حەوت هەیە؟ نییە.. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة:

١ـ لا يجوز للصيدلي ان يمتلك اكثر من اجازة محل واحد في الاقليم.

٢ـ يجب ان يكون لكل محل مدير.

٣ـ يكون مالك الاجازة مديراً لمحلهِ ولا يجوز له ان يتولى ادارة محل آخر.

٤ـ لا يجوز للصيدلي المجاز ان يمتلك اجازة محل آخر.

٥ـ يجوز للصيدلاني او الصيدلانية المتعين أو المتعينة على ملاك الجامعة فتح صيدلية بعد مرور ثلاث سنوات على خدمته الفعلية في الجامعة ويحق له خلال تلك المدة العمل في العيادات الشعبية او في الاقضية والنواحي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەگوێرەی یاسا نابێ الصیدلانی او الصیدلانیە بکرێتە الصیدلانی وابزانم یەکێکیانەو (يجوز للصيدلانين المتعينين سواء كان ذكر او انثى)وابزانم قانونی وایە جیاوازی ناکا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

صیدلانیە ئەوەلا دەبەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الصیدله مهنه،هەڵەیەکی ئیملائیە مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زەین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وشانەی کە بە صیدلی هاتووە صیدلی و صیدلانی یەک مانای هەیە بەڵام لە پێناسەی صیدلانی هاتووە حەقە هەمووویان بکرێت بە صیدلانی ئەمنیش دەڵێم(يجوز للصيدلاني) صیدلانیەی ناوێ ئێمە لە بەندێک لە بەندەکانی (وقائعی کوردستان) ئەوەمان گووتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هیچ برگەیەکی یاسای عقوبات نەم خوێندەوە لە جێگایەک بڵێ (المجرم والمجرمه) یان (السارق والسارقه) واتا شتەکە روونە لەو مەسائیلانە بەڵێ(يجوز للصيدلاني المتعين الى اخره) ئێمە ئەوە بە هەڵەی ئیملائی حیسابی دەکەین پێویست بە دەنگدان لەسەری ناکات، مادده هەشت ئەخەینە دەنگدانەوە، تێبینی هەیە؟، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای

دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة:

يحق لأعضاء النقابة فتح صيدلية اهلية او مذخر بعد الدوام الرسمي ان كان قد اكمل (التدرج الطبي) ومؤيدة من قبل وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية او دائرة الصحة الذي ينتمي اليه الصيدلاني في المحافظة او في الاقضية والنواحي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە (الذی) مامۆستا مەلا تاهیر دەبێت بە(التي).

**بەڕێز مەلا تاهیر زەین العابدین:**

التي ينتمي اليه

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ (التي ينتمي اليه الصيدلاني) مادده(٩) ئەگەر چ تێبینیەک هەڵەیەکی نحوی نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة العاشرة:

اولاً - لا يجوز للصيدلي ان يجمع بين مزاولة مهنته ومهنة الطب او طب الاسنان او الطب البيطري ولا تعتبر مزاولة غير شرعية لمهنة الطب ما يقوم به الصيدلي من الاسعافات الاولية في حالة حصول حوادث مفاجئة مستعجلة.

ثانياً: شروط فتح الصيدلية:-

تمنح إجاز فتح الصيدلية للذي تتوافر فيه الشروط التالية:-

١- عنوان الصيدلية.

٢- عقد إيجار مصدق من ضريبة العقار.

٣- الاسم التجاري مؤيدة من قبل غرفة التجارة.

٤- المسافة بين الصيدلية وأخرى (٥٠) خمسون متراً.

٥- المساحة لاتقل عن (٢٠) عشرون متراً مربعاً.

٦- الواجهة (٥و٢) متر.

٧- في حالة الهدم أو الحريق يجوز إنتقال الصيدلية بنفس الإجازة الى مكان آخر في نفس المنطقة ومستوفياً لشروط ماعدا المسافة (٥٠م).

٨- اذا لم يتم فتح المحل خلال (٣) إشهر يسقط حقه في الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نییە. من دوو تێبنیم لەسەر ئەم ماددەیە هەیە جارێک المادة العاشرة اولا شتێکە سەربەخۆیە بەڕاستی چ پەیوەندی بە دووەمەوە نییە، ئەمە (شروط فتح صيدلية)یە ئەمە (مزاولة مهنة صيدلەيە)یە وابزانم ئەمە تێبینیەک، دوو ئەو عەقد ئیجار وضربیەو(٥٠)مترو(٢٠)متر صیدلیە دوکانێکی دەرمانە لەکوێ ئەیکاتەوە بیکاتەوە وەکو (اي مواطن صاحب مهنة اخرى) بەڕاستی تۆزێک نەوعە موفارەقەیەکی تێدا ئەبینێ ئەبێ(٥٠)متر لەیەک دوور بن. هند کاک محەمەد فەرموو با گفتوگۆ کورت بکەینەوە بۆیە من دوو تێبینیەم دا با بزانین رای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە ئەم بڕگە نەمێنێت.

کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەزیەی ئەو(٥٠)مترە ئەوە شتێکی ئیعتیباراتە لەناو خۆیان دایان ناوە هەر ئەو کۆمەڵەی وەکو شارع اطباء وەکو شارع سلام هەموو(اطباء)ەکان لەوێن ساڵی(١٩٧٠)دروست بوو ئەو سەندیکایە کە ئەو(٥٠)مەترەیان داناوە ئەوسا پزیشک کەم بوون دەرمان ساز کەم بوون بەڵام ئێستاش بابڵێن لە هەولێر هەموو لەیەک جێگان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەیفی خۆیانە.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆیان ئەیانەوێ هەر بۆ خۆیان بێ بەڵام هەتا مونافەسە هەبێ باشترە ئینجا لەبەر ئەوە ئەم(٥٠)مترە شتێکی زیادەیە بڕگەی هەشتیش هەر زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی وا هەیە کە دووەم نەمێنێ تەنها با یەکەمیش لە ماددەکە هەڵگیرێت ئەبێتە یەک بڕگە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای من شخصیە بڕگە دوو لە یەکەم تاکۆتایی نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز شـــێـــروان ناســـيح حـــەيدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە راسـتـيدا ئەو بابەتە زۆر گفـتوگۆی لەسەر کرا ئێـستـاش ئەم بابەتە کە بڕگەکان دەخوێنينەوە صيدليە ئەبێ عنوانی هەبێ صيدليە ئەبێ عەقدی ايجاری موصدەقی هەبێ صيدليە ئەبێ ناوی تجاری هەبێ بۆ ئەوەی ئيحتيکاری ناوەکی تر نەکا بەڵام بەنسبەت مسافە( ٥٠ ) مەتر من وەکو شخص لەگەڵم نەمينێ مساحەی ( ٢٠ ) مەتر مربع لەگەڵ ئەوەم نەمينێ( ٢,٥ ) مەتر الواجهە لەگەڵ ئەوەم نەمينێ خاڵی حەوتەم و هەشتەم لەگەڵ ئەوەم نەمينێ بەڵام ئەوەکانی تر ئەبێ بمێنێن چونکە ئەوەی ناوی تجاريە ئەوە عەقدی ايجاری مصدقە ئەوانە دەبی بمێنن لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس ، کاک شێخ عەدنان.فەرموو

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە بڕگە يەک ناونيشانی صيدليە ئەوە عايدی ياسای بازرگانييەواتا ناوی تجاريە، ناوی بازرگانيش ئەگەر يەکێکی بەکاری بێنێ لەياسای بازرگانی دا هاتووە، دەتوانی اقامەی دەعوای لەسەربکات سەبارەت (بەعەقد ايجار مصدق) لە ياسای بەکرێدانی عەقاردا ئەوەش هاتووە، واتا خاوەن صيدليە ناتوانێ دوکانێک ايجار بکات ئەگەر عەقد نەکات ولەضريبە تەصديقی نەکا ئەوەپێچەوانەی ياسای باجی عقارە ئەگەر عەقد تەصديق نەکات

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشە کاک محەمەد من بۆدەرمانسازم پارچەيەک زەويم هەيە بۆ خۆم ئەيکەم بە صيدلە(عەقد ايجار) لەگەڵ کێ بکەم فەرمووشێخ عەدنان

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

بابەتی عەقدی ئيجارەکەت پێويستە چونکە لەوانەيە من دەچم بەناو ئيجازەيەکی صيدلی دێنم بەس دوکانم نەگرتووە هيچم نەکردووە لەماڵەکەی خۆم دەرمانەکە بەقاچاخ دەفرۆشم ئەوە وەکو چەسپاندنێکە ،بۆ واقيعێک لەتۆمارەکانی رەسمی حکومەت هەبێ من دوکانێکم گرتووە ئەوە بۆ دوکانداری‌ێکی پيسکيت فرۆش اعتبار ناکرێت، بۆ کابرايەکی شەربەت فرۆش ئەوە اعتبار ناکرێت، بەڵام بابەتی دەرمان شتێکی حەساسە پەيوەندی بەژيانی مرۆڤەوە هەيە، من دەتوانم ئيجازەيەک دەربێنم دوکانيشم نەبێت و لەماڵی خۆم بەقاچاخ دەرمان بفرۆشم، بەداخەوە ئێستا زۆری وا هەيە سوپاس

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مادام وايە با ناوی بازرگانی( موسجل) لەژووری بازرگانی هەبێ وە ناونيشانی دەرمانخانەکە

هەبێ ئەوە بکەن بە مولزەم

**بەڕێز شـــێخ عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد:**

عەقدیش هەبێت؟

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کابرا پارچەیەکی زەوی هەیە بۆ خۆی ئەیکا بە دەرمانخانەیەک و دوکانێکی لێ ئەکاتەوە لەگەڵ خۆی عەقد دەکات بابزانم یاساییەکان چی دەڵێن؟

**بەڕێز شـــێخ عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد:**

ئەگەر دوکانی نەبێ ئەوە عەقد دەکات، دوکانی خۆی هەبێت کە خۆی خاوەنی بێت ئیبرازی مولکیەتەکەی دەکات دەڵێ من لەدوکانەکەی خۆم دائەنیشم تەسبیتی ئەو واقیعەی دەکات

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مەبەستم ئەو کاتە عەقد لەگەڵ کێ بکات بۆ کێ؟

**بەڕێز شـــێخ عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد:**

ئەو کاتەی عەقد نابێت.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمەش وا دەڵێین.

**بەڕێز شـــێخ عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد:**

نەخێر ناڵێم نابێ ئەڵێم حالەتێکی گشتیە شامیلە بۆ هەموو شت ئەگەر زەوی هەبێ و دوکانی خۆی (ینتەفی) ئەگەر نەیبێ، پێویستە عەقدەکە بکات زۆر سوپاس

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک شێروان فەرموو

**بەڕێـز شـــێـــروان نـاسح حـــیـــدری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو کەسی بیەوێ ناوی تجاری وەربگرێ یان ناونیشانی صیدلیە وەربگرێ پێشتر دەبێ موراجەعەتی ژووری بازرگانی بکات، ژووری بازرگانی پێی دەڵێ برۆ (عەقدی ایجاری مصدق) بێنە ئینجامن ناونیشانی تجاری وەناو نیشانی صیدلیەت دەدەمێ ئەگەر عەقدی ئیجار نەبا نایدەنێ بەڵام ئەوەی مولکی خۆی صورەتی قیدی مولکەکە دەبات دەڵێ ئەوە مولکی خۆمە فەرموو ئەوەتە صورە قیدەکە لەسەر بنەمای(صورە قیدەکە) ئەیدەنێ و سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مادام کە چووە ژووری بازرگانی ئیتر پێویست ناکات عەقدی ایجاری هەبێت لەوێ داوای لێ ئەکەن ئەبێ ئیبرازی بکا، زۆر باشە واتا برگە یەک وسێ ئەمێنێتەوە کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی کاک شێروانم بەڵام زائیدەن برگە(٥) (رووبەرەکەی) پێویستە واتا ئەگەر کابرایەک دەرمانخانە دابنێ مساحەکەی(٥) مەتر دابنێ جائزە؟ ئەو هەموو دەرمانە و زستان دێ و سەرماو گەرمای بەسەردا دێ و هەر نەبێ مەساحەکەی(٢٠) مەتر بێ لە (٢٠)مەتر کەمتر نەبێ، ئەوە مەرجێکە مەرجێکی پێویستە دوو، ئەگەر دەرمانخانە لە(٢٠)مەتر کەمتر بێ ئەگەر(٥) موراجعی راوەستان دەبێ هەموو یان لەسەر شۆستەدا بوەستن هەتا جێگایان دەبێنەوە، ئەمن لەگەڵ قسەکانی کاک شێروانم بەڵام زائیدەن ئەوانەش دەبێ زیاد بکرێن ئەوانی دی با لابرێن دوو،(عەقدی ایجار)مەرجەکە لە مەرجەکانی ئیجازەی سەندیکا داوا دەکات و راستە ژووری بازرگانیش داوا دەکات لە بۆ ناوی تجاری بەڵام کە مۆڵەتەکەی کە لە سەندیکا دەردەهێنی یەک لە مەرجەکانی (عەقدی ایجارە) کە بزانی دوکانەکە لە کوێیە، وە بەچەند گیراوە و لە چ شوێنێکە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەختی خۆی زۆر جار باسی ئەم گرفتانەمانکردووە ئەو شتانە کە دەرچووە لە رژێمێک دەرچووە کە ئیمانی بە بازاری ئازاد و بە کۆمەڵێکی شتی تر نەبووە، تەقلیدێکی کوێرانەیە کراوەو فەرز کراوە، زائیدەن مەسائلێکی ئەمنی، جارێ یەکەم دەرمانسازی وەکو هەر پیشەیەکی تر دارتاشە، ئاسنگەرە، تەنها جیاوازییەکەی ئەوەیە کە کێشەی دەرمانی تیایە لەبەر ئەوە دەرمانسازی ئەبێ بەڕێوەبەری هەبێ، کۆمەڵێک مەرج مەعقولە هەبێ چونکە ئەمە پەیوەندی بە تەندورستی و ژیانی خەڵکەوە هەیە، کابرایەک بۆخۆی دوکانێک ئەکاتەوە دوو مەترە من لە دەرەوە راناوەستم ئەچم لە تەنیشت ئەولە صیدلیەکەی تر کە دوکانەکەی(٧٠) مەترە لەو دەرمان ئەکرم، چ مەجبوورم ئیلا بچم لای ئەو دەرمان بکرم؟ هەندێ مەسائیل هەیە بەراستی ئاڵۆزی ئەکەن ،گرانی ئەکەین لەسەر خۆمان، ئێمە بنەمای مافی مرۆڤمان هەیە، بازاری ئازادمان هەیە، مونافەسەمان هەیە، با ئەو ئازادیە بدەین بەو خەڵکە، باشە ژووری بازرگانی داوای عەقدی ئیجار ئەکا ئەڵێ ناوی تجاریت پێ نادم ئەگەر عقدی ئیجارت نەبێ، ئێمە دێین ئەڵێین ئیلادەبێ تۆ عقدی ایجاریشت هەبی، لێرە ئەوەتە یاسا چاری کردووە لە جێگایەکی تر یاسا حەلی کردووە ئەڵێ من مۆڵەتی پیشەت پێ نادەم ئیلا ئەبێ عقدی ئیجارت هەبێ، تەواو کێشەکە حەل بوو باتۆزێ مەسەلەکان ئاسان کەین، ئەوەندە لە دوو هەندێ شت نەبین، لەبەر ئەوە لە یاسای عێراقی وا هاتووە دەبێ ئیلا ئێمەش لاسای ئەوە بکەینەوە(٥٠) مەتر،بۆ ئیلا (٥٠) مەتر نێوانیان هەبێ؟ با (٢) مەتر نێوانیان هەبێ با دیوارەکانیان بەیەکەوە بێ، هەزار دوکانی قوماش فرۆش و دار فرۆش بەیەکەوە نە هەر دەبێ دەرمانخانە (٥٠) مەتر لە یەکەوە دوور بن، بەراستی ئەوە بۆنی ئیحتیکاری لێ دێ، بۆنی جۆرە جیاوازی و تەفزیلێکی لێ دێ هەتا بۆنی لایەنی چینایەتیشی لێ دێ بەراستی

ئێمە بەرەو عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی ئەڕۆین، هەق نییە پیشە تەفزیل بکەینە سەر پیشەیەکی تر، بەڵێ هەندێ مەرج بنەرەتیە وای بۆ دەچم (تحمیلە) و بۆیە ناونیشانی (صیدلیە) بەسەر چاو، ناوی تجاری بەسەر چاو، با بمێنێتەوە باقی تر باوەڕکە ( ٥٠ )مەتر و (حریق) و (انتقال) ئەوانە تر کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن لەگەڵ جەنابتم بەڵام یەک لە مەرجەکانی ئەوەی دەرمان کە لەسەری دەنووسرێ دەڵێ لە جێگایەکی زۆر سارد نەبی و زۆر گەرم نەبی ئێ باشە کابرایەک بێتن ئەگەر پانناییی(مساحە)ی بۆ دیاری نەکرێ هیچ مانعەتی نییە لەبن قاندەرمەی دەچی دەرمانخانەی دەکاتەوە، دەرمانخانە دەبی ثلاجەی لێ بی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شەفیق فەرموو

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەرمانخانانەی کە دەکرێتەوە هەمووی مەرجی خۆیان هەیە لە وەزارەتی تەندروستی دادەندرێن.

وەزارەتی تەندروستی ئیجازەکەی پێ نادا تا ئەو مەرجانەی خۆی هەیەتی، ئەوی صیدلیە کە ئەبێ جێگاکەی سارد بێ، بەڵام لە بڕگە چوارەوە هەتا هەشت هەمووی زیادەیە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە هەیە کە یەکەم ئەگەر هەبێ یان نەبێ ڕەبتی نییە بە دووەمەە المادەالعاشرە: لایجوز للصیدلی ان یجمع بین مزاولە مهنتە ومهنە الطب او طب الاسنان او الطب البیطری ولا تعتبر مزاولە غیر شرعیە لمهنە الطب مایقوم بە الصیدلی من الاسعافات الاولیە فی حالە حصول حوادث مفاجئە مستعجلە ئەمە ماددەیەکی سەربەخۆیە چ ڕەبتی نییە بە دووکانەکەوە لێرە ڕەبت کراوە بە دووەم شروط صیدلیە لیژنەی یاسا ئەگەر لەگەڵمان بی بۆ ئەوەی ببڕێنینەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدری:**

**ڕبەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە بیکەینە ماددەیەکی سەربەخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاستان ئەکەم کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسند کرا ماددە( ١٠ ) ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس ... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسند کرا بێنە سەر ماددە( ١١ ) ،بۆ(٨)خاڵەکە پێشنیارێک هەیە ئەڵێن تەنها

خاڵی(٣.٢.١)بمێنێتەوە واتا دەرمانخانە ئەبێ ناونیشانی هەبێ وە ناوی تجاری هەبێ، عقدەکەش بە ئیعتیبار لە ژووری بازرگانی ئەگەر ئیجازە وەربگرێ ئەبێ عقدەکەی پیشاندا ئەم دوو پێشنیارە هەیە واتا ناونیشانی هەبێ و ناوی تجاری و لەژووری بازرگانی ناونووس کرا بێ، باقی برگەکانی تر پێویست ناکا، ئەوە پێشنیارێکە،کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاستان ئەکەم ... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسند کرا سوپاستان ئەکەم ناونیشانی (صیدلیە) و ناوی (تجاری) دەنگدامان لەسەر ئەم دووانە کردو بەڵام بەئیعتیبار لە ژووری بازرگانی بۆی ناکەن ئەگەر گرێ بەندی ئیجارێ نەبێ، ئەم کێشەیەش(ضمنا) چارە کرا ئێستا ماددە(١٢) بخوێننەوە فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية عشرة

تشكل النقابة من

اولا: الهيئه العامه

ثانيا: مجلس النقابه

ثالثا: لجنه الإنضباط

رابعا: فروع النقابه في المحافظات

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (١٢) ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسند کرا سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز حوسێن علی کمال:**

المادة الثالثة عشر:

تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة الذين أوفو بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة في النقابة وتجتمع في مركز النقابة كل ثلاثة سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لإنتخاب النقيب وستة أعضاء وعضوين إحتياط ممن نالو أكثر الأصوات وأعضاء لجنة الإنضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء الهيئة العامة وعند عدم إكتمال النصاب تجرى الأنتخابات بعد (١٥) خمسة عشر يوماًمن الإجتماع الأول في نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملا بحضور ثلث الأعضاء وبعكسه سوف يكون المجلس السابق مستمرا في عمله دورة أخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ماددە(١٣)هەیە؟

**مامۆستا مەلا محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی نەقیب نە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر نەهاتوە؟ دیارە دەرمانساز نقیبی ناوێت، نا، نا هاتووە

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

النقابە کوا نقیب

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

دێری سێهەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بقرار من المجلس و دەعوە من النقیب لە جێگەی تر دێت لەدوای ماددەکانی تر باسی نقیب و دەسەڵاتیشی دەکرێت چ تێبینی هەیە لەسەر مادده (١٣)؟ کێ لەگەڵە؟ سوپاس ... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة عشر:

تعقد الهيئة العامة إجتماعاًاعتيادياًكل ثلاث سنوات لغرض:

أولاً- مناقشة وتصديق الميزانية والحسابات الختامية.

ثانياً- النظر في الإقتراحات المقدمة بشأن تعديل قانون النقابة.

ثالثاً- إقرار النظام الداخلي وتعديله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ماددە(١٤) کاک جمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردەم بۆ ڕاستاندنی بودجەی ساڵانە (کل ثلاث سنوات) گفتوگۆ لەسەر تصدیق المیزانیە و الحسابات الختامیە ایقراری میزانیەو تصدیقی میزانیەو حساباتی ختامی دەبێ ساڵانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تعقد الهیئە العامە اجتماعا اعتیادیا کل ثلاث سنوات یە واتا تەمەنی سەندیکا ئەبێ سێ ساڵ بێت ئەوە دیارە هەڵەتان کردوە، لە جیاتی (سنە) کاک جمیل مەبەستی هەموو ئەندامانە کوا بزانین کاک جمیل چی ئەڵێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسلی پڕۆژکەشدا(سنویا) هاتووە وە لەوێ بەیانیش تصدیقمان کرد ئەوەش (سنویا) بوو لێرە بە سێ ساڵ جارێک هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئا ئینجا ئەگەر هەموو سەندیکاکان وایە ئەیکەین بە (سنويا) قەینا گرفت نییە، دیارە هەڵە بووە خۆی (سنويا) بووە کراوە بە (ثلاث سنوات) کاک محمد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەرکی دەستەی گشتی واتا (واجبات الهيئه العامه) لە مادده یەکادا هاتووە (تجتمع الهيئه العامه كل ثلاث سنوات لەم اجتماعی كل ثلاث سنوات) وردکاری حساباتی سێ ساڵ دەکاتن وە تراستاندنی دوماهی ئەو سێ ساڵە دەکاتن بەڵام (سنويا) ئەوە ئەنجوومەن خۆی دەیکات وردکار(مدقق) سەندیکا دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەردەمی ئەندامان بۆ ئەوەی تصدیق بکرێ ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە مادده (١٤) کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسند کرا

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادە (١٥)

خۆی ئەبێ بلێی الحالات التاليه بەڵام لێرە نووسراوە مجالات ئەمەش هەڵەی چاپە

المادة الخامسة عشر:

أولاً:- يجوز دعوة الهيئة العامة الى الإجتماع الغير الإعتيادي في الحالات التالية:-

١- بقرار مسبب من أكثر أعضاء المجلس.

٢- بطلب تحريري مسبب يقدمه (ثلث) أعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعليه اصدارالدعوة وتعيين موعد الإجتماع خلال (١٥) خمسة عشرة يوماً من تأريخ وصول الطلب.

ثانياً:- لايجوز البحث في الإجتماعات الغير الإعتيادية إلا في الامور التي أدرجت في جدول الأعمال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر مادده (١٥)هەیە؟ نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس ... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسند کرا

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة عشرة:

أولاً:- لايجوز للعضو الإشتراك في إجتماعات الهيئة العامة اذا كان ممنوعاً من مزاولة المهنة إنضباطياً.

ثانياً:- تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة باكثرية الأصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه النقيب.

**بەرێزی سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر مادده(١٦) کاک د. رزگار فەرموو

**بەرێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نائب نقيب من ضمن (٦ )اشخاص نائب نقيب غەيری ئەو شەشە نەک لەگەڵ ئەوانە حەوت لێرە تێدەگەن ستە اشخاص نقيب و نائب نقيب (٦ )اشخاص.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گفتوگۆی مادده (١٦) دەکەین

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضائه.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی «١٧» ، کاک سیروان و کاک شەفیق، کاک سیروان فەرموو.

**بەرێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە ماددەی یەکەمدا « مجلس»ب «مجلس النقابة» هاتووە و،لێرەشدا دەڵێت:« يتولى إدارة شؤون النقابة مجلس» ، هەق نییە بڵێین «مجلس» ، بەڵکو بڵێین: «يتألف مجلس النقابة من» ، چونکە لەوێ پێناسەی «مجلس النقابة» کراوە، ئەمەش «مجلس النقابة»ەیە، ئیستا وەکو ئەوەیە کە ئەنجومەنێکی تر هەبێت، لێرەدا «مجلس» بە سیفەتی «نكرة» هاتووە، بەڵام لەوێ پێناسە کراوە، جا ئەو پێناسەیە پێویستە لێرەدا دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«يتألف مجلس النقابة من :١ـ النقيب» ، پێشنیارەکەی کاک سیروان لەسەر ماددەی «١٧»کە دەڵێت «يتألف مجلس النقابة من» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کاک شەفیق فەرموو.

**بەرێز شەفیق ئەمین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی «١ و ٢» کە مەرجی داناوە بۆ نقیب کە «١٠»ساڵە، هەروەها بۆ جێگری نەقیب و «٥»ئەندامەکەش «٧»ساڵی داناوە، جا ئەم ساڵانە بە رای من زۆرن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ساڵانە زۆر نین، چونکە لە یاسای سەندیکاکانی تریش هەر هەمان مەرجمان داناوە، باشە جەنابت چەند پێشنیار دەکەی؟.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من «١٠»ساڵەکە بکرێت بە «٧»و، «٧»ەکەش بکرێت بە «٥»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دیخەینە دەنگدانەوە، نەقیب لە «١٠»ساڵەوە دەیکەین بە «٧»ساڵ، کەس تێبینی هەیە؟، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ هەموو سەندیکاکان «١٠»ساڵە، باشە بۆ تەنها ئەم سەندیکایە «٧»ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەیە لەبەر ئەوە بێت ژمارەی دەرمانسازەکان کەمە.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام بەو شێوەیەش کەم نین کەوا ئەو مەرجە بەو شێوەیە کەم کەینەوە، ئیستا لە هەولێر ژمارەیەکی باش دەرمانساز هەنە کەوا خزمەتیان لە «١٠»ساڵ زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە نزیکەی «٥٠»دەرمانسازێکمان هەیە، بەڵام ئەگەر ساڵەکە کەم کەینەوە بۆ «٧»ساڵ باشترە، چونکە ئەگەر «١٠»ساڵ بوو ئەوە تەنها ژمارەیەکی کەم ئەو مەرجە دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەگەر «٧»بێت ئەوە هەموویان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کەوا مەرجی خزمەتی نەقیبی سەندیکا لە «١٠»ساڵەوە کەم بکرێتەوە بۆ «٧»ساڵ؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، کەواتا وەکو خۆی مایەوە، ئێستا ماددەی «١٧» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشر:

أولاً: يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الأعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات

الحاضرين وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيه النقيب.
ثانياً: إذا أصبح مركز النقيب شاغراً لأي سبب كان يحل محله نائب للمدة المتبقية وإذا كان مركز نائب النقيب شاغراً فيحل السكرتير محل النقيب.
ثالثاً: إذا أصبح منصب النقيب ونائبه شاغراً يحل محله عضو من الأعضاء الأصليين عن طريق الإقتراع السري وعلى المجلس أن يدعو الهيئة العامة لإجتماع غير إعتيادي خلال مدة لا تزيد على شهرين لغرض إنتخاب النقيب ونائبه للمدة المتبقية على أن لا تقل عن ستة أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١٨» هەیە؟. نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة عشر:
يعتبر عضو المجلس مستقيلاً إذا تغيب عن الحضور (٣) جلسات متتالية أو (٥) جلسات متفرقة خلال (سنة) بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة العشرون:
أ- يمارس المجلس الاختصاصات التالية:
أولاً - العمل على تحقيق أهداف النقابة.
ثانياً - تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون تعديل النقابة.
ثالثاً - تنفيذ قرارات الهيئة العامة.
رابعاً - تعيين العاملين في النقابة وتحديد أجورهم و ترقيتهم.
خامساً - النظر في طلبات الإنتماء.
سادساً - إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
سابعاً - إحالة القضايا و الشكاوى التي ترد اليه الى اللجنة الإنضباطية.
ثامناً - تشكيل لجان فرعية لتحقيق أهداف هذا القانون.
تاسعاً - إعداد الميزانية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات.
عاشراً - إقرار تملك الأموال والعقارات و قبول الهبات والمنح وشروط الإقراض، وتقديم المساعدات المالية ضمن أهداف النقابة.

حادي عشر ـ الأعداد للأنتخابات.
ثاني عشر ـ البت في إستقالة النقيب أو نائبه أو أي من أعضاء المجلس أو لجان النقابة على أن تعرض على الهيئة العامة في أول إجتماع لها.
ثالث عشر ـ منح إجازة مزاولة المهنة.
رابع عشر ـ
أ ـ تأسيس وإدارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعيات.
ب ـ للمجلس تخويل بعض من صلاحياته للنقيب او رؤساء الفروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ،كاک بورهان و، كاک جمیل و، كاک سیروان و، كاک وریا، كاک وریا فەرموو.

**بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لەسەرەتاوە بە خاڵی «أ» دەست پێدەكات، بەڵام خاڵی «ب» تیادانییە، ئەو «أ»ە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كواتە ئەو «أ»ە هەڵدەگرین، راتان چییە هەر ئەو «أولا و ثانیە...»ش هەڵگرین و بیكەین بە «١ و٢و٣...»، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەو «أ»ە زیاد نییە، چونكە خاڵی «ب» دەڵێت:«تخویل بعض صلاحیاته للنقیب أو رؤساء الفروع»،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

أ ـ یمارس المجلس الإختصاصات التالیة، ئەو «أ» تەواوە، بەڵام «أ» دووەم لە خاڵی «١٤» ئەوەیان زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

«أولاً و ثانیاً...» هەمووی بكرێت بە «١و٢و٣و٤...» باشترە، پاشان ئەو خاڵە دابڕێژنەوە، كاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی «٩» دەڵێت:« إعداد الميزانية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات.» ،با «حسابات الختامية»شی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەو «حسابات الختامية»یە بخرێتە سەر خاڵی «٩» ، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی حەوتەمدا دەڵێت:«إحالة القضايا و الشكاوى التي ترد اليه الى اللجنة الإنضباطية.» من پێشنیار دەکەم کەوا «قضايا» هەڵگیرێت و، تەنها «شکاوی» بمێنێتەوە، چونکە بۆ ئەنجومەن نییە قەزیە ڕەوانەی لیژنەی ئینزباتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵکو دەرمانسازێک دەرمانێکی بە هەڵە دایە یەکێک و، ئەو کەسە هاتوو و شکاتی لەو دەرمانخانەیە کرد، ئەوە نابێتە شکات، چونکە شکاتی هێناوە بۆ سەندیکا نەوەکو بۆ دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەو مەبەستی وشەی «قضايا» هەڵگیرێت، باشە لە یاسادا وشەی «قضايا» چی دەگرێتەوە.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«قضايا» پابەندە بە سەرپێچییەکانی دەرمانخانەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من «قضايا» ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کەوا ڕەگەزی سزای تیادایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەتوانین دوو حاڵەت وەرگرین، هەندێک کێشە هەیە لقەکان لێکۆڵینەوەی لێ دەکەن و، دیگەیەننە ئەنجوومەنی سەندیکا و لە ڕێگای ئەنجوومەنیشەوە دەگاتە لیژنەی ئینزباتی، هەندێ جاریش لە دادگا شکات لە دەرمانخانەکان دەکرێت و، حوکمی لەسەر دەرچووە و، کێشەکەش دەنێرنە سەندیکا، تاوەکو ئەوان ئیجرائاتی خۆیان وەرگرن و، مۆڵەتی کارکردنی لێ بسێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ لیژنەی ئینزباتی نییە کێشەکە لای خۆی بکات بە «قضیە»، ئەو ڕەوانەی لیژنەی ئینزباتی دەکات و، ئەویش تەماشای دەکات ئەگەر بینی تاوانە ئەوە ڕەوانەی دادگای پەیوەنداری دەکات، لێرە لیژنەی ئینزباتی تەنها شکاتەکان ڕەوانە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی «قضایا» چی لێ بکەین؟، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر شکاتێک و کێشەیەک هەبێت ئەوە لیژنەی ئینزباتی دەیداتە بەشی «شهادات»و، پاشان ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت، چونکە لە لیژنەی ئینزبات نابێتە «قضیە»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە تەنها ڕەوانە کردنە، بەڵام خۆ دەبێت لایەنێک هەبێت سەندیکا شکاتەکانی بۆ ڕەوانەکات و بڵێت ئەمە دەسەڵاتی منە کەوا لە کاری رادەگرم، یا تەمیی دەکەم، بەڵام «قضایا» دەبێت بدرێت بە دادگاکان، جا لەوانەیە بیگێڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا، ئەنجوومەنی سەندیکاش لەوانەیە بە نووسراوێک بیدات بە دادوەر، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«قضایا» تەنها پەیوەندی بە دادگاوە هەیە، بەڵام لیژنەی ئینزباتی تەنها پەیوەندی بە «شکاوی»وە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێت وشەی «قضایا» هەڵبگیرێت، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ

لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، لە برگەی «٩» دستەواژەی «حسابات الختامیة»ی بۆ زیار بکرێ، ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الحادية والعشرون:

يمارس النقيب الصلاحيات التالية:

اولاً: رئاسة اجتماعات الهيئة العامة والمجلس.

ثانياً: تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة، وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من « في المعاملات كافة لدى» ئەو دەستەواژەیە هەڵگیرێت و، تەنها بڵێت: «تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والادارية ............»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی مامۆستا مەلا تاهیر دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، وەکو ماددە کێ تێبینی لەسەری هەیە؟ کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

« في المعاملات كافة لدى» باشە لێرە خۆ دەبێت روون بکرێتەوە کە چ جۆرە موعامەلاتێکە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە مامۆستا پێشنیاری ئەوەی کرد کەوا « تمثيل النقابة في المراجع القضائية»، کەواتە دیاری کردووە، ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية والعشرون:

اولاً: تؤلف لجنة الانضباط من رئيس وعضوين تنتخبهم الهيئة العامة في اجتماعها الاعتيادي.

ثانياً: تختص اللجنة بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون وتقوم بالتحقيق في القضايا والشكاوي التي يحيلها عليها المجلس، ولها صلاحية توجيه العقوبات التالية:

أ- التنبيه.

ب - الانذار.

ج - غلق الصيدلية او المذخر لمدة لاتقل عن ثلاثة ايام ولاتزيد عن اسبوع وفي حالة تكرارها تغلق الصيدلية او المذخر لمدة(١٥)خمسة عشر يوماً وتحجب حصته من الادوية لمدة شهر واحد.

د - تتبع لجنة الانضباط القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«التنبيه» بکرێت بە «الفات النظر» وەکو ئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە، کەس تێبینی هەیە لەسەری، مامۆستا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدام، بەڵام کە دەڵێت:«تؤلف اللجنة من رئيس وعضوين» ئیتر ئەو «تنتخبهم الهيئة العامة.....»ی ناوێت، چونکە ئەوە لە ماددەی «١٣»دا بە درێژی باسی لێوە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا هەر هەمان شتە، کەواتە تەنها «تؤلف اللجنة من رئيس وعضوين» دەمێنێتەوە و، ئەوانی تری لێ لادەدەین، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«عضويه الاحتياط»، لەوانی تردا لە هەموویدا هەیە، بەڵام لێرەدا نییە، جا پێشنیار دەکەم کەوا لێرەش دانرێت، چونکە لیژنەی ئینزبات «١٠»ئەندامی یەدەگی هەبوو، لەوەی سەرلەبەیانیدا

هاتووە کەوا «٢» ئەندامی یەدەگی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا دەڵێت:«تتألف لجنة من «٣» أعضاء و «٢» إحتیاط»، کەس تێبینی لەسەر هەیە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «١» دەڵێت : «تألف اللجنةالانضباط من رئیس وعضوین» من پێشنیار دەکەم کەوا «و نائبە»یشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر پێشنیارێک هەیە دەڵێت:«تألف اللجنةالانضباط من «٣» أعضاء و «٢» أحتیاط» ئەو کاتە لە نێوان خۆیاندا سەرۆکێک و جێگرێک بۆ خۆیان دادەنێن، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی سەرۆکی لیژنەکە سەرۆکی ئەنجوومەن دایدەنێت، بەڵام پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک د.رزگار دەکەین کەوا «٢»ئەندامی یەدەگی بۆ زیاد بکرێت، کەواتە بکرێتە تألف لجنةالانضباط من رئیس اللجنة و عضوین و عضوین إحتیاط، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەم دەستەواژەیە لاوازە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من جەخت لەسەر قسەکانی خۆم دەکەم کەوا بکرێت بە «من رئیس و نائبە»، ئەگەر هاتوو شکاتەکە لە سەرۆکەکە کرا، ئەو کاتە لیژنەی ئینزباتییەکە کێ سەرۆکایەتی دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرۆکی سەندیکا هیچ پەیوەندی بە لیژنەی ئینزباتەوە نییە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

کاک سەعید واتێگەیشتووە کەوا سەرۆک مەبەستی لە نەقیبە، لێرە مەبەستمان لە سەرۆک سەرۆکی لیژنەی ئینزیباتە، لە هیچ لیژنەیەکی ئینزباتیش جێگری سەرۆک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەگەر بکرێتە«تتألف لجنةالانضباط من رئیس و عضوین و عضواحتیاط»، باشتر نییە؟، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاک

سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا کە دەڵێت: «تختص لجنة الانضباط بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون»، بەڵام لێرەدا ئەو سەرپێچیانەی بە دەق دیاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لە ماددەی «٢٣»دا هاتووە کەوا دەبێتە ماددەی «٢٤» و ئەو سەرپێچیانە دیاری کراون، پاشان دێینە سەری، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیەدا هاتووە کەوا ئەو سزایانەی کە ئاراستەی سەرپێچیکەر دەکرێت لە برگەی «أ و ب»دا ئاساییە، بەڵام لە برگەی «جـ»دا کە دەڵێت: «لێگرتنەوەی بەشە دەرمان»

ئەمە مەرج نییە لە تای لایەنێکەوە، یاخود پەیوەست بوون بە کەرتێکی گشتییەوە، یا تایبەتەوە، یا تەنها جێیەکەوە، یا چاوگێکەوە وەربگرێ ئازادی، بۆی هەیە لەدەرەوە یا لە هەر شوێنێک بێت دەرمان بێنێت، ناتوانرێت ئەوە وەکو حاڵەتێکی کارگێری لێی بگرێتەوە، ئەمە نییە تەنها لایەنێک هەبێت بەشە دەرمان بدات بە دەرمانسازەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هی حکومەتی ناوەندییە، هەموو شتێکیان لە کۆگای دەرمانەوە بۆ دەڕۆیشت، ئێستاش ئێمە بازاڕی ئازادمان هەیە، با ڕەچاوی ئەو شتانە بکرێت، جا ئەم دەقە هەر وا گواستراوەتەوە، کاک شێروان فەرموو.

**شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە ئەمڕۆ وەزعەکە وا بێت، بەڵام سبەی هەر وا نامێنێت و، هەر دەرمانخانەیەک حکومەتی هەرێم بەشێکی تایبەتی دەداتێ، جا ئەوە مەرج نییە کەوا لە حکومەتی مەرکەزییەوە وەرگیرابێت، بەڵکو حیسابی پاشەڕۆژی بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو جیهان بەرەو بازاڕی ئازاد دەڕوات، ئێمەش وەکو حکومەت پشتگیری لە بازاڕی ئازاد دەکەین، ئەم بابەتەش چەند جارێک لە پەرلەمان باس کراوە و، ئەوە یەکێکە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئەوەش یەکێکە لە بەرنامەکان کەوا لەبەردەماندایە و، حکومەتی هەرێمیش بازاڕی ئازادی هەڵبژاردووە و پشتگیریشی لێ دەکەین و، ئەوەش پەیوەندی بە پاشەڕۆژەوە نییە، جا ئەوە هەر حکومەتێکی تر هات ئەوە سیاسەتی خۆی دەزانێ کەوا چۆن دایدەنێت، ئێمە بەرنامەی

حکومەتمان پەسەند کردووە ئەوانیش بازاڕیان ئازاد کردووە، جا ئەوە هەموو کەرتەکان دەگرێتەوە، کاک ئەحمەد پێشنیارت چییە؟، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە کەوا پاش «۱۵یوماً»خاڵ دانرێت و کۆتای بە ڕستەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە «وتحجب حصته من الادوية لمدة شهر واحد» هەڵدەگیرێت، چونکە کە دەرمانخانەکەت داخست ئیتر کاری بازاڕ ناکات و دەرمانی بۆ بدرێتێ، ئێستا ئەم پێشنیاری هەڵگرتنی ئەو «وتحجب حصته من الادوية لمدة شهر واحد» هەڵگیرێت، چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پەیوەندیمان بە دەرمانخانەکانەوە کردوە و، ڕاستەتاوەکو ئێستا بازاڕ ئازادە و، هەر دەمانخانەیەک دەتوانێت بە هەوەسی خۆی دەرمان بێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی تەندروستیش مانگانە بەشە دەرمانیان هەر دەداتێ؟، ئەو دەرمانانەیان دەداتێ کەوا لە «un»وە وەری دەگرن، جا لەبەر ئەوە مانەوەی ئەو برگەیە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕایەکەی کاک ئیبراهیم تەواو بێت دەبێت وشەیەکی تری بۆ زیاد کەین، کە ئەویش «من الجهات الرسمية»یە، چونکە لێرەدا ئەگەر ئەو دەستەواژەیە دانەنێین برگەکە نادیار دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کە بڕیاریان دا بۆ ماوەی «۱۵»ڕۆژ دەرمانخانەکە داخەن خۆ ئەو دەرمانسازە ناچێت دەرمان بکڕێت، هەر ئەو «۱۵»ڕۆژە بەسە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سزایە سزایەکی سەندیکایە، سەندیکا ئەو سزایە بەسەر ئەو سەرپێچیکەرەدا دەسەپێنێت، کە سەندیکا دەرمانخانەکەی «۱۵»ڕۆژ داخست، ئەو دەمانسازە دەتوانێت بەشە دەرمانی خۆی لە وەزارت وەرگرێت، ئەگەر سەندیکا ئاماژە بە وەزارەتی تەندروستی نەدات، ئەگەر ئەم برگەیە

لابچێت مانای وایە دەسەڵات بە دەستی سەندیکاوە نامێنێت، ئەو کاتە سەندیکا دەرمانخانە دادەخات، بەڵام ئەو دەمانسازە دەچێت بەشە دەرمانی خۆی لە وەزارەت وەردەگرێت و، هەرچەندەش دەرمانخانەکەیشی داخراوە ئەو دەچێت لە بازاڕی رەش دەیفرۆشێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کە سەندیکا بۆ ماوەی «١٥»رۆژ دەرمانخانەکەی داخست، لە هەمان کاتدا وەزارەتی تەندرستی لێ ئاگادار دەکاتەوە، وەزارەتیش دەست بەسەر ئەو بەشەدا دەگرێت، ئەو بەشەکەی پێ نادات بچێت لە ماڵی خۆی هەڵیگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا«تحجب حصته لمدة شهر واحد» هەڵگیرێت، و تەنها دەستەواژەی «غلق الصيدلية أو المذخر لمدة(١٥)يوما» وەکو سزایەک دابنرێ، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، کەواتە دەرمانی پێ نادرێت، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە ؟کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة والعشرون:

قرارات اللجنة الانضباطية قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة(١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرارها باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی «٢٣»، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة والعشرون:

على العضو تجنب الامور التالية:

اولاً: اهمال او عرقلة تطبيق القوانين والانظمة المتعلقة بالنقابة والتعليمات والقرارات التي تصدرها.

ثانياً: مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك السنوي او الاجازة.

ثالثاً: عدم مراعاة السلوك المهني والاساءة الى سمعة المهنة وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.

رابعاً: انتحال لقب مهني او صفة مهنية غير صحيحة او غير مصادق عليها وفق القوانين والانظمة المرعية.
خامساً: تجاوز حدود مزاولة المهنة حسبما نص في النظام الداخلي او التعليمات التي تصدرها النقابة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەك لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم كەوا وشەی«كرامة»ی لێ هەڵگیرێت، چونكە «سمعة المهنة» دیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە و« ١٠» كەسەی كەوا پرۆژەی ئەو سەندیكایانەیان پێشكەش كردووە ، پرسیارێكم لێیان هەیە ، ئایا هیچ كاتێك ئەوەیان ڕەچاو نەكردووە كەوا هەندێك لە دەرمانخانەكان خەڵكی تیادا كار دەكات كەوا نەخوێندەوارە، یا مامۆستایەكی خانەنشین كراوە، یا هەندێكیان هیچ مەرجێكی تەندروستیشی تیادا بەدی ناكرێت، جا دەبینین دەرمانسازەكان تەنها لایەنی ماددیان ڕەچاو كردووە، تەنها قازانجی خۆیان بكەن و بەس، تەماشا دەكەین چەند مەرجێكیان داناوە بۆ ئەوەی كەوا پانی دەرمانخانەكە چەند بێت و « ٥٠»مەتر لە دەرمانخانەیەكی ترەوە دوور بێت، باشە نابێت تەماشایەكی ئەو كەسانە بكەن كەوا لەگەڵیاندا كار دەكەن؟، هیچ باسی ئەوەیان نەكردووە كەوا ئەو كەسانەی كە لە دەرمانخانەكاندا كار دەكەن دەبێت دەرچوو«خریج» بن، من پێم خۆشە ئەوانەی كەوا لە دەرمانخانەكاندا كار دەكەن هەموو مەرجێكیان تیادا بێتەدی، دەبوایە خاوەنی ئەو پرۆژەیە باسی ئەو كەسانەشی بكردایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستییەوە هەیە، كاك شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەو دەرمانخانەیەی كە مۆڵەتی هەیە ئەوەیە، فەرموو كاك شەفیق.ئەوەیە كە بڕوانامەكەی هەیە و بەیەكێكی تری نادات ئەوانەش كە ئیش دەكەن لە دەرمانخانەكان یان یاریدەری پزیشكین یان یاریدەدەری دەرمانسازن ئەوەش هەندێكی هەیە پسپۆڕیان تێدا هەیە هیچی تریان نییە، ئەمانیش لە وەزارات لیژنەیەكی ئینزباتیان هەیە كە دەرمانسازەكان بەسەر دەكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینی تر نییە، مادده (٢٤) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی د.رزگار (کرامتها) دەمێنێ یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وشەیەکی (انشائیە) حەز دەکەن بمێنێ حەزدەکەن لایبدەن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة والعشرون:

١ـ تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتألف من (ثلاثة) أعضاء وعضو إحتياط مارسوا المهنة لمدة لاتقل عن (ثلاث) سنوات وينتخبون بالإقتراع السري من قبل أعضاء الفرع.

٢ـ تنتخب اللجنة من بين أعضائها رئيساً للفرع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٥) چ تێبینی هەیە لەسەر مادده (٢٥)؟ ئەگەر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة والعشرون:

تتكون مالية النقابة من :ـ

أولاً:ـ بدلات الانتماء والإشتراكات السنوية.

ثانياً:ـ رسوم منح إجازة فتح الصيدليات والمذاخر الاهلية.

ثالثاً:ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من جهات أخرى بعد موافقة الجهات الرسمية.

رابعاً:ـ (٢٪) من مبيعات الأدوية التي تباع للصيدليات الأهلية من قبل مديرية الإستيراد. والتوزيع العائدة لوزارة الصحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی من بدوێم بەڕێزتان تێبینی ئەمەتان کرد. لەهیچ ولاتێکدا نییە حکومەت دەرمان بداتە هاوولاتی خۆی و یارمەتی بدات، بەلام ڕێژەی (٢٪)ی نرخی دەرمانەکەبداتە سەندیکا،

سەندیکای دەرمانسازان کاتێک ئەم یاسایەیان پێشکەش کرد ئەوان بۆ خۆیان کەمتریان دانابوو (٢.و ٪) واتا دوو لە هەزار بەداخەوە لە لیژنەی یاسادا لە جیاتی دوو لە هەزارەکە بووەتە (٢٪).

ئەو دەرمانانەی وەزارەتی تەندروستی دەیانهێنێت بۆ یارمەتییەو بە زەرەر دەیفرۆشێت، لە پرۆژەکە نەیگووتووە لە (ربح) بەڵکو گوتوویەتی (من المبیعات)، بۆ نموونە ئەمساڵ یەک وجبە وەزارەتی دارایی و ئابووری (٢٥) ملیۆن دیناری دا بە وەزارەتی تەندروستی و دەرمان بەسەر دەرمانخانەکان دابەش کرا، تەنیا لەو برە پارەیە کە وەزارەت دارایی بە یارمەتی داویەتی بە وەزارەتی تەندروستی دەبێت (نیو) ملیۆن دینار وەزارەتی تەندروستی لەو فرۆشتنانە بداتە سەندیکا. ئەم کارە دەزگای هاوردەنی (مؤسسە الاستیراد) نەک تەنها بۆ هاووڵاتی بە کارێکی مرۆڤانە هەڵساوە هەتا بۆ دەرمانخانە ئەهلییەکانیش بەم کارە هەڵساوە دەرمانی بۆ دابین کردوون بە یارمەتی حکومەت.

پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە لە برگە (٤) لاببرێت لە جیاتی ئەوە زیاد بکرێت،(ریع الحفلات والنوادي) چونکە مافی سەندیکای تێدا هاتووە کە یانەکان بۆخۆی بکاتەوە، ئاهەنگ بگێرێت لە ماددەیەکی پێشوو هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک د.رزگار فەرموو.

هەمان تێبینیم هەیە من لەگەڵ ئەوە نیم ئەم ماددەیە بمێنێت، چونکە جۆرە باجێکە لەسەر هاووڵاتی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار.

پێشنیاری کاک جەمیل و پشتگیری د. رزگار. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی بەیانی دووبارەی دەکەمەوە، فەرمووت پێشینەمان هەیە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەڵێت: ثانیاً: يراعي تطبيق اصول المحاسبة العامة على مالية النقابة. لە سەندیکاکان ئێمە مالیەمان بە رەها داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر حەز دەکەیت ئەم بابەتە بۆ دوایی بێ، با ئەم ماددەیە تەواو بکەین.

لەم ماددەیەدا تەنها پێشنیارێک هەیە ئەو رێژەیەی (٢٪) هەڵبگیرێت، چونکە ئەوە ئەرکی هاووڵاتی ئێمە گران دەکات.

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (٢٪) هەڵەی چاپە سفرێک لاچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە ئەو ڕێژەیە هەر لابدرێت چونکە ئەمە بارگرانییە لەسەر هاووڵاتی و لەسەر گەنجینە. ئەگەر چ تێبینییەک نییە ئەوا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ڕێژەیە نەمێنێ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

پێشنیارێک هەیە لە جیاتی (رابعا): بکرێتە (ریع الحفلات والنوادی) زیاد بکرێت وەکو داهات بۆ ئەم سەندیکایە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا ئەو پێشنیارە ببێتە جێی (رابعا).

ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر ماددە (٦). فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێژەکە چەند بێ، هەروەها بەشێوەیەکی رەها (ربع حفلات) دەدرێت بە ئەوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم (ریعی حفلاتی) خۆیانە ئەم ئاهەنگانەی سەندیکا دەیکات.

وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە.

ماددە (٢٦) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة والعشرون:

يحق لورثة الصيدلي صاحب إجازة المحل إستغلال الإجازة لمدة (٥) خمسة سنوات من تأريخ وفاة مورثهم بعد تعيين مدير للمحل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٢٧) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟. کاک د. رزگار. کاک جەمیل. کاک سەعید. کاک شەفیق.

کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەمە شتێکی زیادەیە، خاوەن دەرمانخانەکە خۆی مۆڵەتی وەرگرتووە خۆی دەرمانسازە کە

مرد چۆن دەبێت بدرێت بە یەکێکی تر؟، یانی کە میراتگرێکی تر بێت ئیشەکە بکات دەرمانساز نییە ئیجازەی نییە بڕوانامەی نییە چۆن بدرێت بە ئەو؟، چۆن میراتگری ئەو بێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شەفیق کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەبوو. بە مەرجێک دەتوانی بەڕێوەبەرێک دابنێت کە دەرمانساز بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو. کەوا ئەوە لاببرێت مەرج دابنرێت کە دەبێت دەرمانساز بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەکە هاتووە دەبێت بەڕێوەبەری دەرمانخانەکە دەرمانساز بێت، لێرەدا ئەو مەترسییەی کاک شەفیق هەڵدەگیرێ. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة والعشرون:

يجوز للصيدلي بعد إستحصال الإجازة من النقابة أن يقوم بالتحليلات الصيدلية والكيمياوية والمرضية الكيمياوية بدلاً من الصيدلية. بعد إكمال دورة مختبرية مجازة من قبل وزارة الصحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بدلا من الصيدليه) یانی چی؟. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت دەرمانساز پسپۆڕی تاقیگەیی وەربگرێت، هەم دەرمانسازە هەم تاقییگەییە، خۆی دەرمانساز جگە لە پیشەی دەرمانسازی ناتوانێت بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو پسپۆڕی لە تاقیگەیی وەرگرت دەتوانێ لە جیاتی دەرمانخانە کاری تاقیگە بکات بە مۆڵەتی سەندیکا،

سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

(بدلاً من الصيدلية) هاتووه. دەبێت بگوترێت (بدلاً من الصيدلة) ئەو (ياء)ە زيادە. ماددەكە روونە (بعد اكمال دورة مختبرية مجازة من قبل وزارة الصحة).

سوپاس كاك ئیبراهیم بۆ ئەو روونكردنەوەیە. واتا دەرمانساز پێش وەخت مافی نییە كاری تاقیگە بكات بەبێ رەزامەندی سەندیكا، سەندیكا رازی دەبێت دوای ئەو كە خولێك دەبینێت لە وەزارەتی تەندروستی و سەندیكا مۆڵەتی پێ دەدات، ئەمە مەفهوومی ماددەكەیە.

كاك شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شـەفـیـق ئـەمـین:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەو كە لە كۆلێژ تەواو دەكات ئەو تەحلیلاتانە دەخوێنێت بۆ نموونە(صيدلية، كمياوية، مختبرية، بايلوجي) ئەمانە هەمووی دەخوێنێت بۆ نموونە دكتۆرێك شتێكی بۆ دەنووسێت ماددەكە كیماویە ئەوا دەرمانسازەكە ماددە كیمیاوییەكە دەگرێتەوە بۆی، دەیزانێ چونكە لە ئیشی خۆیەتی.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسـم مـحـەمـەد قـاسـم:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

كاك ئیبراهیم روونی كردە كە دەرمانساز دەتوانێ ئەم كارە بكات دوای ئەوەی مۆڵەت وەردەگرێ پێش ئەوە ناتوانێ بیكات، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـەلا تـاهـیـر زیـن الـعـابـدیـن:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

من ئەو پرسیارەم هەیە یەك كەس دەتوانی هەر دوو كار بكات واتا دەرمانسازی و تاقیگەیی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كاكە شێخ وەڵامی دایەوە دەڵێت بەڵێ. من خۆم دەرمانم وەرگرتووە لە دەرمانخانە لە وڵاتانی ئەورووپا گوتوویانە كاتژمێرێكی تر وەرەوە چونكە ئەمە دەبێت تەركیبی بكەین، ئینجا ئەگەر بە مۆڵەت و دەورە بێت بابەتەكە تەواو بووە.

كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیە بدەم دەربارەی (تحلیلاتی کیمیائی) کە جیاوازە لەگەڵ (تحلیلاتی مرضی)، تەحلیلاتی کیمیائی بریتیە لە تەحلیلی مرکباتی ئەو مادده کیمیاویە واتا لە چی پێک هاتووە (تحلیل المرضی) شی کردنەوەی تاقیگەیە پەیوەندە بە مەسەلەی بەکتریۆلۆجی و بایلۆجیەوە بە رای من دوو شتی جیاوازە یانی ئەوە تەحلیلاتی نەخۆشییە، ئەوی تر تەحلیلی پێکهاتەکی ماددەیەکی کیمیاوییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ نموونە من وەکو دەرمانسازێک حەز ناکەم ببمە دوکاندارو تەنیا دەرمانخانەم هەبێت بۆ خۆم تاقیگەیەک دەکەمەوە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

لێرە ئەوە دەبێت بە صیدلیەکی کیمیاوی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لێرە مەرجی داناوە دەبێت خولێکی کردبێ لە وەزارەتی تەندروستی و، دەبێت سەندیکا مۆڵەتی پێ بدات، ئینجا ئەتوانێت واز لە دەرمانسازی بێنێت ببێت بە تاقیگەیی.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیدلی کیمیایی جیاوازە لەگەڵ تحلیلاتی مرضی، ئەوەی دەرمانسازی کیمیایی بێت دەچێت بۆ خۆی تاقیگەی تەحلیلاتی کیمیاوی دادەنێت بۆ تەرکیبی ماددەکان، بەڵام تەحلیلاتی نەخۆشی جیاوازە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش وا دەڵێم لە ماددەکەدا هاتووە (بالتحليلات الصيدلية والكيمياوية والمرضية الكيمياوية).

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی نەخۆشی پەیوەندی بە بایلۆجییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئەسڵدا چۆن هاتووە.

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماددەکە بخوێننەوە تحلیلاتی صیدلی و کیمیایی بەستراوە بە تحلیلاتی مرضی، مانای

ئەوەیە ئەو دەبێت دەرمانخانەکە واز لێبهێنێت و بیکاتە تاقیگە، تاقیگەکەش هەمووی بکات، تحلیلاتی کیمیایی وتحلیلاتی صیدلی و تحلیلاتی مرضی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئەوانەی کە تحلیلات دەکەن لە ئەسڵدا دەرچووی بەشی کیمیان، یان بایلۆجین؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرچووی بەشی بایلۆجین لە کۆلیژی زانست.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام دەرمانسازێک دەتوانێت ببێت بە محلل؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ خولێکی تاقیگەیی دەکات و دەتوانێ ببێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە مادام خولێک لە وەزارەتی تەندروستی ببینێت و وەزارەتی تەندروستی رازی بێت و سەندیکا رازی بێت، باشە بۆ لێرە رێی لێ بگیرێت؟.

دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ پێشنیارێکی تر نییە؟.

لێرە تەنها (بدلا من الصیدلیە) دەکرێت بە (بدلا من الصیدلە). ئەمە هەڵەیەکی ئیملائیەو (یائەکە) نامێنێت.

مادده (٢٨) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة والعشرون:

یحق للصیادلة المتدربین الاشتغال في الدوام الرسمي في الصیدلیات الاهلیة واستلام المسؤولیة فقط قبل التحاقهم بالتدرج الطبي وبعد الحصول على موافقة النقابة والدائرة التي ینتمي الیها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە جیاتی وشەی (فی) دەبێت (بعد) بێت، لێرە دەڵێت: (یحق للصیادلة المتدربین الاشتغال في الدوام الرسمي في الصیدلیات الاهلیة واستلام المسؤولیة...) بەم شێوەیە رستەکە نایەت، بەڵام ئەگەر بڵێت: (یحق للصیادلة المتدربین الاشتغال بعد الدوام الرسمي في الصیدلیات الاهلیة

واستلام المسؤولية...) ئەوە راستترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسا (جمع ) ناکرێت دەبێت بگوترێت (يحق للصيدلي المتدرب) نەک (للصيادلة المتدربين)، کەواتە بەم شێوەیە دەبێت (يحق للصيدلي المتدرب الاشتغال بعد الدوام الرسمي في الصيدليات الاهلية واستلام الادوية... الخ).

ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

دێینە سەر مادده (٣٠) پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم ماددەیە، ئەمە ئیشی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵای ئێمەیە، ئێمە ئێستا ئەوە بکەین بە یاساو نەزانین رای ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا چییە تووشی ئیشتباە دەبین، لەبەرئەوە پێشنیار هەیە ئەم ماددەیە نەخوێندرێتەوەو هەڵبگیرێت.

پێشنیار هەیە مادده (٣٠) ئیلغا بکەین (منح الصيادلة لقب دكتور صيدلاني). ئەم پێشنیارە هەیە کە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت و نەبێت، فیکرەکەش ئەوەیە ئەگەر خوێندنی باڵای ئێمە بڕیاری دا بکرێین بە (دکتۆر) یاساکە هەموار دەکرێت. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئەو ماددەیە هەڵبگرین؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثلاثون( لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة واحد والثلاثين:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣١) چ تێبینیەکی لەسەر هەیە؟.. نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية والثلاثون:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣٢) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟. کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەوەی دەڵێت (إعتبارا من تاریخ صدوره) ئێمە حەق وایە ئەو ڕۆژنامە ڕەسمییەی کە دەری دەهێنین پێوستە هەموو مافەکانی خۆی وەربگرێت، ئەگەر یاسایەک زۆر پێویست و بە پەلە بێت ئینجا ئێمە ئەو مافەی بدەینێ (من تاریخ صدوره) حساب بکرێت، ئێمە هەر یاسای سەندیکایەک دەربکەین بڵێین من تاریخ صدورە باشە ئێمە ڕۆژنامەی وقائعمان بۆچییە؟ پێویستە هەر (إعتباراً من تاریخ نشره) بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە (ینفذ هذا القانون إعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة)، بەو پێیەی هەندێ یاسا پێویستی بە پەلە کردن ناکات.

ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە (ینفذ هذا القانون إعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.. سوپاستان دەکەین.

ئێستا دێینە سەر هۆکارە پێویستەکان.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الاسباب الموجبة

حیث کان من جملة اهداف الحرکة التحرریة الکوردیة التي قادها الزعیم الخالد مصطفی البارزاني حصول الشعب الکوردي علی کافة حقوقه وبکافة شرائحه ونظراً لأهمیة دور النقابات ومنها نقابة الصیادلة ودورها في تقدیم افضل الخدمات الطبیة للمواطنین وضرورة النهوض بالمستوی المهني في الاقلیم ولمسایرة التطورات الحضاریة في اطار النظام الفیدرالي الذي قرره المجلس الوطني لکوردستان العراق فقد وجب تشریع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک ماددەمان دەمێنێت لەگەڵ دوو دواخستن. ئەیخەینە بەرنامەی کاری سبەینێمانەوە. سبە سەعات (١٠) کۆدەبینەوە سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٨

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٤

## بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادەدە (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکانی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢ـ سەندیکا: سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکان

٣ـ نەقیب: نەقیبی خاوەن پیشە ئەندازەییەکان.

٤ـ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

٥ـ دەست دانە پیشە: دەست دانە پیشەی دیاری کراو لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

## بەشی یەکەم
## (دامەزراندن و ئامانجەکان)

ماددەی دووەم:

١ـ سەندیکایەک بەپێی ئەم یاسایە دروست دەبێت و پێی دەگوترێ (سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکان)، کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێ و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆی هەیە لق لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢ـ لیژنەیەکی ئامادەکار لە (١٥) ئەندام پێک دەهێنێ بە ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان تا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام دەدرێ.

ماددەی سێیەم:

سەندیکا لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم مەبەستانەی خوارەوە کار دەکا:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندن و پەرەپێدانی.

٢ـ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەندامانی سەندیکاو بەرگری کردن لە مافەکانیان و چاودێری کردنی بەرژەوەندییان.
٣ـ بەشداری کردن لە پێشخستنی پیشەسازی، بەهاریکاری کردن لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند.
٤ـ کۆشش کردن لە پێناوی دابین کردنی دوا رۆژی ئەندام لە بارەی نەخۆشی و پیریەتی و بێ کاریی.
٥ـ رێکخستنی بنەماکانی دەست دانە پیشە.
٦ـ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەندیکای هاوتای لە جیهاندا.
٧ـ رێکخستنی کاتەکانی بێ کاری و دەستەبەرکردنی هۆیەکانی حەسانەوەو رابواردن و دامەزراندنی یانەی وەرزشی و کۆمەڵایەتی.
٨ـ پتەوکردنی پەیوەندیی برایانە لە نێوان دەرچووانی ئامۆژگاکانی ئەندازەیی (تەکنەلۆجیا ـ نەوت ـ گەیاندن).

بەشی دووەم
(چوونە ناو سەندیکاو ئەندامێتی)

ماددەی چوارەم:

ئەندام مەرجە ئەمانەی لێ بێتە دی:
یەکەم: عێراقی بێت و لە کوردستان نیشتەجێ بێت.
دووەم: بەتاوانێکی نا سیاسی یا ئابرووبەر حوکم نەدرابێت.
سێیەم: بڕوانامەی دبلۆمی هونەری لە بەشەکانی (تەکنەلۆجی ـ نەوت ـ گەیاندن)ی هەبێت، یان فەرمانی زەوی پێوی (مساح)ی هەبێ لە یەکێک لە فەرمانگە حکومەتییەکان بۆ ماوەیەک ئەم کارەی کردبێت کە لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: چوونە پاڵ سەندیکا بە داواکایەکی نووسراو دەبێت و، پێشکەش بە نەقیب دەکرێت و بەڵگەنامەی پێویستی پێوە دەلکێنرێت.
دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا دەخرێتە بەر ئەنجوومەن لەماوەی (١٥) رۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە ئەنجوومەن پێویستە لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە ئەگەر ماوەکەش تەواو بوو نەبڕاندرایەوە ئەوا داواکارییەکە بە قەبووڵ کراو دەژمێردرێت.
سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا ڕەت بکاتەوە بە بڕیارێکی هۆدار (مسبب)، خاوەنی داواکارییەکەش بۆی هەیە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنیەوە تانەی لێ بداو بڕیاری دادگاش بە بنبڕ دادەنرێت.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: ڕەسمی چوونە پاڵ سەندیکا بۆ ئەندام (٣٠) دینارە.

دووەم: ڕەسمی بەشداربوونی ساڵانە (٢٠) دینارە لەماوەیەک دەدرێ لە هەر ساڵێکدا کە لە مانگی شوبات تێناپەڕێ، ئەگەر ئەندام لە دانی ئەو ڕەسمە لە کاتی دیاریکراودا دووا کەوت (٥٠٪) لە ڕەسمی بەشداربوونی بۆ سەندیکا جەزا دەدرێ، ئەگەر بۆ ساڵی یەک لەدوای یەک بەبێ عوزرێکی ڕەوا پارەی نەدا ناوی لە تۆماری ئەندامان دەسڕێتەوە.

## بەشی سێیەم
## (پێکهاتەکان)

ماددەی حەوتەم:

سەندیکا پێک دێت لە:

١ـ دەستەی گشتی.

٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).

٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

ماددەی هەشتەم:

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی سەندیکا پێک دێت کەوا هەموو ئەرکێکی سەرشانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووەو بە باڵاترین دەسەڵات دادەنرێت لە سەندیکادا، لە ناوەندی سەندیکا لە ناوەندی مانگی کانوونی دووەمدا هەر سێ ساڵ جارێک بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی نەقیب کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەسترێت بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ پڕکردنەوەی ئەندامێتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط)، نیساب بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی گشتی تەواو دەبێ و لە کاتی تەواونەبوونی نیسابیشدا دوا (١٥) ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێندا هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و نیساب بە ئامادەبوونی سێ یەکی ئەندامان بەتەواو دەژمێردرێ، بەپێچەوانەوەش ئەنجوومەن بە بەردەوام لە کارەکانی لە قەڵەم دەدرێ تا خولێکی تر.

ماددەی نۆیەم:

دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ ئەم مەبەستانە دەبەستێت:

یەکەم: ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.

دووەم: گفتوگۆو بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی ئەنجوومەن.

سێیەم: چاوپیاخشاندن بەو پێشنیارانەی کە دەربارەی هەمواركردنی یاسای سەندیكاوە پێشكەش كراون.
چوارەم: بڕیاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆ و هەمواركردنی.

مادەی دەیەم:

یەكەم: دەكرێ بانگهێشتی دەستەی گشتی بكرێ بۆ كۆبوونەوەی نائاسایی لەم دوو حالەتەی خوارەوە:
١- بە بڕیارێكی هۆدار (مسبب) كە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەیدەن.
٢- بە داواكارییەكی نووسراوی هۆدار سێ یەكی ئەندامانی دەستەی گشتی پێشكەش بە ئەنجوومەنی دەكەن و ئەنجوومەنیش لەسەریەتی بانگهێشتەكە دەربچووێنێ و ڕۆژی كۆبوونەوە دیاری بكات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواكارییەكەوە.

دووەم: لە كۆبوونەوەكانی نائاسایی دەستەی گشتی نابێ لەو كارانەی كە لە بەرنامەی كاردا هاتوون و كۆبوونەوەیان لە پێناودا كراوە لە هیچ شتێكی تر بكۆڵدرێتەوە.

مادەی یازدە:

یەكەم: ئەندامی بەشداربوو نابێ بەشداری كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی بكا ئەگەر لە ڕووی بەرزەفتییەوە دەستدانە پیشەی لێ یاساغ كرابێ.

دووەم: بڕیارەكانی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچوێندرێ و لە كاتی یەكسان بوونیشدا بەو لایەنە دادەلەنگێ كە نەقیبی تێدایە.

مادەی دوازدە:

كاروباری سەندیكا ئەنجوومەنێك بەڕێوەی دەبا كە لەم ئەندامانە پێك دێن:

یەكەم: نەقیب، دەبێ ماوەیەك لەم پیشەدا دەست بەكاربووبێ كە لە (١٠) دە ساڵ كەمتر نەبێ.

دووەم: هەشت ئەندام، بە سكرتێر و نەقیبیشەوە ئەوانەی كە دەست بەكاربوونیان لەم پیشەیەدا لە حەوت ساڵ كەمتر نەبێ.

مادەی سێزدە:

یەكەم: ئەنجوومەن بە نهێنی لە نێوان ئەندامەكانیدا بریكارێك و سكرتێرێك هەڵدەبژێرێ.

دووەم: ئەنجوومەن دانیشتنە ئاساییەكانی خۆی بەلانی كەمەوە مانگێ جارێك دەبەستێ و دەشبێ دانیشتنی بەدەر (استثناء)ی بە بانگهێشتی نەقیب یان بە داواكاری سێیەكی ئەندامان ببەستێت.

مادده‌ی چوارده:

یه‌كه‌م: نیساب له‌ ئه‌نجوومه‌ن به‌ئاماده‌بوونی زۆرینه‌ی ئه‌ندامان ته‌واو ده‌بێت، وه‌ بڕیاره‌كانیش به‌ زۆرینه‌ی ده‌نگی ئاماده‌بووان ده‌رده‌هێندرێن، وه‌ له‌ كاتی یه‌كسان بوونی ده‌نگه‌كان به‌ولایه‌نه‌ داده‌له‌نگێ كه‌ نه‌قیبی تێدایه‌.

دووه‌م: ئه‌گه‌ر به‌هه‌ر هۆیه‌كه‌وه‌ بێ شوێنی نه‌قیب چۆل بوو ئه‌وا بریكاره‌كه‌ی شوێنی ده‌گرێته‌وه‌ یاخود سكرتێره‌كه‌ی ئه‌گه‌ر جێگای بریكاری نه‌قیب چۆل بوو ئه‌وه‌ش بۆ باقی ئه‌وه‌نده‌ ماوه‌یه‌ی كه‌ ماوه‌.

سێیه‌م: ئه‌گه‌ر یه‌كێك پایه‌كانی ئه‌نجوومه‌ن بێجگه‌ له‌وانه‌ی كه‌ له‌ بڕگه‌ی دووه‌می سه‌ره‌وه‌ ناویان هێندرا چۆل بوو به‌هه‌ر هۆیه‌كه‌وه‌ بێت یه‌كێك له‌ ئه‌ندامه‌كانی یه‌ده‌گ شوێنی ده‌گرێته‌وه‌.

چواره‌م: ئه‌گه‌ر پایه‌كانی زۆربه‌ی ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌ن چۆل بوو ئه‌نجوومه‌ن له‌سه‌ریه‌تی له‌ ماوه‌ی دوو مانگدا بانگهێشتی ده‌سته‌ی گشتی بكا بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌وانه‌ی كه‌ ئه‌و پایانه‌ پڕ ده‌كه‌نه‌وه‌ به‌ هه‌مان ڕێگای باسكراو له‌م یاسایه‌دا بۆ ئه‌وه‌نده‌ ماوه‌ی كه‌ ماوه‌ به‌مه‌رجێك كه‌ ئه‌وه‌نده‌ ماوه‌یه‌ی كه‌ ماوه‌ی له‌ شه‌ش مانگ كه‌متر نه‌بێ.

مادده‌ی پانزده:

١- ئه‌نجوومه‌ن ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییانه‌ی خواره‌وه‌ ئه‌نجام ده‌دا:

أ- كاركردن بۆ هێنانه‌دی مه‌به‌سته‌كانی سه‌ندیكا.

ب- پێشكه‌ش كردنی پێشنیار له‌باره‌ی هه‌مواركردنی یاسای سه‌ندیكاوه‌.

ج- جێبه‌جێ كردنی كاره‌كانی ده‌سته‌ی گشتی.

د- دامه‌زراندنی كارمه‌ندانی سه‌ندیكاو دیاریكردنی مووچه‌كانیان.

هـ- ته‌ماشاكردنی داواكارییه‌كانی هاتنه‌ ناو سه‌ندیكا.

و- ده‌ست نیشان كردنی ئه‌وانه‌ی كه‌ نوێنه‌ری سه‌ندیكا ده‌بن له‌ لیژنه‌ ڕه‌سمییه‌كان و ئه‌وانی تر له‌ كاتێكدا كه‌ نه‌قیب نوێنه‌رایه‌تی ناكات.

ز- هه‌واڵه‌كردنی كێشه‌و شكایه‌ته‌كان بۆ لیژنه‌ی تایبه‌ند.

ح- دامه‌زراندنی لقه‌كانی سه‌ندیكا له‌ پارێزگاكاندا.

ط- پێكهێنانی لیژنه‌ی لاوه‌كی بۆ هێنانه‌دی مه‌به‌سته‌كانی سه‌ندیكا.

ی- قبول كردنی ده‌ست له‌ كاركێشانه‌وه‌ی نه‌قیب یان بریكاره‌كه‌ی یان هه‌ر ئه‌ندامێك له‌ ئه‌نجوومه‌ن یاخود له‌ لیژنه‌كان.

ك- ووردكارێك حسابكاری ساڵانه‌ بڕاستێنێ بۆ ووردكاری ساڵانه‌.

ل - ڕێکخستنی خولەکانی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەکانی ترو سەرپەرشتی کردنی کرداری هەڵبژاردن بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
م - بڕیاردانی خۆ بە خودان کردنی ماڵ وعەقارو قبوڵ کردنی لەقەبەرکردن و پێ بەخشین.
ن - دامەزراندن وبەڕێوەبردنی یانەکان بە گوێرەی یاسای کۆمەڵەکان.
٢- ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بدا بە لیژنەی لقەکان.

ماددەی شانزدە:
نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
١- سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا.
٢- نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای دەزگا دادوەری و ئیدارییەکان و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و ڕاستاندنی معامەلەکان و بەڵگەنامەی تایبەت بە سەندیکا، دەشتوانێ هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن کە بیەوێ.

ماددەی حەڤدە:
ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لەکارکێشراوە حساب دەکرێ ئەگەر لە سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک دا یان پێنج دانیشتنی پەراگەندەدا لەماوەی ساڵێکدا بەبێ عوزری ڕەوا ئامادە نەبێت.

ماددەی هەژدە:
لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) لە سێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ. تایبەتمەند دەبێ بە تەماشاکردنی ئەو کێشەو شکاتکارییانەی ئەنجوومەن بۆی دەنێرێ، وە ئەو بنەمایانە پەیڕەو دەکات کە لەیاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتووە.

ماددەی نۆزدە:
لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) دەسەڵاتی ئەم دەرهێنانی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:
أ - وریا کردنەوە (إلفات نظر).
ب - ئینزار.
ج - لێ مەنع کردنی دەستدانە پیشە بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ.
د - ئەو کێشانەی کە بە تاوان دەژمێردرێن هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێن.
وە دەربارەی فەرمانبەرانی فەرمانگە ڕەسمییەکان لێ مەنع کردن سنووردارە لەسەر ئیش لە دەرەوەی کاتەکانی دەوامی ڕەسمی، بەمەرجێک فەرمانگە تایبەتمەندەکە بە بڕیارەکە ئاگادار بکرێ.

مادده‌ی بیست:

یه‌كه‌م: ده‌كرێ تانه‌ له‌ بڕیاره‌كانی لیژنه‌ی بەرزه‌فتی بدرێ له‌لای دادگای پێداچوونه‌وه‌ی هه‌رێمدا له‌نێوان ماوه‌ی پانزه‌ ڕۆژ له‌ مێژووی ئاگاداركردنه‌وه‌ به‌ بڕیاره‌كه‌، وه‌ بڕیاری دادگاش بن بڕه‌.

دووه‌م: سزا ته‌میزكراوه‌كان به‌سه‌ر سه‌رپێچكاردا جێبه‌جێ ناكرێ تا پله‌ی بنبڕی وه‌رنه‌گرێ.

مادده‌ی بیست و یه‌ك:

پێویسته‌ ئه‌ندم له‌م كارانه‌ی خواره‌وه‌ دووركه‌وێته‌وه‌:

یه‌كه‌م: پشت گوێ خستن یاخود كۆسپ خستنه‌ به‌ر پیاده‌كردنی یاساو پێڕه‌وه‌كانی په‌یوه‌ندیدار به‌ سه‌ندیكاكان و ئه‌و بڕیارانه‌ی كه‌ ده‌ریان ده‌هێنێ.

دووه‌م: ده‌ست دانه‌ پیشه‌ به‌بێ نوێ كردنه‌وه‌ی به‌شداری ساڵانه‌.

سێیه‌م: چاودێری نه‌كردنی ڕه‌وشتی پیشه‌یی (المهنی) زه‌ره‌ردان له‌ ناوبانگ و كه‌رامه‌تی پیشه‌كه‌.

چواره‌م: هه‌ڵگرتنی سیفه‌تی به‌درۆی له‌قه‌بی پیشه‌یی یان سیفه‌تی پیشه‌یی یان ناڕاست، به‌پێی یاساو پێڕه‌وه‌ به‌رقه‌راره‌كان.

مادده‌ی بیست و دوو:

ئیش و كاری لق له‌ پارێزگادا له‌لایه‌ن لیژنه‌یه‌ك به‌ڕێوه‌ده‌چێ كه‌ پێكهاتووه‌ له‌ پێنج ئه‌ندام و دوو ئه‌ندامی یه‌ده‌گ، ئه‌ندامانی لق به‌ هه‌ڵبژاردنی نهێنی هه‌ر سێ ساڵ جارێك هه‌ڵیان ده‌بژێرن، به‌ مه‌رجێك له‌وانه‌ بن كه‌ پیشه‌كه‌یان كردبێ و ماوه‌كه‌ی له‌ سێ ساڵ كه‌متر نه‌بێ، لیژنه‌ له‌نێوان ئه‌ندامه‌كانیدا سه‌رۆكێك بۆ لیژنه‌ هه‌ڵده‌بژێرێ.

## به‌شی چواره‌م
## (دارایی سه‌ندیكا)

مادده‌ی بیست و سێ:

دارایی سه‌ندیكا پێك دێ له‌:

١ـ ڕه‌سمی چوونه‌ ناو سه‌ندیكاو به‌شداری ساڵانه‌.

٢ـ ئه‌و پێ به‌خشینانه‌ی كه‌ له‌لایه‌نه‌ ڕه‌سمی و نیمچه‌ ڕه‌سمییه‌كان پێشكه‌ش ده‌كرێ.

٣ـ پێدان و له‌قه‌به‌ركردنانه‌ی له‌لایه‌ن ئه‌ندامان و غه‌یری ئه‌وان پێشكه‌ش ده‌كرێن دوای ڕه‌زامه‌ندی لایه‌نه‌ تایبه‌تمه‌نده‌كان.

٤ـ قازانجی ئاهه‌نگه‌كان كه‌ بۆ سوودی سه‌ندیكا كراون.

٥ـ قازانجی چاپه‌مه‌نییه‌كانی سه‌ندیكا.

٦ـ قازانجی ئه‌و پرۆژانه‌ی په‌یوه‌ندییان به‌و مه‌سحانه‌ی كه‌ سه‌ندیكا پێی هه‌ڵده‌ستێت.

٧- ئەو کرێیانەی کە سەندیکا بڕیاری لەسەر دەدا لە کاتێکدا کە بە کاری ناوبژی هەڵدەستێ.
٨- ڕەسمەکانی پشتگیری توانای دارایی ئەندام لە کەفالە و گرێ بەند لە نێوان ئەندامان و کەسی پەیوەندیدار بە ڕێژەی (١٪) لە بڕە پارەی کەفالەو گرێ بەند.

مادەی بیست و چوار:

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.

مادەی بیست و پێنج:

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

مادەی بیست و شەش:

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان

لە ئاکامی سەرکەوتنەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی بە ڕابەرایەتی «بارزانیی نەمر» گەیشتنی گەلی کورد بوو بە مافەکانی بە هەموو توێژەکانییەوە، وە لەبەر گرنگی کەرتی پیشەسازی و ئەندازیاری لە هەرێم دا و بۆ ئەوەی پەلی ئەم دوو کەرتە بگرین تا ڕوو بەڕووی گرفتەکانی پەرەپێدانی پیشەسازی ببنەوەو کادیری ئەندازەیی لێهاتوو بێتە کایەوەو، بۆ ئەوەی چالاکی ئاوەدانکاری پەرە پێ بدەن و هەر لە ڕوانگەی واقیعی دیموکراسی و هەمەلایەنی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندنی، کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ئیقراری کردووەو خەباتی لەپێناودا کردووە، ئەم یاسایە دەرهێندرا.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٩

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٤

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

**یەکەم:** ترازاندنی ئەزموونگەی ناوەندی دامەزراوەکان لە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن بە هەموو میلاک و کەل وپەل و ئامێرو ترومبێلەکانییەوەو بەستنەوەی بەپێکهاتەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

**دووەم:** پاشکۆکردنی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و داراییەوە لە هەردوو لایەنی بەڕێوەبردن و داراییەوە، هەروەها پاشکۆکردنی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدوادا چوون لەلانی هونەرکارییەوە لە سەرۆکایەتی ناوبراودا.

**سێیەم:** لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٠

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٤

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١/٢ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩

یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

١- هەرێم: کوردستانی عێراق.
٢- وەزیر: وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەت.
٣- سەندیکا: سەندیکای دەرمانسازان.
٤- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.
٥- نەقیب: نەقیبی دەرمانسازان.
٦- دەرمانساز: هەر ئەندامێک لە سەندیکادا کە بڕوانامەی لە کۆلیژی دەرمانسازی بەدەست هێنا بێ و لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ، یان لە زانکۆیەک کە لەلایەن ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵاوە لە کوردستانی عێراق دانی پیانرابێ.
٧- دەست دانە پیشە: دەست دانە پیشەی دەرمانسازی بەپێی حوکمەکانی یاسای دەست دانە پیشە.

بەشی یەکەم:

(دامەزراندن و ئامانجەکان)

(دامەزراندن)

ماددەی دووەم:

١- بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک دادەمەزرێندرێ بەناوی سەندیکای دەرمانسازی لە هەرێمداو کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و بەڕێوەبردنی دەبێ، بارەگاکەشی لە پایتەختی هەرێم دەبێ و بۆی هەیە لق لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢ـ سەندیکا لەسەر داواکارییەک پێک دەهێنرێ، کە ئەوانەی پێشکەشی دەکەن بەلایەنی پسپۆڕ، لە (١٥) کەس کەمتر نەبن و، لە حەوت سالیش کەمتر نەبێ دەستیان دابێتە ئەم پیشەیەو، بە دەستەی ئامادەکار دادەنرێن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی سەندیکا تاکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ.

مادەدەی سێیەم:

ئامانجی سەندیکا هێنانەدی ئەمانەی خوارەوەیە:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندن و پەرەپێدانی.

٢ـ هەوڵ دان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی زانستی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئەندامان.

٣ـ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئەندامان لەگەڵ یەکتریداو لەگەڵ لایەنە حکومەتی و ئەهلیەکان لە هەرێمداو داکۆکی کردنی لە مافەکانیان.

٤ـ هاریکاری کردن لەگەڵ دەستەو دامەزراو و کۆمەڵەو سەندیکاکانی تر لەناو هەرێمدا کە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکا یەک دەگرنەوە.

٥ـ زامن کردنی دوا ڕۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیری و پەک کەوتەیی دا.

٦ـ ڕێکخستنی بنەمای دەست دانە پیشەو چاودێری پیادەکردنی.

چوونە ناو سەندیکاو ئەندامێتی

مادەدەی چوارەم:

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنە دی:

یەکەم: هاووڵاتیی هەرێم بێ و تیایدا نیشتەجێ بێ.

دووەم: بە تاوانێکی نا سیاسی یا کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت.

سێیەم: بڕوانامەی لە دەرمانسای یا هاوتای دەرمانسازی بەدەست هێنا بێ کە لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ.

مادەدەی پێنجەم:

یەکەم: چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامە پێویستەکانی پێوە دەلکێنرێت.

دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا دەخرێتە بەر دەمی ئەنجوومەن لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنیەوە لە سەندیکادا و ئەنجوومەن لەسەرییەتی لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە ئەگەر ئەو ماوەیەش تێپەڕی و نەبڕاندرایەوە بە قبوڵ کراو حسێب دەکرێ.

سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار ڕەفز بکات، وە خاوەن داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادگای

پێـــداچوونەوەی هـەرێـمــــدا لـە مــــاوەی (٣٠) ڕۆژ لـە مــــێـــژووی ئاگاداربوونیـەوە تانەی لێ بدا، بڕیاری دادگاش بنبڕە.

مـاددەی شـەشـەم:

یەکـەم: ڕەســمی چوونە ناو ســەندیکا (٢٠٠) دوو ســەد دینارەو ڕەســمی بەشـداربوونی سـاڵانە (١٠٠) سـەد دینارە.

دووەم: ڕەسـمی مۆڵەت دانی دەرمانخانە (بەرپرسـیـاریەتی + ئیمـتـیـاز) (٢٥٠) دوو سـەد و پەنجا دینارە نیوی دەوام سـاڵانە.

سێیەم: ڕەسمی مۆڵەت دانی کردنەوەی دەرمانخانە (بەرپرسیاریەتی + ئیمـتیـاز) بۆ خـانەنشـیـان (٥٠٠) پێنج سـەد دینار دوامی تەواو سـاڵانە.

چوارەم: ڕەسمی مۆڵەت دانی کۆگای دەرمانی ئەهلی (بەرپرسیاریەتی + ئیمتیاز) (١٠٠٠) هـەزار دینار.

مـاددەی حـەوتەم:

یەکەم: غـەیری ئەندامانی سـەندیکا ئەوانەی هـەموو پابەندییـەکی خۆیان بە گوێرەی ئەم یاسـایە جێبـەجێ کـردووە نابێ دەسـت دەنە پیشـەی دەرمانسازی.

دووەم: لـەسـەر فـەرمانگە ڕەسـمییەکان و نیمـچە ڕەسمییـەکان پێویسـتە وێنەیەک لـە فـەرمانی دامـەزراندنی دەرمانسـاز بۆ سـەندیکا بنێرن.

مـاددەی هـەشـتـەم:

١ـ نابێ دەرمــانســاز لەهەرێـمــدا لـەیەک مـۆڵەتی دەرمــانخــانەی زیاتر هـەبێت.

٢ـ پێویسـتـە هـەر دەرمانخانەیەک بەڕێوەبەرێکی هـەبێت.

٣ـ خـــاوەن مـــۆڵـەت بـەڕێوەبەری دەرمـــانخـــانەکـــەی دەبێ و نابێ دەرمانخانەیەکی تر بەڕێوە ببا.

٤ـ نابێ دەرمانسـازی مۆڵەت پێ دراو مۆڵەتی دەرمانخانەیەکی تری هـەبێ.

٥ـ دەرمــانســازی دامـەزراو لـەسـەر مـیلاکی زانکۆ دوای تێپـەڕبوونی سێ ساڵ بەسـەر خزمـەت کردنی لە زانکۆدا دەکرێ دەرمانخانە بکاتەوە، وە مـافی هـەیە لـەو مـاوەیەدا کـار لـە عـیـادە مـیللیـەکـان یان لـە قـەزاو ناحیەکان بکا.

مـاددەی نۆیـەم:

ئەندامـانی سـەندیکا بۆیان هـەیە دەرمـانخـانەی ئەهلی یان کۆگای دەرمـان دوای دەوامی ڕەسـمی بکەنەوە ئەگـەر پلە بـە پلەی (تدرج)ی پزیشـکیـان تەواو کـردبێت، وە پشـتگیـری کـرابێت لەلایەن وەزارەتی تەندروسـتی و کاروباری کۆمەڵایەتی یان ئەو فەرمانگە تەندروستییەی کە دەرمانسـاز لـە پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا کاری تیادا دەکات.

ماددەی دەیەم:

دەرمانساز بۆی نییە پیشەکەی خۆی لەگەڵ پیشەی نوژداری و نوژداری ددان و نوژداری ئاژەڵی بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، ئەوەی دەرمانساز پێی هەڵدەستێت لە فریاکەوتنی سەرەتایی لە کاتی ڕووداوی لە ناکاو و بە پەلە، بە کارێکی نا شەرعی پیشەی نوژداری ناژمێردرێت.

ماددەی یانزدەیەم:

مەرجەکانی کردنەوەی دەرمانخانە:

مۆڵەت دانی کردنەوەی دەرمانخانە دەدرێتە ئەوانەی ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدایە:

١ـ ناونیشانی دەرمانخانە.

٢ـ ناوی بازرگانی پشتگیری کراو لە ژووری بازرگانییەوە.

بەشی سێیەم

(پێکهاتەکان)

ماددەی دوانزدەم:

سەندیکا پێک دێ لە:

یەکەم: دەستەی گشتی.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا.

سێیەم: لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).

چوارەم: لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان.

ماددەی سێزدەیەم:

دەستەی گشتی لە تێکڕای ئەندامانی سەندیکا پێک دێ، ئەوانەی هەموو پابەندێکی خۆیان بە گوێرەی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووەو بەبالاترین دەسەڵاتی سەندیکا دەژمێردرێ، هەر بە سێ ساڵ جارێک بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی نەقیب لە ناوەندی سەندیکا کۆدەبێتەوە، ب هەڵبژاردنی نەقیب و شەش ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ وئەندامانی لیژنەی بەرزەفتی ئەوانەی زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە، وە نیساب بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی گشتی تەواو دەبێ وە لە کاتی تەواونەبوونی نیساب دوای پانزە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێندا هەڵبژاردن دەکرێ، وە بە ئامادەبوونی سێ یەکی ئەندامان نیساب بەتەواو دادەنرێ.وە بەپێچەوانەوەش ئەنجوومەنی پێشوو بۆ خولێکی تریش بە بەردەوام لە کارەکی خۆی دادەنرێ.

ماددەی چواردەیەم:

هەر سێ ساڵ جارێک دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەک دەکا بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

یەکەم: گفتوگۆو ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.
دووەم: چاوپیاخشاندن بەو پێشنیارانەی کە لە بارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش کراون.
سێیەم: ئیقرار کردنی پێڕەوی ناوخۆ و هەموارکردنی.

مادەی پانزدەیەم:

یەکەم: دەکرێ دەستەی گشتی بانگ بکرێ بۆ کۆبوونەوە نائاساییەکان لەم بوارانەی خوارەوەدا:
١ـ بە بڕیارێکی هۆدار لە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنەوە.
٢ـ بە داواکارییەکی نووسراوی هۆدار سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەکەن، دەبێ ئەویش بانگهێشت دەربهێنێ و کاتی کۆبوونەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواکارییەکەوە دیاری بکا.
دووەم: نابێ لە کۆبوونەوە نائاساییەکاندا باسی هیچ شتێک بکرێ تەنیا ئەو کارانە نەبن کە لە بەرنامەی کاردا داندراون.

مادەی شانزدەیەم:

یەکەم: ئەندام نابێ بەشداری کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بکا ئەگەر لەڕووی بەرزەفتییەوە دەستدانە پیشەی لێ قەدەغەکرابێ.
دووەم: بڕیارەکان لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچن و لە کاتی یەکسانیشدا بەو لایە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

مادەی حەفدەیەم:

ئەنجوومەنی سەندیکا پێک دێ لە:
یەکەم: نەقیب، دەبێ مومارەسەی لە پیشەکەی دا هەبێت کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.
دووەم: شەش ئەندام، بە بریکاری نەقیبەوەش ئەوانەی کە لە مومارەسەکردنی پیشەکەدا لە حەوت ساڵ کەمتریان بەسەر نەبردووە.
سێیەم: ئەنجوومەن لە نێوان ئەندامەکانیدا بەنهێنی بریکاری نەقیب و سکرتێر و خەزنەدارێک لە یەکەم کۆبوونەوەیدا هەڵدەبژێرێ.
چوارەم: ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە هەر مانگێ جارێک کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی دەبەستێ، بۆیشی هەیە دانیشتنی نائاسایی بە بانگهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێ یەکی ئەندامانی ببەستێت.

مادەی هەژدەیەم:

یەکەم: نیساب بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان پێک دێ، بڕیارەکان بە

زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ، لە کاتی یەکسان بوونی دا بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.
دووەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە بێ شوێنی نەقیب چۆل بوو بریکارەکەی شوێنی دەگرێتەوە، لە کاتی چۆل بوونی پلەی بریکار سکرتێر شوێنی دەگرێتەوە.
سێیەم: بە دەنگدانی نهێنی یەکێ لە ئەندامە ئەسلییەکان شوێنی نەقیب دەگرێتەوە لەکاتی چۆل بوونی پلەو پایەکانی نەقیب و بریکارەکەی و سکرتێردا.
چوارەم: بە مەبەستی هەلبژاردنی نەقیب ئەنجوومەن دەبێ بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی بانگهێشتی دەستەی گشتی بکا لە ماوەیەک کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکا، بە مەرجێک ئەو ماوەیەی کە ماوە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت.

مادەدەی نۆزدەیەم:

ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لەکارکێشراوە دەژمێردرێ ئەگەر لەماوەی (سالێکدا) بەبێ عوزری ڕەوا لە سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک یاخود لە پێنج دانیشتنی پەراگەندەدا ئامادە نەبوو.

مادەدەی بیست:

أ ـ ئەنجوومەن مومارەسەی ئەم تایبەتمەندییانە دەکا:
١ـ کارکردنی لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا.
٢ـ پێشکەش کردنی پێشنیار لە بارەی هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی سەندیکا.
٣ـ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.
٤ـ دامەزراندنی کارمەندان لە سەندیکاو دیاری کردنی کرێیەکانیان و بەرزکردنەوەیان (ترقیتهم).
٥ـ چاوپیاخشاندن بە داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکا.
٦ـ دەستنیشان کردنی نوێنەری سەندیکا لە لیژنە ڕەسمییەکان و نا ڕەسمییەکاندا لە کاتێکدا کە نەقیب نوێنەرایەتی ناکا.
٧ـ هەوالەکردنی ئەو کێشە و شکاتانەی کە بۆی دێن، بۆ لیژنەی بەرزەفتی.
٨ـ پێک هێنانی لیژنەی لاوەکی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.
٩ـ ئامادەکردنی بودجەو دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردکاری حسابکاری دوماهی.
١٠ـ بڕیاردانی خۆ بە خودان کردنی مال وعەقارو قبول کردنی لەقەبەرکردن و پێ بەخشین و مەرجەکانی قەرزکردن و پێشکەش کردنی دەستگرۆیی دارایی لە نێوان ئامانجەکانی سەندیکادا.
١١ـ خۆئامادەکردن بۆ هەلبژاردن.

١٢ـ تەماشاكردنی دەست لەكاركێشانەوەی نەقیب یا بریكارەكەی یان هەر ئەندامێكی ئەنجوومەن یان لیژنەكانی سەندیكا بە مەرجێك لەیەكەم كۆبوونەوەدا بخرێتە بەردەم دەستەی گشتییەوە.
١٣ـ مۆڵەت بەخشین بە دەست دانە پیشە.
١٤ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەی سەندیكا بە گوێرەی یاسای كۆمەڵەكان.
ب ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بدا بە نەقیب یان سەرۆكی لقەكان.

مادەی بیست و یەكەم:

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
یەكەم: سەرۆكایەتی كردنی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی ئەنجوومەن.
دووەم: نوێنەرایەتی كردنی سەندیكا لەلای دەزگاكانی دادوەری و كارگێڕی و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و ئەهلیەكان و كۆنگرەكان، وە ڕاستاندنی معامەلەو ئەو بەڵگەنامانەی كە تایبەتن بە سەندیكاوە، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بدا بە هەر یەكێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن كە بیەوێ.

مادەی بیست و دووەم:

یەكەم: لیژنەی بەرزەفتی لە سەرۆك و دوو ئەندام و ئەندامێكی یەدەگ پێك دێ.
دووەم: لیژنە تایبەتمەندە بە تەماشاكردنی هەموو ئەو سەرپێچیانەی كە لەم یاسایەدا دەقی گرتووە، وە تۆژینەوە لەو كێشەو شكاتانە دەكا كە ئەنجوومەن بۆی هەواڵە دەكا، وە دەسەڵاتی ئاراستەكردنی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:
أ ـ وریا كردنەوە (إلفات نظر).
ب ـ ئینزار.
جـ ـ داخستنی دەرمانخانە یان كۆگای دەرمان بۆ ماوەیەك كە لە سێ ڕۆژ كەمتر نەبێ و لە هەفتەیەكیش زیاتر نەبێ، لەكاتی دووبارەبوونەوەش دا دەرمانخانە یان كۆگا بۆ ماوەی (١٥)ڕۆژ دادەخرێ وە پشكە دەرمانەكەشی بۆ ماوەی مانگێك پێ نادرێت.
د ـ لیژنەی بەرزەفتی ئەو بنەمایانە پێڕەو دەكا كە لە یاسای بەرزەفتی كارمەندانی دەوڵەتدا هاتووە.

مادەی بیست وسێیەم:

بڕیارەكانی لیژنەی بەرزەفتی لەلای دادگای تەمیزی هەرێمدا لە نێوان ماوەی پانزدە ڕۆژ لەمێژووی ئاگاداركردنەوە بە بڕیارەكە تانە هەڵدەگرن، بڕیارەكەشی بن برە.

مادەی بیست و چوارەم:

دەبێ ئەندام لەم کارانەی خوارەوە دوور بکرێتەوە:

یەکەم: پشت گوێ خستن و کۆسپ هێنانە بەر پیادەکردنی ئەو یاساو پێڕەوانەی پەیوەندیدارن بە سەندیکاو، وە ئەو ڕێنماییانەی کە دەریان دەهێنێ.

دووەم: دەست دانە پیشە بەبێ نوێ کردنەوەی بەشداری ساڵانەو مۆڵەت.

سێیەم: چاودێری نەکردنی ڕەوشتی پیشەیی و ناوبانگ زڕاندنی پیشەکەو کەرامەتی ئەو پیشەیە بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەقیان گرتووە.

چوارەم: هەڵگرتنی سیفەتی بەدرۆی لەقەبی پیشەیی یان سیفەتی پیشەیی یان ناڕاست، بەپێی یاساو پێڕەوە بەرقەرارەکان.

پێنجەم: سنووربەزاندنی دەست دانە پیشە بە گوێرەی ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێنماییەکان دەقی گرتووە کە سەندیکا دەریان دەچوێنێ.

مادەی بیست و پێنجەم:

١ـ کارەکانی لق لەلایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوە دەچێ کە پێک هاتووە لە سێ ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ، بۆ ماوەیەک مومارەسەی پیشەکەیان کردبێت کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ وە بە دەنگدانی نهێنیش لەلایەن ئەندامانی لقەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢ـ لیژنە لە نێوان ئەندامەکانی دا سەرۆکێک بۆ لق هەڵدەبژێرێ.

بەشی چوارەم

دارایی سەندیکا

مادەی بیست و شەشەم:

دارایی سەندیکا لەمانە پێک دێت:

یەکەم- ڕەسمی چوونە ناو سەندیکاو بەشداری ساڵانە.

دووەم- ڕەسمەکانی مۆڵەت پێدانی کردنەوەی دەرمانخانەو کۆگاکانی دەرمانی ئەهلی.

سێیەم- ئەو پێبەخشینانەی کە لەلایەنە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمیەکان پێشکەش دەکرێن لەگەڵ و ئەو تەبەروع و پێدانانەی کە بە ڕەزامەندی لایەنە ڕەسمییەکان لەلایەنەکانی ترەوە پێشکەش دەکرێن.

چوارەم- قازانجی ئاهەنگەکان و یانەکان.

مادەی بیست و حەوتەم:

میراتگرانی دەرمانساز خاوەنی مۆڵەتی دەرمانخانەکە بۆیان هەیە

لەمیژووی مردنی دەرمانسازەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ سوود لە مۆڵەتەکە وەربگرن دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێک بۆ دەرمانخانەکە.

ماددەی بیست و هەشتەم:

دەرمانساز بۆی هەیە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەندیکا، شیکردنەوەی دەرمانسازی و کیمیاوی و (نەخۆشی ـ کیمیاوی) لە١باتی دەرمانسازی بکا، دوای تەواوکردنی خولێکی تاقیگەیی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە مۆڵەتی پێ درا بێت.

ماددەی بیست و نۆیەم:

دەرمانسازی مەشق کردوو بۆی هەیە لە دوای دەوامی ڕەسمی لە دەرمانخانە ئەهلیەکان ئیش بکا، وە بەرپرسێتی وەربگرێ تەنها پێش ئەوەی بە (تدرج) بوونی پزیشکی بگا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەندیکا و ئەو فەرمانگەیەی کە لەوێدا کار دەکا.

ماددەی سی:

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێ.

ماددەی سی و یەک:

دەبێ وەزارەتە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی سی دوو:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

لە ئامانجەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی کە ڕابەری نەمر «مستەفا بارزانی» سەرکردایەتی کرد، گەیشتنی گەلی کورد بوو بە هەموو مافەکانی بە تێکڕای توێژەکانییەوە، لەبەر گرنگی ڕۆڵی سەندیکاکان و بەتایبەتی سەندیکای دەرمانسازان و ڕۆڵیان لە پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ هاووڵاتیان و پێویستی گەیاندنیان بە ئاستی پیشەیی لە هەرێمدا وە گەیشتنیان بە پێشکەوتنی شارستانی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالیدا کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەر داوە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیستەمە دیموکراسی و هەمەلایەنەکەمان لە پێناو چەسپاندن و پەرەپێدانی کیانی کوردستانیمان لەسەر ئەو بناغانەی کە ناومان بردن، پێویستی کرد کە ئەم یاسایە دەربهێندرێ.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٣/١١/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٣

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٨)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٣دا بەم شێوەیە بێت:*

*١ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەکان.*

*٢ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سێیەم هەمواركردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦) لە سالی ١٩٩٣.*

*٣ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای کیمیاگەرانی کوردستان.*

*٤ـ پرۆژەی یاسای خانەنشین بوونی وەزیر لە هەرێمی کوردستانی عێراق.*

*٥ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.*

*٦ـ هەلوێست نواندن و گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی گەل و ولاتی چیچان.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین،دانیشتنی ژمارە(٨) ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ بەرنامەی کارمان شەش خالە:

١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەکان.

٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سێیەم هەمواركردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(٦)لە سالی ١٩٩٣.

٣- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای کیمیاگەرانی کوردستان.
٤- پرۆژەی یاسای خانەنشین بوونی وەزیر لە هەرێمی کوردستاندا.
٥- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.
٦- هەڵوێست نواندن و گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی گەل و وولاتی چیچان. بە خاڵی یەکەمەوەدەست پێ دەکەین ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستیەکان با لیژنەی یاسا بفەرموون . هەر بۆ تاکید بابەتی صیاغە شتی کەم لە صیاغە تەرتیب دەبێت بە گفتوگۆ خۆتان ماندوو نەکەن ، ئاگاشتان لە کات بێت چونکە بەرنامەکەمان زۆرە، فەرموون

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ئێستا ئەوە رای لیژنەی یاساییە لەسەر یاسایەکە
الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم
م/ قانون نقابة ذوي المهن الصحية
نرفق اليكم طياً مشروع قانون نقابة ذوي المهن الصحية لأقليم كوردستان العراق بعد مناقشته من قبل اللجنة القانونية راجين التفضل بالأطلاع و عرضه على المجلس للمناقشة.
مع فائق التقدير
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:ئەوەلیژنەی یاسا رای خۆی دەربروەوە بابفەرمووێ
بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
«قرار»
استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ماعرضه مجلس الوزراء، شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / القانون الآتي:
قانون نقابة ذوي المهن الصحية لإقليم كوردستان العراق
الفصل الأول
(التأسيس والأهداف)
المادة الأولى:
يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزائها:

١ـ الإقليم: كوردستان العراق.
٢ـ النقيب: نقيب ذوي المهن الصحية.
٣ـ النقابة: نقابة ذوي المهن الصحية.
٤ـ المجلس: مجلس النقابة.
بەس لە خاڵی یەکەم اقلیم زیاد دەکەین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده یەک چ تێبینیەک هەیە لەسەر مادده یەک. کاک شەفیق و کاک د.رزگار فەرموو کاک شەفیق

**بەڕێز شەفیق محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادده یەک هاتووە. ناوی الوزراره و وزاره الصحه والشؤون الاجتماعیه ئەوە نەهاتووە لەمەشروعی ئەوان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەمەشروع هاتووە بناءً على ماعرضة وزارة ووافق عليه مجلس الوزراء سوپاس
کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمەشروعەکەدا الهیئه العامه هاتووە لێرە نییە نازانم نەماوە یان فعلاحذفیان کردوە چونکە هەموو مەشارعی دی هەیە الهیئه العامه هەیە و لەمەشروعی أصلیش هەیە زۆر مەمنوون

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەیە الهیئه العامه ئەوە لە چاپ لاچووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێنجەمینە.

**محەمەد حەسەن باڵتە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ پێنجەمینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

النقابه النقیب المجلس ئەمە ئەبێ پێش نقیب بێت وانییە.

**محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم الاقلیم دوو الهیئە العامە سێ النقیب چوار النقابە خۆی چوار ئەبێ ببێ بەنەقابەخۆی چوار ئەبێ ببێ بە النقابە پێنج النقیب.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

الهیئە العامە مابەینی النقابە و المجلس یەعنی دەبێتە چوارەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە خۆی کاکە محەمەد خۆی بەتەسەلسلەکەی تۆزێ هیئە جارێ نقابە لەهیئە گەورەترە هیئە دوای نقابە دێت مەجلس دوای هیئە نقیب ئاخر شتە بێت وەکو ئەڵێن جەمالیەتی صیاغە زۆر گرنگە یەعنی ئەو مەسائیلانە خەڵک لەسەرمان حیساب دەکات ها؟بۆیە پیشنیارەکە بەو شێوەیە بێت یەکەم الاقلیم:أقلیم کوردستان العراق.

دووەم النقابە نقابە ذوی المهن الصحیە

سێ :الهیئە العامە ببورن النقابە اولا النقالە نقابە ذوی مهنی الصحیە الهیئە العامە پاشان المجلس پاشان النقیب

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بادووەم وەزیر بێت کەبە تعابیریش لەوەکانی کە واهاتووە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر نەهاتووە وەزیر هاتووە؟ لەکوێ هاتووە چی ئەڵێ چی

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

بەڵێ بەڵێ هاتووە ئەڵێ یقصد بتعابیر التالیە المعانی المبینە إزائها لاغراض هذا القانون

الإقلیم : أقلیم کوردستان العراق

الوزیر: وزیر الصحە والشؤون الإجتماعیە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەمەتن هیچ ناوی وەزیر نییە ئێ کە لەمەتن نەبێت داینانێن کاکە شەفیق خۆی تەعریف چییە تەعریفی ئەو اصطلاحە مکررە ئەکات کە لەمەتنا هاتبێت ئەگەر بەهیچ شێوەیەک نەهاتبێت یان ئەگەر جارێکیش هاتبێ لەراستی دا پێویست بەتەعریف ناکات بەڵام ئەگەر جارێک ودوو سێ چوار هاتووە ئەڵێین لەناحیەی لیاقەوصیاغەو جەمالییەت لەراستی دا مرۆڤ پێناسەی دەکات بۆ ئەوەی جارێک دووبارە نەبێتەوە یەعنی ئامانج لەوەیە بەڵام ئەوەی تر بناء علی ماعرضة الوزارة

الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق المجلس ئەوە قەیناکات ئەوە زیاد دەکرێت ئەیخەینە دەنگ دانەوە وەکو پێشنیارەی کە کرا کێ لەگەڵ مادده یەکەمە سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية:

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بأسم نقابة ذوي المهن الصحية في الإقليم ويكون مقرها مدينة أربيل وتتمتع بالشخصية المعنوية المستقلة ولها أن تفتح فروعاً في مراكز محافظات الإقليم

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئەو مەدینەت ئەربیل عادەتەن ئێمە ئەنووسین العاصمە اربیل یان اربیل العاصمە شتێکی وایە چونکە هەقیقەت اربیل شارێکی متەمەیزە چونکە پایتەختی هەرێمی کوردستانە باشە ئێمە پایتەختەکەی پێوە تثبیت کەین ئەگەر ئەو پێشنیارە قەبوڵ بکرێت کاک محەمەد.

**بەڕێزمحەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

ویکون مقرها اربیل بین قوصین (عاصمەاقلیم ).

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

مایحتاج قرر مقرها عاصمە اربیل الفالامێکی تعریف پێویست ناکات عاصمە اربیل معەرەف بێت وهەموو عالەم بزانن یامقرها اربیل عاصمەاقلیم پێویست ناکات نەبەقەوسێن و نەبەهیچ ئەو پێشنیارە ئەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵ□ئەو زیادەیەیە ..سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا وەکو مادده ئەگەر چ□تێبینیەک هەبێ لەسەری کاک سەعید دەستی بەرز کردەوە باشە سوپاس کاک سەعید کاک ئەوە من لەجیاتی تۆ□پێشنیارم کرد چونکە لەهینەکانی تریش هاتووە بۆیە من حەزناکام زۆر لەسەری بڕۆم کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

تؤسس بموجب هذا القانون نقابە ذوی المهنی الصحیە تتمتع بالشخصیە المعنویە المستقلە ئەو المستقلەیە پێویست دەکات

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاکە ئەمین برایانی یاسا

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

المستقلە هەبێت نەبێت شەخصیە معنویە تەعریفی واضحە شخصیە المعنویە، تەنها کاک جەمیل

تێبینیەکی لە سەر ئامادەکردی بوودجەو حسابی کۆتایی هەبوو، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خامسا (النظر فی طلبات الانتماء)نەک الانتخاب، تاسعا (اعداد المیزانیه السنویه و تعین محاسب قانونی لاجراء و تدقیق الحساب الختامی)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل ئامانجەکەی پێکا؟

**بەریز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە گوتی تەواوە دووپاتی ئەوەدەکاتەوە کە پێری من وتم (تعین مدقق) حسابیە، مدقق یاسایی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ لێیان وەرگرتی و جێگیریان کرد، ئەوە لە دوو یاسا بوو گرفت نیە چاکی دەکەنەوە((اعداد المیزانیه السنویه و تعین محاسب قانونی لاجراء و تدقیق الحساب الختامی)، کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی (٧)(احالة القضایة و الشکاوي الی اللجان المختصة)ئەوە نابێت دەبێت لە جیاتی لێژنە تایبەتمەندەکان لێژنەی بەرزەفتی بێت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لجان المختصه) بکرێتە (الجنة الانضباطیة) ئەوە پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیمە دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس

ماددەی (١٣) دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة عشرة:

یتولی النقیب الصلاحیات التالیة:

أولاً: تمثیل النقابة في المعاملات کافة لدی الجهات القضائیة والإداریة والمؤتمرات والمصادقة علی المعاملات و الوثائق الخاصة بها وله تخویل بعض هذه الصاحیات الی من یرتأیه من أعضاء المجلس.

ثانیاً: رئاسة إجتماعات الهیئة العامة للمجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له برگەی یەکەم(تمثیل النقابەفی المعاملات )کافە زیادە (تمثیل النقابە لدیٰ الجهات القضائیە والاداریە...)سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(رئاسةاجتماعات الهیئة العامة للمجلس)، واتا دەستەی گشتی و ئەنجومەن ، المجلس ئەدی ئەو (الهیئە العام)ە چیە؟ ئەوە زیاد نیە ؟ یان مجلس مەجلسە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رئاسە المجلس جیایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رئاسە اجتماعات المجلس، بەرای من باش ترە ، واتا ئەو سەرۆکایەتی دەستەی گشتی ناکات ، کاک برهان

**بەڕێز برهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له پرۆژەکانی تر هاتووە (اجتماعات الهیئة العام و المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

والمجلس منیش وام گوت، واو بنوسن للمجلس بگۆرن ، (فی المعاملات کافە) ئەوە هەڵەیەکی ئیملائیە ، ئەگەر هیچ تێبینی تر نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة عشرة:

اولاً: اذا شغر مرکز النقیب لأي سبب کان یحل محله نائبه للمدة المتبقیة واذا کان مرکز النائب شاغراً فیحل محل السکرتیر محل النقیب.ئەو محله دووجار دووبارە بۆتەوە

ثانیاً: اذا شغر منصب النقیب ونائبه یحل محله عضو من الاعضاء الاصلیین عن طریق الاقتراع السري وعلى المجلس ان یدعو الهیئة العامة لاجتماع غیر اعتیادي خلال مدة لاتزید عن شهرین لغرض انتخاب النقیب ونائبه للمدة المتبقیة على ان لاتقل عن سنة .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

اذا شغر مرکز النقیب لأي سبب کان یحل محله نائبه للمدة المتبقیة واذا کان مرکز النائب

شاغراً فيحل محله السكرتير

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

ثانياً: اذا شغر منصب النقيب ونائبه يحل محله عضو من الاعضاء الاصليين عن طريق الاقتراع السري وعلى المجلس ان يدعو الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي خلال مدة لاتزيد عن شهرين لغرض انتخاب النقيب ونائبه للمدة المتبقية على ان لاتقل عن سنة .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟کاک د. رزگار و کاک برهان ، کاک ئیبراهیم، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەریز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند یاسای ترمان راستاندوە حەز دەکەم ئەوەش وەکو ئەوانی تر بێت.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانی تر چەند رۆژ بوو؟

**بەریز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم (٣٠)رۆژ بوون

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا مانگێک، کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەرێز ئیبراهیم دۆغرەمەجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اذا شغر منصب النقيب و النائبه و السكرتير)لە برگەی یەکەم گوتومانە (سکرتێر) دەبێتە نەقیب، دەبێت لە برگەی دووەم سکرتێر زیاد بکرێت.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ راستمان کردەوە (اذا شغر المناصب الثلاثة)واتا نەقیب و جێگرەکەی و سکرتێر ئنجا يحل محله احد الاعضاء محل النقيب لحين اجراء الانتخابات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا چی لێ هات؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیستا وای لێ دێت (اذا شغرت المراكز الثلاثة ، يحل محله عضو من اعضا الاصلين عن طريق اقتراح السري... دوێنێ ئەوە پێشنیاری جەنابی سکرتێر بوو (اذا شغرالمراكز الثلاثه)واتا نقيبب و نائب و سكرتێر معا واتا لەیەک ساتدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەش چارە کراوە (اذا شغر منصب النقيب يحل محله عضو من اعضاء

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اذا شغر المراكز الثلاثة يحل محله ، ئەوە بۆ نەقیب دەگەڕێتەوە، واتا جێگای ئەو دەگرێتەوە

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:ئەو ماددەیە روونە ئەگەر ئەو سێ پلەیە شاغر بوو ئەوە لە بەینی خۆیان تدرج دەکەن پاشان دەستەی گشتی دادەنیشێت و یەکێکی تر دەکەن بە جێگر تاکو بارەکە دەگۆڕێت، بەلام ثانيا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم (ثانيا )ە، اولا تەواو بوو (اذا شغر منصب النقيب و نائبه)سکرتێر لێرە نیە ئەگەر سکرتێر هەبێت ئەوە جێگایان دەگرێتەوە ئەگەر (اذا شغر منصب النقيب و نائبه و سكرتير)واتا هەر سێک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کاتیە ئەوە جێگر کاری سەرۆک دەکات ، ئەگەر مەبەستتان بەردەوامیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمە دەبیت جیاوازی لە نێوان (تغيب)و (شغر)بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بینووسن اذا غابه

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە مەبەست شغر یە نەک غابە، لە حاڵەتی غیاب راستە و خۆ جێگای دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیستا دوو حالەتمان هەیە ئەگەر یەکێ لەو سێ پلەیە چۆل بوو لای سبب کان ئۆتۆماتیکیەن گرفتەکە حەل دەبیت ئەگەر یەک دوو حەفتە مۆلەت وەرگرێ جێگر جێگای دەگرێتەوە،بۆ نائب بێت

یەکسەر ئەنجومەن دادەنیشن سەرۆکێک لە نێوان خۆیان دادەنێن ، نازانم بۆ وا تعقیدتان کردوە، کاک برهان.

**بەڕێز بـرهـان جـاف:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

گرفتێک لە دووەم دروست بووە ئەو سێ پلەیە هەر سێک شاغر بووە ٠النقیب و نائب و سکرتێر) دەستەی گشتی کۆ دەبێتەوە لە لیژنەی یاساش پێشنیارم کرد دوو مانگەکە ببی بە یەک مانگ ، مانگێک زۆر پێوستە بۆ ئەوەی نەقیب هەڵببژێردرێ لە ئەنجومەن سکرتێر دادەندریت و دوای ئەوە ماوەکەمان لە شەش مانگ کەمتر نەبێت لێرە نووسراوە ساڵێک.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

کاک محمەد فەرموو.

**بەڕێز مـحـمـەد حـسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

برگەکە هیچ عەیبی تێدا نیە سکرتێر شوێنی چۆڵ بوو واتا ئێمە ئەگەر گوتمان (اذا شغر منصب النقیب و نائبە و السکرتیر)یان بلێین و (واذا شغرت المناصب الثلاثة)هیچ جیاوازی نیە بۆ ئەو دوو مانگە لە کۆتاییدا مەرجی داناوە (علی ان لایقل عن ستة اشهر) مەرج داندراوە ئەگەر زیاتر بێت ئەوە دەستەی گشتی بانگ دەکریت ، هەڵبژاردن دەکرێت ، ئەوە بەمەرجێک لە شەش مانگ کەمتر نەبێت ئیمە سنوردارمان کردوە ، خلو ەکە بۆ شەش مانگە زیاتر بێت ئەوە دەبێت ئەنجومەن بۆ چەند رۆژێک کۆدەبێتەوە هەڵبژاردن دەکەن و، ئەو دوو مانگە بۆ ئەوەیە ئەگەر لەو شەش مانگە کەمتر بێت

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

راستە شەش مانگە، لەیاساکانی تر کردومانە بە چەند؟

**بەڕێز مـحـمـەد حـسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

شەش مانگە.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەیاساکانی تر (٢)مانگە د. رزگار دەڵێ یەک مانگە ،بە هەر حاڵ با وەکو یەک بێت ئەگەر یەک مانگ بێت ئەوە بۆ دارشتنی بەجێ دبێلێن ، پێشنیارێک هەیە کە ساڵەکە ببیت بە شەش مانگ کێ لەگەڵە؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، وکو مادده دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. بەلام ئەگەر لە پرۆژەکانی تر یەک مانگ هاتووە ئەوەش والێ بکەن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الفصل الرابع

(الاحكام الإنضباطية)

المادة السادسة عشرة:

أولاً: -تؤلف لجنة الإنضباط من رئيس وعضوين تنتخبهم الهيئة العامة في إجتماعها الإعتيادي مع أعضاء المجلس).

ثانياً: تنظر لجنة الإنضباط في القضايا التي تحال اليها من مجلس النقابة بشأن المخالفات المتعلقة بالسلوك المهني في غير الحالات التي تكون من اختصاص لجان الإنضباط في وزارة الصحة ولها فرض إحدى العقوبات الآتية:

أ- الإنذار.

ب - التوبيخ.

ج- المنع من ممارسة المهنة لمدة لاتتجاوز (ستة أشهر).

د - المنع من ممارسة المهنة لمدة لاتتجاوز(سنتين) في حالة العود اذا أرتكبت مخالفة مهنية أخرى خلال مدة ثلاث سنوات التالية لتأريخ فرض العقوبة الأولى.

ثالثاً: تتبع لجنة الإنضباط القواعد الواردة في قانون إنضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی (٢) في غير التي تكون من اختصاص اللجان الانضباط)

ثانياً: تنظر لجنة الأنضباط في القضايا التي تحال اليها من مجلس النقابة بشأن المخالفات المتعلقة بالسلوك المهني في غير الحالات التي تكون من اختصاص لجان الأنضباط في وزارة الصحة ولها فرض أحدى العقوبات الأتية:

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

دروستە هیچ عەیبی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (١٦) (تنتخبهم الهيئه العام فى اجتماع اعتيادى )ئەوە زیادە لە ماددەی (٨) هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مع اعضاء المجلس له اولا زیاده لابرێ له وانەیە لە چاپ بە هەڵە هاتبێت، کاک جەوهەر.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەیەک زیاد بکرێت ئەگەر فەرمانبەر بە سزاکە رازی نەبوو هانا بباتە بەر دادگای تەمییز لە ماوەی یەک مانگ بریاری دادگای تەمییز ببێتە بەتات ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاساکانی تر هەمانە با لێرەش زیاد بکرێت، لیژنەی یاسا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە یاساکانی تردا هەیە بەلام لێرەدا پەریوە بابیکەینە برگەی چوارەم هەتا ئەگەر ئەو برگەیە داشنەنێین گرفت نیە بەلام لە بەر یاساکانی ر دای دەنێین (تتبع لجنه الانضباط قواعد الوارده فی قانون انضباط موظفی الدوله) ئەو یاسایە ماف بە فەرمانبەر داوا تەمیزی سزاکەی لە دادگای تەمیز بکات ، بۆیە ئەوە دانێین و دانەنێین هیچ گرفت نیە لەبەر ئەوەی لیژنەی بەرزەفتی بەپێ ی یاسای ئینزباتی خۆی مافی ئەوەی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم زیادە، بە هەر حاڵ مادده (١٦) دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الفصل الخامس

(الاحكام المالية)

المادة السابعة عشرة:

تتكون مالية النقابة من :

أولاً: الرسوم.

ثانياً: منح حكومة الإقليم

ثالثاً: الإكتتاب و ريع الحفلات التي تقيمها النقابة و أرباح المطبوعات .

رابعاً: المنح المقررة من الجهات الرسمية و شبه الرسمية و التبرعات و الهبات المقدمة من الجهات الاخرى بعد موافقة الجهة المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەریز جـــــــەمــــــیل عـــــــەبدی سندی:**

**بـەرێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لە اولا رســوم هاتووە دائمـا رسـوم دەوڵەت وەری دەگـرێت لە یاسـاكـەی دوینێش (ذوی المهن الهندسیـه)لە جیـاتی رسـوم بدلات الانـتمـاء و الاشـتراک السنوی ، هەروەها لە سـەندیكای كیمیاییەكان كە لە بەر دەستی لێژنەی یاسایە تەواویان كردوە لەوێش هەر (بدلات الانتمـاء و الاشتـراک السنوی)هاتووە ، لە هەر یاسـایەک كـە اقـرارمـان كـردوە برگـەی (٤)هاتووە (بدلات الانتماء و الاشتراک السنوی) لە بەر ئەوە پێشنیار دەكەم رسوم شطب بكرێت و وەكو یاساكانی تر بكرێتە (بدلات الانتماء و الاشتراک السنوی) لە جیاتی دابندرێت، سوپاس.

**بـەرێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەگەر تێبینی نیە پێشنیارەكەی كاک جەمیل دەخەینە دەنگ دانەوە كاک جەمیل دەڵێ رسوم نیە رسوم بۆ حكومەتە بەباتی ئەوە بدلات الانتماء و الاشتراک السنوی دابندرێت ، لێژنەی یاسا.

**بەرێز مـــــحـــــمــــــەد حـــســـــەن باڵـەتە:**

**بـەرێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بدلات الانتماء والاشتراک السنوی لە ضمنی رسومە مەرج نیە هی حكومەت بێت ،دەتواندرێ بۆ سەندیكاش دابندرێ و بگوترێ رسوم لەبەر ئەوەی ئەوانیش وصولاتیـان هەیە وەكو حكومـەت ، لەوانەیە یەكێ بێت كفالەت مەلائە بكات، سەندیكا پشگیری دەكات دەتوانین برگـەیەک دابندرێ (بدلات الانتماء والاشتراک)زیاد بكەین.

**بـەرێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بە هەر حاڵ خۆی بدلات الانتمـاء رسوم نیە جا بە ناو بی نووسن داهاتەكەیان بدلات الانتمـاء و الاشتراک السنوییە، خۆی ئەوەی كاک جەمیل راستە ئەصلەكەش وایە ،كاک شەفیق فەرموو

بەرێز شەفیق ئەمین.

بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:دەڵێ دەر نەچووە

**بـەرێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەهەر حاڵ بۆ سەندیكا با بە ناوی بدل الانتماء بنووسرێ ئەگەر كردنەوەی عیادەش بێت ئەوە هەر بە ناوەكـەی خـۆی بینووسن لە دارشتن بە نـاوی خـۆی بی نووسن كـردنەوەی عـیـادە لەكێ هاتووە ؟ئێمە داخلمان نەكردوە ،مانای وایە مافیان نیە وەری بگرن.

**بـەرێـز شـــــــەفــــــــیــق ئـەمـین:**

**بـەرێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەوە دەڵێ رسوم فتح العیادە.

**بـەرێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئایە برین پێچ حەقی هەیە عـیـادە بكاتەوە ؟بۆ چی مـۆڵەتی پێ بدەین ، پێشنیـارەكـە ئەوەیە

(بدلات الانتماء و الاشتراک السنوی )ئەوە بکریتە برگەی یەکەم ، کێ لەگەڵە ؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، وکو مادە (١٧) دەی خەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟ کێ لەگەڵ نیە ؟بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشرة:

للمجلس إقتراح تعديل جدول الرسوم المقررة في هذا القانون على أن تصرف من قبل الهيئة العامة.

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە هیچ سەندیکای تردا نەهاتووە پێشنیار ی لیژنەی یاسا ئەوەیە ئەو ماددەیە نەمێنێت

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن: پێشنیارێک هەیە ئەو ماددەیە نەمێنێت کەس تێبینی هەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا ،سوپاس.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشرة

لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نیە، دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة عشرة

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نیە، دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند. وەکو یاسا دەیخەینەدەنگ دانەوە کێ لەگەڵە ؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنک پەسەند کرا، سوپاس. بۆ اسباب موجەبە تکام وایەشێوازێکی تری بۆ بنوسن ئەوە چوار یاسایە هەمان صیغەمان بۆ دەنووسن ، ئەو خاڵەمان تەواو کرد دێینە سەر خاڵێکی تری بەرنامەی کارمان ئەویش هەموار کردنی (خستنە روو و گفتوگۆ لەسەر سێیەم هەموار کردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ساڵی ١٩٩٣...

دوایی دەیخەینە روو بۆ ئەوەی جەنابی وەزیریش ئامادە بێت، باشتر وایە لە پێشەکی شتێک

دەربارەی ئەو پرۆژەیە بووتریت جەنابی سکرتێر روونکردنەوەیەکی هەیە، دوایی لیژنەی یاساش روونکردنەوەی هەیە بۆئەوەی هەمووتان بکەونە صورەتەکەوە نەوەک هیچ (تشویشێک) بکەوێتە سەر بابەتەکە،کاک فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەسڵی بابەتەکە لە مادده (٥٥)دا هاتووە بەو شێوەیە بوو برگە (١) (تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام موجودة عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية). هەتا ئێرە لە یاسای شارەوانییەکانی عێراقی ساڵی (١٩٦٤) وەرگیراوە، لە (قانون إدارة بلديات لاقليم كوردستان العراق) زیادەیەکی تریان لەسەر کردووە زیادەکەش ئەوەبوو (أو التي يدخل ضمن حدودها عند تغييرها وجميع اراضي وزارة المالية التي تدخل ضمن حدودها والاراضي التي لا تثبت ملكيتها لأحد وعلى دوائر التسجيل العقاري تسجيل هذه الاملاك في سجلاتها بإسم البلدية مباشرةً دون رسوم). پاش ئەوە وەزارەتی شارەوانی داوای کرد ئەو ماددەیە هەموار بکرێت، هەموارکردنەکەش بەم شێوەیە بوو داوایان کرد سێ دێری دوایی لاببرێت. ئەویش ئەوەبوون (التي يدخل ضمن حدودها عند تغييرها وجميع اراضي وزارة المالية أو التي تدخل ضمن حدودها والأراضي التي لا تثبت ملكيتها لأحد). مانای وایە لە قۆناخی دووەم دەقەکە بەو شێوەیە پەسەند کرا: (تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية).

پەرلەمانی کوردستان و ئەندامە بەڕێزەکان بەرای من تێگەیشتنیان بۆ پەسەند کردنی ئەو دەقە، بەو مەفهومە چوونەتە ناو بابەتەکەوە ئەویش (أراضي متروكة) مفهومەکەی وەکو ئەو مەفهومە بێت لە مادده (٨)ی یاسای تۆماری عەقاری ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ هاتووە (الاراضي المتروكة هي العقارات العائدة للدولة والمخصصة لأغراض المنفعة العامة أو لمنفعة اهالي قرية أو قصبة معينة) و هەمان زاراوە لە یاسای ژمارە (٥٣)دا هاتووە ساڵی ١٩٧٦ (قانون توحيد اصناف اراضي الدولة). لە مادده (١) هەمان زاراوەی (الاراضي متروكة) هاتووە پاش دەرچوونی یاساکەو پەسند کردنی هەموارکردنەکە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بۆچوونەکی تریان هەبوو زۆر زۆر جیاواز بوو لە چەمک و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان و یاسای ئیدارەی شارەوانییەکانی عێراق ژمارە (١٦٥) ساڵی ١٩٦٤ ئەو یاسایەی ئیدارەی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان لەو دەقە وەرگیراوە، ئەوان وایان شی کردەوە کە موڵکەکانی هاووڵاتیانیش بگرێتەوە بە مەفهومێکی تر بواریان بە شارەوانییەکانی هەرێمدا دەست بەسەر موڵکی خەڵکی دابگرن بەبێ قەرەبوو ئەگەر هاتوو پارچەیەک لە موڵکەکان کەوتە بەر شەقام یان شارەوانی تەجاوزی لەسەر کرد، بەراستی ئەو مەفهومە بەرای هەموو ئەندامانی پەرلەمان و بەتایبەتی رای ئەندامانی لیژنەی

یاسا دەقەکە یەکەمجار پێچەوانەی بنەماکانی دەستوورە، من مەبەستم مەفهومەکەیە بەرای من دەقەکە کەموکوڕی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر لێکدانەوەکە (تفسیر) بەو شێوەیە بڕوات پشت ببەستن بــە زارەوەی (الاراضي المتروكـة) چۆن لە یاسای تۆماری خانوونەبەرە هاتووە چۆن لە یاسـای ئیـدارەی بلدیاتی عـێراق هاتووە لە سـاڵی ١٩٦٤ کـە ئەو یاسـایە سـەرچاوەی یاسـادانانی (تشریع)ی ئێـمەیە سەبارەت بە یاسای ئیدارەی شارەوانییـەکانی هەرێمی کوردسـتـان هیچ کەمتەرخەمی و هەڵەی تێدا نییە، چونکە مفهومەکەی (الاراضي المتروكة) دیاری کراوەو دیارە، بەڵام لێکدانەوەی ئەوان بۆ ئەو دەقە بەرای من ئیـجتـهـادەکـە لە جێگای خۆیدا نەبووە من وەکو یاسـاناسـەک برادەرانی لیـژنەی یاسـا لەگـەڵ ئەو ئیـتـجـاهـە نەبووینە هۆیەکـەشی ئەوەبوو چونکە پێچەوانەی بنەماکانی دادوەرییە بوار بە شارەوانی دەدات نەک تەنیا تەجاوز لەسەر زەوی خەڵک بکات بەڵکو دەست بەسەر زەوی هاووڵاتیان دابگرن بەبێ قەرەبوو ئەو بنەمایەش بەرای من لەگەڵ بنەمـاکـان و فەلسـفەی حوکمی نیـزامی ئێـمـەی سیاسی و لەگەڵ بنەمـاکـان و بیـروراو بۆچوونی بنەماکانی پارتی دیموکراتی کوردستان داناگونجێت، چونکە دژی بنەمـاکانی دادوەرییەو دژی مافی مرۆڤە و دژی بنەمـاکـانی پێشکەوتن و سیـسـتـەمەکـانی سیـاسی پێشکەوتوونە. ئێـمە ناتوانین لێکدانەوەی خۆمـان و بۆچوونی خۆمـان و ئیـجـتـهـادی خۆمـان بسەپێنین، بەسەر دادگـاکـان چونکە ئەوان سەربەخۆن لەبەرئەوە هیچ بوارمان نەماوە تەنیـا ئەوە نەبێت هەمـوارکردنەک بخـەینە سەر دوا هەمـوارکردن مـەبەسـتیـش لەم هەمـوارکردنە ئەوەیە روونـکردنەوەی مـەفـهومی دەقـەکەی پێ بکرێت بوار نەدەین ئیجتهادەکی جگە لەو بۆچوونە بۆ ئەو دەقە بکرێت لەبەرئەوە دوای دانیشتنمان لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی گـەیشـتـینە دارشـتـنەک ئەگـەر بێـتـو ئەندامـە بەرێزەکـان پەسندی بکەن مـاددەی ئەسڵی بەو شێوەیە هاتووە: (أ- تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية).

ئێـمـە بۆچوونمان ئەوەیە ئەو زیادەیەی لەسەر بکەین (مالم تكن مساحة الارض التي استحدث عليها الشارع مسجلة في سجلات التسجيل العقاري بإسم شخص طبيعي) مـەبەسـتـیـش لە (شخص طبيعي) مرۆڤە، چونکە ئێمە (اشخاص معنوی)یشـمـان هەیە، هیچ لاریی نییە ئەگـەر مـوڵکی فـەرمانگـەیەک تۆمار بکرێت بەناوی وەزارەتی شارەوانی یان شارەوانییـەکی دیاری کـراو (معين)، چونکە زیان بە هیچ هاووڵاتییـەک ناگـەیەنێت و، زیان بە حکومەتیش ناکـەوێت تەنیـا موڵکی وەزارەتێک بـوو بۆ موڵکی وەزارەتی شارەوانی. (ب)یش زیاد دەکرێت، چونکە زۆر بڕیار لە دادگـاکانی هەرێم دەرچووینە وفق ئەو مەفهومەی کە ئێمە لەگەڵی نین و پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی دادوەری ئەو بڕیارانە هەڵوەشێندرێنەوە هەرچەندە پێمان ناخۆشە ئێمە ئیلغای بڕیارەکانی دادگاکان بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی دادوەری بهێنینە دی ناچارین ئێمە ئەو پێشنیارە بکەین (إلغـاء كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٣/٣/٣١). ئــەم بــەراوردەش دوا

هەمـوارکـردنە و پاش ئەو هەمـوارکـردنە بڕیاری تازە دەرچوون بە مـەفـهـومـەکی وا کـە بوار درا شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان دەست بەسەر زۆر لە موڵکی هاووڵاتیاندا بگرن.
(تلغى كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد (٣١/٣/١٩٩٣) خلافا لما ورد في الفقرة (أ) أعلاه). ئەو رایەش وابزانم لیژنەی یاساش کۆکە لەسەری بەس وابزانم بەسەر ئەندامان دابەش نەکراوە، چونکە پرۆژە نەبوو، رێککەوتووین بە شێوەی پێشنیار لە پەرلەمان بخرێتە روو، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر بۆ ئەو روونکردنەوەیە. لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محـەمـەد حـەسـەن باڵەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لیژنەی یاسا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی پشتگیری پێشنیـارو بۆچوونی جەنابی سکرتێری پەرلەمان دەکات، ئێمە لیژنەی یاسا هەموومان چەند جار لەگەڵ جەنابی سکرتێر دانیشتووین بۆ ئەوەی دارشتنەکی گونجاو بۆ ئەم هەموارکردنەی کۆتایی بدۆزینەوە لەوە زیاترمان نییەو ئێمە پشتگیری دەکەین.
بۆ زیادکردنیش کاتی خۆی جەنابی سکرتێر هامشەکی بۆ جەنابی سەرۆک نووسی تەئیدمان نەکردووە و لیژنەی یاساش راپۆرتێکی دورو درێژی نووسیوە تەئیدمان نەکردووە داوای سێ بەڕێوەبەری وەزارەتی شارەوانیمان کردو هێنامانە لیژنەی یاسا و گفتوگۆشمان لەگەڵیاندا کرد دانیشیان پیا نا کە ئەم هەموارکردنە هەڵەیەو ئەمە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر موڵکی ئەهالی، ئێمە داوامان کرد ئێوە پرۆژەیەک بۆ ئێمە پێشکەش بکەن بەڵام بەداخەوە تا ئێستا پێشکەشیان نەکردووە ناچار ئێمە مانگێکە خەریکین رێگایەک بدۆزینەوە لەم گرفتە دەربچین چونکە هاووڵاتیان (مغدورن) (لا تنتزع ملك الاشخاص المعنويين الا ببدل) لە قانون نزع ملكيه غير قانون استملاكمان نییە لێرە لیژنەی یاسا رای خۆی دەکێشێتەوە کە پرۆژەکە دابەش کراوە (تلغي التعديل الثاني) و پشتگیری بۆچوونی جەنابی سکرتێر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـەرسـەت ئەحـمـەد عـەبدوڵلا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە ئاماژەی بە موتالەعەی دا ئەوەی پێشتر دوور نییە پێش ساڵەک پێشکەشمان کردبوو روونی نەکردەوە موتالەعەکە ناوەڕۆکی چی بوو، ناوەڕۆکەکەش هەر بەو مەفهومە بوو و ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوون و تەفسیرە نین داوامان کرد هەمواری ئەو دەقە بکرێت تاکو دەرگای ئیجتهاد دابخرێت و ئیجتهادەکی پێچەوانەی دەقەکە نەکرێت و بوار نەدرێت دەست بەسەر موڵکی هاووڵاتیان دابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت. کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە کە یاسایەک دادەنرێ زۆر ئاسانە بەو پێ یە تەعبیر لەوە بکات کە ئەوەی دەیەوێت هەندێ جار (عیبرەت) بە مەبەستی موشەریعە وەکو هەموو برادەران ئاماژەیان پێ کرد لە بنەڕەتدا ئەو پرۆژەیە لە وەزارەتی شارەوانی یەوە هاتووە، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی لێپسراوی وەزارەتی شارەوانیم بانگ کردە ئێرە گفتوگۆیەکی دوورودرێژمان لێ کرد ئەو کاتە ئەوە رای ئەوان بوو، دادگاکانی (تەمییز) لە ژێر پەردەی پارێزگاریکردنی قەزاو ئیستغلالی ئەوەی کە دەسەڵاتی دادگا سەربەخۆیە مەفروز نییە پەرلەمانی کوردستان کە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە و ئەو خەڵکە دەنگی پێداوە ئەوان مویارەزی بکەن ئەوەش جاری یەکەم نییە من بروام وایە زۆر گرفتی تر کە مافی میللەتیش دەدات و ئەنجامی سوور بوونی ئەوان بوو لەسەر هەڵوێست، بروام وابوو کە ئەمە تەسەورێکی هەڵەیە کەس نادۆزرێتەوە لە دادگای تەمییز جێگەی ئەو برادەرانە بگرێتەوە، لە راستیشدا ئەمە تەسەورێکی زۆر هەڵە بوو من پێم خۆش بوو بابەتەکە بەشێوەیەکی تر برۆیشتبایە سەرۆکی دادگای تەمییز یان جێگرەکەی بهاتبایە گفتوگۆی لەگەڵ بکرابایە کە لەسەر چ بنەمایەک ئەو لێکدانەوەیان کردووە، چونکە وەکو گوتم عیبرەت بە مەبەستی موشەریعە. موشەریع مەبەستەکەشی روونە.

خاڵی دووەم کە دەمەوێت باسی بکەم کاک فەرسەت هەندێ شتی خوێندەوە برادەرانی لەوانەیە زۆریان نەزانن بابەتەکە چۆنە، جارێ ئەو زەوییانەی لەناو سنووری شارەوانییە و بە یاسای ژمارە (٨٠) هەمووی بە موڵک کراوە بۆ شارەوانی، ئەوە شتێکی روونە و برادەرانی یاسایی ئەمە دەزانن، دەربارەی بابەتی شەقام شارەوانی ناچێت عەرەسەیەک بە جارێک (عزل) بکات و بابەتەکەش زۆر روونە کە مەبەست لە شەقام چییە؟ و قەرەبوو چۆن دەدرێ زیاتر لەوە من ماددەکەم لە پێش چاو نییە، بەڵام عیجزی ماددەکە کە خۆی ئاماژەی پێ کراوە دەڵێ:(حسب القوانین المرعیة) و بگەڕێینەوە بۆ (القوانین المرعیة) چی گوتووە ئەوە لەسەر دەقەکە جێبەجێ دەبێت. بەڵام ئێمە بێین بە دەقێک موجامەلەی دادگای تەمییز بکەین من ئەوە رای کەسی خۆمە پێم شتێکی زۆر سەیرە، دووبارە دووپاتی دەکەمەوە ئێرە گەورەترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە لەم وڵاتەدا و جاری یەکەمیش نییە زۆرجاری تریش ئەوان (مجابهەیان) کردووە ئێمە بێ دەنگ بووین بۆ هەمان هۆ من لەگەڵ ئەوە نیم مافی خەڵکی بفەوتێت من خۆم هیچ زەویم نییە من حەز ناکەم غەدر لەکەس بکرێت، بەڵام دەبێت شتەکە لەسەر بنەمایەک بێت نەک لەبەرئەوەی فلان کەس ئارەزووی وایەو روونکردنەوەی وایە بچین یاساکە هەموار بکەین زۆر ئاسانە ئێمە دەق دابنێین تەعبیر لە رای خۆمان بکەین بەڵام تا چ رادەیەک لەگەڵ واقیع گونجاوە من دەبێت ئەوە

بیری برادەران بخەمەوە ئەو میللەتەی دەنگی بە ئێمە داوە تەشریع کردن بەرپرسیەتێکی زۆر گەورەیە زۆر ئاسان نییە (واو)ێک یان (میم)ێک لابرێ بچی خەڵکێک تووشی گرفت بکەیت، ئەگەر ماوە هەبێت من مەسەلێکی ئینگلیزی دەهێنمەوە کابرایەک جارێک بۆ یەکێک دەنووسی دەڵێت: (Keald him not, let him to go) کابرای تر فارزەکەی بردە دوواوە کابراکەی کوشت واتە بەم شێوەیە (Keald him, not let him to go) شوێنی فارزەکە گۆڕا مرۆڤێک کوژرا، لەبەرئەوە من حەز دەکەم زۆر لەوە ورد بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە قسەی برادەران (سوء تفسیرێک) هەیە لەو هەموارکردنەی کە کاتی خۆی کراوە، لە دادگای تەمییز، یان دادگاکانی ئێمە ئەمە دیاردەیەکی کەم نییە وەکو کاک شێخ عەدنان دەڵێت کە هەندێ شت دەکەن و دەبێت لەژێر ئەو پەردەیەی کە دادگا سەربەخۆیە (القضاء مستقلە). دادوەری بەپێی یاسا ئەو ئیجرائەی پێویستە دەربارەی ئەو بیکات، چونکە ئەگەر لە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری بپرسیبایە بە تەمییزەوە بەو دادوەرە خۆیەوە (٣١)ی ئاب لە هەولێر چی بوو ئینجا دێت بۆ رواندنی مامەڵەیەکی تەزویر جورئەتی نییە بڕیارێک بدات لە ئێمە دەپرسێ لە پەرلەمان یاخود لە حکومەت لە کوێ دەپرسێ دەڵێت (٣١)ی ئاب رۆژی پشوو بووە یان پشوو نەبووە جێگەی داخە ئەنجوومەنی دادوەری ئێمە لەم وڵاتە دوای چەند جار دووپاتکردنەوەکانی سەرۆک بارزانی هەڵسوکەوتی وا دەکەن، کە جێگای سەرسوورمانە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادگا لە کاتی داگیرکردنی هەولێر لەلایەن (ینک)ەوە شان بەشانی (کۆسرەت رەسوڵ) کە دەست کێشانەوەی لە پۆستەکەی قەبوول کرا بوو لەلایەن پەرلەمانەوە تەنها بۆ کاری ئیداری نەبێت سەرەرای ئەویش فراکسیۆنی پارتی لە نێو حکومەت کشایەوە ئەمیش بەپێی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ خۆی لە خۆیدا حکومەت لە کاردەخات کەچی کاک (رشید عبدالقادر) شان بەشانی کۆسرەت راوەستا شوێنی یاسایی بەچەند حاکمێک دا بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی یاسایی هەبێت.

هیوادارم پەرلەمانی کوردستان کێشەی قەزا باس بکات مافی ئێوەیە ئەندامی پەرلەمانن نوێنەری خەڵکی کوردستانن ئەم مەسەلەیە دەبێت باس بکرێت، هەتا ئێستا زۆربەی زۆری (مورافەعاتی) ئێمە بە عەرەبییە. چەند جار تەئکید کراوەتەوە هەتا ئێستا عەریزە نووسین بە عارەبییە، هەندێ بڕیاریش یاخوا وا نەبێ، یاخوا من ئیشتباهم کردبێ، مرۆڤێک کە ئیشتباه بکات جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دەزگایەک ئیشتباه بکات ئێستاش دەقەکان بە عەرەبینە، لە کاتێکدا ئەوە (٨) ساڵە بڕیارمان داوە کە زمانی رەسمی ئێمە کوردی بێت، یاساکان بە دەقی کوردی بۆیان دەڕوات، جا من داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بە زووترین کات کێشەی دادگا بخرێتەروو قەزا عومدەی ئەم کیانەیە، ئەم کیانە کیانێکی دیموکراتییە، فەرە حزبییە، پابەندین بە پاراستنی بنەماکانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ ئاسۆیەکی فراوان لە پێش ئەم کیانەیەدایە، میللەتی ئێمە ئومێدێکی گەورەی بەم کیانەو بەم وەزعە هەیە، بەرەو پێشەوەی ببات ئەوە فیدرالیەت چەسپا، بەناوی

هەمـوو ئۆپۆزۆسیـۆنی عیـراقیـەوە کـە ئەم حەقـیقـەتـە بەداخەوە کـە زۆر لە دامودەزگـاکـانی ئێـمە هێشـتـاکـە چاویان لە بەغـدایە، هێـشـتـا چاویان لە شـوێنی ترە، کـاتی ئەوە هاتووە پەرلەمـانی کوردسـتـان ئەم بابەتە باس بکات و بیخاتە ژێر نەشتەرەوە و سڵ لە هیچ نەکەن، سڵ کردنی ئێوە لە هەندێ شت گوناهێکی گەورەیە لە چوار چێوەی بارودۆخی خۆماندا لەو بارودۆخەی هەمانە لەو پرۆگـرامەی کـە ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان حزبی زۆرینەیە لە پەرلـەمان و لە حکومـەت، مـافی خۆبەتی بەرگری لە پرۆگرامی خۆی بکات، مـافێکی زۆر ئاساییە گـەر نەیکەن گـوناهە، پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان روونە بەرنامەی ئەم حزبە کە ئێستاکە حوکمڕانی دەکات لەم واقیعە روونە، بۆیە ئێوە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستانن، حەق نییە و رەوا نییە لەبەر هەر هۆیەک بێت نەزانین بێت دڵەڕاوکێ (تردد) بێت، چ بێت، چ بێت. دەسەڵاتی دادوەری خۆمان بەو شێوەیە کە ئێستاکە زۆر جار ئێوە لای من گـازاندەتان کردووە خەڵـک هاتووە گازاندەی کردووە و ئەمەی ئێستـاکە کە کاکە شێخ باسی دەکات و ئێستـا جەنابی سکرتێرو لیژنەی یاسا باسیـان کرد کە یاسایەکی رێکوپێک دەرچووە شاخ و گوێیان بۆ دەرکردووە و تەفسیرات بۆخۆیان دەردەکەن ناچارمـان دەکـەن ئێـمـە بێین جارێکی تر تەئکیـد لەسەر تەئکید بکەینەوە کاکە شێخ راست دەکـات حەق نییـە ئێـمە بچینە ژێر باری تەفسـیراتی دادگای تەمییزەوە یـان خەڵکی تر، بەتایبەتی ئەگەر بزانین راست نییە، ئەگەر موقتەنیع بین کە تەفسیرێکە یان ئیجتهادێکەو باش نییـە، بەڵام جەنابی سکرتێر باش روونی کـردەوە ئەویش ئەوەیە بۆئەوەی (غـموض) هەڵگرین، بۆئەوەی نەک خوانەخواسـتـە پێـمـان بڵێن دەسەڵاتی یاسـادانان دەست لە کـاروباری دەسـەڵاتی دادوەری وەردەدات لەم روانگەوە ئەو رایەی جەنابی سکرتێـرو لیژنەی یاسا بە پێشنیـارێکە کـە دەبێت بە یاسـا رێگە لە لادەر بگیرێت، ئەمـە کـەم کـردنەوە نییـە لە دەسەڵاتی یاسـادانان بەڵام جەختە (تەئکیـدە) لەسەر ئەو بنەمایانە، بەڵام بەمە شت چارەسەر ناکرێت، دیسـان من دووپاتی دەکەمەوە خۆزگە و خۆزگە رۆژێکیش زووتر دانیشتنێکی نهێنییـان، ئاشکرا بکرێت بزانن لە کوێ کەلێن هەیە مافێکی سروشتی ئێوەیە ئەو کاتە ئەوە دەست تێوەردان نییە لە کاروباری دادگا. وا قەزا خەریکە لە وڵاتی ئێمە بەرەو خراپی دەڕوات هەندێ لە دادوەرەکانی ئێمە خەریکن ویژدانی خۆیان دەفرۆشن، ناڵێم هەموویان خەڵکێکی بەشەرەفی زۆر هەیە، دادەوەرانێکی زۆر بە غیـرەت هەن، بەڵام بەداخەوە شەپۆلەکە بەئاراستـەیەکی تر دەڕوات لە کـاتێکدا دادوەری کورد لە هەمـوو عێراق بەناوبانگ بوو،کورد بەناوبانگە لە دادپەروەری و جورئەتی و لە ئینسافی بۆ حوکمدان، بەڵام بەداخەوە لە ژێر کیانی خۆماندا لە ژێر حوکمی خۆماندا لە ژێر ئازادی خۆماندا وا خەریکین زۆر شت لەدەست دەدەین، ئەوەی کـاکـە شێخ باسی کـرد لایەکە لەو تراجیـدیە، ئەوەی جـەنابی سکرتێرو لیژنەی یاسا باسیان کرد دیسان لایەکی ترە، بەڵام من دڵنیام دڵی ئێوە پڕ لەشتە، من دڵنیـام کـەس لە ئێـوە نییـە تێبـینی رۆژانەی نەبێت لەسـەر ئەو حـاڵەتانە، کـاتی ئەوە هاتووە پەرلەمـان دانیـشـتـنێکی تایبـەتی بکات ئەم مـەسـەلەیە باس بکات و چارەیەک بدۆزینەوە،

سنووریک دابنێین، چونکە ئەگەر خوانەخواستە نەخۆشی ناو دەزگای دادوەری ئێمە باڵادەست بوو نا ڕەوایی باڵادەست دەبێت، تۆ هەتا بەیانی یاسای باش دەربکە عیبرەت لە جێبەجێ کردنە، با ڕۆژانە سەد یاسا دەربکەین عیبرەت لە جێبەجێ کردنە، جێبەجێ کردنیش ئەگەر کەوتە بواری موزایەدات و ئیجتهاداتەوە ئەنجامەکانی بەو شێوەیەی لێ دێت کە ئێستاکە پسپۆرانی ئێمە باسی دەکەن (أعوذ بالله)، بۆیە ئەو پێشنیارەی کە جەنابی سکرتێرو لیژنەی یاسا کردوویانە پێمان باشە گفتوگۆی لەسەر بکەن و بڕیارێکی لێ بدەن بە ئومێدی ئەوەی چارسەرێکی بنەڕەتی بکرێت بۆ ئەم واقیعە. جەنابی وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەتەواوی پشتگیری لە بۆچوونی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین و لەگەڵی داین هەرچەندە ئەو هەموارکردنەی کەبەسەر یاسای ئیدارەی شارەوانییەکان کە لە ساڵی (١٩٦٤)دا هاتووە، کارەکەی بەتەواوی ڕوونکردۆتەوە و چارەسەری کردووە ئێمە هیچ کاتێک لەگەڵ ئەوە نەبووین کە خەڵکی کوردستان مافیان پێشێل بکرێت و زەویوزاریان زەوت بکرێت، ئێمە هەندێک پڕۆژەمان هەیە لەناو هەولێرو شوێنی تر کە پەنگ خواردنەوەیەکی (اختناقات)ێکی زۆرمان بۆ چارەسەر دەکاو دەمانەوێ بیکەینەوە و لەسەر ئەوە وەستاوین کە چەند خانوویەک ماوە (استملاک)ی بکەین ئێمە پڕۆژەکەمان دەست پێ نەکردووە بۆئەوەی مافی خەڵکی پێشێل نەکەین، من سەرم سوور دەمێنێ لە دەزگایەکی قەزائی وەها، ئەگەر بێتو ئەو یاسایە لێرە دەرچووبایە ئەوان بەرهەڵستی بکەن نەوەک بە پێچەوانەوە یانی ئەوە شتێکی سەیرە لەلام. ئێمە هەموو پڕۆژەکانی خۆمان ڕاگرتووەو، پشتگیریەکی تەواوتان دەکەین و هەرچەندە پێویستی نەدەکرد ڕوون بکرێتەوە چونکە هەموارکردنەکە ڕوونە، بەڵام شتێکی چاکە کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی. لە ڕاستیدا ڕوونکردنەوەکە بۆ ئەوە بوو کە برادەران بێتە بەرچاویان، چونکە پڕۆژەیەک بڵاو بۆتەوە لیژنەی یاسا دوای ئەوە لەسەری ڕێککەوتوون پێشنیاریان کردووە.کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە برای بەڕێزم محەمەد حەسەن باڵەتە ڕای لیژنەی یاسای دەربڕی منیش بەش بە حاڵی خۆم پشتگیری لە بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاک فەرسەت دەکەم بۆچوونەکانی لە جێگای خۆیەتی، بەڵام من دوو سێ خاڵم هەیە حەز دەکەم لێرە بۆئێوەی بەڕێزی بخەمەڕوو یەک لەوانە ئەوەیە کە ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە بیریان بێت ئێمە لەسەرەتای دامەزراندنی

پەرلەمانەوە مامەڵەکانی ئیستملاک و ئیطفامان راگرت بۆیەش رامانگرت ئەو کاتە هەندێک (تلاعب)ی لەناو کرا، ئەو کاتە زۆر هۆ هەبوون لە هۆکارە پێویستەکان روونمان کردنەوە کە بۆ رامان گرتووە، بەڵام پاش ئازاد کردنی هەولێر لە ۳۱/ئاب، ئێمە (إطلاقی معاملاتی استملاک و استبدالمان) کرد بۆ ئەوەی ئاوەدان کردنەوە رێرەوی خۆی وەربگرێ، بۆئەوەی کوردستان بوژانەوەی بێتە سەر ئەوە (إطلاقی معاملاتی استملاک و استبدال)مان کرد بەڵام نەمانزانی دادگای تەمییز بڕیاری پەرلەمانی کوردستانی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە:

یەکەم: لەکارخستنی(تعطیل)ی یاسای ئیستملاکە.

دووەم: لەکارخستنی (تعطیل)ی یاساکانی ئیطفایە بە هەموو جۆرێک. بۆیە ئێمە پشتگیرییەکی تەواو لە هەموارکردنە دەکەین، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە سەبارەت قسەکانی کاک فەرسەت لەسەر بەرواری جێبەجێ کردنی ئەم هەموارکردنە کۆک بووین، ئێستاکە بەروارەکە بۆتە ساڵی (۱۹۹۳) وابزانم لە (۹۳)وە هەتا (۳۱)ی ئاب هیچ ئیستملاکاتەک نەک کرایە و ئیطفاش نەکرایە، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو هەموارکردنەی کە دەکرێ لە بەرواری ئەو هەموارکردنەی دووەم بێت نەک لە بەرواری ساڵی (۱۹۹۳)ەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیاری جەنابت تەنها ئەوەیە بەروارەکە لە هەمواکردنی دووەمەوە بێت.

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیادەیەک لەسەر ئەو موداخەلەیە دەکەم لەوانەیە برادەران زیاتر سوودی لێ وەرگرن، سەرچاوەی دەقی ئێمە وەکو باسم کرد یاسای ئیدارەی شارەوانییەکانی عێراق بوو ژمارە (۱٦٥) لە ساڵی (۱۹٦٤) نێوان ساڵی (۱۹٦٤) و ئەمڕۆ (۳٥) ساڵە لە ماوەی (۳٥) ساڵ کە ئەو دەقە هەبوو بەسەدان و هەزاران بڕیاری حوکم دەرچووینە بە خۆمان پارێزەر بووین بەدەیان داوا (دعاوی) (أجر مثل)یان هەبوو لەسەر شارەوانییەکان، چونکە تەجاوزیان کردبوو لەسەر زەوی خەڵک پارچەیەکیان کردبوونە شەقام و قەرەبوویان نەکردبوون لەو ماوەیەدا من باوەڕ دەکەم زۆربەی دادوەرەکانی ئێمە بەشدار بوون لە دەرکردنی سەدان لەو بڕیارانە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێستا، یانی شارەوانییەکانی عێراق و کوردستانیان تەحمیل دەکرد بە (أجر مثل) بەو پێیەی ئەو مافە بە حکومەت و شارەوانیی نادات کە زەوی خەڵک زەوت بکات لەو حاڵەتەدا شارەوانی بە متجاوز دادەنرێت و دەبێت قەرەبووی ئەو خەڵکە بکات، لە ماوەی (۳٥) ساڵ یەک بڕیار دەرنەچێت بۆ پاڵپشتی کردنی رێرەوی ئێستا، بۆ ماوەی ئەم ساڵە لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان مەفهومەکە بگۆڕدرێ ئەو مافە بە حکومەت و شارەوانی بدرێت دەست بەسەر زەوی خەڵک دابگرێت بێ قەرەبوو و بێ ئەوەی هاووڵاتیان مافیان هەبێت داوای (أجر المثل) بکەن،

یان داوای کرێی زەوییەکە بکات یان داوای بەدەلی ئەو زەوییە بکا، بەراستی مەفهومی ئێمە وا نالێت، چونکە مەبەستی موشەریع مەبەستی ئەندامانی پەرلەمانە واتا ئەندامانی پەرلەمان موشەریعن، مەبەستمان ئەوە نەبوو لە تەشریعی ئەو دەقە کە ئێمە ئەو دەسەلاتە بدەینە شارەوانی دەست بەسەر موڵکی خەڵکدا بگرن، پێویست بوو لەو حاڵەتە ئەگەر بە نووسراوی رەسمیش نەبا دەبوایە گفتوگۆیەک بکرابایە لە نێوان دەسەلاتی یاسادانان و داودوەری کە ئایا مەبەستی ئێوە لە تەشریعی ئەو دەقە چی بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. دەقەکە روونە، دادگاکانی ئێمە حەق نەبوو کارێکی وا بکەن هەندێ ئیجرائات بکەن کە زەرەر بە ئەزموونەکەمان بگەیەنێ، ئەبوایە ئەگەر ئێمەش هەڵەمان بکردبایە بە ئێمەیان بگوتبایە کاکە ئەو هەڵەیە مەکەن. چونکە ئەمە دژی بنەمەکانی مافی مرۆڤە، بەهەر حاڵ بەرای من ئەم بابەتە لێرە کۆتای پێبهێنین گفتوگۆی پرۆژەکە دەکەین وا بزانم وێنەکە لای ئێمە روونە سوپاس بۆ جەنابی وەزیری شارەوانی کە پشتگیری خۆی نواند هەر واشە بەراستی، چونکە ئەوانیش لەو باوەڕەدان، تەماشا بکە وەزیری شارەوانی خۆی ئێستا بە زمانی خۆی ئەڵێ ئێمە کۆمەڵێک ئیجرائاتمان راگرتووە. چونکە کێشەی قەرەبوو کردنەوەی خەڵکە، دادگاکانی ئێمە بەو شێوەیە هەڵس وکەوت دەکەن، واتە بانێک و دوو وسێ هەوایە نەک دوو هەوایە بۆیە بەراستی ئەم دیاردەیە پێویستی بە موراجەعە هەیە ئێستا کاتی ئەوە نیە انشاالله لە کاتێکی تر بەڵکو پەرلەمانی کوردستان بتوانێ ئەمە چارەسەر بکاو دێینە سەر خودی پرۆژەکە ئەو پرۆژەیە جەنابی سکرتێر خوێندیەوە لیژنەی یاسا پشتگیری لێکرد وە جەنابی وەزیری شارەوانی پشتگیری لێ کرد ئەگەر بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی کۆتای پێبهێنین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعدل المادة الاولي من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٨ قانون التعديل الثاني لقانون ادارة البلديات لاقليم كوردستان العراق رقم(٦) لسنة ١٩٩٣ وتقرأ كما يلي:

أ- تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها لنفع العام.

الموجود عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية ما لم تكن مساحة الأرض الذي استحدث عليها الشارع مسجلة في سجلات التسجيل العقاري بأسم شخص طبيعي.

ب - تلغي كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة خيلافاً لما ورد في الفقرة(أ)أعلاة.

ج - ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵڵا:**

المادة الاولي: تعدل المادة الاولى من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٨ قانون التعديل الثاني لقانون ادارة البلديات لاقليم كوردستان العراق رقم(٦) لسنة ١٩٩٣ وتقرأ كما يلي:

أ- تسجل بإسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها لنفع العام الموجود عند نفاذ هذا القانون أو التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية ما لم تكن مساحة الأرض الذي استحدث عليها الشارع مسجلة في سجلات التسجيل العقاري بأسم شخص طبيعي.

ب - تلغي كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٨/٤/٥ بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجوومەن ئەمە مێژووی هەمواركردنی دووەمە(تلغي كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٨/٤/٥خلافاً لما ورد في الفقرة(أ) أعلاه).

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

كێ تێبینی لەسەر ماددەی یەكەم هەیە؟ فەرموو مامۆستا موحسن.

**بەڕێز شـــێخ مـــوحـــسن مـــوفـــتی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دیارە تەفسیری دەقەكان لەلایەن پەرلەمانەوە خۆی بكرێت هەتا خۆی تەفسیری یاساكانی خۆی بكا شتێكی باشە، بەڵام ئەوەی كە ئێستا لە پێشنیارەكەدا هاتووە ئەو رووبەرە كە لە تۆمار كردنی خانووبەرە(تسجیل العقاری) بە ناوی ئەو كەسە سروشتییە بێ ئەمە بەرگری لێكردنێكی وەكو ئەڵێن (نەصە) لەسەر بەرژەوەندیەكی گشتی كە خەڵكەكە بەو شێوەیە حسابەكەی نەفەوتێ، ئەملاكی هەر وەزارەتێكیش بدرێت بە وەزارەتێكی تر ئەمە ئیشی حكومەتە شتێكی باشەو خراپ نیە ئەوە خۆیان ئەزانن تەقدیری ئەو ئیشە بكەن. بەڵام تەنها ئێمە لەوەیان جێگای سەرنجمانە كە موڵكێك مافی سروشتی كەسێك بێت ئێمە مافی ئەوەمان هەبێت كە بەرگریان لێ بكەین ئەگەر موڵكێك وەقف بێت كە مافی هیچ كەسێك نیە (تەسەروفی) پێ بكات، بەپێی شەریعەتی ئیسلام حەق وابوو ئەو موڵكە وقف كراوە لێرە بەو دەقە دیاری بكرێ. چونكە ئەگەر دیاری نەكرێت ئەو كاتە یاساكان الغای ئەو بابەتە ئەكەنەوە، مافی هەموو موڵكە وەقف كراوەكان ئەفەوتێ و لەبەر ئەوە لەو شوێنە دیاری بكرێت پەسند ترەو شیاو ترە، لەگەڵ رێزدا. وە پێشنیارەكەشم یەك ووشەیە ئەویش لەگەڵ(أراضي موقوفة) بخرێتە پاڵ ئەوە.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

مامۆستا وا بزانم (وقف) یاسای خۆی هەیە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمە كە ئەو بریارەمان دەركرد هەروەكو برای بەڕێزم كاك فەرسەت ئیشارەتی پێدا لەبۆ كێشەی

بابەتی کەسانی سروشتی بوو مانای وانیە ئەوانی دی یاساکانی چارەسەر نەکرێ هەر وەزارەتێک ئەملاکی هەبێت ئەوە ئەملاکی ئەو وەزارەتە چارەسەر کرایە، یاساکانی جێبەجێ کردن(نافذ) هەمووی جێبەجێی کردیە چ یاسای استملاک بێ چ یاسای(اطفاء) بێت چ یاساکانی تر بی بۆیێ ئەمە شتێکی بەدەرە ئەوەی ئەمڕۆکردوومانە بە راستی مانای وانیە ئەملاکی وەزارەتەکانی تر هەمووی پشتگوێ خراون یان وەزارەتێک تەفضیل دەکرێ لەسەر وەزارەتێکی دیکە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا زۆر روونە دەڵێ یاساکانی کارپێکراو، وقفیش یاسای کارپێکراوی خۆی هەیە وەزارەتی ئەوقاف بۆیە پەیوەندیی نیە بەم بابەتەی ئێمەوە ئەوەی کە جەنابت ئەڵێی چارەسەر کراوە چونکە دەڵێ(بموجب القوانین المرعیة) کێشەی وەقفیش یاساکانی کارپێکراو خۆی بریاری داوە چ ئەبێ چ نابێ ئەوە پەیوەندی بەم بابەتەوە نیە وا بزانم مامۆستا مەلا مەحمودیش هەر هەمان بابەتی هەبێ.فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوەی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من نابێنم ئەگەر بەدەرێک(إستثنا)یەک نەخاتە سەر ئەستۆی خۆی ئێمە لە ئێستاو لە یاسای ئێستاوە ئەو یاسایەی کە دێت رەت دەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا مامۆستا باشتر وایە ئەگەر سەیری دەقی یاساکانی وەقف بکەن هەتاکو بزانین چۆنە ئەگەر پێویست بوو هەمواری دەکەین، برادەرانی لیژنە ئەڵێن بە یاسا کارپێکراوەکانی(المرعیة) ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە ئەگەر شتێکی وا بوو هیچ مانع نیە چارەی بکەین. بەڵام ئەگەر شتێک هەبوو ئێمە لە خۆمانەوە زیادی بکەین کە چارەسەر کراوە بۆ بیبکەین؟ فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەین ئەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە پێی دەڵێن هەموار کردنی ئەم یاسایە ئەگەر یاسای هەڵوەشاندنەوە یاسای هەموارکردنی دووەم بێت پێم باشترەو بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی ماددە(٥٥)ەکە هەر هەمان مانامان پێ ئەبەخشێت، واتە ئەم زیادەیە نازانم بۆ چیە؟ ئەم زیادەیە پێم وایە بە نسبەت تەفسیر کردنی، (غموض) زیاتر پەیدا دەکا با بگەڕێینەوە بۆ سەر ماددە(٥٥) ئەسڵی یاسای بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەروەکو خۆی لێ بکەین یاسای هەموارکردنی دووەم هەڵبوەشێنینەوە هیچ کێشەیە نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدواداچونێکم لەسەر قسەکانی بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر هەیە، ئەم بابەتە خۆی جێگای گفوتگۆی ئێمە بوو مامۆستا ئەگەر هەموار کردنەکە هەڵبوەشێنین ووشەی(مصطلح) (اراضي المتروكة) لە دەقی ئەسڵیش هەیە دیسان تەفسیرەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە ئێمە مەبەستمان لەوە ئەوەیە دەرگای اجتهاد دابخەین وا نەکەین تەفسیرەک بێتە کردن پێچەوانەی قصدی یاسادانەر(مشرع)بێ. چونکە لە دەقە ئەسڵیەکەش(اراضي المتروكة) هاتووە ئەگەر ئەمەش هەڵبوەشێنینەوە هەر(اراضي المتروكة) لە دەقی ئەسڵی هاتووە واتە تەفسیرەکەش وەکو خۆی ئەمێنێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک فەرسەت بۆ ئەم روونکردنەوەیەی، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم لە سەرەتاوە لەگەڵ لیژنەی یاسا لەسەر ئەمە جیاوازیمان هەبوو. دووەم وا بزانم عەدالەت پێویست بوو بمان زانیبا بۆچوونی دادگای تێهەڵچوونەوە(محكمە التمييز) یان وەزیری داد چیە، بەراستی ئەگەر ئێستا هەڵیبوەشێنینەوە لێرە برگەی دووەم (تلغى كافة القرارات والإجراءات الصادرة والمتخذة بعد ١٩٩٨/٤/٥) چەند کێشە روودەدات لەوانەیە ئێمە ئاگادار نەبین بەڵام ئەوان دەزانن چ کێشەیەک هەیە بۆیە بەڕای من بۆچوونی ئەوانیش پێویست بوو، جەنابی وەزیری شارەوانی باسی (استملاکی) کرد بەڵام باسی کرد کە پارە نیە ئەو شتە استملاک بکەن، وە ڕێگاو بانی تازە دروست بکەن بەڵکو باسی ئەم لایەنانە نەبوو، جەنابی کاک فەرسەت ووتی لەسەردەمی رژێم دادوەرەکان لایەنی هاووڵاتیان دەگرت مانای وابوو جا ئێستا لایەنی حکومەت دەگرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەفەر مەبەستی وا نەبوو تۆ تاوانباری دەکەی بە شتێک کە وای نەگووتوە، باش نیە ئەوە ئەو دەڵێ هەمان(دعاوي) کاتی خۆی زۆر پارێزەر(دعوى)یان کە دادوەرەکان ئەم تەفسیرەیان پێ نەداوە، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من لە برگەی دووەم وە(تعاد الوضع أو الحال الي ما كان عليه قبل صدور التعديل دون تحميل ذوي العلاقة بالرسوم أو المصاريف) زیادی بکەین. چونکە جەنابت دەزانی ئەگەر ئەوە هەڵبوەشێنرێ ذوى العلاقە دەچی دەڵێ ئەوە بیگەڕێننەوە و بە ناومان بکەنەوە، پێی دەڵێین برۆ

عەریضە بدە باجەکەت بدە ئینجا بۆت دەگەڕێنینەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێی ناوێ ئەوە زیادی بکەین، چونکە رسومەکە چیە؟یان مەصاریفی دعوایە یان کرێی پارێزەرە.

وەهاووڵاتی مەمنوونە بە (تلغی القرارات) بکرێت بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێننەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس. مامۆستایان بۆ رەخنە گرتن ئێوە ئازادن بەڵام داواتان لێ دەکەن وورد تر بن لە یاسا بەرقەرارەکان وە برادەرانی لیژنەی یاسا لەسەر ئەم بابەتە وەڵامی ئێوەیان دایەوە بەڵام شتێک هەیە لە لانی دارشتن و جوانی، جوان نیە وە حەز ئەکەم موقتەنع بن بە قسەی برادەرانی لیژنەی یاسا کە دەڵێن یاسا بەرقەرار بووەکان کێشەی (وقف و ئەملاک)ی چارەسەر کردووە، لە جێگای خۆی کێشەکە چارەسەر کراوە ئەمە شتێکی تایبەتە غوبن کراوە لە هەندێ کێشە،و رووتمان کردەوە، هەر بۆ زانیاریتان حەز ناکەم لێرە دەرچن و بڵێن پیشنیارمان کرد کە وقف زیاد بکەن نەیان کرد. چونکە ئەوە تەحمیلی دەقەکەیە وەکو برادەران ووتیان، فەرموو بڕگەی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية: على وزارة البلديات والسياحة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تەنها وەزارەتی شارەوانی چونکە پەیوەندی بە وەزارەتی دادیشەوە هەیە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم وای لێ دێت (على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون).ج تێبینییەک لەسەر ئەم دەقە هەیە؟ نیە؟ ماددەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ماددەی سێ هەیە؟ فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەی خۆی دووبارە دەکەمەوە. چونکە لێرە هاودژە(لا يعمل بأى نص قوانين يتعارض مع أحكام هذا النص) یاسای تۆمار کردن بۆ نموونە ئەو بڕیارە هەڵئەوەشێنێ زەوییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندیدارن، لە یاسا دەڵێ لە تۆمار کردنی زەوی دەبێ کابرا باج بدات،ئینجا هەر چەندێک بێت ماوەیەکە ئێمە نەمان هێشتووە ئەو کابرایە ئیش بکات یان ساڵێک بێ زەرەرمان لێداوە ئێمە دان بەوە دادەنێین کە هەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەڵە نین بەڵکو تەفسیرەکە هەڵەیە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەفسیرەکە هەڵەیە دەڵێ هەر دادگای تێهەڵچوونەوە یان بڕیارەکە لێرە بە ناوی ئەو تەفسیر کرایە ئەوەی گرنگە لێرە هاوولاتی تووشی زەرەر بووە، ئینجا ئێمەش لەسەر زەرەرەکەشی پێی بڵێین یاسا دەڵێ دووبارە تۆمارکردن باجی دەوێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی حالەتی(دعاوى أجر المثل) بوون تۆمارکردنیشی بۆ نیە، بەڵام ئەگەر من هاتم ئیجرائاتی تۆمارکردنم هەڵوەشاندەوە مەعقول نیە دائیرەی تۆمارکردن هەڵواسراو بمێنێت،پێویستە بارەکە بۆ باری پێشو بگەڕێندرێتەوە(على ما كانت عليه قبل التعديل). چونکە بە حوکمی یاسا دەبێت اعادە بکرێت چونکە لەوانەیە خودانی کێشەکە نەچێت داواش بکات، کەسانی پەیوەندار ئەگەر موراجەعەش نەکەن دەبێ دائیرەی تۆمارکردن تۆمارگەی خۆی چاک بکاتەوە بێ ئەوەی پێی بڵێی بە پێی ئەو یاسایە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە مەفروز وەزع نیە پێویستە دەقەکە هەبێ باێ باجی لێوەرنەگیرێ تەنها لەم حاڵەتانە نەبێ، چونکە یاسا دەڵێ باجی لێوەردەگرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید ئێمە دەنگدانمان کردووە لەسەر ئەم ماددەیە، ئەم کێشەیەش بەم گەورەییە نیە چەند حاڵەتێکی دیاریکراوە چەند شت هەڵوەشێنرایەوە ئەچێتەوە جێگای خۆی ئینجا هاوولاتی موراجەعە بکات یان نەکات، چونکە کاتی خۆی چەند ئیجرائاتی هەڵە کراوە ئێمە بەم بڕیارە چاکمان کردەوە، ووتمان ئەم بڕیارە(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره) هیچ تێبینیەک لەسەر ئەمە هەیە؟ فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیـــــبـــــراهیم دوغـــــرمـــــەچی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێـمـە ئەو بڕیارەی کـە ئێـسـتـا دەریدەهێنین بە بڕیارێکی بەپەلە، دادەنرێ مـافـی ئەو خـەڵکە دەگەڕێنێتەوە لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بێتە من تأریخ صدورە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من هەر هەمان پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیمم هەبوو. چونکە زۆر داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران و لە دادگای تێهەڵچوونەوە راوەستاوە بۆ ئەم هەموار کردنە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

پێشنیـارێک هەیە(من تأریخ صـدورە) چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟ فەرمووکاک د. رزگار.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسية.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

پێشنیـارێک هەیە، ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە...؟ سوپاسـتـان ئەکـەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

بەڕای من لە هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایەس کاک فەرسەت لەگەڵ لیژنەی یاسا ئەو مەفهومەی کە باسـتـان کـرد ڕای جەنابی وەزیریش وەربگیـرێ بکرێ بە هۆکاری پێـویـسـتی دەرکـردنی ئەم یاسایە، کاکە شێخیش تێبینیەکی باشیدا بۆ ئەم بابەتە هەمووی کۆبکرێ وبکرێتەوە بە هۆکاری پێویست بۆ ئەوەی ئەم تەفسیرە روون بێت، ئێستا نیو سەعات پشوو ئەدەین کاتژمێر سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ کۆ دەبینەوە.

## کۆبوونەوەی دوای نیوەڕۆ

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

خاڵی (٣) گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری کیمیا گەرانی کوردستان، لیژنەی یاسا با کەرەم

بکەن بۆ سەر سەکۆ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە لەسەر پرۆژەی سەندیکای کیمیاگەران.

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

كتابكم المرقم(ك/٦٢) في ٢٥/ ١٠/ ١٩٩٩.

لقد عرض على اللجنة القانونية مشروع قانون نقابة الكيمياويين لإقليم كوردستان العراق وبعد قيام اللجنة بدراسة المشروع المذكور ومناقشته من كافة الجوانب عليه نؤيد ما ورد في المشروع وفق الصيغة المرفقة طياً، راجين التفضل بعرضه على المجلس للمناقشة.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء البرلمان شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / القانون الآتي:ـ

قانون رقم( )

قانون نقابة الكيمياويين لإقليم كوردستان العراق

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

الاقليم: إقليم كوردستان العراق.

النقابة: نقابة الكيمياويين.

النقيب: نقيب الكيمياويين.

المجلس: ملجس النقابة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

تەسلسولەکەی وای لێ دێت:

إقليم: دەبێتە اقليم كوردستان العراق.

النقابة:

الهيئة العامة:

المجلس:

النقيب:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده یەک دوای ئەو گۆڕانکارییە چ تێبینییەک لەسەری هەیە، نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية:

١ـ تؤسس بموجب هذا القانون نقابة للكيمياويين ولها شخصية معنوية يكون مقرها مدينة اربيل ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم.

٢ـ تشكل هيئة تحضيرية من (١٥)خمسة عشر عضواً بموافقة الجهات المختصة لحين اجراء الانتخابات العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده ٢ چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟.

کاک رەجەب، کاک سەعید یەعقوبی، سیروان کاکەیی.

کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم باشترە بنووسرێت (مقرها عاصمة الاقليم اربيل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید و کاک سیروان هەمان تێبینیان هەبوو، سوپاس.

مادده (٢) دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثالثة:

تعمل النقابة من اجل تحقيق الاهداف التالية:

١ـ المساهمة في النهضة الصناعية والزراعية والعمرانية والثقافية والعلمية بالتعاون مع الجهات المختصة.

٢ـ رفع مستوى اعضاء النقابة الاجتماعي والثقافي والاقتصادي والدفاع عن حقوقهم ورعاية مصالحهم.

٣ـ تنظيم قواعد مزاولة المهنة.
٤ـ تكوين العلاقات والتعاون مع الجمعيات والهيئات والنقابات المهنية الاخرى داخل الاقليم وخارجه.
٥ـ السعي لضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والبطالة.
٦ـ التنسيق مع الجهات المختصة لفسح المجال لأعضاء النقابة لشمولهم بالزمالات والبعثات الدراسية العليا داخل وخارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣) چ تێبینی لەسەری هەیە؟.

پێشنیارێک هەیە ژمارە (١) ببێتە پشتگیری لەم کیانەو لە هەمان دەقەکانی تریش هەیە. ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

وەکو مادده دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة:

يشترط في العضو ان يكون:

اولاً: من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

ثانياً: غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

ثالثاً: ان يكون حاصلاً على شهادة بكالوريوس في الكيمياء وعاملاً في الحقول التكنيكية او العلمية في مجال الاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(أو ما يعادلها شهادة البكلوريوس في الكيمياء)زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ڕستەیە واتای چییە؟ (وعاملا في الحقول التكنيكية أو العلمية في مجال الاختصاص).

کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەگەر برگە (٣) وای لێ بکرێت باش دەبێت: (حاصلاً على شهادة لا تقل عن

البكلوريوس في الكيمياء أو ما يعادله من جامعة معترف بها من مجلس التعليم العالي في إقليم كوردستان العراق) تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو گرفت نییە دەقەکە باش هاتووە (أن يكون حاصلا على شهادة البكالوريوس).

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە ئەگەر بێتو بڵێت (حاصلا على شهادة البكالوريوس) یانی دەبێتە مەرجێک، خەڵک هەیە ماجستێری هەیە، دکتۆرای هەیە، بگوترێت کەمترین شت (لا تقل عن بكالوريوس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە گرفت نییە لەوانەیە زیاد نەبێت، چونکە هەموو دەرچوویەکی بەشی کیمیا مافی ئەوەی نییە بچێتە سەندیکای کیمیاگەرانەوە دەرچووی بەشی کیمیا دەبێتە مامۆستا وەکو وانەبێژ (مدرس) ئەوە چۆن چارەسەر دەکرێت؟. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە کە لە کۆلیژی زانستی لە بەشی کیمیا دەردەچن دەبن بە کیمیاگەر، بەڵام ئەوەی لە بنەڕەتدا دەچێت بۆ پەروەردە، پەروەردە بۆ ئەوە دانراوە کە دەبێتە مامۆستا، هەردووکیان هەر دەرچووی بەشی کیمیان، بەڵام ئەوەی دەرچووی کۆلیژی زانستە دەچێت لە بواری تاقیگەدا کار دەکات یان دەچێت بۆ خوێندنی باڵا، یان دەچێت بۆ کارگەکان، هەردووکیان هەر کیمیاگەرن، بەڵام ئەوەی پەروەردە دەبێتە مامۆستا، ئەمی تر دەچێت لە بواری جێبەجێکردنی زانستی کیمیا (مجالات تطبيق علم الكيمياء) لە کارگەکان، یان خوێندنی باڵا، یان تاقیگەکان کار دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ئەمەی دوایی مافی نییە ببێت بە مامۆستا.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردووکی مافی هەیە ببێت بە مامۆستا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوووکیشیان مافیان هەیە ببن بە ئەندامی سەندیکا؟.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من هەردووکیان مافی ئەوەیان هەیە، چونکە هەردووکیان کیمیاگەرن. بەڵام لێرە سەندیکای مامۆستایان هەیە، ئەوەی بوو بە مامۆستا بەرای من سەر بە سەندیکای مامۆستایان

دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو جیاوازییە لەبۆ ئەوەیە ئەگەر ئێستا ئێمە (بکلوریوس فی الکیمیاء) هەڵبگرین دەتوانێت هەم لە سەندیکای مامۆستایان ئەندام بێت. هەم لە سەندیکای کیمیاگەران.بەس ئەگەر ئەو جیاوازییە هەبێت لە بواری مامۆستایەتی کار بکات ناتوانێت ئەندام بێت لە سەندیکا کیمیاگەران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم جیاوازییە دانراوە بۆ ئەوەی تەمییز بکرێت، چونکە هەمان کیمیاگەر مافی ئەوەی نییە بچێتە ناو دوو سەندیکاوە. ئەمە تایبەت بەوانەیە کە لەو بوارەدا کار دەکەن. تەکنیک و حقول و مەسائیلی زانستی لە بواری پسپۆری خۆیان. ئەمە ئەگەرێکی شیاوە کە بۆ ئەوە هاتووە.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بواری ئەندازیارانی کیمیاگەری، ئەوانیش لە هەمان حەقلی کیمیاوی کار دەکەن، بەڵام ئەوانە لە بوارەکەی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەندازیارانی کیمیاگەری ئەو بەکلۆریۆسی لە ئەندازە هەیە لە زانستی کیمیا ، ئەوە پەیوەندی بە مەسەلەی (تصمیم)ەوە هەیە (دیزاینی) پێ دەگوترێت (تەصمیمی) کارگە دەکات، بەس لێرە سەبارەت بە سەندیکای مامۆستایان، پیشەکە سەندیکاکە دیاری دەکات، با هەر پسپۆڕییەکی هەبێت، کە بوو بە مامۆستا پیشەکەی هەر مامۆستایە سەر بە سەندیکای مامۆستایان دەبێت، ئەوی ترکە لە بواری پیشەسازیدا کار دەکات، دەچێتە سەندیکای کیمیاگەرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عوسمان حسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماموستای دەرچووی کۆلیژی پەروەردە، دوو بەشی هەیە بەشی تەدریس و بەشی تەتبیق، هەردوو بەش دەخوێنێت ئینجا دەبێتە ماموستا و دەچێتە سەندیکای ماموستایان. ئەوەی دەرچووی کۆلیژی زانستە کە لە کۆلیژی زانست دەردەچێت تەبیقی نییەو ئوسولی تەدریسی نییە، ئەو جیاوازییەی لێرە هاتووە هەقە هەبێت بۆئەوەی جیا بکرێتە لە نێوان هەردووکیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بۆ ئەوە دانراوە ئەگینا ماددەکە تێکەڵ دەبێت، بەهەر حاڵ ئەو ماددە بەو شێوەیە، (أن يكون حاصلا على شهادة البكلوريوس في الكيمياء أو ما يعادلها وعاملاً في الحقول التكنيكية). ئەگەر چ تێبینییەک لەسەری نەبێت دەیخەینە دەنگدانەوە. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر قسەکەی کاک عوسمان هەبوو. دەرچوانی کۆلیژی زانست کە خۆم دەرچووی کۆلیژی زانستم بەبێ خولی پەروەردەیی سێ ساڵ ماموستایەتیم کردووە،واتا ئەوە قەید نەبووە وەختی خۆی، ئەمە لەسەر داواکاری ئێمەش نەبووە، بەڵکو لەسەر داواکاری وەزارەتی نەخشەکێشان (تخطيط) بووە، تۆ دەرچووی کۆلیژی زانستی بووی مەرکەزیەن کراوی بە ماموستا واتا سیاسەتێکی حکومەت بووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە کە دانراوە (فی الحقول التكنيكيه) بۆ ئەوەیە تەمییز بکات لە نێوان دوو سەندیکا و سەندیکای کیمیاگەران، لەبەرئەوەشە کە جۆرە تەشویشێک دروست نەبێت لەسەر مەسەلەکە بۆیە ئەو (عاملا فی الحقول التكنيكيه أو العلميه فی مجال الإختصاص) ئەگەر ئەو نەبوو ئەچێت بۆخۆی ماموستایەتی دەکات، یان ئیشێکی تر دەکات ئەم دەقە بۆ ئەوە دانراوە لەوانەیە جۆرە مەشروعیەتێکی تێدا هەیە. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة:

اولاً: يكون الانتماء الى النقابة بتقديم طلب تحريري الى النقيب مرفقاً بالوثائق اللازمة.

ثانياً: يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ تسجيله وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر الطلب مقبولاً.

ثالثاً: للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى محكمة تمييز الاقليم خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەم ماددە (٥)ە گشتییە هەروەکو ماددەکانی سەندیکاکانی تر هیچ ئیزافەیەکمان

نەكردووە. هیچ تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟. كاك ئەمین فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە سەندیكاكانی تر گوتوومانە داواكاری پێشكەش بكات بۆ نەقیب یاخود بۆ لقەكان، لێرە ئەوە نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئەمین بنەڕەتكە ئەوەیە سەرۆكی ئەم سەندیكایە داواكارییەكەی پێ بگات خۆ نانووسێت (السید نقیب الكیمیاویین بواسطة فرع كذا).

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری یاساكانی تر بكەین هەمووی تێیدایە. (النقیب أو الفروع في النقابات).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگە (٢)دا هاتووە (یعرض طلب الانتماء الی النقیب)، لە بڕگە (١) هاتووە (یقدم طلب الانتماء بتقدیم طلب تحریري الی النقیب)، ئەوەی كە كاك ئەمین دەڵێت هەر دەبێت بڵێت (بواسطة فرع النقابة الی النقیب) ئەوە دەرئەنجامە، دەبێت بە ڕێگای سەرۆكی لق بێت.
كاك ئەمین چ تێبینیت ماوە.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یاساكانی تر هەر ئەمڕۆ كردوومانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئەمین دەڵێت (الی رئیس الفرع)یش زیاد بكرێت.
ئەو پێشنیارەی كاك ئەمین كێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند نەكرا.
مادده (٥) دەخەینە دەنگدانەوە.
كێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی كمال:**

المادة السادسة:

اولاً: بدل الانتماء الی النقابة ثلاثون دیناراً.

ثانياً: بدل الاشتراك السنوي عشرون ديناراً ويدفع في موعد لايتجاوز شهر شباط من كل سنة واذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم (٥٠٪)من بدل الاشتراك وان تأخر عن موعد الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب اسمه من سجل الاعضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده (٦) چ تێبینی لەسەری هەیە؟. نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

كێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

المادة السابعة:

تتألف النقابة من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لێرە (هیئە العامە) هاتووە، ئێستا بوو بە (الهیئە العامە، مجلس النقابە، لجنە الانضباط، فروع النقابە فی المحافظات). تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟. فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە وابزانم نەقیب لەبیر كراوە. دەبێت نەقیبیشی تێدا بێت چونكە ئەمە پێكهاتەكانی سەندیكایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەقیب لە زمنی ئەنجوومەنە.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر نەقیب لە زمنی ئەنجومەن نییە بەڵكو بە جیاواز هەڵدەبژێردرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەی كاك ئیبراهیم راستە نەقیب راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت. برایان وایان داناوە لە زمنی ئەنجوومەنە. كەواتە ماددەكە بەو شكلە دەبێت: (الهیئە العامە، مجلس النقابە،...) كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەقیب لە میانی (الهیئە العامە) نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مجلسیش لە میانی (هیئە عامە)یە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مجلس النقابە، رئیس مجلس النقابە، نقیب رئیس مجلس النقابەیە. ئەوەش دادەنێین النقیب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئیبراهیم ئەوەی کاک محەمەد باش نەبوو باش بۆی نەچوو، ماندووە، بەڵام وابزانم ئەمە پەیوەندی بە مؤسسات هەیە و بە تشکیلی ئیداری سەندیکاوە هەیە. ئەبێ بنووسرێت رئیس فەرعیش ئەگەر وای لێ هات. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک ئیبراهیمیش دەیڵێت دەبێت نەقیبیش بە جیا بنووسین جێگری نەقیبیش بە جیا بنووسین سکرتێریش بە جیا بنووسین. هەروەکو کاک فەرسەت گوتی زمنی تشکیلاتی ئەنجوومەنی سەندیکایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة السابعة: (الهیئة العامة، مجلس النقابة، لجنة الانضباط، فروع النقابة) مادام وایە.
مادده (٧) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة:

تتألف الهیئة العامة من جمیع الاعضاء الذین اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلی سلطة في النقابة وتعقد اجتماعاً اعتیادیاً في مقرها خلال شهر کانون الثاني کل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقیب لانتخاب النقیب وثمانیة اعضاء وعضوین احتیاط لاشغال عضویة المجلس واعضاء لجنة الانضباط ویتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهیئة العامة وعند عدم اکتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر یوماً من الاجتماع الاول وفي نفس الوقت والمکان ویعتبر النصاب کاملاً بحضور ثلث الاعضاء وبعکسه یعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة اخری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٨) تێبینی لەسەری هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة:

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً اعتيادياً لغرض:

اولاً: تصديق الميزانية والحسابات الختامية.

ثانياً: مناقشة واقرار تقرير المجلس.

ثالثاً: النظر في الاقتراحات المقدمة بشأن تعديل قانون النقابة.

رابعاً: اقرار النظام الداخلي وتعديله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٩). تەنیا ئەو تێبینییە هەیە (تصديق الميزانيه السنويه والحسابات الختاميه). کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تصديق الميزانية لێرە سنوی نییە، چونکە لە ماددەیەکدا هاتووە (کل ثلاث سنوات تجتمع الهيئة العامة لتدقيق ميزانية ثلاث سنوات)، ميزانية سنوية تقدم الى المجلس، والمجلس تصادق عليها. أما ميزانية ثلاث سنوات بعد ثلاث سنوات ترفع الى الهيئة العامة لتصديق الميزانية العامة لثلاث سنوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەقدی هیئە العامە لە پێشدا لە مادده (٨) هاتووە، ئەمە (تمارس الهيئة العامة الصلاحيات التالية)، ئەمە هەروەکو پەڕیوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەم بەیانییە بوودجەی سەندیکا خاوەن پیشە تەندروستییەکانمان بەو شێوەیە پەسەند کرد:

الصلاحيات التالية:

اولاً: تصديق الميزانية السنوية والحسابات الختامية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(هيئە العامە) سێ ساڵ جارێک کۆدەبێتەوە و کۆبوونەوەیان ساڵانە نییە. دوایی کاک فەرسەت

ئەو تێبینییە لای خۆی تۆمار بکات. ئێستا خۆتان باستان کرد گرنگ ئەوەیە موشەریع چی دەوێت؟.
ئێستا مادده (٩) دەخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة العاشرة:
اولاً: يجوز دعوة الهيئة العامة الى اجتماع غير اعتيادي في احدى الحالتين التاليتين:
١- بقرار مسبب يتخذه اكثرية اعضاء المجلس.
٢- بطلب تحريري مسبب يقدمه ثلث اعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعلى المجلس اصدار الدعوة وتعيين موعد الاجتماع خلال مدة خمسة عشر يوماً من تاريخ وصول الطلب.
ثانياً: لايجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا في الامور التي ادرجت في جدول الاعمال وعند الاجتماع من اجلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٠) چ تێبینی لەسەری هەیە؟.. نییە کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الحادية عشر:
اولاً: لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان قد منع من مزاولة المهنة انضباطياً.
ثانياً: تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة بأكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١١) چ تێبینی نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الثانية عشر:
يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من تسعة اعضاء:
اولاً: النقيب ويشترط فيه ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات.
ثانياً: ثمانية اعضاء بما فيهم نائب النقيب والسكرتير ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات.
ثالثاً: ينتخب المجلس من بين اعضائه وبالاقتراع السري نائباً للرئيس وسكرتيراً.

رابعاً: يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث اعضائه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سیروان و کاک رەجەب، کاک سیروان فەرمووو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەشدا دیسانەوە دەڵێین «نقابە» بکرێتە «یتألف نقابة المجلس من»، پاشان پێشم باشە کەوا خاڵی «١ و٢»لەم ماددەیەدا بێت و، خاڵەکانی «٣ و٤»یش لە ماددەیەکی تردا بێت، هەروەکو لە یاسای خاوەن پیشە تەندروستییەکاندا هاتبوو، چونکە ئەوە پێکهاتەی ئەنجوومەنە، بەڵام ئەوی تر ئیشکردنی ئەنجوومەنە، جا ئەوانە دوو ماددەی لە یەک جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەرووی جوانکاری دارشتنەوە ئەوەی کەوا جەنابت باسی دەکەیت زۆر باشە، چونکە ئەوانە دوو شتی جیاوازن، کەواتە هیچ کێشەیەکمان نییە، تەنها ماددەیەکی بۆ زیاد دەکەین، ئەویش خاڵی «٣و٤» دەکەینە ماددەی «١٣»، لیژنەی یاسا هیچ گرفتێکی تیادا دەبینێت؟، کاک محەمەد فەرمووو.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددەی بۆ زیاد ناکەین، ئەڵێین:«یتألف مجلس النقابة من (٩)أعضاء :أولاً- النقیب. ب - «٨» أعضاء.» ٢- برگەی «٣ و٤»دادەنێین، بۆ بیکەینە ماددەیەکی تر، هەر هەمان ماددە بێت، تەنها دیکەینە دوو برگەی جیاواز، چونکە برگەی «٣و٤» لە میانی تایبەتمەندەکاندا نییە، بەڵکو لە میانی هەڵبژاردنەکانە، چونکە دەڵێت: « ینتخب المجلس من بین أعضائه بإقتراع سري نائباً للرئیس و سکرتیراً»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوانە هیچ پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، یەکیان باسی نەقیب و «٩»ئەندامەکەیە و، ئەوی تریشیان باسی هەڵبژاردنە و، ئەمی تریشیان دانیشتنی نائاساییە، گونجاوترە ئەگەر بکرێت بە دوو ماددە،یان بکرێت بە «٣» ماددە، ماددەی یەکەم «١ و٢» بێت، ماددەی دووەم هەڵبژاردنی سکرتێر و جێگری سکرتێر بێت و، ماددەی سێیەمیش دانیشتنە ئاساییەکان بێت کە لەلایەن نەقیبەوە دەکرێت، کەواتە ماددەی«١٢» برگەکانی «١و٢»ی تیادا دەبێت و، ماددەی «١٣»برگەکانی «٣ و٤» بە خۆوە دەگرێت ، ئەو «أولا و ثانیا»ەش هەڵگرن و بیکەن بە «١و٢»باشترە، ئێستاش ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا ماددەی

«١٢» چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دانانی «١و٢»باشە، بەڵام لە نەقیب و «٨» ئەندامەکە مەرجیشی تیادایە و، کە مەرجی کار بە پیشەکردنە و نابێت ئەو مەرجانەش تێپەڕ کەین، بە رای من «١و٢و٣» ماددەیەک بێت و، «٤»ەمیش ماددەیەکی بەتەنها بێت، چونکە ئەوە باس لە گرێدانی دانیشتنی ئەنجوومەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمەش هەر وامان لێ کردووە، جا بەو شێوەیە دایڕێژنەوە، ئەگەر چ تێبینیتان نییە ئەوە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الرابعة عشر:

١- يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الأعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيها الرئيس.

٢- إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز نائب النقيب شاغراً وذلك للمدة المتبقية.

٣- إذا شغر أحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين إعضاء الإحتياط.

٤- إذا شغر مناصب أكثر أعضاء المجلس، على المجلس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين للإنتخاب من يملئها بنفس الطريقةالمبينة في هذا القانون للمدة المتبقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«إذا شغر أحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين الأعضاء الأحتياط» هەر هەمان کێشەی پێشەوەمان هەیە، کە ئەویش ئەگەر هاتوو هەر سێ جێگای نەقیب و جێگرەکەی و سکرتێر قبوڵ بی ئەوە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن شوێنی دەگرێتەوە تاوەکو کاتی هەڵبژاردن، کەواتە ئەندامێکی یەدەگ دێتە شوێنی ئەو ئەندامە ئەسڵییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نابێت هەر وەکو سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان چارەسەری کەین؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەبێت، هەر وەکو ئەوەی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکانی لێ کەین، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی یەکەمدا هاتووە «يرجح الجانب الذي فيه الرئيس»، «الرئيس» بکرێت بە «النقيب»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەڵەی دارشتنەوەیە و، لە کاتی دارشتنەوەدا دەبێت رەچاوی ئەو خاڵانە بکرێت، ئەوە گرفت نییە، ماددەی «١٤» لە یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکاندا ئێمە بەم شێوەیە چارەسەمان کردووە«١ـ إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه للمدة المتبقية وإذا كان مركز النائب شغر فيحل السكرتير محل النقيب. ٢ـ إذا شغر منصب النقيب ونائبه يحل محله عضو من الأعضاء الأصليين عن طريق الإقتراع السري وعلى المجلس أن يدعو الهيئة العامة للإجتماع غير الإعتيادي خلال مدة لا تزيد عن شهرين لغرض إنتخاب النقيب ونائبه للمدة المتبقية على ان لا تقل عن ستة أشهر» ئەمە دەبێت بە دەقەکەی و پێشتریش دەنگدانمان لەسەری کردووە و، ئەمە پێشنیار کراوە ودەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة عشر:

أولا: يمارس المجلس الإختصاصات التالية:

١ـ العمل على تحقيق أغراض النقابة.

٢ـ تقديم المقترحات الى الهيئة العامة بشأن تعديل قانون النقابة.

٣ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة.

٤ـ تعين العاملين في النقابة وتحديد أجورهم.

٥ـ النظر في طلبات الإنتماء والموافقة عليها.

٦ـ إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية.

٧ـ إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة.

٨ـ البت في إستقالة النقيب أو نائبه أو أي من أعضاء المجلس.

٩ـ تأسيس فروع النقابة في المحافظات.

١٠ـ تشكيل اللجان الفرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١١- تعين مدقق حسابات لأجل تدقيق الحسابات.
١٢- تنظيم الأوراق الإنتخابية والوثائق الأخرى والإشراف على عملية الإنتخاب.
١٣- إقرار تمليك الأموال والعقارات والقبول الهبات و المنح بموافقة الجهات المختصة.
١٤- تأسيس وإدارة النوادي وفق قانون الجمعيات.
١٥- إعداد النظام الداخلي للنقابة.

ثانيا: للمجلس تخويل بعض من صلاحياته الى اللجان الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١٥»هەیە، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

له برگـه «٧»دا کـه دەڵێت:« إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة» بکرێت به «الى لجنة الإنضباط» باشتره، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

له خاڵی «١٣» وشەی «تمليک» بکرێت به «تملک الأموال»، له خاڵی «١١»ەشدا دەڵێت:« تعين مدقق حسابات» ئەوه له خاڵی «٤»دا وتراوه «تعين العاملين»مان نووسیوه جا باشتر وایه خاڵی «١١» بکرێت به «التدقيق السنوي لحسابات النقابة»، چونکه ئەوه ئیشی ئەنجوومەنه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

له شوێنەکانی تر وا چارەسەر کراوه «إعداد الميزانية و تيعن محاسب قانوني لإجراء تدقيق حالسابات الختامية» ئەم دەقه له جیاتی خاڵی «١١»ەیەم دادەنێین، چونکه رستەکەشی لاوازه، جا پێشنیار هەیه کەوا ئەو رستەیەی له شوێن دانێین، چ تێبینییەکی لەسەر هەیه؟، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت به «تعين » ئەو وشەیه له خاڵی پێش ئەوەدا هاتووه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

«تعين» مەرج نییه تەنها به وەزیفه دایمەزرێنێت، دەتوانن فەرمانبەرێکی ژمێریاری یاسایی راسپێرن بۆ ئەوەی بەو کاره هەڵسێت، چونکه نابێت سەندیکایەک ژمێریارێکی یاسایی بۆ سەندیکاکەی مانگی به چەند هەزار دینارێک دامەزرێنێت، لێره نووسینگەی ژمێریاری هەیه که

دەتوانن بە برێک پارەی مانگانە رایانسپێرن کەوا وردکاری لە حیساباتی سەندیکادا بکەن، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دامەزراندنی «مدقق الحسابات» ئەگەر بۆ هەندێک لە کۆمپانیاکان پێویست بێت وفەرمانی دامەزراندنی دەربچێت و مانگانەی هەبێت، ئەوە شتێکی یاساییە، بەڵام سەبارەت بە سەندیکاکان ئەوە وردکارێکی ژمێریاری راسپێرێت و، دێت ئیشەکان هەمووی دەکات و، پاش تەواو بوونی ئیشەکەی کرێکەی دەدەینێ بەبێ ئەوەی دایمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو پێشنیارە کە دەڵێت:«إعداد الميزانية و تيعن محاسب قانوني لإجراء تدقيق الحسابات الختامية» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حـــــسێـــــن عـــــەلی کـــــەمـــــال:**

المادة السادسة عشر:

للنقيب الصلاحيات التالية:

١ـ رئاسة اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى الجهات القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض صلاحياته الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

٣ـ تأييد ملاءة منتسبي النقابة لأغراض الكفالات.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەم ماددەیە؟،کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مـــــەحـــــمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە خاڵی دووەمدا هاتووە:«تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى الجهات القضائية والادارية والهيئات الرسمية......»بە رای من ئەو «في كافة المعاملات »ی لێ هەڵگیرێت و، بکرێت بە «تمثيل النقابة لدى الجهات القضائية والادارية والهيئات الرسمية......» ،سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوەش هەڵەیەکی نووسینە، باشە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة عشر:

اذا تغيب النقيب او شغر منصبه ناب عنه نائبه للمدة المتبقية او السكرتير في حالة تغيب النقيب ونائبه واذا شغر المناصب الثلاثة ينتخب المجلس احد اعضائه ليحل محل النقيب وعلى المجلس دعوة الهيئة العامة خلال مدة لاتتجاوز شهرين لغرض انتخاب النقيب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دووبارە بووەتەوە، ئەگەر بیسڕنەوە باشترە، فەرموو ماددەکەی پاشی ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة عشر:

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً اذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال سنة دون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. نییە؟، کەواتە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشر:

تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء وعضوين احتياط وتختص بالنظر في القضايا والشكاوي التي يحيلها عليها المجلس وتتبع القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە گوێرەی ئەم ماددەیە بێت، وەکو ئەوەیە کە ئێمە دەسەڵاتی ئینزیباتی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەدەین بە سەندیکا، جا نابێت وا بێت، چونکە ئینزیباتی فەرمانبەری وڵات سەر بە لیژنەی ئینزیباتی و یاسای ئینزیباتییە، نەوەک لە دەسەڵاتی سەندیکادا بێت، ئێمە لێرەدا دەتوانین بێین لەکاتی ئیجرائاتەکەدا ئەو ئیجرائاتە لێرەدا بەکار بێنین، بەڵام دەسەڵاتەکە نەء، چونکە ئینزیباتی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەسەڵاتی زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەسەڵاتی لیژنەی ئینزباتی دیاری کراوە بە «إلفات النظر وإنذار والمنع» ئەوەی کە مەبەستە لێرەدا ئەو بنەمایانەن کە لەکاتی ئیجرائاتدا بەرجەستە دەکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

لە یاساکەی پێشوودا لە برگەی کۆتاییدا باسی ئەو پێشنیارە دەکات کە کاک سەعید باسی کرد، بەڵام لێرەدا لەگەڵ رستەکەی سەرەوەدا هاتووە، هیچیش لە بابەتەکە ناگۆڕێت، کەواتە وای لێ دێت:«تتألف لجنه الإنضباط من «٣» أعضاء وعضوين إحتياط وتختص بالنظر فی الشكاوی التی يحيلها عليها المجلس.» پاشان ( للجنه الإنضباط الصلاحيات :«أ» و«ب» و«جـ» )خاڵی «د»یشی بۆ زیاد دەکەین،(تتبع لجنه الإنضباط القواعد الوارده فی قانون إنضباط الموظفی الدوله) کەواتە هیچ ناگۆڕێت، هەرچەندە پێشنیارەکەی کاک سەعید بەجێیە، بەڵام ئەگەر لەوێ بێت، یا بکرێتە برگەیەکی تایبەتی، ئەوەندە جیاوازی نابێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة عشرة:

للجنة الانضباط صلاحية اصدار العقوبات التالية:

أـ الفات نظر.

ب ـ إنذار.

جـ ـ المنع لمدة لا تتجاوز ستة اشهر ويقتصر المنع بالنسبة للموظف والمستخدم على العمل خارج اوقات الدوام الرسمي وتبلغ دائرته بالقرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، نییە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة العشرون:

يجوز الطعن في قرارات لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ التبليغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ماددەی «١٦»مان کە هەڵگرت، دەبێت ئێستا ماددەکان زنجیرەی ئاسایی خۆیان وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زنجیرەی خۆیەتی، چونکە ماددەیەکمان کرد بە دوو ماددە و، ماددەیەکیشمان هەڵگرت، جا بۆیە ئێستا زنجیرەی ئاسای خۆی وەرگرتووە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الحادية والعشرون:

١- تنتخب لجنة الفرع من قبل الاعضاء بالاقتراع السري.

٢- تتألف لجنة الفرع من رئيس وعضوين اصليين وعضو احتياط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەم ماددەیە هیچ تێبینییەک هەیە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ ..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو ماددەی «٢٢» بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الرابع

(مالية النقابة)

المادة الثانية والعشرون:

تتكون مالية النقابة من:

١- بدلات الانتماء والاشتراك السنوي.

٢- المنح المقدمة من الجهات الرسمية والغير الرسمية.

٣- التبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء وغيرهم وبموافقة الجهات المختصة.

٤- ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٥- أرباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها أو القيام بها.

٦- أرباح مطبوعات النقابة.

٧- الرسوم التي يقررها مجلس النقابة في حالة قيامها بالتحكيم.

٨- تأييد ملاءة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.

٩- رسم تأييد العقد بين منتسبي النقابة وأصحاب الاعمال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی «٢٢» هیچ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر تەواوە، تەنها خاڵی یەکەم نەبێت کە دەڵێت:«بدلات الانتماء والاشتراك السنوي» ئەو «الاشتراك» بکرێت بە «الإشتراكات»، چونکە «بدلات» بە کۆ هاتووە،

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسادا دەڵێین دەبێت بە تاک قسە بکرێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە «بدلات» بکرێتەوە تاک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پاشان چاک کەن، ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة والعشرون:

للمجلس ان يمنح او يقرض اي عضو من منتسبي النقابة إذا ثبت عجزه وفق الحالات المدرجة ادناه:

١ـ اذا اصيب بمرض يستلزم معالجة خاصة بتقرير من لجنة طبية.

٢ـ اذا تعرض لحادث عطله من مزاولة المهنة.

٣ـ اذا حلت به كارثة طبيعية سببت له اضرار مالية لا قبل له بتعويضها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو «٣»بڕگەیە زیادەن، چونکە لە ئامانجەکاندا هاتوون،«السعي لضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والبطالة.» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا ئەو ماددەیە زیادە، چونکە لە ئامانجەکاندا هاتووە، وەکو پێشنیار دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئەوە دیسان ماددەیەکی ترمان کەم کردەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ماددەی «٢٤»مان کرد بە «٢٣».

المادة الثالثة والعشرون:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، نییە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة والعشرون:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٢٤»هەیە، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، دیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئێستا وەکو یاسا دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو هۆکارە پێویستەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الاسباب الموجبة

بغية تطبيق عمل وجهود الكيمياويين كبقية شرائح الشعب الكوردستاني وتوجيهاً للمساهمة في اعمار وبناء وانماء كوردستان من الجوانب العلمية والعمرانية والزراعية والصناعية، بعد تحقيق هدف الحركة التحررية الكوردية التي قادها مصطفى البارزاني الخالد في الحرية والديموقراطية والفيدرالية وتعزيزاً لهذه المكتسبات ولرعاية مصالح اعضاء لنقابة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە تەواو، هیچ خاڵێکمان لە بەرنامەی کاردا نەماوە، «١٠»خولەک پشوو دەدەین، فەرموون.

## دوای پشوودان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی کۆتایی ئەم دانیشتنەمان لەسەر چیچانە، وەکو هەموو لایەکتان ئاگادارن ماوەیەکە خەڵکی چیچان تووشی شەڕێکی نا ڕەوا بوونە لەلایەن دەسەڵاتدارانی رووسەوە، ئەو وڵاتە، ئەو میللەتە

وەکو هەر وڵاتێک و هەر میللەتێکی تر داوای مافی خۆی دەکات و، دەیەوێت کیانی خۆی هەبێت، بەتایبەتی پاش ئەو هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیێتی کۆن و، بە دەیان کۆمارو وڵاتی لێ بووەوە، ئەوانیش وەکو میللەتانی تر هەوڵدەدەن کەوا سەربەخۆیی خۆیان هەبێت، میللەتەکە با ئاسوودە لە وڵاتی خۆیدا بژیێت، وا دیارە کاربەدەستانی رووس دەیانەوێ بە زۆرەملێ و بەزەبری ئاگر ئەو وڵاتە هەر وەکو جاران حوکمرانی بکەن، ئەگەر چی هەندێ گۆڕانکاریش کەوتوەتە سەر ئەو سیستەمەی کە هەیە، چەند جارێک لێرەدا لەم پەرلەمانە ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کەوا ئێمەی کورد ئەوەندەمان زوڵم و زۆری لە دەست رژێمە یەک لە دوای یەکەکانەوە دیوە ئەوەندە مافەکانی ئێمەیان پێ شێل کردووە تاوەکو رادەی بەکۆمەڵ کوشتنمان، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دوایدا لەلایەن رژێمی بەغداوە کە هەموو جۆرە چەکێک و هەموو جۆرە زەبرو زەنگێکی بەسەرماندا تاقی کردەوە، بەڵام ویستی خەڵکی کوردستان زۆر لە ویستی زاڵمان بە هێز تر بوو و، خەڵکی خێرخوازیش لە قۆناخە جیاجیاکان ویژدانیان هەژالە بەرامبەر ئەو گوناهە و بەرامبەر بەو قوربانی دانە گەورەیەی ئێمەدا، هەروەها گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە گەورانەی کە ئەمڕۆ چارەنووسی زۆر شتیان بە دەستە لە بڕیاردانیاندا.
هەرچەندە پشتگیری لە چیچان دەکرێت لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، بەڵام بەداخەوە هەتاوەکو ئێستا وەکو پێویست ئەو کۆمەکییەی لێ ناکرێت، لەوانەیە هۆکاری زۆر بێت، بەڵام یەکێک لەو هۆکارانە ئەو رخنانەی کە ئاراستەی خودی ئەو کەسانە دەبن کە کاربەدەستن لە چیچاندا و بەرنگاری رووسەکان دەبنەوە. خەبات و شێوەی خەبات و دۆست بۆ مرۆڤ دروست دەکات، ئەگەر نەزانی باش ئەو هاوسەنگییە بەکار بێنیت و، باش ئیشی بۆ بکەی لەوەیە هەرچەند تۆ خاوەن ماف بیت، بەڵام بەو شێوازانەی کە بە کاری دێنیت لەوانەیە وەکو پێویست پشتگیریت لێ نەکرێت نموونەشمان زۆرە کە یەکێک لەوانە خۆمانین وەکو میللەتی کورد، یەکێک لە حیکمەتە هەر گەورەکانی بارزانی نەمر ئەوە بوو کە هەمیشە جەختی دەکردەوە لەسەر ئەندامان و کادرانی پارتی کەوا نابێت کاری تیرۆرستی و کۆمەڵ کوژی بکەن، هەتاوەکو ئەگەر هاتوو زوروفیش بواری پێدان، زۆر جار کە تۆپەکانی ئێمە لەکاتی هێرشدا شوێنێکی بۆردومان بکردایە، یەکەم شت جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئایا بەری گوندێک کەوتووە، یا بەری جێگایەک کەوتووە کە خەڵکێکی بێ گوناهی تیادا بێت؟، خوا لێی خۆشبێت هیچ شتێک ئەوەندە ئەزیەتی نەدەدا وەکو ئەوەی کەوا بیزانیبایە کە تۆپێک بەر خەڵکێک دەکەوێت ، یا زیانی بە خەڵکێک دابێت کە بێ گوناهبن و بێ لایەن بن و، هەتاوەکو بەرامبەر بە دوژمنیش پێی خۆش بوو کەوا زیانی گیانییان لە کەمترین رادەدا بێت، چونکە دەیزانی خەڵکێکی زۆر هەنە بە زۆر هێناویانن بۆ ئەو شوێنانە، لەوانەیە بەرپرسان و کاربەدەستانی ئێمە لە گەرمەی خەبات و فشاری بارودۆخدا هەندێ سەغلەت بووبێ بەرامبەر ئەو سیاسەتەی بارزانی نەمر لەمەر ئەو کێشەیە، بەڵام رۆژگار سەلماندی کە دووربینی بارزانی نەمر لەوەدا بوو، کەوا ئێمەی کورد بەگشتی و پارتی دیموکراتی

کوردستان به تایبەتی چەند سوودمان لەو رەوشت و سیاسەت و بۆچوونە وەرگرت، خوا خۆی دەزانی، لەوانەیە زۆربەتان ئاگادارییەکی باشتان هەبێت لەسەر شۆڕشی ئەیلول و گولان، سەردەمێک شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان دەیتوانی زۆر شتی گەورە لە پایتەختی عێراق بەغدا بکات، بەڵام باوەڕتان هەبێت رۆژێک لە رۆژان شتێکی وا نەکراوە کە ببێتە مایەی ئەزیەت دانی هاوولاتییەکی بێ تاوان و، ئەمەش بەراستی یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانە کە تۆ چۆن شێوازی خەباتی خۆت دادەڕێژی و چۆن کاری بۆ دەکەیت و، دڵنیا بن خەڵکێکی زۆر لەسەر ئەم بابەتانە حوکم دەدات و، تەنها لەسەر رەوایی مەسەلەکەی تۆ حوکم نادات، یەکێک لەو کێشانەی کەوا خەڵکی چیچان تووشی بوونە و ئەو گلەییەی کەوا لێیان دەکرێت هەندێ شت دەکەن بە رایی چاودێران لە بەرژەوەندی وڵاتەکەیاندا نییە و، هەتاوەکو لە بەرژەوەندی و ناوەرۆکی ئەو مەسەلانە نییە کە ئەوان دەیخەنە روو، هەرچی بێت ئێمە وەکو میللەتێکی بن دەست و بەلەنگاز کە ساڵەهای ساڵە لە ژێر دەستی داگیرکەرانی کوردستاندا چەوساوینەتەوە و بەکۆمەڵ کوژراوین و رژێمی سەدام کیمیابارانی کردووین و ئەنفالی کردووین و هەوڵیان داوە رەگو ریشەمان هەڵکەنن، ئێمە دەزانین ئازاری میللەتانی بن دەست چۆنە، ئێمە دەزانین ئاهی ئەو میللەتە دەربەدەرە چۆنە، چونکە هەموویمان بینیوە وئەرکە لەسەرمان، ئەرکێکی ئایینییە، ئەرکێکی مرۆڤانەیە، هەرچۆن ناوی لێ دەنێین ئەرکە و لەسەرشانمانە، ئێمە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەنگی خۆمان بەرز بکەینەوە و، نارەزایی خۆمان پیشان بدەین بەرامبەر بەو گوناهانەی کە دژ بە خەڵکی چیچان دەکرێت و، پشتگیری خۆمان پیشان بدەین و، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەین کەوا هاوکاری ئەو میللەتە بن دەستە بن، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو خەڵکانی تر ئازاد بن، ئێستاش ئەم دانیشتنە لەسەر داوای ئێوەی بەڕێز بوو کە باسی ئەم بابەتە بکەن، ئێوەش هەست و نەستی خۆتان نیشان بدەن و، دەرگای گفتوگۆش دەکەینەوە، بەڵام تکاتان لێ دەکەم کەوا ئاگاتان لە کات بێت بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرین، ئێستاش جەنابی سکرتێر با بفەرموێت ناوەکان بنوسێت، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم جیهانە تازەیەدا و، لەناو ئەم دەریای گۆڕینی رامیاری و کۆمەڵایەتییەدا، هاوسەنگییەک سەر هەڵدەدات ئەویش تەنها ئەوەیە کە میللەتانی بن دەست و هەژار وەکو میللەتی ئێمە و میللەتانی تریش کۆت و بەندی خۆیان دەشکێنن و، سیستەمی توتالیتاری و دیکتاتۆری دەشکێنن و هەڵدەفڕێنن و دەخەنە ژێر پێیان، لەم جیهانەدا ئێمەی میللەتی کورد لەوانەیە ببینە ئەگەری ئەوەی کە پرنسیپی تازە جێبەجێ بکرێت و، تاقی بکرێتەوە و، لەوانەیە خەبات و تێکۆشان و بەرخودان و شەهیدانی ئێمە بن وایانکرد کە پرنسیپی تازە بکەوێتە ناو جیهانی ئەمڕۆدا و، لە فەرهەنگی تازەی سیاسیدا بێتە چەسپاندن و، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی خۆی بەخاوەنی بزانێ و لەسەری بچن،

گومانی تیادا نییه ئەو سەختییەی کەوا ئێمە کێشامان لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا دەڵێت: « مبدأ تدخل الإنساني»یە کە میللەتی کورد لەسایەی ئەم بنەمایەدا هەرچەندە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بە بۆچوون و هزر و بیری خۆی بۆی هەبوویێت لە پێشدا، بەڵام کورد بووە هۆی ئەوەی کەوا ئەم بنەمایە بێتە تاقیکردنەوە و، کوردستان یەکەم جێگا بوو کەوا ئەو بنەمایەی لێ تاقی کرایەوە، ئەمەش جێگای شانازییە بۆ ئێمە وەکو میللەتی کورد و، وەکو خەباتکەرانی میللەتی کورد، کە ئەم بنەمایە بە سایەی میللەتێکی بن دەستی وەکو ئێمە بێتە چەسپاندن و، ئێمەش و میللەتانی تری بن دەستیش سوودی لێ وەرگرن، چەندین ساڵە سیستەمی دیکتاتۆری و توتالیتاری هەوڵی ئەوە دەدەن کەوا کارتی«عدم التدخل في الشؤون الداخلية أو السيادة الوطنية» بکار بێنن بەرامبەر بە بزاڤ و تێکۆشانی میللەتانی ژێر دەست و، نەیەڵن بگەن بە ئامانج و مافەرەواکانی خۆیان و، ئەو میللەتە ژێر دەستانە نەگەن بە گەلانی تری جیهان و، نەتوانن پاڵپشتی و پشتگیری رێکخراو و میللەتانی تری جیهان بکەن، بەڵام میللەتی کورد توانی زەمینە خۆش بکات و ئەم بنەمایە تاقیکاتەوە کە «عدم التدخل فی الشؤون الداخليە» هەڵگیرێت و ،بکێشرێتەوە و «التدخل الانساني» بێتەکایەوە و، میللەتانی ژێر دەستیش سوودی لێ بکەن، وەکو باسم کرد یەکەم جاریش لە کوردستاندا بەکار هاتووە و، کۆمەڵەی نێودەوڵەتیش بڕیاری «٩٨٨»ی دەرهێنا و، ناوچەیەکی پارێزراوی دامەزراند، یەکەم تاقیکردنەوە بوو کەوا کۆمەڵەی نێودەوڵەتی،یا وڵاتەیەکگرتووەکان، یا جیهانی ئازاد ئەم بنەمایە جێبەجێ بکەن، پاشان هاتن لە بۆسنەو هەرسک و کۆسۆڤۆ و ئەلبان هەمان کاریان کرد، کە ئەوانیش ئەو زەبروزەنگەیان بینی و، ئێستاش تەیموری رۆژهەلات، کە ئەمرۆ رۆژی لێ هەڵات، وەکو خەڵکانی تر بوونە خاوەن دەسەڵات و بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان و، بوونە خاوەن وڵاتی خۆیان و، حکومەتی زۆردار و زاڵم و دیکتاتۆریان لە وڵاتی خۆیان دەرکرد، ئەمڕۆ وڵاتێکی تر و میللەتێکی تری چەوساوە وەکو ئێمە تراجیدیایەک دەبینن و، میللەتە هەژارەکەیان بە گەورە و بچووکەوە دێنە کوشتن، هەرچەندە ئەمە لەلایەن خەڵکانێکی توندڕەو دوور لە واقع زەمینە بۆ ئەم کار خۆش کرا، هەر وەکو P.K.K کەوا هەوڵێکی زۆریان دەدا، ئەو شتەی لە چیچان رووی داوە لە کوردستانیش هەوڵ دراوە کەوا روو بدات و، لە ژێر ئەو دروشمانەی کەوا ئەوان وتیان «فیتنامی دووەم و کۆماری بۆتان و بادینان» ئەو دروشمانەی کە ئەوان هەڵیان دەکرد، هەمووی بۆ ئەوە بوو کەوا لەشکری بیانی بکێشنە ناو وڵاتی ئێمەدا، هەر وەکو ئەوەیە کەوا ئێستا لە چیچان روودەدات، بەڵام بەرخودانی میللەتی ئێمە و، حیکمەت و ژیری سەرۆک و سەرکردەی ئێمە و پارتی ئێمە توانیمان بەم گروپە وانەیەک بلێینەوە و پەندێکیان پێ بدەین کەوا لە بیری نەکەن، ئەویش بۆ ئەوەیە کە گیان و ئەزموونەکەی خۆمان بپارێزین، لێرەدا داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین، کەوا میللەتێک نەسووتێنن لەبەر خاتری چەند توندڕەوێک، میللەتێک نەفەوتێنن بۆ چەند تیرۆرستێک و، کارێکی تیرۆرستانە نەبێتە هۆی ئەوەی کەوا میللەتێک داگیر بکرێت و بفەوتێت، ئەم بۆ

دەنگییەی جیهان کەوا ئێستا دیبینین بەتایبەتیش ولاتە ئیسلامییەکان کە نزیکەی «٦٠» ولاتی ئیسلامی هەیە و، دەیانەوێت ئەم ئاینە پیرۆزە بکەنە رووپۆشێک و سوودی لێ بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە رامیارییەکانی خۆیان، ئێمە دەبینین تاوەکو ئێستاش بەیانێکی نارەزاییان دەرنەکردووە بەرامبەر بەم کارە، داوایە بکەن کەوا ئەم میللەتە بێ گوناهە تاوانی چییە ئەگەر چەند تیرۆرستێک هەبێت ئەو کارانە بکات؟، بۆ ئەم میللەتە بێتە قوربانی ئەو تیرۆرستانە؟، جا من چەند پێشنیارێکم هەیە دەمەوێت پێشکەشی بکەم، ئێمە لێرەدا لەم هۆڵە پیرۆزەدا باسی میللەتی ئەلبانمان کردووە و، ئەو بەیاننامەیەی کە دەرمانکرد، پاشی ئەوەی کە پێیان گەیشت، هەڵوێست و سوپاسگوزاری ئەوان بۆ ئێمە و بۆ سەرۆکی ئێمە جێگای شانازییە و، لەوانەشە ئەمە ببێتە پاڵپشتێک بۆ مەسەلەی ئێمە و ئەوانیش، جا ئەوەی بە ئێمە دەکرێت بابیکەین، ئەویش بە ناردنی هەندێک نامە بەناوی پەرلەمانەوە و، بە رێگای نوێنەری حکومەتی کوردستانەوە لەو ولاتە بیانیانەدا بگەیەنین بە میللەتی چیچان و، بۆ رووسیاش تاوەکو هەوڵ بدەن ئەم جەنگە و کوشتارە راگرن و، بە رێگای گفتوگۆ و ئاشتیانە چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت و، داواش بکەین لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کەوا بنەمای «التدخل الإنساني» لە چیچانیشدا بەکار بێنن، بۆ پاراستنی ئەو خەڵکە، لەوانەیە بە سەدان گەورەو بچوک و ژن و پیاو بەم سەرمایەو رووبەرووی هەزارەها شت ببنەوە، بەناوی پەرلەمانەوە با ئێمە ئەو کارە مرۆییانە بکەین و، ئەگەریش کاری وا بکەین دەبێتە جێگای شانازی بۆ ئێمە و کوردستانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحموود فەرموو.

**بەڕێز مەحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی ئەو روونکردنەوەیەی کە جەنابت لەسەر میللەتی کورد و لەسەر میللەتی چیچان و میللەتانی ژێر دەستی تری جیهان کردت، بێ گومان روونکردنەوەیەک بوو لە جێگای خۆیدا بوو و، جێگای شانازی ئێمەشە، بەڵام وەکو هەموو دەزانن کەوا هیچ مرۆڤێک دەردی نەخۆشی و چەوسانەوە وسووتان و تالانکردن نازانێ تەنها ئەو کەسانە نەبن کەوا بەسەریاندا هاتووە، تەنها میللەتی کورد باش دەزانێ کەوا چ بەسەر میللەتی چیچاندا دێت، هۆکەی ئەگەر هەرچی بێت، خودای مەزن فەرموویەتی:بسم الله الرحمن الرحيم«واتقوا فتنة لا تصيبن الذين ظلموا منكم خاصًا »،دەبوایە بەراستی میللەتی چیچان ئاگای لە سەرکردایەتی خۆی هەبێت و، لە حاڵی خۆی زیادەرەوی نەکردبایە، بەڵام دیسانەوە ئێمە وەکو میللەتی کورد کە هەژاری و چەوسانەوەمان لە دەستی سیستەمی عێراق و سیستەمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ، لە دەستی هەر سێ گورگی مرۆڤ خۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دیومانە و، ئێمە دەزانین کەوا ئێستا چی بەسەر ئەو میللەتە دێت، ئومێدی ئێمە ئەوەیە کە دەنگی میللەتی کورد بە رێگای پەرلەمانی کوردستانەوە بگاتە

میللەتانی جیهان و داواکاری لە هەموو میللەتانی ئازاد بکەین کە گوناهی ژن و منداڵ و پیرو گەنجی چیچان چییە، رووس لەبەر خاتری خۆی بە ئاگر و ئاسن دەیەوێت جارێکی تر ئەو میللەتە ژێر دەست بکاتەوە، ئەویش بە هۆی چەند کەسانێک کە لە رێگای خەباتی خۆیان لایان داوە، باشە گوناهی ئەو میللەتە چییە؟، جا ئومێدەوارین کەوا چۆن بارزانی دەستی هاوکاری درێژ دەکات بۆ خەڵکی لێقەوماو وهەژار، ئێستا لە رێگای پەرلەمانی کوردستانەوە دەنگی میللەتی کورد بگەیەنێت و، داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین کەوا هەر هێزێک هەیە بەکاری بێنێت بۆ ئەوەی رادەیەک بۆ ئەم کارەسات و خوێن رشتنە دابنێن، ژن و منداڵ و پیر کە بێ تاوانن ئازاد بکرێن، چونکە تاونیان نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێن«آمنا باللە»، چونکە بۆ لەبەر ئەوەی کە چەند کەسانێک لە رێ لایانداوە میللەتێک بفەوتێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەیەک لەمەو بەر لێرەدا کە باس لە تاوانی سربەکان کرا بەرامبەر بە دانیشتوانی هەرێمی کۆسۆڤۆ واچاوەڕوان ئەکرا کە دوا کارەساتی مرۆیی بێت لەم سەدەیەدا.

دکتاتۆرەکان پەندگیر بوین ودەست بەرداری سیاسەتی چەوساندنەوە و، لەناوبردنی گەلان بن، چونکە ئیتر سەردەمی مافی چارەنووسی گەلانە و، رێزلێگرتنی مافی مرۆڤە و کاتی دانوستانە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام بەداخەوە وا لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا کارەساتێکی تری مرۆیی هاتە پێشەوە، ئەویش کێشەی گەلی چیچانە لەگەڵ دەسەلآتدارانی روسیا، گەلی چیچان یەکێکە لەو گەلانەی کە پێشتر سەربە یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا بون لە باکوری قوقاز، پاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت گەلی چیچان سەربەخۆیی خۆی داوا کرد، پاش شەڕۆ پێکدادانێکی زۆر لەگەڵ روسەکان لە ساڵەکانی ١٩٩٤ـ ١٩٩٦ پاش «١٨»مانگ شەڕ وکوشتن و برین و کاولکاری لەلایەن روسەکانەوە، گەلی چیگان سەرکەوتنی بەدەست هێنا پاشەکشەیان بە روسەکان کرد و جاری سەربەخۆیی خۆیان دا وەکو کۆماری چیچان کە تا ئێستا هیچ وڵاتێک دانی پیا نەناون.

ماوەی مانگێک زیاترە دەسەلآت دارانی مۆسکۆ دەستیان کردووە بە بوردومانی شار و گوندەکانی چیچان بەتایبەتی گروزنی پایتەخت، بە فرۆکە و مووشەک و پاشان هێرشی سەربازی بۆ داگیر کردنەوەی خاکەکەیان، ئەمەیش بە بیانوی لەناوبردنی چەکدارە «أصولي»یە ئیسلامییەکان کە مۆسکۆ تاوانباریان ئەکات بەوەی کە ئاسایش و ئارامی باکوری قەوقازیان تێک داوە، سەرەڕای تاونبارکردنیان بەوەی کە دەستیان هەبووە لە تەقینەوەکانی ئەم دواییەی چەند شارێکی روسیادا، کارە سەربازیەکانی سەرانی مۆسکۆ بۆتە هۆی وێرانیەکی زۆر بەتایبەت لە گرۆزنی پایتەختدا، نەخۆشخانەکان پڕ بووە لە کوژرا و برینداریێکی زۆریش لە ژن و منداڵ و پەککەوتە، زیاتر لە

«٢٠٠»هەزار چیچانی شارو گوندەکانی خۆیان چوڵ کردووە کە لە بنەڕەتەوە لەشەڕەکانی پێشودا لەلایەن رووسەکانەوە سووتێنرابوون، یا روخێنرابوون کە بەرەو سنووری کۆماری «ئەنگوشیا» بەڕێ کەوتوون و، سنوریشیان لەوێ لێ گیراوە و، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت دەرباز بوون، روسەکان دوێنێ خاڵێکی سنووریان بۆردومان کردووە و، ژمارەیەک پەنابەریان شەهید کرد.
سەرەڕای نارەزای ئەمریکا و ئەوروپا و لاتانی تر تا ئێستا سەرانی مۆسکۆ هیچ رانەچڵەکیون و، رویان نەکردۆتە وتوێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەرپرسانی چیچانەکان، بەڵکو بەردەوامن لەسەر کارە درندەییەکانی خۆیان، لەسەر زاری گەورە لێپرسراوانی روس وەکو «فلادیمیرپۆتین»ی سەرۆک وەزیران و«ئەیگور ئیڤانۆف»ی وەزیری دەرەوە، هەموو داواکارییەکانیان رەت کردەوە بۆ وتووێژ و وەستانی شەڕ، کە تازەترینیان داواکاری سەرۆکی ئەمریکی «بیل کلنتۆن»بوو لە «فلادیمیرپوتین»ی کرد لە کۆبوونەوەکانی ئەوسلۆدا لە ولاتی نەرویج بۆ وەستانی شەڕ و چارەسەری ئاشتی، ئێستا زیاتر لە «١٠٠»هەزار سەربازی روسی بە فڕۆکە و بە چەک وتەقەمەنی زۆر پێشکەوتووە و، لە ئامادەیی و هێرش بردندانە بۆ سەر ولاتی چیچانستان، تا ئێستا تەنها مۆسکۆ بەوە رازی بووە کە گروپێکی ئەوروبی سەردانی شاروگوندەکانی چیچان بکات بۆ کاروباری مرۆیی، ئەوەی چاوەڕوان ئەکرێ کە دەسەلاتدارانی مۆسکۆ گوێرایەڵی هیچ داواکاریەکی ئاشتی نەبن و، بەردەوام بێت لەشەڕی کاولکاری، سەرەڕای ئەو هۆیانەی باسمان کردن بۆ بەردەوامی شەڕەکەیان هۆی سیاسی ناوخۆی روسیاش هەیە، کە پەیوەندە بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و دۆماوە هەیە، تا سەرانی مۆسکۆ سەرکەوتن بەدەست بێنن لەو هەڵبژاردنانەدا، هەروەها پەیوەندە بە ستراتیییجیەکی نوێی رووسیاوە هەیە، کە ناتۆ لێی بێ دەنگە، ئەویش کارکردن بۆ دروست کردنەوەی ئیمپراتۆریەتە دارماوەکەی سۆڤیەتی پێشوو، بە دەست بەسەراگرتنەوەی ولاتەکانی قۆقاز لە باکور و باشور و ئازربایجان، لە چیچان و داغستان لە باکورەوە و، جورجیا و ئەرمینیا لە باشوورەوە.
ئێستا رووسەکان جورجیا و ئازربایجان تاوانبار ئەکەن بەوەی چیچانییەکان کەڵک لە سنوورەکانیان وەرئەگرن بۆ هاتووچۆ و گەیاندنی یارمەتی، کە مەرج نییە ئێستا بەکاری سەربازی راستەوخۆ دەست بخەنە ناو کاروباری ئەو کۆمارانەو، بەڵکو بە هۆی نۆکەرەکانی روسەوە لەو شوێنانەوە، دروست کردنی ئاستەنگ،یاخود قۆستنەوەی ئاستەنگ بۆ تێکدانی ئاسایشی ئەو ولاتانە و، دەست خستنە ناوکاروباریانەوە، کە ئێستا روس ئەم ستراتیجیە پەیڕەو ئەکات لە ئەرمینیا و جۆرجیا، سەرەڕای ئەو هێرشە دڕاندانەی مۆسکۆ بۆ سەر گروزنی، سەرکردنەکانی چیچان سوورن لە پارێزگاری لە گەل و نیشتمانەکەیان و، تا سەرکەوتن درێژە بە بەرگری ئەدەن، وەکو ساڵی ١٩٩٥ سەرکەوتنیا بەدەست هێنا، بۆیە پێشنیار ئەکەم: بیرخەرەوەیەک دەربکەین و پشتگیری خۆمان دەربرین بۆ گەلی چیچان و، داوا بکەین لە مۆسکۆ کە شەڕ بوەستێنێت و، هێزەکانی لە چیچان بکێشێتەوە و، دانۆستان دەست پێ بکەن لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری چیچان

بۆ چارەسەری ناکۆکیەکانیان.

سوپاس بۆ خوای گەورە، سیاسەتی ڕاست و حەکیمانەی سەرۆک مەسعود بارزانی و، خۆڕاگری گەلەکەمان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و، دۆستانی گەلەکەمان و پاراستنی ناوچەی ئارام، کیانەکەمانی گەیاندۆتە ئاستێکی باش و، بەرەو پێشەوە چووە، ئومێدەوارم هەموو لایەک زیاتر واقعبین بین و، بارودۆخ و بابەتی خۆمان هەڵبسەنگێنین و،هیچ کون و کەلەبەرێکی تیا جێ نەهێڵین تا دوژمنانی گەلەکەمان بیانوی خۆیان نەکەوێتە دەست و، دەستی تاوانیان درێژ بکەنەوە، وەکو ئەوەی روسەکان بە دەستیان هێنا و بەرامبەر بە چیچان ئەنجامیان دا، سەرکەوتن هەر بۆ گەلانە، سەرکەوتوو بێت گەلی چیچانی موسڵمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محمد تاهیر محمد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو مرۆڤێک وەکو کوردێک کە باسی مافی مرۆڤ بکەم ئەچمە باسەکەوە و باسی رەوشی چیچان و، هاودەردی خۆم وەکو کورد بۆ چیچان کە هەموومان هاودەردین، نزیکەی "٣ چارەکسەدە خەڵکی تینو بە ئازادی وسەربەستی بەسەر گوێ ئەم زەوییەوە هیوای بریەوە یەکێتی سۆڤیێت کە ئیستا روسیاییە، ئالای ئازای و سەربەخۆییان بۆ هەڵ بکات و، کێڵگەی تینوو بە ئازادی گەلان ئاودێری بکات، سالانە و بەڵکو رۆژانە پەیتا پەیتا دووپات ئەکرایەوە: « جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئوکتۆبەرە، یادی رۆژی وەرگەڕانی تاج و تەختی قەیسەرە» ، بەتایبەتی گەلانی رۆژهەلاتی ناوەراست کە گەلی کورد گەلێکی لەبەرچاوە لەم ناوچەیەدا، بەڵام رۆژگار دەری خست کە ئەو دروشمە بریقەدارانە کە بەرزیان دەکردەوە لەسەر زار لە کردار و لە واقیعدا بە پێچەوانەوە بوو، گەندەڵی ئیداری و ئابووری و ئەخلاقی خنکان و دەوست لەبینینانی گەلانی یەکێتی سۆڤیت ئەو یەکێتییەی لە بەر هەڵوەشاندەوە وتێکی دا، لە کاتێکدا بەزلهێزی یەکەمی جیهان نەژمێردرایە بە دووهەم دەژمێردرا و، هەوڵی ئاوەدان کردنەوەی مانگ و مەریخی ئەدا، بەڵام دەبینین و دەبیستین کە ئێستا لەسەر یارمەتی وڵاتانی تر دەیەوێت خۆی هەڵسێنێتەوە و، گەلان و وڵاتانی لێ دابڕاوی بە زۆر و بە ترس و تۆقاندن لێ کۆبکاتەوە، بۆیە لەم کۆتایی سەدەی بیستەمەدا کە بەرەو سەرەتای هەزارەی سێهەم، گەلان بەڕێوەن لەبەر چاوی هەموو جیهانی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر و سەتەلایتی و کەناڵە ئاسمانییەکان و مانگە دەسکردەکان، بە تەرسانە چەکە هەمارکراوەکانی کە نمونەیان لە چارەکی سێهەمی ئەم سەدەیەدا بە دیاری و بە نیمە نرخ و، جارجار بە دووجاریش نرخ دەناردە عێراق و، بەسەر گەلی کورد و خەڵکی کوردستانەوە تاقی دەکرایەوە، بەربووەتە سەرو گوێلاکی گەلانی دەوروبەری سەربەخۆیی خوازی وەک گەلی چیچانی زوڵم لێ کراو و سەربەستی خواز، بەوە دەیەوێت خۆی هەڵسێنێتەوە، ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا بە

گـوێی رژێمی عـێـراقـیـدا چرپاندبوو، ئێـسـتـا بە ئاشکرا خـۆی بە زبانی بەرپرسـان و ڕۆژنامەنووسانیوە دەڵێت:«موسکو لم تخترق أيا من القوانين الدوليه أن ما تقوم به الان في چيچان ينحصر ضمن حدودها الدوليه المعترف بها » چیچان پارچەیەکە لە رووسیا تیرۆرستن و دەیانەوێت جیا بنەوە، هەروەکو لە عێراقدا بەگەلی کوردیان دەوت لە کاتی خۆیدا و، بەرابەر بە ڕۆژئاواییەکان کە رخنەیان لێ دەگرن،«پۆتین وئیگور» دەڵێن: «مشكلة تخص روسيا وبأمكانها معالجتها» ، لە ڕێکخراوی ئاشتی نێودەوڵەتییەوە دەڵێن:«رای گشتی ناوخۆی روسیایان مەبەست تر تا رای گشتی جیهانی» ئەو پەلامارو بەکۆمەڵ کوشتنەی چیچان هۆکارێکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوخۆی چیچان، چونکە بە ئاسۆی هەڵبژاردنی دۆماو سەرۆکی تازەوەن بۆ روسیا، ئەگەر ئازایەتی خۆیان بەسەر چیچانی داماودا نەچەسپێنن ناگەنە تەخت، واتە یلستن و پوتین لە خەمی تەختدانە و گەلی چیچانیش لە خەمی سەربەخۆییدانە، دەبێ ئێمە گەلی کورد و خەڵکی کوردستانی ئەزموندار ئاوڕێک لە خۆمان بدینەوە:

١ـ هەمیشە هاوخەم و هاودەردی زوڵم لێکراوەکانین و، بەسەد حەکیم بە قەد دەردەدارێک نازانێ، ئەمە هەڵوێستە، هەڵوێستی کوردە.

٢ـ تا کوێ دەنگمان ئەروات هاوار بکەین دەستی زاڵم بگرین گەلانی سەربەخۆ خواز و تینوبە ئازادی بە ئاگرو ئاسن و باروت و چەکی کۆکوژ سەرکوت مەکەن و لە ناویان مەبەن.

٣ـ روسیای کۆنە زلهێز بۆیە زۆر بێ بەزییانە بەربووەت چیچانییەکان، چونکە لە بنەڕەتەوە خاوەنی بیروبارەڕی ئاسمانی نین و، پابەندی ئەخلاقییان بە ئایینەوە نییە.

٤ـ خەڵکی چیچان هەمان دەردی ئێمەیان گرتووە، حکومەتەکانی بەناو موسڵمان لەسەریان بە جواب نین و، نقەیان لێوە نایەت، تەنانەت بە دیبلۆماسیانەش.

٥ـ داوا دەکەین لە هەموو خاوەن ویژدانانی سەررووی زەوی و کۆڕوکۆمەڵەکانی نێونەتەوەیی، مافی مرۆڤ و بەتایبەتی ئەوانەی ئەهلی کیتابن، دەسەوسان نەوەستن بەرامبەر لە ریشە دەر هێنانی گەلان و نەتەوەکان، چونکە ئایینەکانی خوا ڕێزو حورمەتی مرۆڤیان گرتووە و ئازادی پێ ڕەوا بینیون، خوای گەورە دەفەرمووێت:« قولوا آمنا بالله وما أنزل الينا و ما أنزل الى إبراهيم و إسماعيل و أسحق و يعقوب والاسباطة وما أوتي موسى و عيسى وما أوتي النبيون من ربهم لا نفرق بين أحد منهم و نحن له مسلمون » « ١٣٦ » البقرة.

مەنجەڵی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە بەلقان و قەوقازدا ولە ئاسیای ناوەراستدا هاتووەتە جۆش، دیارە سەر و پێی گەلانێکی هەژاری وەک چیچان ئاوەرووت دەکات، ئێمەش بۆمان هەیە بڵێین داخوازیارانی مافی مرۆڤ لە کوێن؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەزعەی فراوان بوونی امبراتوربیەتی روسیا لە سەدەی (١٥) دەستی پێ کرد، لەوکاتەدا سوپای قەیسەری چەند هێرشێکی کردە سەر ناوچە فراوانەکانی ئەو هەرێمانەی کە پڕ لە دانیشتوان بوون و میللەتی رەسەنی جۆراو جۆری تێدا دەژیان، بۆ دەست بە سەردا گرتنیان. کەوای لێ هات کۆنترۆڵی تەواوی ئەو ناوچەو مللەتانەیان کرد و، هەر لە دەسپێکی کۆنترۆڵ کردنیان ممارەسەی سیاسەتەکی قەمعییان کرد، دژ بە دانیشتووە ئەسلەکان بەتایبەت دژی میللەتی موسوڵمان کە لەناوچەکانی پشت قەوقازو ناوچەکانی ناوەڕاستی ئاسیادا دەژین، و ئەو میللەتانە زیاتر معرض بوون بۆ زیانی ئابووری پاش دروست بوونی یەکێتی سۆڤیێت.

ئەو نەتەوانە هەر لە ژێر دەسەڵاتی قەیسەریەکان مانەوە تا هەڵگیرساندنی شۆرشی ئۆکتۆبەر. و کاتێک کە لینین بڕیاری پرنسیبی مافی (چارەنوسی) گەلانی دا، وەک بنچینەیەک بۆ پەیوەندیی سیاسییەکان لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و ئاییندا کە باشترین شێوەیە بۆ چارەسەری مرۆڤایەتی بۆ کێشەی نەتەوەکان، بەڵام داوا بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی جێگیر بوو و، بە گەیشتنی ستالین بۆ سوڵتە ئەم بنەمایە زیاتر دژایەتی کرا و، ستالین هەوڵی دا کە (نظامی تسلطی بیروقراطی) دامەزرێنێ وەک دەوڵەتی قەیسەری کۆن. وە جارێکی تر ناوچەی قەوقاز کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەیتەرەی مەرکەزی، تاکو گۆرباتشۆف ئیعلانی (بروسترۆیکای) کرد و لە ١٩٩١ کە یەکێتی سۆڤیێت هەڵوەشایەوە.

برایان، ناوچەی پشت قەوقاز لەچەند کۆمارێک پێک دێت وەک (گورگستان و، ئەرمەنستان، ئازەربیجان و ناوچەی باکوری قەوقاز ئەوەی ئێستە بە جمهوریەتی روسیە و چەچان و داغستان و انگۆشیا) ناسراوە، ئەگەر تەماشای مێژووی چەچان لە (٥٠) ساڵی رابردوو تا ئەمڕۆ بکەین دەبینین کە تووشی زۆر پەلاماری خوێناوی و درندانە بووە لە لایەن دەسەڵاتدارانی روسی.

١ـ لە ساڵی ١٩٤٤دا ژمارەکی زۆر لە چەچانەکان راگوێزران(تهجیرکران) بۆ داغستان.

٢ـ لە ساڵی ١٩٥٧ دیسانەوە نەخشەی ناوچەی سنووری باکوری قەوقاز کرا و ئەنگوشیا لە چەچان جیاکرایەوە لە شیشان.

٣ـ لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەم جەنگان دژی چەچان داگیرساند و، تیایدا هەزاران هاووڵاتیانی مەدەنی کوژران و دەربەدەر بوون و سەرۆکیان (جوهر دۆدایف)یان تیرۆرکرد جگە لە وێرانکردنی (گرۆزنی) پایتەختی چەچان و ئەم جەنگە دوو ساڵی خایاند.

٤ـ چوار مانگ پێش ئێستە بە هەزاران سەرباز لە سوپای روس بە پاڵپشتی تانک و فرۆکە داغستان و ئێستاش چەچانیان وێران کرد.

سەرۆک وەزیرانی روسی ڕایگەیاند کە ئەم شەڕە بە دوو رۆژ کۆتایی پێ دێ، بەڵام کارەساتی میللەتی چەچان ئەوا لە مانگی چوارەم دایە. و بە هەزاران خەڵک بەرەو ئەنگۆشیا ئاوارە بونە،

جگە لە کوشتن و ماڵ وێرانکردنی گەلێک خەڵکی دی. (سەردەمی یلسن) هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ سەردەمی (نیقولای دووەمی) خوێن ڕێژ کە دوا قەیسەری روسیا بوو نییە، جگە لەوەی نیقولای خوێن ڕێژ یەک (راس پۆتینی) هەبوو، کەچی یەلسن بۆ هەر قۆناغێک راسپۆتینێکی هەیە.

ئێمە پەرلەمانی کوردستان بە ڕێزەوە پشتیوانی لە مافی رەوای گەلی چەچان دەکەین و، ئیدانەی هێرشی روسی دەکەین و، داوا لە (UN) و کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی دەکەین کە ئەم شەرە شۆڤینیە راوەستێنێت، و بە گفتوگۆو دایەلۆگ کێشەی گەلی چەچان چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم، کاک ئازاد قەرداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدلقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ، لە پەرلەمانی کوردستان ئەو تاوانەی کە بەرانبەر بە گەلی چەچانی موسوڵمان دەکرێ، بە تاوانێکی دوژمن کاری و دژی میللەتانی دەزانم بۆیە میللەتی کوردیش لەهەموو میللەتانی دنیا زیاتر هەست بە ئێش و ئازار دەکات، چونکە زۆر ئەزیەت دراوەو زۆر کەوتۆتە بەر شالاوی ئەنفال و ڕاگواستن و دەربەدەری، بۆیە من پێشنیار دەکەم، کەوا لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی (UN) بکەن، و (نارەزایی بەرامبەر ئەو تاوانانە بکەن) ئەو تاوانانەی کە سوپای روسیا بەرانبەر بە گەلی چەچانی موسوڵمان دەیکات و، لە هەمان کاتیشدا بەیانێک دەربکرێ بۆ پشتگیری لە داخوازییەکانی گەلی موسوڵمانی چەچان و لە هەمانکاتیشدا پێویست وایە چ لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان و وە بەتایبەتی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە زیاتر هەست بە ئێش و ئازاری میللەتان دەکەین ئێمە پێویست وایە پشتگیری لەو برا موسوڵمانانە بکەین، کە ئێستە هەر وەکو کاک شێخ جەعفەر ئاماژەی بۆ کرد، کە لەم ڕۆژانەدا گوێمان لێ بوو قافڵەیەکی زۆری خەڵکی بێ گوناه کە لەناو شەڕەکە نین و خۆیان لەشەڕ بەدوور دەخەنەوەو لە بەر ئاگری شەڕ ڕادەکەن، لە سنوور کەوتونەتە بەر شالاوی فرۆکەکانی روسیا، تاوان بار بکرێ و بەرگری لە مافیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئازاد، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان و برادەران باش باسی چەچانیان کرد، من لێردا تەنها ئاماژە بە دوو سێ تێبینی دەکەم، یەک: ئەو هێرشە کە دەوڵەتی روسی دەیکرد لە پێش چەند ساڵ زانراو بوو، بەڵام ئێستا وڵاتێکی

گەورەی دونیا دژی دژی دەوڵەتێکی بچووکی موسوڵمان شەڕبکا بە ڕاستی جێگەی ئیدانەو ئیستینکارە.

دوو: ئەو هێرش و کوشتن و سوتانە بە ڕاستی دژی جاڕدانی مافی مرۆڤ ومیثاقی نەتەوەی یەکگرتووەکانە و، هەروەها دژی سیستەمی جیهانی تازەیە کە بنەمای ئەو سیستەمەتەوەیە کە هەموو گرفتێک بە گفتوگۆو ئاشتی چارەسەر بکرێ، لێرە بە باشی دەزانم کە لە پەرلەمان بەیانێک دەربخەین دژی ئەو کوشتارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەفەر، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مێژووی ناوچەکەدا و بەتایبەتی لەگەڵ میللەتی کورد دا (روس گوتەنی یورس یان مسقۆ) ناسراون بە خوێن مژیی و زۆرداریی و، زۆزانەکانی کوردستان شایەدن لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم دا سوپای خۆی هێنایە ئێرەو زیانێکی گەورەیان بە میللەتی ئێمە گەیاندووە.

من نامەوێ قسەکانی برادەران دووبارە بکەمەوە، بەڵام بە چاکی دەبینم بەیانێکی ناڕازی بوون دژی هێرشی (روس)و داوای پاراستنی چەچان لە پەرلەمانی بەڕێزەوە بۆ وڵاتەهاو پەیمانەکان دەرکەن (ئەوانەی پارێزگاری ئێمە دەکەن) (ئەمریکا و تورکیا و بریتانیا) هەروەها (UN) و بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لە کۆتاییدا داوامان لە خودای گەورە ئەوەیە (وربي لاتذر على الارض من الكافرين دياراً) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو ئاشکرایە روسیا دەوڵەتێکی ئیستعماری کۆنە و مێژوویەکەی لە ئیمپراتۆریەتی خۆی ئاشکراو دیارە، کردەوەکانی بەرانبەر بە لەشکرەکانی موسوڵمان چی کردووەو بەرانبەر ئەو میللەتانەی کە لەژێر دەستیدان چی کردووە، من سەبارەت بە کورد چەند نموونەیەک دێنمەوە کە ڕۆڵی روسیا چۆن بووە بەرانبەر بە کورد با میللەتی کورد باش روسیا بناسن، یەکەم: لەکاتی ستالین، کۆمارێکی سوری کوردیان لەروسیا دامەزراند کە لە پەنجاکان هەزارکەس پێک هاتبوو لە زەمانی لینین، بەڵام ستالین هات نەک هەر ئیبادەی کرد بەڵکو هەر کۆمەڵەماڵێکی گوێزایەوە کۆمارێکی روسیا، ئەوە یەک: ، دووەم: با بێینە سەر کۆماری مهاباد، ڕۆڵی روسیا بەمشتێک نەوت، پەرداخە نەوتێکی ئازەربیجان وازی لە کۆماری مهابادی کورد هێنا لەگەڵ ئەوەی حزبی شیوعی کاتی خۆی هەمیشە بانگی ئەوەی دەکرد کە روسیا برادەری میللەتانە، ئەوە زەربەی

دووەمی روسیایە بۆ میللەتی کورد، زەربەی سێ یەم بۆ میللەتی کورد، (کێشەی مەنگۆلیا) مەنگۆلیا لە ساڵی ١٩٦٣ ویستی کێشەی کورد بخاتە پێش چاو کە چۆن ئیبادە دەکرێ، روسیا لەبەر سەفقەیەکی چەک لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەستا بە واستەی سوریا فەرزی کردە سەر مەنگۆلیا کە داواکەی خۆی بکێشێتەوە لە (UN) بۆ ئەوەی کێشەی کورد نەخاتە پێش چاو، ئەوە زەربەی سێ یەمە، زەربەی چوارەمی لە بەیانی ژمارە (١٣) کە حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ دەری هێنا بۆ ئیبادە کردنی حزبی شیوعی، هەزار رەحمەت لە گۆڕی (مەلا مستەفای بارزانی) بێت باوەشی کردەوە بۆ هەموو حزبی شیوعی و ئەندامەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی روسی لە سەفقەی چەکی هەمو لەگەڵ عێرقدا لە تۆپ و تەنگ و لە تەیارە کە دە یزانی ئەندامەکانی حزبی شیوعی خۆی کە شەریکیەتی و هاومەبدەئن لەگەڵ یەکتری رای نەگرت و دایە حکومەتی عێراقی و دەشی زانی ئەو چەکە بەرانبەر بە موعارەزەی عێراقی بەکاردێ کە ئەویش حزبی شیوعی بوو.

ئەوە سەبارەت بە (مەسەلەی کورد) هەروەها با بێینە سەر ساڵی (١٩٧٥) لە شاری (فیلینی فۆستۆک) (جیرار فۆرد) لەگەڵ (کۆرسیزینی) پێکەوە ئیمزای سەر ئەوەیان کرد کە لە جیهان نەمێنێ، زۆر بە داخەوە دەڵێم کۆمەڵە شۆڕشێک هەبوو لە جیهان روسیا ناوی لێنا وەکو شۆڕشی کورد وەکو کۆمبۆدیا، شۆڕشی لاووس، ئەریتریا، ظەفار ئەوانەیان ناونا خاڵی تەوەتور واتە شۆڕشی میللەتەکانیان ناونا خاڵی تەوەتور. و فعلاً لەسەر رۆشنایی ئەوە رێکەوتنی جەزائیر کرا لە ساڵی (٧٥) وە روسیا زۆر دەوری هەبوو و(هەواری بومیدیەنیش) یەکێک لە پیاوەکانی خۆی بوو. بابێینە سەر مێژووی یەکێتی سۆڤیێت کە بەناو ناوی خۆی نابوو ئازاد کەری میللەتان (محرر الشعوب) کە جەنگی جیهانی دووەم تەواوبوو، کۆمارەکانی (لتوانیاو لاتڤیا) ئەوانە هەموو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتبوو هەروەها ئۆکرانیەش کە جەنگی جیهانی دووەم تەواوبوو یەکسەر سوپای یەکێتی سۆڤیێت هێرشی کردە سەر ئۆکرانیەو ئەو حکومەتەی کە دامەزرابوو بە هەڵبژاردنی میللەتی خۆیان هەمووی لابرد هەروەها (لتوانیاو لاتاڤیای) داگیر کرد.

بابێینەوە سەر هەنغاریا لە ساڵی (١٩٥٦) لە زەمانی (گاداری) ئەوان شۆڕشیان کرد ویستیان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرن.

لەشکری ڕوسی کەسحی کرد بە دەبابات و دەستی گرت بەسەر هنغاریە. بابێینە سەر ساڵی (١٩٧٢) کە لە ڕاگەیاندن ناویا ناوە (ربیع براک) ساڵی (١٩٦٨) لە زەمانی (دۆبچک) لەشکری روسی کەسحی ئەو میللەتەی کردو ڕایماڵی. بابێینەوەسەر (پۆلۆنیا) کاتێ جەنگی جیهانی دووەم تەواو بوو روسیا سەری (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار ئەفسەری پۆلۆنی بری. بەڵێ پەنجا هەزار، ئەوە جێگیرە لە دۆسیەکانی (UN)، باشە... روسیا لەبەر ئەوەی داڕوخا ئینهیاری کرد بەرانبەر بە قەرزاریەکانی دەوڵەتانی ڕۆژ ئاوا، ئێستە توشی گرفت بووە، چونکە بەرهەڵستکاری خۆی، حزبە بەرهەڵستکارەکانی دەیانەوێ جێگەی یەلسن بگرنەوە، دەیەوێ

دەرگەی جەنگ بکاتەوە بۆ ئەوەی میللەتی خۆی بەوە خەریک بکات.
میللەتی چەچان میللەتێک بوو بە هەمووی دوو سێ ساڵ نابێ رزگاری بووە، روسیا دانی بە ئەمری واقیعدا دانابوو، خۆی هەستا دوو باڵەخانەی (نەسف) کرد وە بارەکەی هاویشتە سەر ئەستۆی چەند کەسێکی چەچانی. بۆ ئەوەی یاساو پەیدا بکات میللەتی خۆی خەریکی چەچان بکات، وەک بڵێی بەرگرییە لە کیانی یەکێتی سۆڤیەتی. بۆ ئەوەی لە گرفتەکانی خۆی دوورکەوێتەوە.
روسیا ئەوەیە، بۆ ئەوەی باش بیناسین بۆیە من دوبارە تاکید دەکەمەوە بەیاننامەیەک پێشکەش بکرێ بۆ هەموو ولاتە ئیسلامیەکان، چونکە ئێستە هەموو ولاتانی ئیسلام بەرانبەر بە کێشەی هێرشی روسیای بۆ سەر چەچان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، خۆیان کرکردووە، بۆیە داوا دەکەین بەیاننامەیەک بە یارمەتی (UN) پێشکەش بکرێ بۆ هەموو ئەو دەوڵەتە ئیسلامیانە، وە هەروەها داوا لە (UN) بکرێ بۆ ئەوەی سنورێ بۆ تەدەخولی روسیا دابنرێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید یەعقوبی، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ لەبەر زامێکی سەختاین کە زامانی سەختی کلۆڵی گەلەکەمان پێوە کولاوەتەوە ئەوەیش وەک برایانی بەڕێز، لێی دوان و باسیان کرد هەمان کلۆڵی و کوێرەوەریە بۆیەوەک شاعیر ئەڵێ(خوا ڕەبی توشم بێنی بیمارێ ئەو بیمارانە دەردی یەکتری ئەزانن و چارەسەری ئەزانن) واتە ئێمە گەلێک نزیکین لەو کارەوە کە بەسەر ئەوانا هاتووە، ئەزمونمان هەیە لەو ڕووەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە چەچان ڕودەدا. جارێکی تر بیرو بۆچونی سەرکوت کەرانەی ستالین و ئەوانەی وەک ئەون، بوژاونەتەوەو جارێکی کە نەعرەیان هەیە بۆ لەناوبردنی گەلان و دروێنەکردنی بیری ئازادی. بۆیە لە کۆمەڵێ ڕێگاوە پردێکی بەهێزو تون وتۆڵی لەنێوان ئیمەی کوردا لێرەوە لەگەڵ گەلێکا، کە لە ڕۆژانێکی تاڵ و سەخت و بەردەمی ڕەشەبایەکی وەیشومەو دەیجوران.
ئێمە بۆیە ئەوەی پێمان دەکرێ لە تەک هەستی خۆمانا بەرزکردنەوەی دەنگمانە بۆ ویژدانی ویژدان زیندوانی ئەمڕۆی جیهان، کە هەنگاو دەنێ بۆ پێشوازی لە هەزارەی سێ هەم، بۆیە ئەو دەنگەمان کە دەنگی ویژدانێکی زیندووە هاوتا ئەبێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو دەنگانە کە لە تەک هەستی ئێمەدان، کەواتە لێرەدا هەستەکە هاو هەستیە لە نێوان ئێمە و چەچانا، کلۆڵی و کوێرەوەریەکە هەمان شتە بۆیە بەیەک دەنگ وبەیەک گیان بەیەک سۆز بەیەک شۆر هاوتان دەبینەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە بە تەنگ و بەدەنگی ئەو کوێرەوەری و خاکە ساریەوە هاتوون. بۆیە ئەگەر بفەرموون پێشنیارەکەین وەکو بەڕێزان وتیان و دوپاتی دەکەمەوە، کە بتوانین ئێمە ئەم دەنگە دلێرەی کوردە لەم گۆشەیەی دونیاوە بگەیەنین بە هەموولایەک بۆ ئەوەی پشتگیری بکرێ لە مافی

ڕەوایان و وە ئەو دەستە لەناوبەرە لەسنورێکی خۆیان ببەستنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد سالار، وەکۆتاییەکەشی بە کاک مەلا موحسین دێنیێت فەرموو.

**بەڕێز موحسن خالد مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا هەموو مەسەلەیەک کە ئەمرۆ لە جیهانی فروانی دونیا و ئەگەر چەوساوەیی میللەتانی تیابێ ئەگەر نەکرێ میللەتانی بێهزو چەوساوە ئەگەر نەیکەنە مەسەلەیەکی چارەنوس و هەوڵی بۆ نەدەن لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان هەمان ئەو مەترسیەی ڕوی کردۆتە ئەوان ڕوبکاتەوە ئێمە، پەنا بەخوا. لە بەرئەوە زۆر هەقی خۆیەتی جێگای خۆیەتی، ئێمەی دەردەدار هەوڵ بدەین ئەو قەزیەیەی ئەوان هیچ نەبێ وای لێبکەین کە لە چەچان چی ڕوودەدات، لە سەرەتاوە میللەتی خۆمانی لێ ئاگادار بکەینەوە، میللەتی ئێمە ئینجا کوردستان بەگشتی ئینجا وڵاتانی دەرەوە، چونکە ئەگەر ئێمە ناومالی خۆمان ئاگەدارنەبێ لەو وەزعەی کە ئێستا ڕوودەدات، و لەو هەموو درۆو دەلەسەیەی روسە ڕوو ڕەشەکان، کە لە (٧٠)ساڵ لەمەوبەرەوە درۆ لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خوای خۆیان و لەگەڵ میللەتانیان دەکەن ئینجا دەست برینێکی تایبەتیان کرد بەرانبەر بە هەموو میللەتانی دنیاو وایان سەر لێشێواندن کە خستیانە مێشکی ئەو خەڵکەوە لە ماڵی خۆیا دانیشتبو شەو بنوێت بەیانی هەڵسێت ماددەی ڕوسەکان لەژێر سەریا ئەبێت و بە ئیسراحەت ئەتوانێ ژیان بەسەر بەرێ.

ئەو خەڵکەیان وەهالێکرد بەناوی ئازادیەوە بەرگەیان لە ئەو پەیرەوو پرۆگرام و مینهاجەوە بکا کە ئەوان ئەمرۆ میللەتانی یەکێتی سۆڤێتی خۆیان وازیان لێهێنا لێی پاشگەز بونەوە یەخەی خۆیانیان لێ هەڵتەکاند هەزاران کەس ومەلایین کەسیان تەفروتونا بوو لە پێناوی چەسپاندنی ئەو بنەما خراپانە کەستالین و جەماعەتەکەی و مارکسیەکانی ئەوی ویستیان پیادەی بکەن و ئێستەش بە داخەوە زۆر کەس هەیە لەمیللەتی ئێمە هێشتا هەر شانامەیان بۆ هەڵدەدا، هێشتا ئەڵێن ئەوان نەیانزانیوە مارکسیەتی حەقیقی بێننە مەیدانەوە ئێستە ئێمە جێبەجێی دەکەین، نازانن کە ساڵەهای ساڵە بۆ هەموو میللەتانی دونیا ڕاست دەرکەوت کە ئەوەی ئەوان باسیان کردووە درۆو دەلەسە بووە، چونکە لەو میحوەرەوە ئێمە باسی بکەین، چونکە برادەران زۆر باسیان کرذووەو هەموو میحوەرەکانی تریان بە دەوڵەمەندی باس کرد جێگای سوپاس و ڕێزە.

بەڵام ئەوەندەی کە بۆمن مابێتەوە باسی بکەم، بەڕاستی روسەکان درۆیان کرد (مصداقیەتیان) باوەڕیان لەدەست دا بەرانبەر بە دنیای ئاوەدان لە دوو ڕووەوە، یەکەم:« خەڵک وایان زانی ئەگەر ڕوس بجوڵێ وەکو جاران ئەیان وت(سوڵتان جما دونیا ویرانکەرو) ئەگەر ڕوس بجوڵێ وا ئەزانن هەموو دنیا وێرانەکا. ئێستە روس گیری خواردووە بەدەست (٢٠٠ ـ ٣٠٠) کەسی خۆیەوە» ئەمە واتای ئەوەی کە باوەڕی بە خۆی لەدەست داوە.

دووەم: «خۆی سەرۆکەکەیان ویلسن خۆی بە درۆخستەوە بەرانبەر بە هەموو ڕای جیهان کە دانی بە (میسخادۆف) ناوەو ئێستە دەڵێ: نەخێر نەموتووەو دانم پێدا نەناوە، یان دەیان بەهانە دەدۆزنەوە کە بەهانەکانیان هیچ بنچینەیەکی نییە، لەکاتی لێدانی هاوپەیمانەکان بۆ عێرقدا، روسەکان یەکەم دەوڵەت بوون لە جەیهانا کە هەوڵیان دەدا، پشتگیری عێراق و نیزامی دیکتاتۆر بکەن، لە کاتێکدا کە میللەتی ئێمە عێراقی ئێمە، بەو هەموو تاوان و جەریمەوە سەبارەت بە کوردەکانەوە کە کوەیتی داگیر کرد ئێمە بەقەدر ئەوە گران نەبوو لەلامان کە شەعبەکەی خۆمانی ئیبادەکرد، کاتێ شەعبەکەی خۆمانی ئیبادەکرد ئیتر ئێمە هەرگیزاو هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە. کیمیابارانی بەسەردا کردین، روسەکان هەوڵیان دا کۆمەڵێ بیانو بدۆزنەوەو بیکەنە بەهانە ئەم بەهانانە ئەسڵ و ئەسای نییە، چونکە ئەیانتوانی ئەو (٢٠٠ ـ ٣٠٠) کەسەی کە هاتنە وڵاتێکی ترەوە وڵاتی داغستان، کە هاتنە ئەوێ هەواڵی کۆمارییەکیان ڕاگەیاند. دەیانتوانی ئەو گەمارۆیەی ئێستە گەمارۆی (گرۆزنی) دەدەن، ئەو کاتە بیاندایە. دەیانتوانی نیەنهێشتایە یەک کەس لەوانەی ئێستە ناویان لێناون ئیرهابی، بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام ڕێگەیاندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕاویان نان بۆ ئەوەی خۆیان بکەنەوە بە چەچاندا و بۆ ئەوەی بیانکەنە بەهانەیەک ودەسکەلایەکی تایبەتی، لەپاڵ ئەوبەهانە گیربیانە هەوڵی ئەوە بدەن چەچان جارێکی تر داگیربکەن و، دەنگی ئەو میللەتە کپ بکەن و ئەو میللەتە ڕەش و ڕوتەیە، بەو شێوەیە بچەوسێننەوەو بۆیە جێگای خۆیەتی کە ئێمە باسیان بکەین وە جێگای خۆیەتی حیزبەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەو حیزبانەی کە (ماتریالیزمی دیالیکتیکیان) کردووە بەنبەما بۆ خۆیان، جێگای خۆیەتی بچینەوە بەو واقیعە کە ئەوە میللەتانیان گومڕاوو سەر لێشێواو کرد، با ئیتر میللەتی ئێمەش ئەوەنە دەسخە ڕۆیان نەبێ و وە جێگای خۆشیەتی ئەوە بکرێتە قەزیەیەک هەموو مامۆستا بەڕێزەکان لەسەر میمبەرەکانا باسی بکەن و، ئیزگەو تەلەفزیۆنەکان باسی بکەن بەوشێوەیەی کە خزمت بە میللەتەکەی ئێمە دەکا، وە دوا قسەیشم ئەوەیە شەڕو کوشتارو ئیرهاب و تۆقاندن هەرگیزاو هەرگیز لە ئیسلامدا نەبووەو نییە، چونکە پێغەمبەر (د.خ) باسی دەکات هەتا تەوسیەی بۆ هەموو موجاهیدانی دەکرد، نەدرەخت ببڕنەوە نە پیاوی پیرو ڕیش سپی و منداڵ بکوژن، نە هیچ شتێکی تۆقاندن بکەن ئەوخەڵکە بترسێنن، هەتا ئاژەڵیش، لەبەر ئەوە ئیسلام لەگەڵ ئەمەدا نییە، ئیسلام لەگەڵ ئەوەدایە، ئێمە بە هەموو شێوەیەک بەرگری لەماف و ئازادی بیروڕا و کیانی خۆمان بکەین، ئەو بەرگری کردنە مافێکی سروشتیەو میللەتی چەچانیش، لە بڕوای ئێمەدا بەرگری لە کیان و ئازادی خۆیان دەکەن، بۆیە هەق وایە کە هەموو لایەکمان بەدەنگیانەوە بڕۆین و، انشاءالله ئەو مادانەی کە پێشنیارکران، بیکەینە بەرنامەی کاری داهاتومان و جەنابیشت تەوسیە بکەی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی بەم بابەتە بدات و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا موحسین، ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن لەسەر ئەم خاڵە تەواو، بەرنامەی کارمان بەم خاڵی (شەش)ەمە تەواو دەبێ، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێ سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ بۆ کۆبونەوەی ئایینده ئاگەدارتان دەکەینەوە، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢١
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق
بەشی یەکەم
(دامەزراندن و ئامانجەکان)

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:
١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢ـ سەندیکا: سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان.
٣ـ دەستەی گشتی: دەستەی گشتی سەندیکا.
٤ـ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.
٥ـ نەقیب: نەقیبی پیشە تەندروستییەکان.

ماددەی دووەم:
بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بەناوی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا دادەمەزرێت و بارەگاکەی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمدا دەبێت و، خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوی سەربەخۆی و بۆی هەیە لقەکانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە.

ماددەی سێیەم:
سەندیکا لەسەر داواکارییەک پێک دێت کە بەلانی کەمەوە پانزدە ئەندام لەوانەی ماوەی کارکردنیان لە پیشە تەندروستییەکاندا لە پێنج ساڵ کەمتر نییە پێشکەشی لایەنی تایبەتمەندی دەکەن و بەدەستەی ئامادەکار دادەندرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکا تا هەڵبژاردنی خۆی ئەنجام دەدا.

ماددەی چوارەم:
سەندیکا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کار دەکات:
١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندن و پەرەپێدانی.
٢ـ ڕێکخستنی کارەکانی پیشە تەندروستییەکان لە بواری چالاکیی گشتیی و تایبەتیدا و پێشخستنی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی ئەندامەکانی لە هەرێمدا.

٣ـ ڕێکخستن و پتەو کردنی پێوەندیی ئەندامەکانی لە نێو خۆیاندا و لەگەڵ دەزگا حکومەتییەکاندا و داکۆکی لێکردنیان و بەرگری کردن لە مافەکانیان تا بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.
٤ـ پەرەپێدان و بەدیارخستنی ڕۆڵی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە هەرێمدا.
٥ـ هاندان و پشتگیری کردنی تۆژینەوە زانستییەکانی ئەندامانی و بەستنی نەدوەو خولی تایبەت بۆ ڕێکردن لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی و تەندروستی.
٦ـ پەیوەندیی و هاریکاری کردن لەگەڵ ئەو سەندیکا و کۆمەڵانەی کە ئاماجەکانیان لەگەڵ ئاماجەکانی سەندیکا یەک دەگرنەوە، هەروەها بەشداری یەکتری کردن لە کۆنگرە و خولەکان لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.
٧ـ هەوڵدان بۆ زامن کردنی دوا ڕۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیریەتی و بێ کاریدا.

بەشی دووەم
(چوونە پاڵ سەندیکا و ئەندامییەتی)

ماددەی پێنجەم:

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنە دی:
١ـ لە هاوولاتی کوردستانی عێراق بێ و تیایدا جێوار بێ.
٢ـ بەتاوانێکی نا سیاسی یان کەتنێکی ئابرو بەر حوکم نەدرابێ.
٣ـ بڕوانامەی پەیمانگای تەندروستی یان قوتابخانەی تەندروستی یان خولی تەندروستی یان دواناوەندی تەندروستی هەبێ کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دانی پیانرابێت.
٤ـ ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە ئەوانەی لە بواری تەندروستی دا کار دەکەن بکاتە ئەندام کە خاوەن پیشە تەندروستییەکانن و مۆڵەت پێ دراون.

ماددەی شەشەم:

١ـ چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب یا سەرۆکی لقی پارێزگا دەکرێ و بەڵگەنامە پێویستەکانیشی پێوە دەلکێنرێ.
٢ـ داواکاری چوونە ناو سەندیکا لە ماوەی (١٥)ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە لە سەندیکادا دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەن بۆ بڕاندنەوەی لەو ماوەیەدا و ئەگەر لە کاتی تەواوبوونی ئەو ماوەیەدا نەبڕاندرایەوە بە قەبووڵ کراو حساب دەکرێ.
٣ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار ڕەفز بکا و، خاوەنی داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگاداربوونییەوە تانەی لێ بدا، وە بڕیاری دادگاش بن بڕە.
٤ـ ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا (٢٥)دینارەو ڕەسمی بەشداربوونیش (٢٠) دینارە.

بەشی سێیەم
پێکهاتەکان و کاربەڕێوەچوون

ماددەی حەوتەم:

سەندیکا پێک دێ لە:
١ـ دەستەی گشتی.
٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.
٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانظباط).
٤ـ لقەکانی سەندیکا.

مادده‌ی هه‌شته‌م:
ده‌سته‌ی گشتی له هه‌موو ئه‌و ئه‌ندامانه‌ی سه‌ندیکا پێک دێ که هه‌موو پابه‌ندییه‌کانی خۆیان جێبه‌جێ کردووه به پێی ئه‌م یاسایه، وه به بالاترین ده‌سه‌لات ده‌ژمێردرێ، وه به هه‌ر سێ سال جارێک له‌نێوان مانگی کانوونی دووه‌مدا به بڕیاری ئه‌نجوومه‌ن و بانگهێشتی نه‌قیب کۆبوونه‌وه‌یه‌کی گشتی ئاسایی ده‌به‌ستێت بۆ هه‌لبژاردنی نه‌قیب و هه‌شت ئه‌ندام و دوو ئه‌ندامی یه‌ده‌گ بۆ پڕکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامێتی ئه‌نجوومه‌ن و ئه‌ندامانی لیژنه‌ی به‌رزه‌فتی، وه نیسابیش به ئاماده‌بوونی دوو سێیه‌کی ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی گشتی ته‌واو ده‌بێ وه له کاتی ته‌واو نه‌بوونی نیسابیش دوای پانزه ڕۆژ له کۆبوونه‌وه‌ی یه‌که‌م، هه‌لبژاردن له هه‌مان کات و شوێندا ئه‌نجام ده‌درێت، ژماره‌ی ئاماده‌بووانیش هه‌ر چه‌ندێک بێت نیساب به‌ته‌واو داده‌نرێت.

مادده‌ی نۆیه‌م:
ده‌سته‌ی گشتی ئه‌م ده‌سه‌لاتانه به‌ڕێوه ده‌بات:
١ـ ڕاستاندنی بودجه‌و حسابکاری دوماهی.
٢ـ گفتوگۆکردن و بڕیاردان له‌سه‌ر ڕاپۆرتی ئه‌نجوومه‌ن.
٣ـ چاوپیاخشاندن به‌و پێشنیارانه‌ی له باره‌ی هه‌موارکردنی یاسای سه‌ندیکاوه پێشکه‌ش کراون.
٤ـ بڕیاردان له‌سه‌ر پێڕه‌وی ناوخۆ و هه‌موارکردنی.

مادده‌ی ده‌یه‌م:
ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیکا پێک دێ له:
یه‌که‌م: نه‌قیب، ده‌بێ ماوه‌یه‌ک له‌م پیشه‌دا ده‌ست به‌کاربووبێ که له (١٠) ده سال که‌متر نه‌بێ.
دووه‌م: بریکاری نه‌قیب و ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیکا: مه‌رجه ئه‌وانه ده‌ست به‌کاربوونیان له‌م پیشه‌یه‌دا له حه‌وت سال که‌متر نه‌بێ.

مادده‌ی یانزده‌یه‌م:
یه‌که‌م: ئه‌نجوومه‌ن له‌نێوان ئه‌ندامه‌کانی خۆیدا به هه‌لبژاردنی نهێنی سکرتێرێک هه‌لده‌بژێرێ له‌یه‌که‌م کۆبوونه‌وه‌یدا که له دوای هه‌لبژاردن ده‌کرێ و ده‌سه‌لاته‌کانی له په‌یڕه‌وی ناوخۆدا دیاری ده‌کرێت.
دووه‌م: ئه‌نجوومه‌ن به‌لانی که‌مه‌وه هه‌ر مانگێ جارێک دانیشتنه ئاساییه‌کانی خۆی ئه‌نجام ده‌دا، هه‌ر وه‌ک ده‌توانێ دانیشتنه نائاساییه‌کان به بانگهێشتی نه‌قیب یان به داواکاری سێیه‌کی ئه‌ندامان ببه‌ستێت.

مادده‌ی دوانزده‌یه‌م:
ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌ن به ده‌ست له کارکێشراوه داده‌نرێت ئه‌گه‌ر هه‌ر سێ دانیشتنی یه‌ک له دوای یه‌ک یان پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ به‌بێ عوزری ڕه‌وا ئاماده‌نه‌بوو.

مادده‌ی سێزده‌یه‌م:
ئه‌نجوومه‌ن ئه‌م پسپۆڕیانه‌ی خواره‌وه ئه‌نجام ده‌دات:
١ـ کارکردن له‌پێناو هێنانه‌دی ئامانجه‌کانی سه‌ندیکا.
٢ـ پێشکه‌ش کردنی پێشنیاره‌کان ده‌رباره‌ی هه‌موارکردنی یاسای سه‌ندیکا.
٣ـ جێبه‌جێ کردنی بڕیاره‌کانی ده‌سته‌ی گشتی.

٤ـ دامەزراندنی کارمەندان لەسەندیکاداو دیاری کردنی کرێکانیان.
٥ـ چاوپیاخشاندن بە داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکاو بریاردانی قبووڵ کردنی ئەندامان.
٦ـ دیاریکردنی ئەوەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکا لە لیژنە ڕەسمییەکان و ئەوانی تر لە بارێک دا کە نەقیب نوێنەرایەتی نەکا.
٧ـ هەواڵەکردنی ئەو کێشەو شکاتانەی کە بۆی دێن بۆ لیژنەی بەرزەفتی.
٨ـ بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی پێشنیارەکان لە بارەی تەشریعەکان و پلانەکان و بەرنامە تەندروستیەکان لە هەرێمدا.
٩ـ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردکاری کردنی حسابکاری دوماهی.
١٠ـ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.
١١ـ تەماشاکردنی دەست لە کارکێشانەوەی نەقیب یان بریکارەکەی یان هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن یا لیژنەکانی سەندیکا.
١٢ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی سەندیکا بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکان.
١٣ـ پێدانی هەندێ لەدەسەڵاتەکانی خۆی بە نەقیب یا سەرۆکی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.
١٤ـ سەرف کردنی خەرجییە پێویستەکان.
١٥ـ بریار بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ، لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

ماددەی چواردەیەم:

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:

یەکەم: نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای لایەنە دادوەری و کارگێڕی و سەندیکاکاندا و ڕاستاندنی مامەڵە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە سەندیکا، وە بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەر یەکێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە خۆی دەست نیشانی بکا.

دووەم: سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەن.

ماددەی پانزدەیەم:

یەکەم: ئەگەر جێگای نەقیب بەهەر هۆیەکەوە چۆڵ بوو بریکارەکەی شوێنی دەگرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە باقی ماوە، ئەگەر پایەی بریکاریش چۆڵ بوو ئەوا سکرتێر شوێنی نەقیب دەگرێتەوە.

دووەم: ئەگەر پایەی نەقیب و بریکارەکەی چۆڵ بوون ئەندامێک لە ئەندامە ئەسڵییەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنی نهێنییەوە شوێنی دەگرێتەوە، پێویستە ئەنجوومەن دەستەی گشتی بانگهێشت بکا بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە ماوەیەک کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکا بەمەبەستی هەڵبژاردنی نەقیب و بریکارەکەی بۆ ئەو ماوەیەی کە باقی ماوە بە مەرجێک لەشەش مانگ کەمتر نەبێ.

## بەشی چوارەم

## حوکە بەرزەفتییەکان (الاحکام الانظباطیە)

ماددەی شانزدەیەم:
یەکەم: لیژنەی بەرزەفتی لە سەرۆک و دوو ئەندام پێک دێ، دەستەی گشتی لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا هەڵیان دەبژێرێ.
دووەم: لیژنەی بەرزەفتی ئەو کێشانە سەیر دەکا کە لە ئەنجوومەنی سەندیکاوە بۆی هەواڵە دەکرێن لە بابەت ئەو سەرپێچیانەوە کە پەیوەندیدارن بە ڕەوشتی پیشەییەوە لەو حاڵەتانەدا کە لە تایبەتمەندێتی لیژنەکانی بەرزەفتی وەزارەتی تەندروستیدا نین، وە بۆی هەیە یەکێ لەو سزایانەی خوارەوە بسەپێنێ:
أ- ئینزار.
ب- توبیخ.
جـ- قەدەغەکردنی دەستدانە پیشە بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت.
د- لە کاتی گەڕانەوە(العود)، ئەگەر سەرپێچییەکی پیشەیی تری لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا لە مێژووی سەپاندنی سزای یەکەمدا کرد، ماوەیەک دەست دانە پیشەی لێ قەدەغە دەکرێ کە لە دوو ساڵ تێنەپەڕێ.
سێیەم: لیژنەی بەرزەفتی ئەو بنەمایانە پەیڕەو دەکا کە لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هاتووە.

بەشی پێنجەم
حوکمەکانی دارایی

ماددەی حەڤدەیەم:
دارایی ئەنجوومەن پێک هاتووە لە:
یەکەم: ڕەسمەکانی چوونە ناو سەندیکا و بەشداری کردنی ساڵانە.
دووەم: بەخششەکانی حکومەتی هەرێم.
سێیەم: پیتاک و قازانجی ئەو ئاهەنگانەی کە سەندیکا دەیانگێڕێ، هەروەها قازانجی چاپەمەنییەکان.
چوارەم: ئەو بەخششانەی لایەنە ڕەسمیەکان و نیمچە ڕسمییەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدەن وە ئەو پیتاک و لەقەبەرکردنانەی کە لایەنەکانی تر پێشکەشیان دەکەن دوای ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان.
ماددەی هەژدەیەم:
کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.
ماددەی نۆزدەیەم:
لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.
ماددەی بیست:
ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

بزاڤی ئازادیخوازی کورد کە پێشەوای نەمر «مستەفا بارزانی» ڕابەرایەتی دەکرد ئاماجەکانی ئەوەبوو کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بە هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانیەوە بە مافەکانی خۆی بگات، لەبەر گرنگی سەندیکا پیشەییەکان و پێویستی دامەزراندنیان و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی لە هەرێمدا، هەروەها بۆ ڕێکردن لە تەک بەرەوپێش چوونی شارستانییەت و پتەو کردنی دەستەکەوتە ڕەواکانی، پێویستی کرد یاسای سەندیکای خودان پیشە تەندروستییەکانی هەرێم دەربهێندرێ.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٢
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی
بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:
ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای دووەم هەموارکردنی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
أ- هەموو ئەو شەقامانەی دەکەونە ناو سنووری شارەوانییەوەو بۆ بەکارهێنانی سوودی گشتی جێ هێشتراون و لە کاتی بەرقەراربوونی ئەم یاسایەدا هەبوون، یان ئەوەی دوای ئەوە دێنە کایەوە بەگوێرەی یاسا پەیڕەو کراوەکان بەبێ قەرەبوو بەناوی شارەوانییەوە تۆمار دەکرێن، ئەگەر ڕووبەر (مساحە)ی ئەو زەوییەی شەقامەکەی لەسەر کراوە لە تۆمارەکانی فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە «التسجیل العقاری» بەناوی کەسێکی سروشتییەوە تۆمار نەکرابێ.
ب- هەموو ئەو بڕیارو ئیجرائانەی کە دەرچوون و ئەنجام دراون لە دوای ١٩٩٨/٤/٥ هەڵدەوەشێندرێنەوە بەپێچەوانەی ئەوەی لە بڕگە (أ)ی سەرەوەدا هاتووە.
ماددەی دووەم:
لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی سێیەم:
ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

مەبەستی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە یاساکاری کردنی برگە (١)ی مادده پەنجاو پێنجی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ (یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق)ی وەرگیراو لە مادده (٩٧)ی یاسای بەڕێوەبردنی ژمارە (١٦٥)ی ساڵی ١٩٦٤ی عێراقی و برگە (١) لە مادده یەکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣) ئەوەی پەیوەندیدارە بە زاراوەی (زەوی تەرک کراو بۆ سوودی گشتی) هەمان چەمک (مفهوم)لە کە لە مادده (٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٧١دا هاتووە دەربارەی زەوییە تەرک کراوەکان.

پەرلەمان مەبەستی یان ئامانجی ئەوە نەبووە کە شارەوانییەکانی هەرێم دەست بەسەر ئەو ڕووبەرە زەویانەدا بگرن کە کراون بە شەقام و بەناوی هاووڵاتییانەوە تۆمارکراون و بەبێ قەرەبوو بەناوی خۆیەوە تۆماریان بکا، یان لە قەرەبووکردنەوەیان بە کاش یان بە عەینی بێ بەریان بکەن بەپێی یاسا بەرقەرارەکان.

دەرچوونێ هەندێ حوکمی دادگایی لە هەندێ لە دادگاکانی هەرێمدا سەبارەت بەم بابەتە، نیشانەی ئەوەیە دەقەکە بە پێچەوانەی مەبەستی یاسادانەر (المشرع) لێک دراوەتەوە، کە بۆتە هۆی بواردانی دەست بەسەر داگرتنی زەوی هاووڵاتیان بەبێ قەرەبوو.

لەبەر ئەوەی ئەم ڕێڕەوە نە لەلایەن یاسا دانەرانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقدا و نە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە ئانقەست نەبووەو لەگەڵ پرنسیپی دادوەری و بنەماکانی دەستووری و سیستەمەکانی دیموکراسیدا ناگونجێ بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا بۆ ئەوەی مافەکان بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان و حوکمی ئەو دەقەی کە مەبەستە پتر ڕوون بێ بۆ هێنانەدی دادوەری و دەرگا داخستن لە ڕووی ئیجتیهادکردن.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بریار: ٢٣

مێژووی بریار: ١٩٩٩/١١/٨

بریار

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٩/١١/٤ دا یاساکاری کردووە، ئەم بریارەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (١١)ی سالی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای کیمیاگەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەندیکا: سەندیکای کیمیاگەران.

دەستە: دەستەی گشتی سەندیکا.

ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

نەقیب: نەقیبی کیمیاگەران.

بەشی یەکەم

(دامەزراندن و ئامانجەکان)

ماددەی دووەم:

١- بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بۆ کیمیاگەران دادەمەزرێندرێ و کەسایەتی مەعنەوی خۆی دەبێ و بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و بۆی هەیە لقەکانی لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢- دەستەیەکی ئامادەکار لە (١٥)پانزدە کەس پێک دێت بەرەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان تاکو هەلبژاردنی گشتی دەکرێ.

ماددەی سێیەم:

سەندیکا هەول دەدات لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی خوارەوە:

١- بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراتی و پالپشتی کردن و چەسپاندن و پەرەپێدانی فیدرالیزم.

٢- بەشداری کردن لە راپەرینی پیشەسازی و کشتوکالی و ئاوەدانکاری و رۆشنبیری و زانستی بە هاریکاری لەگەل لایەنە پسپۆرەکاندا.

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی ئەندامانی سەندیکا لە رووی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەوە، هەروەها داکۆکی کردن لە مافەکانیان و چاودێری کردنی بەرژەوەندییەکانیان.

٤- رێکخستنی بنەماکانی دەست دانە پیشە.

٥ـ پەیوەندی پێکهێنان و هاریکاری کردن لەگەڵ دەستەو کۆمەڵە پیشەییەکانی تر لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

٦ـ کۆشش کردن بۆ زامنکردنی دوا ڕۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیری و بێ کاریدا.

٧ـ هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پسپۆڕەکاندا بۆ بوار ڕەخساندن لە بەردەم ئەندامانی سەندیکادا تا خوێندنی لەناوەوەو دەرەوە بیانگرێتەوە.

## بەشی دووەم
## (چوونە ناو سەندیکاو ئەندامییەتی)

### ماددەی چوارەم:

ئەندام دەبێ ئەو مەرجانەی لێ بێتەدی:

یەکەم: هاوولاتی هەرێم بێ و تیایدا جێواربێ.

دووەم: بەتاوانێکی نا سیاسی یان کەتنێکی ئابڕو بەر حوکم نەدرابێ.

سێیەم: بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتای ئەوی لە کیمیادا بەدەست هێنابێ و لە بواری تەکنیکاری یان زانستی لە سنووری پسپۆڕییەکەیدا کاری کردبێ.

### ماددەی پێنجەم:

یەکەم: چونە ناو سەندیکا بە پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامەی پێویستیشی پێوە دەلکێندرێ.

دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا لە ماوەی پانزدە ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەن، ئەنجوومەنیش لەسەریەتی لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە، ئەگەر ئەو ماوەیە تێپەڕی و نەیبڕاندەوە، داواکارییەکە بەقەبوڵکراو دادەندرێ.

سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار دەفز بکات، وە خودان داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا لە ماوەی سی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگاداربوونییەوە تانەی لێ بداو بڕیاری دادگاش بن بڕە.

### ماددەی شەشەم:

یەکەم: ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا سی دینارە.

دووەم: ڕەسمی بەشداریکردنی ساڵانە بیست دینارەو لە ماوەیەک دەدرێ کە لە مانگی شوباتی هەموو ساڵێک تێناپەڕێ، ئەگەر ئەندام لە کاتی دیاریکراو ڕەسمی دواکەوت (٥٠٪) لە ڕەسمی بەشداریکردنی ساڵانە جەزا دەکرێ و ئەگەر دوو ساڵی یەک لە دوای یەک بەبێ عوزری ڕەوا لەدانی ڕەسمی بەشداریکردن دواکەوت ناوی لە تۆماری ئەندامان وەدەردەندرێ.

## بەشی سێیەم
## (پێکهاتەکان)

### ماددەی حەوتەم:

سەندیکا لەمانە پێک دێ:

١ـ دەستەی گشتی.

٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).

٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان.

مادده‌ی هه‌شته‌م:

ده‌سته‌ی گشتی له‌هه‌موو ئه‌و ئه‌ندامانه‌ پێک دێ که‌ پابه‌ندییه‌کانی خۆیان به‌گوێره‌ی ئه‌م یاسایه‌ جێبه‌جێ کردووه‌و به‌ باڵاترین ده‌سه‌ڵات داده‌ندرێ له‌ سه‌ندیکادا، هه‌ر به‌ سێ ساڵ جارێک له‌ نێوان مانگی کانوونی دووه‌مدا به‌ بڕیاری ئه‌نجوومه‌ن و بانگهێشتی نه‌قیب کۆبونه‌وه‌یه‌کی ئاسایی له‌ باره‌گاکه‌یدا ئه‌نجام ده‌دات، بۆ هه‌ڵبژاردنی نه‌قیب و هه‌شت ئه‌ندام و دوو ئه‌ندامی یه‌ده‌گ بۆ پڕکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامییه‌تی ئه‌نجوومه‌ن و ئه‌ندامانی لیژنه‌یه‌رزه‌فتی (الانضباط)، ڕاده‌ی یاسای (نیساب)یش به‌ دوو له‌سه‌ر سێی ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی گشتی ته‌واو ده‌بێ، وه‌ له‌ کاتی ته‌واو نه‌بوونی (نیساب) هه‌ڵبژاردن پانزده‌ ڕۆژ دوای کۆبوونه‌وه‌ی یه‌که‌م له‌هه‌مان کات و شوێندا ئه‌نجام ده‌درێ و (نیساب)یش به‌ ئاماده‌بوونی سێیه‌کی ئه‌ندامان به‌ته‌واو داده‌ندرێ، به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ش ئه‌نجوومه‌ن بۆ خولێکی تریش به‌ به‌رده‌وام داده‌ندرێ له‌ کاره‌کانیدا.

مادده‌ی نۆیه‌م:

ده‌سته‌ی گشتی ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه‌ی خواره‌وه‌ ئه‌نجام ده‌دا:

یه‌که‌م: ڕاستاندنی بودجه‌و حسابکاری دوماهی.

دووه‌م: گفتوگۆکردن و بڕیاردان له‌سه‌ر ڕاپۆرتی ئه‌نجوومه‌ن.

سێیه‌م: چاوپیاخشاندنی ئه‌و پێشنیارانه‌ی که‌ له‌ باره‌ی هه‌موارکردنی یاسای سه‌ندیکاوه‌ پێشکه‌ش ده‌کرێن.

چواره‌م: بڕیاردان له‌سه‌ر پێڕه‌وی ناوخۆو هه‌موارکردنی.

مادده‌ی ده‌یه‌م:

یه‌که‌م: ده‌کرێ ده‌سته‌ی گشی بانگهێشتی کۆبوونه‌وه‌ی نائاسایی بکرێ له‌ یه‌کێک له‌م دوو حاڵه‌تانه‌ی خواره‌وه‌دا:

١ـ به‌ بڕیارێکی هۆدار که‌ زۆرینه‌ی ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌ن ده‌یده‌ن.

٢ـ به‌ داواکارییه‌کی نووسراوی هۆدار که‌ سێ یه‌کی ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی گشتی پێشکه‌ش به‌ ئه‌نجوومه‌نی ده‌که‌ن، ئه‌نجوومه‌ن له‌سه‌ریه‌تی بانگهێشتنامه‌ ده‌ربهێنێ و کاتی کۆبوونه‌وه‌ له‌ نێوان پانزده‌ ڕۆژ له‌ مێژووی گه‌یشتنی داواکارییه‌که‌وه‌ دیاری بکات.

دووه‌م: نابێ له‌ کۆبوونه‌وه‌ نائاساییه‌کانی ده‌سته‌ی گشتیدا باس له‌ هیچ کارێک بکرێ غه‌یری ئه‌و کارانه‌ نه‌بن که‌ له‌ به‌رنامه‌ی کاردا جێگیرکراون و له‌ کاتی کۆبوونه‌وه‌ له‌ پێناویاندا.

مادده‌ی یانزده‌:

یه‌که‌م: نابێ ئه‌ندام به‌شداری له‌ کۆبوونه‌وه‌کانی ده‌سته‌ی گشتی دا بکات ئه‌گه‌ر له‌لایه‌نی به‌رزه‌فتکارییه‌وه‌ (إنضباطیا) ده‌ستدانه‌ پیشه‌ی لێ قه‌ده‌غه‌کرابێ.

دووه‌م: بڕیار له‌کۆبوونه‌وه‌کانی ده‌سته‌ی گشتییه‌وه‌ به‌ زۆرینه‌ی ده‌نگ ده‌رده‌چێ و له‌ کاتی یه‌کسان بوونیشدا به‌و لایه‌نه‌ داده‌له‌نگێ که‌ نه‌قیبی له‌گه‌ڵدایه‌.

مادده‌ی دوانزده‌:

ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیکا پێکدێ له‌:

١ـ نه‌قیب: مه‌رجه‌ ماوه‌ی ده‌ست دانه‌ پیشه‌که‌ی له‌ ده‌ ساڵ که‌متر نه‌بێ.

٢ـ هه‌شت ئه‌ندام به‌ بریکاری نه‌قیب و سکرتێریشه‌وه‌: له‌وانه‌ بن که‌ ئه‌و ماوه‌یه‌ی له‌ ده‌ست دانه‌ پیشه‌که‌یان قه‌تاندوویانه‌ له‌ حه‌وت ساڵ که‌متر نه‌بێ.

مادده‌ی سێنزده‌م:

یه‌كه‌م: ئه‌نجوومه‌ن له‌ نێوان ئه‌ندامه‌كانیدا به‌ هه‌ڵبژاردنی نهێنی بریكاری سه‌رۆك و سكرتێرێك هه‌ڵده‌بژێرێ.

دووه‌م: ئه‌نجوومه‌ن مانگی یه‌ك جار دانیشتنه‌ ئاساییه‌كانی خۆی ده‌كا هه‌روه‌ها بۆی هه‌یه‌ دانیشتنی نائاسایش له‌سه‌ر بانگهێشتی نه‌قیب یان به‌ داواكاری سێ یه‌كی ئه‌ندامان ئه‌نجام بدات.

مادده‌ی چوارده‌:

یه‌كه‌م: رادده‌ی یاسایی (نیساب) له‌ ئه‌نجوومه‌ندا به‌ ئاماده‌بوونی زۆربه‌ی ئه‌ندامان ته‌واو ده‌بێ و بڕیاره‌كان به‌ زۆرینه‌ی ده‌نگی ئاماده‌بووان ده‌رده‌چێ، وه‌ له‌ كاتی یه‌كسان بوونی ده‌نگه‌كانیش به‌و لایه‌نه‌ داده‌له‌نگێ كه‌ نه‌قیبی له‌گه‌ڵدایه‌.

دووه‌م: ئه‌گه‌ر به‌هه‌ر هۆیه‌كه‌وه‌ شوێنی نه‌قیب چۆڵ بوو جێگره‌كه‌ی شوێنی ده‌گرێته‌وه‌ یان سكرتێر ئه‌گه‌ر شوێنی جێگری نه‌قیب چۆڵ بوو ئه‌ویش ئه‌وه‌نده‌ ماوه‌یه‌ی كه‌ باقی ماوه‌.

سێیه‌م: ئه‌گه‌ر به‌هه‌ر هۆیه‌كه‌وه‌ شوێنی یه‌كێك له‌ پایه‌كانی ئه‌نجوومه‌ن چۆڵ بوو، ئه‌ندامێك له‌ نێوان ئه‌ندامه‌ یه‌ده‌گه‌كان شوێنی ده‌گرێته‌وه‌.

چواره‌م: ئه‌گه‌ر پایه‌ی پتر له‌ ئه‌ندامێكی ئه‌نجوومه‌ن چۆڵ بوو، ئه‌نجوومه‌ن له‌سه‌ریه‌تی له‌ ماوه‌ی دوو مانگدا بانگهێشتی ده‌سته‌ی گشتی بكا بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌وانه‌ی شوێنی ئه‌م پایانه‌ پڕ ده‌كه‌نه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌نده‌ ماوه‌یه‌ی كه‌ باقی ماوه‌ته‌وه‌، ئه‌ویش به‌ هه‌مان ڕێگا كه‌ له‌م یاسایه‌دا دیاری كراوه‌.

مادده‌ی پانزده‌یه‌م:

ئه‌نجوومه‌ن ئه‌م پسپۆڕیاتیانه‌ی خواره‌وه‌ ئه‌نجام ده‌دا:

١- كاركردن له‌ پێناو هێنانه‌دی مه‌به‌سته‌كانی سه‌ندیكا.

٢- پێشنیار پێشكه‌ش كردن به‌ده‌سته‌ی گشتی ده‌رباره‌ی هه‌مواركردنی یاسای سه‌ندیكا.

٣- جێبه‌جێكردنی بڕیاره‌كانی ده‌سته‌ی گشتی.

٤- كارمه‌ند دامه‌زراندن له‌سه‌ندیكادا و دیاری كردنی كرێكانیان.

٥- سه‌یركردنی داواكارییه‌كانی هاتنه‌ ناو سه‌ندیكاو ڕه‌زامه‌ندی له‌سه‌ركردنی.

٦- دیاری كردنی ئه‌وه‌ی نوێنه‌رایه‌تی سه‌ندیكا ده‌كا له‌ لیژنه‌ ڕه‌سمییه‌كاندا.

٧- هه‌واڵه‌كردنی ئه‌و كێشه‌و شكایه‌تانه‌ی كه‌ بۆی دێن بۆ لیژنه‌ی به‌رزه‌فتی (الانضباط).

٨- تێڕوانین له‌ ده‌ست له‌كاركێشانه‌وه‌ی نه‌قیب یان جێگره‌كه‌ی یان هه‌ر ئه‌ندامێكی ئه‌نجوومه‌ن.

٩- دامه‌زراندنی لقه‌كانی سه‌ندیكا له‌ پارێزگاكاندا.

١٠- پێكهێنانی لیژنه‌ لاوه‌كییه‌كان بۆ ئه‌نجامدانی مه‌به‌سته‌كانی سه‌ندیكا.

١١- ئاماده‌كردنی بودجه‌ی ساڵانه‌و دامه‌زراندنی ووردكار (مدقق)ێكی ژمێریاری بۆ ووردكاری كردنی حسابكاری دوماهی.

١٢- ڕێكخستنی كاغه‌زه‌كانی هه‌ڵبژاردن و به‌ڵگه‌نامه‌كانی تر و، سه‌رپه‌رشتی كردنی هه‌ڵبژاردن.

١٣- بڕیاردان بۆ خودان كردنی ماڵ و عه‌قارو قه‌بوڵكردنی خه‌ڵات و پێ به‌خشین به‌ ڕه‌زامه‌ندی لایه‌نه‌ پسپۆڕه‌كان.

١٤ـ دامەزراندنی بەڕێوەبردنی یانەکان بە پێی یاسای کۆمەڵەکان.
١٥ـ ئامادەکردنی پێڕەوی ناوخۆی سەندیکا.
دووەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بە لیژنەکانی لقەکان بسپێرێ.

مادەی شانزدەم:
نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
١ـ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا.
٢ـ نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای دەزگا دادوەری و کارگێڕییەکان و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و ڕاستاندنی مامەڵەکان و بەڵگەنامە تایبەتەکان بە سەندیکاوە، وە بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بدا بە هەر یەکێک لەئەندامانی ئەنجوومەن کە خۆی دیاری بکا.
٣ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندامانی سەندیکا بۆ مەبەستی کەفالەت.

مادەی حەڤدە:
ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لەکارکێشراوە دادەندرێ ئەگەر لەسێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک یان پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ لە ماوەی ساڵێکدا بەبێ عوزری ڕەوا ئامادەنەبوو.

مادەی هەژدەم:
لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) لەسێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ و کاری ئەوە تەماشای ئەو شکاتانە بکا کە ئەنجوومەن بۆی ڕەوانە دەکا، وە ئەو بنەمایانە ڕەچاو دەکا کە لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هاتوون.

مادەی نۆزدەم:
لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە ئەم سزایانەی خوارەوە دەربهێنێ:
أ ـ ورياکردنەوە.
ب ـ ئینزار.
جـ ـ قەدەغەکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێ، وە ئەو قەدەغەکردنەش دەربارەی کارمەندو کرێکاری فەرمانگە لەسەرکارکردنە لەدوای کاتەکانی دەوامی ڕەسمی و فەرمانگەکەش بە بڕیارەکە ئاگادار دەکرێ.

مادەی بیست:
دەکرێ لە نێوان ماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردن بە بڕیارەکە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا تانە لە بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) بدرێ و بڕیاری دادگاش بن بڕە.

مادەی بیست و یەک:
١ـ بە دەنگدانی نهێنی لیژنەی لق لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێ.
٢ـ لیژنەی لق لەسەرۆک و دوو ئەندامی ئەسڵی و ئەندامێکی یەدەگ پێک دێ.

## بەشی چوارەم
## (دارایی سەندیکا)

دارایی سەندیکا پێک دێ لە:
١ـ ڕەسمەکانی چوونەناو سەندیکا و ڕەسمی بەشداربوونی ساڵانە.
٢ـ ئەو پێ بەخشینانەی لەلایەنە ڕەسمی و ناڕەسمییەکانەوە پێشکەشی دەکرێن.

٣ـ ئەو پیتاک و خەڵاتانەی لەلایەن ئەندامان و غەیری ئەوان بە ڕەزامەندی لایەنە پسپۆڕەکان پێشکەش دەکرێن.
٤ـ قازانجی ئەو ئاهەنگانەی لەبۆ سوودی سەندیکا دەگێڕدرێن.
٥ـ قازانجی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا دەیەوێ دایان بمەزرێنێ یان ئەنجامیان بدا.
٦ـ قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
٧ـ ئەو ڕەسمانەی ئەنجوومەنی سەندیکا لە ئەنجامی کاری ناوبژیوانیدا بڕیاری لەسەر دەدات.
٨ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندامانی سەندیکا و شایەتنامەکانی ئەنجوومەن دەریان دەچوێنێ.
٩ـ ڕەسمی پشتگیری کردنی گرێ بەندی نێوان ئەندامانی سەندیکاو خودان کارەکان.

بەشی پێنجەم

حوکمەکانی دوماهی

ماددەی بیست و سێ:

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێ.

ماددەی بیست و چوار:

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی بیست و پێنج:

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان:

بۆ پیادەکردنی کارو کۆششەکانی کیمیاگەران وەک باقی توێژەکانی گەلی کوردستان و ئاراستە کردنیان بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەو بونیادنان و گەشەکردنی کوردستان لە بوارەکانی زانستی و ئاوەدانکاری و کشتوکاڵی و پیشەسازییدا، کە ئامانجێکە لە ئامانجەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کورد، کە مستەفا بارزانی نەمر ڕابەرایەتی کرد لە ئازادی و دیموکراسی و فیدراڵیزم، بۆ پتەوکردنی ئەم دەستەکەوتانەو چاودێری کردنی بەرژەوەندی ئەندامانی سەندیکا ئەم یاسایە دەرهێندرا.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٤
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگە (٣)ی مادده دوو لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو،لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی
هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:
هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.
ئەندامانی ئەنجوومەن: ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، کە سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکانی و وەزیرەکانن.
مووچە: مووچەی ئەسڵی «الراتب الأصلي» کە ئەندامە بەردەوامەکانی ئەنجوومەن لە خزمەتدا وەری دەگرن.
دەرماڵە: ئەو دەرماڵانەی ئەندامە بەردەوامەکانی ئەنجوومەن لە خزمەتدا هی (زەوجییەو، مندڵان و، میوانداری و سوکنا) وەری دەگرن.
مووچەی خانەنیشینی: ئەو مووچەیەی کە ئەندامی ئەنجوومەن شیاوەیەتی هەر لەگەڵ تەواوبوونی خزمەتەکەی بە هۆی بەخشین (ئیعفا)یەوە بێت، یان بە هۆی خانەنشین کردنییەوە، یان کۆچی دوایی کردنەوەیەوە بێت.

ماددەی دووەم:
أ- ئەندامی ئەنجوومەن لە کاتی بە کۆتا هاتنی ئەندامیەتیەکەی مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە و دەرماڵە وەردەگرێ ئەویش(٧٥٪)ی ئەو مووچەیەیە کە هاوکارەکانی وەری دەگرن کە ئەندامی ئەنجوومەنن و بەردەوامن لە خزمەت دا.
ب- ئەندامی ئەنجوومەن دوای کۆتایی هاتنی خزمەتەکەی پاداشت (مکافئە) یەکی دەدرێتێ کە بەرامبەرە بە مووچە و دەرماڵەکانی شەش مانگی و دوا مووچەو دەرماڵەشی دەکرێتە بنەما بۆ ئەم مەبەستە، کە تەنیا بۆ یەک جارە، هەر چەندە کردنی وەزیر دەووپات ببێتەوە.

ماددەی سێیەم:
أ- مووچەو دەرماڵەی خانەنشینی وەزیر رادەگیرێ، ئەگەر لە نوێ کرایەوە بە وەزیرو، ئەو مووچەیەی دەدرێتێ کە شیاویەتی.
ب- ئەگەر وەزیری خانەنشین لە کارێکی گشتی دامەزرا مووچەو دەرماڵەی وەزیفە تازەکەی کەمتر بوو لەوەی وەری دەگرت، ئەوکاتە ئەو مووچەیەی پێ دەدەن کە هاوتایە لەگەڵ مووچەو دەرماڵەی خانەنشینییەکەی.

ماددەی چوارەم:

أ- هەموو مانگێک بەشی خانەنشینی بەرێژەی (١٠٪) لە مووچەی ئەسڵی ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران دەبڕدرێ، بەڵام ئەو پارەیەی کە لە سەری کەڵەکە بووە بەیەک گوژمە، یان بەقیستی مانگانە لێ دەبڕدرێ کە لەگەڵ پارە کەڵەکە بووەکە بگونجێ کە لە سەریەتی.

ب- میراتگرانی ئەندامی کۆچ کردوو لە پاشماوەی ئەو قیستانە دەبەخشرێن (عفو) دەکرێن کە لەسەری ماوە.

ماددەی پێنجەم:

لە کاتی کۆچی دوایی وەزیری خانەنشین میراتگران مووچەی (خانەنشینی)یان دەکەوێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشین بوونی مەدەنی بەرقەراریش بەسەریاندا دابەش دەکرێ.

ماددەی شەشەم:

وەزیری خانەنشین، یان ئەوەی دوای ئەو (أو الخلف) لە هەموو مافێکی کەلەم یاسایەدا دەقی گرتووە بێ بەری دەکرێ لە کاتی حوکم بەسەردا دانی لە تاوان، یان کەتنێکی ئابڕو بەردا، یان حوکم بەسەردادانی بەبەندکردنی هەتا هەتایە، یان کاتی، یان ئیعدام لە یەکێک لەو تاوانانەی کە ئاسایشی ناوخۆ، یان ئاسایشی دەرەوەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەئەنگێوون.

ماددەی حەوتەم:

ئەندامی خانەنشینی ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦ای هەموارکراو دەیگرێتەوە، ئەگەر دەقێک لەم یاسایەدا نەهاتبێ.

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێ.

ماددەی نۆیەم:

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە (١٩٩٢/٧/٤) وە وە جێبەجێ دەرکرێ و، لە رۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٥
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگە (٣)ی مادده دوو لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو،لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

«بڕیار»
یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی
هەرێمی کوردستانی- عێراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەو گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:
١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم.
٣- ئەندام: ئەندامی ئەنجوومەن.
٤- مووچە: مووچەی ئەسلی(الراتب الأصلی) کە ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا وەری دەگرێ.
٥- دەرماڵە: ئەو دەرماڵەیەی ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا هی (زەوجییەو منداڵان و، میوانداری و، سوکنا) وەری دەگرێ.
٦- مووچەی خانەنشینی: تێکڕای ئەو مووچەیەی ئەندام پاش بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتی، یان لە دەستدانی ئەندامیەتییەکەی وەری دەگرێ.

ماددەی دووەم:
أ- سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندام دوای بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتیان، یان لە دەستدانی ئەو ئەندامیەتییە مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە و دەرماڵە وەردەگرن کە بڕەکەی (٦٥٪)ی ئەوە دەبێ کە هاوکارە بەردەوامەکانیان لە ئەنجوومەندا مانگانە وەری دەگرن.
ب- سەرۆکی ئەنجوومەن وجێگرەکەی و ئەندام لەکاتی بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتییەکەی، یان لەدەستدانی ئەو ئەندامییەتییە پاداشت(مکافأ)یەکی پێ دەدرێ کە بەرامبەرە بە مووچەو دەرماڵەکانی شەش مانگی و، دوامووچە و دەرماڵەکانیشی بەبنەما وەردەگیرێ بۆ حساب کردنی ئەمە و بۆ تەنها یەک جار، هەرچەندە ئەندامییەتی لە خولەکانی هەڵبژاردندا دووپات ببێتەوە.

ماددەی سێیەم:
أ- ئەوەی لەم یاسایەدا سوودمەند دەبێت ناتوانێ مووچە و دەرماڵەکانی کە وەری دەگرێ لە هەمان کاتدا کۆیان کاتەوە لەگەڵ ئەو مووچەو دەرماڵانەی کە شیاویەتی لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەن.

ب ـ ناکرێ مووچەی خانەنشینی لەگەڵ هەر مووچەیەکی خانەنشینی تردا پێکەوە کۆ بکرێنەوە جا لە هەر لایەکەوە بێ.
ج ـ لەکاتی دامەزراندنی ئەندامی خانەنشین لە پایەی وەزیری، یان لە وەزیفەیەکی گشتیدا دەتوانێ سەرپشک بێ لە هەڵبژاردنی هەر کامێک لەوەی کە بەپێی ئەم یاسایە وەری دەگرێ، یان ئەوەی کە شیاویەتی پێی بدرێ لە وەزیفە تازەکەیدا.

مادەی چوارەم:

ئەندامی خانەنشین لە هەموو مافێکی کە لەو یاسایەدا دەقی گرتووە بێ بەری دەکرێ لەکاتی حوکم بەسەردادانی لە تاوان، یان کەتنێکی ئابڕوبەردا، یان حوکم بەسەردادانی بە بەند کردنی هەتا هەتایە، یان کاتی، یان ئیعدام لە یەکێک لەو تاوانانەی کە ئاسایشی ناوخۆ، یان ئاسایشی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەئەنگێوون.

مادەی پێنجەم:

أ ـ هەموو مانگێک بەشی خانەنشینی بەڕێژەی(١٠٪) لەمووچەی ئەسڵی ئەندامی ئەنجوومەن دەبڕدرێ، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەری کەڵەکە بووە بە یەک گوژمە، یان بە قیستی مانگانە لێی دەبڕدرێ بە گوێرەی ئارەزووی ئەندامەکە.
ب ـ میراتگرانی ئەندامی کۆچ کردوو لە پاشماوەی ئەو قیستانە دەبەخشرێن (عفو) دەکرێن کە لەسەری ماوە.

مادەی شەشەم:

لە کاتی کۆچی دوایی ئەندامی خانەنشین، میراتگران مووچەی (خانەنشینی)یان دەکەوێ بە پێی ئەم یاسایەو بە پێی حوکمەکانی یاسای خانەنیشینی مەدەنی بەرقەراریش بەسەریاندا دابەش دەکرێ.

مادەی حەوتەم:

ئەندامی خانەنشینی ئەنجوومەن حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو دەیگرێتەوە، ئەگەر دەقێک لەم یاسایەدا نەهاتبێ.

مادەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێ.

مادەی نۆیەم:

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

مادەی دەیەم :

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە (٤/٦/١٩٩٢)وە وە جێبەجێ دەکرێن و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

# هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە کارەساتی گەلی چیچان

ماوەیەکە کاربەدەستانی ڕوسیای فیدراڵ بە هەموو توانایەکەوە کەوتوونەتە وێزەی گەلی چیچان و، بە هێزی سەربازیی تەیارەو چەکی کوشندە، شاڵاوێکی دڕندانەیان دەست پێکردووەو خەریکە بست بە بستی خاکەکەی بەدارو بەردییەوە خاپوورو وێران دەکاو تەڕو وشکی بەیەکەوە دەسووتێنێت و، شارو گوندی بەسەر یەکدا دەرووخێنێ. ئەم هێرش و شاڵاوە ناڕەوایە بۆتە هۆی کوشتن و گیان لەدەستدانی سەدان هاووڵاتی و دەربەدەر بوون و پەرتەوازەیی سەدان هەزار ئافرەت و منداڵ و پەککەوتەو، هەتا دێ بازنەی ئابلووقەی سەر (گرۆزنی پایتەخت)و شارە گەورەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بەرتەسکتر دەبێتەوەو، دانیشتووانەکانی پتر تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت. ئەم کارە نامرۆییانەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە گەلی ڕاپەڕیوی چیچان داوای مافی سروشتی و ڕەوای خۆی لە ئازادی و سەروەریی و ژیانێکی بەختەوەر لە سایەی کیانێکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیەوە دەکات.

کاربەدەستانی ڕوسیا بۆ پەردەپۆش کردن و شاردنەوەی کارگێڕیی و ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییەی تێی کەوتوون و بۆ سەرکردنی گەلانی خۆیان لە ئاستیاندا لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە چونکە چاویان بەرایی نادات ئاوا بە ئاسانی دەستبەرداری خێرو بێری ئەو وڵاتە بن و دان بە مافە ڕەواکانی ئەو گەلە ڕاپەڕیوەدا بنێن و، ئەوانە ئێستایش هەر بە عەقڵییەتە کۆنەکەی سەردەمی (تزارە)کان بیر دەکەنەوەو لەسەر سیاسەتی فراوانخوازیی و هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی وڵاتانی تر بەردەوامن و، خۆیان لە ئاست ئەو ڕاستییە کڕ دەکەن، چونکە ڕۆژگار گۆڕاوەو ئەمڕۆ سەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیی گەلانە.

گەلی سەربەرزی کوردستان، کە بە درێژایی مێژووی پڕ لە مەرگەساتی دا زۆری تاڵاوی داگیر کردن و چەوساندنەوەو ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ و جینۆسایدو بێ بەش بوون لە هەر مافێکی مرۆڤایەتی و نیشتمانیی لەدەست دوژمنانەوە چەشتووەو، لە ژێر باری جەورو ستەمیاندا ناڵاندوویەتی و، هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی بە ئاگرو ئاسن و تەنانەت بە گازو چەکی کیمیاویش و بە زەبرو زەنگ وەڵامیان

دراوەتەوەو سەر کوت کراون، بۆیە لە هەڵمەوان زیاتر هەست بە ئازار و ژان و مەینەتییەکانی گەلی چیچان دەکات و هاوسۆزیی و پشتگیری خۆی بۆیان دەردەبڕێت.

هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە «٨»ی خۆیدا لە ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ بەناوی گەلی کوردستانی ئازادەوە زۆر بە گەرمی و بە پەرۆشەوە پشتگیریی و هاوخەمیی خۆی لە گەلی چیچان ڕاگەیاندو، لەکاتێکدا سەرجەم کاری تیرۆریستی و هەڵوێستی نا بەجێ و پەلامارو هێرشی هێزی چەکداری ڕوسیای فیدراڵ ڕیسوا دەکات، بڕیاری دا:

داوا لە حکومەتە بڕیار بەدەستەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی و هێزە ئاشتیخوازەکان و دەزگا پەیوەندارەکانی UN و خێرخوازان بکرێت بە توندی ئەو تاوانەی بەرامبەر گەل و خاکی چیچان ئەنجام دەدرێت مەحکوم بکرێت. هەروەها بە جیددی داوا لە کار بەدەستانی ڕوسیا بکەن هێرشەکانی لە دژی چیچان ڕابگرێت و دەستبەرداری سیاسەتی چەوتی پاکتاو کردنی نەژادیی و جینۆساید و سووتماکی خاک بن و، کێشەی ئەو گەل و وڵاتە بە گفتوگۆ و لەسەر مێزی دانوستاندن و بەشێوازێکی ئاشتییانەی دوور لە خۆ بە زل زانین و بە کارهێنانی زەبرو زەنگەوە چارەسەر بکەن و، دان بە مافە ڕەواکانی ئەو گەلە هەقخوراوەدا بێنن و سەرفرازی بکەن، ئەمەیش تەنها ڕەوتی ڕاستەقینەی سەردەمە.

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**٣/تشرینی دووم/١٩٩٩**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١١/١١/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## شەممە ڕێکەوتی ١٣/١١/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## شەممە ڕێکەوتی ١٣/١١/١٩٩٩

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣/١١/١٩٩٩ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٠)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣/١١/١٩٩٩دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان.***

***٢ـ خستنە ڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر بڕیاری تایبەت بە ڕاستکردنەوەی لیستی هاوپێچ بە بڕیاری ژمارە (١٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ٢٢/٩/١٩٩٩.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە ، دانیشتنی ژمارە(١٠) ١٣/١١/١٩٩٩بەرنامەی کارمان بریتیە لە دوو خاڵە خاڵی یەکەم خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان.خاڵی دووەم خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر بڕیاری تایبەت بە ڕاستکردنەوەی لیستی هاوپێچ بە بڕیاری ژمارە (١٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ٢٢/٩/١٩٩٩.

بەخاڵی یەکەم دەست پێدەکەین واتا خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان.

بەڕێزانی لێژنەی یاسا با بفەرموون بێنە سەر کەکۆ،ئەم پرۆژیە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بە نووسراویان ژمارە ٦٦٣لە ٢/٩/١٩٩٩ناردراوە بۆ پەرلەمانی

کوردستان پاش ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمی تەواو بوو درا بە لیژنە پەیوەندیدارەکان، ئێستاش پرۆژەکە بەسەر ئێوەی بەڕێز بلاو کراوەتەوە و ئامادەیە بۆ خوێندنەوەو گفتوگۆ کردنی ، بەڕێزانی لیژنەی یاسا ئەگەر پێش وەخت رای خۆیان لەسەر پرۆژەکە بخوێننەوە، کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەکی تەواومان بۆ نەهاتبوو لیژنەی یاسا پاش ئەوەی کۆبوینەوە دراسەت کردنی پرۆژیەکی تازەمان دارشت و ئێسا کاک حوسێن دەیخوێنێتەوە کە رای لیژنەی یاسایە و هیوا دارم بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن دەنگی لە سەر بدەن. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ ئەو پرۆژانە وەکو هەر پرۆژەیەکی تری لەو بابەتانە کەم وکوری زۆر بووە، کاک حوسێن فەرموو

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

عرض على اللجنة القانونية مشروع قانون نقابة المهندسين في اقليم كوردستان العراق وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع من كافة الجوانب تؤيد اللجنة بالاجماع مشروع القانون وفق الصيغة المرفقة طياً، راجين عرضه على المجلس الموقر للمناقشة مع قبول جزيل الشكر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، ئێستاش پرۆژەکە وەکو هەموو پرۆژەیەکی تر ماددە بەماددە دەخوێندرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت ، کاک حوسێن فەرموو

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على

ماعرضه رئيس مجلس الوزراء ، شرع المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩ القانون الآتي :-

## مشروع قانون نقابة المهندسين لأقليم كوردستان العراق

المادة الاولى :
يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون :
١- الاقليم : اقليم كوردستان العراق.
٢- النقابة : نقابة المهندسين.
٣- الهيئة العامة : جميع الاعضاء الذين تمثلهم النقابة بموجب هذا القانون.
٤- المجلس : مجلس النقابة.
٥- النقيب : نقيب المهندسين.
٦- المهندس : كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس من كلية الهندسة او جامعة معترف بها من مجلس التعليم العالي في كوردستان العراق.
٧- مزاولة المهنة : ممارسة الاعمال والخدمات الهندسية بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پێش گفتوگۆکردنی مادده یەک جەنابی سکرتێر تێبینیەکی هەیە ، بابفەرمووێ

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد /سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێش ناونیشانەکە پێویستە (قانون رقم« » لسنه ١٩٩٩) لەسەر بێت ، دوو ناونیشانەکە نابێت مشروعی تێدابێت چونکە ئەوە یاسایە اقرار دەکرێت ، بەخۆی پرۆژەیە بەلام نابێت وشەی پرۆژەی تێدابێت .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، لەلای خۆتان چاکی بکەنەوە و ئەوە هەڵەیەکی چاپە. چ تێبینیەک لەسەر مادده یەک هەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**
الفصل الاول
(التأسيس والأهداف)
التأسيس
المادة الثانية :

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة باسم نقابة المهندسين في الاقليم تتمتع بالشخصية المعنوية ولها استقلال مالي وإداري ويكون مقرها اربيل عاصمة الاقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز المحافظات.

٢- تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه مالايقل عن (١٥)مهندساً مارسوا المهنة مدة لاتقل عن ثمان سنوات الى الجهة المختصة وتعتبر هيئة تحضيرية لادارة اعمال النقابة لحين اجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە برگەی دووەم ماوەی هەڵبژاردن بۆ ئەو لێژنە تحزیریە لە برگەیەكی تر دیاری كراوە هەر وەك لە پرۆژەكانی تر؟ ئەگەر نیە و حەز دەكەن هەر لێرە جێگیری بكەن. بۆ سەندیكاكانی تر سەقفی زەمەنی داندراوە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر سەندیكاكانی تر سەقفی زەمەنیان بۆ دانەندرایە هەموو كراوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە دانەندرایە ئەگەر هەڵبژاردنیان نەكرد، ئەگەر نەشمان كردوە بەلام دەبێت لەو پەرلەمانە بیێ بە بریارێك و ماوەكەی دیاری بكریت چونكە بۆ لێژنەی ئامادەكاری نابێت ماوەكەی كراوە بێت، ئەگەر ئیشتباهم نەكردبێت ئەوە لە سەندیكاكانی تر هەندێكمان داناوە دوو و سێ مانگ،پێشنیارێك هەیە (علیٰ ان لا تزید عن ثلاثه اشهر) واتا لە سێ مانگ رەت نەكات هەڵبژاردن بكرێت.پێشنارێكی تر هەیە دەڵێن(٧٢)رۆژ بێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەستی بەڕێزتان ئەوەیە(مارسو المهنه لمده لاتقل عن ثمان سنوات)ئەگەر بێین تەماشاكەین دەبینین تەصنیف بوون

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر مەبەستم ئەوە نیە ،مەبەستم ئەوەیە كە ئەو لێژنەی ئامادەكاریە دەبێت ١٥ كەس بن هەریەك لەو پازدە كەسە دەبێت بەلانی كەم هەشت ساڵ خزمەتیان هەبووبێت ممارەسەیان هەبێت پێشنیارێك هەیە دەڵێن زۆرە، كاك ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەندازیاران لە كوردستان زۆرە،بۆیە هەشت ساڵەكە زۆر نیە،ئەگەر تێبینی لیستی ئەو ناوانە بكەین كە پرۆژەكەیان پێشكەش كردوە تەمەنی زۆر بەی زۆریان لە چل ساڵ

زیاتره بۆیه هەر نەبێت مارەسەیان لە پازدەساڵ زیاترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکە بۆ ئەوەی لە سەرمان دەرباز نەبێت ، کاک ئەحمەد سالار فەرموو

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە لای منەوە هەشت ساڵ بۆ ئەندامان زۆرە کەم بکرێتەوە بەلانی کەم بکرێتە پێنج ساڵ یان کەم تر قەیدی ناکات ئەگەر بۆ نەقیب پێنج ساڵ یان زیاتر بێت بەلام بۆ ئەوانی تر لەوانەیە پێنج ساڵیش زۆر بێت ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من کەمە زۆر نیە چونکە یەکەم ئەوە بۆ ماوەیەکی کاتیە ئەگەر هەڵبژاردن کرا و ئەوان دەرچون ئەوە خێر، ئەگەر یەکێکی گەنجیش دەرچوو ئەوە سروشتیە ،بەم بۆنەوە وتەیەکم هەبوو رۆژێک لە رادیو گوێم لێ بو دەی ووت ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حزبی کۆمۆمیستی چینی کە ٨٠٠ یان ٩٠٠ کەسێک دەبن رێژەی تەمەنیان لە دەوری ٦٩ ساڵ دەبێت، بە بروای من ئەو ئەنجومەنە گەورانە هەتاکوو ئەندامانی تەمەنیان گەورەتر بێت ئەوەندە ئەزمون دار دەبێت حوکمەکانی واقیعی تر دەبن، بەرای من خالی ئەزموونداری و ئەزموونی عملی و کار کردنی هەموو کاری گەری هەیە بۆیە من دەلێم کەمە زۆر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەوزیەخان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشگیری قسەکانی بەرێزان کاک سەعید و کاک ئیبراهیم دەکەم ، سواس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەندیکاکانی تر لیژنەی ئامادەکاری تەمەنی بۆ دانەندرایە، لیژنەی ئامادەکاری کاتیە تەنها بۆ نەقیب و ئەندامی ئەنجومەن مارەسە داندرایە ئیش و کاری ئەوەیە پاش دەرچونی ئەو یاسایە ئامادەکاری هەلبژاردن دەکات ، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو هەشت ساڵە هەر نەمێنێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەفەر فەرموو.

**بەریز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک ئەحمەدم وابزانم هەموو جۆرە تەمەنێکی تێدابێت بەلانی کەم پێنج ساڵ باشە تاکوو گەنجەکانیشی تێدابیت

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو کات جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە هەندێ شت لە سەندیکاکان وەکوو یەک بێت ، ئێستا کاک ئیبراهیم خاڵێکی گرنگی خستە روو ، باشە ئێمە کە بۆ سەندیکاکانی تر دامان نەنابێت بۆ بۆ ئەوە دای بنێین؟ حەقە هەموو وەکوو یەک بن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیارمان هەیە پێشنیارێک هەیە دەڵێن هەڵیگرین پێشنیارێکیش هەیە دەڵێ کەمی کەینەوە و بیکەین بە پێنج ساڵ، پێشنیارێکیش هەیە دەڵێن وەکوو خۆی بمێنێتەوە، بۆ لادانیشی پاساویان ئەوەیە کە لە هیچ یاسایەکی تری سەندیکاکاندا مەرجمان دانەناوە کاک محەمەد فەرموو

**بەریز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا پشگیری کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی دەکات لەبەر ئەوەی لە سەندیکاکانی تردا نەهاتووە

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم رای وایە کە ئەو هەشت ساڵە هەڵگرین و لیژنەی یاساش پشگیری لێ دەکات،ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە ئەگەر هیچ تێبینی تر نیە مامۆستا فەرموو

**بەریز مەلا تاهر زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پێشنیاری سەندیکا خۆیەتی ئەو ناوانەی کە لەگەڵی هاتوە هیچی نیە ممارەسەی لە پازدە ساڵ کەمتر بێت بۆیە هیچ پێویست ناکات کە بیگۆرین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیستا ئێمە لێرە ئەندازیارمان هەیە حەق وابو یەکێکیان وەکو کاک حەمید سەلیم لەگەڵ ئەو برادەرانەی سەندیکا دابنیشتبانا دراسەتی ئەوەیان بکردبا بۆ ئەوەی بەرگریان لە رای وان بکردبا ، ئایا مەبەست لەوانەی کە ئەوان خستویانیەتە روو چیە؟ ئەگەر یەکێک هەبوایە رایەکانی ئەوانی بخستبایە روو لەوانەبوو باشتر دەنگ دانی لەسەر بکرابا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ، ئیستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە ، پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم پێشنیار دەکات ئەو هەشت ساڵە نەمێنێت کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا ، مادام وایە ئەو هەشت ساڵە نامێنێت، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەکە وای لێ دێت ٢ـ تشکل النقابە بنا□ا علیٰ طلب یقدمە مالایقل عن (١٥)مهندسا□ الیٰ الجهە المختصە وتعتبر هیئە تحضیریە لادارە اعمال النقابە لحین اجراء الانتخابات خلالە مدە لاتزید عن ثلاثە اشهر من تایخ قبول الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لاتزید عن ثلاثە اشهر من تاریخ قبول الطلب، ئەوە پێشنیارێکە دەخرێتە سەر برگەی دووەم ،تەنها ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە، کاک شێخ فەرموو.

**بەڕیز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدوا داچونێکم لە سەر قسەکانی کاک فرەنسۆ هەبوو ، زۆر راستە لۆمەکە سەرۆکایەتی ناگرێتەوە بەڵکو ئێمە دەگرێتەوە چونکە هەندێ جار هەڵە لە پێشکەش کردنی مەنهەج هەیە یان برادەران بەراستی گوێی پێنادەین پێویستە ئەو شتانە زۆر بە دیقەت وەر بگرین چونکە توشی هەندێ هەڵە دەبین هەندێ شت لە خۆمانەوە لانابەین لێرە لای دەبەین ئەو کەسەی کە بەرگری لە پرۆژەکە دەکات ئەو باش دەزانی بۆ دای ناوە ئەگەر حوجەکەی بە هێز بێت ئەوە ئێمە دەبێت وەری بگرین، بەرای من هەڵگرتنی ماوەکە لەوانەیە کە لایەنێکی باشی تێدا بێت، بەلام لایەنی تریشی تێدایە ئێمە دەبێت واقعی سیاسی خۆمان تێبگەین باری وامان هەیە لە هەندێ سەندیکا لیژنەی ئامادەکاری لەبەر بارەکە تاکو ئیستا ماوەتەوە،ئەو پابەندیە دابنێین من دەترسم با دووری تەماشاکردنمان زۆر لەوە زیاتر بێت، نەکەوینە سەر بابەتی عەواطف و توشی هەڵەبین لە داهاتوو بیکەین بە گرێیەکی گەورە خەڵکی تر پێوەی بناڵێنێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەق وابوو ئەو بابەتانە لە فراکسیون باسی بکەن ئەندامانی خۆتان ئاراستە بکەن کە پرۆژەیەک هاتووە لە سەندیکای ئەندازیاران حەز دەکەین ئەوانەی ئەندازیارن فەرموون ئەوە سەندیکایە بانگیان کەن بۆ ئێرە باسیان لەگەڵدا بکەن ئەوە بۆ هەموو بوارێکی تریش دەبێت.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ماوەکە نیە، بۆ لیژنەی ئامادەکاریەکە ئەوەندە تەقیدی نەکەین بڵێین سێ مانگ،نەک ماوەی خبرەکەی کە هەشت ساڵە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوان داوای هیچیان نەکردوە بە کراوەییبیان هێشتوەتەوە.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، کراوە واتا ماوە نەبێت، ئێمە ئێستا ماوەی بۆ دادەنێین، پرسیارەکەم ئەویە نەک ماوەی بۆ دابنێین، نەک هەشت ساڵ خبرەی هەبێت، ئەو لیژنەی ئامادەکاریە لەوانەیە بارودۆخێک بێت نەتوانێت هەڵبژاردن بکات هەر دەمێنێتەوە، لەوانەیە دوومانگ نەتوانێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتەداوا دەکرێت و درێژی دەکەینەوە.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوکاتە دەبێت سەندیکاکە بمرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆ نامرێت، هەندێ بابەت هەیە دەبێ یەک لابکرێتەوە باشە ئەو لیژنەیە بەکەیفی خۆیان بێت تاکوو هەڵبژاردن بکەن؟ هەر پازدەکەس کۆدەبنەوەو قەد هەڵبژاردن ڕاناگەێنن.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەکەیفی خۆیان نابێت چونکە یاسای کۆمەڵەکان و حزبەکان هەیە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاساکە دەڵێ چی؟

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقەکانم لە بەر نیە ، ئارەزوو دەکەن دەقەکان دەردەکەین و ئەگەر هەر هەڵەیەکیان کرد

دەتوانین چارەی بکەین. یاسا هەیە ئەگەر سەرپێچیان کرد ئەوە بەپێی یاسا دەتواندرێ هەڵیان بوەشێنینەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێوە پەرلەمانن دەکرێ بگوترێ پەرلەمانی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە دەبێت هەتا هەتایا هەر بمێنن؟

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واقع وای لێکردووین کە تاکو ئێستا بمێنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە واقع وای لێکردووین، چەند جار داوا کراوە بە یاسا درێژە بەم خولە دراوە، پاشان یاسای حزبەکان پەیوەندی بەم کێشەوە نیە یاسای کۆمەڵەکان پەیوەندی بەمەوە هەیە، لەیاسای کۆمەڵەکانیش ماوەیەک دیاری نەکراوە بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن ،ناتوانن لە پێڕەوەی ناوخۆی خۆیان دیاری بکەن ئەگەر ئێمە لەو یاسایە دیاری نەکەین دەستەیەکی ئامادەکارن ئەگەر لە سێ مانگ نەیان توانی هەڵبژاردن بکەن ئەوە سەردانی لایەنی پەیوەندی دار دەکەن و داوای درێژ کردنەوەی دەکەن، بەلام بە کراوەیی بیهێلیتەوە ، لەو کاتە دوو ئەگەر هەیە. زەرەرێکی تیدان نیە ئەگەر پابەندیان کەین کە هەڵبژاردنەکە بکەن نەوەک تەفسیرات بکریت وەکو مادده دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

(الاهداف)

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق مايلي:

١- حشد طاقات المهندسين وتعزيز قدراتهم للقيام بدورهم الفعال في اعادة بناء ما دمر في كوردستان ودعم ومساندة حكومة الاقليم والنظام الفيدرالي وترسيخه.

٢- العمل على تنفيذ الاعمال الهندسية وفق الشروط والمواصفات الفنية والقياسية المعمول بها حالياً.

٣- العمل على رفع المستوى العلمي والمهني والاجتماعي والصحي للاعضاء.

٤- التعاون مع المنظمات والجمعيات والنقابات المهنية الاخرى داخل الاقليم وخارجه وتقوية الروابط الثقافية والعلمية معها.

٥- التعاون مع منظمات الامم المتحدة والمنظمات الاجنبية العاملة في المجالات الهندسية في الاقليم.

٦- السعي لضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والعجز وتعويضهم عما

يصيبهم من كوارث.

٧- تنظيم قواعد مزاولة المهنة ومراقبة تطبيقها.

٨- المساهمة في المحافظة على البيئة من التلوث.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ماددەی سێیەم هەیە؟ کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی ئەوەی کە پێشتر قسەی لە سەر کرا ئێمە لەمەو بەر بەشداریمان لە ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە کردوە وەکو ئەندازیار،لێرە لە برگەی (٥) مەبەستمان NGO کانە کە دەڵێ (التعاون مع منظمات الامم المتحده والمنظمات الاجنبيه العامله فى المجالات الهندسيه فى الاقليم.)لێرە مەبەستمان NGOکانە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

العمل فى مجالات الهندسيه، روونە نادیاریەکی تێدانیە.کاک ئەمین مولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من چوار و پێنج بکەین بەیەک کەدەڵێین (التعاون مع المنظمات والجمعيات والنقابات المهنيه الاخرىٰ داخل الاقليم وخارجه ) هەمووی دەگرێتەوە، لە برگەی پێنجیش کە دیاریمان کردوە((التعاون مع منظمات الامم المتحده والمنظمات الاجنبيه العامله) ئێمە لەهیچ سەندیکایەک ئەوەمان نەکردوە لەبەر ئەوەی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کاتین، لەوانەیە نەمێنن لەبەر ئەوە واپێشنیار دەکەم کە تەنها برگەی چوارەم بێت کە هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا برگەی پێنجەم لابەین وبرگەی چوارەم بمێنێتەوە،ئەوە پێشنیارێکە،د. رزگار

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیەکم لە سەر برگەی دووەم هەیە لە وشەی (حاليا)،راستە مواصفاتی هونەری و ئەندازەیی و پێوانەیی دەگێردرێتەوە بە حوکمی بارو دۆخ و جێگا،بەلام بە شێوەیەکی رەهای بیهێلینەوە زۆر باشترە چونکە بابەتی زانستین، پێشنیار دەکەم کە وشەی (حاليا) لێرە لابرێت، لەبەر ئەوەی بە رەهایی بمێنێتەوە باشترە، ئەوە یەک ، پێشنیاری دووەمم کاک ئەمین خستیە روو، چونکە لە هیچ سەندیکایەکی تر ئەوەمان نەکردوە و ناوی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان نەهاتووە لەبەر ئەوەی بارێکی کاتیەو دەچێت.

**بەڕێز قـــاسم مـــەحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

جێگای پێنجەم دەگرێتەوە و نایەتە گۆڕینیش، پێشنیار دەکەم کەوا «٥» لابرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز مـەحـمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «٤ و ٥»لە ماددەی «٣»دا بە رای من لە کۆتاییەکەیدا ئەو دەستەواژەیەی بخرێتە سەر،«و بموافقە الجهات الرسمیه» ، چونکە ئێستا لێرەدا زۆر کەس هەیە پەیوەندی و ئیش دەکەن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە بیانییەکاندا، بەبێ ئەوەی هیچ بایخێک بۆ یاسای ڕێکخراوەکان بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێـز فـــــرەنـســــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تێبینییەکم لەسەر خاڵی «٥» هەیە، ئێستا بە پێی شێوەی ئیش کردنی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، تاوەکو ئیستا بڕیار وابوو کەوا تەنها لەگەڵ پارێزگاکاندا کار بکەن، ئێمە هەوڵماندا وە کەوا لەگەڵ حکومەت و وەزارەتەکاندا دانوستاندن بکەن، ئێستا هەر ڕێکخراوێکمان بەرامبەر بە وەزارەتێک داناوە، بۆ نموونە ڕێکخراوی «WHO»بەرامبەر بە وەزارەتی تەندروستیمان داناوە و، ڕێکخراوی «فاو»مان بەرامبەر بە وەزارەتی کشتوکاڵی وئاودێری داناوە، ڕێکخراوی «هاپیتات»مان بەرامبەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە داناوە، ئێستا وامان کردووە کەوا ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان کار بکەن، بە رای من خاڵی «٥» زیادە، ئەو ئەندازیارانە دانوستان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە دەکەن بە پێی ئەو وەزارەتەی کەوا کاری تیادا دەکەن، جا بە رای من خاڵی «٥»هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، خاڵی «٤»گشتییە و هەمووی گرتۆتەوە، پێشنیارێک هەیە کەوا خاڵی «٥» زیادە و هەڵگیرێت، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، هەروەها پێشنیارەکەی کاک سەعیدیش لێرەدا چارەسەر بوو، کاک رزگاریش پێشنیارێکی هەبوو کەوا وشەی«حالیا» لە بڕگەی «٢»دا هەڵگیرێت، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم جۆرە دارشتنانە لە پێشکەش کارانی پرۆژەکەوە بۆمان هاتووە، کاک ئیبراهیم سەعیدیشم لەگەڵدا بەشدار بووە لە دارشتنەوەی ئەم پرۆژەیەدا، با کاک ئیبراهیم سەعید رای خۆی دەربڕێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کات پەیوەندی بە مەرج و مواسەفاتەوە هەیە، رەنگە مەرجی بیناسازی کە پێش «١٠»ساڵ هەبوو ئیستا راوەستاوە و بەمەرج و جۆرێکی تازەوە کار دەکەن، جا ئێستا وشەی «حالیاً» زۆر پێوستە کەوا تیایدا بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

«حالیاً» هەر هەمان کات و شوێن نییە، «١٠» ساڵی تریش هەر «حالیا»ە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر، رەنگە ئەو مەرجانە بگۆردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە لە پاشان هەر دەبێتە «حالیاً»، ئەو «حالیاً» هیچ ناگۆرێت، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگەی «٤»من وام پێشنیار کرد کەوا لە کۆتاییەکەیدا بوترێت «وبموافقه الجهات الرسمیه»، چونکە لە سەرەوە وشەی «خارج»ی تیادایە،«التعاون مع المنظمات والجمعیات والنقابات المهنیة الاخری داخل الاقلیم وخارجه»، بۆیە ئەو دەستەواژەیەی پێویستە بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا وشەی «حالیاً» هەڵگیرێت، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا و، وشەی «حالیا» هەڵدەگیرێت، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک سەعیدیش کەوا«بموافقة الجهات الرسمیة» بخرێتە سەر برگەی «٤» کە دەڵێت :«داخل الإقلیم وخارجه»، بۆ ناوەوەی هەرێم هیچ پێویست بە رەزامەندی ناکات و، ئەگەر مەبەستتیش ئەوانەی دەرەوەی وڵاتن، ئەوە دەڵێم خۆزگە سەندیکاکانی ئێمە ئەوەندە چالاک بونایە و پەیوەندییان بە سەندیکا بیانیەکانەوە هەبوایە، ئەو کاتەش گەر چوونە دەرەوە ئەوە دەبێت رەزامەندی وەرگرن، پێشنیارەکەش دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا پێشنیارێک هەیە کەوا لە کۆتایی برگەی «٤»ەمدا

دەستەواژەی «بموافقة الجهات الرسمية»ی بۆ زیاد بکرێت، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، سوپاس، ئێستا وەکو ماددەی «٣» دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٤» کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**الفصل الثاني**

**(الانتماء والعضوية)**

**المادة الرابعة:**

يشترط في العضو ان يكون:

اولاً: من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

ثانياً: غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

ثالثاً: حاصلاً على شهادة بكالوريوس في الهندسة او مايعادلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٤» هەیە؟، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ببیت بە ئەندام دەبێت نیشتەجێی کوردستان بێت، ئەندامێک تەنها هاوکاری ویارمەتی دەدات، مەرج نییە خۆی بۆ دەستەی کارگێڕی هەڵبژێرێت، لەوانەیە ئەندازیارمان هەبێت لە تورکیا بێت، یا لە ئێران بێت، هاتووچۆ بکات ئەوە چی تێدایە ئەگەر ئەندام بێت، مەرجە نیشتەجێی کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەرجە لە هەموو یاساکانی سەندیکاکانی تردا دانراوە، چونکە سەندیکا هەندێ ئمتیازاتی هەیە، ئێمە خەڵکێکی زۆرمان هەیە لە دەرەوەی وڵات، لەانەیە سەندیکا هەندێ دەسکەوتی هەبێت بۆ ئەندامانی لەوەیە ئەم مەرجە نەبێت زۆر کەس دەبێتە ئەندام فەخری سەندیکا و کار لە کوردستان ناکات، یان لەوەیە هەر کاری ئەندازیاریش نەکات لە دەرەوە، کەچی هەمان مافی ئەندازیارێکی تری هەیە کە لەم وڵاتەیە و لێرەیش کار دەکات، بۆیە ئەم مەرجەیانە داناوە و، هەمان مەرجیش لە سەندیکاکانی تریش دانراوە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حزب ئەندام هەیە کە لە دەرەوەی وڵاتە و ئەندامی حزبیشە، بەڵام نازانم بۆ سەندیکاکان وا نەبێت، خۆ سەندیکا لە حزب گرنگ تر نییە!، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سـەندیکا کـەرتێکی پیـشـەییـە و، دەبێت بۆ ئـەو کـەرتەی خـۆی ئیش بکات مـەیدانیـە، ئەوە ئامانجەکەیەتی، چونکە ئەندامی سەندیکا هەندێ ئیمتیازاتی خۆی هەیە و، ناسنامەی پێدەدرێت مۆڵەتی پێ ئەدرێت، ئێستـا وەکو ماددەی«٤» دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاسـتـان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی «٥» کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

**المادة الخامسة:**

١- يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب مرفقاً بالوثائق اللازمة.

٢- يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال (١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر الطلب مقبولاً.

٣- للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى محكمة تمييز الاقليم خلال (٣٠)ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ به ويكون قرارها باتاً.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٥» هەیە؟، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز مـــەحـــمـــەد ئەمین مـــەولـود ئەمین:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

برگـە «٢»دەڵێت:«٢- يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال (١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر الطلب مقبولاً.» ئەمە لە هیچ سەندیکایەکدا نەهاتووە، بەرای من بکرێت بە «البت فيه خلال مدة «٣٠» يوماً»، ماوەکەی بکرێت بە «٣٠»ڕۆژ و سەرەتای برگەکەش هەمووی زیادە، چونکە نووسراوە، برگە «٢» ئەوەندەی بەسە کەوا بڵێین:«وعلى المجلس البت فيه خلال مدة «٣٠» يوما»، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

«١- يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب مرفقاً بالوثائق اللازمة ،و على المجلس البت فيه خلال مدة لا تتجاوز عن (١٥)يوماً، و عند انقضائها دون البت فيه يعتبر الطلب مقبولاً»، کەواتە برگەی «١ و ٢» دەکەین بە یەک برگە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنـســــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر هاتوو هاوپێچ بوو لەگەڵ بەڵگەنامەدا، داواکاریەکەی و بەڵگەنامەکانی هەمووی پێشکەش

کرد، ئەی ئیتر بۆ ڕەت دەکرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵکو ڕاست نەبێت و«مزور» بێت، یا خود یەکێک لەو مەرجانەی تیادا نەبوو کە لە یاساکەدا هاتووە، ئەوە بۆ سەلماندنیەتی، چەند جارێک لێرەدا دووبارەم کردۆتەوە کەوا خۆزگە ڕۆژێک لیژنەیەکی پسپۆر لە پەرلەمان و پسپۆرانی سەندیکاکان دانیشن و، یاسایەکیان بۆ هەموو سەندیکاکان دادەرشت و بەندگشتیەکان تەوحید کەن، کێشەکانی تر لە پەیڕەوی ناوخۆ چارەسەر بکرێت، ئەوکاتە شتێکی باشی لێ دەردەچوو، ئێستا کاک فەرسەت دارشتنەوەکەی دەخوێنێتەوە، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فقرة «١» «الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب مرفقا بالوثائق اللازمة وعلى المجلس البت فيه خلال مدة «١٥»يوما وعند إنقضائها دون البت فيه يعتبر الطلب مقبولا.»

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی لەسەر هەیە؟، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە هەموو سەندیکاکاندا «٢» بڕگە هەیە، یەکەم داواکاری پێشکەش بە نەقیب دەکرێت، کە داواکاریش پێشکەش بە نەقیب کرا، نەقیب ڕەوانەی ئەنجوومەنی دەکات، نابێت نەقیب و ئەنجوومەن پێکەوە بڕیاری لەسەر بدەن و، لە هەموو یاساکانی سەندیکاکانی تریشدا «٢» بڕگەیە، بڕگەیەک داواکاری پێشکەش نەقیب دەکرێت، نەقیبیش دیدات بە ئەنجوومەن، ئەنجومەنیش کۆبوونەوەی خۆی دەکات ئەوجا بڕیاری لەسەر دەدات، لێرەدا نابێت تێکەڵ بکرێت، چونکە ئەمە هاودژە لەگەڵ یاسای هەموو سەندیکاکانی تردا، لە هەموو سەندیکاکانی تردا بە «٢» بڕگە هاتووە، لێرەدا ئەگەر لە «وعلى المجلس»وە بکرێتە بڕگەی دووەم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە خۆی بە «٢» بڕگە هاتووە، بەڵام ئەگەر بیکەین بە یەک بڕگەش هیچ لە ماناکەی ناگۆڕێت، چونکە لە ماددەکانی تردا هاتووە «صلاحيات المجلس قبول الإنتماء» هاتووە، جا ئۆتۆماتیکییەن لە ڕووی ئیداری و پیشەییەوە نەقیب ڕەوانەی ئەنجوومەنی دەکاتەوە و، وەرگرتنی «إنتماء» لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنە نەوەک «نەقیب»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ لە مانای ماددەکە ناگۆڕێت، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم ماددەیە لە یاسای سەندیکاکاندا وەکو یەک دەرنەچووە، بەڵام لە زۆربەیاندا وا هاتووە کە داواکارییەکە پێشکەش بە نەقیب دەکرێت و نەقیبیش دەیداتە ئەنجوومەن، جا ئەونجوومەنیش لەو ماوەیەی کە بۆی دانراوە بڕیارێکی بنبڕی بۆ دەدات، بە رای من ئێستا چۆنە هەر وا بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەندامانی لیژنەی یاسا رایان وایە کە هیچ لە ناوەڕۆک ناگۆڕێت، ئێستا بڕگەی «١» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا،بڕگەی «٣» ئۆتۆماتیکیەن دەبێت بە بڕگەی «٢»، هیچ تێبینییەک لەسەر بڕگەی«٢» هەیە؟، کەواتە ماددەی «٥» دەخەینە دەنگدانەوە؟، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة السادسة:**

١- يصنف المهندسون بالنسبة لصلاحياتهم لمزاولة المهنة، الى المراتب التالية:

أ- مهندس مساعد.

ب - مهندس ممارس.

ج - مهندس مجاز.

د - مهندس استشاري.

٢- تحدد شروط المراتب وصلاحياتها في النظام الداخلي للنقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٦» هەیە؟ کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة السابعة:**

اولاً: بدل الانتماء الى النقابة ثلاثون ديناراً.

ثانياً: بدل الاشتراك السنوي يكون كما يلي:

١- مهندس مساعد(١٠)عشرة دنانير.

٢- مهندس ممارس(١٥)خمسة عشر ديناراً.

٣ـ مهندس مجاز(٢٠)عشرون ديناراً.
د ـ مهندس استشاري(٣٠)ثلاثون ديناراً.
ثالثاً: تدفع بدلات الاشتراك في موعد لايتجاوز شهر شباط من كل سنة وإذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم (٥٠٪)من بدل الاشتراك ويشطب اسمه من السجل في حالة عدم تسديده بدل الاشتراك لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی«٧» هەیە؟ كاك د.رزگار وكاك ئەمین مەولود، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم لەسەر «بدل الأشتراک» هەیە کە سالانە، ئەگەر یەک خریت وەکو سەندیکاکانی تر دەکاتە «٢٠»دینار، کە ئەویش زۆر ئاساییە، جا «٥» دینار لەمە زیاد و لەوی تر کەم، ئەگەر بکرێتە یەک باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چۆن دەبێت ئەندازیارێکی راوێژکاری «إستشاری» کە مووچەکەی بە قەد مامۆستایەک بێت، کە لەوانەیە بەشی هاتووچۆکەی نەکات، یاخود پزشکێک مووچەکەی بەقەد یاریدەدەرێکی پزیشک بێت، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من «بدل الإشتراک»ەکان زۆر بە کەم دەزانم کە دەکاتە «٧٥٠»فلس لە مانگێکدا، ئەگەر زیادی کەن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەیری یاسای سەندیکاکانی ترمان کردووە، جا لەبەر ئەوە نزیکی یاسای سەندیکاکانی ترمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە «دخل»ی ئەندازیارەکانە، خۆیان ئەوەندەیان پەسەند کردووە، سەندیکاکان خۆیان حەز دەکەن و هەر کاتێکیش ویستیان زیادی کەن، ئەوە با بۆ خۆیان زیادی کەن، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٧»دایە؟ .. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**الفصل الثالث**

**(التشكيلات)**

**المادة الثامنة:**

تتألف النقابة من :

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٨» هەیە؟ کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دزغرەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە «تشكيلات النقابە»دا نەقیب یا لە بیر کراوە، یا لە چاپ دەرنەچووە، لەبەر ئەوەی «مجلس» هاتووە، دەبێت نەقیبیش باس کرێت، چونکە نەقیب هەڵدەبژێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەقیب نە لەبیر کراوە و نە لە چاپیش دەرنەچووە، بەڵکو وشەی نەقیب لە «هيئە العامە» و «مجلس»یشدا هەیە، جا بۆیە پێویست ناکات لە میانی «تشكيلات النقابە»ش جارێکی تر نەقیب دانرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی «٨» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة التاسعة:**

تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء الذين اوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة في النقابة وتعقد اجتماعاً اعتيادياً في مقرها خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لأنتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة وعند

عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول وفي نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة اخرى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٩»هەیە؟، کەواتە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة العاشرة:**

تمارس الهيئة العامة الصلاحيات التالية:

اولاً: تصديق الميزانية والحسابات الختامية.

ثانياً: مناقشة واقرار تقرير المجلس.

ثالثاً: النظر في الاقتراحات المقدمة بشأن تعديل قانون النقابة.

رابعاً: اقرار النظام الداخلي وتعديله.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١٠» هەیە؟ دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة الحادية عشر:**

اولاً: يجوز دعوة الهيئة العامة الى اجتماع غير اعتيادي في احدى الحالتين التاليتين:

١ـ بقرار مسبب يتخذه اكثرية اعضاء المجلس.

٢ـ بطلب تحريري مسبب يقدمه ثلث اعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعلى المجلس اصدار الدعوة وتعيين موعد الاجتماع خلال مدة خمسة عشر يوماً من تاريخ وصول الطلب.

ثانياً: لايجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا في الامور التي ادرجت في جدول الاعمال وعقد الاجتماع من اجلها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١١» هەیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة الثانية عشر:**

اولاً: لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان قد منع من مزاولة المهنة انضباطياً.

ثانياً: تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة بأكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه النقيب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها یەک تێبینی لە داڕشتنەوی ماددە«١٢»دا هەیە، ئەویش پێشنیار هەیە ئەم ماددەیە بکرێت بە دوو ماددە، یەکەمیان پەیوەندی بە قەدەغەکردنی ئەندامە لە کۆبوونەوە و، ئەوی تریشی سەبارەت بە دەنگدانە. بەڵام زۆر نزیک یەکن، وەکو خۆی دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من تسعة اعضاء:

اولاً: النقيب ويشترط فيه ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن (١٠)عشر سنوات.

ثانياً: ثمانية اعضاء بما فيهم نائب النقيب والسكرتير ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن ثمانية سنوات.

ثالثاً: ينتخب المجلس من بين اعضاءه وبالاقتراع السري نائباً للرئيس وسكرتيراً.

رابعاً: يعقد المجلس جلساته الإعتيادية مرة واحدة في الشهر كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضائه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١٣» هەیە؟ کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەماددەی«٥»دا من پێشنیارم کرد کە ماوەکە بکرێت بە «٣٠»ڕۆژ، بەڵام لێرەدا ئەنجوومەن مانگی جارێک کۆ دەبێتەوە، لێرەدا ئەوە دەقۆزرێتەوە کە ئەگەر داواکاری پاش ڕۆژێک پێشکەش بکرێت، ئەوە ئۆتۆماتیکیەن وەردەگیرێت، چونکە ئەنجوومەن نییە و، ماوەکەش کە «١٥»ڕۆژ دانراوە بەسەری دا تێدەپەڕێت، چونکە ئەنجوومەن «٣٠» ڕۆژ جارێک کۆ دەبێتەوە، جا هەر داواکارییەک لە ١ تاوەکو ١٤ ڕۆژ پێشکەش کرا ئەوە وەردەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«يعقد المجلس جلساته الإعتيادية مرة واحدة في الشهر كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضائه»،لێرەدا ئەگەر داواکارییەکان گەیشتە «٥» داوا دەتوانن دانیشتنیکی بەدەری بۆ ببەستن و، ڕەزامەنی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەکو باوە ئەندازیار کە مەرجەکانی ئەندامیتی تیادا بێت وەردەگیرێت ئەگەر نەقیب زانی هەندێ داواکاری هەیە مەرجەکانی تێدا نییە داوای دانیشتنێکی (ئیستسنائی) دەکات، خۆ نەقیبیش لەلایەن ئەنجومەنەوە توێژینەوەی لەگەڵدا دەکرێت ئەنجومەنیش لەلایەن دەستەی گشتییەوە توێژینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەر ( ١٠ ) ئەندازیاریان وەرگرت لە ماوەی ئەوەی کە هەموو مەرجەکانیان تێدا نییە ئەو کاتە هیئە عامە ئەوە دەکەن.

دەیخەینە دەنگدانەوە مادده (١٣) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

تکایە ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن پێش وەخت ئێمە کە دەڵێین کێ تێبینی هەیە ئەو کاتە ئەوەی تێبینی هەبێ قەبووڵە دوای ئەوە قبووڵ نییە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة الرابعة عشر:**

أولاً: يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الأعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه النقيب.

ثانياً: اذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير في حالة شغور مركز النائب.

ثالثاً: يحل محل النقيب احد الاعضاء الاصليين بالاقتراع السري في حالة شغور مناصب النقيب ونائبه والسكرتير.

رابعاً: على المجلس دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي خلال مدة لاتزيد على شهرين لغرض انتخاب النقيب على ان لاتقل المدة المتبقية عن (٦)ستة اشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٤) چ تێبینی لەسەری هەیە؟. نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة الخامسة عشر:**

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً اذا تغيب عن حضور(٣)ثلاث جلسات متتالية او(٥)خمسة جلسات متفرقة خلال (سنة)بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادده پانزده هەیە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة السادسة عشر:**

اولاً: يمارس المجلس الاختصاصات التالية:

١- العمل على تحقيق اهداف النقابة.

٢ - تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.

٣ - تنفيذ قرارات الهيئة العامة.

٤ - تعيين العاملين في النقابة وتحديد أجورهم وترقيتهم.

٥ - النظر في طلبات الانتماء.

٦ - المصادقة على ترقية اعضاء النقابة من مرتبة الى اخرى بموجب النظام الداخلي.

٧- تأسيس فروع النقابة في المحافظات.

٨ - تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

٩ - اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية و غيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.

١٠ - احالة القضايا والشكاوي التي ترد اليها الى اللجنة الانضباطية.

١١ - إعداد الميزانية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات.

١٢ - اقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وتقديم المساعدات المالية ضمن اهداف النقابة.

١٣- البت في استقالة النقيب او نائبه او اي عضو من اعضاء المجلس او لجان النقابة على ان تعرض على الهيئة العامة في اول اجتماع لها.

١٤- الاعداد للانتخابات.

١٥- منح إجازة فتح المكاتب الهندسية.

١٦- تأسيس وإدارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعيات.

ثانياً: للمجلس تخويل بعض من صلاحياته للنقيب او رؤساء الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک حسێن، مادده (١٦) کێ تێبینی لەسەری هەیە؟.

تەنها کاک جەمیل سندی تێبینی هەیە. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

له برگە (١٥) هاتووه (منح اجازه فتح المكاتب الهندسيه). كردنەوەی نووسینگەی ئەندازەیی ئەرکی سەندیکا نییە، نووسینگەی ئەندازەیی و یان کۆمپانیای ئەندازەیی یان کۆمپانیای مقاوەلات لە یاسای عێراقی ئەمانە هەمووی ئەرکی ئیشی وەزارەتی پلاندانانە، جا پێشنیار دەکەم لای ئێمە ئەرکی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە یان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بێت چ

ئەندازیار بێت یان راوێژکاری ئەندازیاری بێت (مهندس استشاری) ئەوا (تأییدیان) دەداتێ و مۆڵەتی کردنەوەی نووسینگە لە ئەرکی سەندیکادا نییە، بەڵکو ئەرکی حکومەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل پێشنیارت ئەوەیە ئەم برگەیە نەمێنێ.

کاک ئیبراهیم ئەگەر تۆزێک بۆمانی روون بکەیتەوە (مکاتب هندسی) یانی چی؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جیاوازی هەیە لە نێوان (مقاولین) و (مکاتب هندسی)، وەکو جەنابی کاک جەمیل فەرمووی راستە مقاولین سەر بە وەزارەتی پلان دانانن، بەڵام نووسینگەی ئەندازەیی پلەیەکی تایبەتی ئەندازیار مافی هەیە نووسینگەی ئەندازەیی بکاتەوە ئەویش بە رەزامەندی سەندیکا دەبێت لە یاسای سەندیکای ئەندازیارانی عێراقی کە پێموایە لیژنەیەکی تایبەت هەیە بەناوی (لجنە المکاتب الهندسیە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا پشتگیری ئەوە دەکات کە کردنەوەی نووسینگەی ئەندازیاری لە نێوان دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەندیکادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەئیید وا دەبێت بەڵام ئەوی (إجازة فتح المکتب)؟، چونکە چ کۆمپانیا چ نووسینگە دەبێ لە رووی دارایی و پلەی ئەوە دیاری بکرێت تاوەکو بزانرێت مالیەی چەند بێت دەبێتە نووسینگە؟، دەبێتە کۆمپانیا.

تەئیید راستە لیژنەی هەندسی تەئییدێک دەداتە ئەندازیارێک بۆ هەڵسنگاندنی پلەی بەڵام أجازات فتح و رسوم فتح ئەوە ئیشی حکومەت و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک جەمیل تێکەڵی دەکات لە نێوان نووسینگەی ئەندازەیی ئەندازیارو کۆمپانیا، بۆ کۆمپانیا ئەوا (قانون شرکات) هەیە تەسجیل ارقامی خۆی هەیە دەبێ مسجل شرکات مۆڵەتی پێ بدات لایەنێکی حکومەت پێی دەدات و یاساو ڕێنمایی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەگەر ئەندازیار بە تەنیا بۆ خۆی نووسینگەیەک بکاتەوە یەکێک دەیەوێت خانوویەک بکات دەچێت بۆخۆی نەخشە لای ئەو ئەندازیارە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکای ئەندازیارانە فەسڵی چوارەم:

المكاتب الهندسية:

المادة (١٣)

أ- المكتب الهندسي هو المكتب الذي يؤسسه المهندس أو اكثر من أعضاء النقابة وممن تتوافر فيهم شروط فتحه بموجب هذا النظام وتعليمات تأسيس مكاتب الخبرة الهندسية التي تصدرها النقابة وذلك لغرض مزاولة المهنة وتكون للمكتب الصلاحيات التي يخولها النظام الى اعلى مراتب مؤسسين ضمن اختصاصاتهم وعلى مؤسس المكتب تسجيل مكتبه لدى النقابة وفقا للتعليمات التي تصدرها وإستحصال موافقتها على تسيجله قبل الالتزام بأي عمل.

ب - تشكل النقابة لجنة للمكاتب الهندسية برئاسة أحد اعضاء المجلس تعني بشؤون مكاتب الهندسية وتقديم توصياتها للمجلس حول تعليمات فتح المكاتب وكل ما من شأنه ان يؤدي الى رفع مستوى هذه المكاتب، يقوم مجلس النقابة بإعداد تعليمات لفتح مكاتب الهندسية، مكاتب الرأي أو مكاتب الإستشارة مستئنساً بتوصيات لجنة المكاتب وعرض هده التعليمات على الوزير للمصادقة عليها. يكون رسم التسجيل ولإشتراك السنوي لمكاتب الرأي ومكاتب الاستشارية بموجب تعليمات تأسيس مكاتب الخبرة الهندسية. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەفاسیل بوو لەسەر مکاتب دیارە (مکاتب) گرنگیەکی خۆی هەیە لە ژیانی ئەم توێژەدا.

کاک محەمەد ئەگەر چ تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا تێبینی لەسەر بڕگە (١٣) هەیە.

البت في إستقالة النقيب ونائبه أو أي عضو من أعضاء المجلس أو لجان النقابة. لێرە خاڵ دادەنێین ئەوەی تر زیادە لێرە وشەی (البت) نەمانە ئینجا بۆچی دوایی بگوترێت (على المجلس)

وابزانم لێرە مەبەستی بۆ زانین (للعلم)ە مجلس خۆی علمی پێ هەیە، جا بەرای لیژنەی یاسا (علی ان تعرض علی الهیئة العامة في اول اجتماع لها.) ئەوە زیادە، چونکە سەندیکا بەتی پێداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارێکە کە برگە (١٣) پاش ئەو وشەی (لجان النقابە) رستەی دوای ئەو نەمێنێت. باشە بەڵام هەر دەبێت بگوترێت (تعرض علی الهیئە العامە) ئەگەر هیئە عامە رازی نەبوون، بەڵکو لەسەر ئەم ناکۆک بوون؟. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وای لێ بکەین دەبێت (البت) هەڵبگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

البت رای ئەوانە کە لەسەر ئیستقالەکە رازین، بەڵام پاشان دەبێت (تعرض علی الهیئة العامة) بێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم (تعرض علی الهیئة العامة) تەنیا بۆ زانیاریە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرج نییە لەوانەیە (هیئة العامة) استقالەکە وەرنەگرێت، بیرێکی لێ بکەنەوە.

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە ئەسڵی پرۆژەکە ئەو برگەیە نەهاتووە نازانم چۆن پەڕیوەتە ئێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێن لە ئەسڵی پرۆژەکە نەهاتووە ئێوە دەڵێن چی؟ هەڵیگرین؟. لە سەندیکای تر ئەمە هەیە؟. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە (بت) پاشی عرض دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر لێرە وا نەهاتووە، لە سەندیکاکانی تردا هەمان شت دەسەڵات دراوە بە ئەنجومەن کە (بت) بکات لەم شتانە؟. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە زۆربەی سەندیکاکانی تریش ئەو (بت)ە دراوەتە ئەنجوومەن و دوایی بۆ زانین (عرض) دەکرێت بۆ هیئە العامە، کاتی خۆی لە سەندیکاکانی تر وا بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لە سەندیکاکانی تر وا نییە خراپ نییە (علی ان تعرض علی الهیئة العامة) بمێنێ.

کاک جەمیل ئەوەی جەنابت گفتوگۆیەکی باشمان لەسەری کرد. بڕگە (١٥): ١٥- منح إجازة فتح المکاتب الهندسیة. کاک جەمیل پێشنیار دەکات دەڵێت ئەم بڕگەیە نەمێنێت. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە کە بڕگە (١٥) نەمێنێت؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە بمێنێت.

وەکو مادده دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة السابعة عشر:**

یمارس النقیب الصلاحیات التالیة:

١- رئاسة اجتماعات الهیئة العامة والمجلس.

٢- یمثل النقابة لدی المراجع القضائیة والاداریة والهیئات الرسمیة والاهلیة والمؤتمرات والمصادقة علی المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة، وله تخویل بعض صلاحیاته الی من یرتأیه من أعضاء المجلس.

٣- تأیید ملاءة منتسبي النقابة لأغراض الکفالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (١٧) کێ تێبینی لەسەری هەیە؟. نییە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الثامنة عشر:**

تؤلف لجنة الإنضباط من ثلاثة أعضاء وعضوین إحتیاط ویشترط ان یکون لهم ممارسة في المهنة لاتقل عن (٩)تسعة سنوات وتختص بالنظر في القضایا والشکاوي التي یحیلها علیها المجلس وتتبع القواعد الواردة في قانون إنضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (١٨) چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟. نییە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس..

کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة التاسعة عشر:**

للجنة الانضباط صلاحية إصدار العقوبات التالية:

أ- الفات نظر.

ب - الانذار.

ج - المنع من مزاولة المهنة لمدة لاتتجاوز عن ستة أشهر ويقتصر المنع بالنسبة للموظف على العمل خارج اوقات الدوام الرسمي وتبلغ دائرته بالقرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (١٩) چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟. نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة العشرون:**

يجوز الطعن في قرارات لجنة الانضباط لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ التبليغ ويكون قرارها باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٢٠) چ تێبینی لەسەری هەیە؟. نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تیکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الحادية والعشرون:**

١- تنتخب لجنة الفرع من قبل الاعضاء بالاقتراع السري.

٢- تتألف لجنة الفرع من الرئيس واربعة اعضاء وعضو احتياط.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

مادده (٢١) چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟. نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الثانية والعشرون:**

على العضو تجنب الأمور التالية:

١- إهمال أو عرقلة تطبيق القوانين والأنظمة المتعلقة بالنقابة والقرارات التي تصدرها.

٢- مزاولة المهنة دون تجديد الاجازة او تسديد الاشتراك السنوي.

٣- عدم مراعاة السلوك المهني والاساءة الى سمعة المهنة حسب القواعد المنصوص عليها في

النظام الداخلي.

٤- انتحال لقب مهني أو صفة مهنية غير صحيحة أو غير مصادق عليها وفق القوانين والأنظمة المرعية.

٥- تجاوز حدود مزاولة المهنة حسبما نص في النظام الداخلي او التعليمات التي تصدرها النقابة.

٦- ارتكاب خطأ فني جسيم نتيجة إهمال يسبب خسارة كبيرة لذوي العلاقة.

٧- وضع اية صيغة في المقاولات او في جداول الكميات تلزم باستعمال انتاج معين او طريقة معينة بدون موافقة صاحب العمل.

٨- عدم اجراء تغيير او حذف في التصاميم المصدقة بصورة تؤثر كلياً على تكاليف العمل إلا بموافقة صاحب العمل وفي الحدود التي يتضمنها العقد الهندسي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادده (٢٢) هەیە؟.. نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**الفصل الرابع**

**(مالية النقابة)**

**المادة الثالثة والعشرون:**

تتكون مالية النقابة من:

١- بدلات الإنتماء والإشتراك السنوي.

٢- رسوم منح إجازة فتح المكاتب الهندسية.

٣- المنح المقدمة من الجهات الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من جهات اخرى بعد موافقة الجهات الرسمية.

٤- ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٥- أرباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها او القيام بها.

٦- أرباح مطبوعات النقابة.

٧- رسم تأييد ملاءة العضو المالية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده (٢٣) چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟. تەنها کاک جەمیل.
کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من برگە (٢): (٢- رسوم منح إجازة فتح المكاتب الهندسية) نەمێنێت، چونکە رسوم هی دەوڵەتە ئەمە یەک، دوو ئایا دەبێت یەکێک رەسمێک وەربگرێت کە لە یاسادا نەبێت؟، ئایا رسمەکە چەندە؟خۆی رەسم انتماء. رسم تجديد سنوی هەمووی هەیە، بەڵام رسم فتح المكتب لە بنەڕەتەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رسم منح اجازه فتح المكاتب الهندسيه. کاک جەمیل دەفەرمووێت رسم تەنیا بۆ حکومەتە. بۆ رەسم تەنیا بۆ حکومەتە؟. ئەو رەسمە بەرامبەر ئەو مۆڵەتەیە کە دەدرێ بۆ کردنەوەی نووسینگەی ئەندازەیی ئەمە لە دەسەڵاتی سەندیکادایە بەڵام رەسمەکە؟ چەندە ئەوە ئەوان لە پێڕەوی ناوخۆ دایدەنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. جەنابی سکرتێر تێبینییەکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا رادەیەک من لەگەڵ کاک جەمیلدام، بەڵام نەک لەگەڵ لابردنی ماددەکە، من لەگەڵ ئەوەدام پارەکە لە پێشدا دیاری بکرێت، چونکە بنەمایەکی دەستووری لە هەموو دونیا هەیە سەپاندنی باج و رسوم دەبێت بە یاسا بێت. ئەگەر دیاریمان نەکرد ئەوە سەندیکا سبەی هەموو رۆژ بە ئارەزووی خۆی دەیگۆڕێت، لەبەرئەوە بەرای من دەبێت پێش وەخت دیاری بکرێت، بەڵام من لەگەڵ لادانی برگەکە دانیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رسومی دانی مۆڵەتی کردنەوە بەرای ئێوە چەند وەردەگیرێت؟. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با جارێ شتێکی رەمزی بێت ئەگەر کەم بوو با دوایی زیادی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای سەندیکای دەرمانسازان دا هاتووە لەوێ (بدل انتماء) هەیە، هەتا (١٠٠٠) هەزار

دیناریش هاتووه، بەرای من سالانە (٥٠٠) پێنج سەد دینار بێت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاک ئیبراهیم نووسینگەکان هەمووی یەک پلەن یان جیاوازن؟.
**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
نووسینگەی ئیستشاری هەیە، نووسینگەی (رأي)یش هەیە، نووسینگەی راوێژکاری گرنگترە، بەرای من ئێستا (١٠٠) سەد دینار دابنرێت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.
**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(منح اجازة فتح مكاتب هندسية) لە مادده (١٦)دا هاتووە لە بڕگە (١٥) هاتووە رەسمەکان هەر بهێڵنەوە بۆ پێڕەوی ناوخۆ، هەقە یاساکە تەنیا ئاماژە بەوەی بدلات و اشتراکات هەیە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵێ مامۆستا، بەڵام برادەرانی لیژنەی یاسا دەڵێن نابێت رسوم بێ دەقی یاسا وەربگیرێت.
**بەڕێز محەمەد تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بدلات الإشتراک و بدلات الإنتمائیش هەر پارە وەرگرتنە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵام ئەمان دیاری کراوە، رسوم دەبێت بە یاسا بێت.
**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڵام بەرای من ئەمانە لە مادده (١٦) دابنرێت.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادده (١٦) تەواو بووە. با جارێ لێرە دابنرێت دوایی، ئەوەی کاک جەمیل دەفەرمووێ راستە رەسم دەبێت بە یاسا بێت. ئێمە یاسای رەسمەکانمان نییە بۆ کردنەوەی نووسینگەکان، هیواداریین لە وەزارەتی دارایی دیاری بکەن و رزگارمان دەبێت.
ئێستا ئەو پێشنیارە هەیە (مكاتب الاستشاریه ٥٠٠ دینار)، (مكاتب الرأی ٢٥٠ دینار) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا.
لە بڕگە (٧)یش هەمان گرفت هەیە، (رسم تأیید ملاءة العضو المالیة)، پێشنیار هەیە بەو

شێوەیە بێت: (رسم تأييد ملاءة العضو المالية وفق النسب الواردة في قانون كتاب العدول النافذ) لەوێ رێژەیەکی تایبەت هەیە بەو رێژەیە ئەوانیش ئەو پارەیە وەردەگرن. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تیکڕای دەنگ ئەو پێشنیارەش پەسەند کرا.

مادده (٢٣) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**احكام ختامية**

**المادة الرابعة والعشرون :**

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تیکڕای دەنگ مادده (٢٤) پەسەند کرا.. سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

المادة الخامسة والعشرون :

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٢٥) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەو شێوەیە بێت:(على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون) پەیوەندی بە زۆر وەزاراتەوە هەیە، ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەموو وەزارەتەکان کۆدەکاتەوە لە یاساکانی تریش وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من پێی ناوێت چونکە هەر وەزارەی پەیوەندیدار شتێکی تایبەتیان هەیە پەیوەندی بە ناوخۆو پەیوەندی بە داریی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئیبراهیم پێشنیارەکەت سەحب دەکەیەوە، بەڵێ سەحب دەبێتەوە گرفت نییە مادده(٢٥)

دەخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة(٢٦) ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم مادده؟ نیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ...؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الاسباب الموجبة:

بغية تنظيم جهود والطاقات المهندسين الكوردستانين و رفع المستوى المهني و الثقافي و العلمي لاعضائه لمساهمة في اعمار و بناء كوردستان باعتبارهم شريحة متميزة في هذا المجال بعد ان تحقق الطموحات و اهداف حركة التحررية الكوردية بقيادة بارزاني الخالد و انتفاضة ازار المجيدة في الحرية و الديمقراطية والفدرالية و تعزيزا لمكتسبات فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک حوسێن، دێینەوە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەکەمان ئەویش خستنە ڕووی گفتوگۆ کردن لەسەر بڕیاری تایبەت بە ڕاست کردنەوەی لیستی هاوپێچ بە بڕیاری ژمارە(١٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورستانی عێراقە لە ١٩٩٩/٩/٢٢.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ناوانە پێویستە بخوێنرێنەوە چونکە مەعلوم نییە ئەو سەرچاوەی پڕۆژەیە لە کوێوە هاتووە دەبێ دیاری بکرێت.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ لە ناوەکان دیار نین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لێرەش بخوێنرێتەوە یان نەخوێندرێتەوە پەیوەندی بە داخلی ئەوە نابێت، لیژنەی یاسا ئەڵێن پێویست ناکات بخوێنرێتەوە چونکە دوایی خۆیان طلب پێشکەش دەکەن و تەواو دەبێ. فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە دووەم خاڵ لە پڕۆگرامی کاری ئەمڕۆ ئەم برگەیە لە ڕاستیدا واتە خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردن

لەسەر بڕیاری تایبەت بە ڕاست کردنەوەی لیستی هاوپێچ بە بڕیاری ژمارە(١٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە لە ١٩٩٩/١١/٢٢دا وەختی خۆی ئێمە بڕیارێکمان دەربارەی ئەو خانوانە بۆ شەهیدان لە ناوچەی ئاکرێ دیارە هەندێک هەڵە بوو جەنابی سکرتێر بەدوایداچووە حەز دەکەم بۆتانی ڕوونکاتەوە دوایی دێینە سەر لیژنەی یاسا دەستی لێسوک بکاتەوە، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیار بوو پاش دەرچوونی بڕیاری ژمارە(٢٣) لە ١٩٩٩/٩/٢٢ ئەو ناوانە ئەوی لە لیستەی ئەنجوومەنی وەزیران کۆمەڵێک هەڵەی تێدابوو چەند ناوێکی موستەحەق لەناو لیستەکە نەبوون مع العلم لە مفرزاتی خەرتیەی ناوەکانیان تثبیت کرابوون چەند ناوێکیش لەناو لیستەک هەبوون هیچ وجودیان نەبوو لەسەر خەریتەی لەبەر ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران جارێکی تر لیستەیەکی تریان بۆ ئێمە نارد پرۆژیەکی تر.

ئەو پرۆژەیە کە مەفروزە ئێستا لیژنەی یاسا بیخوێنێتەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا با بفەرمووێت ئەوە رای لیژنەی یاسایە لەسەر ئەو پرۆژەی کە هاتووە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الى/السيدرئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

هامشكم المؤرخ في ١٩٩٩/١١/١٠ المسطر على أصل كتاب مجلس الوزارء المرقم(٧٨٠) في ١٩٩٩/١١/٨ بعد دراسة ومناقشة مشروع القرار الوارد الى المجلس الوطني بكتاب مجلس الوزراء المشار اليه اعلاه فقد قامت اللجنة بصياغة القرار مجدداً ووفق الصيغة المرفقة راجين عرضه على المجلس الموقر للمناقشة.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا هەر بۆ زانیاریتان وەختی خۆی ئێمە بە نووسراومان(٥٢٨/٣/٤ لە ١٩٩٩/١٠/١٧ ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردووە لەسەر هەندێ تێبینی کە ئێستا کە باسی کرا کە لە لیستەکەیانا بە هەڵە هاتبوو بەڵام لە خرائیط و دیکۆمەنتەکانی ترا تثبیت کرابوو ئەوانیش لەسەر ئەو ئەساسە پرۆژەکەیان ئامادە کرد بوو ئەو پرۆژە عەرضی لیژنەی ئێوە کرا لە خوێندنەوەی سەرەتای ئێستاش ئەو پرۆژە دەخوێندرێتەوە پاش ئەوەی کە لیژنەی یاسا دەستکاری کردووە بەو شێوەیەی کە ئێستا دەخوێنرێتەوە، با بفەرموون.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تآريخ القرار:

اولاً:- تلغى القائمة المرفقة بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم(١٣) في ١٩٩٩/٩/٢٢ للاخطاء الوارد فيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم چ تێبینیەک هەیە لەسەری؟ نیە؟ ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ...؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ثانياً:- يعمل بالقائمة والخارطة المرفقة بهذا القرار والمحتوية على(٦٦) اسماً مبتدئة بأسم(زكري عمر حمد) ومنتهية بأسم(تالب حسين سعيد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده دوو چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ جا ئەگەر ناوەکان بخوێنرێتەوە پاشان ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی تثبیت بێت فەرموو کاک حوسێن

بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:

خشتەی ناوی خانووەکانی سەربازگەی ئاکرێ بەڕێز ئەمە ناوەکانی ئەو لیستەیە بوو کە لە(١) وە بۆ(٦٦)ە لە زکرییەوە بۆ تالب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس جا ئێستا ماددەکە جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ثانياً:- يعمل بالقائمة والخارطة المرفقة بهذا القرار والمحتوية على(٦٦) اسماً مبتدئة بأسم(زكري عمر حمد) ومنتهية بأسم(تالب حسين سعيد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددانە خوێنرایەوە پاشان چ تێبینیەک هەیە لەسەر مادده دووە، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نسبەت ناوی یەکەم ناوەوە(ذکری عمر حمو) وە لە یاساکە(ذکری عمر حمد) هاتووە جا ئەگەر تطبیق بێت ئەو حەمەدو حەمۆیە ببێ بە یەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی حەمۆیە ئەگەر اشتباهمان(غەڵەت) نەکردبێ حەمۆیە، حەمۆ چونکە لە جێگای تریش حەمۆ هاتووە خزمی یان با بڵێی برایەتی بەڵێ ئەگەر راستی بکەن بیکەن بە حەمۆ عومەر حەمۆ. سوپای کاکە شێخ بۆ تێبینیە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زەین ئەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعدیلەکە ناوی تری هەیە لە ناوەکانی کۆنا نییە وە ناوی تریشمان هەیە ئێستا حاڵی حازر خوێنرایەوە هێشتا بەو شێوەیەی کە تعدیل کراوە پێم وایە ئەسکەندەر یاسین نعمەت، (جادر اسکندر یاسین) لێرە نووسراوە اسکندر یاسین نعمت، جادر اسکندر نعمت/ دووبارە ئەگەر ئەمەش تەعدیلی تری نەوێت باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لیستەیە کە خوێنرایەوە ئەوە ئیشی پێ دەکرێت ئەو لیستە کۆنەیەمان ئیلغاء کرد بە اعتبار ئەوە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و شارەوانی تصدیق کراوە پاش ئەو تێبینیانەی کە ئێمە پێمان دان زانیمان کە بەعزێ ناو هەڵەو شتە ئەمەیە کە مصدقە.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زەین ئەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەگەر ئیجازە بفەرمووی ژمارە(٣٥)و ژمارە(٣٦)ی ئەو لیستەی تازە اسکندر یاسین نعمت، جادراسکندر نعمت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پەیوەندیان پێوە نییە خوای ئەکرد سەد جاری تر هەڵە ئەبوو ئەوە خۆیان ناردویانە ئەم لیستەیە ئێستا ئەوە ئیشی پێ دەکرێ کە خوێنرایەوە جا نعمەیە نعمۆیە نازانم ئەمە گوایە تدقیق کراوە تنقیح کراوە گوایە هەڵەی خۆیان راست کردۆتەوە ئەمەش ناکرێ هەموو رۆژێ ناوێک هەڵە بوو نووسراویان کردووە ئەڵێن ئەمە لیستەکەیە چ بیکەین خۆ ئێمە علم غێب نین نزانین باپیری نعمەیە یان نعمۆیە کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم بەس یاسین بێتە پێش نعمە تەواو ئەبێت ئەمە هەڵەیەکی چاپییە اسکندر یاسین نعمت ئەوە جادر اسکندر یاسین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ مستەمسەکێکمان هەیە ئێمە.

**بەڕێز ڕەجـــەب شـــەعـــبـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

نەخێر بەڵام من کە نوێنەری ناوچەکەم واتە دەزانم بە ناوەکەی و خەڵکەکەی دەناسم جا ئەوە رای جەنابتانە زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس جارەکەی تریش هەمان هەڵەمان کردبوو اعتمادمان کردبوو ئێمە تەنها ئەوە دەکەین بە هەقیقەت ناتوانین ناو بگۆڕین لێرە لیستەیەک هاتووە مەسەلەی تاپۆیە کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی هاتووە دروستە نە لە مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر دروستە نە هی مامۆستا ڕەجەب. چونکە ئەمە موالیدی هەریەکە ساڵی (٧٠)یە واتە هەردوو قاطع چۆن یەکێ دەیدات بە کوڕی یەکی تر.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

اسکندر یاسین نعمت لە ساڵی ١٩٧٠ خانووەکە دروست کراوە موالید نییە. بەرواری دروست کردنی خانووەکەیە، جادر اسکندر نعمت وە ئەلحاصل ئەم ماددەیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

ثالثاً على المجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کەس تێبینی لەسەر ماددەی سێیەم هەیە؟ کاک محەمەد سەعید فەرموو

**بەڕێز حـــەمـــەد ســـەعـــید یعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆئەوەی بڕیارەکە لە ڕووی زانستی و هونەریەوە گونجاو بێت لەگەڵ مەبەستی خاوەن پرۆژەکە و خاوەن ئەو موڵکانە کە کارەکانیان ئانجام بدریت پێشنیار دەکەن ئەم برگەیەش بێتە سەر برگەکانی ترکە بریتیە لە(تفرض المساحات المملوكة بموجب هذا القانون وتسجل باسماء المستثمرين باحكامه ارضاً و بناءً ملكاً صرفاً في دائرة تسجيل عقاري

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوە لە بڕیارەکەی پێشوو جێگیر بووە ئەوە تەنها هەموار کردنی لیستی ناوەکانە.

**بەڕێز ســـــەعـــــید یعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوە لەلانی جێبەجێ کردنەوە دەبێتە ئیشکال ، مەبەستم ئەوەیە کە ئەوەی سەرە رۆیی کردوە بەناوی تەملیک بکرێ دەبێتە گرفت بۆیە ئەگەر ئەوەی تێدا نەبێت لایەنی هونەری لە تۆماری عەقاری پێیان ناکری ئەنجامی بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئێمە تەنها مامەڵمان لەگەڵ لیستەکەدا کردوە، لە لیستەکە هەڵە هەبووە ئەوەی بریارە کۆنەکە دەی گرێتەوە هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە یعمل بالقائمة والخارطة المرفقة لهذا القرار ئەوەندە ناوە لە بریارە کۆنەکەشماندا هەیە ئەڵێین ئەوانە ئەبێتە موڵک و تۆمار دەمکرێ و ئەوە لە بریارە کۆنەکەدا هەیە، ئێمە ئەو ناوانە هەموار دەکەین کە هەڵەیان تێدا کراوە و ناردراوە بۆمان، ماددەی سێ دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا .

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

رابعاً: ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، وەکو بریار دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا . تەنها بۆ تێبینی ئەو هەموار کردنە یان ئەو گۆرانە تەنها لەسەر لیستی ناوەکانە دەنا وەکو بریار کارپێکراوە(نافذ المفعوله)تەنها لە چوارچێوەی ناوەکان نەبیت چی لەوێ هاتووە لێرەش هاتووە ئەوەی کاک سەعید باسی کرد لە بریارەکە بە درێژی باسی کراوە . بۆ ئەمرۆ بەرنامەی کارمان تەواو سوپاستان دەکەین بۆ دانیشتنی دادێ ئاگادارتان دەکەینەوە، ئەو بەرنامەی کە لەبەر دەستتان بوو وابزانم دوو خاڵ دەمێنێتەوە یەکێکیان یاسای سەندیکای پارێزەرانە وابزانم بەرێزانی لێژنەی یاسا ئێستا ئیشی لێ دەکەن زۆری نەماوە هیوا دارم لە دانیشتنی ئایندە دابندرێت و برادەران بەدوایدا بچن تاکو یاسای پارێزەرانیش تەواو کەین چونکە وا هەست دەکرێت ئەو پرۆژەیە وەکو پێویشت ناچێتەو پێش ئێستاکە لێژنەیەک کاروباری ئەندازیاران بەرێوە دەبەن ئەوە چەند ساڵە ئەو سەندیکایە کۆمەڵێ گیر و گرفتی هەیە داخوازیەکی زۆر هەیە کە بە زوو ترین کات ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت و لێژنەیەکی ئامادەکاری وەکو سەندیکاکانی تر پێک بێت و لە سەقفێکی زەمەنی دیاری کراودا هەڵبژاردنی سەندیکای ئەندازیاران بکرد، چونکە واهەست دەکەین کە ئەو یاسایە ئەوە ماوەیەکی زۆرە لەو پەرلەمانەیە و ناچێتە پێشەوە بەرای من ئەگەر ئێوە نەی بزێون ئەو هەیئەتەی هەیە ١٠ ساڵی تریش ئاوای بەرێوەدەبەن ، سەندیکای ئەندازیاران سەندیکایەکی گرنگە دەوریکی گرنگی هەیەو رۆڵێکی باش ئەبینێ، کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان بریار لە یاسای سەندیکای ئەندازیاران بدات و ئەوها نەی هێلێتەوە، چونکە مانەوەی بەو شێوەیە لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆی کە ئێمەی تێدا دەژین ناگونجێ .

دووەم کارێکی باشمان کرد بەر لە ماوەیەک لەسەر یاسای سزاکانی عێراقی کارمان کرد، لە ڕاستیدا ئەو یاسایە یاسایەکە شەرمەزاریە لە دام و دەزگاکانی ئێمە تاکو ئێستا دەخولێتەوە، بۆیە بریار بوو بژارەیەکی باش بکرێت و کۆمەڵێ یاسا ناس هەیە و بەتایبەتی برادەرانی لیژنەی یاسا و کاک فەرسەت خوا لێیان ڕازی بێت بەدواداچونێکی باشیان کردوە شتەکەیان گەلاڵە کردوە بە دیدی ئێمە تەنها ئەوە ماوە کە دوو شت بکرێت یەک بەزووترین کات سمینارێک بکرێت و ئەگەر کۆنگرە نەبایە ئێمە هەر لەمانگی دەوە ئەو سیمنارەمان ڕێکدەخست و لیژنەیەکمان لەو برادەرانەی کە لە سیمنارەکە بەژدار دەبوون و بەرێزانی لیژنەی یاسا و کاک فرسەت پێک دێناو ئەو لیژنەیە بەزووترین کات ئەو پێشنیارانەی کە هەتاکو ئێستا هاتووە بۆ بژارەکردنی یاسای سزاکانی عێراقی بە هەوڵ و قەناعەتی خۆیان وا بکەن کە ئێمە بریار لەسەر یاسای سزاکانی کوردستان بدەین. من وای بۆ دەچم بنەمایەک هەیە بۆ ئەم کارە کارێکی باش کراوە تەنها بریارەکەی ماوە پاش ئەوەی ئەو سمینارە بکرێت بتوانن ئەوانە هەمووی ڕێکخەن وا دای ڕێژنەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بارو دۆخی ئێمە وئەو ماددەو برگانەی کە دژی ئەو ئەزموون مافی مرۆڤە لە پەرلەمانی کوردستان بریاری گۆرینی بدرێت و وەکو چۆن لە بریارەکانی تر کردمان ئەمە دەست کەوتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان وبۆ ئەم ئەزموونە بۆ ئایندەی ئەم ئەزموونەش. هیوا دارم برادەران دەستی خۆیان سوک کەن بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاو بتوانین خاوەنی یاسای سزاکانی کوردستانی خۆمان بین لەبەر ئەوەی ئەو یاسایەی ئێستا کاری پێدەکرێت نەنگە لەگەڵ بیرو بۆ چون و فەلسەفەی ئەم کیانە ناگونجی ، بەزووترین کات دادگاکانی ئێمە دام و دەزگاکانی ئێمەی لێ رزگار بکەین من وای بۆ دەچم کاتی ئەوە هاتووە هەرچەندە دواش کەوتووە بەلام هێشتاکە مجالمان لەبەر دەست ماوە ئومێدەوارم ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان بتوانین ئەو بریارە بدەین. جارێکی تریش سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٧

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/١٥

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١٣ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستانی عیراق

مادەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە.

١- هەرێم:هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- سەندیکا: سەندیکای ئەندازیاران.

٣- دەستەی گشتی:هەموو ئەو ئەندامانەی کە بەپێی ئەم یاسایە سەندیکا نوێنەرایەتیان دەکات.

٤- ئەنجومەن:ئەنجومەنی سەندیکا.

٥- نەقیب: نەقیبی ئەندازیاران

٦- ئەندازیار:هەر ئەندامێکی سەندیکا کە بڕوانامەی لە بەکالۆریوسی کەمتر نەبێت کە لە کۆلیژی ئەندازیاری بەدەستی هینا بێت یان لە زانکۆیەک کە لەلایەن ئەنجوومەنی خوێندنی باڵای کوردستانی عێراقەوە دانی پێانرابێ

٧- دەست دانە پیشە:ئەنجامدانی کار و خزمەتگوزاری ئەندازیاری بەپێی ئەم یاسایە.

## بەشی یەکەم
## دامەزراندن و ئامانجەکان

مادەی دووەم:

١- بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک دادەمەزرێ بەناوی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێم، کەسایەتی مەعنوی خۆی دەبێت و لە رووی دارایی و کارگێریەوە سەربەخۆ دەبێت وبارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێ، هەروەها بۆشی هەیە کە لقەکانی لە ناوەندی پارێزگاکاندا بکاتەوە.

٢- سەندیکا لەسەر داواکاریەک پێکدێ کە پیشکەش بە لایەنی تایبەتمەند دەکرێ کە نابێ لە (١٥)ئەندازیار کەمتر بن و بە دەستەی ئامادەکار دادەندرین بۆ بەڕیوەبردنی سەندیکا تاکو هەڵبژاردن، لە ماوەیەکدا دەکرێ کە لە سێ مانگ تێپەر نەکا لە مێژووی قەبوڵ کردنی داواکاریەکەوە.

ی سێیەم:
سەندیکا هەوڵ دەدات ئەو ئاماجانەی خوارە بهێنێتە دی:
١- کۆکردنەوەی وزەی ئەندازیاران و یەکخستنی تواناکانیان، تا بە رۆڵی کاریگەری خۆیان هەستن بۆ بنیات نانەوەی ئەوەی کە لە کوردستاندا وێران کراوە. هەروەها پاڵپشتی کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی فیدرالی و پتەوکردنی.
٢- کار کردن لە پێناو جێبەجێ کردنی کارە ئەندازەییەکان بەپێی مەرجە هونەری و قیاسییەکار پێکراوەکان .
٣- کار کردن لە پێناو بەرز کردنەوەی رادەی زانستی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئەندامانی.
٤- هاری کاری کردن لەگەڵ رێکخراوەکان و کۆمەڵەو سەندیکا پیشەییەکانی تر دا لە ناو هەرێم ودەرەوەیدا و پتەو کردنی پەیوەندییە رۆشنبیری و زانستیەکان لەگەڵیاندا
٥- هەوڵدان بۆ زامنکردنی پاشە رۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیریەتی و پەک کەوتەییدا و قەرەبوو کردنەوەیان لەو کارەساتانەی کە بەسەریان دێ.
٦- رێکخستنی بنەماکانی دەستدانە پیشە و چاودێری کردنی پیادەکرنیان.
٧- بەشداری کردن لە پارێزگاری کردنی ژینگە لە پیس بوون.

## بەشی دووەم
## چوونە ناو سەندیکاو ئەندامییەتی

مادەی چوارەم:
ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنە دی:
یەکەم: هاووڵاتی هەرێم بێ و تیایدا جێوار بێت.
دووەم: بەتاوانێکی ناسیاسی یان کەتنێکی ئابرو بەر حوکم نەدرابێ.
سێیەم: بروانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتای بە کالۆریۆسی هەبێ.
مادەی پێنجەم:
١- چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەک دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامەی پێویستیشی پێوە دەبەسترێ، ئەنجوومەنیش دەبێ لە ماوەی (١٥) رۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە بیبرێنێتەوە، لە کاتی تێپەربوونی ئەو ماوەیەشدا بەبێ ئەوەی بیرێندرێتەوە داواکارییەکە بە قەبوڵکراو دەژمێردرێ.
٢- ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چونە ناو سەندیکا بە بریارێکی هۆدار رەفز بکا، خاوەن داواکاریش بۆی هەیە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوەوە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا تانەی لێ بداو بریارەکەش بنبڕ دەبێت.
مادەی شەشەم:
١- ئەندازیارەکان بەگوێرەی دەسەڵاتەکانیان بۆ دەست دانە پیشە بۆ ئەم پایانەی خوارەوە پۆلین دەکرێن:
أ- ئەندازیاری یاریدەدەر.
ب- ئەندازیاری موماریس.
ج- ئەندازیاری مۆڵەت دراو.
د- ئەندازیاری راوێژکار.
٢- مەرجەکانی پلەکان (المراتب) و دەسەڵاتەکانیان لە پەیرەوی ناوخۆی سەندیکادا دیاری دەکرێن.

مادده‌ی حه‌وته‌م:
یه‌كه‌م: ڕه‌سمی چوونه ناو سه‌ندیكا سی (٣٠)دیناره‌.
دووه‌م: ڕه‌سمی به‌شداربوونی ساڵانه به‌م جۆره ده‌بێ:
١ـ ئه‌ندازیاری یاریده‌ده‌ر (١٠) دینار.
٢ـ ئه‌ندازیاری موماریس (١٥)دینار.
٣ـ ئه‌ندازیاری مۆڵه‌ت دراو (٢٠)دینار.
٤ـ ئه‌ندازیاری ڕاوێژكار: (٣٠)دینار.
سێیه‌م: ڕه‌سمی به‌شداربوونی ساڵانه هه‌موو ساڵێك له كاتێكدا ده‌درێ كه له مانگی شوبات تێ نه‌په‌ڕێ ئه‌گه‌ر ئه‌ندام دواكه‌وت له ڕه‌سم دان له كاتی دیاریكراودا ئه‌وا به (٥٠٪)ی ڕه‌سمی به‌شداربوون جه‌زا ده‌كرێ و ناویشی له تۆمار ده‌سڕدرێته‌وه ئه‌گه‌ر به‌بێ عوزری ڕه‌وا به‌شداربوونی ساڵانه‌ی بۆ دوو ساڵی یه‌ك له‌دوای یه‌ك نه‌دا.

## به‌شی سێیه‌م
## (پێكهاته‌كان)

مادده‌ی هه‌شته‌م:
سه‌ندیكا پێكدێ له:
١ـ ده‌سته‌ی گشتی.
٢ـ ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا.
٣ـ لیژنه‌ی به‌رزه‌فتی (الانضباط).

مادده‌ی نۆیه‌م:
ده‌سته‌ی گشتی له هه‌موو ئه‌و ئه‌ندامانه پێك دێ كه تێكڕای پابه‌ندییه‌كانی خۆیان به‌پێی ئه‌م یاسایه جێبه‌جێ كردووه‌و به باڵاترین ده‌سه‌ڵاتی سه‌ندیكا داده‌ندرێ و هه‌ر به سێ ساڵ جارێك له‌نێوان مانگی كانوونی یه‌كه‌مدا به بڕیاری ئه‌نجوومه‌ن و بانگهێشتی نه‌قیب كۆبوونه‌وه‌یه‌كی ئاسایی له باره‌گاكه‌ی خۆیدا ده‌كا بۆ هه‌ڵبژاردنی نه‌قیب و هه‌شت ئه‌ندام و دوو ئه‌ندامی یه‌ده‌گ بۆ پڕكردنه‌وه‌ی ئه‌ندامییه‌تی ئه‌نجوومه‌ن و ئه‌ندامانی لیژنه‌ی به‌رزه‌فتی (الانضباط)، ڕاده‌ی یاسایش (النصاب) به ئاماده‌بوونی سێ یه‌كی ده‌سته‌ی گشتی ده‌بێ، وه له كاتی ته‌واونه‌بوونی (نصاب)یشدا هه‌ڵبژاردن له‌دوای پانزده ڕۆژ له كۆبوونه‌وه‌ی یه‌كه‌م له هه‌مان كات و شوێندا ده‌كرێ و به ئاماده‌بوونی سێ یه‌كی ئه‌ندامان (نیصاب) به‌ته‌واو داده‌ندرێ، به‌پێچه‌وانه‌وه‌ی ئه‌وه‌ش ئه‌نجوومه‌ن بۆ خولێكی تریش به به‌رده‌وام داده‌ندرێ.

مادده‌ی ده‌یه‌م:
ده‌سته‌ی گشتی ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه‌ی خواره‌وه ئه‌نجام ده‌دا:
یه‌كه‌م: ده‌كرێ ده‌سته‌ی گشتی بۆ كۆبوونه‌وه‌ی نائاسایی بانگهێشت بكرێ له یه‌كێك له‌م دوو حاڵه‌تانه‌ی خواره‌وه‌دا:
١ـ به بڕیارێكی هۆدار كه زۆرینه‌ی ئه‌ندامان ده‌یده‌ن.
٢ـ به داواكارێكی نووسراوه‌ی هۆدار كه سێ یه‌كی ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی گشتی له ئه‌نجوومه‌ن پێشكه‌شی ده‌كه‌ن وه ئه‌نجوومه‌ن له‌سه‌ریه‌تی له ماوه‌ی پانزده ڕۆژ له مێژووی گه‌یشتنی داواكارییه‌كه‌وه بانگهێشت نامه ده‌ربهێنێت و كاتێك بۆ كۆبوونه‌وه دیاری بكات.

دووەم: نابێ کۆبوونەوە نائاسایییەکانی دەستەی گشتی لەو کارانە بەولاوە باس بکرێن کە لە بەرنامەی کاریدا جێگیرکراون و کۆبوونەوەیان لە پێناودا دەکرێ.

ماددەی دوانزدەیەم:

یەکەم: ئەندام بۆی نییە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیدا بەشداری بکا، ئەگەر لە ڕووی بەرزەفتی کردنەوە (الانضباط) دەست دانە پیشەی لێ قەدەغەکرابوو.

دووەم: بڕیارەکان لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچن، لەکاتی یەکسانیشیان بەو لایە دادەلەنگێ کە سەرۆکی تێدایە.

ماددەی سێزدەیەم:

ئەنجوومەنێک ئیش و کاری سەندیکا دەگرێتە ئەستۆ کە لە نۆ ئەندام پێک هاتووە:

یەکەم: نەقیب: مەرجە کە ماوەی دەست دانە پیشەی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێ.

دووەم: هەشت ئەندام: بە جێگرو نەقیب و سکرتێرەوە، ئەوانەی کە دەست دانە پیشەکەیان لە هەشت ساڵ کەمتر نەگوزەراندووە.

سێیەم: ئەنجوومەن لە نێوان ئەندامەکانیدا و بە دەنگدانی نهێنی جێگرێکی سەرۆک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێ.

چوارەم: ئەنجوومەن لە مانگێکدا یەک جار دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی دەکا، هەروەها دەشتوانی دانیشتنە نائاساییەکانی بە بانگهێشتی نەقیب یان بەداواکاری سێ یەکی ئەندامانی گرێ بدا.

ماددەی چواردەیەم:

یەکەم: ڕادەی یاسایی (نصاب) لە ئەنجوومەندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێ و بڕیارەکانیش بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچن، لە کاتی یەکسانیشدا بەو لایە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

دووەم: ئەگەر پلەی نەقیب بە هەر هۆیەکەوە چۆڵ بوو، جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە یان سکرتێر لە کاتی چۆڵبوونی پلەی جێگردا.

سێیەم: یەکێک لە ئەندامە ئەسڵییەکان بە دەنگدانی نهێنی شوێنی نەقیب دەگرێتەوە لە کاتی چۆڵ بوونی پایەکانی نەقیب و جێگرەکەی و سکرتێردا.

چوارەم: ئەنجوومەن لەسەریەتی کە بانگهێشتی دەستەی گشتی بکا بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لە ماوەیەکدا کە لە دوو مانگ تێنەپەڕێ بۆ مەبەستی هەڵبژاردنی نەقیب، بەمەرجێک کە ئەو ماوەیەی باقی ماوە لە (٦)شەش مانگ کەمتر نەبێ.

ماددەی پانزدەیەم:

ئەندامی ئەنجوومەن بەدەست لە کارکێشراوە دەژمێردرێ ئەگەر لە سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک یان لە پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ لە ماوەی یەک ساڵدا بە بێ عوزرێکی ڕەوا ئامادە نەبێ.

ماددەی شانزدەیەم:

یەکەم: ئەنجوومەن ئەم پسپۆڕییەتیانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

١ـ کارکردن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا.

٢ـ پێشکەش کردنی پێشنیار لە بابەت هەمووارکردنی یاسای سەندیکاوە.

٣ـ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤ـ دامەزراندنی کارمەندان لە سەندیکاداو دیاریکردنی کرێیەکانیان و پلە بەرزکردنەوەیان.
٥ـ سەیرکردنی داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکا.
٦ـ ڕاستاندنی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی ئەندامانی سەندیکا لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.
٧ـ دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.
٨ـ پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکان بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی سەندیکا.
٩ـ دەست نیشانکردنی ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لە لیژنە ڕەسمییەکان و ئەوانی تردا لە کاتێکدا کە لەلایەن نەقیبەوە نوێنەرایەتی ناکرێ.
١٠ـ هەواڵەکردنی کێشەو شکایەتەکان کە بۆی دێن بۆ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).
١١ـ ئامادەکردنی بودجەو دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردکاریکردنی حسابکارییەکان.
١٢ـ ئیقرارکردنی خۆبەخودانکردنی ماڵ و خانووبەرەو قەبوڵکردنی پێدان و لەقەبەرکردن و پێشکەش کردنی دەستگرۆیی دارایی لە نێوان ئامانجەکانی سەندیکادا.
١٣ـ سەیرکردن و بڕاندنەوەی دەست لە کارکێشانەوەی نەقیب یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن یان لیژنەکانی سەندیکا، بەمەرجێک لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بخرێتە بەردەم دەستەی گشتی.
١٤ـ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.
١٥ـ مۆڵەتدان بە کردنەوەی نووسینگە ئەندازەییەکان.
١٦ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی سەندیکا بەپێی یاسای کۆمەڵەکان.
دووەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە نەقیب یان سەرۆکەکانی لقەکان.

مادەی حەڤدەیەم:
نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:
١ـ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەن.
٢ـ لەلای دەزگا دادوەری و کارگێڕی و دەستە ڕەسمی و ئەهلی و کۆنگرەکان نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات و مامەڵەو ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە سەندیکا دەڕاستێنێ، وە بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن کە بیەوێ.
٣ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی کارمەندانی سەندیکا بۆ مەبەستەکانی کەفالەت.

مادەی هەژدەیەم:
لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) لە سێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ و، مەرجە کە ماوەی دەست دانە پیشەکەیان لە (٨) هەشت ساڵ کەمتر نەبێ و، تایبەتمەند دەبن بە سەیرکردنی ئەو کێشەو شکاتکاریانەی کە ئەنجوومەن بۆی هەواڵە دەکا، وە ئەو بنەمایانە ڕەچاو دەکات، لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هەیە.

مادەی نۆزدەیەم:
لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) دەسەڵاتی دەرچواندنی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:
أ ـ وریاکردنەوە.
ب ـ ئینزار.

جـ- قەدەغەکردن لە پیشە بۆ ماوەیەک لەشەش مانگ تێنەپەڕێ، هەرچی کارمەندە ئەوە تەنها ئیش کردنی دوای دەوامی ڕەسمی لێ قەدەغە دەکرێ و دایەرەکەشی لە بڕیارەکە ئاگادار دەکرێ.

ماددەی بیستەم:

١- لیژنەی لق بە دەنگدانی نهێنی لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێ.
٢- لیژنەی لق لە سەرۆک و چوار ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ پێک دێ.

ماددەی بیست و دووەم:

ئەندام دەبێ لەم کارانە خۆی بەدوور بگرێ:

١- پشتگوێ خستن یان کۆسپ خستنە بەر پیادەکردنی ئەو یاساو پێڕەوانەی تایبەتن بە سەندیکاوە و ئەو بڕیارانەی کە دەریان دەهێنێ.
٢- دەست دانە پیشە بەبێ تازەکردنەوەی مۆڵەت و ڕەسمدانی بەشداربوونی ساڵانە.
٣- ڕەچاونەکردنی ڕەوشتی پیشەیی و ناوبانگ زڕاندنی پیشەکە بەپێی ئەو بنەمایانەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەقیان گرتووە.
٤- هەڵگرتنی لەقەبێک یان سیفەتێکی پیشەیی بە درۆ، یان نەڕاستاندراو بە پێی یاساو پێڕەوە کارپێکراوەکان.
٥- سنووربەزاندنی دەست دانە پیشە بەو گوێرەیەی کە لە پێڕەوی ناوخۆ دەقی گرتووە یان ئەو ڕێنماییانەی کە سەندیکا دەری دەکات.
٦- هەڵەکردنێکی هونەری گەورە لە ئەنجامی پشت گوێ خستن کە دەبێتە هۆی زەرەر گەیاندنێکی گەورە بەوانەی پەیوەندیدارن.
٧- بەبێ ڕەزامەندی خاوەنی کار، هەر ڕشتەیەکی ئەوتۆ بۆ مقاولە، یا بۆ خشتەکانی (الکمیات) دابنێ کە پابەندییەک دروست بکا بۆ بەکارهێنانی ڕەنیوهاتێک یان ڕێگەیەکی دیاری کراو.
٨- لەسەر ڕەزامەندی خاوەن کارو لەو سنوورەدا نەبێ کە لە (گرێ بەند)لە ئەندازەکارییەکاندا هەیە، نابێ گۆڕانکارییەک یان لابردنێک بکا کە کارێکی تەواو بکاتە سەر ئەرک و مەسرەفی ئیشەکە لە ڕەنگرێژییە تەسدیق کراوەکاندا.

## بەشی چوارەم
## (دارایی سەندیکا)

ماددەی بیست و سێیەم:

دارایی سەندیکا پێک دێ لە:

١- ڕەسمەکانی چوونە ناو سەندیکاو ڕەسمەکانی بەشداربوونی ساڵانە.
٢- ڕەسمەکانی مۆڵەت پێدانی کردنەوەی نوسینگەکانی ئەندازەیی (بۆ نووسینگە ڕاوێژکارییەکان ٥٠٠ پێنج سەد دینار و بۆ نووسینگەکانی (رأي) ٢٥٠ دوو سەد و پەنجا دینار.
٣- ئەو پێ بەخشینانەی کە لەلایەنە ڕەسمییەکانەوە پێشکەش دەکرێن لەگەڵ ئەو پیتاک و لەقەبەڵکردنانەی کە لەلایەنەکانی ترەوە پێشکەش دەکرێن لە دوای ڕەزامەندی کردنی لایەنە ڕەسمییەکان.
٤- قازانجی ئەو ئاهەنگانەی بۆ سوودی سەندیکا دەگێڕدرێن.
٥- قازانجی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا دەیەوێ دایانبمەزرێنێ یان پێیان هەڵبستێ.

٦ـ قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
٧ـ ڕەسمی پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندام بەپێی ئەو ڕێژانەی کە لە یاسای بەرقەراری کاتب عەدلەکاندا هاتووە.

(حوکمە دوماهییەکان)

ماددەی بیست و چوارەم:
کار بەهیچ دەقێک ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێ.

ماددەی بیست و پێنجەم:
لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی بیست و شەشەم:
ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٨

مێژووی بڕیار: ١٥/١١/١٩٩٩

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٣/١١/١٩٩٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یەکەم: لیستی هاوپێچ بە بڕیاری ژمارە (١٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ٢٢/٩/١٩٩٩ هەڵدەوەشێندرێتەوە لەبەر ئەو هەڵانەی کە تیایدا هاتوون.

دووەم: کار بەو لیست و نەخشەیە دەکرێ کە بەم بڕیارەوە هاوپێچ کراوەو (٦٦) شەست و شەش ناوی تێدایە کە بەناوی (زکري عومر حمو) دەست پێ دەکات و بەناوی (تالب حوسێن سعید) کۆتایی دێ.

سێیەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە مێژووی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

| ز | ناوەکان | مێژووی دروست کردن | رووبەر م٢ | ژمارەی خانوو | ژمارەی مقاطعە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زکـری عـمـر حـمـو | ١٩٧٥ | ٥٨٨٢م | ٤ | ٨٨ اشکفتە مغارا | |
| ٢ | نصـرالله اسـمـاعـيـل | ١٩٦٩ | ٨٦٤ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣ | مـحـمـد رەمـەزان مـحـمـد | ١٩٦٨ | ٦٣١ | ٤ | ٨٨ | |
| ٤ | سـادق مـحـمـد عـمـر | ١٩٧٥ | ٥٥١ | ٤ | ٨٨ | |
| ٥ | احـمـد مـحـمـد رەمـەزان | ١٩٦٨ | ٦٨٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٦ | احـمـد حـامـد | ١٩٦٨ | ٧٦٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٧ | کـمـال شـێـخـۆ | ١٩٦٨ | ٧٧٩ | ٤ | ٨٨ | |
| ٨ | مـحـمـد عـمـر شـيـرو | ١٩٦٩ | ٥٠٤ | ٤ | ٨٨ | |
| ٩ | حـجی رەمـەزان مـحـمـد | ١٩٧٥ | ٧٥٦ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٠ | ابراهيم جـمـعـه مـحـمـد | ١٩٦٧ | ٣٥٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ١١ | شـعـبـان ابراهيم جمـعـه | ١٩٦٨ | ٣٠٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٢ | عـزت ياسين نعـمـت | ١٩٦٧ | ٦١٨ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٣ | ناڤـخۆش مـحـمـد حـمـو | ١٩٦٧ | ٧٧٥ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٤ | مـحـمـد ناڤـخۆش مـحـمـد | ١٩٦٧ | ٣٥٨ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٥ | مستەفا ناڤخۆش محمد | ١٩٦٧ | ٣٢٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٦ | خـالـد ياسين نعـمـت | ١٩٦٧ | ٦٩٨ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٧ | خـسـرو خـالـد ياسين | ١٩٦٧ | ٦٤٥ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٨ | حـسين عـمـر شـيـرو | ١٩٦٩ | ٦٣٩ | ٤ | ٨٨ | |
| ١٩ | صـالح عـمـر شـيـرو | ١٩٦٩ | ٥٩٥ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٠ | امين يوسف مـحـمـد | ١٩٧٥ | ٤٠٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢١ | عـبدالله عبدالعزيز يوسف | ١٩٧٥ | ٤٥٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٢ | احـمـد قـادو مـحـمـد | ١٩٧٥ | ٧٥٦ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٣ | زکـريا عـبـدالله قـادو | ١٩٧٥ | ٧٤١ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٤ | صـبـری عـبـدالله قـادو | ١٩٦٧ | ٨٥٧ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٥ | عـيـرفـا ياسين نعـمـت | ١٩٧٠ | ٧٧٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٦ | رزگـار عـبـدالله قـادو | ١٩٦٧ | ٧٨٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٧ | مـحـمـد امين عزيز عـزيز | ١٩٦٧ | ٥٣٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٨ | نجم عـبـدالله قـادو | ١٩٦٧ | ٨٠٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٢٩ | رێبـر عـبـدالله قـادو | ١٩٦٧ | ٦٤٨ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣٠ | مـشـيـر مـيـرا | ١٩٧٥ | ٥٥٥ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣١ | شکری تـەها حـافظ | ١٩٧٥ | ٦٠٢ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣٢ | احمد خورشيد سيف الدين | ١٩٦٩ | ٧٠٤ | ٤ | ٨٨ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | محمد تاهر احمد فقو | ١٩٧٥ | ٤٢٥ | ٤ | ٨٨ | تێبینی |
| ٣٤ | غفور صالح مستەفا | ١٩٧٠ | ٦٢١ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣٥ | اسکندر یاسین نعمت | ١٩٧٠ | ٦٩٠ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣٦ | جادر اسکندر نعمت | ١٩٧٠ | ٧٤٤ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣٧ | جابر محمد امین ابراهیم | ١٩٧٢ | ٥١٢/٥ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣٨ | شکری جمعه محمد | ١٩٧٥ | ٤٥٦ | ٤ | ٨٨ | |
| ٣٩ | کریم تەها یاسین | ١٩٧٥ | ٧٨٠ | ١/٢ | ٨٨ | |
| ٤٠ | زوراب رسول علی | ١٩٧٥ | ٦٢٤ | ١/٢ | ٨٨ | |
| ٤١ | سلیمان یاسین سلیمان | ١٩٧٥ | ٣٤٠ | ١/٢ | ٨٨ | |
| ٤٢ | کاوه سلیمان یاسین | ١٩٧٥ | ٣٦٨ | ١/٢ | ٨٨ | |
| ٤٣ | عصام صالح محمد امین | ١٩٧٥ | ٦٤٦ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٤٤ | صالح محمد ظهرو | ١٩٧٥ | ٣٤٥ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٤٥ | صالح الیاس خدر | ١٩٧١ | ٤٦٤ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٤٦ | غیاث محمد امین ابراهیم | ١٩٧١ | ٨٥٦ | ٥و١/٥ | ٨٨ | |
| ٤٧ | محمد رسول علی | ١٩٧٥ | ٣١٠/٨٠ | ٥و١/٥ | ٨٨ | |
| ٤٨ | معاذ محمد امین ابراهیم | ١٩٩٧ | ٤٠٨/٥ | ٥و١/٥ | ٨٨ | |
| ٤٩ | جمال شێخۆ | ١٩٧٣ | ٤٨٣/٥ | ٥و١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٠ | الیاس خدر یونس | ١٩٧٠ | ٦٩٧/٥ | | ٨٨ | |
| ٥١ | شینو عمر حمو | ١٩٧١ | ٢٨١ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٢ | صدقی صاحب یاسین | ١٩٧٢ | ٣٤٢ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٣ | حسین احمد عبدالله | ١٩٧٣ | ٥٤٤ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٤ | عبدالسلام ابراهیم عبدالله | ١٩٧٣ | ٧٩٤/٥ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٥ | شمس الدین عبدالله ابراهیم | ١٩٧٣ | ٥٢٢/٥ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٦ | مستەفا رەمەزان محمد | ١٩٧٥ | ٧٢٦ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٧ | عبدالله الیاس خدر | ١٩٧١ | ٤٤٠ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٨ | ایوب الیاس خدر | ١٩٧١ | ٤٠٠ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٥٩ | بکر احمد عبدالله | ١٩٧٤ | ٤٦٠ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٦٠ | صدیق شمس الدین عبدالله | ١٩٧٣ | ٤٦٠ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٦١ | عبدالرحمن ابراهیم عبدالله | ١٩٧٣ | ٤٤٨ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٦٢ | عبدالله تەها یاسین | ١٩٧٥ | ٣٠٠ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٦٣ | یاسین تەها یاسین | ١٩٧٥ | ٤٣٧ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٦٤ | عبدالرحمن محمد | ١٩٧٥ | ٣٤٥ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٦٥ | شاکر محمد امین ابراهیم | ١٩٧٣ | ٣٥٠ | ١/٥ | ٨٨ | |
| ٦٦ | تالب حسین سعید | ١٩٧٥ | ٤٨٠ | ١٢٣٨/٧ | ٩٤ بیوک | |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١١/١٩٩٩

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢٤

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢٤ ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(١١)ی ئاسایی خۆی لە كاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢٤دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنەڕووی دەست لە كاركێشانەوەی ڕێزدار «د.ڕۆژ نوری شاوەیس» سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەمان دەست پێدەكات كە دانیشتنی ژمارە «١١»ی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢٤یە، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان یەک خاڵە كە ئەویش «خستنە ڕووی دەست لە كاركێشانەوەی ڕێزدار د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق»ە ئێستاش داوا لە بەڕێز سەرۆكی حكومەت دەكەین كە بفەرمێ بۆ سەر سەكۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بسم الله الرحیم**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان یەک لە خەسڵەتە هەرە گرنگەكانی ئەم ئەزموونە كە ئیستا لە هەرێمی كوردستان پێیدا تێدەپەڕین، وێڕای ئەو تەنگوچەڵەمانەی كە هاتنە پێش لە شەڕی ناوخۆ و پیلانی دوژمنان، بریتییە لە پیادەكردنی دیموكراسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتەكان.

ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان و هاتنەكایەی چەندین كابینەی حكومی، كابینەی یەكەم و دووەم وسێیەم، بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییەی سەرەوە، كابینەی سێیەم لە ١٩٩٦/٩/٢٦دەست بەكار بوو، لەماوەی تەمەنیدا قۆناخی تۆكمە دارشتنی ژێرخانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئیداری حكومەتی كوردستانی باش بردە پێش، زۆر دەسكەوتی گەورە و سەرسوڕهێنەری بەدەست هێنا و توانی

گوزەرانی هاوولاتیانی کوردستان و بارودۆخی ئەمن و ئاسایش لە شارو شارۆچکەکان لە جاران زۆر باشتر بکات و، متمانەی خەلکی بە حکومەت بگەڕێنیتەوە و بواری کار زیاد بکات، کابینەکە ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەوپەڕی لێهاتووی ئەنجام دا، بەلام بەشێکی گرنگی خەسلەتەکانی دیموکراسی و یەکێک لە پرنسیپە گرنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بریتیە لە خۆ نوێکردنەوە و گونجاندن لەگەل پێشهاتەکانی سەردەم، بۆیە و لە بەرژەوەندی گەل و نیشتماندا هاتینە سەر ئەوەی کە لەو پێناوەدا ئەم داواکاریەی دەست لە کارکێشانەوە بە پێی ماددەی«١١» لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە «٣»ی سالی ١٩٩٢ بخەینە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، وەک دامەزراوێکی شەرعی خاوەن بڕیاری هەرێمی کوردستان، بەو ئومێدەی ڕەزامەندی لەسەر بدەن، بۆ ئەوەی بوار و هەل لەبەردەم کابینەی دیکەدا بڕەخسێنین، ئەوانیش ڕۆلی خۆیان ببینن لە خزمەت گەیاندنیان بە گەل و نیشتمان، کە بەتایبەتی لەم زروفەی ئەمڕۆدا ئەرکێکی زۆری لە پێش ماوە دەربارەی ئاشتی و خزمەتگوزاری و چاک کردنی باری کۆمەلایەتی و بوژانەوەی بازرگانی و چارەسەری کێشەکانی کشتوکال، کە ئومێدمان وایە بارودۆخی ئەو حکومەتەی داهاتوو زۆر ڕەخساو تر بێت بۆ چارەسەری ئەو مەسەلانە و جێبەجێ کردنیان.

بەڕێزان ئەبێ هەمووومان پێکەوە بەپارت و لایەنە سیاسیەکان و بە پەرلەمان و حکومەتەوە، هەولی ئەوە بدەین ئیدارەی کوردی بەهێزتر بکەین و، کیانی کوردی بچەسپێنین، ئەوە چاکە و لە ماوەی پتر لە «٧»سالی ئەزموونەکەمان بە باشی کراوە لەسەری بڕۆین و، پەرەی پێبدەین و ئەوەی کەموکوڕییە پڕی بکەینەوە.

بەم بۆنەیەوە سوپاسم ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم بۆ متمانەیان پێمان و بۆ کاری هاوبەشمان، شایەنی باسیشە کە لێرەدا سوپاس و پێزانینم بخەمە ڕوو بۆ هەموو برا وەزیرەکانی کابینەی سێیەم، کە پتر لە «٣»سالە بە ڕوحێکی برایانەو گونجاوەوە، بەوپەڕی هەست کردن بە لێپرسراویتی بەرەنگاری ئەرک و کارەکانی حکومەتی کوردستان بوونەتەوە.

بە هۆی کار و کارامەیی ئەوان و، لە بارودۆخێکی ناهەمواردا و، لە کاتێکی قیاسیشدا پاش ڕزگارکردنی هەولێری پایتەخت کابینەی سێیەم توانی ئەرکی سەرەکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات، کە بریتی بوو لە دانەوەی متمانە و باوەڕ بە هاوولاتیان کە حکومەت هەیە و، ئیستیقرار هەیە، کە کارەکانی حکومەتی کوردستان بەردەوامن و سەرکەوتوون، کە دەرگای گەشەکردن و بەرەو پێشەو چوون والا و کراوەیە و، کابینەی سێیەم بە هەق کابینەی خزمەتگوزارییە، لەگەل ڕێزماندا و زۆر سوپاس.

هەر بژی کورد و کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستاش داواکاری جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین .. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، بە پێی برگە«١»ی ماددە«١١»ی یاسای ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٢ ڕێزداران سەرۆکی حکومەت و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبن لەسەر کاروباری ڕەسمی خۆیان تاوەکو کابینەی نوێمان دروست دەبێت، سوپاستان دەکەین بۆ هاتنتان و دانیشتنەکەمان لێرەدا تەواو دەبێت و، دانیشتنی ئایندەمان ڕۆژی شەممە لە کاتی «١٠»ی سەر لە بەیانی دەبەسترێت و سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٩

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢٤

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١) و (٢) لە مادده یانزدەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ و، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی خۆیدا لە ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢٤ بڕیاری لەسەر دا، هەروەها بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣) لەمادده (٢)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە ئەمەی خوارەوەمان دەرهێنا.

یەکەم: قبوڵ کردنی دەست لەکارکێشانەوەی ڕێزدار «د.ڕۆژ نوری شاوەیس» سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبن لەسەر بەجێ هێنانی ئەرکە ڕەسمییەکانی خۆیان تا ئەنجوومەنێکی تازەی وەزیران پێک دەهێندرێت.

سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی (١٩٩٩/١١/٢٤)وە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢٤ لەهەولێر دەرهێندراوە
کە دەکاتە ڕێکەوتی ٣ی (سەرماوەز)ی ساڵی ٢٦٩٩ی کوردی

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سكرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(١٢)ی ئاسایی خۆی لە كاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- ناولێنانی ڕێزدار سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق «سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێ كردن»، بەپێی حوكمی برگە «٣» لە ماددە (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەكات كە دانیشتنی ژمارە «١٢»ی ڕۆژی (١٩٩٩/١١/٢٧)یە، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان تەنها یەك خاڵە، كە ئەویش ناولێنانی ڕێزدار سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراقە، (سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێ كردن) بە پێی حوكمی برگە«٣» لە ماددە «٥٦»ی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار كراو، بە پێی هەمان برگە كە لە پرۆگرامی كاردا هاتووە، بە پێی ئەو دابوونەریتەی كە لە پەرلەمانی كوردستاندا هەتا وەكو ئێستا پیادە كراوە و پیادە دەكرێت، پارتی خاوەن زۆرینەی ناو پەرلەمان دەسنیشانی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران دەكات و، پێشنیاری دەكات بۆ پەرلەمان و، ئێمەیش دەیخەینە بەردەمی ئەندامانی بۆ ئەوەی پەسند بكرێت و ناوی لێبنرێت و كارەكەی پێ بسپێدرێت و، بە پێی ئەو دابوونەریتانە و بە پێی برگە (٣) لە ماددە (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو پارتی دیموكراتی كوردستان كە خاوەن زۆرینەی پەرلەمانی كوردستانە وەكو پشنیارێك ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەسنیشان كردووە بۆ سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، ئێمەش ئەو پێشنیارە دەخەینە بەردەمی ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاستان دەكەین..كێ لەگەڵ نییە؟بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، سوپاستان دەكەین.

پاش دەنگدان و پەسند كردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ڕادەسپێردرین بۆ دامەزراندنی كابینەی چوارەمی

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی برگە «١»ی مادده «٢» لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧)، بەم بۆنەیەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەین لای هەمووتان ئاشکرایە کاک نێچیرڤان بارزانی لە بنەماڵەی بارزان پێگەیشتووەو لەو قوتابخانە گەورەیەی کوردایەتی گەورە بووە و لەبەردەستی خوالێخۆش بوو کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو پێگەیشتووە، هەر لە ساڵانی سەرەتای ژیانی قوتابخانە ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و، لە ڕیزەکانی پارتیدا درێغی نەکردووە، تاکو کۆنگرەی (١٠) وەکو ئەندامێکی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا، پاشان وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەکانی (١٠، ١١، ١٢)، لەو ماوەیەدا کاک نێچیرڤان بارزانی لە هەموو ئەو بوارانەی کە پێویست بوو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو درێغی نەکردووە، چ بواری پارتایەتی بێت، چ بواری دیبلۆماسیەت و، پەیوەندی بێت، کە ئەم ئەزموونە کەوتە مەترسییەوە (خەتەرەوە) کاک نێچیرڤان لە بەرەکانی شەڕدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو و هەمیشە دەستە ڕاستی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، لەگەڵ هەڤاڵانی سەرکردایەتی پارتیمان درێغیان نەکردووە لە پشتگیری و کۆمەک کردن و هاوکاری و بەرگری لەم ئەزموونەو لەم کیانە بۆ ئەوەی ئەم دەستکەوتە لە دەست نەچێ و ئاڵای پارتی هەمیشە شەکاوە بێت.
لە دامەزراندنی کابینەی سێیەمدا جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێ ڕاسپێردرابوو، ئەمەیش گورێکی تری بە کابینەی سێیەمی خزمەتگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، هەموو لایەکتان ئاگادارن لە ماوەی ئەو«٣» ساڵەدا چ پێشکەش کرا و ئەو کابینەیەش لە چ هەلومەرجێکدا لە دایک بوو، لە کاتی دوو شەڕی سەپێندراو دامەزراو و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆری هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو و، لە بوارەکانی تری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش و کەموکوورپی زۆر هەبوو، وابزانم زۆرمان لەم پەرلەمانە زۆر جار باسمان کردووە کە لە چ بارودۆخێکی ترسناکدا بوو، لەم پەرلەمانەشدا چەند جار باسی ئەو بارودۆخە کراوە و گەواهی ئەوەش دراوە کە کابینەی سێیەم توانی گۆڕانکارییەکی چۆنیەتی (نوعی) بخاتە هەموو ئەو بوارانەوە کە پەیوەندیدارن بە باری وڵاتمان و بارودۆخی خەڵکی کوردستان.
ئێستاش بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە جارێکی تر پیرۆزبایی لێ دەکەین و ئومێدەوارین کاک نێچیرڤان بارزانی لە دەرفەتێکی نزیکدا کابینەی چوارەممان بۆ دامەزرێنێ و پەرلەمانی کوردستان بڕوای خۆی پێ بدات و دەست بەکار بێت، دڵنیاین لەوەی کە پرۆگرامی کابینەی چوارەممان تەواوکەری پرۆگرامی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و پتەو کردن و قووڵ کردن و بەر فەرە کردنی هەمان کابینەی پێشووە، ئومێدەوارین جارێکی تریش کە ئەو پرۆگرامە هەموو ئاوات و خواستی خەڵکی کوردستانی ئەمڕۆمان و ئاواتە ئایندەکانیشی تێدا ڕەچاو بکرێت، هەر ئەمەش لە کاک نێچیرڤان و کابینەی چوارەم و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەچاو دەکرێت، جارێکی تریش پیرۆز بێت کاک نێچیرڤان و، هەر سەرکەوتووبن.
کاک نێچیرڤان فەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

ئەمڕۆ بەنیسبەت من ڕۆژێکی مێژووییە، شەرفێکی گەورەیە کە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە ڕاسپێدراوم بەوەی کە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنم.
بەرنامەکانی کابینەی چوارەم و سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە ئایندەدا باسی لێ دەکەین، بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم لەگەڵ سوپاس و ڕێزم بۆ پەرلەمانی کوردستان، هیوادارم کە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم جێگەی متمانەی گەل و جێگەی متمانەی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدانی کوردستان بێت، کە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم دامەزرا ئێمە لە بارودۆخێکی زۆر ناسک دابووین، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەتوانین پێی سەربەرزبین ئەمەیە، کابینەی سێیەم لەم ماوەیەدا توانی ئەرکەکانی خۆی زۆر بە باشی بەئەنجام بگەیەنێ، بارودۆخی کابینەی سێیەم بێگومان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هەمانە، کابینەی سێیەم، هەروەکو سەرۆکی پەرلەمانیش ئاماژەی پێ

کرد لەباروودۆخێکی زۆر ناسکدا هاتە کایەوە لەو وەختەدا کە هیچ وەزارەتێک نەمابوو وەزعی ئابووری کوردستان زۆر زۆر خراپ بوو، لەو کاتەوە بە هەوڵ و کۆششی برا وەزیرەکان، هەڤالان لە کابینەی سێیەمداو، سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەتا رادەیەکی زۆر توانیمان هەنگاوی زۆر زۆر باش بەرەو پێشەوە ببەین و ئەو ناوەی کە بۆ کابینەی سێیەم هەڵبژێردرا (کابینەی خزمەتگوزاری) بوو، یەکجار زۆر خزمەتی کردووە، ئەوەی کە ئێمە دەیکەین تەواوکەری ئەو ئەرکانەیە کە کابینەی سێیەم کردوویەتی و، من دەتوانم ئەوە بڵێم لەگەڵ خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان و میللەت، ئێمە کابینەی چوارەمی خۆمان (کابینەی جێبەجێ کردنی تەواوی یاسا لە کوردستان) ناو بنێین و، هەر بۆ ئەو ئەرکەش ئەم کابینەیە پێک دێنین، بە هیوای ئەوەی هەروەکو پێشتر ختمەروو ئەم کابینەیە ببێتە جێی متمانەی گەلی کوردستان دەستکەوتی ئەمرۆی ئێمە، ئەوەی کە ئێستا ئێمە لێی کۆبووینەتەوە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کوردستانە، بەرهەمی بەرگری پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانە کە بە خوێنی خۆیان ئەم ئەزموونەیان پاراستووە، ئێمەش پێویستە لە هەر کابینەیەک، چ سێیەم و چ چوارەم و لە ئایندەش دا بتوانین خزمەتگوزاری ئەم میللەتەو خزمەتگوزاری پێشمەرگەو خزمەتگوزاری بنەماڵەی شەهیدەکان بین. ئەوەی کە ئێمە دەیکەین لەم ماوەیەدا ئەوەیە، ئێمە لەگەڵ حزبەکانی تردا، چونکە هەروەکو خۆتان دەزانن حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک تەنها لە پارتی پێک هاتووە، بەڵکو لە حزبی تریش پێک هاتووە، ئێمە لەگەڵ ئەم حزبانە لەگەڵ هاوپەیمانانی خۆمان لەگەڵ کەسایەتییەکانی تردا خەریکی گفتوگۆ دەبین بۆئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا پەنا بەخوا بتوانین کابینەی چوارەم رابگەیەنین و، دیسان من زۆر زۆر سوپاستان دەکەم بۆئەوەی کە راسپێردرام ئەم ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیەنم بە هیوای ئەوەی ئینشائەڵڵا بە هاوکاری ئێوەی بەڕێز لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دا بتوانین ئەو ئامانجانە بهێنینە دی، ئەوانەی کە شەهیدانی کوردستان خوێنیان لەسەر داناوەو لەسەروی هەمووشیانەوە ئەو ئامانجانەی کە بارزانی نەمر خەبات و تێکۆشانی بۆ کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخەی، جارێکی تریش داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین، دڵنیام لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان هەمیشە پشتگیرو هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

دانیشتنەکەمان لێرەدا تەواو، بۆ دانیشتنی ئایندەش ئاگادارتان دەکەینەوە، سوپاستان دەکەین بۆ دانیشتنی ئەمرۆ.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٣٠
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢٧

«بڕیار»

بەپێی حوکمی بڕگە (٣) لە مادده (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو و، ئەوەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خۆیدا لە ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢٧ بڕیاری لەسەر داوە، هەروەها بەپێی حوکمی بڕگە (٣) لە مادده (٢)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ ئەمەی خوارەوەمان دەرهێنا:

یەکەم: ناونانی «نێچیرڤان بارزانی» بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢٧ وە کاریگەر دەبێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

ئەم بڕیارە لە ١٩٩٩/١١/٢٧ی زاینی لە هەولێر دەرچووە
کە دەکاتە (٦)ی سەرماوەزی ٢٦٩٩ی کوردی.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/١٢/١٩٩٩

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٩

***کـاتژمـێـر (١١)ی سـەر لەبەیانی ڕۆژی یە شـەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٩ ئەنجـوومـەنی نیشتمانی کوردستـانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فـەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمـاره (١٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکـمـەکـانی بڕگـە(١)ی مـادده(٢٠) لە پێـڕەوی ناوخـۆی ئـەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی کوردستانی عێراق ژماره(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سـەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژماره(١٣)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١) سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٩دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- یەکـەم خـوێندنەوەی پرۆژەی یاسـای سـێـیـەم هەمـوارکـردنی یاسـای ژمـاره (٣)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.***

***٢- یەکـەم خـوێندنەوەی پرۆژەی یاسای ژمـاره (٨)ی سـاڵی (١٩٩٩) «یاسـای سـەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق».***

***٣- خستنەڕوو و گفتـوگـۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سێیەم هەمـوارکـردنی یاسای ژمـاره (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.***

***٤- خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای پارێزەری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.***

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

بەناوی خـوای گـەورەو مـهربان، دانیـشـتنەکـەمـان بەناوی گـەلی کـوردسـتـان دەست پێ دەکـەین دانیشتنی ژماره١٣ی ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/١٩، بەرنامەی کارمان چوار خاڵە:

١- یەکـەم خـوێندنەوەی پرۆژەی یاسـای سێ یەم هەمـوارکـردنی یاسـای ژمـاره (٣)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٢- یەکـەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەمـوارکـردنی یاسای ژمـاره (٨)ی سـاڵی «١٩٩٩» (یاسـای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- خستنەڕوو و گفتـوگـۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سێ یەم هەمـوارکردنی یاسای ژمـاره (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٤ـ خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای پاریزەری لە هەریمی کوردستانی عیراقدا.
پاش هەردوو خالی یەکەم و دووەمی سەرەوە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێنین بۆئەوەی لیژنەی یاسا راپۆرتی خۆی لەسەر ئەو بابەتە ئامادە دەکات بۆئەوەی بیخاتە روو دواتر دێینەوە هۆلی دانیشتن بۆ ئەوەی لە سەر بابەتەکانمان بەردەوام بین.
بە خالی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین، خالی یەکەم یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای سێ یەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٣)ی سالی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستان.جەنابی سکرتێر بابفەرمووێ.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩/١٢/١٩٩٩ القانون الآتي:

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٩
قانون التعديل الثالث لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق
رقم (٣) لسنة ١٩٩٢المعدل

المادة الأولى:
تضاف الفقرة التالية الى المادة التاسعة وتكون الفرع الأول لها (أولاً) ويعدل تسلسل الفقرات التي تليها تبعاً لذلك.
أولاً: وزير شؤون مجلس الوزراء
المادة الثانية:
تضاف الفقرة التالية الى المادة الحادية عشرة وتكون الفقرة (٣) لها (تقدم إستقالة الوزير الى رئيس وله قبولها إستقالة الوزير).
المادة الثالثة:
تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة من القانون وتقرأ كما يلي:
في حالة غياب الرئيس يتولى نائبه مهام منصبه فإذا كانا غائبين في وقت واحد تناط مهام منصب الرئيس بأحد الوزراء).
الماده الرابعه:
على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:
ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

جوهر نامق سالم
رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**
ئەوە خوێندنەوەی ئەو پرۆژەیەی کە بۆمان هاتووە.
خاڵی دووەم ، یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی «١٩٩٩» (یاسای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق. خاڵێک لە بەرنامەی کارمان پەریوە زیادی کە ئەویش خستنە روو گفتو گۆکردنی ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا دەی خوێنێتەوە زیادی کەنە سەر بەرنامەی کار.
بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن:
بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
تأريخ القرار
تأريخ القرار

«قرار»

استناداً الى أحكام الفقرة (ا) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩٩ القانون الآتي:

قانون التعديل الاول لقانون نقابه الصيادله
لأقليم كوردستان العراق رقم (٨)لسنه١٩٩٩

المادة الاولى :تعدل الفقرة الثالثة من المادة الرابعة وتقرأ كالاتي:
ثالثا: حاصلا على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في كلية الصيدلة
المادة الثانية :تعدل الفقرة الثالثة و الرابعة من المادة السادسة وتقرأ كالاتي :
ثالثا: رسم إجازة فتح الصيدلية(المسؤولة زائدا الامتياز للمتقاعدين ٣٥٠ دينار دوام كامل سنويا
رابعا :رسم اجازة مذخر اهلي ( المسؤولة زائدا الامتياز ٤٥٠دينار)
المادة الثالثة: تعدل المادة الحادية عشرة و تقرأ كالاتي :
شروط ذائد فتح الصيدلية، تمنح إجازة فتح الصيدلية للذي تتوافر شروط التالية:

١- عنوان الصيدلية
٢- عقد اجار مصدق من ضريبة العقار
٣- الاسم التجاري مؤيد من قبل غرفة التجارة
٤- المسافة بين الصيدلية و اخرى لاتقل عن ٥٠ مترا
٥- المساحة لاتقل عن ٢٠متر مربع
٦- الواجهة لاتقل عن مترين و نصف
٧- في حالة هدم او حريق يجوز انتقال الصيدلية بنقل اجازة الى اي مكان اخر في نفس المنطقة و وفقا للشروط عدا المساحة

المادة الرابعة: تعدل الفقرة الاولى من المادة الرابعة و العشرون وتقرأ كالاتي

١- تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتالف من خمسة اعضاء من ضمنهم النقيب( اربع زائدا النقيب) مارس المهنة مدة لاتقل عن خمس سنوات يونتخبون باقتراح السري

المادة الخامسة: عدل الفقرة الرابعة من المادة السادسة و العشرون وتقرأ كالاتي:

ريع العفلات و نوادي و إضافة ٢ من ١٠٠٠من مبيعات الادوية والتي تباع للصيدليات الاهلية من قبل مدير اصتراد و توزيع الادوية العائدة لوزارة الصحة و شؤون الاجتماعية لصندوق نقابة الصيادلة.

المادة السادسة: تضاف مادة جديدة الى القانون نقابة الصيادلة ويتغير تسلسل المواد تبعا لذلك كالاتي:

مادة ثلاثون: منح الصيدلي لقب دكتور صيدلان

المادة السابعة: ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره و نشره في الجريدة الرسمية

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە دانیشتنەكەمان كۆتایی پێ دێنین تا لێژنەی یاسا ڕاپۆرتەكەی خۆی ئامادە دەكات سەعات دوازدە لە سەر دانیشتنەكەمان بەردەوام دەبێت.

## دوای پشووی

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دانیشتنەكەمان بەردەوامە بە خاڵی سێیەم دەست پێ دەكەین

خستنەروو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای سێ یەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان.

ئەگەر بەڕێزانی لێژنەی یاسا بفەرموونە سەر سەكۆ، فەرموون

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاسای هەموار كردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران، ڕای لێژنەی یاساتان بۆ دەخوێنینەوە.

السيد ريئس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي الجنة

عرض على الجنة القانونية مشروع قانون التعديل الثالث لقانون مجلس الوزراء اقليم كوردستان العيراق رقم (٣) لسنة١٩٩٢ المعدل وبعد قيام اللجة بدراسة و مناقشة المشروع ايد اللجنة ماجاء في المشروع بعد صياغته باشكل المرفق طياً راجينا عرصه على المجلس.

مع التقدير

ئەگەر ئارەزو دەکەن پرۆژەکە دەخوێندنەوە پاش دارشتنەوە پاشان مادده به مادده دیینه سەری

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩ القانون الآتي:

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٩

قانون التعديل الثالث لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق
رقم (٣) لسنة ١٩٩٢

المادة الأولى:

تضاف مايلي الى المادة التاسعة وتكون الفقرة (أولاً) لها

أولاً: يتولى شؤون مجلس الوزراء وزير بعنوان (وزير شؤون مجلس الوزراء).

ثانياً: تصبح فقرة الف ثانياً و الفقرة باء ثالثاً من المادة المعدل

المادة الثانية:

تضاف الفقرة التالية الى المادة الحادية عشرة وتكون الفقرة (٣) لها (للرئيس قبول إستقالة الوزير).

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتقرأ كما يلي:

(تناط مهام منصب الرئيس بأحد الوزراء في حالة غياب الرئيس ونائبه).

المادة الرابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

جوهر نامق سالم

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو پرۆژەیە ئامادە کراوە مادده بەمادده دەیخوێنندنەوە و دەیخەینە دەنگ دانەوە، فەرموون

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

يضاف مايلي الى المادة التاسعة وتكون الفقرة (أولاً) لها

أولاً: يتولى شؤون مجلس الوزراء وزير بعنوان (وزير شؤون مجلس الوزراء).

ثانياً: تصبح فقرة الف ثانياً و الفقرة باء ثالثاً من المادة المعدل

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لە سەری؟ کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

( يتولى ادارة مجلس الوزراء) وشەی ادراه زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە پێی رای جەنابی سکرتێر لە لانی یاساییەوە بەڕیوەبردنی ئەنجومەنی وەزیران دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەگەر لانی ئیملائیە ئەوە لەگەڵ برادەران رێکی خەن، ئەگەر تێبینی تر نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

تضاف الفقرة التالية الى المادة الحادية عشرة وتكون الفقرة (٣) لها (للرئيس قبول إستقالة الوزير).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم کەس تێبینی لەسەر نیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتقرأ كما يلي:

(تناط مهام منصب الرئيس بأحد الوزراء في حالة غياب الرئيس ونائبه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سێیەم کەس تێبینی لەسەر نیە؟ کاک جەمیل

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من هەر وەزارەتێک بایبەتمەندی خۆی هەیە ،سەرۆک و جێگری وەزیران باش دەزانن کە چی لە وەزارەتەکان دەکرێت ، وەزیرێکی بەتەنها هەموو کارو باری وەزارەتەکان نازانێت لەبەر ئەوە وەزیری کاروباری وەزیران پتر ئاگادار بێت لە سەر کاروباری هەموو وەزارەتەکان لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران ئەو کارە بکات ئەگەر سەرۆک و جێگرەکەی ئامادە نەبوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خاوەنی پرۆژەکە خۆیان ئەوەیان داوا کردوە، بۆیە ئێمە ناتوانین خۆمان بخەینە جێگای ئەوان کە دەبێت ئەوە بکەن چونکە ئەوە بابەتی دانانی دەسەلاتە لەوێ سەرۆک وەزیران کێ دەکاتە نائب خۆی بریار دەدات، وایان ویستوە، سەرۆک وەزیران دەست کراوەیە دەتوانێت هەر وەزیرێک دابنێت ، ئەگەر کاروباری ئەنجومەنیش ئامادە نەبوو ئەو کاتە چی بکەین؟ دەبێت دیسان یاساکە هەموار بکەین بلێین (احد الوزراء) لەبەر ئەوە ئەوە گشت گر ترە، گریمان هەرسێکیان سەفەریان کرد بۆ دەرەوە کێ حکومەتەکەمان بۆ بەریوە ببات ، بەپشتوانی خوا سەرۆکی راسپێردراو دەست کراوەیە، چونکە ئەو پرۆژەیە پێش دەست لە کار کێشانەوەی کابینەی سێیەم کراوە، کاک جەمیل

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تەنها پێشنیار بوو ئێوەش زیاتر شارەزا ترن بۆیە را رای جەنابتانە،

بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن: کارەکە وایە ئەگەر هەرسێکیان ئامادە نەبوون ، جی بکەین ؟ بەبێت جاریکی تر یاساکە هەموار بکەین ، ناکرێت دیسان بێین هەمواری بکەین، وابزانم ئەو دارشتنە گشت گر ترە،ئەگەر شتێکی تر نیە، دەیخەینە دەنگ دانەوە،ماددە سێ وەکو خۆی کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا،

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الرابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوارەم کەس تێبینی لە سەر نیە؟دەیخەینە دەنگ دانەوە،ماددە سێ وەکو خۆی کێ

لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا،

**بەریز شـــێـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**بـەریز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــــەن:**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بـەریز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــــەن:**

ماددەی پێنجەم کەس تێبینی لە سەر نیە؟ کاک جەمیل فەرموو

**بەریز جـــەمـــیـل عـــەبدی سندی:**

**بـەریز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم لە مێژووی بریار دانی بێت، لەبەر ئەوەی نەوەک کاتەکە درێژ بێت،

بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:

ماددەی پێنجەم دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، وەکو یاسا دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەیین. خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار خستنە روو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی «١٩٩٩» (یاسای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق. لێژنەی یاسا فەرموون

**بەریز شـــێـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**بـەریز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئێستا راپۆرتی لێژنەی یاسا دەخوێنینەوە سەبارەت بەو پرۆژەیە.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ تقرير اللجنة

عرض على اللجنة القانونية مشروع قانون تعديل الاول لقانون نقابة صيادلة لاقليم كوردستان العيراق رقم (٨)لسنة ١٩٩٩ و بعد قيام الجنة بدراسة مشروع التعديل و مناقشته تبين للجنة مايلي:

اولاً:حيث لم تمضي على صدور القانون الا بظعة اسابيع و بما ان القانون المذكور قد تم مناقشته من قبل المجلس الوطني لكوردستان العيراق مناقشةً مستفيظ ومن كافة الجوانب و اقرة من قبل المجلس، و ان قانون المذكور لم ينفذ عمليا للوقوف على اجابيته و سلبياته لذا تقترح اللجنة بالاجماع رفض التعديل المذكور.

ثانياً: حيث ان تقديم المشاريع القانونية الى المجلس الوطني لاتقع ضمن صلاحيات الوزارة المستقيلة المخولة من قبل المجلس الوطني بتمشية الامور الادارية حضراً لذا ترتإي اللجنة عرض المشروع الموضوع على المجلس الوطني للمناقشة لابداء الرإي.

جگە لەوانەش خاڵێکی تریش هەبوو پێرا نەگەیشتین لە راپۆرتەکەمان بیخەینە روو ئەویش ئەوەیە ئێمە زۆربەی زۆری ئەو ماددانەی کە لە هەموارەکە هاتوە لە دانشتنی پێشتر ئێمە رەتمان کردۆتەوە بۆیە بە رەتکراوەیی دادەندرێن،بۆیە جائز نیە ئەو پرۆژەیەی کە رەت دەکرێتەوە هەتا ئەگەر ماددەش بێت لە هەمان خولدا گفتوگۆ بکرێت لەبەر ئەو هۆیانە ئێمە داوا دەکەین ئەو پرۆژەیە رەفز بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ تێبینیەک هەیە لە سەر رای لێژنەی یاسا؟ کاک د.رزگار.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەر چەندە لەگەڵ برادەرانیش باسمان کردوە ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە لە جێگای (رەفز) (رەد) دابندرێت لەوانەیە لە داهاتووش کەلکی لێوەر بگیرێت، هەرچەندە خولیش تەواو بووە بەلام من پێشنیار دەکەم لە شوێنی رەفز رەد دابندریت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێمە بەپێی پێرەوەی ناوخۆ یاساکان دەگەڕێنینەوە، لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان چی هاتبیت ، لە یاسای ژمارە (١) ئێمە ئەوە دادەنێین بە دەستی خۆمان نیە شتێ دابنێین چ تێبینی تر نیە؟ واتا رای لێژنەی یاسا دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین ئەو پرۆژەیە دەنێردرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.
خاڵی پێنجەمی بەرنامەی کارمان خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای پارێزەری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. وابزانم ئەو پرۆژەیە زۆرمان لەسەر گوتوە و زۆریشی لەسەر گوتراوە کاری زۆریشی بۆ کراوە ئێستا بە هەوڵی هەموو لایەک هەولی خاوەن پرۆژە ئەصلیەکە زائدا بەرێزانی لێژنەی یاسا و سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە رێگای رۆژنامەوانی و راگەیاندنەکانی کوردستانیش ئەو پرۆژەیە بلاو بۆوە تێبینیەکی زۆر هاتووە لە لایەنی خەڵکەوە بۆیە برادەران کارێکی باشیان کردوە هەوڵیان داوە ئەوەی پێویست بوو سودی لێوەرگرن .ئێستا ئەو پرۆژەیەیە کە لە بەر دەستاندایە ئەگەر لێژنەی یاسا بفەرموون راپۆرتەکەیان بخوێننەوە پاشان دەست دەکەین بە گفتو گۆ کردنی هیوا دارم بتوانین ئەمرۆ ئەو پرۆژەیە تەواو بکەین لەگەڵ ئەوەی کاتەکەش کەمە بەلام ئەگەر بکرێت هەندێ بابەتی تەکنیکی بهێلینەوە بۆ یاسایی، وابزانم دەتوانین تەواوی بکەین ئەگەر دوای فتاریش بێت لەبەر ئەوەی ئەم خولەمان بەرەو کۆتای دەروات ئەم پرۆژەیەش تەواو کردنی گرنگە چونگە کەرتێکی زۆر گرنگە تاکو ئێستاکە ئێمە نەمان توانیوە ئەوانیش وەکو کەرتەکانی تر سەندیکای خۆیان هەبێت ، جا لێژنەی یاسا بابفەرموون راپۆرتەکەیان پێشکەش بکەن

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایە لە سەر یاساکە.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ تقرير اللجنة القانونية

عرض على اللجنة القانونية مشروع قانون نقابة المحامين لإقليم كوردستان العراق، وبعد عقد العديد من الإجتماعات المكثفة لمناقشة المشروع المذكور، أيدت اللجنة ما ورد في المشروع المذكور بعد الأخذ بنظر الإعتبار المقترحات التالية:

١- ترى اللجنة ضرورة فرز المشروع الى مشروعين مستقلين، إحداهما مشروع قانون نقابة المحامين لإقليم كوردستان العراق والثاني مشروع قانون صندوق تقاعد المحامين لإقليم كوردستان العراق، حيث ورد في المشروع الأصلي بأن هيئة صندوق التقاعد تتمتع بالشخصية المعنوية كما هو الحال مع نقابة المحامين وحيث أنه لايمكن الجمع بين شخصيتين معنويتين في مؤسسة واحدة إضافة الى أن هذا الإرتباط هو خلاف لما يجرى عليه في نقابات الدول المجاورة وقوانينها، ولاسيما أن جميع النصوص الواردة في المواد الخاصة بصندوق التقاعد توحي الى ذلك.

٢- ترى اللجنة ضرورة تبويب المشروعين بشكل منظم مراعية في ذلك الأحكام الواردة فيه بعد الفرز.

٣- ترى اللجنة إعادة النظر في المادة «١٣٢» و «١٣٤» من المشروع الأصلي، والذي جاء فيه بأن يحتسب الراتب التقاعدي للمحامين المتقاعدين على أساس دينار واحد ومائة فلساً عن كل شهر في المدة التقاعدية على أن لايتجاوز أربعمائة دينار وجعلها خمسة دنانير عن دينار و مائة فلساً وعلى أن لايتجاوز على ألف وخمسمائة دينار، مراعاة للوضع الإقتصادي السائد وإرتفاع مستويات

السمعيشة، ونظرا لمكانة المحامين ودورهم البارز والمؤثر في مجتمعنا، إضافة الى كونهم يمثلون القضاء الواقف لمساندة القضاء على تحقيق العدالة.

٤- ترى اللجنة أن يتم إختيار مجلس الإنضباط للنقابة من قبل مجلس النقابة بدلاً من إنتخابهم من قبل الهيئة العامة، لأن مجلس النقابة هو بالأساس هيئة منتخبة.

٥- إرتأت اللجنة شطب بعض المواد الواردة في المشروع ودمجها مع مواد ضمن فقرات وبنفس المآل كما وتم إعادة صياغة المواد بشكل ملائم ومنسجم.

عليه وبعد الأخذ كل هذه المقترحات بنظر الإعتبار، نرفق لكم طياً مشروعي:

١- مشروع قانون نقابة المحامين.

٢- مشروع قانون صندوق تقاعد المحامين لإقليم كوردستان العراق.

راجين التفضل بالإطلاع وعرضه على المجلس للمناقشه.
مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا، لیژنەی یاسافەرموون.

**بەریز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا پێشنیاری ئەوەی کردوە کە هەردوو یاسا لێک جودابکرێتەوە بکرێت بە دوو پرۆژە پاشان بۆ دوو یاسا، یاسای پارێزەری و یاسای صندوقی خانەنشین کردنی پارێزەران تکامان وایە بخرێتە بەر دەم ئەنجومەن بۆ دەنگ دان لە سەری، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک لە لیژنەی یاساوە هاتوە، خۆی لە بنەرەتدا پرۆژەیەک بووە ئەوان وایان بەباش زانیوە کە ببێ بە دوو پرۆژە یەک تایبەتبێت بە کاری پارێزەری و سەندیکاو ئەوەی تریش پەیوەندی هەیە بە خانەنشین کردنی پارێزەران ئەگەر تێبینی نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە،کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بەتیکرای دەنگ پەسەند کرا، بەیاسای پارێزەری دەست پێ دەکەین.

شیروان حیدری
ن/رئیس اللجنه القانونیه

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باسی سندوقمان کردووە، لە پرۆژەکە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام فەرزکراوە ئەو تەعریفەی سندوق لێرە لە ئەم یاسای پارێزەرانە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی ئەگەر لە جێگایەکی دیکەدا هاتبوو، باشە سوپاس. کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە لە دووەم دەڵێ: «الوزاره وزاره المالیه والاقتصاد» کەچی لە سەندیکاکانی دیکەدا پەیوەست کراوە بەو وەزارەتەوە کە پەیوەندی پێوە هەیە، بۆچی پەیوەست نەکراوە بە دادەوەوپەیوەست کراوە بە وەزارەتی داراییەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەمین جارێک هیچ سەندیکایەک پەیوەندی بەهیچ وەزارەتێکەوە نییە بەو مانایەی کە گرێدراوە پێیەوەی، بەڵام لەوانەیە کارەکەی بکەوێتە ضمنی دەسەڵاتی وەزارەتێک لێرەش وابزانم ئەگەر کاک محەمەد وەڵام بداتەوە باشترە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هاوبەشی هاتووە، لە نێوان یاسای پارێزەران و سندوقی خانەنشینی، لەبەر ئەوە وامان داناوە، «وەزارەت: وەزارەتی دارایی و ئابووری»یە، واتە هاوبەشە، لە هەردوو یاسادا هاتووە ئەم وەزارەتە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ناوی وەزارەت کە لەم پرۆژەیەدا هاتووە مەبەست وەزارەتی داراییە، بۆ چونکە پەیوەندی هەیە بە خانەنشینکردنی پارێزەرانەوە، پەیوەندی هەیە بە هەندێ مەسائیلی روسوماتی ئەوانەوە، بۆیە لە هەر کوێیەک وەزارەت ناوی هاتبوو مەبەست وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، (تەعریفە) پەیوەندی بە (ربطەوە) نییە، ئەگەر لە ناوەڕۆکی ماددە ناوی نەیەت، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای پارێزەران سجلی پارێزەران هەیە، لە پاشان «جدول المحامین» هەیە، جدول المحامین ناوی نەهاتووە لە تەعاریف لە ماددەی یەکەم، من پێشنیار دەکەم جدول المحامین زیاد بکرێت، جدول المحامین بۆچی دەبێت لە سجل وەردەگیرێت پاشان پارێزەر ئیلتزاماتی خۆی رادەگەیەنێت بەرانبەر بە سەندیکا جدول دەردەچێت، ئەو پارێزەرەی ناوی لە جدول نەبێت ناتوانێت مومارەسەی کاری پارێزەرایەتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جدول لە کۆتایی ساڵ دەدرێت، وە پێویست ناکات لە تەعاریف بێت، چونکە سجل ناوی هەموو پارێزەرەکانی تێدایە، بە تێکڕا، جدول ناوی هەموو پارێزەرەکانی تێدا نابێت، لەبەر ئەو هۆیە لە تەعاریف ناومان نەهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جدول ئەساسە بۆ ئەو پارێزەرانەی پەیوەندی بە سەندیکاوە دەکەن، پارێزەرێک ئیلتزاماتی خۆی بەجێ نەگەیەنێت، یاخود ئابوونەی بەشداربوونی نەداتە سەندیکا، بێ گومان لە سجل تەئشیر دەکرێت و ناوی لە جدول دەرناچێت، کە ئیلتزاماتی خۆی بەجێ نەگەیەنێت ، ئینجا جدول

دەردەچێت هەموو ساڵێک، وەکو کاک ئیبراهیم فەرمووی، دەبێت ئەو جەدوەلە بچێتە دادگا، هەر دادگـایەک ئەو جـەدوەلەی لابێت، ئەو پارێزەرەی ناوی لە جـدول نەهاتبـێت نابێت کـاری پارێزەرایەتی ئەنجام بدات، تا ئەو ئیلتزاماتەی کە لە سەرێتی جێبەجێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

برایان ئەمـە تەعـریفە لەوانەیە لە بڕگـەیەک ناوی جدول هاتووە، بۆ ئەوەی خـەڵک بزانێت جدول چییـە، تەعـریف کراوە لێـرە، زەرەری نییـە لە کۆتایی ساڵ بێت، لەسەرەتای سـاڵ بێت، ، بەس زنجیرەکەی بخرێتە کوێ؟ دوای سندوق، دوای بڕگەی سجل بڕگەیەکی دیکە دەبێتە، القائمە وەکو برادەران پێشنیاریان کرد، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا، وەکو مادده دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس. کێ لەگەڵ نییە، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

الفصل الثاني:

(اهداف القانون)

المادة (٢):

المحاماة/ عنصر من عناصر تحقيق العدالة كونها القضاء الواقف وضمان لحق الدفاع المقدس.

ويهدف هذا القانون الى ما يلي:

أولاً: المساهمة في دعم حكومة الإقليم والنظام الديمقراطي وإسناد الفدرالية وترسيخها وتطويرها.

ثانياً: تنظيم مهنة المحاماة في الإقليم بما يضمن الدفاع عن حقوق الاشخاص الطبيعية والمعنوية وتامين مبدأ سيادة القانون وتحقيق العدالة.

ثالثاً: تعزيز مركز النقابة والدفاع عن الحقوق النقابية للاعضاء.

رابعاً: رفع مستوى المحامين المهني والقانوني والثقافي.

خامساً: رفع المستوى المعاشي والاجتماعي وتحقيق الضمانات التقاعدية والصحية للمحامي.

سادساً: اغناء الفكر القانوني والمساهمة في تطوير التشريع.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مـادده «٢» هیچ تێبینیـەک هەیە لەسەر مـادده «٢»؟ ئەگـەر نییـە دەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حـوسـێن عـەلی کـەمـاڵ:**

(المحاماة وشروط ممارستها)

الفصل الثالث

الفرع الأول - (ممارسة المحاماة)

المادة (٣):
يمارس المحامي مهنته في حدود واجباته والتزاماته عن طريق:
اولاً: التوكل عن الاشخاص، الطبيعية والمعنوية، للدفاع عن حقوقها.
ثانياً: تقديم المشورة القانونية، وتنظيم العقود وعقود التسجيل واللوائح والمذكرات والدراسات القانونية وكافة العقود الاخرى.
ثالثاً: تقديم المشورة القانونية للقطاع الخاص بصفة مشاور قانوني وبعقد مصدق وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر مادە «٣» ئەگەر فەسڵ بێت؟ ئەوەیان هەڵەی چاپە، فەرموو ماموستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە تەبویبەکە ئەمە «المحاماه وشروط ممارستها زیادە» ئەوە الفصل الثالث الفرع الاول مادام بە فرع هاتووە، الفصل الثالث الفرع الاول ممارسه المحاماه ئیتر المحاماه وشروط ممارستها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر مۆڵەتم بدەن، سوپاس بۆ تێبینیەکانی ماموستا، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی وامان بەباش زانی بنووسین «الفصل الثالث» لە ژێر الفصل الثالث بنووسین المحاماه والشروط ممارستها ئەو الفرع الاول ممارسه المحاماه ئەو کاتە هەم فەسڵەکە عینوانی هەیە هەم ڕێکترەو هەم موشکیلەی جەنابتانیش چارەسەر دەبێت. ئەگەر برایانی لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەم بۆچوونەماندا بن، لاریان نییە، سوپاس. مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الفرع الثاني ـ (شروط ممارسة المحاماة)
المادة (٤): يشترط فيمن يمارس المحاماة ما يلي:
اولاً: حائزاً على شهادة البكالوريوس في القانون من احدى جامعات الاقليم او ما يعادلها على ان يجتاز في الحالة الاخيرة امتحاناً في القانون بنجاح ويعفى منه حملة شهادات البكلوريوس في القانون من الجامعات العراقية وحملة الشهادات العالية في القانون من خريجي الجامعات الأخرى.
ثانياً: مسجلاً في سجل المحامين.
ثالثا: متمتعاً بالاهلية القانونية.
رابعاً: غير متجاوزالخامسة والخمسين من العمر الا اذا سبق له ان مارس المحاماة او القضاء او

الادعاء العام او كان عضواً في الهيئة التدريسية لمادة القانون لمدة لا تقل عن سبع سنوات.
خامساً: اسمه غير مشطوب او مستبعد من السجل او جدول احدى النقابات الاخرى بسبب تأديبي أو أنضباطي، أو مفصول من الوظائف العامة او الخاصة لاسباب مخلة بنزاهة الذمة او الاداب العامة.
سادساً: حسن السمعة والسيرة واهلاً للثقة والاحترام الواجبين لممارسة المحاماة.
سابعاً: غير محكوم عليه في جناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.
ثامناً: غير متقاعد من مهنة المحاماة.
تاسعاً: غير محال على التقاعد لعدم صلاحيته للخدمة بسبب مرض عقلي او نفسي او عضال يجعله عاجزاً عن ممارسة المحاماة ما لم يثبت شفائه بتقرير طبي صادر من لجنة طبية مختصة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چی تێبینیەک هەیە لەسەر مادده «٤» کاک محەمەد تێبینیەکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برگەی «٧» غیر محکوم علیه فی جریمه مخله بالشرف، ئەوە کەموکورتی تیایە من دەڵێم: «غیر محکوم علیه فی جنایه غیر سیاسیه او جریمه او جنجه مخله بالشرف» سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیارێکی کاک محەمەدە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا، سوپاس. وەکو مادده دەیخەینە دەنگدانەوە مادە «٤» کێ لەگەڵە، سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٥):
لكل محام مسجل في جدول نقابة اخرى حق المرافعة امام سائر محاكم الاقليم ووفق صلاحياته المقابلة لصلاحيات عضو هذه النقابة، شريطة المعاملة بالمثل و الحصول على الموافقة المسبقة من النقيب او وكيل النقابة في حالة غيابه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وا باشە بنووسن شریطه المعامله بالمثل ولحصول على الموافقه المسبقه او الحصول على الموافقه یەعنی پێویست ناکات شەرحی کەین «أ»کە زیادە وە الحصول على الموافقه المسبقه من النقیب او مجلس النقابه فی حاله غیابه بەتەواوی تەئکیدی ئەو حاڵەتە دەکات ئەو «أ»ـە هەڵدەگیرێ وە الحصول على الموافقه المسبقه یەعنی پێشان ئەبێ المعامله بالمثل بێت دوای دەوەی کە بوو بە معامله المثل ئەوە موافقەی دەبێ نقیب یان مەجلسی نقابەشی هەبێ وەکو کاک فەرسەت فەرمووی تدقیقی بکات ئەو حاڵەتە هەیە، هەردووکیان بەیەکەوە.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێک جار معامله بالمثل ناکرێت وەرغما کە معامله بالمثل ناکرێت پارێزەرێک لە دەرەوەی کوردستان هاتۆتەوە هەر عێراقییە دەیەوێت پارێزەرایەتی لێرە بکات جا ئێرە نەقیب ئەو یان ئەنجوومەنی سەندیکا ڕەزامەندی بداتێ رغما ئەوە کە معامله بالمثل ئەو ئەلفە لەبەر ئەوە دانراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ کاک محەمەد فەرموو.

**محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

معامله بالمثل شەرتە دەبێ ببێ، ئێستا پارێزەر هەیە لە دهۆک لە هەولێر لە سلێمانی ئەچنە دادگاکانی کەرکوک ئەچنە دادگاکانی موسڵ قبوڵ ناکەن پارێزەر داخلی ئەوێ ببێ بۆ لێرە ئێمە قبوڵی کەین معامله بالمثل ئینجا موافقه،وا پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوەی کاک ئیبراهیم دەڵێت ئەو کاتە ئەگەر ئەو پارێزەرە لە بەغداوە لە کوتەوە لە عمارەوە لە هەر کوێ بوو بۆ ئەندامی سەندیکای تۆ با بۆ خۆی موافەقە بکا ببێ بە ئەندام بەرێوەی بەرێ فعلەن ئەوە ئەشکال نییە ئەمە فەرقە ئەمە حاڵەتێکی تایبەتە ئەمە معامله بالمثله ئەو ئەلفە زیادەیە نەصەکە بەو شێوەیەی لێدێت «شریطه المعامله بالمثل والحصول على الموافقه المسبقه من النقیب او مجلس النقابه فی حاله غیابه» مادده (٥) ئەخەینە دەنگدانەوە بەڵێ کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە گوتی (النقیب او مجلس النقابه فی حاله غیابه) نەقیب وجێگری نەقیب هەردوکیان هەڵبژێردراون ، لێرە ئەگەر نەقیب ئامادە نەبوو جێگر جێگای دەگرێتەوە بۆچی ئەو دەورەیان نەداوەتێ، واتا جێگری نەقیب هەیە و ئامادەیە و نەقیب ئامادە نیە دەتوانێت کاری ئەو بکات بۆئەو ئەرکەیان نەداونەتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم دەرئەنجامە، کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە هەڵبژاردندا نەقیب بە جوودا هەڵدەبژێردرێت بەلام جێگری نەقیب لە ضمنی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت کە ئەنجومەنی سەندیکا هەڵی بژاردیە لەبەر ئەوە ئێمە تەنها نەقیبمان دانایە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە نەقیب ئامادە نەبوو ئۆتۆماتیکیەن جێگر دەبێت بە نەقیب ئەگەر جێگریش ئامادە نەبوو ئەو کاتە ئەنجومەنی سەندیکا دەبێت وابزانم راڤەکەی وا دروس ترە، کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئەگەر نەقیب ئامادەش نەبێت ئەتوانیت دەسەلاتەکەی بداتە ئەنامێکی تری ئەنجومەنی سەندیکا و نەیداتە جێگر، ئەوە لەو یاسایە دا هاتووە لە بەر ئەوە وامان لێ کردوە دەشێ نەیداتە جێگر

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەدی بۆ جێگرە؟

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی جێگر دەسەلات لە نەقیب وەر دەگرێت لەکاتی ئامادەبوونی نەقیب بەلام لە کاتی ئامادە نەبوونی نەقیب ئەو دەسەلاتەی هی خۆیەتی دەکرێ نەیداتە جێگر دەتوانێ بیداتە ئەندامێکی ئەنجومەنی سەندیکا لەو یاسایەش وا هاتووە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەموو سیستەمێکی دوونیا جێگر جێگری سەرۆکە جا جێگری سەرۆکی پەرلەمان بێت یان جێگری سەرۆکی حکومەت بێت یان سەرۆکی حزب بێت یان جێگری سەرۆکی سەندیکایەک بێت ،دوایی دێینە سەر ئەو ماددەیە ئەو راڤەیە ئەوەیە کە نەقیب نەما ئەوە جێگر ئۆتۆماتیکی جێگری نەقیبە

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەمان و مۆڵەت جیاوازن ئێمە باسی مۆڵەت دەکەین کە نەقیب مۆڵەتی هەبێت، ئەگەر نەما سروشتیە جێگر دەبێتە نەقیب

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فی حالە غیابە

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غیاب مۆڵەت دارە وکاتیە کە نەقیب غایب بوو غایب بوونی کاتیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا جێگرەکەی دەبێت بە وەکیلی.

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی غایب دەکەین کە نەقیب کاتی غایب بوو لە یەک ڕۆژ بۆ دە ڕۆژ دەکری دەسەلاتەکەی...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای جەنابتە دوایی گفتوگۆی دەکەین

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلام ئەگەر نەقیب یەکجاری نەما ئەوە جێگر دەبێتە وەکیلی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەموو دونیا وەکیل وەکیلە بۆ لە پارێزەران پابەند بکرێت؟ ئەوە دوایی دێینە سەری ، وەکو دەزانن نەقیب ئەگەر ئامادە نەبوو بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوە جێگرەکەی وەکیلیەتی ،لە هەموو سەندیکاکانی تر وامان کردوە جێگرەکەی کاری ئەو دەکات پاشان ئەنجومەنی سەندیکا چی دەکات کەیفی خۆیەتی ، بۆ دەبێت تەنها لە سەندیکای پارێزەران دەسەلاتی جێگر تەقید بێت، وەکو هەر سەندیکایەکی تر، هەموو هەلبژێردراون، مامۆستا.

**بەریز مامۆستا مەلا تاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (٥٧) لە دواوە دێت ئەمەی چارە کردوە( یمارس وکیل النقابة جمیع صلاحیات النقیب في حالة غیابە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام کاک ئیبراهیم دەلێت ماددەیەکی تر هەیە لەو ماددەیە دەسەلاتی وەکیل دیار کراو بێت.

**بەریز مامۆستا مەلا تاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەو ماددەیە برگەی دووەم دەلێ (للنقیب تخویل بعض صلاحیاتە الی وکیل النقابة.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ لە دەسەلاتەکانی ئەوە کەیفی خۆیەتی ئەوە گرفتێکی ترە، بەلام جێگر وەکیلی نەقیبە. کاک ئیبراهیم.

**بەریز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو ایدارەش ئەگەر وەزیر دەسەلات نەدات بە جێگر ئەوە دەسەلاتی نیە لە کاتی ئامادە بوونی نەقیب دەسەلاتی نەقیب بە گوێرە ماددە(٥٧) بەشێک دراوەتە جێگری نەقیب و بەشێکیش کە دەسەلاتی خۆیەتی دەتوانێت لە کاتی غیاب بیداتە یەکێکی تر مەرج نیە بیدات بە جێگر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت

**بەریز فەرسەت ئەحمەد/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو حالەت هەیە حاڵەتی غیابی نەقیب هەیە وحاڵەتی ئامادەبوونی نەقیب هەیە، ئەگەر نەقیب ئامادە بوو ئەوە مافی هەیە هەندێک لە دەسەلاتی خۆی بە وەکیلی سەندیکا بدات ، بەلام ئەگەر غایب بوو قطعا ئەوە جێگر ممارەسەی هەموو لەدەسەلاتەکانی ئەو دەکات بەپێ مادده(٥٧)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر ئەنجومەنی سەندیکا لاببەین حەل دەبێت چونکە کە جێگر هاتە جێگای نەقیب ئەوە خۆی نەقیبە، ئەنجومەنی سەندیکا لاببەین تەواو دەبێت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لابردنی ئەو مەجلس نقابە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا ، وەکو مادده پێنج دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس .

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٦):

اولاً: لايجوز الجمع بين عضوية النقابة ومايلي:

أ- الوظائف العامة في الدولة.

ب: التفرغ للتجارة او الصناعة.

ثانياً: مع بقاء الاسم مسجلاً في السجل ودفع الرسوم والاشتراكات السنوية لايجوز الجمع بين ممارسة المحاماة وما يلي:

أ- التفرغ للعمل في النقابات المهنية لقاء اجر.

ب - اداء الخدمة العسكرية.

ثالثاً: لا تحتسب مدة عضوية المذكورين في الفقرة ثانياً من هذه المادة مدة للاقدمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ماددەی شەشەم نیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٧)

اذا فقد المحامي شرطاً من الشروط الواردة في المادة (الرابعة) من هذا القانون او مارس عملا من الاعمال الواردة في المادة (السادسة) منه يستبعد اسمه من السجل وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ماددەی حەوتەم نیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٨)

اولاً: يحظر على المحامي الذي يتولي عضوية المجالس العامة او التشريعية او البلدية او الادارية قبول الوكالة بنفسه او بواسطة شريكه او اي محام يعمل لحسابه ضد المجالس المذكورة خلال مدة عضويته ولمدة سنة واحدة لاحقة على انتهائها.

ثانياً: لايجوز لمن يتولى وظيفة عامة في دوائر الدولة او القطاع المختلط او كان مشاوراً قانونياً لها ان يتوكل بنفسه او بواسطة شريكه او اي محام يعمل لحسابه في دعوى ضد الجهة التي كان يعمل لديها الا بعد مضي سنة واحدة على انتهاء علاقته بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە گفتوگۆی ساڵەکەمان کرد گوتمان سێ ساڵ ، وادیارە لە چاپ بەهەلە هەتووە، مادام وا هاتووە دەیخەینە دەنگ دانەوە لە برگەی یەکەم هاتووە لە بنەرەتدا گفتوگۆکرا کە سێ ساڵ بێت ،لە برگەی دووەمیش هەمان شێوەیە لە جیاتی ساڵێک دەبێت بە سێ ساڵ، بۆیە ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس .ماددەکە دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس بۆئەوەی لای برادەران روون بێت کاک شێروان ئەگەر روون کردنەوەیەک.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەستم بەوتێبینیە کرد هەرچەند ماددەکە دەنگدانی لەسەر کرا مشورەی یاسایی ئێمە لە یاساکە لامان برد لەو برگەیە باسی مشاوری یاسایی کراوە ئێستا تێبینی ئەوەمان کرد لێرە ناگونجێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەڵەی ئیملاییە ، ئەوەی خستمە دەنگ دانەوە بۆ سێ ساڵەکە گوتم روون کردنەوەیەک بدریت ئەگەر زەحمەت نەبیت بۆ سێ ساڵ؟

**بەڕێز شـــێـــــروان نـاصح حــــیــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەوانەیە بۆ ساڵێک کەهاتووە ئامانجی خۆی نەپێکێ چونکە ئەگەر یەکێک لەو دەزگایە کار بکات لەوانەیە هەندێ زانیاری لەسەر ئەو دەزگایە دەمێنێت یان هەندێ پەیوەنی دەمێنێت یان لەوانەیە هەندێ داوای دێتە پێش زانیاری لە سەر ئەو داوایانە هەبێت بۆیە یەک ساڵەکە زۆر کەمە ئەگەر سێ ساڵ بێت لەوانە ئەو قەزایەی کە مەتروح بوو کۆتایی پێ بێت ئینجا ئەگەر هاتوو دەعوای گرت بەرانبەر ئەو دەزگایانە دەبێتە شتێکی ڕۆتینی وە زۆربەی زۆری وەزیفەکانیش سێ ساڵ هاتووە، بۆ نمونە حاکم نابێت لە سێ ساڵ زیاتر لە جێگایەک بێت یان سەرۆکی یەکەی ئیداری نابێت لە سێ ساڵ زیاتر لە جێگایەک بێت، ئەمە بە حەقیقەت هەر لەم سەرچاوەوە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

روونە بۆ سێ ساڵ، هەر بۆ زانیاریتان. مادە «٩»

المادة (٩):

لایجوز لمن یمارس المحاماة بعد ترکە القضاء ما یلي:

اولا: الترافع بنفسە او بواسطة شریکە او اي محام اخر یعمل لحسابە امام المحکمة التابعة لمنطقة الاستئناف التي کان یعمل فیها قاضیاً او عضواً في الادعاء العام الابعد مرور ثلاث سنوات.

ثانیا: الترافع بنفسە او بواسطة شریکە او اي محام اخر یعمل لحسابە في الدعوی التي کانت معروضة علیە او ابدی رأیاً فیها.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەویش دیسان جارێکی تر ئەوە دووساڵ، ئەویش بڕیارە هەر لەسەر ئەو فکرەی قازی نەقڵ دەبێت نابێت جارێکی دیکە ئەوەبێت، دیارە هەمان هەڵە دووبارە بووەتەوە، بیسڕینەوە یان بیخەینە دەنگدانەوە. لە ماددە «٩» یەکەم دیسان لە جیاتی «مرور لسنتین» خۆی مرور لسنوات بوو وەختی خۆی هەر بەعەینی ئەوەی کاک شێروان شەرحی کرد، بۆیە ئەیخەینە دەنگدانەوە لە جیاتی دوو ساڵەکە سێ ساڵە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، بە ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە مادە «٩» کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێز حـــوســـــێن عـــــەلی کـــــەمــــــاڵ:**

المادة (١٠):

لایجوز لمن کان محکماً او خبیراً او شاهداً في قضیة ان یقبل الوکالة فیها بنفسە او بواسطة شریکە او اي محام یعمل لحسابە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەکو ئەڵێن تەحصیل حاصلە، هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر مادە «١٠» دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە، بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الفصل الرابع

التسجيل والتدرج والصلاحيات

الفرع الأول ـ (سجل المحامين)

المادة (١١):

اولا: يتالف سجل المحامين وفق التسجيل والاقدمية من اسماء:

١ـ المحامون المستشارون.

٢ـ المحامون الممارسون.

٣ـ المحامون المتمرنون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینیەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاک شێروان فەرموو.

**شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المحامون المستشارون، المحامون الممارسون، المحامون المتمرنون، تەنها ئەو تێبینیەمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ببێت بە جەمع، ئەوە هەڵەی ئیملائیە دوای بۆ خۆتان چاکی بکەنەوە.

مادده «١١» دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (١٢):

اولاً: يقدم طلب التسجيل في سجل المحامين مع الوثائق المثبتة لتوافر الشروط التي يتطلبها هذا القانون الى مجلس النقابة.

ثانياً: يقرر مجلس النقابة قبول الطلب او رفضه بقرار مسبب.

ثالثاً: على مجلس النقابة ان يبت في الطلب خلال (١٥)خمسة عشرة يوماً اعتباراً من اليوم التالي لتسجليه مالم يقرر المجلس تاجيل البت فيه لاسباب تستدعي ذلك لمرة واحدة.

رابعاً: اذا مضت المدة الواردة في الفقرة (ثالثا) من هذه المادة على تاريخ تقديم الطلب دون ان يصدر المجلس قراراً بالبت فيه او التاجيل اعتبر مقدم الطلب مسجلاً.

خامساً: يبلغ القرار الصادر بقبول الطلب او رفضه لطالب التسجيل ويحق له في حالة الرفض

الطعن فيه تمييزاً لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة (١٥) مدة خمسة عشرة يوماً من تاريخ التبلغ ويكون قرار المحكمة باتاً.

سادساً: على المحامي الذي سجل اسمه لأول مرةٍ في السجل أن يؤدي امام محكمة الاستئناف اليمين التالية: (أقسم بالله العظيم ان امارس المحاماة بأمانة وإخلاص ان احترم القانون واحافظ على سر المهنة وأراعي تقاليدها وادابها).

سابعاً: اذا تبين للمجلس ان احد الشروط التي استند اليها طالب التسجيل غير صحيح فعليه اعادة النظر في قراره ويكون قراره قابلاً للتغير خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تاريخ التبلغ به.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددە(١٢)چ تێبینی هەیە لەسەر ماددە(١٢)؟ كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو قسەكەی دا سادساً پشتی بە امانە واخلاص وان احترم(وا)ەكەیان لەبیر چووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(اقسم بالله العظيم ان امارس المحاماة بأمانة واخلاص) وان احترم وا نییە؟ سوپاس كاك جەمیل بۆ ئەو تێبینییە ئەوە چاكیان كردۆتەوە، سوپاس واتە ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

المادة (١٣):

بە هەر حاڵ مادام دەسەلات دراوە بە وەزیری دارایی بۆ هیئەتێکی وا گرنگ دایبنێت با پلەی ئەم نوێنەرە وەزیری دارایی خۆی دیاری بکات بیهێلینەوە بۆ خۆی ئایا بەڕێوەبەری گشتی دادەنێت یان بەڕێوەر دادەنێت، موتەفەریغێک دادەنێت موختەسێک دادەنێت، پارێزەرێک دادەنێت بۆچی دەبێت ئێمە بیکەین بە دوو بەڕێوەبەری گشتی ئەم هیئە دەبێت ئیش بکات، چونکە ئەمە هیئەتێکی هەمیشەییە کاتی نییە. ئەمە هیئەتێکە استسماری نقابە دەکات، پارەی لەژێر دەستدایە. نابێت هەموو شتێک لە یاسای عێراقی وەربگرین، لێرە چەند جار باس کراوە سروشتی نیزامی عێراقی لەگەڵ سروشتی ئێمە جیاوازە، شێوازی مامەڵەی ئەوان لەگەڵ سەندیکاکان لەگەڵ شێوازی ئێمە جیاوازە ئەوان هەوڵیان داوە ئەم سەندیکایانە بکەنە واجهەتێک و خەڵکێک لەوێ دابنێن وەکو رۆژێک برادەران شتێکیان بۆ من هێنا (يحق لرئيس الجمهورية تعيين مستشاري لرئيس المجلس الوطني العراقي) ئەو موستەشارە بۆ سەرۆکی (مجلس وطني)یان کە ئێستا هەیە بۆی هەیە لە هەموو دانیشتنێک ئامادە بێت، بۆی هەیە لە دانیشتنی نهێنی ئامادە بێت، بۆی هەیە لە دانیشتنی ئاشکرا ئامادە بێت، واتا ئەم راوێژکارە خۆی بڕیار دەدات، ئەگەر لەوێ دامەزراوە (حي علي الصلاة) دیارە وەزیفەکەی چییە. مانای وایە لەو لیژنە کە ئەو ئامادە بوو کەس ناتوانێ قسە بکات. تەبیعەتی نیزامەکە وایە ئێمە ناتوانین شتی وا بکەین، نابێ لە هەموو شت بڵێین ئەمە لە سەندیکای مەرکەزی هاتووە ئێمە لەسەری برۆین، دەبێت تۆزێک ورد ببین لەو مەسەلانە، بۆیە (يعين وزير المالية والاقتصاد في الاقليم عضو اصلي واخر احتياط) شتێکی وا بدۆزنەوە.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت دەیلێت هی راوێژکاری سەرۆک کۆمار ئەو بابەتە سیاسی نییە، ئەو بابەتە سرف ئیدارییە، لەبەرئەوە ئێمە نووسیومانە بەڕێوەبەری گشتی دابنێت، چونکە بەڕێوەبەری گشتی، ئێستا مدیر عامی هیئە ئێستا مدیری عامی تقاعدە ئەو زانیاری هەیە چۆن خانەنشین دەبێت، چۆن مامەڵە دەکرێت، لەبەرئەوە بەڕێوەبەری گشتیمان داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەڕێوەبەری گشتی تەقاعد دەتوانێ هەمیشە ئامادە بێت لەو هیئەتە ؟.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان دەبێت، کۆبوونەوەیان هەیە هەفتەی ڕۆژێک، ڕۆژی دوو شەممان کۆدەبنەوە هەرسێک دادەنیشن، لەبەرئەوە پێشنیاری هەموو پارێزەرەکان بەڕێوەبەری گشتییە. منیش پێشنیار دەکەم بەڕێوەبەری گشتییەکە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بۆ ناوی لێنانێین.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر دەکرێت بەڕێوەبەری گشتی تەقاعود دانەنێت، بەڵکو بەڕێوەبەری گشتییەکی تر دابنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێین موظفین بدرجه مدیر العام دوو فەرمانبەر تۆ دابنێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی یەک سابت یەکێک غەیری سابت.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دووەم بەشداری ناکات لە کۆبوونەوەی لەحاڵەتی نوێنەری وەزارەتی دارایی ئەسڵی ئەگەر دەستی لە کارکێشایەوە یاخود ئەوێی بەجێهێشت ئیشی نەکرد خەبەری وەزارەت دەدات، وەزارەت جێگرەکە دێنێتە جێی ئەو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل دوا تێبینی چونکە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەیبینم هەروەکو جەنابتیش فەرمووت بەڕێوەبەری گشتی زیادەیە، نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزیر کێ دادەنێت ئەو ئازادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری کاک جەمیل دەخەینە دەنگدانەوە، کاک جەمیل دەڵێت بەڕێوەبەری گشتی زیادەیە، فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر، یان وەزیری دارایی ئازاد بێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، گوێتانیش لە برادەرانی لیژنەی یاسا بوو، کە بەڕێوەبەری گشتی ئێستا بەردەوامەو ئیشی خۆی دەکات لەوێ، بەڕێوەبەری خانەنشین و بە تەئکید لە ئیشەکەش دەزانێت، مرۆڤ دەترسێت یەکێکی دیکە بڕوات لە ئیشەکە نەزانێت، بۆیە ئەوە پێشنیاری کاک جەمیلە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینە پەسند نەکرا سوپاس، کەواتە مادە «٣» وەکو خۆی دەمێنێتەوە، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی من کردم «ثانیا» زیادە، «ثالثا» دەبێتە «ثانیا». یعینهما وزیر المالیه والاقتصاد لمده سنه واحده ئەدرێتە دەمی دووی «اولا».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئەگەر ئیجازە بێت، ئەمە تەشکیلی هەیئەکەیە دوو فەرمانبەر یەکیان ثابتە یەکیان احتیاط بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، کێ دایدەمەزرێنێت وەزیری دارایی، ئەگەر لێرە بنووسرێت ویعینها وزیر المالیه، ثانیا: موظفین بدرجه مدیر العام من الوزاره احدهما عضو اصلی والاخر یعینهما وزیر المالیه والاقتصاد فی الاقلیم.

مادە سێ پاش ئەو سڕینەوەو ڕەشکردنەوە، کە هیچ ناگۆڕێت لە مەوزوعەکە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الفرع الثاني ـ (شروط ممارسة المحاماة)

المادة (٤):

اولاً: تمارس الهيئة الصلاحيات التالية:

١ـ تأمين موارد الصندوق واستغلالها وفق احكام هذا القانون.

٢ـ تثبيت مدة ممارسة المحاماة وضم المدة المقضية في الوظيفة والعمل لها لأغراض التقاعد.

٣ـ احالة المحامين على التقاعد وفق احكام هذا القانون.

٤ـ تخصيص الحقوق التقاعدية للمحامين او لأفراد عوائلهم بعد وفاتهم.

٥ـ تعيين العاملين لتسيير اعمال الهيئة.

٦ـ اعداد الميزانية السنوية للصندوق وارسالها الى الوزارة للمصادقة عليها.

٧ـ تنظيم الموازنة الشهرية للصندوق.

٨ـ اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل ادارة شؤون الصندوق.

ثانياً: للهيئة ان تخول رئيسها او احد العضوين الاصليين بعض صلاحياتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چوار چی تێبینی هەیە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان دەکەین.

**حوسێن عەلی کەمال:**

الفصل الثالث

(الاحكام المالية)

المادة (٥):
تتألف موارد الصندوق من المصادر التالية :ـ
١ـ الهبات المختلفة بموافقة السلطات المختصة.
٢ـ بدلات اشتراك المحامين في الصندوق.
٣ـ الطوابع الخاصة بالصندوق.
٤ـ النسب المئوية المستقطعة من اتعاب المحامين في الدعاوى و المشورة القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی گوتمان ئەو «الهبات»ە ببێتە دوا خاڵ، ئەگەر لەبیرتان بێت، کەچی وەکو خۆی هاتۆتەوە، تەنها پێشنیارێک هەیە ئەویش ناگۆڕێت «الهبات» دەبێتە ژمارە «٤»، وە ئەوانی دیکە هەریەکەو بەپێی تەسەلسولی خۆی سەردەکەوێت، چونکە مەعقول نییە یەکەم شت «الهبات» یەک دەبێت بە چوار ئەوانی دیکەش تەسەلسولی خۆیان وەردەگرن. کاک جوهر فەرموون.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی «٥» زیاد بکرێت «المنح والمساعدات التى تقدمها الحكومه»

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس کاک جەوهەر، وەختی خۆی هەبوو دیارە، کەوتووە، «المنح والمساعدات التى تقدمها حكومه اقليم» پێشنیاری «٥» کە کاک جوهر کردوویەتی دەیخەینە دەنگدانەوە کێی لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێی لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، مادده «٥»دەخەینە دەنگدانەوە کێی لەگەڵە؟ سوپاس، کێی لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٦):
أولاً: اذا ضمت مدة باعتبارها مدة ممارسة للمحامي تعتبر مبتدئة من تاريخ تقديم الطلب بضمها لاجل احتساب مايدفع عنها بمقتضى هذا القانون.
ثانياً:
١ـ على الهيئة اصدار نظام تحدد بموجبه بدلات الاشتراك وفق الانظمة المالية المتبعة.
٢ـ على الهيئة تنظيم جدول تحدد فيه المعاملات المشمولة بالصاق الطوابع واقيامها.
٣ـ على الاشخاص المذكورين بالجدول الذي تنظمه الهيئة الصاق الطوابع على الاوراق المدرجة فيه حسب القيم المدونة ازائها.
ثالثاً: يدفع المحامي بدلات الاشتراك دفعة واحدة قبل نهاية الشهر الاخير من كل سنة، وفي حالة التخلف عن موعد الاستحقاق تضاف اليها نسبة (٥٠٪) خمسين بالمائة من بدل الاشتراك السنوي.

رابعاً ـ لايجوز للنقابة تجديد هوية المحامي مالم يسدد بدلات الاشتراك المستحقة عليه للصندوق عن السنة المنتهية او الاقساط المستحقة عليه عن السنوات السابقة.
خامساً: تتولى الهيئة اصدار طوابع المحاماة بواسطة الوزارة، ويجوز لها استيفاء الرسوم بدلاً من الطوابع في حالة تعذر اصدارها وتتحمل الهيئة نفقات طبعها.
سادساً: يعاقب المخالف لاحكام الفقرة (٣)ثالثاً من هذه المادة بالعقوبات المنصوص عليها في قانون رسم الطابع، وتؤول الغرامة المفروضة الى الصندوق.
سابعاً: على الدوائر الرسمية والاشخاص المعنوية ان تستقطع النسب المقررة قانوناً من بدل اتعاب المحامي و المشورة القانونية وتحويلها الى الصندوق مباشرة.
ثامناً: تعفى دوائر الدولة في الاقليم من الصاق هذه الطوابع على الاوراق الخاصة بمعاملاتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە «٦» کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەمەوێت موناقەشە بکەم لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی یاسا گوتن ئەم تابعە خاسەن بە پارێزەران، مادامەکی تایبەتە بە پارێزەران، هاووڵاتی دیکە ناگرێتەوە، برگە «٣» نووسیویەتی: على الاشخاص المذكورين بالجدول الذي تنظمه الهيئة الصاق الطوابع على الاوراق المدرجة فيه حسب القيم المدونة ازائها پێشنیار دەکەم لە جێگای «الاشخاص» بکرێتە «المحامين المذكورين» مادامەکی تایبەتە بە پارێزەران بۆ ئیستغلال نەکرێت و هەندێک هاووڵاتی دیکەش شمل نەکات.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو حاڵەت هەیە بۆ ئەو بابەتە، کە ئیشەکە ئیشی پارێزەر بێت سرف مهەنی بێت، طابعەکە لە کیسی پارێزەرەکە دەڕوات، بەس ئەگەر ئیشەکە لە مەساریفی دەعاوی بێت، یانی بۆ مەسلەحەتی شەخصێک بە کاربێنێت، حەقی محامی هەیە، حەقی طابعەکە هەیە، لە موەکلی خۆی وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەیەک لەسەر ئەوەی کاک فەرسەت فەرمووی «الاشخاص المذكورين بالجدول» جدول جدولی محامینە چ جدولی دی نییە، مرۆڤێکی دیکە تەسجیل ناکرێت لە جدولی محامین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

روونە، كاك جەمیل تەسەور دەكات اشخاصی دیكەی خارجی ئەوە، سوپاس، دەیخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسند كرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

المادة (٧):

لايجوز للهيئة استثمار موارد الصندوق الا بالطرق الاتية :ـ

اولاًـ الايداع لدى المصارف حسب الطرق و النسب و الفوائد التي تراها مناسبة.

ثانياًـ شراء السندات الحكومية وحوالات الخزينة.

ثالثاًـ اقراض المؤسسات بفائدة ضمان وزير المالية والاقتصاد في الاقليم أو أحد المصارف بأجل لايتجاوز ثلاث سنوات.

رابعاًـ استغلال العقارات العائدة للصندوق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

مادە «٧» هیچ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، كاك ئەمین فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

اقراض المؤسسات بفائده ضمان وزير الماليه والاقتصاد، من پێشنیار دەكەم بڵێ اقراض المؤسسات بفائده وبضمان وزاره الماليه والاقتصاد، چونكە وەزارەت ضەمان دەكات نەك وەزیر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

با جارێكی دیكە بیخوێنینەوە، ثالثا: اقراض المؤسسات بفائده ضمان وزير الماليه والاقتصاد فى الاقليم. كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

اقراض المؤسسات بفائده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

مەبەستان چییە موشەرەع مەخسەتی چی بووە.

**محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بفائدە، ئەوە پێویستە نوقتەیەك هەبێت، یان فاریزەیەك هەبێت ئەوە جوملە تەواو بووە لێرە، وبضمان وزير الماليه دەبێتە وزاره الماليه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك محەمەد دەتانەوێت بڵێن بۆیان هەیە قەرز وەربگرن لە مؤسسات بەڵام دەبێت وەزیری دارایی زەمانی بكات، ئەمەیە هەدەفی موشەرەع. كاك ئەمین فەرموو .

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێچەوانەوە ئیقرار المؤسسات دەبێت ئەمان پارە بدەن بە قەرز.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەندیکا پارەی خۆی بدات بە مؤسسات بە قەرز، فایدە وەربگرێت، بەڵام دەبێت وەزیری دارایی زەمانی ئەو قەرزە بکات، جا با بزانین جیاوازی نێوان وەزیرو وەزارەت چییە؟ جەنابی سکرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیری دارایی نوێنەرایەتی وەزارەتی دارایی دەکات، وەکو زەمان بکات زەمانەکەش ئیزافەتەن الی وظیفتە، یانی بە سیفەتی شەخصی خۆی زەمانی ناکات، وەکو وەزیر زەمانی دەکات، سبەی لە وەزارەت نەمێنێت یەکێکی دیکەش بێت، ئیعتیادی هەر وەزیرە، چونکە خۆی وەزارەت بە تەنیا کامە مدیریەی عام ضمانی ئەو قەرزە دەکات، وەزارەت کۆمەڵێک بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێیە، یانی ئەگەر «حەسری بکەیت» هەر دێتە حەسرکردن لەگەڵ وەزیر، پێویستە وەزیر زەمانی بکات، چونکە زەمان کەفالەتە کەفالەتیش پێویستە شەخسێک بێت، نە موئەسەسەیەک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ڕێتێکی پێویستە اقراض المؤسسات بفائدە وبضمان وزیر المالیە، ئەگەر لیژنەی یاسا لاریتان نییە، کەواتە مادە «٧» دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٨):

اولاً- لایجوز أن تتجاوز المصروفات السنویة (٨٥٪) من إیرادات الصندوق السنویة یکون الباقي احتیاطاً له.

ثانیاً- لایصرف الاحتیاط الا اذا حدث عجز طارئ یجب سده.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە «٨» هیچ تێبینیەک هەیە، کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم «اولا» مەخسەتیان لە مسروفات چییە؟ خۆی استثمار دەبێت لە «٨٥٪» تەجاوز نەکات. ئەبێت بڵێین لایجوز ان تجاوز استثمار السنویە (٨٥٪ )من ایرادات الصندوق السنویە ویکون باقی احتاطا لە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسروفان هەموو جۆرەکانیەتی لە ضمنی مووچەی فەرمانبەران مووچەی کارمەندان خەرجی بینایەی سندوق، تەئسیس کردنە ئەوانە نابێت لە «٨٥ ٪» داهاتی سندوق تێپەڕێنێت لە «١٥ ٪» احتیاط دەمێنێت بۆ بارودۆخی نائاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ عەدنان فەرموو.

**شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئەمین گوتی تەسەور دەکەم تۆزێک ماندوبوبێت مادە حەوت ئەوەی دەنگمان لەسەر داوە پەیوەندی بە استثمارە، مادە «٨» پەیوەندی بە استثمارەوە نییە، بەشێوەیەکی گشتی «لایجوز ان تجاوز مصروفات» مصروفات فقط «٨٥ ٪» دەبێت احتیاطەکەی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەفەر محەمەد حوسێن فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بۆ خۆی قانونی سندووقی خانەنشینی پارەیزەرانە، ئینجا مەسروفات «٨٥ ٪» چی ماوەتە بۆ خانەنشین، لای کەم با «٥٠ ٪» بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئامانج لەم برگەیە ئەوەیە کە هەردەم دەبێت لە سندووق «١٥ ٪» مجموعی داهات هەبێت وەکو سیولەیەکی نقدی ئەویش بۆ چییە بۆ خەرج کردنی مووچەی خانەنشین، وابزانم موشەرەع ئەمەی دەوێت لە ئێمە وانییە کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٨٥ ٪) ضمنی مووچەی خانەنشینیش لەضمنی ئەو لە (٨٥ ٪)یە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی هەردەم دەبێت لە «٨٥ ٪» سیولەتان هەبێت؟ و بمێنێت. باشە. مادام وایە دەیخەینە دەنگدانەوە مادە «٨» ئەگەر چ تێبینیەک نییە، نییە، کێ لەگەڵە سوپاس، کێ لەگەڵ نییە بە زۆرینە پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة (٩):

لاتخضع الاموال و النقود و الفوائد و الايرادات العائدة للصندوق لضريبة الدخل وضريبة العقار ورسم الطابع ورسم التسجيل العقاري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە «٩» کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاتخضع الاموال و النقود و الفوائد و الايرادات العائدة للصندوق لضريبة الدخل تا ئێرە مەعقولێتی تیایە، بەڵام کو اعفاء بکرێت لە ضریبە عقار مەسەلەن دوکان و شوقە دروست دەکەن و دەیدەنە کرێ، ئەو کرێیە مەشمولە بە ضریبەی عقار وەکو دەزگایەکی تر وەکو هەر شەخصێکی تر تەبیعی یان مەعنەوی،یان هاوولاتییەکی تر، یان رەسمی طابع دەبێت بە شول بکەیت، یان رەسمی تەسجل عقاری بینایە دەکرن چۆن حەقی تاپۆ نادات، وەختێ تەسجیل دەکات، لەبەر ئەوەی لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە بەس اعفا بکرێن لە ضریبە دخل ئەمەکەی دیکەی بسرێتەوە، ضریبەی عقار،رسم طابع، رسم تسجیل عقار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەندیکایە ئەگەر سندووقە بەشێکە لەو حکومەتە، یانی مۆسەسەیەکە لە مۆئەسەساتی حکومەت لە هەموو دنیا حکومەت مەعفوە لە ضریبەی دخل و لە ضریبەی عقار، لە تەسجیلی تاپۆی کە موڵک بە ناوی خۆی تەسجیل دەکات، لەبەر ئەوەش ئێمەش ئەو رێگامان ئیتباع کردووە، لە بۆ ئەو سندوقەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی کاک ئیبراهیم «شخصیە معنویە مستقلە» بۆ کوێ رۆیشت؟

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە وەزارەتی دارایش، وەزارەتی ناوخۆش «شخصیە معنویە مستقلە» بۆ ئەو عەفو بێت لە ضریبەی عقار و دەخل بۆ ئەمەشیان مۆئەسەسەیە عەفو نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حکومەتە.

**بەڕێز ئیـــبـــــراهیم دۆغـــــرەمــــەچی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەمەش بەشێکە لەحکومەت.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

نامانەوێ بەشێک بێت لە حکومەت، چونکە سەندیکا نابێتە بەشێک لەحکومەت، چ تێبینیەک هەیە.

**بەڕێز ئیـــبـــــراهیم دۆغـــــرەمــــەچی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەمە لەسەر پێشنیاری خۆمان، کە ئەوە عەفو بێتن، چونکە بۆ خۆمان داهاتەکەمان دیاری کراوە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

دەبێت ئەمەیان کاک جەمیل وەڵامی بداتەوە، کاک جەمیل دەڵێت حکومەت پارەشیان پێ دەداو ضریبەشیان لێ وەربگرێت دەبێتە لەم دەست بۆ ئەو دەست، فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبـدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

هەر شتێکی و بابی خۆی هەیە، ئەمە جێگای خەرج کردنە، ئەمە جێگای داهاتە، وەزارەتی دارایی و ئابووری هاوکاری دەداتە سەندیکاکان، هەندێ سەرفیان مەسەلەن دایەرەی کارەبا، راستە کارەبا هەر وەزارەتی پیشەسازی حکومەتە، بەڵام هەموو فەرمانگەکان لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران هەریەکێ هەقی خۆی دەدات، دەبێت لەم ضریبەی عقار بدات.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

سوپاس جەنابت لەگەڵ ئەوەی کە ضریبەی عقارو رەسمی طابع و رەسمی تەسجیلی عەقاری هەڵبگیرێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ رەئی کاک جەمیلە، سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە، بە زۆرینە پەسند نەکرا. مادە «٨» دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینە پەسندکرا. سوپاس.

**بەڕێز حـــوســـێن عـــەلی کـــەمــــال:**

المادة (١٠):

اولاً- على المحامين المدينين تسديد الديون المستحقة عليهم للصندوق خلال سنة من تأريخ العمل بهذا القانون.

ثانياً- يطبق في استحصال ديون الصندوق قانون تحصيل الديون الحكومية.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

مادە «١٠» چ تێبینیەک هەیە، نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

الفصل الرابع

الفرع الاول

(الاحالة على التقاعد)

المادة (١١):

للمحامي المسجل في سجل المحامين أن يطلب أحالته على التقاعد في احد الحالات الاتية :-

أولاً- ان تكون المدة التي يستحق عنها التقاعد(٢٥)سنة او اكثر مستمرة أو متقطعة ووفق سجل الاقدمية.

ثانياً: تكون المدة التي يستحق التقاعد عنها خمسة عشر سنة او اكثر مستمرة او متقطعة وعجز من ممارسة المحاماة على ان يثبت العجز بتقرير من لجنة طبية رسمية.

ثالثاً- ان يكون قد اكمل الثالثة والستين من العمر وله خدمة لاتقل عن خمسة عشر سنة مستمرة او متقطعة يستحق عنها التقاعد .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە «١١» چ تێبینیەک هەیە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة (١٢):

اذا كان بين المدة التي يستحق المحامي التقاعد عنها بموجب المادة (٨٥)مدة مضمومة الى مدة ممارسة المحاماة بمقتضى احكام هذا القانون فلا يحق للمحامي طلب الاحالة على التقاعد الا بعد مضي مدة لا تقل عن خمس سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەم بەڕێزانە، ئەو ماددەی «٨٥»یان لە کوێوە هێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئاسانە لە کاتی هەموار کردنی یاساکەدا ناگات بە ماددەی ژمارە «٨٥»، سوپاس بۆ ئەو تێبینییە، ماددەی «٨٥».

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

للمحامي المسجل في سجل المحامين أن يطلب احالته على التقاعد في احد الحالات الاتية :-

أولاً- ان تكون المدة التي يستحق عنها التقاعد(٢٥)سنة او اكثر مستمرة أو متقطعة ووفق سجل الاقدمية.

ثانياً: تكون المدة التي يستحق التقاعد عنها خمسة عشر سنة او اكثر مستمرة او متقطعة وعجز من ممارسة المحاماة على ان يثبت العجز بتقرير من لجنة طبية رسمية.
ثالثاً- ان يكون قد اكمل الثالثة والستين من العمر وله خدمة لاتقل عن خمسة عشر سنة مستمرة او متقطعة يستحق عنها التقاعد. ئەوە ماددەی «٨٥»ە، تەنها زنجیرەکەی گۆڕاوە، زنجیرەکەی لای ئێمە «١١»ەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بۆ بیگۆڕین؟، ماددەی «١٢»ش دەڵێت: «اذا كان بين المدة التي يستحق المحامي التقاعد عنها بموجب المادة (٨٥)مدة مضمونة الى مدة ممارسة المحاماة بمقتضى احكام هذا القانون فلا يحق للمحامي طلب الاحالة على التقاعد الا بعد مضي مدة لا تقل عن خمس سنوات مستمرة من تأريخ صدور قرار الضم وذلك بإستثناء حالة العجز.» ئەوە ماددە «٨٥» نییە لە یاسای سەندیکادا، بەڵکو زنجیرەکەی گۆڕاوە وبووەتە ژمارە «١١» لە یاسای خانەنشینی، بەڵام ئاماژەی بۆ بکەن، یا بووترێت: (بموجب المادة« ١١ »من هذا القانون) کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی کاک جەمیلم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، واتە ماددە«١٢» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددە «١٢»دایە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، تەنها ماددە« ٨٥» دەبێتە ژمارە «١١»، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (١٣):
اولاً- يحال المحامي على التقاعد اذا ثبت بتقرير من لجنة طبية رسمية اصابته بمرض اعجزه عن ممارسة المحاماة.
ثانياً- اذا توفي المحامي قبل أكماله (٢٥)سنة في ممارسة المحاماة يخصص راتب تقاعدي لعياله بنسبة سني ممارسته.
ثالثاً- تعتبر مدة ممارسة المحامي خمسة عشر سنة اذا كانت تقل عن ذلك وتوفي أو ثبت بتقرير من لجنة طبية رسمية اصابته بمرض اعجزه عن ممارسة المحاماة ويخصص الراتب التقاعدي له ولعياله على هذا الاساس ولا تستوفى بدلات الاشتراك في النقابة عن المدة التي أكملت بها المدة القانونية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ تێبینی لەسەرمادده «١٣» هەیە؟ كەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

المادة (١٤):

اولاً- تعتبر المدد الاتية مدة ممارسة للمحاماة لغرض التقاعد اذا دفع عنها المحامي بدلات الاشتراك في النقابة والصندوق:

١- مدة المرض الذي أعجزة عن العمل، فاذا زادت المدة على ثلاث سنوات فتحسب له منها ثلاث سنوات فقط لكل حالة مرضية على أن يثبت المرض بتقرير من لجنة طبية رسمية.

٢- المدة التي يقضيها المحامي المتخصص في القانون على ان لا تتجاوز أربع سنوات بشرط اخبار النقابة تحريرياً خلال السنة الاولى من دراسته و بشرط حصوله على شهادة علمية في الدراسات العليا معترف بها من جهة رسمية ذات اختصاص.

٣- مدة توقيف المحامي او اعتقاله او احتجازه في حالة صدور قرار نهائي بالافراج عنه وكذلك مدة الحكم عليه بعقوبة سالبة للحرية عن جريمة سياسية و مدة توقيفه او اعتقاله او احتجازه عنها.

٤- المدة التي يقضيها في عضوية السلطة التشريعية والمجالس الرسمية المنتخبة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا مادده «١٤» دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟ كەواتە بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا، سوپاستان دەكەین، كاك حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

المادة (١٥):

يخصص الراتب التقاعدي ويحسب على اساس (٥)دنانير عن كل شهر من المدة التقاعدية وفق احكام هذا القانون ويعتبر لهذا الغرض جزء الشهر الاخير شهراً كاملاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە پرۆژە بنەڕەتییەكەدا كە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، لە پاش ماددەی «١٣٢ و١٣٤»دا هاتووە و، دەڵێت:(تحتسب ان يخصص راتب تقاعدی و يحسب علیٰ اساس«١,١٠٠»دينار و مئە فلس عن كل شهر من المده التقاعديه وفق أحكام هذا القانون بحيث لا يتجاوز عن «٤٠٠»دينار). لیژنەی ئابووریش رای وایە كە وەكو لە پرۆژە بنەڕەتییەكەدا هاتووە هەر وەكو ئەوە

بێت، چونکە ئەمە شتێکی داراییە و، لیژنەی یاساش لیژنەیەکی یاسای و دارشتنەوەن، جا شتی دارایی یاخود وەکو ئەوە بێت کەوا لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێت، یاخود بدرێت بە لیژنەی دارایی، لەم یاسایەشدا لیژنەی یاسا زیادەکەیان کردووە بە ٤٥٥٪، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم یاسایەدا خۆمان دەڵێین: «قضاء الواقف والقضاء الجالس»، «قضاء الواقف» واتا پارێزەر، «قضاء الجالس»یش واتا دادوەرەکان، ئەگەر بێین بەراورد نیوان پارەی خانەنشینی پارێزەرەکان و دادوەرەکان بکەین دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە، دادوەر کە خانەنشین دەبێت «٦تا٧» هەزار دینار وەردەگرێت، بەڵام پارێزە ئێمە کەمترین رادەمان داناوە کەوا «٥»دینارە و «١٥٠٠»یش زیاتر نەبێت، جا لەبەر ئەوە ئەو حیسابەمانە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من مانگانە «٢»دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بە روحێکی (فیئە)ویەوە تەماشای مەسەلەکان نەکەن، یەکەم، خۆی لە لیژنەی یاسادا «٤»دینار بڕیار درا، ئەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە مەرج نییە، ئەو پرۆژەیەش درایە رۆژنامەکان و کەرتێکی زۆر لە پارێزەرەکان بینییان، هەڵبەتە پێشنیاریشی هاتووەتە سەر، جا ئەوەی کەوا لە یاساکەدا هاتووە ملزەم نییە، دووەم، ئێستاش پێشنیاری ئەوە کرا کەوا خزمەت بۆ ئەو کەسانەش حسێب بکرێت کەوا لەپێشاندا فەرمانبەر بوونە، وا تێنەگەن کەوا هەموو پارێزەرێک ملیۆنێرە، بەڵێ پارێزەری دەوڵەمەند هەیە کەوا لە بارودۆخێکدا سوودێکی باشی کردووە، بەڵام خەڵکێکی زۆر هەیە کەوا بە دەردەسەری و بەکار کردن کولێژی مافی تەواو کردووە و، تاوەکو تەواوی کردووە تەمەنی گەیشتووەتە «٥٠»ساڵ، ئێمە ناڵێین کەوا بەرزترین رادەیی «١٥٠»دینارە، من لە ئێوە پرسیار دەکەم ئایا کەس هەیە لەم بارودۆخەدا بەو برە پارەیە گوزەران بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو «١,١٠٠»دینار و سەد فلسەی کەوا کاک جەمیل باسی کرد، ئەوە لە پرۆژەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، کە لە یاسای پارێزەرانی ناوەندییەوە وەرگیراوە یاسای ژمارە«٥٦» کە لە ساڵی ١٩٨١ دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو کاک محەمەد باسی دەکات، ئەو بڕە کە دانراوە لە ساڵانی هەشتاکاندا دانراوە، ئەوکاتە کە دینارێک «٣»دۆلار بووە، ئێستا دۆلارێک «٢٠»دیناری سویسرییە، خاڵی دووەم، خۆی هەمیشە بەراوردی توێژێک بە توێژێکی نزیکی ئەوە دەکات و، نزیک ترین توێژ بۆ پارێزەران دادوەرەکانن، هەر ئەمانیش دەبن بە دادوەر، ئەگەر بەراوردیان بکەین بە «٥»دینارەکەیشەوە هێشتا بەراورد ناکرێن، لەوانەیە ئیجتیهاد هەبێت لە بابەتەکەشدا، هەمووشتێک وەکو یەک نییە، جا بۆیە ئەم بابەتەش لە لیژنەدا باسی لێوە کرا و، پێشنیاری «٤»دینار کرا، کە لەیەک درایەوە ناگات بە «١٠٠٠»دینار لە کاتێکدا ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ خەڵکانێکی نزیکی پارێزەران زۆر کەمە، بۆیە لیژنەی یاسا «٥»دیناری پێشنیار کردووە، هەروەها پێشنیارەکەی کاک جەمیل دەخەینە دەنگدانەوە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها یەک تێبینیم هەیە، پاشانیش پشتگیری لە قسەکانی ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم، بەڵام ئێمەش وەکو ئەندامی پەرلەمان مافی خۆمانە کەوا بەرگری لە مافی هەموو میللەت بکەین و، پارێزەرانیش توێژێکن لەم میللەتە، دووەم ئێمە نوێنەری ئەو ڕێکخراوانەین کەوا لێرەین و، مافێکی شەرعی خۆمانە کەوا بەرگری لە مافی ئەو ڕێکخراوانە بکەین، تاوەکو ئەوانیش بە مافی خۆیان بگەن و، بە مافێکی ڕەوای دەزانن و، ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی کەوا جەنابت ئاماژەت بۆی کرد، جا ئەمە تەنها ڕای لیژنەی یاسا نییە، بەڵکو ڕای ئەندامانی پەرلەمانیشی تیادا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کاک شێروان، من لەگەڵیدام کەوا بەرگری لە مافی هەموو میللەت بکات، بەڵام

کاتێک کە پارێزەرێک لە کولێژ دەردەچێت لە دادگا، یا لە هەر فەرمانگەیەکی تر دادەمەزرێت و، «١٥»ساڵیش خزمەتی دەبێت، پاشان خانەنشینییەکەی دەگاتە «٢٠٠»دینار و، بەرزترین رادەی خانەنشینی شارستانیش جگە لە پلە تایبەتییەکان ناگاتە «٤٠٠»دینار و، کە لە یاساکەدا «١,١٠٠»دینارێک و سەد فلس دانراوە و، پاش «١٥» ساڵ خزمەتیش کاتێ کە خانەنشین دەبێت وەکو فەرمانبەرێکی یاسای دەکاتە «٢٠٠»دینار و، بەرزترین رادەش دەگاتە «٤٠٠»دینار، جا لەبەر ئەوەانەی کە کۆمەڵایەتین وەکو چاودێری کۆمەڵایەتی و مافی کۆمەڵایەتی و هاوکاری کۆمەڵایەتی کە هەموویان یەک سانن، بەڵام دادوەر پلەی تایبەتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە لێرەدا رادەی ناوەندییە، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی توێژی تریش هەیە کەوا لە رادەی ئەون، بەڵام یەک لە هەشتی ئەم برەن بە «٥»دینارەکەشەوە، بەراستی ئەمە کەمترین رادەیە کە بۆیان دانراوە، دیسان دووپاتی دەکەینەوە کەوا پارێزەران وەکو پیشەیەک وەری دەگرین، جا هەندێ پیشە هەیە کەوا ئیلتیزاماتی خۆی دەسەپێنێت، کاتێک دەبێت بە دادوەر ئەوە پلەی تایبەتە، بەڵام ئەو پلەیە وەردەگرێت، یەکێک دەبێت بە وەزیر، بەڵام پێش ئەوەی ببێت بە وەزیر دەبینین لە ژیانێکی ئاسایدا دەژێت، بەڵام کە کردت بە وەزیر دەبێت ئاگاداری باری ژیانی بێت، نەک لەبەر خودی ئەو کەسەیە، بەڵکو لەبەر هەیبەتی ئەو پلەیە، هەر وەکو ئەندامی پەرلەمان کە هەر یەکێک لە ئێمە لە توێژێکی تایبەتەوە هاتووە و، لە واقعێکی تایبەتەوە هاتووە، ئەمڕۆ بە حوکمی ئەوەی کەوا تۆ ئەندامی پەرلەمانی هەندێ ئەرکت زیادی کردووە، بە دەستی خۆت نییە ئەوە پێویستی کارەکە وای کردووە، سبە کە خانەنشین بوێت، جۆرە ژیانێکی تایبەتی ژیاوی کەوا بۆت دروست بووە کەوا ناکرێت بەراوردی تۆش وەکو هاورێکانت بکرێت، چونکە ئەم ئیشەی کە ئیستا تۆ تیایدای جۆرە ئیلتزاماتێک، جۆرە مافێکی بەسەر تۆدا سەپاندووە کە تۆ ناتوانیت لێی لادەی، بۆیە ئەو پێشنیارە کراوە و، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارەکەی کاک جەمیل دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، سوپاستان دەکەین، پێشنیاری تر هەیە، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم لەسەر قسەکانی کاک جەمیل هەیە، ئەو خانەنشینییە حکومەت نایدات، بەڵکو سەندوقەکە خۆی دیدات و، حکومەتیش ئەوەندە هاوبەشی تیادا ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە ئەوە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة (١٦):

يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة والوظيفة او العمل او اية حقوق تقاعدية من صندوق اخر على ان لايزيد مجموعها على (١٥٠٠)ألف و خمسمائة دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددە «١٦»؟ تەنها بۆ روون کردنەوە، مەرج نییە «١٥٠٠»دینار بێت، بەڵکو بەرزترین رادە «١٥٠٠»دینار دەبێت، چونکە ئەوە هەندێ زەوابتە دانراوە بۆی، کاک جەمیل فەرمووو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هیچ جێگایەکدا نەمدیوە خانەنشینی کۆ بکرێتەوە، دەبێت هەڵیبژێرێت کەوا لە یەک شوێندا خانەنشینی وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرمووو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەرێک خانەنشین کراوە و، خانەنشینییەکەی «١٠٠»دینارە، پاشان بوو بە پارێزەر و لەوێش خانەنشین بوو و، خانەنشینیەکەی «٢٠٠»دینار بوو ئەوە مافی هەیە کەوا خانەنشینی هەروو جێگا وەرگرێت بە مەرجێک لە بەرزترین رادە تێنەپەرێت، دەتوانێت خانەنشینی وەزیفەکەی تری وەرگرێت لە کاتی بەردەوام بوونیدا لە کاری پارێزەریدا، بەڵام ئەگەر لە پارێزەریش خانەنشین بوو ئەوە دەتوانێت هەر دوو خانەنشینی وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، کاک حسێن فەرمووو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة (١٧):

اولاً: اذا توفي المحامي او المحامي المتقاعد تنتقل الحقوق التقاعدية التي يستحها يوم وفاته الى عياله وتطبق في هذه الحالة احكام قانون التقاعد المدني في التوزيع.

ثانياً: اذا حكم على المحامي او المحامي المتقاعد بعقوبة سالبة للحرية لمدة تزيد على سنة تطبق بحقه وحق عياله الاحكام التي تطبق على الموظف المتقاعد المحكوم الواردة في قانون التقاعد المدني.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١٧»دا هەیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حـــســـــێن عـــەلی کــــەمـــــال:**

المادة (١٨):

اولاً: يترتب على احالة المحامي على التقاعد ما يأتي:

١- نقل اسمه الى سجل المحامين المتقاعدين.

٢- امتناعه عن قبول اي عمل جديد من اعمال المحاماة اعتباراً من تاريخ تبليغه بقرار احالته على التقاعد باستثناء ممارسة المحاماة عن الاشخاص المذكورين في المادة (٢٤) من هذا القانون.

٣- لزوم تقديمه الى مجلس النقابة قائمة بالدعاوي والاعمال الموكل بها على ان ينجزها خلال مدة اقصاها ستة اشهر من تاريخ تبلغه بقرار الاحالة على التقاعد واذا لم ينجزها خلالها اعتبر مستقيلاً منها ووجب غلق مكتبه.

ثانيا: اذا خالف المحامي المتقاعد احكام الفقرتين (٢و٣) من هذه المادة تقوم الهيئة او المجلس بانذاره بوجوب ترك المخالفة خلال سبعة ايام من تاريخ تبلغه بها فاذا لم ينفذ الانذار يقطع راتبه التقاعدي لمدة تحددها الهيئة.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی «١٨»؟ کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مـــحــــەمـــــەد حـــەســـــەن باڵـتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لە بڕگەی دوومدا دەڵێت:«في المادة (٢٤) من هذا القانون» دەبێت بوترێت:«في المادة (٢٤) من قانون المحاماة»، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ئەو تێبینییە چاک کەنەوە، چ تێبینی تر نییە لەسەر ئەم ماددەیە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حـــســـــێن عـــەلی کــــەمـــــال:**

المادة (١٩):

للمحامي وعياله من بعده طلب ضم كل او بعض المدة المتبقية في الوظيفة او العمل في دوائر الدولة الى المدة المقضية في المحاماة لأغراض التقاعد سواء كانت مستمرة او متقطعة بشرط ان

تكون تالية لتخرجه من كلية الحقوق او لكلية القانون والسياسة (فرع القانون) ولاتزيد المدة المضمونة على مدة ممارسة المحاماة ولاتتجاوز بأي حال عشر سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی«١٩»هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢٠):

اولاً: للمحامي ولمن تؤول اليهم الحقوق التقاعدية ولوزير المالية والاقتصاد ولمجلس النقابة حق الاعتراض على قرارات الهيئة فيما يتعلق بالحقوق وضم المدد او رفضها لدى مجلس تدقيق قضايا المتقاعدين خلال ثلاثين يوماً من تاريخ تبلغهم بها ولهم حق الطعن لدى محكمة التمييز في قرار المجلس خلال ثلاثين يوما من تاريخ تبلغهم بها.

ثانيا: يستوفى من المحامي او المتقاعد عند اعتراضه لدى مجلس التدقيق تامينات قدرها (١٠٠) مائة دينار تعاد اليه اذا ظهر محقاً في اعتراضه او في جزء منه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٢٠» هەیە؟ کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢١):

استثناءً من احكام المواد السابقة تمنح الهيئة عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية او اعدموا من قبل النظام العراقي بسبب سياسي راتباً تقاعدياً مقطوعاً قدره (١٥٠٠)دينار وتوزع وفق قواعد قانون التقاعد المدني.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە پێشنیارێکمان هەیە وەکو زیادەیەک، پێشنیارەکەش ئەوەیە چەند پارێزەرێکمان هەیە کەوا پاشی راپەڕین خانەنشین کراون و، لێرە خانەنشینی وەردەگرن، جا ئەم دەقەمان داناوە ئەگەر بە پەسەندی دەزانن با گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەویش ئەوەیە (تعدل رواتب المحامين المحالين على التقاعد في الإقليم بعد إنتفاضة شعبنا في آذار ١٩٩١ بما ينسجم وأحكام هذا القانون) بکرێتە برگە «٢» بۆ ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام لێرەدا دوو گرفتمان بۆ دروست دەبێت، «من هو هذا المحامي الذي احيل على التقاعد وأين هو الان»، چونکە هەندێ خەڵک هەبوو پیاوی ڕژێم بوون و پارێزەریش بوون، بەراستی با ئەم بابەتە بۆ ئەنجوومەن سەندیکا خۆی جێبهێڵرێت و بۆ وەزارەتی دارایی، چونکە ئەم بابەتە ئیعتیباراتی سیاسیشی تیادا دێتە پێشەوە، باشتر وایە ئەم بابەتە بڕیارێکی تایبەتی پێ وەرگیرێت، نازانین ئەوانە کێن، لەوانەیە جەنابت هەندێکیان بناسیت، بەڵام خۆ هەموویان ناناسیت، هەندێ کەس هەن ئێستا لە بەغدان و خزمەتی ڕژێم دەکەن و، پاشان دێن ساڵێک دوو ساڵ لێرە کار دەکەن و، پاشانیش خانەنشین دەبن و، لەماڵی کورد پارەیان بدرێتێ، دەبێت لەم مەسەلەیەدا تۆزێک وردبن، با سۆز نەمانگرێت، چونکە ئێمە بۆ پاشەڕۆژی میللەتێک ئیش دەکەین، باشتر وایە ئەم مەسەلەیە جێبهێڵرێت بۆ سەندیکا، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی کە خانەنشین کراون، پارێزەر نەماوە کەوا مابێت و خانەنشین کرابێت و داوای خانەنشینی بکات، ئەمە ئەوانە دەگرێتەوە کە شەهید بوونە، یا کوژراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەیەکمان هەیە کە ماددەی «٢١» دیگرێتەوە.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ماددەیە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا لە سەر کوردایەتی شەهید بوونە، بەڵام پارێزەرمان هەیە کەوا لە ناو شار کوژراون، نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئەوانەش دەگرێتەوە، بەڵکو هەموو دەگرێتەوە کەوا لەسەر کوردایەتی شەهیدکراون، «تمنح الهيئة عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية او اعدموا من قبل النظام العراقي بسبب سياسي»، فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نموونەم هەیە، خوالێخۆش بوو «ئەحمەد جامباز»، خوالێخۆش بوو «روشدی»، ئەوانە بە هۆی کوردایەتییەوە نەکوژراون، بەڵکو لەسەر شەتی تر کوژران، جا لەسەر دوژمنایەتییە، یاخود هەر شتێکی تر بێت، ئێمە مەبەستمان ئەو کەسانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی مەسەلەیەکە پەیوەندی بە خزمەتی خۆیەوە هەیە و، پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاک شێروان فەرمووی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو قسانەی کە کاک ئیبراهیم دەیکات، دوو شتی جیاوازن، کاک ئیبراهیم مەبەستی ماددەی «٢١»ە، نموونەیەکیشی هێناوەتەوە کەوا ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی کەوا لێرەدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی «٢١» مەرجی خۆی هەیە، ئەوەی کاک ئیبراهیمیش باسی دەکات مەرجی خۆی هەیە، ئەگەر ئەو پارێزەرە کوژراوە، یا هەرچی لێ کراوە ئەوە ساڵی خزمەتی بۆ دەژمێردرێت و دیارە، ئەوکاتە ئەنجومەنی سەندیکا خۆیان لێ دەکۆڵنەوە کەوا چەند ساڵ خزمەتی هەیە، پاشان بە پێی ئەم یاسایە بۆی دیاری دەکەن، ئەمی تر کەوا گشتی بکەین بە با بێنینەوە و، چارەسەری ئەو مەسەلەیەش بکەین، ئەو کەسانەی کەوا ئێستا لە دەرەوەی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، سبە بۆ ماوەی دوو یا سێ ساڵ بێن و لێرە ئیش بکەن و، پاشان خانەنشین بکرێن، دەبێت بەراستی ماددەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گەر حەز دەکەن ئەوە ئەم ماددەیە دەنگدانەکەی دوا دەخەین، ئێستاش دێینە سەر ماددەکەی پاشی، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

(احكام ختامية)

المادة (٢٢):

كل محام متقاعد او فرد من عياله انقطع عن تناول راتبه او عن المراجعة بشان تخصيصه له مدة تزيد على ثلاث سنوات يسقط حقه عن مدة الانقطاع إلا اذا ثبت ان الانقطاع كان لمعذرة مشروعة ويعتبر التخلف عن تقديم الوثائق والمعلومات التي تتطلبها الهيئة انقطاعاً عن المراجعة لاغراض هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە لیژنەکە باسمان کرد و وتمان :«يسقط حقه عن مدة الانقطاع إلا اذا ثبت ان الانقطاع إلا إذا كان بعذر مشروع ويعتبر التخلف عن تقديم الوثائق والمعلومات التي تتطلبها الهيئة انقطاعاً عن المراجعة لاغراض هذه المادة.»، بەم شێوەیە دارێژرێتەوە لە جێگای«كل محام متقاعد او فرد من عياله انقطع عن تناول راتبه او عن المراجعة بشان تخصيصه له مدة تزيد على ثلاث سنوات يسقط حقه عن مدة الانقطاع إلا اذا ثبت ان الانقطاع كان لمعذرة مشروعة ويعتبر التخلف عن تقديم الوثائق والمعلومات التي تتطلبها الهيئة انقطاعاً عن المراجعة لاغراض هذه المادة.» چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددە«٢٢»، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە، ئەویش ماددەیەک زیاد بکرێت پاش ماددەی«٢٢»، ئەویش ئەوەیە: (لا تحتسب لأغراض هذا القانون مدة ممارسة المحاماة خارج الإقليم بعد تاريخ تشكيل لجنة المؤقتة لنقابة محامي كوردستان في ١٩٩٣/١/٣) ئەوەی پاش ئەم ماوەیە پارێزەری لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردبێت، خزمەتی بۆ ناژمێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەمە وەکو فلتەرێکە بۆ ئەو کەسانەی کەوا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان خزمەتی رژێم دەکەن و، پێش ئەوەی ماوەی خانەنشینییان بێت بە ماوەیەکی کورت دێن و لێرە پارێزەری دەکەن، پاشان هەمان خانەنشینی خەڵکێک وەرگرێت کەوا هەر لێرە بووە و، لێرە خزمەتی کردووە، جا ئەمە چارەسەرییەک بوو کەوا بۆ ئەم گرفتەیان دانا، سوپاستان دەکەین، ئێستا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا ئەم پێشنیارە دەکەین بە ماددە، فەرموو کاک حسێن بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

مادة «٢٢»:

لا تحتسب لأغراض هذا القانون مدة ممارسة المحاماة خارج الإقليم بعد تاريخ تشكيل لجنة المؤقتة لنقابة محامي كوردستان في ١٩٩٣/١/٣.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارە بوو بە ماددەی ژمارە «٢٢»، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا دێینە سەر ماددە «٢٣»، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی «٢١» نەخراوەتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی «٢١» دەخەینە دەنگدانەوە، کەس تێبینی هەیە؟، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا «١٥٠٠»دینار دابین کرا بۆ ئەوانەی کەوا شەهید کراون لە ڕێگای کوردایەتیدا، ئێمە لە هەرێمدا دەزگایەکمان هەیە بە ناوی دەزگای شەهید، سەدها قارمان شەهیدکراون لە ڕێگای

کوردایەتیدا کە شایەستەی هەموو شتێکن، کەوا ئێستا «٢٥٠ تا ٥٥٠»دیناریان دەدرێت بە خێزانەکانیان، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم شەهیدانەو پارێزەرە شەهیدەکان، حەز دەکەم کەوا یەکسانی هەبێت لە نێوان ئەم شەهیدانە کە هەیە زۆر شایستە ترە لەو پارێزەرە شەهیدانە، داوادەکەم کەوا ئەم جیاوازییە نەمێنێت، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان «٢٥٠»تا «١٥٠٠»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برە پارەیەی کە بۆ شەهیدان لە دەزگای شەهید دیاری کراوە، بە بڕیارێکی کاتی پەرلەمان دیاری کراوە و، تاوەکو ئێستا یاسایەک بۆ مافی شەهیدان دەرنەچووە، لەوانەیە سبەی یاسایەک دەرچێت لە «٢٥٠»دینارەوە بکرێت بە «١٠٠٠»دینار، باشە ئەو کاتە ئێمە ناتوانین بیگۆڕین؟، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، مووچەی خانەنشینی پەیوەندی بە پیشەکەوە هەیە، واتە خانەنشینە مەدەنییەکانیش هەموو وەکو یەک نین، هەتاوەکو ئەگەر یاسای خانەنشینیش بۆ شەهیدان دەرچێت ئەوە جیاوازی دەبێت لە نێوان ئەفسەر و سەربازدا، بەڵام تاوەکو ئێستا یاسایەک دەرنەچووە بۆ شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێی تر تێبینی هەبوو، کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەو بابەتەی دکتۆر نییە، بەڵام من دەڵێم:«الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية او اعدموا من قبل النظام العراقي بسبب سياسي»، «أعدموا»ش هەر مەبەست شەهید بوونە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەو رستەیە زیادەیە و، هەر ئەوەندە بمێنێتەوە کە دەڵێت:« الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية او اعدموا من قبل النظام العراقي بسبب سياسي راتباً تقاعدياً مقطوعاً قدره (١٥٠٠)دينار.» ،چونکە پێویست ناکات «أعدموا»ش هەر لەسەر کوردایەتی و بە هۆی سیاسییەوەیە، جا ئەو شیکردنەوە رستەی پێشەوە لاوازی دەکات جا بۆیە پێویست ناکات بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێی تر تێبینی هەبوو، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری رایەکەی کاک د.رزگار دەکەم، چونکە ئەگەر هاتوو مووچەی شەهیدانی تر بدرێت دەبێت لە «٢٠٠٠ تاوەکو ٣٠٠٠»زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیستا دوو تێبینیمان هەیە، یەکەم بەرزترین رادە «١٥٠٠»دینار زۆرە لەم بارودۆخەی ئیستای ئیمەدا و، مەرجیش نییە هەموو پارێزەرێکی خانەنشین بگاتە ئەو رادەیە، دووەم، ئەو «من قبل النظام العراقي بسبب سياسي» بە رای کاک عوسمان زیادە، هەرچەندە خۆی باشتر وایە کە ئەوانەی کە شەهیدکراون سالی خزمەتیان بۆ بژمێردرێت و، هیچ بڕێک دیاری نەکرێت، ئەوکاتە ئەو دەستەی کە بەرپرسە دانیشێت و برەکە دیاری بکات و، بێ ئەوەی بەرزترین رادە دیاری بکرێت، تەنها ئەوەی بخرێتە سەر کەوا «علی ان لا يقل عن ٢٥٠ديناراً» ،پاشان لیژنە دادەنیشێت و سالی خزمەتی بۆ دەژمێرێت، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێی ئەم یاسایە نزمترین رادەی مووچە خانەنشینی پارێزەر «٩٠٠»دینارە، ئەگەر یەک سالیش خزمەتی هەبێت هەر «٩٠٠»دیناری بۆ دەژمێردرێت، باشە ئەگەر یەکێک شەهید بووبێت چۆن لە رادەی پارێزەرێکی تر کەمتر دەبێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە شەهید بوونە لە رێگای کوردایەتیدا مافی خانەنشینییان هەیە، ئێمە لێرەدا ناتوانین ئیستا دیاری بکەین، چونکە ئەوان سیستەمێکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەلام ئێمە ئەوەندە دەتوانین دیاری بکەین « علی انْ لا يقل عن ٢٥٠ديناراً» ، چونکە بڕیارێکی پەرلەمان هەیە کەوا ئەو برەی بدرێتێ، بەلام ئیتر دەستەکە خۆی لێی دەکۆلێتەوە کەوا چۆنە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە سالی خزمەت زیادە و پێویست ناکات لە ماددەکەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وەکو رێزێکە بۆ ئەو شەهیدەی کەوا وەکو پارێزەرێک شەهید بووە و، مافی خۆیەتی وەریبگرێت، بەلام ئێمە دەمانەوێت ئەو «٢٥٠»دینارەی کە هی شەهیدانە ئەمانیش بگرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ پەیوەندیمان بە بەرزترین رادەوە نییە، ئێمە لەم پەرلەمانەدا بڕیارمان داوە ئەوەی کە شەهیدی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستانە، ئەوە «٢٥٠»دیناری دەدرێتێ، پاشان یاسایەکیان بۆ دەردەچێت بۆ زنجیرەو پلەو پایەو خزمەتیان، هەتاوەکو ئەو یاسایە دەردەچێت دەستەی پارێزەرانی ئێمە کە دروست دەبێت شتێک بە ئەم پارێزەرانە بدات، پاشان رەوانەی دەزگای شەهیدیان دەکەن، یا خۆیان شتێکیان پێدەدەن، تاوەکو یاساکە دەردەچێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نالێم «١٥٠٠»دیناریان بدرێتێ، یا نەدرێتێ، بەڵکو من باسی ئەو «٩٠٠»دینارە دەکەم کەوا لەم یاسایەدا هاتووە، بەڵکو بە پێی ئەوە «٢٥٠»دینار کەمتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەنگە «٩٠٠»دینار بێت، ئەوە ئەو کاتە دەستەکە دادەنیشێت و بۆی دیاری دەکات کەوا چەندی بدرێتێ، پاشان کە یاسایەکیان بۆ دەرچوو ئەو کاتە هەمووی دیاری دەکرێت، هەروەکو یاسای خانەنشینی لە هەموو جیهاندا هەیە، کەوا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەفسەرێک و سەربازێک، چونکە تەدەرجی خزمەت دەژمێردرێت و، پلەوپایەش دەژمێردرێت، ئێستا با ئەو «١٥٠٠»ە هەڵگیرێت و، لە جێگای بکرێت بە «علی ان لا یقل عن ٢٥٠ دیناراً» پاشان با ئەو دەستەیەی کە دادەنیشن با دیاری کەن، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەو «١٥٠٠»ەمان هەڵگرت دەبێت «مقطوعا»نیش هەڵگرین، دەبێت بڵێین:«راتبا تقاعدیا لا تقل عن ٢٥٠ »دیناراً» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەمە بکەینە «علی ان لا یقل عن ٢٥٠دینار» کەواتە دەستەکە ئازادە کەوا چەندی بداتێ، چونکە نابێت لە «٢٥٠»دینار کەمتر بێت، بەلام بە هەوەسی خۆی دەتوانێت زیاتری بداتێ، چونکە ئەمە کەمترین رادەمان بۆی داناوە، بەڵکو بەرزترین رادەمان دانەناوە، من پێشنیار دەکەم کەوا بکرێت بە «٥٠٠»دیناری براوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناتوانین، چونکە بڕیارێکی پەرلەمان هەیە کەوا بۆ شەهیدان دەبێت «٢٥٠»دینار بدرێت، ئەمە دەبێت بەم شێوەیە بێت تاوەکو یاسایەکی بۆ دەردەچێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارێک هەیە کەوا «على ان لا يقل عن ٢٥٠دينارا» کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئەوە بوو بە ماددە «٢١»، ماددەی «٢٢»ش ئەو ماددەیە بوو کە تازە دامان ناو دەنگدانیشمان لەسەری کرد، دێینە سەر ماددەی «٢٣» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢٤):

يستمر العمل برسوم التسجيل وبدلات الاشتراك والغرامات كبدل التأمين الصحي وغيرها من الرسوم المعمول بها حالياً لحين اجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس لەسەر ماددەی «٢٤» تێبینی هەیە؟، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی «حاليا» دەبینم لە دەقێکی یاسایدا جێگای خۆی نییە، پاش ئەوەی کە هەڵبژاردن تەواو بوو ئەو دەقە یاساییە چۆنی لێ باس دەکەن، ئەوە بەرای من زیادەیە، چونکە ئەوە لە پێڕەوی ناوخۆدا چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا بەستوومانەوە بەو حاڵەتی «لحين إجراء الانتخابات» بە رای من بکرێتە «لحين تشريع قوانين جديده للرسوم» ئەوە راستترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەکەدا دەڵێت: «يستمر العمل» کەواتە کاتییە «لحين إجراء الانتخابات» کە هەڵبژاردن کرا ئیتر ئەو ماددەیە کاری پێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەیەکی تر هەیە ئەگەر ئاگادار بێت، لەوێ وتومانە: دەستە کە ئەنجوومەنی سەندیکایە بۆی هەیە دەسنیشانی رسوم وشت بکات، کەمی کات، یا زیادی کات، ئێستا ئەنجوومەن نییە بۆیە بەم شێوەیە دەروات تاوەکو ئەنجوومەن دروست دەبێت، ئەو کاتە کە ئەنجوومەن دروست بوو بۆ خۆیان دادەنیشتن و دەسنیشانی رسوم دەکەن، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ شت لێرەدا هاتووە کە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەندیکادا نییە، پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، یا پەیوەندی بە تەشریعەوە هەیە کە دەبێت پەرلەمان دینێت، ئەو رسوماتانە هەمووی ئیشی پەرلەمانە، جا ئەوە هەق نییە بە هەڵبژاردنەوە بیبستینەوە، بەڵکو دەبێت بیبەسترێتەوە بە درهێنانی یاسای تازەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە سەندیکاو رێکخراوەکانەوە بە بڕیارێک دەسەڵاتی ئەوەیان پێ دراوە کە هەمواری بەدەلاتی ئابوونە بکەن و، هەمواری رسومی ئینتیماش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سەعید ئەندامی سەندیکاکان خۆیان دەزانن کەوا ئەندام دەبێت چەند بدات، یاخود چەند نەدات، وەزارەتی دارایی چۆن دەتوانێت بەسەر سەندیکای پارێزەرانەوە فەرزیکا کەوا چەند رسوم بدەن، هەموو جارێکیش هەر وابووە، سەندیکا خۆیان دیاریان کردووە کەوا چەند رسومات بدەن، چونکە دەبێت چاودێری بەرژەوەندی ئەندامانی خۆی بکات، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو سەندیکایانە بۆ ئەوە دامەزراون کەوا چاودێری بەرژەوەندی ئەندامانیان بکەن، لەماددەیەکی تریشدا ئەمە چەسپاوە، ئەوەی کە کاک سیروان باسی کرد وشەی «حالیا»، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دزغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«لحین إجراء انتخابات مجلس النقابة» ئەوەی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە «لحین إجراء انتخابات مجلس النقابة»ی بۆ زیاد بکرێت، ئەو کاتەی هەڵبژاردن کرا «حالیا» سوودی نامێنێت، کەواتە «حالیا»هەڵدەگیرێت، ئێستا ماددەی «٢٤»دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢٥):

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢٦):

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢٧):

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئێستا وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ، سبەی لە کاتژمێر «١١» پێش نیوەڕۆ کۆ دەبینەوە، دووبارە سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣١**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١٢/١٩**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی (١٩٩٩/١٢/١٩)دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٩

## یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

١ـ ئەمەی خوارەوە دەخرێتە سەر ماددەی نۆیەم و دەبێتە بڕگەی یەکەم:

یەکەم: وەزیرێک بەناوی «وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران» ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیران دەگرێتە ئەستۆ.

٢ـ بڕگەی (أ) دەبێتە (دووەم) و بڕگەی (ب) دەبێتە (سێیەم) لە مادده هەموارکراوەکەدا.

**ماددەی دووەم:**

ئەم بڕگەیەی خوارەوە دەخرێتە سەر ماددەی یانزدەیەم و بۆی دەبێتە بڕگەی (٣) (سەرۆک بۆی هەیە دەست لەکار کێشانەوەی وەزیر قەبووڵ بکات).

**ماددەی سێیەم:**

بڕگەی(١) لە ماددەی حەڤدەیەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ـ لەکاتی غایب بوونی سەرۆک، جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوەو لە کاتی غایب بوونی سەرۆک و جێگرەکەی پایەی سەرۆک بەیەکێک لە وەزیرەکان دەسپێردرێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجوومەنی وەزیران لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣٢**

**مێژووی بڕیار: ١٩/١٢/١٩٩٩**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی (١٩/١٢/١٩٩٩)دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

یەکەم: ڕەفزکردنی پڕۆژەی یاسای هەمووارکردنی یاسای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩.

دووەم: ئەم بڕیارە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٣**
**مێژووی بڕیار: ١٩/١٢/١٩٩٩**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/١٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەی دەرهێنا.

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق
بەشی یەکەم
«پێناسەکان»

ماددەی (١):
ئەم گوزارشت و زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانە دەبەخشن کە بەرامبەریان نووسراوە:
یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
دووەم: وەزارەت: وەزارتی دارایی و ئابووری.
سێیەم: سەندیکا: سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.
چوارەم: ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرنی کوردستان.
پێنجەم: تۆمار: ئەو تۆمارەیە کە ناوی پارێزەرەکانی بەپێی بەر لەیەکتری (الاقدمیە) تێدا نووسراوە.
شەشەم: بەر لەیەکتری(الاقدمیە): ئەو ماوەیەیە کە پارێزەر پیشەکەی خۆی تێدا بەکردار بەسەربردووە.
حەوتەم: سندووق: مەبەست لە سندووقی خانەنشینی پارێزەرانە.
هەشتەم: لیستە: لیستەیەکە، ساڵانە تەیارو ئامادە دەکرێ ناوی ئەو پارێزەرانەی تێدا دەنووسرێ کە ئابوونەی ساڵانەیان داوە.

بەشی دووەم
«ئامانجەکانی ئەم یاسایە»

ماددەی (٢):
پارێزەرایەتی: ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی وەدیهێنانی دادوەری چونکە دادگایەکی بەسەرپێ و وەستاوەو دەسەبەری مافی پیرۆزی بەرگری لە خۆکردنە، ئەم یاسایە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیخوارەوە دانراوە:
یەکەم: لە پاڵپشتی حکومەتی هەرێم و پێڕۆی دیموکراسیدا هاوبەش بێت و پشتی فیدرالیزم بگرێت و بناغەی پتەو بکات و بەرەو باشتری ببات.

دووەم: پیشەی پارێزەرایەتی لە هەرێمدا بەجۆرێ رێک بخا کە ببێتە زامنکاری پاراستنی مافی سروشتی و مەعنەویی هەموو کەسێک و سەرەتای بیروڕابەوری دەسبالایی یاساو وەدیهێنانی هەق و هەقیانەت مسۆگەر بکات.
سێیەم: پلەو پایەی سەندیکاکە بەهێز بکا و مافە سەندیکاییەکانی ئەندامەکان بپارێزێ.
چوارەم: ئاست و پلەی پیشەیی و یاسایی و رۆشنبیری پارێزەران بالاتر بکات.
پێنجەم: ئاست و پلەی گوزەران و لایەنی کۆمەلایەتی بۆ پارێزەران بالاتر بکا و زەمانەتەکانی خانەنشینی و تەندروستییان بۆ وەدی بێنێ.
شەشەم: بیروخولیای یاسایی دەولەمەند بکاو لە پەرەپێدانی یاساکاریشدا هاوبەش بێت.

## بەشی سێیەم
## «پارێزەرایەتی و مەرجەکانی پارێزەری کردن»
### لقی یەکەم- «پارێزەری کردن (ممارسه المهنه)»

ماددەی (٣):
پارێزەر لەم رێگایانەی خوارەوەدا پیشەکەی خۆی لە چوارچێوەی ئەرکی سەرشانی خۆی و پابەندبونی خۆیدا دەخاتەکار:
یەکەم: دەبێتە وەکیلی هەموو کەسێکی «سروشتی و مەعنەوی» بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانیان بکات.
دووەم: راوێژی یاسایی پێشکەش دەکات و هەموو (عەقدێک) و عەقدەکانی تۆمارکردن و گەلالەکان (اللوائح) و یادداشتەکان و لێکۆلێنەوە یاساییەکان و هەموو عەقدێکی دیکە رێک دەخات.
سێیەم: پارێزەر بە سیفەتی راوێژکاری یاسایی بە عەقدێکی مۆرکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پرس و رای یاسیی پێشکەش بە کەرتی تایبەت دەکا.

### لقی دووەم- «مەرجەکانی پارێزەری کردن»

ماددەی (٤):
ئەو کەسەی پارێزەرایەتی دەکا دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنەدی:
یەکەم: دەبێ بەلگەنامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا لە یەکێ لە زانکۆکای هەرێمەوە وەرگرتبێ یان بەلگەنامەیەکی هاوشانی ئەوەی وەرگرتبێ بە مەرجێ لەم بارەیاندا لە زانستی یاسادا تاقی بکرێتەوەو سەرکەوتن وەدەست بێنێ، بەلام ئەوانەی هەلگری بەلگەنامەی بەکالۆریۆسی زانکۆکانی عێراقن یان هەلگری بەلگەنامەی بالای یاسان لە دەرچووانی زانکۆکانی دیکە ئەوانە بەر ئەو تاقیکردنەوەیە ناکەون.
دووەم: دەبێ ناوی لە تۆماری پارێزەراندا نووسرابێ.
سێیەم: دەبێ (ئەهلییەتێ) یاسایی هەبێ.
چوارەم: نابێ تەمەنی لە پەنجاو پێنج سال زیاتر بێ، بەلام ئەگەر لەوە پێش کاری پارێزەرایەتی یا دادوەری یان (ئیدیعای گشتی) کردبێ یاخود تاماوەیەک لە حەوت سال کەمتر نەبێ ئەندامێک بووبێ لە (هەیئەتی) وانەگوتنەوەی ماددەی یاسادا، ئەوە لەم دۆخانەدا ئەگەر تەمەنی لە پەنجاو پێنج سالیش زیتر بێ قەیدی نییە.
پێنجەم: نابێ بەهۆی سزای تەمێ کردن (تأديبى) یا سزای ئینزیباتییەوە ناوی لە تۆمار یا لە لیستەی سەندیکایەکی دیکە سڕدرابێتەوە یان دوورخرابێتەوە، هەروەها ناشبێ لەبەر هۆیەک لەو هۆیانەی دەستپاکی یان ئاکاری گشتی لەکەدار دەکەن لە فرمانێکی گشتی یان تایبەت دەرکرابێ.

شەشەم: دەبێ ناوبانگ و ڕەفتاری باش بێ هەروەها دەشبێ شایانی بڕواپێکردن و ڕێزلێگرتنیش بێت چونکە ئەم مەرجانەش بۆ پارێزەرایەتی پێویستن.
حەوتەم: نابێ حوکمێکی جینائیی ناسیاسی یا حوکمی کەتنێکی ئابڕو بەری بەسەردا دربێ.
هەشتەم: نابێ لە پیشەی پارێزەرایەتی خانەنشین کرابێ.
نۆیەم: نابێ بەهۆی نەخۆشییەکی ئەقلی یا دەروونی یان بەهۆی نەخۆشییەکی گرانەوە لە کاری پارێزەریەتی خستووەو کەڵکی فرمانگوزاریی لێ بڕیوە خانەنشین کرابێ مەگەر بەڕاپۆرتێکی پزیشکی کە لە لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتەوە دەرچووبێ و چاکبوونەوەی لەو نەخۆشییە بسەلمێنێ.

مادەی (٥):

هەر پارێزەرێ ناوی لە لیستەی سەندیکایەکی دیکەدا نووسرابێ، مافی ئەوەی هەیە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی خۆی کە بەرامبەر بەدەسەڵاتەکانی ئەندامی ئەو سەندیکایە هەیەتی، لە بەردەم دادگکانی دیکەی ناوچەکەدا (مورافعە) بکات، بەمەرجێ ئەوانیش چونیەک ئەم مافەیان هەبێ لەم دۆخەدا دەبێ پیشەکی ڕەزامەندی سەرۆکی سەندیکاکە وەرگیرابێ، یان ڕەزامەندیی وەکیلی سەندیکاکە وەربگیردرێ ئەگەر سەرۆک دیارنەبوو.

مادەی (٦):

یەکەم: ئەندامێتی سەندیکاو ئەم فرمانانەی خوارەوە پێکەوە ناگونجێ و نابێ:
أ- فرمانە گشتییەکانی ناو دەوڵەت.
ب- خۆتەرخانکردن بۆ بازرگانی یا بۆ پیشەسازی.
دووەم: هەر چەندیشە پارێزەر ناوی لە تۆمارەکەدا ماوەتەوەو (ڕەسم) وئابوونەی ساڵانەش دەدات بەڵام ناشێ و نابێ شانبەشانی پارێزەرایەتی ئەم فرمانانەی خوارەوەیشی هەبێ:
أ- خۆتەرخان کردن بە پاداشتی کرێ بۆ کارکردن لە سەندیکا پیشەییەکاندا.
ب- خزمەتگوزاریی سەربازی.
سێیەم: ئەو پارێزەرانەی لە برگە (دووەم)ی ئەم مادەیەدا باس کراون، ماوەی ئەندامێتییان بۆ مەبەستی کاری بەرلەیەکتری (الاقدمیە) حساب ناکرێ.

مادەی (٧):

ئەگەر هات و پارێزەر مەرجێ لەو مەرجانەی لە مادە (چوارەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە لە دەست دا، یان کارێک لەو کارانە بکا کە لە مادەی (شەشەم)دا هاتووە، ئەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناوی لە تۆمارەکە دووردەخرێتەوە.

مادەی (٨):

یەکەم: ئەو پارێزەرەی لە ئەنجوومەنە گشتییەکان یا لە ئەنجوومەنی یاسادانان یا شارەوانی یا ئیداریدا بووەتە ئەندام بۆی نییەو نابێ لە ماوەی ئەو ئەندامێتییەیداو تا سێ ساتی پاش تەواوبوونی ئەندامێتەکەشی چ بەناوی خۆیەوە چ لە ڕێگەی هاوبەشەکەیەوە چ لە ڕێگەی هەر پارێزەرێکەوە لە بەرژەوەندی ئەودا ئیش بکا وەکالەت دژ بەو ئەنجوومەنانە وەربگرێ.
دووەم: ئەو پارێزەرەی فرمانێکی گشتی لە دایەرەکانی دەوڵەتدا یا لە کەرتی تێکەڵاودا بەدەستەوەیە یان بووەتە ڕاوێژکاری یاسایی ئەوان بۆی نییەو نابێ هیچ وەکالەتێ دژ بەو لایەنانەی ئیشی تێدا دەکرد چ بەناوی خۆیەوە چ لە ڕێگەی هاوبەشەکەیەوە چ بەهۆی هەر پارێزەرێکەوە لە بەرژەوەندیی ئەودا ئیش بکا وەربگرێ بەڵام دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر پچڕاندنی پەیوەندیی خۆی لەو لایەنانە ئیدی مافی خۆیەتی.

### ماددەی (٩):

پارێزەرێ کە دوای دەست هەڵگرتنی لە دادوەری پارێزەرایەتی دەکات نابێ ئەمانەی خوارەوە بکات:

یەکەم: تا ماوەی سێ ساڵ بەسەر لە دادوەری دەستبەردانیدا تێنەپەرێ چ خۆی چ لە رێی هاوبەشەکەی چ لە رێی هەر پارێزەرێکی دیکەوە کە لە بەرژەوەندیی ئەو ئیش دەکات، مورافعە لە بەردەم دادگایەکدا بکا سەر بەو ناوچەی تێهەڵچوونەوەیە بێت کە خۆی لەوەوپێش لەوێدا دادوەر یا ئەندامی (ئیدیعای گشتی) بووە.

دووەم: چ خۆی چ لە رێی هاوبەشەکەیەوە چ لە رێی هەر پارێزەرێکەوە لە بەرژەوەندی ئەو ئیش بکا (مورافعە) لە داوایەکدا بکات کە لەوەوپێش خرابوویێتە بەردەمی یان رای خۆی تێدادەربرِیبووبێ.

### ماددەی (١٠):

هەر پارێزەرێ، خۆی لە مەسەلەیەکدا (محکم) یا شارەزا یا شاهێد بووبێ بۆی نییەو نابێ نەخۆی نە لە رێی هاوبەشەکەیەوە نە لە رێی هەر پارێزەرێکی دیکەوە لەبەرژەوەندی ئەودا ئیش بکات وەکالەت لەو مەسەلەیەدا وەربگرێ.

## بەشی چوارەم
## تۆمارکردن و پلەداری و دەسەڵاتەکان
### لقی یەکەم - «تۆماری پارێزەران»

### ماددەی (١١):

تۆماری پارێزەران بەپێی ناونووسران و بەر لەیەکتری (الاقدمیە) لەم ناوانەی خوارەوە پێک دێت:

١- ناوی پارێزەرە راوێژپێکراوەکان.
٢- ناوی پارێزەرە کاراکان (الممارسون).
٣- ناوی پارێزەرە مەشقکارەکان (المتمرنین).

### ماددەی (١٢):

یەکەم: بۆ ناونووسین لە تۆماری پارێزەراندا دەبێ پارێزەر سکاڵایەک بدات بە ئەنجوومەنی سەندیکاو، بەپێی ئەم یاسایە دەبێ ئەو بەڵگەنامانەشی لە تەکدا بێ کە فەراهەمکردنی مەرجەکان دەسەلمێنێ.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو سکاڵایە بەرەزامەندی وەردەگرێ یا بە بریارێکی هۆدیاریکراو (قرار مسبب) دەیداتە دواوە.

سێیەم: ئەگەر ئەنجوومەنەکە لەبەر چەند هۆیەکی زەروور سەیرکردنی سکاڵاکەی دواخست کە ئەم دواخستنەش تەنها بۆ یەک جار دەبێ ئەوە ئەو کاتە پێویستە لەسەری لە ماوەی(١٥) پازدە رۆژدا کە لە دووەم رۆژی تۆمارکردنی سکاڵاکەوە دەست پێ دەکا سەیری سکاڵاکە بکات و بیبرِێنێتەوە.

چوارەم: ئەگەر هات و ئەو ماوەیەی لە برگە سێیەمی ئەم ماددەیەدا کە لە دووەم رۆژی سکاڵادانەکەوە دەست پێدەکات تێپەری و ئەنجوومەنەکە لەو ماوەیەدا نە بریارێکی رەزامەندیی دەرهێناو نەدواشی خست ئەوە ئەو کاتە خاوەن سکاڵاکە بە تۆمارکراو دادەنرێ.

پێنجەم: بریاری رەزامەندیش یان نارەزایی لەسەر سکالکە دوای دەرهێنانی دەدرێ بە خاوەن سکاڵاکە ئەمیش بۆی هەیە ئەگەر سکاڵاکەی درابێتە دواوە لە بەردەمی دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ی هەرێمدا لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژدا کە لە رۆژی لێ ئاگادارکردنەکەوە دەست پێدەکا تانەی لێ بگرێ بریاری ئەم دادگایەش کۆتاییە.

شەشەم: ئەو پارێزەرەی بۆ یەکەم جار ناوی لە تۆماری پارێزەراندا دەنووسرێ پێویستە لەسەری لە بەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا (الاستئناف) ئەم سوێندە بخوات: (سوێندبێ بە یەزدانی گەورە، کە بە دەستپاکی و بە دڵسۆزی پارێزەریەتی بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و نهێنیی ئەم پیشەیە بپارێزم و نەریت و داب و دەستووری لەبەرچاو بگرم).

حەوتەم: ئەگەر ئەنجوومەن بۆی دەرکەوت کە مەرجێ لەو مەرجانەی خاوەن سکاڵاکە پشتی پێ بەستووە ڕاست دەرنەچوو ئەوە ئەو کاتە پێویستە دووبارە بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە بڕیارە تازەکەش بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ کە لە ڕۆژی ئاگادارکردنی داواکارەکەوە دەست پێ دەکا پێداچوونەوە (تمییز)ی بۆ هەیە.

هەشتەم: ئەگەر پارێزەرێ مەرجێ لەو مەرجانەی پارێزەرایەتی کردن کە دەقەکانیان لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە لەدەست چوو ئەوە ئەو کاتە ئەنجوومەن بە بڕیارێک ناوی لە تۆماری پارێزەرایەتی لادەبات.

ماددەی (١٣):

ئەگەر پارێزەرێ ئابوونەو (رسومی) بڕیار لەسەر دراوی ساڵانەی لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمدا نەدابێ ئەوە ناوی لە لیستی ساڵانەدا تۆمار ناکرێ بەڵام ئەگەر پاشان دای ئەوە دەبێ (٥٠٪) لەسەدا پەنجای هەر ئابوونەیەکیش کە قەرزارە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بخاتە سەری و بیدا جا دووبارە ناوی سەر لەنوێ لە لیستەکەدا دەنووسرێتەوە.

دووەم: ئەگەر هات و پارێزەر بەهەر هۆیەکەوە بێ ئابوونەو رسومی بڕیار لەسەر دراوی دوو ساڵی یەک لەدوای یەک دواخست و نەیدا ئەوە ئەو کاتە وا لە قەڵەم دەدرێ کە ناوی لە تۆماری پارێزەران دور خراوەتەوەو ئەو ماوەیەشی بۆ مەبەستی پارێزەرایەتی و بەر لەیەکتری (الاقدمیە) بۆ حساب ناکرێ خۆ ئەگەر ویستیشی دووبارە بگەڕێتەوە سەر پارێزەریەتییەکەیخۆی ئەوە دەبێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەر لەنوێ سکاڵایەک بنووسێ داوای دووبارە ناونووسینی خۆ لە تۆماری پارێزەراندا بکات جا ئەو کاتە ئابوونەو رسومی ئەوە ساڵانەشی کە نەیداوە دەکەوێتە ئەستۆ و ئەو زیادەیەش کە لە بڕگە (یەئەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەبێ بدات لێرەدا دەبێ مەرجەکانی حوکمی ماددەی (٤ و ٦ و ٧)ی ئەم یاسایەش لەبەر چاو بگیرێ.

ماددەی (١٤):

یەکەم: ئەوەی ناوی لە تۆماری پارێزەران دوورخرابێتەوە هەتا دووبارە ناوی لەو تۆمارەدا نەنووسرێتەوەو هەموو ئابوونەو رسومی بڕیار لەسەردراوی ئەو ساڵانەش نەدا کە نەیداوە نابێ هیچ جۆرە ئیشێکی پارێزەرایەتی بکات.

دووەم: پارێزەری کردن بە پێچەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکرێ بە فڕوفێڵی ناوی پارێزەر لە خۆنان (انتحال صفە المحامی) لە قەڵەم دەدرێ لەم دۆخەدا پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی پارێزەران دەعوایەکی سزایی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دژ بەو ناوی پارێزەر لەخۆنەرە بخاتەگەڕ.

سێیەم: پارێزەر ئەو تاوانەی لە بڕگە (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا گوتراوە بەسەریدا ساغ بووبێتەوەو حوکمێکی سزایی دەرهەق بەسەردادرابێ و بڕدرابێتەوە نابێ سەر لەنوێ لە سەندیکادا وەربگیرێتەوە.

مادده (١٥):

ئەنجوومەن بە (موصادەقەكردنی) هەیئەتی گشتی بۆی هەیە پێڕۆیێ دەرهێنێ ڕەسمی ناونووسین و بەرفراوانكردنی دەسەلات و ئابوونەی ساڵانەو غەرامەو مزەی بیمەكردنی تەندروستی (بدل التأمین الصحی) و ڕەسم و ئابوونەی دیكەی تێدا دیاری بكا.

لقی دووەم - (پلە بە پلەو دەسەلاتەكان)

مادده (١٦):

ئەو كەسەی یەكەم جار ناوی لە تۆماری پارێزەراندا بە پارێزەر دەنووسرێ پلە بە پلە بەپێی ئەم ڕێسایانەی خوارەوە سەردەكەوێ:

یەكەم: بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ لە نووسینگەی پارێزەرێكی ڕاوێژكار یا لەلای پارێزەرێكی كارا ماوەی پارێزەری كردنی لە (٥)پێنج ساڵ كەمتر نەبێ، دەبێتە ڕاهێنراو لەسەر كاروباری ڕاستەقینەی پارێزەرایەتی، لەو ماوەیەدا لەژێر چاودێری مەشق پێكەرەكەیدا ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەی دەبێت:

١- وەكالەت لەم و لەو لەدەعوای مەدەنی و ناكۆكیی دادوەریدا كە نرخی لە (٥٠٠) پێنج سەد دینار زیاتر نەبێ، وەردەگرێ.
٢- وەكالەت لە دەعوای كەسەكی و دەعوای مولكدار كردندا نرخی هەر چەندێك بێ، وەردەگرێ.
٣- وەكالەت لە هەموو دەعوایەكی كەتن (جونحە)دا وەردەگرێ و لە لێتوژینەوەكانیدا ئامادە دەبێ و ڕێگاكانی تانووت لێدانیش لەو بڕیارو حوكمانەی كە دەربارەیان دەرهێنراون دەخاتە گەر.
٤- وەكالەت دەربارەی موعامەلە یاساییەكان لە دایەرەكان وسەرچاوە ئیدارییەكان و لیژنەكان و ئەنجوومەنە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەكان وەردەگرێ.
٥- دوو بەدوو لەگەڵ پارێزەرەكەی كە مەشقی پێ دەكات لەدەعوا مەدەنییەكاندا نرخی هەر چەندێك بێ و لە جینایەتەكانیشدا مورافەعەدەكاو ڕێگاكانی تانەلێدانیش دەخاتەكار.

دووەم: ئەوەی ئەو ماوەی ڕاهاتنە بە مەرجەكانییەوە ببڕێ ئەوە دەبێتە كارا (ممارس) و ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەی دەبێ:

١- هەموو ئەو دەسەلاتانەی دەبێ كە لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.
٢- لە هەموو دەعوایەكی مەدەنی و سزایی و كارو دەعواكانی نابالغاندا (الاحداث) وەكالەت وەردەگرێ و ڕێگاكانی تانووت لێدانیشیان لێ دەخاتە كار.
٣- بە سیفەتی ڕاوێژكاری یاسایی بە گرێ بەندی لەگەڵ كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت یا لەگەڵ هەر پرۆژەیەكی پیشەسازی یا بازرگانی یا كشتوكاڵی یا لەگەڵ نووسینگەكنی بەڵێنداری و پەیماندارییی زانستی و هونەری و بازرگانیدا كە سەرمایەكەی لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێ، ڕێك دەكەوێ.
٤- گرێبەندی دامەزراندنی كۆمپانیا نیشتمانییەكان ڕێك دەخات و بەپێی حوكمەكانی یاسا تۆماریان دەكا.
٥- ڕاوێژی یاسایی پێشكەش دەكا.

سێیەم: پارێزەرێ سێ ساڵ لە پارێزەرایەتی دا كارا بووبێ و لێكۆڵینەوەیەكی یاسایی پێشكەش بە ئەنجوومەن كردبێ و سەركەوتنی تێدا وەدەست هێنابێ ئەوە دەبێتە ڕاوێژكارو ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەی دەبێت:

١ـ هەموو ئەو دەسەڵاتانەی دەقەکانیان لەم یاسایەدا هەیە.
٢ـ پرۆژەی یاساو پێڕۆ و ڕێنمایی بۆ دایەرە ڕەسمییەکان و نیمچە ڕەسمییەکان و کۆمەڵە کۆمپانیاکان لەسەر داواکردنیان بە گرێبەندێکی مۆرکراو ئامادە دەکا.
٣ـ لەگەڵ ئەو لایەنانەی لە (دووەم/٣)ی سەرەوەدا هاتووە سەرمایەکانیان هەر چەند بێ پێکهاتن گرێ دەدا.
٤ـ کۆمپانیا بیانییەکان یا ئەو لقانەیان کە لەهەرێمدا کەوتوونەتە گەڕ تۆمار دەکا.

ماددەی (١٧):

یەکەم: پارێزەر پلە پلە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی بە سکاڵایەکی نووسراو کە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەندیکای پێوەبێ، بەپێی مەرج و زەبتێ کە ئەم یاسایە ڕێکی دەخاو بەپێی ئەو ڕێنماییانەش کە دەربارەیان دەرهێنراوە دەڕوات.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە ئەو ماددانەی لە بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی ماددە (١٦)ی ئەم یاسایەدا دیاری کراون درێژتر بکاتەوە بەمەرجێ ئەو درێژکردنەوەیە بۆ هەر قۆناغێ لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ و هۆیەکانیشی پیشانبدرێ.

ماددەی (١٨):

ئەگەر پارێزەرێ لە قۆناغی ڕاهاتندا پارێزەرێکی دەست نەکەوت ڕاییێنی یان دەستی کەوت و لێی دابڕا ئەوە دەبێ لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی ناونووسینی یا لێداڕانییەوە حساب دەکرێ سەندیکای لێ ئاگادار بکا ئەوجا ئەو ماوەی لە ماددە (١٦)/یەکەم دا هاتووە بۆ پێنج ساڵ درێژ دەکرێتەوە.

## بەشی پێنجەم
## مافەکان و ئەرکانی پارێزەر
### لقی یەکەم - حوکمە گشتییەکان

ماددە (١٩):

یەکەم: پێویستە پارێزەر لەلای دادگاکان و دەسەڵاتبەدەستانی لێتۆژینەوەو دایەرەکانی دەوڵەت و بەرژەوەندگەکانی میری و کەرتی تێکەڵاو و مەرجەعەکانی دیکە ڕێزو بە تەنگەوەبوونێکی ئەوتۆی هەبێ شیاوی پلەو پایەی پارێزەرایەتی بێت و پێویستە لەسەریشیان هەموو کارئاسانییەکی زەروورو بەوێڵیش (الاصولیە) کە بۆ پیادەکردنی ئەرکی پارێزەری پێویستن بخەنە بەردەستی و نابێ داواکارییە نووسراوەکانیشی پشت گوێ بخەن.

دووەم: پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی لە بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ناوهێنراون تەنها دادگاکان و لایەنە دادوەرییەکان نەبێ لە ماوەی (دە) ڕۆژدا سەیری داواکارییە نووسراوەکانی پارێزەر بکەن و بیبڕنەوە ئەو ماوەیەش لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکا کە داواکارییەکەیان لێ وەرگتووەو تۆماریان کردووە، خۆ ئەگەر هات و لەو ماوەیەدا نەکرا ئەوا ئەو کاتە پارێزەرەکە دەبێ سەندیکای لێ ئاگادار بکاتەوە.

ماددەی (٢٠):

یەکەم: پێویستە لەسەر دادگاکان و ئەنجومەنەکان و هەموو هەیئەت و دەسەڵات و مەرجەعەکانی دیکەش ڕێگا بە پارێزەر بدەن فایلی دەعواو پەڕەو کاغەزی لێتۆژینەوە یا هەر پەڕەو کاغەزێکی دیکە بخوێنێتەوەو هەر شتێ پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە کە خۆی دەیەوێ - لەسەر بە نوسین ڕەزامەندبوونی پێشەکی وەکیلدانەرەکە سەیری بکاو لێی ئاگادار بێ.

دووەم: ئەو لایەنانەی لە برگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ناوهێنراون پێویستە لەسەریان ڕازی بن پاریزەرەکە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و دادگایی یا هەر (ئیجرا)یەکدا کە یاسا بڕیاری لەسەر دەدات ئامادەبێ و پێویستە ئەو ئامادەبوونەش لە پەڕەو کاغەزەکاندا بنووسرێ، هەروەها پێویستیشە لەسەر ئەو لایەنانە پاریزەرەکە ئاگادار بکەن کە لە کاتی هەر (ئیجرایەکدا) دەرهەق بە وەکیلدانەرەکە دەکرێ ئامادە بێ.

ماددەی (٢١):

یەکەم: هەر فەرمانبەرێ یا هەر کەسێ خزمەتێکی گشتی پێ سپێردرابێ، بە ئەنقەست مافێ لە مافەکانی پاریزەر کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووە، لە کاتی پاریزەریکردندا پێشێل بکا یا نەیەڵێ پاریزەرایەتی خۆی بکا ئەوە بەپێچەوانەکاری ئەرکی فرمانەکەی خۆ لە قەڵەم دەدرێ و ئەو حوکمانەی یاسای سزادانی بەسەردا دەسەپێنرێ کە تایبەتن بە فەرمانبەرو خزمەتی گشتی پێ سپێردراوی لە ئەرکی خۆلادەر.

دووەم: دەرهەق بەو لە فرمان لادانانەی لە برگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا گوتراوە، لەلای دادگەری تایبەتی لێتۆژینەوە شکات دەکرێ بە مەرجێ دەستبەجێ سەندیکای لێ ئاگادار بکرێ.

ماددەی (٢٢):

هەر دەست درێژییەک بکرێتە سەر پاریزەر لەکاتی پیادەکردنی پیشەی پاریزەریدا یا بەهۆی ئەوەوە ئەوە دەست درێژکارەکە هەروەکو دەستدرێژیی کردبێتە سەر دادگەرێ لە کاتی پیادەکردنی فرمانکەی یا بە هۆی ئەوەوە سزای هاوشێوەی ئەمەی بەسەردان دەدرێ.

ماددەی (٢٣):

هەر شکاتێ دژ بە پاریزەرێ بکرێ دەبێ ڕەزامەندیی سەندیکا وەربگیردرێ بەتەنها لە دۆخی تاوانی بە چاوبینراودا نەبێ بەبێ ڕەزامەندبوونی سەندیکاش نابێ نە لێپرسینەوە (استجواب) نە لێتۆژینەوە نە حەواڵەکردنی بۆ دادگای تایبەت دەرهەق بکرێ و پێویستیشە لەسەر سەرۆکی سەندیکا یا جێگرەکەی لەو پرسینەوە یا لێتۆژینەوە یان دادگاکردنەدا ئامادە بێت.

ماددەی (٢٤):

پاریزەری خانەنشین بۆی هەیە بەم وەکالەتانەی خوارەوە لە بەردەم دادگادا مورافەعە بکات:

یەکەم: وەکالەت لە ژنی خۆیەوە یا لە یەکێ لە نەوەو وەچەی خۆیەوە.

دووەم: بەپێی (وصایە یان قەیموومە) لە برِی خزمەکانی تا پلەی چوارەمی خزمایەتی.

سێیەم: بەپێی (وصایە یان تەولییە)ی کارپێکراو.

## لقی دووەم - (ڕاوێژی یاسایی)

ماددەی (٢٥):

یەکەم: پێویستە لەسەر کۆمپانیا بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری یا وەبەرهێنە نیشتمانییەکان چ پشکداری بن چ خاوەن لێپرسراوییەکی سنووردار کە سەرمایەکەیان لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نییەو پێویستیشە لەسەر ئەو کۆمپانیا بیانییانەش کە لە هەرێمدا کاردەکەن یان لقیان لە هەرێمدا هەیە کە لەگەڵ پاریزەرێکی ڕاوێژکار یان کارا یان زیاتردا گرێدانێک ببەستن تا ڕاوێژکارییان بۆ بکرێ.

دووەم: ئەو لایەنانەی لە حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دوادەکەون، ئەوە چەند دوا بکەون ڕۆژی (٥٠) دینار غەرامە دەکرێن.
سێیەم: پارێزەر نابێ گرێدانێک لەگەڵ زیاتر لە دوو کۆمپانیای نیشتمانی، یان لەگەڵ زیاتر لەیەک کۆمپانیای بیانی بە مەبەستی ئەوەی کە لە بڕگە (یەکەم)ی سەرەوەدا دیاری کراوە گرێ بدات.
چوارەم: کەسێ لەگەڵ پارێزەرێکی ڕاوێژکاردا گرێدارییەکی کردبێ دەبێ (١٠٪) لە مزەی ڕاوێژکردنە یاساییەکەی گڵ بداتەوەو بینێرێ بۆ سەندیکا تا وەک داهاتێکی سەندیکا تۆمار بکرێ.
پێنجەم: پارێزەر بە گرێکار لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کە لە بڕگەی (یەکەم)دا ناوبراون لە قەڵەم دەدەرێ لەو ڕۆژەوەی کە گرێکارییەکە لەلایەن سەندیکاوە (تەسدیق) کراوە.

ماددەی (٢٦):

یەکەم: هیچ کۆمپانیایەکی پیشەسازی یا بازرگانی یا کشتوکاڵی یا وەبەرهێنەکی نیشتمانیی بێت یان بیانی نابێ تۆمار بکرێ تا گرێدانی دامەزرانەکەی بەلانی لەلایەن پارێزەرێکی کاراوە ڕێک نەخرابێ.
دووەم: پارێزەرێ نابێ وەکالەت لە دوو کۆمپانیای نیشتمانیی زیاتر یا زیاتر لە یەک کۆمپانیای بیانی وەربگرێ.
سێیەم: پارێزەرێ نابێ لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە سێ کۆمپانیای نیشتمانیی یا زیاتر لەیەک کۆمپانیای بیانی تۆمار بکات.

## لقی سێیەم- (دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی)

ماددەی (٢٧):

پارێزەر ئەو کارانەی پێی سپێردراوە کە دەیانکا مافی دەستخۆشانەی خۆی هەیە ئەوە ڕاوێژکاریی یاسابیش دەگرێتەوە.

ماددەی (٢٨):

یەکەم: پارێزەر بەپێی پێکهاتنی کە لەگەڵ وەکیلدانەرەکەیدا دەیکا مافی دەستخۆشانەی خۆی هەیە بە مەرجێ لە غەیری دەعوا سزاییەکاندا لە ڕێژەی (٢٠٪) لەسەدا بیستی بەهای ئەرکی ئەو دەعوایە زیاتر نەبێ، بەڵام ئەگەر مەبەست لە دەعواکە یا ئەو حوکمەی دەرهەق بەو دەعوایە دەدرێ وەدەست هێنانی کەلک و سوودێکی پتر بێ لەوەی کە لە دەعواکەدا هەیە ئەوا لەو بارەدا پارێزەرەکە بەپێی ئەو زیادبوونە مافی دەستخۆشانەی خۆی لە کۆ (مجموع)ی مەبلەغەکەدا دەبێ.
دووەم: حوکمی بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەی لێ دەرچێ دەنا لە بەهای مۆڵکدارکردنی حوکمی لەسەر درابێ یا لە بەهای بیمەکردنی زۆرەملێ یان بیمەکردنی بەخوایشت مەبلەغەکەی درابێ یا حوکمی بەسەردا دەرچووبێ یا لەبەهای بەشەکانی کەسێ داوای نەهێشتنی بەش بەشەکێی (ازالە الشیوع) کردبێ، نابێ دەستخۆشانەی پارێزەر کە لەسەری پێکهاتبن لە ڕێژەی (١٠٪) دە لەسەد تێپەڕێ.

ماددەی (٢٩):

ئەگەر ئەو کارەی پێکهاتنی لەسەرکراوە کاری دیکەی لێ پەیدابوو لە کاتی پێکهاتنەکەدا بەبیری کەسدا نەدەهات ئەوا پارێزەرەکە بۆی هەیە داوای دەستخۆشانەی ئەوەش بکات.

ماددەی (٣٠):

ئەگــەر پارێزەر دەعــواکــەی لە ڕێگەی ســوڵح کــردن یا (تحکیم)ـەوە تەواوکــرد یان بەپێی ســەرپێشکبــوونی ئەگەر لەوەکــالـەتەکـەدا کـرابێ دەعـواکـە بـە ئەنجـام بگـەیێنێ ئەوە مــافی دەســتخۆشــانەی تەواوی خۆ هـەیە مـەگەر دەقی پێکهاتنەکە وەها نەبێ.

ماددەی (٣١):

ئەگەر دەســتخۆشــانەی پارێزەر بـە پێکهاتنێکی تایبــەتی دیاری نەکرابێ ئەو کاتە وەک کرێی هـاوشێوەی ئەو دەعوایە دیاری دەکرێ.

ماددەی (٣٢):

یەکەم: ئەگەر هـات و وەکیلدانەرەکە پارێزەرەکـەی خۆی بەبێ هۆیەکی مـاقـووڵ لێخســت و پارێزەرەکــە دەســتی بـە ئیشــەکـە کـردبوو ئەوا ئەو کـاتە هـەروەکـو کـارەکـەی لە بەرژەوەندیی ئەودا بە ئـەنجام گـەیاندبێ دەسـتخۆشـانەی تەواوی دەکەوێتە ئەسـتۆ و دەبێ بیـداتێ بەڵام ئەگــەر بەر لـەدەســت پێکردن پارێزەرەکــەی لێــخســت ئـەوا لـەو بارەدا پارێزەرەکە مـافی دەسـتخۆشـانەی هـاوشێوەی هـەیە لـە گوێرەی ئەو کۆششــەی کە بەخەرجی داوە.

دووەم: بۆ ئەوەی حـوکمـەکـانی برگـە (یەکەم)ی ئەم مـاددەیە بە ئاسـانی پیادە بکرێ مـەبەسـت لە دەسـت پێکردنی کــار ئـەوەیە کــە پارێزەرەکــە دەعــواکــەی تۆمــار کــردبێ یـا لـە مـورافـعــەکـەدا ئامـادەبووبێ یا بەوەکـالـەتی وەکیـلدانەرەکە سـکاڵایـەکی بەلایەنێکی ڕەسمی پەیوەندیی بە دەعواکەوە ببێ پێشکەش کردبێ.

ماددەی (٣٣):

ئەگــەر پارێزەرێ بەهـۆیەکی مــاقــووڵ دەســتی لە وەکــالـەت بەرداو لـە مــاوەیەکی گــونجـاودا ئینزارێکی نووســراوی دا بە وەکیلدانەرەکە یان ئەگــەر پارێزەرەکە بەر لە تـەواوکـردنی ئەو کارەی پێی سـپێردراوە مـرد یان ئەگەر وەکیلدانەرەکە خۆ مـردو مـیراتگرەکـانی ڕازی نەبوون پارێزەرەکە لەســەر کارەکە بڕوات ئەوە لـەو دۆخـانەدا پارێزەرەکە یان مــیراتگرەکـانی بەپێی ئەحــواڵ لـەبەر ڕۆشـنـیـایی حــوکـمـەکـانی پێکهـاتنەکـە مــافی دەســتـخـۆشــانەی هـاوتای ئەو کۆشــشــەی خـۆی هـەیە کـە بەتەواوی بەخــەرجی داوەو دەبێ حــوکمــەکـانی ئەم یاســایەش لـەبەرچاو بگیرێ.

ماددەی (٣٤):

هـەر ناکۆکییـەک لـەسـەر دەسـتخۆشـانەی پارێزەرایەتی ڕوودات دەخرێتە بەردەم ئەو دادگا تایبـەکارەی کە نووسـینگەی پارێزەرەکە لـە سـنووریدایە یان دەخـرێتە بەردەم ئەم دادگایەی دەعـوای وەکالـەتەکەی یەکلایی کردووەتەوە بەڵام ئەگـەر پارێزەرو وەکیلدانەرەکە بە نووسـین لـەسـەر ئەوە پێکهـاتبن کـە سـەندیکا بۆیان سـاغ بکاتەوە ئەوا لـەم بارەدا بڕیاری نیـقـابە هـەڵوەشـانەوەی بۆ نییە.

ماددەی (٣٥):

دادگا بـەپێی ئـەمــانەی خـوارەوە حـوکـمی خـۆی دەربارەی دەســتـخـۆشــانەی پارێزەرایەتی دەردەهێنێ:

١- بەرێژەی (١٠٪) لـە بەهـای حوکم پێ دراوەکە بە مـەرجێ لـە (٥٠٠٠) پێنج هـەزار دینار زیاتر نەبێ.

٢- بەرێژەی (٥٪) لـە بەهـای مــوڵکدارکــردن بـە مـــەرجێ لـە (٣٠٠٠) سێ هـەزار دیـنـار زیاتر نەبێ.

٣ـ لە (٣٠٠) سێ سەد دینار کەمتر نەبێ و لە (١٥٠٠)هەزارو پێنج سەد دیناریش پتر نەبێ لە دەعواکانی بەخێوکردنی کۆرپەو موشاهەدەدا کە دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی لەوانەدا لە (١٠٠) سەد دینار کەمتر نابێ و لە (٢٠٠) دوو سەد دیناریش تێناپەڕێ.
٤ـ لە دەعواکانی دادگایی بە پەلەو (وەلائی)دا دەستخۆشانەی پارێزەر لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینار کەمتر نییەو ناشبێ لە (١٠٠٠) هەزار دینار تێپەڕێ.

ماددەی (٣٦):
یەکەم: پارێزەرێ کە نێردرابێ بەرگری لە تاوانبارێ لە جینایات یان لە دادگایی نابالغەکاندا بکات کە ئەو تاوانبارە وەکیلی بۆ خۆی دانەنابێ ئەوە دادگاکە حوکمی دەستخۆشانە بۆ ئەو پارێزەرە دەردەهێنێ کە لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینار کەمتر نییەو لە (٥٠٠) پێنج سەد دیناریش تێ ناپەڕێ و ئەکەوێتە ئەستۆی خزێنەی میری.
دووەم: پارێزەرێ دادگایەک پارێزەرایەتییەکی پێ بسپێرێ نابێ نەیکا مەگەر مەعزەرەتێکی ماقووڵ بۆ دادگاکە بهێنێتەوە.

ماددەی (٣٧):
یەکەم: پارێزەر لەو ماڵ و داراییەدا کە لە دەعوایەکدا یان لە کارێکدا وەکالەتی بۆ کراوە کە بۆ وەکیلدانەرەکە مسۆگەری دەکا مافی دەستخۆشانەی مومتازی پلەی یەکەمی هەیە.
دووەم: دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی لە (ئیعلامەکان) و بڕیارەکاندا کە حوکمی بۆ دەرچووبێ مافی مومتازی دەکەوێتە سەرو بە پارێزەری وەکیل یا بە پارێزەری نێردراو یان بەو پارێزەرە دەدرێ کە وەکالەتێکی تەسدیق کراوی هەبێ سا لە دادگاکان یا دایەرە ڕەسمییەکان یا کۆمپانیاکان یا بانقەکان یا دایەرەکانی تەنفیزەوە بێت دەستیشی بەسەردا ناگیرێ مەگەر بۆ دانەوەی قەرزی میری یان بۆ نەفەقەی شەرعی.

ماددەی (٣٨):
ئەگەر پێکهاتێکی نووسراو لە نێوان پارێزەرو وەکیلدانەرەکەدا نەبێ ئەوە دوای سێ ساڵ لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەو کارەی کە پێی سپێردراوە ئیدی پارێزەرەکە مافی دەستخۆشانەکەی دەسووتێ و ناتوانێ داوای بکات مەگەر هۆیەک هەبێ ڕێگای داواکردنەکەی لێ گرتبێ.
هەرچی ئەو دەستخۆشانەیەشە کە بە نووسین لەسەری پێکهاتبن ئەوە مافی داواکردنەوەکەی دوای پازدە ساڵ کە لە ڕۆژی ڕەوابوونییەوە دەست پێ دەکا ئیدی دەسووتێ و نایکەوێ.

ماددە (٣٩):
یەکەم پارێزەر بۆی هەیە بە گرێدانێکی نووسراو کە سەندیکا تەسدیقی بکا لەگەڵ وەکیلدانەرەکەیدا پێک بێت.
دووەم: ئەگەر وەکیلدانەرەکە دەستخۆشانەی وەکیلەکەی خۆی نەدا ئەوا پارێزەرە وەکیلەکە بۆی هەیە قۆچانی (سند) پێکهاتنە نووسراوەکە مەرجەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەی تێدا فەراهەمە، بدات بە دایەرەی (تەنفیز) و داوای دەستخۆشانەکەی خۆی بکات ئەوجا پێویستە لەسەر ئەم دایەرەیە هەمان ئەو ئیجرائاتە بخاتە کار کە لە کاتی تەنفیزکردنی ئەو بڕیارانەی پلەی کۆتاییان وەرگرتووە یان بۆ ئەو قۆچانانەی کە یارای تەنفیز کردنن و دایەرەی (کاتب العدل) تەسدیقی کردووە خستوویەتییە کار.

## لقی چوارەم
## ئەرکەکانی سەرشانی پارێزەر

ماددەی (٤٠):

پێویستە پارێزەر لە ڕەوت و هەڵس و کەوتیدا خۆی بە بنەماکانی پیشەکەی بەستێتەوە و ئەرکەکانی پارێزەری وەک لەم یاسایەدا هاتوون بەدەسپاکی و دڵسۆزی ئەنجام بدات ئەوەی داب و نەریتی پیشەکەی لەسەری فەرزکردووە لێی لانەدات.

ماددەی (٤١):

نابێ پارێزەر ئەمانەی خوارەوە بکات:

یەکەم: ناوی خۆی لە کەس بنێت.

دووەم: هەموو یا هەندێ لەو مافانەی ناکۆکییان لەسەرە و خراوەتە بەردەم داداگا خۆی وەکالەتی بۆ وەرگرتووە بکات.

سێیەم: خۆی یان بەهۆی هاوبەشە پارێزەرەکەیەوە یان هەر کەسێکی دیکە بەشداریی لە موزایەدەدا بکات لە بەردەم دادگاکان و لایەنە دادوەرییەکانی دیکە کە خۆی تێدا وەکیل بێ.

چوارەم: مامەڵەت کردن لەگەڵ موەکیلەکەی بۆ ئەوەی ماندووبوونەکەی ببێتە بەشێک لەو مافە عەینییەی کە ناکۆکی لەسەرە.

پێنجەم: لە پشت نووسینی قەواڵەکان (تظهیر السندات) بەناوی خۆی بکات بەمەبەستی ئیدیعا کردنی بەبێ ئەوەی وەکالەتی هەبێت.

ماددەی (٤٢):

یەکەم: نابێ پارێزەر ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات کە پێی سپێردرا بێ لە ڕێگەی پیشەکەیەوە هەر چەندە وەکالەتەکەشی تەواو بووبێ تەنیا مەگەر بۆ ئەوەبێ کە تاوانێک لە بەردەم لایەنی دەسەڵاتدار ئاشکرا بکات و ئەوەی زەرەرمەند بووە مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووی بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنییە لە بەردەم دادگاکان بکات.

دووەم: پارێزەر لە ناکۆکییەکدا لەسەر داواکردنی دەسەڵاتێکی دادوەری نەبێت و ڕەزامەندیی موەکیلی لەسەر نەبێت کە نهێنییەکەی بۆ ئاشکرا کردووە نابێ هیچ شایەدییەک بدات.

سێیەم: پارێزەر کە لە دەعوایەکدا بە وەکیل دادەنرێ نابێ نە لە کاتی وەکالەتەکەی و نە لە دوای لێ خستنی لەو وەکالەتەی شایەدی لە دژی موەکیلەکەی بدات.

چوارەم: پارێزەر لە کاتی بەرپاکردنی دەعوایەکدا کە خۆی وەکالەتی تێدا کردووە نابێ وەکیلایەتی هاودژی موەکیلەکەی بکات بە شێوەیەکی گشتیش نابێ لە دوو بەرژەوەندیی هاودژدا نوێنەر بێت هەموو پارێزەرێک لەو پارێزەرانەش دەگرێتەوە کە بەهەر سیفەتێ لە نووسینگەکەیدا لەگەڵیدا کاردەکەن.

پێنجەم: نابێ پارێزەر هاریکاری لەگەڵ کەسێکدا بکات کە ناوی لە تۆماری پارێزەران لادراوە.

ماددەی (٤٣):

یەکەم: دەبێ پارێزەر بەرامبەر بە دادوەریی ڕەفتارو ڕێبازێکی ڕێزدارانە بگرێت کە شیاوی پیرۆزیی و پایەکەی بێت و نابێ کاری وا ئەنجام بدات کە کار بکاتە سەر یەکلاکردنەوەی دەعوا یان زیان بە رۆیشتنی داد بگەیەنێ و چەواشەی بکات.

دووەم: پێویستە پارێزەر بەرامبەر هاوکارانی هەموو دابودەستوورێکی شیاوی پیشەکەی خۆی بپارێزێ و نابێ هیچ کارێکی وەها بکات کە زیان بە بەرژەوەندییان بگەیەنێ یان سووکییەک بۆ ناو و ناوبانگی کەسایەتی و پیشەییەکەی بخوڵقێنێ.

سێیەم: پێویستە پارێزەر خۆی بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکاو دەستەو ئەو لیژنانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دروست کراون ببەستێتەوە.
چوارەم: پێویستە پارێزەر بەر لەوەی ببێتە وەکیل هاوکارەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە لەو دەعوایەی کە خۆی وەکیلە تێیدا.

مادەی (٤٤):
مافی موەکل لە داواکردنی لە پارێزەر بۆ ئەوراق و بەڵگەنامەکان و هەموو مافەکانی لە دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر مێژووی کۆتایی کارەکەی نامێنێ تەنیا مەگەر موەکل پێش تەواو بوونی ئەو ماوەیە داوای کردبن ئەوەش بە ئینزار دەبیت کە بەهۆی دادنووسەوە بۆی دەردەچێ و ئەو ماوەیەش لە مێژووی پێ ڕاگەیاندنیەوە دەست پێ دەکات.

## بەشی شەشەم
## پێکهاتەکانی سەندیکای پارێزەران
## «سەندیکای پارێزەران»

مادەی (٤٥):
یەکەم: سەندیکای پارێزەران ڕێکخراوێکی پیشەیی دیموکراتیی سەربەخۆیە، هەموو ئەو پارێزەرانە دەگرێتەخۆ کە ناویان لەلای تۆمارکراوەو کەسایەتییەکی مەعنەوی هەیەو بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمە.
دووەم: ئەنجوومەنێک بە سەرۆکایەتی نەقیب سەندیکاکە دەنوێنێ ئەگەر ئەو دیار نەبوو ئەوا وەکیلی سەندیکا جێگای دەگرێتەوەو ئەو سەندیکایە لە پارێزگاکاندا لقی هەیە و ئەندامەکانی بەو ڕێگایە هەڵدەبژێردرێن کە لەم یاسایەدا و لە پەیڕەوەکانی کە لێی دەرچوون هاتووە.

مادەی (٤٦):
سەندیکا ئەم کارانە دەکات:
یەکەم: بەشداریی کردن لە پشتگیری حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراتی و پاڵپشتی کردنی فیدرالیەت وچەسپاندن و پەرەپێدانی.
دووەم: بەدی هێنانی ئەو ئامانجە دیاری کراوانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون و کار دەکات لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی پارێزەریی.
سێیەم: پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بە ئەندامانی و دابینکردنی یارمەتی گوزەرانی وا کە ژیانێکی سەربەرزانە بۆخۆیان و خێزانەکانیان بەدی بێنن.
چوارەم: هاریکاری کردن لەگەڵ سەندیکا پیشەییەکانی دیکە لە پێناوی بەدی هێنانی ئامانجە پیشەییەکانی.
پێنجەم: هاریکاریی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی و ناوەندی و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت بە جۆرێکی وا کە داد و سەروەریی یاسا دابین بکات.

## بەشی حەوتەم
## لقی یەکەم - دەستەی گشتی پارێزەران

مادەی (٤٧):
دەستەی گشتی پارێزەران لە هەموو ئەو پارێزەرانە پێک دێ کە لە تۆماردا نووسراون و ئابونەی بەشداربوونی خۆیان داوەو هیچیان لەسەر نەماوە.

ماددەی (٤٨):
یەکەم: دەستەی گشتی هەر سێ ساڵ لەمانگی شوباتدا کۆدەبێتەوە.
دووەم: ڕادەی یاسایی بۆ کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بە ئامادەبوونی زۆرینەی موتلەقی ئەندامانی تەواو دەبێت و ئەگەر ئەو ڕادەیە تەواو نەبوو ئەوا کۆبوونەوەکە دوا دەخرێ بۆ ڕۆژی دوایی و بە ئامادەبوونی چارەگی ئەندامانی دەکرێ و ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەوا ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ دەورەیەکی دیکە بەردەوام دەبێت.
ماددەی (٤٩):
دەستەی گشتی ئەم دەسەڵات و تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:
١- وتووێژکردن لەسەر کارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکاو بڕیار دان لەسەر دواژمێرکاریی بودجەی پێشوو و بڕیاردان لەسە بودجەی نوێ کە ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ سێ ساڵی داهاتووی ئامادەی دەکات.
٢- سەیرکردنی کاروباری ئەو پارێزەریەی کە لە خشتەی کاردا هاتووەو یەکلاکردنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە خراوەتە بەردەمی سەبارەت بەو کاروبارانە.
٣- دەستنیشانکردنی ڕەسم و ئابونەی بەشداربوون و غەرامە بۆ سەندیکا و سندووقی خانەنیشینی.
٤- هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەصلی ئەنجوومەنی سەندیکاو یەدەگەکانی.
٥- بڕیارەکانی دەستەی گشتی دەبێ جێبەجێ بکرێن و بە زۆربەی ڕەهای دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەچێت.
ماددەی (٥٠):
یەکەم: دەستەی گشتی بە شێوەیەکی نائاسایی لە بارەگای سەندیکا لەسەر داواکردنی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەن یاخود سێ یەکی ئەندامە تۆمارکراوەکان کۆدەبێتەوە.
دووەم: ڕادەی یاسایی بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئامادەبوونی بەلایەنی کەمەوە سێ یەکی ئەندامە تۆمارکراوەکان تەواو دەبێت و ئەگەر نەبوو ئەوا بۆ ڕۆژی دوایی دوا دەخرێ و ئەگەر ئەمەش نەبوو ئەوا کۆبوونەوە نابێت و بڵاوەی لێ دەکرێ.
سێیەم: نابێ هیچ کاروبارێک وتووێژی لەسەر بکرێت گەر لە داواکاری بەستنی کۆبوونەوە نائاساییەکەدا نەهاتبێ.
ماددەی (٥١):
ئەنجوومەنی سەندیکا لە نەقیب و (دە) ئەندامی ئەصلی و سێ ئەندامی یەدەگ پێک دێ.
ماددەی (٥٢):
ئەو کەسەی کە بە نەقیب هەڵدەبژێردرێت مەرجە ئەمانەی لێ بێتەدی:
یەکەم: پێویستە ڕاوێژکاربێت و بە کردەوە پارەیزەریی کردبێت بە پێی تۆماری (الاقدمیە) بۆ ماوەیەک لە دە ساڵ بەسەر یەکەوە یاخود پچڕ پچڕ کەمتر نەبێت.
دووەم: نابێ بە هیچ سزایەکی بەرزەفتی حوکم درابێ.
ماددەی (٥٣) ئەوەی بە ئەندام هەڵدەبژێردرێت مەرجە ئەمانەی خوارەوەی لێ بێتەدی:
یەکەم: دەبێ ڕاوێژکار بێت و بە کردەوە پارێزەریی کردبێت بە پێی تۆماری پێشینەیی (الاقدمیە) بۆ ماوەیەک لە حەوت ساڵ بەسەر یەکەوە یان پچڕ پچڕ کەمتر نەبێت.
دووەم: نابێ بە هیچ سزایەکی بەرزەفتی مەحکوم کرابێ کە ڕێگەی لە دەست دانە پیشەی پارێزەری گرتبێ.

مادده‌ی (٥٤):
ئه‌نجوومه‌ن له‌ یه‌كه‌مین كۆبوونه‌وه‌یدا له‌ نێوان ئه‌ندامه‌كانی وه‌كیلێك بۆ سه‌ندیكا و سكرتێر و ئه‌مینداریكی سندووق هه‌ڵده‌بژێرێ و ده‌سه‌ڵات و تایبه‌تمه‌ندیان به‌پێی ئه‌م یاسایه‌و ئه‌و ڕێنماییانه‌ی كه‌ ئه‌نجوومه‌ن ده‌ریان ده‌چوێنێ دیاری ده‌كات.

مادده‌ی (٥٥):
یه‌كه‌م: ئه‌نجوومه‌ن هه‌ر (١٥) ڕۆژ جارێك كۆبوونه‌وه‌یه‌كی ئاسایی ده‌به‌ستێ و به‌ شێوه‌یه‌كی نائاساییش له‌سه‌ر داوای نه‌قیب یان له‌سه‌ر داوایه‌كی نووسراو له‌لایه‌ن به‌لانی كه‌مه‌وه‌ سێ ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌ن بۆ سه‌یركردنی ئه‌و بابه‌ته‌ی كه‌ له‌ پێناویدا داوای كۆبوونه‌وه‌ كراوه‌.
دووه‌م: كۆبونه‌وه‌ی ئاسایی و نائاسایی ئه‌نجوومه‌ن به‌ ئاماده‌بوونی زۆرینه‌ی ئه‌ندامانی به‌ نه‌قیب و وه‌كیلی سه‌ندیكاوه‌ نه‌بێت نابه‌سترێت و له‌ كاتی ئاماده‌بوونیان ئه‌وا به‌ ته‌مه‌نترین ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌ن سه‌رۆكایه‌تی ئه‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌ ده‌كات.
سێیه‌م: بڕیاره‌كانی ئه‌نجوومه‌ن به‌ زۆربه‌ی ده‌نگ ده‌رده‌چن و ئه‌گه‌ر ده‌نگه‌كان به‌رامبه‌ر بوون ئه‌وا ئه‌و لایه‌ی كه‌ سه‌رۆك یا ئه‌وه‌ی جێی ده‌گرێته‌وه‌ له‌گه‌ڵدا بێت په‌سند ده‌كرێت.
چواره‌م: بڕیاره‌كانی ئه‌نجوومه‌ن مولزیمه‌.

لقی دووه‌م (نه‌قیبی پارێزه‌ران)

مادده‌ی (٥٦):
نه‌قیبی سه‌ندیكای پارێزه‌ران له‌ به‌رده‌م ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری و ده‌سته‌ی دیكه‌دا نوێنه‌رایه‌تی سه‌ندیكا ده‌كات و ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه‌ی هه‌یه‌:
یه‌كه‌م: سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا ده‌كات.
دووه‌م: ئه‌و بڕیار و ڕاسپاردانه‌ی كه‌ ده‌سته‌ی گشتی و ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا بڕیاریان له‌سه‌ر داوه‌ جێبه‌جێیان ده‌كات.
سێیه‌م: به‌ستنی ئه‌و گرێبه‌ندانه‌ (العقود)ی كه‌ ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا ڕه‌زامه‌ندی له‌سه‌رداوه‌.
چواره‌م: به‌ناوی سه‌ندیكاوه‌ له‌ به‌رده‌می دادگاكاندا دادوه‌ریی ده‌كات و بۆشی هه‌یه‌ ئه‌ندامێكی دیكه‌ی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا یا پارێزه‌رێكی دیكه‌ له‌جیاتی خۆی بۆ ئه‌و ئه‌ركه‌ دابنێت.

مادده‌ی (٥٧):
یه‌كه‌م: وه‌كیلی سه‌ندیكا له‌ كاتی ئاماده‌نه‌بوونی نه‌قیب هه‌موو ده‌سه‌ڵاتێكی ئه‌وی هه‌یه‌.
دووه‌م: نه‌قیب بۆی هه‌یه‌ هه‌ندێ له‌ ده‌سه‌ڵاته‌كانی خۆی بدات به‌ وه‌كیلی سه‌ندیكاكه‌ی.

مادده‌ی (٥٨):
ئه‌نجوومه‌ن ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه‌ی خواره‌وه‌ی هه‌یه‌:
یه‌كه‌م: دامه‌زراندنی فه‌رمانبه‌ران و به‌رده‌ستان و دیاری كردنی مووچه‌كانیان و ڕێكخستنی كاروباری خزمه‌تگوزارییان به‌پێی ئه‌و ڕێنماییانه‌ی كه‌ ئه‌نجوومه‌ن ده‌ریان ده‌چووێنێ.
دووه‌م: ئاماده‌كردنی ژمێركاریی كۆتایی سه‌ندیكا بۆ ساڵی دارایی ڕابردوو و ئاماده‌كردنی بودجه‌ی نوێ بۆ سێ ساڵی داهاتووی بۆ ئه‌وه‌ی بیان خاته‌ به‌رده‌م ده‌سته‌ی گشتی بۆ ڕاستاندنیان.
سێیه‌م: سه‌رپه‌رشتی كردنی لقه‌كانی سه‌ندیكا و ژووره‌كانی پارێزه‌ران.
چواره‌م: دامه‌زراندنی ژووری پارێزه‌ران.
پێنجه‌م: دامه‌زراندنی یانه‌كانی پارێزه‌ران به‌ پێی یاسای كۆمه‌ڵه‌كان و په‌یڕه‌وه‌ ناوخۆییه‌كانیان و سه‌رپه‌رشتی هه‌ڵبژاردنی ده‌سته‌كانی به‌ڕێوه‌بردنیان.

شەشەم: پێکهێنان و دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی ئەو لیژنانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون و پێویستە پێک بهێنرێن.
حەوتەم: جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی و بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانی.
هەشتەم: ناردنی ئەو شکایەتانەی کە سزایەکەیان لە تایبەتمەندیی ئەنجوومەندا نییە بۆ لیژنەی بەرزەفتی.

مادەدەی (٥٩):

یەکەم: ئەگەر نەقیب یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامیەتی بەهەر هۆیەک لە دەست دا ئەوا وەکیلی سەندیکا بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە جێی دەگرێتەوە ئەگەر ئەو ماوەیە لە ساڵێک کەمتر بوو.
دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دەستەی گشتی دەکات بۆ هەڵبژاردنی نەقیب بۆ ئەو ماوەیەی کە لە دەورەکە ماوە.
سێیەم: ئەگەر ئەندامی ئەصلی یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامێتی لەدەست دا ئەوا ئەندامی یەدەگ کە زۆرترین دەنگی وەرگرتووە جێی دەگرێتەوە.
چوارەم: ئەگەر شوێن و پایەی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن بە واز هێنان یان بە هەر هۆیەکی تر چۆڵ بوو ئەوا لیژنەیەک لە پێنج ئەندام پێک دێت و ئەنجوومەنی دادوەریی دایان دەمەزرێنێ و دادوەرێک سەرۆکایەتی دەکات کە لە صنفی یەکەم بێت و لەگەڵ ئەندامیەتی چوار پارێزەری ڕاوێژکار، کاروباری بەڕێوەبردنی سەندیکا دەگرێتە دەست و داوای دەستەی گشتی دەکات بۆ کۆبوونەوە لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ دەورەیەکی نوێ.

لقی سێیەم - (لیژنەی بەرزەفتی)
(الانضباط)

مادەدەی (٦٠):

لیژنەی بەرزەفتی لە پێنج ئەندام لە پارێزەری ڕاوێژکار پێک دێت، لەوانە سێ ئەندامیان ئەصلین و دوانیشیان یەدەگن و لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە دەسنیشان دەکرێن بە مەرجێک سەرۆکەکەی لە ئەندامانی ئەنجوومەن بێت.

مادەدەی (٦١):

هەر پارێزەرێکی زیانی بە ئەرکێک لە ئەرکەکانی پیشەی پارێزەریی گەیاند، یان کارێکی وای کرد کە لە نرخی کەم بکاتەوە یا کردارێکی ئەنجامدا کە لە کەرامەتی پارێزەران بدات یاخود سەرپێچی حوکمێک لە حوکمەکانی ئەم یاسایەی کرد ئەوا سزایەکی بەرزەفتی دەدرێ.

مادەدەی(٦٢):

جگە لەوەی کە دەقێکی ئەم یاسایە گرتبێتیەوە دەنا هەر کارێکی لەم بڕگانەی خوارەوەدا هاتبێ زیان گەیاندنە بە ئەرکی پیشەی پارێزەری:
یەکەم: زیان گەیاندنی بەنقەست بە مافی(موەکیل) و لە بەردانی ئەو مافەی یان گاڵتە پێ کردنی یاخود بەکارهێنانی وەکالەتەکەی بۆ سوودی شەخسی.
دووەم: فێڵ لە موەکیل کردن و خۆ لەبەر بردنەدەر لە وەکالەتەکەی.
سێیەم: وەکیلایەتی کردنی شکایەت لێ کراوە کە(الخصم) یان پێدانی ڕاوتەگبیر بۆی.
چوارەم: مامڵەت کردن لەگەڵ دەڵاڵ و ناوبژیوانان بۆ ڕاکێشانی مەعمیل بۆ خۆی.
پێنجەم: فێڵ کردن لە بەڵگەنامەی یاسایی و پێشکەش کردنی بە دادوەری یان لایەنی ڕەسمی.

شەشەم: ڕێگە ون کردن لە دادوەریی بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت.
حەوتەم: سیفەتی نەقیب یان یەکێک لە ئەندامی ئەنجوومەن بەدرۆ بەکاربێنێ.
هەشتەم:سەرپێچی کردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی کە لە ئەنجوومەنی سەندیکا، یان لە هەر دەستەیەک لە دەستەکانی کە لەم یاسایەدا هاتوون دەرچوون.
نۆیەم: ئەگەر مەحکووم کرابێ لەسەر تاوانێکی عەمدی ناسیاسی یاخود تاوانێکی ئابڕوو بەر.
دەیەم: بەکارهێنانی گەف و هەڕەشە یان ئارەزوو پەیدا کردن بۆ ڕاکیش کردنی مەعمیل و بە کارهێنانی پایەی سیاسی یان کۆمەلایەتی بۆ ئەو کارەی.

ماددەی(٦٣):

یەکەم: لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە ئەم سزایانەی خوارەوە بدات:

١ـ ئاگادار کردنەوە: ئەمە بە نووسراوێک ئاراستەی پارێزەرەکە دەکرێت و لەوەی کردوویەتی ئاگادار دەکرێتەوە و داوای لێ دەکرێت لە دوا ڕۆژدا دووبارەی نەکاتەوە.
٢ـ ئینزار: ئەمەش بە نووسراوێک ئاراستەی پارێزەرەکە دەکرێت و ئەو گوناهەی بۆ دەردەخرێت کە ئینزارەکەی لەسەری پێدراوە و داوای لێ دەکرێ لە دوا ڕۆژدا دووبارەی نەکاتەوە و دەبێ غەرامەیەکی دارایی بدات کە لە دوو سەد و پەنجا دینار کەمتر نەبێ و لە دوو هەزار دیناریش پتر نەبێ و ئەو پارەیەش دەخرێتە سندووقی سەندیکا.
٣ـ ڕێگرتن لە دەستدانە پیشەی پارێزەری بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵیش پتر نەبێ و ئەمەش لە ڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی بڕیاری کۆتایی کە لە دژی دەرچووە کاری پێ دەکرێ.
٤ـ لەو بارەی کە بۆ جاری سێیەم حوکم بدرێت.

دووەم: ئەو ماوەیەی ڕێگەگرتن لە دەستدانە پیشە، بۆ مەبەستی خزمەت و دەستدانە پیشەکە حیساب ناکرێ.

ماددەی (٦٥):

شکایەتی بەرزفەتی (انضباطی) بە شێوەیەکی نووسراو لەلایەن نەقیبەوە یان سەرۆکی داواکاری گشتی یاخود دادگایەک یان لایەنێکی ڕەسمی یانە لە موەکلیەوە پێشکەش دەکرێ و بەکار دەخرێ.

ماددەی (٦٦):

یەکەم: لیژنە سەیری شکایەتەکە دەکات و یەکلای دەکاتەوە بەپێی حوکمەکانی (یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی) ئەگەر نەگونجاو نەبێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.
دووەم: لە حاڵەتێک ئەگەر پارێزەر غەرامەکەی نەدا، ئەوا قەدەغە دەکرێت لە دەستدانە پیشەی پارێزەری تاکو دەیدات.

ماددەی (٦٧):

یەکەم: لەم حاڵەتانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون، ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە ڕێگە لە پارێزەر بگرێ بۆ دەستدانە پیشەی پارێزەری ئەگەر ماوەی قەدەغەکردنەکەی لە (٦) مانگ کەمتر بوو، یاخود سەرنج ڕاکێشان (إلفات نظر)بو ئەگەر ئەمانەی کرد:

١ـ بەبێ عوزری مەشروع لە بەردەم ئەنجوومەنی سەندیکا یاخود نەقیب ئامادە نەبوو.
٢ـ ئەگەر ڕەوشتێکی نواند کە پێچەوانەی ئوسول و داب و نەریتی پیشەکەی بێت.

٣ـ ئەگەر کارێکی وای کرد زیان بە هاوکارەکانی بگەیەنێ یان زیان بەو کەسە بگەیەنێ کە خزمەتێکی گشتی بێ سپێردراوە.
٤ـ زانیاریی درۆی وای دابێتە سەندیکا کە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان بێت.
٥ـ نهێنییەک لە نهێنییەکانی سەندیکا کە پێی سپێردراوە بڵاوبکاتەوە یان بە پێی ئەرکەکانی ئاگادارییان بێت.

دووەم: ئەو بڕیارەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە بە نووسراوێکی ڕەسمی ئاراستەی پارێزەرەکە دەکرێت و تێیدا بەپێی ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی کارپێکراوی سەندیکا بۆی ڕوون دەکرێتەوە.

ماددەی (٦٨):

یەکەم: بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی قابیلی تەمییز کردنن لە دادگای تەمییزی هەرێم لە ماوەی سی ڕۆژ لە مێژوی پێ ڕاگەیندنی و بڕیاری دادگاش یەکلاکەرەوەیە.

دووەم: ئەو بڕیارانەی کە پلەی کۆتاییان وەرگرتووە لە بارەگای سەندیکاو ژوورەکانی پارێزەران هەڵدەواسرێن.

## بەشی هەشتەم
## لقەکانی پارێزگاکان

ماددەی (٦٩):

یەکەم: لقێکی سەندیکا لە هەموو پارێزەگایەک لە پارێزگاکانی هەرێم دادەمەزرێ و لە سێ ئەندامی ئەصلی و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێت لە پارێزەری ڕاوێژکار و لەلایەن ئەو پارێزەرانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە پارێزگاکەدا نیشتەجێن.

دووەم: ئەوەی زۆرتر دەنگی وەرگرتبێ دەبێتە سەرۆکی لقەکە.

سێیەم: ئەوەی سزایەکی بەرزەفتی درابێ کە ڕێگە لە دەستدانە پیشەی پارێزەری بگرێت نابێتە ئەندامی لق.

چوارەم: لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پایەی بەرپرسی لیژنەی پارێزگا یا دوو ئەندام لەو لیژنەیە هەموو ئەندامان بانگ دەکرێن بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی لق لە مەرکەزی پارێزگاو بە ئامادەبوونی دوو ئەندامی سەرپەرشتکار لە ئەنجوومەنی سەندیکا هەڵبژاردنەکە دەکرێت.

## بەشی نۆیەم
## (دارایی سەندیکا)

ماددەی (٧٠):

دارایی سەندیکا لە مانەی خوارەوە پێک دێ:
یەکەم: ئابونە (بدل)ی چوونە ناو سەندیکا.
دووەم: پارەی ئابوونەی ساڵانە.
سێیەم: ڕەسمی پێشکەوتن و پێشتر دەست بەکاریی.
چوارەم: قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
پێنجەم: کرێی خانووبەرەکانی سەندیکا.
شەشەم: پارەی بەشایەدی دان و ڕاستاندنی کەفالەتەکان.
حەوتەم: ڕێژەیەکی داشکاو لە پارەی هەقی ماندووبوونی پارێزەریی و پارەی مانگانەو ساڵانەی ئەو ڕاوێژکارانەی بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم وکۆمپانیاو کەسی سروشتی و مەعنەوی کار دەکەن کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە.

هەشتەم: ئەو غەرامانەی کە خراونەتە سەر کۆمپانیاو بەڵێندەرەکان بەهۆی دامەزراندنی ڕاوێژکاری یاسایی تایبەت بە خۆین.
نۆیەم: هەموو ئەو ڕەسمانەی کە لەلایەن سەندیکاوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن.
دەیەم: ئەوغەرامانەی کە خراونەتە سەر پارێزەران بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
یازدەم: ئەو بەخشین و یارمەتییە داراییانەی کە حکومەت بەشداریی تێدا دەکات.
دوازدەم: ئەو پیتاک و بەخششە داراییانەی دیکە بەپێی ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارە تایبەتمەندەکان.

ماددەی (٧١):
ساڵی دارایی سەندیکای پارێزەران لە ڕۆژی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات.

ماددەی (٧٢):
یەکەم: ئەنجومەنی سەندیکا بەرپرسە لە ماڵ و پارە و چۆنیەتی وەرگرتنیان و پاراستنیان و بڕیاردان لەسەر سەرف کردنی خەرجییەکانی لە بودجەی دانراوی خۆی کە ئیدارەکەی وا بخوازێ.
دووەم: حساباتی ساڵانەی سەندیکا دەکەوێتە بەر وردبینی چاودێری داریی (الرقابە المالیە)ی هەرێم.
سێیەم: ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا ڕاگوێزکاری (المناقلە) لە نێوان ئیعتیمادە دانراوەکانی نێو بودجەی ساڵانەی خۆیدا بکات.
چوارەم: ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا قەرز بە قازانج یان بەبێ قازانج لەلایەنە داراییە ڕەسمییەکان وەرگرێ.

ماددەی (٧٣):
بەڕەزامەندیی دەستەی گشتی نەبێ نابێت خانووبەرەی موڵکی سەندیکا بفرۆشریت جگە لەوە ئەنجوومەن بۆی هەیە تەسەروف بە ماڵی سەندیکاوە بکات و ئەمەش بە بڕیارێکی خۆی و بەپێی هەل و مەرجی دارایی دەبێ.

ماددەی (٧٤):
ئەگەر بارێکی نائاسایی ڕێ لە بەستنی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی گرت بۆ ڕاستاندنی بودجە و حیسابی کۆتایی، ئەوا پارە وەرگرتن وخەرج کردنی لەسەر بنچینەی بودجەی پێشوو بەردەوام دەبن تاکو دەستەی گشتی کۆدەبێتەوە و بڕیار لەسەر بودجەی نوێی دەدات.

ماددەی (٧٥):
یەکەم: پارەو موستەنەدەکان بەناوی سەندیکا لە یەکێک لە بانکەکان دادەنرێن.
دووەم: نەقیب و ئەمینداری سندووق (خەزنەدار) بە یەکەوە یان ئەوەی جێیان دەگرێتەوە بە بڕیارێک لە ئەنجوومەن فەرمانی دانان و سەرف کردن ئیمزا دەکەن.

ماددەی (٧٦):
ئەگەر سەندیکای پارێزەران لەبەر هەر هۆیەک هەڵوەشایەوە ئەوا ڕەسیدی حیسابەکەی و موڵک و ماڵی دەبنە موڵکی سندووقی خانەنشینی پارێزەران و لەلایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوە دەبرێ کە ئەندامانی لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمەوە دادەمەزرێن.

## بەشی دەیەم
## حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی (٧٧):
دەستەی کاتی کە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١) کە لە ڕۆژی ١٩٩٣/١/٣ پێکهاتووە، بەردەوام دەبێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکا تاکو

هەڵبژاردن دەکرێ و ئەنجوومەنی سەندیکای نوێ هەڵدەبژێردرێ و پێویستە لەسەری کاری وا بکات بۆ هەڵبژاردنەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەک ئەو پەرەکەی نەوەت ڕۆژ بێت.

ماددەی (٧٨):

ئەو پارێزەرانەی کە لە سەندیکا تۆمارکراون هەموو مافێکیان لەلای سەندیکای پارێزەران و سەندووقی خانەنشینی پارێزەران و کۆمپانیای دڵنیابون لە ژیان کە لە مەرکەزدا هەیە و پێویستە لەسەر سەندیکا هەموو کارێکی پێویست بکات بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانە.

ماددەی (٧٩):

کارکردنی بە ڕەسمی ناونووس کردن و ئابونەی بەشداربوون و غەرامەکان و پارەی دابین کردنی تەندروستی و ڕەسمی دیکە ئێستاکە بەردەوام دەبێت تاکو هەڵبژاردن دەکرێت.

ماددەی (٨٠):

کار بەهیچ دەقێکی دیکە ناکرێت کە نەگونجاو بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

ماددەی (٨١):

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی (٨٢):

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستیەکان

لە دوای ڕاپەڕینی شکۆداری ئادار، حکومەتی ناوەندی لە بەغدا کارگێڕی خۆی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کێشایەوەو ئابلووقەیەکی کارگێڕیی و ئابووری خستە سەر هەرێم، ئەمە وای کرد ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری ژمارە «٢٢» لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٥دا دەرچوواند بە دیاری کردنی پەیوەندیی هەرێم بە ناوەند بە شێوەی فیدرالیزم.
لە ئەنجامی ئەو کارەدا پەیوەندی لەنێوان پارێزەران لە هەرێمی کوردستان و سەندیکای ناوەندی پچڕا، جگە لەوەش یاسای سەندیکای ناوەندیی هیواو ئاواتی پارێزەرانی دەرنەدەبڕی و لەگەڵ پەرەپێدان ودیموکراتییەت نەدەڕۆیشت، تاکو کاروباری پارێزەرانی کوردستان لە سەندیکایەکی پیشەیی ڕێک بخرێ و کاروباری خۆی لەسەر بنەمای دیموکراتییەت و گیانی سەردەم ڕێک بخات و ڕەچاوی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بکات و لەگەڵ هیواو ئاواتی پیشەیی ئەندامان بگونجێ و ئاستی پیشەیی و زانستی وگوزەرانی ئەندامان بەرز بکاتەوە، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێنرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣٤**

**مێژووی بڕیار: ١٩/١٢/١٩٩٩**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/١٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەی دەرهێنا.

یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩

یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

بەشی یەکەم

«پێناسەکان»

ماددەی (١):

مەبەست لەم گوزارشت و زاراوانەی خوارەوە ئەم مانایانەن کە بەرامبەریان نووسراوە.

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

سێیەم: سندووق: سندووقی خانەنشینی پارێزەران.

چوارەم: دەستەی سەندووق: ئەو دەستەیەی بە پێی ئەم یاسایە دامەزرێندراوە.

بەشی دووەم

حوکمە گشتییەکان

ماددەی (٢):

یەکەم: لە بارەگای سەندیکا سندوقێک بۆ خانەنشینی پارێزەران دادەمەزرێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە داهات و خەرجییەکانی دەستنیشان دەکرێ و لەلایەن دەستەیەک بەڕێوە دەبرێت.

دووەم: سندووقی خانەنشینی کەسایەتییەکی مەعنەوی هەیە، مەبەستەکەی دابینکردن و سەرفکردنی مافی خانەنشینییە بۆ پارێزەرەکان و بۆ ئەندامانی خێزانەکانیان دوای مردنیان.

سێیەم: هەموو پارێزەرێکی ئەندام لە سەندیکا بە بەشداربوویی سندووق دادەنرێ لە پاش ئەوەی ئابوونەو ڕسمە یاساییەکان دەدات.

مادده‌ی (٣):

یه‌كه‌م: ده‌سته‌ی سندووق له‌ ٣ ئه‌ندامی ئه‌سڵی و ٣ یه‌ده‌گ به‌م جۆره‌ پێك دێت:

١- دوو ئه‌ندامی ئه‌سڵی له‌ ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا یه‌كێكیان ئه‌ندامی ئه‌سڵی و ئه‌وه‌ی تریان یه‌ده‌گ، ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا ده‌یانپاڵێوێ.

٢- دوو فه‌رمانبه‌ر به‌ پله‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی له‌ وه‌زاره‌ت یه‌كێكیان ئه‌ندامی ئه‌سڵی و ئه‌وه‌ی تریان یه‌ده‌گ، وه‌زیری دارایی و ئابووری دایانده‌مه‌زرێنی بۆ یه‌ك ساڵ و قابیلی نوێكردنه‌وه‌یه‌.

٣- دوو پارێزه‌ر به‌ پله‌ی ڕاوێژكار یه‌كیان ئه‌ندامی ئه‌سڵی و ئه‌وه‌ی تریان یه‌ده‌گ، نه‌قیب ده‌یان پاڵێوێ.

دووه‌م: نوێنه‌رێكی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا سه‌رۆكایه‌تی ده‌سته‌كه‌ ده‌كات و له‌ به‌رده‌م دادگه‌كان و فه‌رمانگه‌و كه‌سه‌ سروشتیی و مه‌عنه‌وییه‌كاندا نوێنه‌رایه‌تی ده‌كات.

مادده‌ی (٤):

یه‌كه‌م: ده‌سته‌، ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه‌ی خواره‌وه‌ی هه‌یه‌:

١- دابینكردنی داهاته‌كانی سندووق و به‌كارهێنانیان به‌پێی حوكمه‌كانی ئه‌م یاسایه‌.

٢- چه‌سپاندنی ماوه‌ی ده‌ستدانه‌ پارێزه‌ریی و حیسابكردنی ئه‌و ماوه‌یه‌ی له‌ فه‌رمانبه‌ریی به‌سه‌ری بردووه‌و كاری بۆی كردووه‌ بۆ مه‌به‌سته‌كانی خانه‌نشینی.

٣- خانه‌نشین كردنی پارێزه‌ران به‌ پێی حوكمی ئه‌م یاسایه‌.

٤- ته‌رخانكردنی مافه‌كانی خانه‌نشینی بۆ پارێزه‌ران یان بۆ ئه‌ندامانی خێزانه‌كانیان دوای مردنیان.

٥- دامه‌زراندنی كارمه‌ندان بۆ ڕواندنی كاروباری ده‌سته‌.

٦- ئاماده‌كردنی بودجه‌ی ساڵانه‌ی سندووق و ناردنی بۆ وه‌زاره‌ت بۆ ڕاستاندنی.

٧- ڕێكخستنی بودجه‌ی مانگانه‌ی سندووق.

٨- ده‌رچواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی به‌ڕێوه‌بردنی كاروباری سندووق.

دووه‌م: ده‌سته‌ بۆی هه‌یه‌ هه‌ندێ ده‌سه‌ڵاتی خۆی بدات به‌ سه‌رۆكه‌كه‌ی یان یه‌كێك له‌ دوو ئه‌ندامه‌ ئه‌سڵییه‌كانی.

## به‌شی سێیه‌م
## (حوكمه‌ داراییه‌كان)

مادده‌ی (٥):

داهاته‌كانی سندووق له‌م سه‌رچاوانه‌ی خواره‌وه‌ پێك دێن:

١- ئابونه‌ی به‌شداربوونی پارێزه‌ران له‌ سندووقدا.

٢- ئه‌و پوولانه‌ی تایبه‌تن به‌ سندووقه‌كه‌.

٣- ئه‌و ڕێژه‌ سه‌دییانه‌ی له‌ كرێی ماندوبوونی پارێزه‌ران له‌ داواكان و ڕاوێژپێكردنی یاسایی وه‌رده‌گیرێ.

٤- به‌خششه‌ جۆراوجۆره‌كان به‌ ڕه‌زامه‌ندی ده‌سه‌ڵاته‌ په‌یوه‌ندیداره‌كان.

٥- ده‌ستگیرۆیی و یارمه‌تییه‌كانی حكومه‌تی هه‌رێم.

مادده‌ی (٦):

یه‌كه‌م: ئه‌گه‌ر ماوه‌یه‌ك به‌ناوی ده‌ستدانه‌ پیشه‌ی پارێزه‌ریی خرایه‌ سه‌ر ماوه‌ی كاركردنه‌كه‌ی له‌و مێژووه‌وه‌ حسێب ده‌كرێ كه‌ داوای خستنه‌ سه‌ری كردووه‌ بۆ حسابكردنی ئه‌و پاره‌یه‌ی له‌ بڕی ده‌یدات به‌پێی ئه‌م یاسایه‌.

دووەم:١ـ دەبێ دەستە پەیڕەوێک دەربچوێنێ بڕی ئابوونەی بەشداربوونی تیایدا بەگوێرەی پێڕەوە داراییە کارپێکراوەکان دەستنیشان بکات.
٢ـ دەستە دەبێ خشتەیەک ڕێک بخات و تیایدا هەموو ئەو موعامەلانە دیاری بکات کە پوول لێدان دەیانگرێتەوە لەگەڵ بەهاکانیانەوە (ئەقیام).
٣ـ ئەو کەسانەی کە ناویان لەو خشتەیەدا هاتووە کە دەستە ڕێکی دەخات دەبێ پوول لەو ئەوراقانە بدەن کە تیایدا نووسراون بە پێی ئەو بەهایانەی بەرامبەریان تۆمار کراون.
سێیەم: پارێزەر ئابوونەی بەشداربوون بەیەک جار پێش کۆتایی هاتنی دوا مانگی هەر ساڵێک دەدات و لە باری دواکەوتنی لە وادەی دیاریکراو بەرێژەی (٥٠٪)ی ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانەی دەخرێتە سەر.
چوارەم: سەندیکا بۆی نییە ناسنامەی پارێزەر نوێ بکاتەوە ئەگەر ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانەی لە سندووقی کەوتبێتە سەر بۆ ساڵی پێشوو یان ئەو قستانەی نەدابێت کە لە ساڵەکانی پێشترەوە کەوتوونەتە سەری.
پێنجەم: دەستە بە هۆی وەزارەتەوە پوولی پارێزەریی دەردەچووێنێ و بۆیشی هەیە لە بڕی پوول ڕسم وەربگرێ ئەگەر نەکرا پوول دەرچووێنرێ و دەستە پارەی چاپکردنەکەی دەگرێتە ئەستۆ.
شەشەم: سەرپێچی کاری حوکمەکانی بڕگەی (٣)سێیەمی ئەم ماددەیە بەو سزایانەی لە یاسای ڕسمی پول دا هاتوون سزا دەدرێت و ئەو غەرامەیەش کە دەسەپێنرێت دەچێتە سەندووقەکەوە.
حەوتەم: پێویستە فەرمانگە ڕەسمییەکان و کەسە مەعنەوییەکان ئەو ڕێژە یاساییە لە پارەی ماندووبوونی پارێزەرەوە ڕاوێژپێکردنی بگێرنەوەو ڕاستەوخۆ بینێرن بۆ سندووق.
هەشتەم: فەرمانگەکانی دەوڵەت لە هەرێمدا لە لێدانی پوول لە ئەوراقی تایبەت بە مامەڵەتەکانیانەوە دەبووردرێن.

ماددەی (٧):
دەستە نابێ داهاتەکانی سندووق وەبەربێنێ تەنیا بەم ڕێگایانە نەبێ:
یەکەم: لە بانک دانان بەپێی ئەو ڕێگەو ڕێژەو قازانجانەی بە چاکیان دەزانێت.
دووەم: کڕینی سەنەداتی حکومەتیی و حەوالەی خەزێنەیی.
سێیەم: قەرزدان بە دەزگاکان بە قازانج بە پشتگیری وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم یاخود یەک لە بانکەکان بە ماوەیەک لە سێ ساڵ ڕەت نەکات.
چوارەم: سوود وەرگتن لەو خانووبەرانەی کە عائیدی سندووقن.

ماددەی (٨):
یەکەم: نابێ خەرجی ساڵانە لە (٨٥٪)ی داهاتی ساڵانەی سندووق ڕەت بکات و ئەوەی دەمینێتەوە دەبێتە یەدەگ بۆی.
دووەم: دەست لە یەدەگ نادرێ تەنیا مەگەر (عەجز)ێکی کتوپڕ ڕووبدات و پێویست بکات پڕ بکرێتەوە.

ماددەی (٩):
ماڵ و پارەو قازانج و داهاتەکانی سندووق باجی دەرامەت و باجی عەقارو ڕەسمی پوول و ڕەسمی تۆمارکردنی عەقار (خانووبەرە) نایانگرێتەوە.

ماددەی (١٠):

یەکەم: ئەو پارێزەرانەی قەرزارن دەبێ ئەو قەرزانەی بۆ سندووق لەسەریانە بیدەنەوە ئەویش لە ماوەی یەک ساڵ لە کارکردن بەم یاسایەدا.

دووەم: بۆ وەرگتنەوەی قەرزەکانی سندووق یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان پیادە دەکرێت.

بەشی چوارەم

لقی یەکەم

خانەنشین کردن

ماددەی (١١):

ئەو پارێزەرەی ناوی لە تۆماری پارێزەران دا تۆمار کراوە بۆی هەیە لە یەکێک لەو حاڵەتانەی خوارەوە داوا بکات خانەنشین بکرێ:

یەکەم: ئەو ماوەیەی تیایدا شایانی خانەنشینی دەبیت، (٢٥) بیست و پێنج ساڵ یاخود زیاتر بێت بەردەوام بێ یان بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بێ و، بەپێی تۆماری پێشینەیی.

دووەم: دەبێ ئەو ماوەیە خانەنشینی لێ دەکەوێ (١٥) پانزە ساڵ یاخود پتر بێت بە بەردەوامی یان بە پچڕ پچڕی بێ و توانای کاری پارێزەریی نەمابێ (عاجز) بەمەرجێ ئەو (عجز) نەتوانینە بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی ڕەسمی بسەلمێنێ.

سێیەم: دەبێ شەست و سێ ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و خزمەتیشی کە مافی خانەنشینی لێ دەکەوێت لە (١٥) پانزدە ساڵی بەردوام یاخود پچڕ پچڕ کەمتر نەبێت.

ماددەی (١٢):

ئەگەر لە نێوان ئەو ماوەیەی کە پارێزەر تیایدا شایانی خانەنشین بوون دەبێ بەپێی ماددە (١١) ماوەیەک هەبێ کە خرابێتە سەر ماوەی دەستدانە پیشەی پارێزەریی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆ ئەو پارێزەرە نییە داوای خانەنشین بوون بکات تەنیا دوای ماوەیەک نەبێت کە لە (٥) ساڵی بەردەوام کەمتر نەبێ لە مێژووی دەرچوونی بڕیاری خستنە سەرەکەوە جگە لە باری عەجزەکە.

ماددەی (١٣):

یەکەم: پارێزەر خانەنشین دەکرێ ئەگەر بە ڕاپۆرتێکی لیژنەیەکی پزیشی ڕەسمیی سەلمێنرا کە تووشی نخۆشییەک بووە پەکی خستووە کاری پارێزەریی بکات.

دووەم: ئەگەر پارێزەر پێش تەواو کردنی (٢٥) ساڵ لە کاری پارێزەریدا مرد، ئەوا مووچەی خانەنشینی بەپێی ساڵەکانی ئیشکردنی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە.

سێیەم: ماوەی کارکردنی پارێزەر بە (١٥) پانزدە ساڵ حساب دەکرێت گەر هاتوو پێش ئەو ماوەیە مرد یاخود بە ڕاپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی ڕەسمی سەلمێنرا کە تووشی نەخۆشییەک هاتووە ڕێگەی پارێزەریی کردنی لێگرتووە مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ خۆیشی و بۆ خێزانەکەیشی لەسەر ئەو بنەمایە بۆ دەبڕردرێتەوەو ئابوونەی بەشداربوونی لە سەندیکا بۆ ئەو ماوەیەی ماوە یاساییەکەی پێ تەواو کراوە لێ ناگێڕدرێتەوە.

ماددەی (١٤):

یەکەم: ئەو ماوانەی خوارەوە بە ماوەی دەست دانە پیشەی پاریزەریی دەژمێردرێن بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەگەر پاریزەر پارەی ئابوونەی بەشداریکردنی لە سەندیکاو سندووق دابێت:

١ـ ماوەی ئەو نەخۆشییەی کە پەکی کاری خستووەو ئەگەر ماوەی لە (٣) سێ ساڵ پتر بوو ئەوا تەنیا (٣) سێ ساڵی لێ بۆ حساب دەکرێت بۆ هەر حاڵەتێکی نەخۆشیی بەمەرجێک نەخۆشییەکە بەراپۆرتێکی لیژنەیەکی پزیشکی ڕەسمی بسەلمێنرێت.

٢ـ ئەو ماوەیەی پاریزەر لە پسپۆڕیی یاسادا بەسەری دەبات بەو مەرجەی لە چوار ساڵ ڕەت نەکات و بەنوسین ئاگاداری سەندیکاش بکاتەوە لە ماوەی ساڵی یەکەمی خوێندنەکەیدا و بە مەرجێ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی زانستیی لە خوێندنی باڵای باوەڕ پێکراو لەلایەن جیهەتێکی ڕەسمی پسپۆڕییەوە.

٣ـ ماوەی (تەوقیف)کردنی پاریزەر یان دەستگیرکردنی (اعتقالە) یان دەستبەسەربوونی (احتجازە) لە حالەتی دەرچوونی بڕیاری کۆتایی بە بەردانی و هەروەها ماوەی حوکم لەسەردانی بە سزایەک ئازادیی لێ سەندبێتەوە لەسەر تاوانێکی سیاسی هەروەها ماوەی تەوقیف کردن یان دەستگیرکردن(اعتقالە) و یان دەستبەسەر بوونی (احتجازە) بەو هۆیەوە.

٤ـ ئەو ماوەیەی لە ئەندامییەتی دەستەڵاتی یاسادانان و ئەنجوومەنە ڕەسمییە هەڵبژێردراوەکان دا دەیباتە سەر.

## لقی دووەم
## (تەرخان کردن ـ التخصیص)

ماددەی (١٥):

مووچەیەکی خانەنشینی تەرخان دەکرێت و لەسەر بنەڕەتی (٥) پێنج دینار بۆ هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی یەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش کەرتی مانگی دوایی بە مانگێکی تەواو دادەنرێت.

ماددەی (١٦):

دەشێ مافەکانی خانەنشینی پاریزەریی و هەر فەرمانێک و هەر کارێک و یاخود مافی خانەنشینی لەسندووقێکی تر پێکەوە کۆبکرێتەوە بە مەرجێک هەمووی تێکڕا (سەرجەمی) لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد دینار پتر نەبێ.

ماددەی (١٧):

یەکەم: ئەگەر پاریزەر یان پاریزەری خانەنشین مرد ئەوا ئەو مافی خانەنشینییەی کە دەیکەوێ لە ڕۆژی مردنەکەیدا بۆ خێزانەکەی دەگەڕێتەوەو لەم بارەدا حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی (مدنی) بۆ دابەشکردنی ڕەچاو دەکرێن.

دووەم: ئەگەر پاریزەر یان پاریزەری خانەنشین حوکم درا بە سزایەک کە ئازادیی لێ دەسەنێتەوە بۆ ماوەی پتر لە یەک ساڵ ئەوا بەرامبەر بەخۆیی و بەرامبەر بە خێزانەکەی ئەو حوکمانە پیادە دەکرێ کە بەسەر فەرمانبەری خانەنشینی حوکمدراوا پیادە دەکرێن وەک لە یاسای خانەنشینی شارستانی دا هاتووە.

مادده‌ی (١٨):

یه‌كه‌م: خانه‌نشین كردنی پارێزه‌ر ئه‌مانه‌ی به‌دوادا دێت:

١- گواستنه‌وه‌ی ناوه‌كه‌ی بۆ تۆماری پارێزه‌ره خانه‌نشین كراوه‌كان.

٢- نابێ هیچ كارێكی نوێ له‌ كاره‌كانی پارێزه‌ریی به‌خۆوه‌ بگرێ له‌و ڕۆژه‌وه‌ كه‌ بڕیاری خانه‌نشین كردنه‌كه‌ی پێ ڕاده‌گه‌یه‌نرێت جگه‌ له‌ هه‌ڵسانی به‌كاری پارێزه‌ریی بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ له‌ مادده‌ (٢٤)ی یاسای پارێزه‌ریی دا ناویان هاتووه‌.

٣- پێویسته‌ لیسته‌یه‌ك به‌و داوایانه‌و به‌و كارانه‌ی پێی سپێردراون پێشكه‌ش به‌ ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا بكات به‌ مه‌رجێك ئه‌و كارانه‌ له‌ ماوه‌ی شه‌ش مانگ له‌ مێژووی پێ ڕاگه‌یاندنی بڕیاری خانه‌نشین كردنه‌كه‌ی ته‌واو بكات و ئه‌گه‌ر له‌و ماوه‌یه‌دا ته‌واوی نه‌كردن به‌ ده‌ست له‌كاركێشاوه‌ (مستقیل) داده‌نرێ و ده‌بێ نووسینگه‌كه‌ی دابخرێت.

دووه‌م: ئه‌گه‌ر پارێزه‌ری خانه‌نشین سه‌رپێچی حوكمه‌كانی بڕگه‌كانی (٢ و ٣)ی ئه‌م مادده‌یه‌ی كرد ئه‌وا ده‌سته‌ یاخود ئه‌نجوومه‌ن (ئینزارێكی) پێ ده‌ده‌ن كه‌ پێویسته‌ له‌ ماوه‌ی حه‌وت ڕۆژدا له‌ ڕۆژی پێ ڕاگه‌یاندنی ئه‌و ئینزاره‌وه‌ واز له‌و سه‌رپێچی كردنه‌ بێنێ، جا ئه‌گه‌ر ئینزاره‌كه‌ی جێبه‌جێ نه‌كرد ئه‌و كاته‌ مووچه‌كه‌ی خانه‌نشینی لێ ده‌بڕدرێ بۆ ماوه‌یه‌ك كه‌ ده‌سته‌ دیاری ده‌كات.

مادده‌ی (١٩):

پارێزه‌رو خێزانه‌كه‌یشی دوای خۆی بۆیان هه‌یه‌ داوای خستنه‌ سه‌ری هه‌موو یان هه‌ندێك له‌و ماوه‌یه‌ی له‌ فه‌رمانی میری (وه‌زیفه‌) یان ئیشكردن له‌ فه‌رمانگه‌كانی ده‌وڵه‌تیی ماوه‌ته‌وه‌ بۆ سه‌ر ئه‌و ماوه‌یه‌ی له‌ پارێزه‌ریی بڕاوه‌ته‌ سه‌ر بۆ مه‌به‌سته‌كانی خانه‌نشینی جا ئه‌گه‌ر به‌رده‌وام بووبێ یاخود پچڕ پچڕ به‌ مه‌رجێك دوای ده‌رچوونی بووبێت له‌ كۆلێژی ماف (حقوق) یان كۆلێژی یاساو ڕامیاری- به‌شی یاسا و ئه‌و ماوه‌یه‌ش كه‌ ده‌خرێته‌ سه‌ری نابێ له‌ ماوه‌ی پارێزه‌رییه‌كه‌ی پتر بێت و له‌ هیچ بارێكدا نابێ له‌ (١٠) ده‌ ساڵ تێپه‌ڕێت.

مادده‌ی (٢٠):

یه‌كه‌م: پارێزه‌ر یان ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ مافی خانه‌نشینی ده‌كه‌وێ هه‌روه‌ها وه‌زیری دارایی و ئابووریی و ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكاش بۆیان هه‌یه‌ تانووت له‌ بڕیاره‌كانی ده‌سته‌ بده‌ن له‌وه‌ی په‌یوه‌سته‌ به‌ مافه‌كان و خستنه‌ سه‌ری ماوه‌كان یاخود ڕه‌تیان بكه‌نه‌وه‌ له‌لای ئه‌نجوومه‌نی ووردكاریی (تدقیق) كێشه‌كانی خانه‌نشینانه‌وه‌ له‌ ماوه‌ی (٣٠) سی ڕۆژدا له‌ مێژووی پێ ڕاگه‌یاندنیانه‌وه‌ هه‌روه‌كو مافی تانووت لێدانی بڕیاری ئه‌نجوومه‌نیان هه‌یه‌ لای دادگای ته‌میزه‌وه‌ له‌ ماوه‌ی (٣٠) سی ڕۆژان دا له‌ مێژووی پێ ڕاگه‌یاندنیانه‌وه‌.

دووه‌م: كاتێ پارێزه‌ر یان خانه‌نشین له‌لای ئه‌نجوومه‌نی لێ ووردبوونه‌وه‌دا ئیعتیراز ده‌گرێت (تانووت له‌ بڕیاره‌كه‌ ده‌دات) بڕی (١٠٠) سه‌د دیناری وه‌كو بارمته‌ لێ وه‌رده‌گیرێت و ئه‌گه‌ر ده‌ركه‌وت له‌سه‌ر هه‌قه‌ له‌ ئیعتیرازه‌كه‌یدا یان له‌ به‌شێكیدا ئه‌وا پێی ده‌درێته‌وه‌.

مادده‌ی (٢١):

به‌ده‌ر له‌ حوكمه‌كانی مادده‌كانی پێشوو ده‌سته‌ مووچه‌یه‌كی خانه‌نشینی ده‌داته‌ خێزانی ئه‌و پارێزه‌رانه‌ی له‌پێناو بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردیدا شه‌هید بوون به‌ مه‌رجێ له‌ (٢٥٠) دوو سه‌د و په‌نجا دینار كه‌متر نه‌بێ.

## به‌شی پێنجه‌م
## (حوكمه‌ كۆتاییه‌كان)

ماددەی (٢٢):

ماوەی دەستدانە کاری پاریزەریی لە دەرەوەی هەریم پاش دامەزراندنی لیژنەی کاتیی سەندیکای پاریزەرانی کوردستان لە ١٩٩٣/١/٣دا بۆ مەبەستی ئەم یاسایە حساب ناکریت.

ماددەی (٢٣):

هەر پاریزەریکی خانەنشین یاخود یەکیک لە خیزانەکەی دا برا لە وەرگرتنی مووچەکەی یان لەسەردانی بۆ مەرامی تەرخانکردنی مووچە بۆی هەیە بۆ ماوەیەک لە (٣) سێ ساڵ پتر بێ هەقەکەی لەو ماوەی دابرانی دا دەستووتێ تەنها مەگەر ساغ بێتەوە کە دابرانەکەی بە عوزریکی مەشروع بووەو دواکەوتنیش لە پیشکەش کردنی بەڵگەنامەو ئەو زانیارییانە دەستە داوایان دەکات بە دابران لە موراجەعەکردن بۆ مەبەستی ئەم ماددەیە دادەنرێ.

ماددەی (٢٤):

کارکردن بە ڕەسمی تۆمارکردن و ئابوونەی بەشداریکردن و غەرامە وەک بەدەلی تەئمینی صحی و ڕەسمەکانی تر کە کاریان پیکراوە بەردەوام دەبیت هەتا ئەنجوومەنی سەندیکای پاریزەران هەڵدەبژیردریت.

ماددەی (٢٥):

کار بە هیچ دەقیک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە هاودژبن.

ماددەی (٢٦):

پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی (٢٧):

ئەم یاسایە لە میژووی بلاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکریت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# هۆیە پێویستەکان

لەدوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە مانگی مایس ١٩٩٢دا کە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەی بێ وێنە بوو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانی عێراق بە هەموو حزب و چینەکانییەوە تیایدا بەشداربوون، دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەو پێیەی کە نوێنەری شەرعیەو لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمەوە هەڵبژاێردراوە بڕیاری لەسەر فیدرالیزمدا وەک شێوازێک بۆ پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، وەک باوە هەرێم لە سایەی سیستمی فیدرالیزمدا دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە بۆ ڕێکخستنی گەلێ بوار، وە لەبەر پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی بەغدا بە هۆی کێشانەوەی حکومەتی ناوەندی بۆ کارگێڕییەکانی لە هەرێمدا لە ١٩٩١/١٠/٢٠، وە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پارێزەران لە هەرێمدا بەبێ یاسایەک بمێننەوە کە مافەکانی خانەنشینیان ڕێک بخا، جا لە پێناو ڕێکخستن و پاراستنی مافەکانیان و مافەکانی خێزانەکانیان و زامن کردنی ژیانێکی لایەق بەوان، لەسەر بنەمایەکی ڕاست کە چاودێری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموکراتی لە هەرێمدا بکرێ، ئەم یاسایە دەرهێندرا.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠/١٢/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٢/١٩٩٩

***کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٢/١٩٩٩ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٤)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١) سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٢/١٩٩٩دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ متمانە دان بە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکا دانیشتنی ژمارە(١٤) ٢٠/١٢/١٩٩٩ بەرنامەی کارمان یەک خاڵە متمانە دان بە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق. بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی میوانە بەڕێزەکان بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابتان و گشت میوانە بەڕێزەکان دەکەین کە ئەمڕۆ ٢٠/١٢/١٩٩٩بەشداریمان لەگەڵ دەکەن لەم دانیشتنە، دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١٤) خولی دووەمی سالی هەشتەم وبەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمانە متمانە دان و سوێندی یاسای خواردنی کابینەی چوارەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هیواداریـن ئەم کابینە وەکو کابینەکانی تر بە تایبەتی کابینەی سێی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەو باوەڕی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرێتەرک و فەرمانەکانی وەکو پێویست جێبەجێ بکات، ئێستاش داوا دەکەین لە جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تەکلیف کراوە بە بڕیاری پەرلەمان ژمارە ( ) لە دانیشتنی ڕۆژی / /١٩٩٩ ناوی کابینەکەمان بۆ پێشکەش بکات با بفەرموویت سەر سەکۆ.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی:**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی هەرێمی کوردستان:**

پێشەکی من هەموو ناوەکان دەخوێنمەوە:

| | |
|---|---|
| ١ـ سامی مەحمود عەبدولرەحمان | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. |
| ٢ـ شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد | وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران |
| ٣ـ فازڵ میرانی | وەزیری ناوخۆ |
| ٤ـ عومەر عوسمان (زەعیم عەلی) | وەزیری کاروباری پێشمەرگە |
| ٥ـ عەبدولعەزیز تەیب ئەحمەد | وەزیری پەروەردە |
| ٦ـ سەرکیس ئاغاجان مامندو | وەزیری دارایی و ئابووری |
| ٧ـ شێخ عەدنان محەمەد حوسامەدین نەقشبەندی | وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی |
| ٨ـ هادی عەلی عەبدولکەریم | وەزیری داد |
| ٩ـ فەلەکەدین سابیر کاکەیی | وەزیری رۆشنبیری |
| ١٠ـ سەعد عەبدوڵلا عوسمان | وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ١١ـ مەئمون نور محەمەد بریفکانی | وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار |
| ١٢ـ یونادم یوسف کنا | وەزیری پیشەسازی و وزە |
| ١٣ـ د.شەفیق قەزاز | وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری |
| ١٤ـ د.جەمال عەبدولحەمید | وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١٥ـ نەسرین مستەفا سدیق | وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان |
| ١٦ـ نازەنین محەمەد وەسو | وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن |
| ١٧ـ د.عەبدولحەمید عەبدوڵلا ئاکرەیی | وەزیری گواستنەوەو گەیاندن |
| ١٨ـ یوسف حنا یوسف | وەزیری هەرێم |
| ١٩ـ مەحمود کاوە حەفید | وەزیری هەرێم |
| ٢٠ـ نەمر کەچو هسام | وەزیری هەرێم |
| ٢١ـ جەودەت جەرجیس نەجار | وەزیری هەرێم |
| ٢٢ـ عەبدولجەلیل رەزا عەلی | وەزیری هەرێم |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. ئێستاش بە پێی برگە چوار لە مادده(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار کراو ناو بە ناو لە لایەن جەنابی کاک نێڤیرڤان بارزانی پێشکەش بە ئەنجومەن دەکرێت ودەیخەینە دەنگ دانەوە ناوەکان یەک یەک عەرضی ئەنجوومەن بکرێن بۆ ئەوەی بڕوای پێ بدرێت کاک نێچیرڤان بڕوای وەرگرتووە لە کاک سامیەوە دەست پێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

سامی مەحمود عەبدولرەحمان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار کراوە کاک سامی مەحمود عەبدولرەحمان بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە تەکلیف کرا لە پەرلەمانەوە بڕوای پێ دراوە بۆیە پێویست ناکا ئەو بڕوایە دووبارە بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران.کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز فازڵ میرانی پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

عومەر عوسمان ناسراو بە(زەعیم عەلی)وەزیری کاروباری پێشمەرگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزعومەر عوسمان ناسراو بە(زەعیم عەلی) پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری کاروباری پێشمەرگە. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

عەبدولعەزیز تەیب ئەحمەد وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزعەبدولعەزیز تەیب ئەحمەد پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری پەروەردە. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

سەرکیس ئاغاجان ماملاو وەزیری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزسەرکیس ئاغاجان مامندو پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری دارایی و ئابووری. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

شێخ عەدنان محەمەد حوسامەدین نەقشبەندی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزشێخ عەدنان محەمەد حوسامەدین نەقشبەندی پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

هادی عەلی عەبدولکەریم وەزیری داد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزهادی عەلی عەبدولکەریم پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری داد. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

فەلەکەدین سابیر کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزفەلەکەدین سابیر کاکەیی پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

سەعد عەبدوڵڵا عوسمان وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزسەعد عەبدوڵڵا عوسمان پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

مەئمون نور محەمەد بریفکانی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزمەئمون نور محەمەد بریفکانی پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

یونادم یوسف کنا وەزیری پیشەسازی و وزە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزیونادم یوسف کنا پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری پیشەسازی و وزە. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

د.شەفیق قەزاز وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزد.شەفیق قەزاز پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

د.جەمال عەبدولحەمید وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزد.جەمال عەبدولحەمید پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

نەسرین مستەفا سدیق وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزنەسرین مستەفا سدیق پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

نازەنین محەمەد وەسو وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزنازەنین محەمەد وەسو پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

د.عەبدولحەمید عەبدوللا ئاکرەیی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزد.عەبدولحەمید عەبدوللا ئاکرەیی پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

یوسف حنا یوسف وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزیوسف حنا یوسف پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

نەمر کەچو هسام وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزنەمر کەچو هسام پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

مەحمود کاوە حەفید وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزمەحمود کاوە حەفید پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

جەودەت جەرجیس نەجار وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزجەودەت جەرجیس نەجار پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

عەبدولجەلیل ڕەزا عەلی وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزعەبدولجەلیل ڕەزا عەلی پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم. کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.ئێستاش داوا لە بەڕێزان ئەکەین ئەندامانی کابینە یەک بە یەک لە لایەن جەنابی سکرتێر ناویان ئەخوێندرێتەوە سوێندی یاسای دەخۆن داوا لە هەموو بەڕێزان دەکەین لە کاتی سوێند خواردنیان ڕاوەست.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

ڕێزدار نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران با بفەرمووێت.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی (سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی

کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

سامی مەحمود عەبدولرەحمان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سامی عەبدولرەحمان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من سامی مەحمود عەبدولرەحمان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. (سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز شەوکەوت شێخ یەزدین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز فازڵ میرانی:**

شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

عومەر عوسمان (زەعیم عەلی) وەزیری کاروباری پێشمەرگە.

**بەڕێز عومەر عوسمان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من عومەر عوسمان (زەعیم عەلی) وەزیری کاروباری پێشمەرگە(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

عەبدولعەزیز تەیب ئەحمەد وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من عەبدولعەزیز تەیب ئەحمەد وەزیری پەروەردە(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

سەرکیس ئاغاجان مامندو وەزیری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامندو:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من سەرکیس ئاغاجان مامندو وەزیری دارایی و ئابووری(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

شێخ عەدنان محەمەد حوسامەدین وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من شێخ عەدنان محەمەد حوسامەدین نەقشبەندی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

هادی عەلی عەبدولکەریم وەزیری داد.

**بەڕێز هادی عەلی عەبدولکەریم:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من هادی عەلی عەبدولکەریم وەزیری داد(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

فەلەکەدین سابیر کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من فەلەکەدین سابیر کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

سەعد عەبدوڵلا عوسمان وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

**بەڕێز ســـەعـــد عـــەبدوڵلا عـــوســـمـــان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من سەعد عەبدوڵلا عوسمان وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، رێز لە یاسا رەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

مەئمون نور محەمەد بریفکانی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.

**بەڕێز مـــەئـمـــون نور مـــحـــەمـــەد بریفکانی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من مەئمون نور محەمەد بریفکانی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، رێز لە یاسا رەچاو کراوەکان بگرم و، بەتەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

یونادم یوسف کنا وەزیری پیشەسازی و وزە.

**بـــەڕێـــز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

شمت بابەو برۆنە وروحەت قودشتە

من یۆنادم یوسف کەنا وەزیری پیشەسازی و ووزە (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا رەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێریەکانی گەل بکەم)

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

رێزدار د.شەفیق قەزاز وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی و هاوکاری

**بەڕێـز شـــەفـــیـق قـــەزاز:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من شەفیق قەزاز وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری( سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا رەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

رێزدار د.جەمال عەبدولحەمید وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی

**بەڕێز جـــەمـــال عـــەبدولحـــەمـــیـــد**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من جەمال عەبدولحەمید عەباس وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی(سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا رەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵڵا:**

خاتوو نەسرین مستەفا صدیق وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشە پێدان

**بەڕێز نەســـرین مـــســـتـــەفـــا صـــدیق:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من نەسرین مستەفا صدیق وەزیری ئاوەدانکردن و گەشە پێدان (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵڵا:**

خاتوو نازەنین محەمەد وەسو وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن

**بەڕێز نازەنین مـــحـــەمـــەد وەســـو:**

بەناوی خواری گەورەو میهرەبان من نازەنین محەمەد وەسو وەزیری ئەشغال نیشتەجێکردن سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵڵا:**

ڕێزدار عەبدولحەمید عەبدوڵڵا ئاکرەیی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن

**بەڕێز عـــەبدولحـــەمـــید عـــەبدوڵڵا ئاکـــرەیی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من عەبدولحەمید عەبدوڵڵا ئاکرێیی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵڵا:**

ڕێزدار یوسف حەنا یوسف وەزیری هەرێم

**بـەڕێـز یـوسـف حـــــەنـا یـوسـف:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من یوسف حەنا یوسف وەزیری هەرێم (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵڵا:**

ڕێزدار محمود کاوە حەفید وەزیری هەرێم

**بەڕێز مـــحـــمـــود کـــاوە حـــەفـــید:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من مەحمود کاوە حەفید وەزیری هەرێم (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

ڕێزدار ئەمر کەچۆ هەزام وەزیری هەرێم

**بـەڕێـز ئـەمــــر کــــەچـۆ هـەســــام:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من ئەمر کەچۆ هەزام وەزیری هەرێم (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

ڕێزدار جەودەت جەرجیس نەجار وەزیری هەرێم

**بـەڕێز جـــەودەت جـــەرجـــیس نـەجـــار:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من جەودەت جەرجیس نەجار وەزیری هەرێم (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فـــەرســـەت ئەحـــمـــەد عـــەبدوڵلا:**

ڕێزدار عەبدولجەلیل رضا عەلی وەزیری هەرێم

**بەڕێز عـــەبدولجـــەلیل رضـــا عـــەلی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من عەبدولجەلیل رضا عەلی وەزیری هەرێم (سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وەرێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکان بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزباییەکی گەرم بۆ جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ گشت ئەندامانی کابینەی چوار، کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیوادارین کابینەی چواری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاروباریابۆ پتەوکردنی ئەم ئەزموونەو گەشەپێدانی ئەوەی پێویست بێت ئەنجام بدرێت وەلەپەرلەمانی کوردستانەوە هەمیشە پشت و پەناو هاسان کردنی ئیش و کارەکانیانین هەر چۆن لەکابینەکانی ترا ئەندامانی پەرلەمان هەوڵیان داوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکارەکانیانە سەرکەوتوو بێت جارێکی تریش پیرۆز بێت لێتان وەپیرۆز بێت لە گەلی کوردستان کە ئەوە لەم بارودۆخەی ئەمرۆمان ئەمە چوارەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان متمانەو باوەڕی پێ ئەدرێت ئێستاش جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەشریف بێنێتە سەر سەکۆ با بفەرموێت.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران:**
**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**
**بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی**
**بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**
**میوانانی خۆشەویست**
**سلاوتان لێ بێ**

مایەی خۆشحاڵیمانە ئەمڕۆ لەگەڵ ڕاگەیاندنی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لێرە کۆبووینەتەوە، ئەم کابینەیە کە درێژەپێدان و بەردەوامبوونی تاقیکردنەوەیەکی خۆماڵییە لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا و ماوەی زیاتر لە (٨) ساڵە سەرەڕای گیروگرفت و کۆسپ و تەنگوچەڵەمەی ناوەخۆ و، دەستێوەردانی ناحەزان و گێرەشێوێنان، توانیومانە درێژە بە مانەوە و پیشکەوتن بدەین و متمانەی میللەتەکەمان بە داهاتووی خۆی زیاتر بچەسپێ. هیواداریین و، سووریشین لەسەر ئەوەی کە لە پاشەڕۆژدا ئەم متمانە بەخۆ بوونە زیاتر و زیاتر بچەسپێ و گەلی کوردستان بە هەموو مافێکی ڕەوای خۆی شاد ببێ.

ئەم دەسکەوتەی ئەمڕۆ ئێمە لە سایەیدا خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین، شایەنی ئەوپەڕی قوربانیدانە لەبەرئەوەی دەسکەوتێکە بەخوێن و بە قوربانیدان هاتووەتە دی. ئەمە بەرهەمی خوێنی هەزاران هەزار رۆڵەی ئەم وڵاتەیە، بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەی کوردستانە کە بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لەم تاقیکردنەوەیە کردووە و پاراستوویانە، بەرهەمی خەباتی نیو سەدەی سەرکردەی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمرە.

بەڵێنی ئێمەش لەم دەسپێکەدا هەر بەڵێنی قوربانیدانە و بەردەوام بوونە و چەسپاندنی ئەم دەسکەوتە. بەپشتیوانیی خوای مەزن و، بە هاوکاریی میللەتی کورد هیواداریین ئەم بەڵێنانەمان بێنینە دی و، لەگەڵ چوونەناو سەدەی ٢١ و، هەزارەی سێیەمدا هیوا و ئاواتەکانمان بین بە واقیعێکی چەسپاو و هەتاهەتایی.

بەڕێزان:

کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە کۆمەڵێک ئەرکی تازە کە دێنە پێشی، هەروەها بەرەورووی هەمان ئەو ئەرکانەش دەبێتەوە کە کابینەی سێیەم لە پێناویدا لەدایک بوو، ئەویش پاراستنی تاقیکردنەوەکە و پەرەپێدانی ژیانی دیموکراسییە لە چوارچێوەی یاسا و نەریتەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەسپاندنی هێمنی و تەناهییە بۆ هاووڵاتیان، باشکردنی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکە، پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئەو ڕاستییەی کە هەموومان دەیزانین و لە کەس شاراوە نییە ئەوەیە: ئێمە هاتینە سەر وڵاتێکی وێران، وڵاتێک کە ژێرخانی ئابووریی نەمابوو، بە هەزاران گوند و بەدەیان شار و شارۆچکە

بەهەموو سەرچاوەکانی داهاتیانەوە وێران کرابوون. ئەم وڵاتە کە دەیان ساڵە شەڕ و بەرگری و بەرخودانی بەخۆوە بینیوە، خەڵکەکەی فریای ئەوە نەکەوتوون پەرەی پێ بدەن، هەروەها ئەم وڵاتەو دوور بووە لە دەستی دڵسۆزانی خۆی. وێڕای ئەمە کارەساتی شەڕی ناوەخۆ و شەڕی داسەپاوی تێکدەرانی پەکەکەشی هاتووەتە سەر، بۆیە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی وڵاتێکی وا کارێکی ئاسان نییە و لە نێوان ئێوارە و بەیانییەکدا نایەتە دی. ئێمە لەم هەرێمەدا داهات و ئابوورییەکی جێگیر و نەگۆڕمان نییە کە بەردەوام پشتی پێ ببەستین، جگە لەمە چەند گەمارۆیەکی ئابووریشمان لەسەرە . بۆیە دەتوانین بڵێین پشتیوانی ئێمە لە بەجێ هێنانی ئەرکەکانی سەرشانمان تەنیا یەک شتە ئەویش دڵسۆزی و بڕوای نەگۆڕاومانە بە سەرکەوتن و گەیشتن بە داهاتووی گەشاوە. هەر بەهۆی ئەم بڕوا و دڵسۆزییەشە کە میللەتەکەمان گەیشتووەتە ئەمڕۆ و دەگات بە ئامانجیش.
خۆتان دەزانن کابینەی سێیەم کابینەیەکی مێژوویی بوو بۆ میللەتی کورد، ئەو نازناوەی کە لە ڕۆژی یەکەمەوە وەری گرت (نازناوی کابینەی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری) بە هەقیقەت نازناوێکی پڕ بە پێستی کابینەکە بوو. لەماوەی نزیک بە سێ ساڵی تەمەنی کابینەی سێیەمدا توانرا هەنگاوی زۆر گەورە لە بوارەکانی : پاراستنی هێمنی و ئاسایشی هاووڵاتیان و، پەرەپێدانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان و، باری بژێویی خەڵک و، ڕێکخستنەوەی سەرجەم داوودەزگاکانی حکوومەتدا جێبەجێ بکرێت . دەتوانین بڵێین لە سایەی کابینەی سێیەمدا بۆ یەکەمین جار بوو خەڵکی کوردستان بە متمانە و دڵنیاییەوە نەخشە بۆ ژیانی خۆیان دابڕێژن و هەست بەوە بکەن کە دەسەڵاتدارییەک هەیە دەتوانێ بەرپرسیار بێ لە بەرامبەریاندا.
لەماوەی تەمەنی کابینەی سێیەمی حکومەتی کوردستاندا، ئەگەر بارودۆخی شەڕ و گرژیی ناوەخۆ و، شەڕی داسەپاوی پەکەکە نەبوایە دەمانتوانی زۆر هەنگاوی تریش بنێین و زۆر کەلەبەر و کەموکورتیی تریش لە وڵاتەکەماندا پڕ بکەینەوە.
ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە کابینەی چوارەمی حکومەتی کوردستان لە دایک دەبێت، جەماوەری کوردستان مافی خۆیانە چاوەڕوانی بەدی هاتنی ئەو هیوا و ئاواتانە بن کە ساڵانی ساڵە بۆیان تێکۆشاون و قوربانییان لە پێناو داوە. ئێمەش بەدیهاتنی ئەو هیوا و ئاواتانە بە ئەرکی ڕاستەقینەی سەرشانی خۆمان دەزانین و ڕووبەڕووی جێبەجێ کردنیان دەبینەوە. بۆ نموونە و بە کورتی هەندێک لە ئەرکەکانی داهاتوومان ئەمانەی خوارەوە دەبن:
(١) بەرەوپێش بردن و زیاتر چەسپاندنی ئەم تاقیکردنەوە دیموکراسییە و، جێگیرکردنی تەواوی قەوارەی فیدرالیزم، ئەم تاقیکردنەوەیە دەسکەوتێکی مێژوویی میللەتی کوردە و ئێمە ئامادەین هەموو شتێک بەخت بکەین بۆ ئەوەی بەرەوپێشی ببەین و زیاتر جێگیری بکەین. بڕوای ئێمە وایە کە چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق هەر لە ڕێگەی گفتوگۆ و لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دێتە دی و لەم پێناوەشدا خەبات دەکەین.

(٢) پەرەپێدانی ژیانی سیاسی و دیموکراسی لە ناوەخۆی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمە مۆرکی ئەم سەردەمەیە و بەبێ دابین کردنی ژیانێکی ئازادی سیاسییانە و ئازادییە دیموکراسییەکان بۆ خەڵک و رێگە خۆشکردن بۆ کاری سەندیکا و رێکخراوە جەماوەرییەکان و ئازادیی رۆژنامەوانی و رادەربڕین ، ناتوانرێ بەبێ چەسپاندن و دابین کردنی ئەم پرەنسیپانە بەشداریی تەواوی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا مسۆگەر بکرێت. ئەمەش هەڵبەتە لە چوارچێوەی بڕیار و یاساکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت. هەر ئازادییەک خۆی لەسەرووی یاسا دابنێ، ئازادی نییە بەڵکو ئاژاوەگێرییە.

(٣) پاراستنی سەروەریی یاسا و، جێبەجێ کردنی نیزام و رێنوێنییەکان لە هەموو بوارەکانی کاری حکوومەتدا. دەبێ دڵنیابین کەوا بەبێ پەیڕەوکردنی یاساو پاراستنی سەروەریی یاسا ناتوانین لە هیچ بوارێکدا یەک هەنگاو بچینە پێش. کوردستان تەنیا لە سایەی یاسادا بەرەوپێش دەچێت. ئێمە پێویستیمان بە یاسایە بۆ ئەوەی دیاردەی گەندەڵی نەمێنێ، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ سەرپێچی بکات و خۆی لە ژیانی خەڵک تێکەڵ بکات و ئازادییان لێ بشێوێنێ، بۆ ئەوەی کەس نەتوانی لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بەولاوە شتێکی تر بەسەر میللەتەکماندا ساغ بکاتەوە، ئێمە پێویستمان بە جێبەجێ کردنی یاسایە بۆ ئەوەی دیاردەی چەک هەڵگرتن بنەبڕ بکەین و میللەتەکەمان بەرەو ژیانی شارستانی ببەین. هەروەها پێویستیمان بە یاسا و رێکوپێکی و، پەیڕەوکردنی نیزام و رێنوێنی هەیە بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوخۆ بەرەو باشتری ببەین و کوردستان بکەین بە نموونەی ئەو هەرێمانەی کە ژیانی ئازادانەی خەڵکی تێدا مسۆگەر کراوە.

(٤) پتەوکردنی پرۆسەی ئاشتیی ناوخۆ یەکێکە لە گرینگترین ئەرکەکانی ئێمە و ئەمەش بە جێبەجێ کردنی تەواوی بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن دێتە دی. هەر لەم رێگەیەشەوە دەتوانین بەرەو یەکگرتنەوەی تەواوی داوودەزگاکانی هەرێم و هەڵبژادنی گشتی و یەکپارچەیی تاقیکردنەوەکەمان هەنگاو بنێین. هیوادارین کەوا لاپەڕەی رەشی شەڕی ناوخۆ بۆ یەکجاری و هەتا هەتایە بپێچینەوە و ئاشتی و تەبایی باڵ بەسەر هەرێمەکەماندا بکێشێ.

(٥) پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنچینەی رێزلەیەکترگرتن و دەست نەخستنە ناو کاروباری یەکتر و، هاوکاری کردنی یەکتر لەبوارەکانی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریدا.

(٦) بایەخدان بە باری گوزەران و بژێوی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان لە پیناو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکی هەژار و نەدار و، گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و تەندروستی و پەروەدە بە هەموو شوێنیک بەیەکسانی و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. دەبێ هەمیشە لە بیرمان بێ کەوا شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق هێز و وزەی لە ناوچەرگەی لادێ و گەڕەکە هەژارەکان و ماڵە فەقیرەکانەوە وەرگرتووە، هەر ئەوان دەستەچیلەی ئاگری شۆڕشەکانمان بوون بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو شتێک پێویستترە کە دەستی حکومەتی کوردستان پشتیوانی لە مافی ئەوان

بکات و ژیانێکی گەشاوەیان بۆ بێنێتە دی. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە دەبێ کە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا دابەش بکەین. هەروەها دەبێ بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و لێقەوماوانی شەڕی ناوخۆ و پەککەوتەکان باری ژیانیان باشتر بکرێت.

(٧) بایەخدانی تەواو بە پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا. پێویستە هیچ شوێنێک لە کوردستان نەمێنێ قوتابخانەی لێ نەکرابێتەوە. هەروەها پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن بەگشتی نوێ بکرێنەوە بە جۆرێک لەگەڵ گیانی سەردەم و مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و بیری کوردایەتیدا یەک بگرنەوە. ئەگەر ئێمە منداڵەکانمان بە بیرێکی پاک و هاوسەردەم و مرۆڤایەتییانە پەروەردە بکەین ئەوا دەتوانین داهاتووەکی گەشتر بۆ کورد و کوردستان مسۆگەر بکەین. هەروەها پێویستە بایەخ بدرێ بە گوزەران و ژیانی مامۆستایانی کوردستان، مامۆستایانی کوردستان چ لە پۆلەکانی فێرگە و قوتابخانە و زانکۆکاندا و چ لە سەردەمانی شۆرش یا لە دوای ڕاپەڕین ئەوپەڕی قوربانییان داوە. مامۆستایان یەکێک بوونە لەو کۆڵەکە پتەوانەی کە تاقیکردنەوەکەمانیان ڕاگرتووە، ئێمە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا زۆر قەرزاری مامۆستایانی کوردستانین و ئەم تاقیکردنەوەیە تاقیکردنەوەی ئەوانە بۆیە دەبێ زیاتربایەخ بە ژیان و گوزەرانی ئەوان و قوتابخانەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان بدەین. بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانی مامۆستا واتە بەرز کردنەوەی ئاستی پەروەردە و خوێندن لە کوردستان. هەروەها دەبێ زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان فرەوانتر بکرێن و ئاستی خوێندنیان بەرزتر بکەینەوە. نابێ زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی وڵاتان کەمتربێ یان لە دواوە بن. دەبێ زانکۆ و پەیمانگاکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بین بە بنکەی زانست و بڵاو کردنەوەی بیری شارستانیەتی و دیموکراسی و پێشکەوتوو لە کوردستاندا. زانکۆکانی کوردستان دەبێ کەناڵی زیندووی پێوەندیی میللەتی کورد بن بە پێشکەوتنی شارستانیەتی لە دنیا.

(٨) بایەخدانی زیاتر بە ژیانی تەندروستیی خەڵک. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بنکەی تەندروستی لە هەموو ئاوەدانییەکی کوردستان بکەینەوە. ئەمە ئەرکێکی گەورەی کابینەی چوارەمە و دەبێ گرینگیی تەواو بە پەرەپێدانی نەخۆشخانەکان و دابینکردنی هەموو جۆرە پسپۆری و شارەزاییەک بدەین و، نەخۆشخانەکانی کوردستان بە ئامێری پێشکەوتوو دەوڵەمەند بکەین.

(٩) بایەخدان بە ئابووریی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ بەرەوپیش بردنی پیشەسازییەکانی ناوخۆ و هاندانی سەرمایەدارانی کوردستان بۆ کردنەوە و دامەزراندنی کارگە و فابریکە و وەگەڕخستنی سەروەت و سامانیان لە پێناو بووژاندنەوەی وڵاتەکەماندا. هەروەها بایەخدان بە سەرجەم ئەو بوارانەی کە داهات و دەرامەتی کوردستان زیاد دەکەن، پەرەپێدانی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵی و، هاندانی سەرمایەداران و بازرگانانی کوردستان و پشتیوانی کردنیان بۆ ئەوەی بتوانن بەشدارییەکی گەورەتر لە پەرەپێدانی ئابووریی کوردستاندا بکەن.

(١٠) سوود وەرگرتنی زیاتر لە بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی. ئەم بڕیارە لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و ئابوورییەوە بە پشتیوانییەکی گەورە دەژمێردرێت بۆ چەسپاندن و بەرەوپێش بردنی تاقیکردنەوەکەمان. لە ماوەی قۆناغەکانی ڕابردووی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەدا هەرێمی کوردستان زۆر سوودی وەرگرتووە و لە داهاتووشدا زیاتر سوودی لێ وەردەگرێت. پێویستە لە قۆناغەکانی داهاتوودا داوودەزگاکانمان بە شێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ ئەم بڕیارەدا بکەن و ئەو داهاتەی کە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە باشتر سوودی لێ وەربگیرێ.

(١١) یەکێک لە ئەرکەکانی ترمان هەوڵدانە بۆ وەستاندنی سیاسەتی تەعریبی ناوچە کوردییەکانی بن دەستی حکوومەتی مەرکەزیی عێراق و، وەستاندنی ڕاگواستن و دەرکردنی خەڵکی کورد و تورکمانی ئەو ناوچانەیە. گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتیی ئەو ناوچانە و دەربەدەرکردنی دانیشتووانەکانیان کارێکە خزمەتی برایەتیی مێژوویی کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکان ناکات و، پێویستە چەندی زووترە ئەم کارە بێ ئەنجامە بووەستێ و خەڵکە ڕاگوازراوەکە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ڕاگرتنی ئەم کارە پاشەڕۆژی گەلەکەمان ڕووناکتر دەکات و برایەتی و تەباییی گەلی عێراق باشتر دەچەسپێنێ.

(١٢) سوود وەرگرتنی تەواو لەو شۆڕشە تەکنیکییەی کە ئەمڕۆ سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە. خێراییی گەیاندن و پێوەندی لە نێوان ئەم سەر و ئەو سەری جیهاندا لە سایەی تەکنۆلۆجیای نوێوە زۆر پێشکەوتنی گەورەی هێناوەتە دی و دنیای کردووە بە گوندێک. بۆیە فرەوانکردنی بەکارهێنانی کەمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێت، کوردستان دەکات بەبەشێکی زیندوو لەم دنیا پێشکەوتووە.

هەروەها پێویستە بەکارهێنانی کەمپیتەر هەموو داوودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم بگرێتەوە و بەگوێرەی ئەم سیستەمە مۆدێرن و جیهانییە داوودەزگاکانمان ڕێک بخەین.

هەروەها پشتیوانی لە بەکارهێنانی کەمپیوتەر و ئینتەرنێت و تەلەفزیۆنی سەتەلایت لەلایەن خەڵکی کوردستان دەکەین و هیوادارین لە ڕێگەی ئازادیی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە پێشکەوتوو و نوێباوانەوە، بەشێک لەو گۆشەگیری و زوڵمە مێژووییەی کورد دووچاری بووە، کەم بکەینەوە و، کولتووری میللەتی کوردیش بەرەو ڕیزی گەلانی دنیا مل بنێت.

(١٣) دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەوپێش ببرێن. چ لە ڕووی سیستەمی کارکردن و چ لە ڕووی شارەزاییی و لێهاتووییی کارمەندانەوە پێویستیمان بە بایەخدان و گرینگیی زیاتر هەیە. دەبێ خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ کارمەندان و فەرمانبەرانی حکوومەت بکرێنەوە بۆ ئەوەی شارەزایی و پسپۆڕییان زیاتر بکرێت و، داوودەزگاکانمان لە شێوازی ڕووالەت و ڕۆتین ڕزگار بکرێن. هەر ئەمەش پێوەندی و تێکەڵاویی نێوان داوودەزگای میری و خەڵک پتەوتر و زیندووتر دەکات و ئاستەنگەکان کەم دەکاتەوە. هەروەها پێویستە دەزگاکانی چاودێریی دارایی و ئیداری، نەخشەکێشان و بەدواداچوون، کارەکانیان باشتر بکرێت. گەندەڵیی ئیدارایی و

هەندێک جار بێ سەروبەری لە بەڕێوەچوونی کارەکان زیانی گەورە دروست دەکەن، بۆیە چارەسەری ئەم کەموکورتییانە یەکێکە لە ئەرکەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

(١٤) جێبەجێ کردنی سەرژمێری گشتیی دانیشتوان یەکێکە لە ئەرکە گرینگەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، دەتوانیین بە جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوە زۆر ئەنجامی باش لە بوارە جیاجیاکانی بەڕێوەچوونی کارەکانمان بەدی بێنین. هەروەها جێبەجێ کردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی شارەوانی لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا ئەرکێکی گرینگە و پێویستە لە داهاتووەکی نزیکدا جێبەجێی بکەین.

(١٥) ئەرکێکی تری کابینەکەمان کە ڕووبەڕووی دەبینەوە دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ گرفتی کەم ئاوی و نەبوونی وزەی کارەبا بەهۆی باران نەبارین. هەڵبەتە ئەم گیروگرفتە بووەتە مایەی ئێش و ئازارێکی زۆر بۆ خەڵکی شار و لادێکانی کوردستان. هەروەها تەئسیری لە بەڕێوەچوونی زۆر لە خزمەتگوزارییەکان و نەخۆشخانەکان و خوێندن و کاری داوودەزگاکانی میری کردووە و زیانی داوەتە ژیانی ئاسایی و ڕۆژنەی خەڵک. هەروەها وشکەساڵی و باران نەبارین بوونە هۆی کەمیی ئاوی خواردنەوە لە شارەکان و زۆر لە بیر و کانیاوی گوندەکانیش ساڵی پار وشکیان کرد. هەڵبەتە ئەمە زیانی گەورەی لە کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵیش داوە، هەروەها زۆر نەخۆشیی کوشندەش بەهۆی باران نەبارین یان کەم ئاوییەوە بڵاوبوونەوە. هەرچەندە ڕووبەڕوونەوەی ئەم گرفتە سەختیش بێ بەڵام یەکێکە لە ئەرکەکانمان، لە ساڵانی ڕابردوو لە تەمەنی کابینەی سێیەم و بەسوود وەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦ هەندێک چارەسەر بۆ ئەم گرفتانە کرا و. هیواداریین بتوانین ئەم ئەرکانە تەواوتر بکەین و لە دەرد و ئازاری میللەتەکەمان کەم بکەینەوە.

ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان بەشێکن لەو ئەرک و ڕاسپێرییانەی کەوتوونەتە سەرشانمان و دەمانەوێ ڕووبەڕوویان ببینەوە. هەڵبەتە سەرکەوتن بە یەکدەستیی حکوومەت و جەماوەر و پشتوانیی لایەنەکان دێتە دی. هیوادارم بتوانین، ئەم ئەرکانەمان پێ ڕابپەڕێ و ببین بە جێ باوەڕ و متمانەی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و لێقەومانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان و لەشکری پێشمەرگەی کوردستان کە ئەم دەسکەوتە بە خوێن و ماندووبوونی ئەوان هاتووەتە بەرهەم . هەروەها هیواداریین بتوانین هەمیشە جێگەی متمانە و شایەنی ئەو ئەرکانەبین کە سەرۆک مەسعود بارزانی خستوویەتیە سەر شانمان.

من تەنیا دەمەوێ بۆ ئەوەی هەروەکو خۆتان دەزانن حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی فرە حزبی و ئیتلافی دەبێت، من دەمەوێت پێتان ڕابگەیەنم ئەم کابینەیە لەم حزبانە پێک هاتووە: «بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، یەکگرتوویی ئیسلامی، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان، وە خاڵێک هەیە ئەویش مەسەلەی بەشداری کردنی حزبی شیوعی کوردستانی حەقیقەت وەکو قسەیان لەگەڵ□کراوە بڕیارە ئەوانیش بەشداربن لە حکومەت، بەڵام

مەسەلەکە مومکینە تەنیا ئەوەبێت، کە وەخت بێت کەی تەواو دەبێت ئەو وەختە یانی ئەو مشورەتەی لە نێوان خۆیاندا هەیە، ئێمە چاوەڕوان دەکەین کەی مشورەتی ئەوان تەواو بێت دەرگایان بۆ کراوەتەوە، وە زۆر خۆشحاڵ دەبین بەوەی کە ئەوانیش بەشداربن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو وتارە بەنرخەیەی دەربارەی سیاسەتی ئایندەی یاخود هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئایندەی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێدەوارین کە لە ماوەیەکی نزیکدا جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کات بە پەرلەمان بەپێی برگە «١» ی مادە «٨»ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بۆ ئەوەی بەحس بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت. ئێستاش وتەی پارتی یەکگرتووی ئیسلامی لە لایەن ڕێزدار هادی عەلی عەبدولکەریم پێشکەش دەکرێت با بفەرمووێ:

**بەڕێز هادی عەلی عەبدولکەریم:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی.**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.**

پێخۆشحاڵین کە لە ڕۆژێکی پیرۆزی مانگی ڕەمەزان و لە دوا ڕۆژەکانی سەدەی بیستەمی پڕ لە ڕووداوو گۆڕانکاری گەورە لە شوێنێکی گرنگ و بەڕێزی وەک تەلاری پەرلەمانی کوردستاندا کۆبووینەتەوە بە مەبەستی متمانەدان بە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم.

بێ گومان مایەی شانازییە بۆ گەلی کورد و گەلی کوردستان بە گشتی کە ئەزموونی گەلەکەمان لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی ڕێگایدا، هێشتا هەر بەردەوامەو، بەڵکو لە ساڵ لە دوای ساڵ لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش بەرەو پێشتر دەڕوات.

ئێمە بەڕێزو ئومێدەوە دەڕوانین بۆ کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و وێڕای تەواوکردنی بەرنامەکانی کابینەکانی پێش خۆی و بە ئەنجام گەیاندنی دروشمی سەقامگیرکردنی یاساو دورخستنەوەی پاشاگەردانی، هیواخوازین ئەم کابینەیە کلیلی سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی و یەکپارچە کردنەوەی ئیدارەی هەرێم بێت.

ئێمەش لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ ڕێزو پێزانیمان بۆ ئەرکی بەشداری و بەردەوام بوونمان لەم کابینە ئیئتلافییە بنکە فراوانەدا، چاوەڕوانی ئەوەین کە هەرچی زووترە هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتی و یەکخستنەوەی ناومالی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوەو لە هەمان کاتدا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و کابینەی چوارەم و بە هاوکاری هەموولایەک، گشت

ئیمکانات و تواناکان بۆ ئەو ئامانجە ستراتیژیی و حەیاتییە بخاتە گەڕو، بە موبادەرەیەکی بە جورئەت پرۆسەکە لە ساردبوونەوە رزگار بکات.
هەروەها هیوا خوازیارین کە هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراوەو سەندیکاو ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و هاوشێوەکانیان بۆ پیادەکردنی یاساو باڵادەست بوونی لە هەرێمدا بێت و لە چوارچێوەی پرۆسەی بە مەدەنیی کردن و جێگیرکردنی ژیانی دیموکراسیانەدا ئەنجام بدرێت و نەکرێنە ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی ئاشتی و ژیانی فرە حزبیدا.
ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان جارێکی تر تەئکید دەکەینەوە کە پشت بە خواو لەگەڵ هەموو دڵسۆزاندا بە گشت توانایەکمانەوە لە خزمەت زیاتر جێگیربوونی ئەزموونی گەلەکەماندا دەبین.
جارێکی تر پیرۆزبایی لە خۆمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەربەرزی بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک هادی، ئێستاش وتاری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لەلایەن کاک یونادم یوسف کناوە با بفەرمووێت.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز کاک مسعود بارزانی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.**

پێشەکی پیرۆزبایی لە خۆمان و لە هەمووتان دەکەین، بەم بۆنە پیرۆزەیەوە، داوای لێبووردن دەکەم، کە خۆمان ئامادە نەکردبوو بۆ وتار، بەڵام دیسان بەم بۆنە پیرۆزەوە، چەند قسەیەکمان هەیە، بە ئەرکێکی خۆمانی دەزانین کە باسی بکەین، خۆشحاڵین لەم کەشە برایانەدا بەم بەشدارییە کە ئێمە لەسەرەتاوە وەکو بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، وەکو مەبدەئ وەکو ئیمانمان ئەوەبووە کە، هەمیشە ئێمە پێکەوە شان بە شان وەکو دووو میللەتی برا لەم وڵاتە خەبات بکەین وە ئیشوکاری خۆمان پێکەوە بەسەرببەین، هەروەها پیرۆزبایی لە کابینەی چوارەم دەکەم بەتایبەتی بەبۆنەی ئەو دروشمەی کە بەرزی کردۆتەوە، چەسپاندنی یاسا، کە بەر لە هەزارەها ساڵ باپیرانمان بەو مەبدەئە ئەسایە، کە ئەساسێکی بنەڕەتییە هەر کیانێک کە قانون ڕەچاوبکرێت لە زەمانی ئاشوورو بابل ئەساسی ئەو تەمەدونە ڕەچاوکردنی ئەو قانونە بووە، ئەمڕۆ لێرەش، لەم کوردستانە یاسا زامنی گیان ومالی خەڵکە، یاسا زامنی دادوەری و یەکسانی لە وڵاتێکدا خۆشحاڵین بەم بۆنەیەوە کە ئێمە بڵێین وەکو بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری پشتگیری تەواوی ئەو بنەمایانە دەکەین کە بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی باسی کرد، لەم وتەیەی حکومەت، بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەی ناوخۆ، کە ئومێدەوارین کابینەی چوارەم ببێتە هاندەر بۆ جێبەجێ کردنی

ڕێککەوتنی واشنتۆن، لە نێوان پارتی و یەکێتی کە ئەو ئەساسێکی بەقوەتر لە هەموو ئەساسەکانە، کە ئاشتی ئەساسی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، دوژمنانمان زۆرن ناحەزانمان زۆرن، ڕێگە گرتن لە دەستێوەردان، ئەساسی ڕێگەگرن ئەوەیە کە ئاشتی نێوان خۆمان بێت، لە کۆتاییدا دیسان پیرۆزبایی دەکەم و زۆر زۆر خۆشحاڵی خۆم دەردەبڕم کە لەم کابینەی چوارە دوو ئافرەت هاتۆتە پێش، کە ئەوە نیشانەیەکی تەمەدونە، زۆر خۆشحاڵین پیرۆزە، وە ئومێدەوارین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو تەمەدون زیاتر بچین. زۆر زۆر سوپاستان دەکەین پیرۆزبایی لە هەموو برا وەزیرەکان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک یونادم ئێستاش وتاری برایانی تورکمان لەلایەن کاک جەودەت جەرجیس پێشکەش دەکرێت بابفەرموێت

**بەڕێز جەودەت جەرجیس:**

**جەنابی هێژا سەرۆک کاک مسعود بارزانی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەحەقیقەت ئەمڕۆکە خۆم زۆر بەبەختەوەر دەزانم کەنوێنەرایەتی میللەتێک بکەم ئەویش میللەتی تورکمانە لەو دەزگا پیرۆزەدا بەحەقیقەت ئێمە وەکو میللەتی تورکمان زۆر لەمێژبوو تەمەنای ئەوەمان دەکرد و کەخەباتەکانمان بەفیڕۆ نەچێتن وەبەشداری لە موؤسەساتەکانی شەرعی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین بەڵام وەکو لای هەموو کەسێک ئاشکرایە کە ناحەزانی میللەتەکەمان هەمیشە عەرقەلەیەکیان دادەنا نەیان دەهێشت میللەتی تورکمان بگاتە مافەکانی خۆی الحمدلله ئەوڕۆکەش لەسایەی پەرلەمانی کوردستانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان میللەتی تورکمان توانی نوێنەرێکی خۆی دابمەزرێتن لەناو ئەو حکومەتەدا وەمیللەتی تورکمان هەروەکو خۆمان دەزانین لەلای هەموو کەسیش ئاشکرایە کەمیللەتێکە ساڵەهای ساڵ خەباتی شان بەشانی برا کوردەکانی کردوە بەڵام ئەوڕۆکەش بەرەحەتی دادەنیشی کە ئەنجامەکانی الحمدالله هاتە دی و وەزۆر پێی مورتاح دەبی انشاالله وەداواش لەخودای گەورە دەکەم هەموو لایەکمان موەفەق بکات زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەودەت جەرجیس، وتاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ڕێزدار کاک یوسف حنا.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف:**

الاخ العزیز مسعود البارزاني رئیس حزب الدیمقراطي الکوردستاني المحترم

الاخ جوهر نامق سالم رئیس پرلمان اقلیم کوردستان المحترم

الاخ نيچيرڤان البارزاني رئيس مجلس وزراء الاقليم المحترم
الاخوة اعضاء پرلمان اقليم كوردستان المحترمون
الاخوة الضيوف المحترمون.

اسمحوا لي ان اقدم جزيل شكري للثقة التي منحني اياها اعضاء البرلمان الكوردستاني كوزيز في الكابينة الرابعة، وانني اعتبر هذه الثقة كثقة بحزبي، حزب العمل الاستقلال كوردستان وبسياستة القومية والوطنية والاجتماعية.

لقد ساهمت في اعمال الكابينة الثالثة بكل جدية واخلاص ونزاهة، وسابقى على عهدي في تسخير كامل امكاناتي وطاقاتي، لخدمة الكابينة الرابعة ولاهدافها وبرامجها، التي لخصها الاخ نيچيرڤان البارزاني رئيس الوزراء في جلسة اليرلمان، حيث اعلن عن اشعار الستراتيجي للكابينة الرابعة الذي هو سيادة وممارسة القانون في المجتمع الكوردستاني، انني اعتبر ان هذا الشعار هو الحلقة التي تسحب كل السلسلة وراءها، كما قال احد الفلاسفة اي ان جميع الاهداف الاخرى يمكن تحقيقها باسهل مايمكن.

وارى من الضروري الاشارة الى مقولة ونستون تشرشل رئيس وزراء بريطانيا، في اجتماع لمجلس الوزراء بعد الانتهاء من الحرب العالمية الثالثة، حيث كانت بريطانية قد انهكتها الحرب، ودمرت صناعتها وشاع الخراب جميع مرافق الحياة، واثقلت الحرب كاهلها بالديون الضخمة الخارجية، فسال وزرائه قائلاً، اسألكم ماهو حال القانون، هل ان القانون يطبق ام لا فكان جواب الوزراء نعم فكان جواب الوزراء نعم ان القانون سائد ويطبق والشعب ملتزم به، فقال تشرشل ان سيادة القانون يعني ان جميع المشاكل والاهداف ستحل وسنحققها بسهولة ويسر. والحقيقة ان تطبيق القانون معناه تطبيق النظام والعدالة، خاصة في ظرفنا الحالي، حيث ظهرت بوادر تخريبية وعرقلة المسيرة الثورية والديمقراطية لحركتنا الوطنية التحررية الكوردستانية. التي حققت مكاسب وانجازات هامة في اعلان الفيدرالية وضمان الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان.

والعناية بمعيشة الجمعاهير الشعبية والجهود المبذولة لاشاعة السلم والاستقرار في جميع انحاء كوردستان الجنوبية، استناداً الى اتفاقية واشنطن بين الحزب الديمقراطي الكوردستاني والاتحاد الوطني الكوردستاني.

ان هذه المنجزات جعلت من كوردستان الجنوبية مثالاً للمارسة الديمقراطية والتقدم بين بلدان المحبطة بكوردستان، بحيث كسبت عطف وتأييد ودعم القوي المحبة للسلام والديمقراطية في العالم.

ان حزبنا، حزب العمل الاستقلال كوردستان، سيضع كل طاقاته وامكاناته من اجل تحقيق هذه الاهداف، وبرنامج الكابينة الرابعة، الى جانب الاحزاب الكوردستانية الاخرى الصديقة المؤتلفة في تشكيلة الوزراة الرابعة، والسلام عليكم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک یوسف حنا، بۆ وتارەکەی. ئێستاش داوا لە جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین کە هەمیشە تەشریفی هێناوە بۆ پەرلەمان و ڕێنمایی کردووین، لەم بۆنەیەدا بێ بەشمان نەکات، لە ئامۆژگارییەکانی ئەگەر جەنابی ئەشریف بێنێتە سەر سەکۆ با بفەرمووێت.

**سەرۆک مەسعود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**خوشک و برایانی خۆشەویستم؛**

پیرۆزبایی لە هەمووتان دەکەم، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەم، کە ئەمرۆ چوارەمین کابینەی دامەزراند، وە ئەمە بۆ خۆی نیشانەی پێشکەوتنی دیموکراتییەتە لە کوردستان، دەلیلی تێگەیشتنی گەلی کوردەو، بڕوابوونی بە دیموکراتییەتە، وە ئومێدەوارم ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دیموکراتییەت بچەسپێ لەم وڵاتەدا، وە ئێمە وەکو میللەتێک فێری ببین و، قەناعەتمان پێ بێت، گۆڕانکاری هەموو کاتێک شتێکی باشە، وە هەروەکو پێش ماوەیەکیش ڕامانگەیاند، کە بەتەمای ئەوەین بە هەموو وەزعەکەدا بچینەوە و، گۆڕانکاریی سەرتاسەری بکرێت، ئەوە دەست پێکراو بەنیسبەت پارتییەوە کۆنگرەی «١٢» بەستراو، زۆر بڕیاری بەجێیشی دا، تەبیعی کوردستان، پاراستنی ئەم تەجروبەیە، پاراستنی وڵاتەکەمان، ئەرکی سەرشانی هەموومانە تەنها ئەرکی یەک حزب نییە، وە هەروەها هەر هەنگاوێک کە لە بەرژەوەندیی گەلەکەماندا بێت دیسان ئەرکی سەر شانی هەموو هاووڵاتییەکە لە کوردستاندا نابێت تەنها بۆ یەک حزب بە جێ بهێڵرێت، ڕاستە مومکینە هەر حزبێک بە پێی حەجمی خۆی مەسئولیاتی خۆی و دەوریشی دیارە و، مەسئولیەتیشی دیارە، بەڵام هەموومان تەواوکەری یەکترین، ئێمە نەمانویست گۆڕانکارییەکان بە پەلە پەل بکرێن و ئەنجامەکانیشی ئەوە نەبێت، کە ڕەچاو دەکرێت، لەبەر ئەوە گۆڕانکارییەکان بە دیراسەت کراون، وە ئومێدەوارین کە ئەنجامەکانیش ئەو ئەنجامانە بن کە ڕەچاوکراون و تەمەنایان دەکەین، ئەم گۆڕانکارییانە بەڕاستی عەمەلییەکی بەردەوام بێت، ئێمە وەکو پارتی کە بڕیاری ئەم گۆڕانکارییانە درا ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە پڕ بە دڵ سوپاسی براو هەڤاڵانی خۆشەویستم کاک جوهرو کاک رۆژ بکەم، کە یەکیان سەرۆکی پەرلەمان بوو یەکێکیشیان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، بەڵام پێش ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بێت یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێت سەربازی حزبەکەی خۆیانن، لەبەر ئەوە ئێمە مانان لەهەر کوێیەک بین لە هەر مەنسبێک بین لە هەر مەسئولیەتێک بین، پێش ئەوەی ئەو مەسئولەبین، سەربازی حزبەکەی خۆمانین، سەربازی ئەو ڕێبازە پیرۆزەین، تەبعەن وەکو خۆیشتان ئاگادارن دەورو تەسلیمیش دەکرێت و، گۆڕانکاری لە پەرلەمانیش دەکرێت هەروەکو لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش کرا، وە هەر برادەرێک واجبی خۆیشی وەردەگرێت و ئیشی تازە دەکات، هەموویشی بۆ یەک ئامانجە،کە خزمەتکردنە بە گەلەکەمان و، بە وڵاتەکەمان، تەبعەن چ لە

پەرلەمان، چ لە کابینەی سێیەم ئیشی زۆر کراوە، جێگەی تەقدیرە و، ئومێدەوارین لەمەو دوایش هەر بەردەوام بن لەسەر ئەم هەوڵ و تەقەلایانە، وە خزمەتی زیاتر بە میللەتەکەیان پێشکەش بکەن، کابینەی سێیەم زۆر زۆر بە چاکی تەقیم دەکرێت بە شاهیدی خەڵکی بێگانە، کە سەردانی کوردستانیان کردووە، هەموو شایەدیی ئەوە دەدەن، کە گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆر گەورە ڕووی داوە، لەوەی کە پێش تر بینیویانە، هەر جارێک کە هاتوون بۆ سەردانێکی تازە شایەدیی ئەوەیان دەدا، کە شتی تازە دەبینن لە کوردستان، پێشکەوتنی تازە دەبینن، بێ گومان ئەمەش بە جهودی هەموو لایەک بووە، هەروەکو ئیشارەتیشی پێدرا، لە وتەکەی کاک نێچیرڤان ئەگەر شەڕ فرۆشتنی ناحەزان نەبووایە، شتی زۆر گەورەتریش دەکرا، بەڵام ئومێدەوارین کە ئیتر شەڕ فرۆشانیش بەلای خۆیان لە میللەتی کوردستانی عێراق بکەنەوەو، وازمان لێ بێنن، کابینەی سێیەم کە دەست بەکاربوو داوای لێ کرا، کە بەحەقیقەت ببێت بە کابینەی خزمەتگوزاری و، بەراستیش بوو بە کابینەی خزمەتگوزاری، ئەمڕۆش کە کابینەی چوارەم دەست بە کار دەبێت، ئومێدەوارم جگە لەوەی کە دەبێت بەردەوام بێت لەسەر خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، چەند ئەرکێکی تریش کە زۆر پیرۆزن بە جێیان بگەیەنێت، لەوانە چەسپاندنی یاسا کە دەبێت زۆر زۆر بە جدی بۆ چەسپاندنی یاسا هەوڵ بدات، وە لێرەدا داوا لە هەموو حزبەکان دەکەم، کە ئەوپەڕی هاوکاری لەگەڵ کابینەی چوارەمدا بکەن، بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت و، کەس لە یاسا بەرزتر نەبێت، وە من لێرەدا داوا لە کابینەی چوارەم دەکەم، یەکەم جار یاسا بەسەر پارتیدا جێبەجێ بکەن، ئینجا حزبەکانی تر، دەبێت ئەرکی تری پاراستنی هێمنی و ئاسایش و دابین کردنی ئازادی بێت بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەبێ جیاوازی، ڕێز لە مافی مرۆڤ بگیرێ و، عەدالەتی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێت. وە من لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئەو پێشنیارەی کۆنگرەی «١٢»ی پارتی بخەمە پێش پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم، بۆ هەوڵدانی بەپەلەو دەست بە کاربوون بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، کە کارێکی زۆر زۆر شارستانییە و هەرچی زووترە دەبێت جێبەجێ بکرێت، کاری تر، بایەخدانێکی زیاتر بە دەزگای شەهیدو دەزگای ئەیلوول بدرێت.

بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خزمەتی خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان بکەن، خزمەتی خانەوادەی شەهیدە زیندووەکان بکەن و خزمەتی تێکۆشەرانی شۆڕشی ئەیلوول بکەن ئومێدەوارم تەنسیقێکی ڕێکوپێک لە نێوان پەرلەمان و کابینەی چوارەمدا هەبێ و پێکەوە هەموو شتێکیان بەگیانێکی هەست کردن بە مەسئوولیەتەوە ئەنجام بدەن و لە کاتی یاسادانان، پێشنیار دەکەم و، برایانە تکاتان لێ دەکەم، کە ڕای خەڵکی شارەزا وەربگرن و یاساکان هەمیشە بەلای چینی هەژاردا بشکێنەوە، چونکە میللەتی ئێمە بەشی هەرە زۆری خەڵکی هەژارو نەدارە، مەسەلەی ئاشتی بێگومان خاڵێکی هەرە گرنگە و، لە هەموو مناسەبەتێک دەبێ کەم یان زۆر ئیشارەتی پێ بدرێ، ئێوە هەمووتان شاهێدن، کە پاش تەواو بوونی کۆنگرەی (١٢) ئێمە موبادەرەیەکی زۆر زۆر

جدیمان کرد و بروا بکەن ئێمە ناتوانین موبادەرەی لەوە جدی تر و گەورەتر بکەین، نەپێشتر نە لەمەودوا دەتوانین لەو باشتر و گرنگ تر بکەین و، ئەو موبادەرەیە بۆ ئەوە بوو بەراستی هەنگاوی زۆر عەمەلی و جدی بهاوێژین بۆ ئەوەی ئاشتی بچەسپێنین، ئێمە پێمان وایە تا ئێستا، وە زەحمەتیشە هیچ کاتێک بە دیلێکی لە ئیتفاقیەی واشنتۆن باشترمان دەست بکەوێ، ئێمە هەموو کاتێک ئامادەبووین بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن، ئیمزامان کردووەو احترامی ئیمزای خۆمان دەگرین، بەلاّم ئێمە تەفسیراتی غەلّەت قەبوولّ ناکەین بۆ ئەو رێککەوتننامەیە.

ناردنی ئەو وەفدە بۆ ئەوە بوو بەراستی ئێمە بگەینە تەفسیرێکی موشتەرەک و ئیتیفاقیەکە جێبەجێ بکرێ، بەلاّم بەداخەوە دیتتان کە وەلاّمی برادەرانی یەکێتی بۆ ئەو هەنگاوە گرنگەی ئێمە، پێم وایە وەلاّمێکی راست و دروست نەبوو، لەگەلّ ئەوەش دا ئێمە سورین لەسەر ئەوەی بەردەوام بین لەسەر هەولّ و کۆششی خۆمان بۆ ئاشتی، چونکە تەنها رێگەیەکە لە بەرژەوەندیی میللەتەکەی ئێمە دابێ، تەنها من دەمەوێ وەلاّمی خالّێکی برادەرانی یەکێتی بدەمەوە، کە لە زۆر موناسەبات دا لە زۆر موقابەلاتی تەلەفزیۆنیدا لەگەلّ قەنەواتی دەرەوە دەلّێن پارتی نایەوێ هەلّبژاردن ببێ، من لە ئێستاوە رایدەگەیەنم حەز دەکەن پێش تەتبیع، حەز دەکەن دوای تەتبیع لە سبەینێوە ئێمە ئامادەین داخیلی هەلّبژاردن ببین بەبێ ئەوەی تەتبیعیش دەست پێ بکات، ئێمە هیچ کاتێک نەمان گوتووە هەلّبژاردنمان ناوێ یان لە هەلّپژاردن رادەکەین ئێمە ئامادەین پێش ئەوەی تەتبیعیش ببێ لە کوردستان هەلّبژاردن دەست پێ بکەین، و ئەنجامەکانیشی قەبوولّ بکەین، تەعەهود دەدەین بەرامبەر بە میللەتی کورد، من ئومێدەوارم کە کوردستان هەر وەکو هەمیشە ولاّتی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینیی بێ، ولاّتی تەساموحی نەتەویی و مەزهەبی بێ و، هەر ئەوها بمێنێ و، من دلّنیاتان دەکەم برایانمان چ تورکمان چ ئاشووری، کە کوردستان ولاّتی هەمووومانە، برای یەکین پێکەوە دەژین پێکەوە دەمرین پێکەوە خزمەتی ولاّتی خۆمان دەکەین. من خۆم شخصیا رازی نابم هیچ فەرق و جیاوازییەک بکرێ، هەروەها تطمینی هەمووکەمایەتیە مەزهەبیەکانیش دەکەین، کە ئازادن لە کوردستاندا چۆن طقوسی خۆیان ئەنجام دەدن، ئازادن و کەس مافی نییە رێگەیان پێ بگرێت، کوردستان دەبێ کوردستانێکی پر بێ لە دیموکراتیەت و ئازادی، ئازادی ئەوەندەیە کە تۆ ئازدیی خەلّکی تر تێک نەدەی، دیموکراتییەت ئەوەندەیە، کە تۆ مافی خەلّکی تر پێشێل نەکەی و، من داوا لە کابینەی چوارەم دەکەم ئەو پەری رێز لە مافی مرۆڤ بگرێ، بەلاّم ئەو پەری حەزمیش بەکار بێنێ دژی هەر کەسێک یاسا پێشێل کات و تەجاوز بۆ سەر مافی خەلّکی تر بکات و، جارێکی تریش من تکایەکی برایانە لە هەموو حزبەکان دەکەم، چ ئەوانەی لەناو حکومەتدا بەشدارن، چ لە دەرەوەی حکومەتن، سەر بە هەر جیهەتێک بن یان بەهەر نەتەوەیەک بن موراعاتی یاسا بکەن و رێز لە یاسای کوردستان بگرن، کەس لە کوردستاندا لە یاسا بەرزتر نابێ، ئەگەر تا ئێستا پێشێلی یاسا کراوە، یا کەسێک خۆی لە یاسا

بەرزتر زانیوە ئەمە جارێکی تر من تەئکیدی دەکەمەوە ،کە کابینەی چوارەم دەبێ یاسا جێبەجێ بکا لەسەر هەر کەسێک و لەسەر هەر حزبێک و نابێ هچ حزبێک ڕەفتارێکی وا بکات، کە زەرەیەکیش موخالف بێ بۆ یاسایەکان، کە ئیقرار کراون لەم پەرلەمانە، ئەوەی بیەوێ لە کوردستان ئازاد و سەربەست و لە جەوێکی دیموکراتی دا بژی، پێش هەموو شتێک دەبێ ڕێز لە یاسا بگرێ، ڕێز لە بڕیارەکانی پەرلەمان بگرێ، ئێمە قەبووڵ ناکەین کەسێک خۆی لە هەموو شتێک بەرزتر بزانێتن، لە کۆتاییدا تەمەنای سەرکەوتن دەکەم بۆ کابینەی چوارەم و ئومێدەوارم جێگای بڕوای میللەتەکەتان بن، بتوانن سەر بەرزانە خزمەتی میلەتی خۆتان بکەن، ئەمانەتێکی گەورەیە کەوتۆتە سەر شانی ئێوەو، دڵنیام انشاء الله بە هاوکاری و بە پشتیوانی خوای گەورەو بە هیمەتی هەموو لایەک، کە بتوانن سەربەرزانە ئەرکەکانتان ئەنجام بدەن و، خزمەتی میللەتەکەتان بکەن و، جارێکی تریش سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم و، هەمووتان هەر ساغ و سەلامەت و سەرفراز بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخەیە جارێکی تریش سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ ئامادەبوونتان دانیشتنەکەمان لێرە تەواو دەبێ سبەی سەعات (١١) کۆدەبینەوە زۆر زۆر سوپاس.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق**

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣٥**

**مێژووی بڕیار: ٢٠**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە(٤)ی مادده(٥٦)لەیاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٤)یدا کە لە ١٩٩٩/١٢/٢٠دا بەسترا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** متمانە دان بەوانەی کە لەخوارەوەدا ناویان هاتووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پایانەی کە بەرامبەر هەر یەکێکیان دیاری کراوە:

| | |
|---|---|
| ١- نیچیرڤان ئیدریس بارزانی | سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. |
| ٢- محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان(سامی) | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. |
| ٣- شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد | وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران |
| ٤- فازڵ میرانی | وەزیری ناوخۆ |
| ٥- عومەر عوسمان (زەعیم عەلی) | وەزیری کاروباری پێشمەرگە |
| ٦- عەبدولعەزیز تەیب ئەحمەد | وەزیری پەروەردە |
| ٧- سەرکیس ئاغاجان مامندو | وەزیری دارایی و ئابووری |
| ٨-عەدنان محەمەد حسامەدین نەقشبەندی | وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی |
| ٩- هادی عەلی عەبدولکەریم | وەزیری داد |
| ١٠- فەلەکەدین سابیر کاکەیی | وەزیری ڕۆشنبیری |
| ١١- سەعد عەبدوڵلا عوسمان | وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ١٢- مەئمون نور محەمەد بریفکانی | وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار |
| ١٣- یونادم یوسف کنا | وەزیری پیشەسازی و وزە |
| ١٤- د.شەفیق قەزاز | وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری |
| ١٥- د.جەمال عەبدولحەمید | وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١٦- نەسرین مستەفا سدیق | وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان |
| ١٧- نازەنین محەمەد وەسو | وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن |
| ١٨- د.عەبدولحەمید عەبدوڵلا ئاکرەیی | وەزیری گواستنەوەو گەیاندن |
| ١٩- یوسف حنا یوسف | وەزیری هەرێم |
| ٢٠- مەحمود کاوە حەفید | وەزیری هەرێم |
| ٢١- نمر کەچو هسام | وەزیری هەرێم |
| ٢٢- جەودەت جەرجیس نەجار | وەزیری هەرێم |
| ٢٣- عەبدولجەلیل رەزا عەلی | وەزیری هەرێم |

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ١٩٩٩/١٢/٢٠وە کاریگەر دەبێ و لەرۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەبێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**

**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣٦**

**مێژووی بڕیار: ٢٠**

«بڕیار»

پشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (٣٥) لە٢٠/١٢/١٩٩٩دا هەروەها حوکمی بڕگە(٢)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧بڕیاری دەرهێنانی ئەمەی خوارەوەمان دا:

**یەکەم:** پێکهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە هەرێمدا(ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق)بەم جۆرەی خوارەوە دەبێ:

١ـ نیچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.
٢ـ محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان(سامی) جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.
٣ـ شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران
٤ـ فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ
٥ـ عومەر عوسمان (زەعیم عەلی) وەزیری کاروباری پێشمەرگە
٦ـ عەبدولعەزیز تەیب ئەحمەد وەزیری پەروەردە
٧ـ سەرکیس ئاغاجان مامندو وەزیری دارایی و ئابووری
٨ـعەدنان محەمەد حسامەدین نەقشبەندی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
٩ـ هادی عەلی عەبدولکەریم وەزیری داد
١٠ـ فەلەکەدین سابیر کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری
١١ـ سەعد عەبدوڵلا عوسمان وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری
١٢ـ مەئمون نور محەمەد بریفکانی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار
١٣ـ یونادم یوسف کنا وەزیری پیشەسازی و وزە
١٤ـ د.شەفیق قەزاز وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری
١٥ـ د.جەمال عەبدولحەمید وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی
١٦ـ نەسرین مستەفا سدیق وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان

| | |
|---|---|
| ١٧- نازەنين محەمەد وەسو | وەزيری ئەشغال و نيشتەجێکردن |
| ١٨- د.عەبدولحەميد عەبدوڵڵا ئاكرەيی | وەزيری گواستنەوەو گەياندن |
| ١٩- يوسف حنا يوسف | وەزيری هەرێم |
| ٢٠- مەحمود كاوە حەفيد | وەزيری هەرێم |
| ٢١- نەمر كەچو هسام | وەزيری هەرێم |
| ٢٢- جەودەت جەرجيس نەجار | وەزيری هەرێم |
| ٢٣- عەبدولجەليل رەزا عەلی | وەزيری هەرێم |

**دووەم:** ئەم بڕيارە لە ١٩٩٩/١٢/٢٠وە كاريگەر دەبێ و لەرۆژنامەی رەسميشدا بڵاو دەبێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نيشتمانيی**
**كوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١/١٢/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢١

***کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢١ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٥)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١) سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢١دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنە ڕووی دەست لەکارکێشانەوەی ڕێزدار جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن.***

***٢ـ خستنەڕووی دەست لە کارکێشانەوەی ڕێزدار جوهر نامق سالم لە ئەندامییەتی ئەنجوومەن.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ١٩٩٩/١٢/٢١ بەرنامەی کارمان دوو خاڵە.

١ـ خستنەرووی دەست لەکارکێشانەوەی بەندە لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢ـ خستنەروو و دەست لەکارکێشانەوەی بەندە لە ئەندامێتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، بەڵام پێشەکی ئەگەر مۆڵەتم بدەن.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

خوشکان... برایان

سڵاو ڕێز و خۆشەویستی گەرمتان پێشکەش بێت...

ڕۆژگارێک بوو، ڕۆژگارێکی هەتا بڵێی سەخت و دژوار کاتێک بە ویست و خواست و پشتیوانی گەلە کۆڵنەدەرەکەمان یەکەم پەرلەمانی بێ پێشینەو، بێ وێنەو بێ هاوتای کوردستان ئینتخاب کراو هاتە گۆڕەپانی خەباتەوەو، بووە بەردی بناغەی ئەزموونێکی دەگمەنی دیموکراتی و نموونەیەکی زیندووی ژیانی پەرلەمانیی، نەک هەر لە هەرێم و، لە عێراق بەڵکو لە هەموو ناوچەکەیشدا.

کە پەرلەمانی کوردستان لە دایک بوو، لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازاد و کەم وێنە لە ١٩/٥/١٩٩٢، کوردستان وێران و، گەلەکمان تووشی چەند جارێ ئاوارەیی ببوو و برسی و هەژارو لێقەوماو لەژێر دوو گەمارۆی سەختی ئابووریدا و، رژێمی ناوەندی ئیداراتی خۆی کێشابووەوە، زیاتر لە (٤) هەزار گوندی کاول کراو، لە جێی کارگەو دەزگای بەرهەمهێنان بە سەدان مەعەسکەری وێران و کۆنە رەبایەو بە هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە کێڵگەی بە (مین) چێنراوی بەجێ هێشتبوو.

ترس و دڵەڕاوکێ و بێ کاری و بێ ئارامی لە ناخەوە هەڕەشەیان لە ئیرادەی مرۆڤی کورد دەکرد، برینی هەمیشە بە سوێی ئەنفال هێشتا تەڕە بوو و، هەڵەبجەی شەهیدیش هێشتا بۆ کرۆزی باروت و مەوادی کیمیاوی و کارەساتی لێ هەڵدەستا...

دوژمنانی دیموکراتیەت و، ناحەزانی کورد وەکو شانەی هەنگ بە یەکدا دەهاتن و پیلانیان لە دژی گەلی کوردستان دەچنی و هەوڵی دزینی دەسکەوتەکانیان دەدا، کە بەرهەمی رەنج و تێکۆشان و بەرخودانی خەڵکی بەشەرەفی ئەم خاکە پیرۆزەو، فیداکاری پێشمەرگە قارەمانەکان و خوێنی ئاڵی شەهیدانمان. پەرلەمانی کوردستان لەو بارودۆخە و، لە پێناو دابین کردنی مافە رەواکانی گەلی کوردستان و بڕیارو ئیرادەی ئەو وەکو شێوازێکی نوێی تێکۆشان لە ٤/٦/١٩٩٢ هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە.

خوشک و برایانی خۆشەویستم، هەڤاڵانی رێگای دامەزراندن و بەگەڕ خستن و درێژەدان بە پەرلەمانی کوردستان، هاوکارانی رێگای خەباتی بێ ووچان لە پێناو دامەزراندنی دەسەڵاتی شەرعی و زاڵبوون بەسەر هەموو کۆسپ و ئاستەنگ و هەوڵی رووخاندن و دژایەتی دەسەڵاتی شەرعی یاسادانان لە رێی نوێنەرانی راستەقینەی میللەتەوە.

پێش (٧) ساڵ و (٧) مانگ و (١٩) رۆژ، لەم هۆڵەدا ئێوەی بەرێز و لەیەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە ٤/٦/١٩٩٢ بەتێکرای دەنگ شەرەفی سەرۆکایەتی یەکەمین پەرلەمانی بەشەرعی هەڵبژێردراوی میللەتی کوردتان بە من بەخشی، ئەمەیش هەر وەکو ئێوەی بەرێز و خۆشەویست ئاگادارن مسؤلیەتێکی ناسک و شەرەفێکی گەورەو ئەرکێکی قورس بوو بەشەخسی و بۆ تێکرای برایانم لە دەستەی سەرۆکایەتی رێزداران محەمەد تۆفیق و فەرسەت ئەحمەد و دواتریش نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، هەر چۆن خودی کاروباری پەرلەمان بۆ هەموومان ئەزموونێکی نوێ بوو، بەڵام بە هەموو توانامان هەوڵمان دا بە هاوکاری ئێوەی بەرێز، جوامێرانە بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵسین و ئەو ئەمانەتەی میللەتەکەمان بە دڵ و گیان بپارێزین.

بێ گومان هێشتنەوەی پەرلەمان و گەشەپێکردنی، وێرای ئەو هەموو تەحدیاتە و کۆسپە سەختانە، ئەرکێکی ئاسان نەبوو، بەڵام وەکو هەموو ئەرکێکی پیرۆزی لە ناخەوە باوەڕ پێکراو، هەوڵمان دا هەموو تین و گوڕ و تواناو هزرو بۆچوونی دروستی خۆمان بخەینە کارەوە، تا نموونەی پەرلەمانێکی ئازادو سەربەخۆ و ئەمین لەسەر ئەو ئەمانەتەی میللەت پێی راسپاردووە، بەرجەستە بکەین و، کارەکانمان ئەنجام بدەین و بەرگری لە شەرعییەت و ناوبانگی ئەم پەرلەمانە پیرۆزە بکەین، ئەوە بوو بە هەوڵو کۆششی هەموومان و، بە هۆی پشتگیری و رێنمایی سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتیمان بەتایبەتی و، توانرا شوکر بۆ خوا، پەرلەمان نەک تەنها لە لەناوچوون بپارێزرێت، بەڵکو پەرەی پێ بدرێت و بە حەمدی خودا وا پێی ناوەتە هەشت ساڵەی تەمەنییەوەو بەرەو سەدەی (٢١) هەنگاوی پتەو پڕ لە برواوە دەنێت.

بەرێزان...

ئەگەر ئاوڕێک لە کارەکانی ئەم پەرلەمانە بدەینەوە، دەبینین کە خەرمانی بەرهەمی ئەم کاروانە تاکو ئەمڕۆ بریتین لە سنووری (٩٠) یاسا و (١٦٧) بڕیاری پەرلەمانی بەرهەمەکانی پەرلەمان هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاکو ئەمڕۆ لە تویێی «٢٢» پرۆتۆکۆل کە گشت دانیشتنەکانی تێدا تۆمار کراوە هەرچی یاسا و بڕیارمان وەرگرتووە لەم پەرلەمانە دەرچووە کۆکراوەتەوە لە «٤» بەرگدا بەزمانی کوردی شیرینمان و بەزمانی عەرەبی و ژمارەی ڕۆژنامەی ڕەسمی «پەرلەمان» گەیشتۆتە نزیکەی (٦٠) ژمارە، جگە لە چەندین کوڕاسی تر بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئنیگلیزی، ئەم بەرهەمە بە پێزە ڕۆڵی خۆی نواند لە ڕێک و پێک خستنی باری کۆمەڵ و چاککردنی دۆخی ژیانی گەلی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەم پەرلەمانە بوو هێڵی سەرەکی کار کردنی دەسەڵاتەکانی: ڕاپەڕاندن و دادوەری و یاسادانان و دەسەڵاتی چوارەمیش (ڕۆژنامەگەری)، بە پێی چەندین یاساو بڕیاری پوخت و ڕێک و پێک، داڕشت.

بەڕێزان...

سەرەڕای هەموو ئەو دەسکەوتانە و لەوانەیش کەمتر گرنگ نییە ئەو تەقالید و ڕاهاتنە پەرلەمانییە دروستانەی کە بۆ یەکەمین جار لەم باڵەخانەدا و، بە درێژایی ئەو حەوت ساڵە، داڕێژران و بوون بە دەستووری کارکردن و ڕێگا پیشاندەر بۆ ئایندەشمان.

ئێستا دەتوانین بڵێین ئەو هەموو ڕاهێنانەو تەقالیدە پەرلەمانییە بۆ کۆمەڵگایەکی بێ ئەزموون لە بواری دیموکراتیەت و تاقیکردنەوەی پەرلەمانیدا وەکو کۆمەڵگای کوردستان، سەربەرزییەکی مێژوویی و شانازییەکی گەورە بۆ هەموومان.

خوشک و برایانی بەڕێز...

بەش بە حاڵی خۆمان پێش هەموو شتێک کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستانین، پارتیش هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە سەرۆکایەتی باوکی ڕۆحی کورد بارزانیی نەمر، بڕوای بە دیموکراتیەت ئازادی بیروڕاو ژیانی پەرلەمانی نوێ بووە، لە قوتابخانەی ڕەسەنی گەورەی کوردایەتی و کۆڵنەدان چاومان کردۆتەوەو پێگەیشتووین بۆ ئەم ڕێبازەشە هەمیشە هەر وەکو دوێنێ جەنابی سەرۆک بارزانی ئاماژەی بۆ کرد سەربازێکی ئەم حزبەو پێشمەرگەیەکی ئەم ڕێبازەین.

خوشک و برایانی بەڕێز...

ئاشکرایە بارودۆخی نائاسایی کوردستان دەرفەتی خۆش نەکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دووەم و سێیەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەگینا دەبوایە، تا ئێستا دووجاری تریش بێجگە لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٦/٤، سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرایە، بۆیە بەلاتانەوە نامۆ نەبێت کە ئەمڕۆ سەرۆکی پەرلەمانەکەتان، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری سەرکردایەتی پارتیمان و لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانە کە لە دەزگاکانی حزب و حکومەت و پەرلەمان کە دەست پێ کردووە ئەنجام بدرێت، دەست لە کارکێشانەوەمان لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ بەڕێزتان پێشکەش دەکەین، هەڤاڵێکی تری سەرکردایەتی پارتیمان و ئەندامی پەرلەمان ئەویش برای خۆشەویست کاک د.ڕۆژ نوری شاوەیش سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێشووەو، ئەو ئەرکە پیرۆزەی بۆ دەست نیشان کراوەو، دڵنیام لەوەی بە هەموو توانایەکتانەوە کۆمەک و هاوکاری دەکەن و ئەم کاروانە دەبەنە سەر.

ئەمەیش سوننەتی ژیانە، چونکە هەموو پۆستێک کاتییەو پێوەری سەرکەوتنی مرۆڤ هەمیشە ئەو بەرهەم و خزمەتانە بووە، کە پێشکەش بە میللەتەکەی دەکات، نەوەک درێژی و کورتی ئەو

ماوەیەی کە لە پۆستێکدا بە سەری دەبات.
خوشک و برایانی ئازیز...

بەم بۆنەیەوە دەرفەتم بدەن سوپاسی یەکە یەکەتان بکەم بۆ ئەوە یارمەتی و هاوکارییە دڵسۆزانەی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو و لەگەڵ من و لە کارەکانتانا نواندتان. هەر ئەو هاوکاری و دڵسۆزییەیش بوونە مایەی ئەو کارە سەرکەوتووەو بەرهەمە پوختەو کاملانەی پەرلەمانە خوشەویستەکەمانەوە.

بەڕێزان...

ئەوەی کار بکات، لەوانەیە هەڵەو کەم و کورتیشی هەبێ، بۆیە تکام وایە لە هەموو هەڵەو کەم و کورتییەکانم ببورن و گەردنم ئازاد بکەن، دڵنیابن هەمووتان براو خوشکی خۆشەویستی ئێمەو جێگای ڕێزو تەقدیرمان بوون هەمیشە، شانازم بەوەی هەمومان وەکو یەک خێزان و یەک گروپی کۆک و بە دڵسۆزانە ئەرکەکانمان ئەنجام داوەو بۆ بەرژەوەندیی میللەت و لە پێناو سەروەری یاساو ڕێزگرتنی لەدەسەڵاتی میللەت و پاراستنی مەڵبەندی شەرعییەت، کورەی هەنگ کارمان کردووە.

بەڕێزان...

بە پێویستی ئەزانم بەم موناسەبەتە پێشەکی سوپاسی خوای گەورە بکەم کە ئەوەندە سەبرو تەحەمولی پێ بەخشیم بۆ هەڵگرتن و بەڕێوەبردنی ئەم مەسئولیەتە، سوپاسی بێ پایان بۆ سەرۆکی هێژا جەنابی کاک مەسعود بارزانی بۆ ئەوسیقەو باوڕیی و پشتگیرییە، هەروەها بۆ سەرکردایەتی پارتی و کادیرانی دڵسۆز و ئەندام و تێکۆشەرانی، بۆ پشتگیری و هاوکاریمان لەم کاروانە دوورو درێژەدا. سوپاسی بێ پایانمان بۆ لایەنە سیاسیەکان و هێزو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو ئایینییەکان و هەموو چین و توێژێکی ئەم نەتەوەیە و برایانی ئاشووری و تورکمان بۆ هاوکاری و هەماهەنگیان بەتایبەتی لە هەل و مەرجە ناسکەکاندا.

ئازیزانم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان...

داوای دەست کێشانەوەی خۆم لە پۆستی سەرۆک و ئەندامێتی پەرلەمان دەخەمە بەردەمی بەڕێزتان و تکام وایە لێم قەبوڵ بکەن. بەڵێنتان دەدەمێ هەمیشە بیرەوەری کارکردنی هاوبەشمان لەم پەرلەمانە خۆشەویستەدا فەرامۆش نەکەم. ئەو یادانە لە خزمەت ئێوەو لە پێناوی وەفاداری بۆ (ماندێتی) میللەتەکەمان لە ڕۆژانی خۆش و ناخۆش و ئاسان و سەختدا هەمیشە لە مێشک و دەروونماندا چەسپاوەو، هەتا هەتایە لە یاد ناچنەوە. جارێکی تر سوپاس و پێزانینم بۆ هەستی برایانەی یەکە یەکەتان هەیەو دەستان دەگوشم، لە یەزدان دەپاڕێمەوە هەمیشە سەرکەوتوو بن بۆ خزمەتی گەلەکەمان.

هەر بەم بۆنەیەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی گشت کارمەندان و حمایەی پەرلەمان دەکەین، چونکە لە میانی ئەم چەند ساڵە بەیەکەوە نموونەی ئیشکەرو خزمەتگوزار بوون لە پێناوی ڕاپەراندنی کارەکانی پەرلەماندا درێغیان نەکردووە. بەش بە حاڵی خۆمان زۆر سوپاسیان دەکەین و دڵنیاین ئەو دامودەزگایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی ئیدارییەوە دروست بووە ڕێکوپێکەو جێگای تەقدیری هەموو لایەکە.

سڵاو لە پەرلەمانی کوردستان، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ. سڵاو لە هێزی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان پارێزەری دەسکەوتەکانی گەل. هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردو کوردستان.

هەر خۆشبن
هەولێر ١٩٩٩/١٢/١٥

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەمرۆ پاسەوانێکی دڵسۆزو ئەمینی شەرعیەت و پەرلەمان خەریکە دەست لەکار دەکێشێتەوە، وەکو دوێنێ سەرۆک بارزانی فەرمووی بەر لەوەی ئێمە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیر بین، سەربازی حزبێکین، سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستانین و هەر هەموومان گیان لەسەر دەست خۆمان بەخت کردووە هەر سەنگەرێک بۆ ئێمە دیار بکرێت بێ وەستان دڵسۆزانە روو دەکەینە ئەو سەنگەرە جێی خۆمان لە نێو ئەو سەنگەرە قایم دەکەین و خەباتی نەپساوەی خۆمان لەوێ درێژەی پێ دەدەین بەراستی (کاک جوهر نامق سالم) کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە ئەوەی لە توانای بووە بۆ پاراستنی شەرعیەت و پاراستنی پەرلەمان و ڕێز گرتن لە پەرلەمان خەرجی کردووە و دریغی لە هیچ فیداکارییەک نەکردووە، بۆ ئەوەی پەرلەمان سەربەرز بێت، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان سەربەرز بن بۆئەوەی ئەو پەرلەمانە کە نوێنەری شەرعیەتە لە کوردستان بمێنێت و، پارتی شانازی پێوە بکات، من نامەوێ درێژە بە قسەکانی خۆم بدەم، وەکو جەنابی فەرمووی ئەوەی کە کار ناکات تووشی هەڵە نابێت، ئێمەش لەوانەیە هەندێ زیادەڕۆییمان کردبێ، هەندێ قسەمان کردبێ، لەوانەیە لە کاتی گفتوگۆدا قسەکانمان لە یەک نەچووبێت، من بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەگەر ڕێگام دەدەن داوای لێبردن لە جەنابتان دەکەم، کاک جوهر لە هەر سەنگەرێک بێت، لە هەر شوێنێک بێت، لە هەر پۆستێک بێت، بە برا گەورە و ئازیزی خۆمانی دەزانین و، ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و، هاوکاریشی دەکەین بۆ سەرکەوتن، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس بۆ کاک فەرەنسۆ بە یاری خوا هەر وا دەبین، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا، خستنە رووی دەست لە کار کێشانەوەمانە لە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

بە پێی ماددەی «١٠» لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن، بەتەمەن ترین ئەندام لەناو ئامادە بوواندا سەرۆکایەتی ئەم دانیشتنە دەکات، دبێتە سەرۆکی کاتی، ئەویش پاش لێکۆڵینەوە وا دیار بوو کە ئەو ئەندامە کاک محەمەد حەسەن باڵەتەیە، فەرموو.

**بەڕێز مـــــحـــــەمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە:**

ئێستا دێینە سەر برگەی «٢» لە بەرنامەی کار کە ئەویش دستکێشانەوەی کاک جوهرە لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی و، دیخەنەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات و، دانیشتنی ئایندەشمان سبەی کات «١١»ی پێش نیوەڕۆ تەرخانە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەن، هەر کێش دەیەوێت خۆی بپاڵێوێت ئازادە، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**محەمەد حەسەن باڵەتە**
**سەرۆکی کاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ژمارەی بڕیار: ٣٧**

**مێژووی: ١٩٩٩/١٢/٢١**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە «٢» لەمادده «٤٣»ی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، هەروەها بڕگەی «١» لە مادده «١٦»و مادده «٣٣»و «٣٥» لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە «١»ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە «١٥»یدا، کە لە ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/٢١دا بەسترا، بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** قەبووڵ کردنی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، لە پایەو ئەندامیەتی ئەنجوومەن.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ١٩٩٩/١٢/٢١ەوە کاریگەر دەبێ.

**محەمەد حەسەن باڵەتە**
**سەرۆکی کاتی**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٢/١٢/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٢

*کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە سەرۆکی کاتیی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٦)ی ئاسایی خۆی لە کات(١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٢دا بەم شێوەیە بێت:*

*١- هەڵبژاردنی سەرۆکی تازەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەپێی حوکمی برگە «٢» لە مادده «١٦»ی یاسای ژمارە «١١»ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا.*

*٢- وتەی سەرۆکی «هەڵبژێردراو» بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.*

**بەڕێز سەرۆکی کاتی ئەنجوومەن (محەمەد حەسەن باڵەتە):**

بەناوی خوای مەزن و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین. پێشەکی بەناوی خۆم و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز مەسعود بارزانی دەکەین بۆ تەشریف هێنانی بۆ پەرلەمان، کە ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی دیموکراتیەت و شەرعیەتە و، چەسپاندنی یاسایە لە هەرێمدا، کە زۆر جار لە زۆر بۆنەدا دەفەرمووێت: (یاسا سەروەرە) خوای گەورە تەمەنی درێژ بکات و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەت کردنی کوردو کوردستان. هەروەها بە خێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی و هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین و پەنا بەخوا کابینەی چوار دەبێتە کابینەی چەسپاندنی یاسا. هەروەها بەخێرهاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم، سوپاس بۆ تەشریف هێنانیان.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی دووەمی، ساڵی هەشتەمەو ڕێککەوتی (١٩٩٩/١٢/٢٢)یە. بەرنامەی کارمان بریتییە لە دوو خاڵ.

خاڵی یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانە بەپێی مادده (١٦)ی پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

خاڵی دووەم: وتەی سەرۆک پەرلەمانی هەڵبژێردراوە، لە دوای هەڵبژاردنی، سوپاس.

ئێستا دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین.

بەپێی مادده (١٦) دەرگای پاڵاوتنمان کردۆتەوە، هەر کەسێک بیەوێت خۆی بپاڵێوێ با ناوی خۆی بدات و دەستی خۆی بڵند بکات. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەناوی هەڤاڵانمەوە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان برای خۆشەویستمان کاک د.ڕۆژ نوری شاوەیس هەڵدەبژێرم بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی کاتی ئەنجوومەن:**

بەڕێز (د. ڕۆژ نوری شاوەیس) هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، کێ دەیەوێت خۆی بپاڵێوێ، دەستی خۆی بڵند بکات یان ناوی خۆی بدات تاکو ناونووسی بکەین. کەس نییە؟، وا دەرگای پاڵاوتنمان داخست. (د.ڕۆژ نوری شاوەیس) بە تەزکیە بوو بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. پیرۆزباییەکی گەرمی لێ دەکەین، خوای گەورە سەرکەوتووی بکات، با کەرەم بکات بێتە جێگای خۆی.

دوای ئەوەی (بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس) هەڵبژێردرا بە سەرۆکی پەرلەمان، هاتە سەر سەکۆ بۆ سەرۆکایەتی کردنی دانیشتنەکەو، خوێندنەوەی وتەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن (د. ڕۆژ):**

سەرۆکی خۆشەویست بەڕێز کاکە مسعود بارزانی
بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاکە نێچیرڤان بارزانی
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان
وەزیرە بەڕێزەکان، میوانە بەڕێزەکان.

پێشەکی دەرفەتم پێ بدەن سوپاسی خۆمتان ئاراستە بکەم بۆ ئەو متمانە گەورەیەی کە پێتان بەخشیم، سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان کە لە ماوەی رابوردوودا بە سەربەرزی ئەرکێکی گەورەم ئەنجام دا بە نەزاهەت و ویجدانەوە هەموو تواناو لێزانینێکم تەرخان کرد بۆ خزمەتی کورد و کوردستان و چەسپاندنی ئیدارەیەکی کوردی هاوچەرخ و بۆ بەرزکردنەوەی ناوی حزبەکەم، پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری برا وەزیرەکانی کتلەی پارتی بە گشتی و کابینەیی سێیهەم بە تایبەتی وپشت گیری سەرۆکی خۆشەویستمان جەنابی کاکە مەسعود بارزانی.

ئێستاش لەم هۆڵە پیرۆزەدا کە مەڵبەندی یەکەم پەرلەمانی کوردستانە و، سەرچاوەی یاسا و شەرعیەتە، لە بەردەم ئێوەی بەڕێزدا بەڵێن ئەدەم بە هەمان بیرو باوەڕی نەگۆڕەوە بە سەرکەوتنی کورد و کوردستان لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەسەر ڕێبازی بارزانی نەمر هەمان هێز و توانام بۆ ئەم ئەرکە نوێیە تەرخان بکەم، پابەندی یاسابم و هاوکارێکی باشی ئێوەی بەڕێزبم لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانی پەرلەمانی کوردستان لە یاسادانان و چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و بریار دان لەسەر بەرنامەکانی کار وگەشەپێدان و بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بریاردان لە سەر ڕێککەوتننامە و مەسەلە چارەنووسیەکانی گەلی کوردستانی عێراق، بەڵێن ئەدەم بەڕێز گرتن لە بنەماکانی دیموکراتیەت و بەرز کردنەوەی ئاڵای برایەتی کورد و ئاشوری و تورکمان لە کوردستاندا وڕێز گرتن لە ئاین و مەزهەبە جۆراو جۆرەکانی کوردستان، بەڵێن ئەدەم بە کار کردن بۆ چەسپاندنی دابونەریتی پەرلەمان کە لە ماوەی نزیکەی هەشت ساڵەی تەمەنیدا پەیڕەو کراوون.

بەڕێزان: ڕێگام پێ بدەن پێ زانین و ڕێزم بخەمە روو بۆ بەرهەمی بە پێزی ئەم چەند ساڵەی پەرلەمانی کوردستان و برای بەڕێزم کاک جوهر نامق کە بە پێی بۆچوونی پارتیمان و ڕێنمایی سەرۆکی خۆشەویست کاکە مەسعود بارزانی و بە هاوکاری حزب و لایەنەکانی تری بەشداری ئەنجوومەن ئەنجام دراون.

بەڕێزان: هەروەها ڕێگام پێ بدەن کە پیرۆزبایی گەرمم ئاراستەی برای بەڕێزو خۆشەویستم کاکە نێچیروان بارزانی بکەم بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و، باوەڕم بە تینەو جێگای ئومێدی گەورەمانە، کە بە لێهاتویی خۆی ئەرکەکانی سەرشانی وەک هەمیشە بەسەرکەوتویی ئەنجام ئەدات.

پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان دوو دەستگای لەیەک جیانەبووەوەی گەلی کوردستانن و انشالله وەک یەک تیپ لە خزمەتی گەل و نیشتمان و جەماوەری چەوساوەدا دەبن.

دووبارە ڕێزو سوپاس

بژی کوردو کوردستان و، هەر خۆش بن.

هەولێر ١٩٩٩/١٢/٢٢

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوا.

ئێمەش بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەین هیواداریین لەکارەکانی پەرلەماندا سەرکەوتوو بێت و بێ شک لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە پێکەوە کارمان کردووە دڵنیام لەوەی کە دەتوانین بۆ لەمەو دواش تەنسیق و هاوکارییەکی تەواو لە نێوان حکومەتی هەرێم و پەرلەماندا هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان و بۆ خزمەت کردنی میللەتی کورد، هەروەکو جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمووی ئێمە لەهەر شوێنێک بین سەربازی ئەم میللەتەین، سەربازی ئەم حزبەین و ئێمەش بەڵێن دەدەین کە بە هاوکاری و بە برایەتی و بە پشتیوانی خوا بتوانین بۆ تەنسیق کردنی زیاتر لەگەڵ یەکتر و بۆ سەرکەوتنی زیاتری ئەم پرۆسەیە هیواداریین سەرکەوتوو بێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی فەرموو بۆ پێشکەش کردنی وتەکەت.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە براو هەڤاڵی خۆشەویستم کاک د.ڕۆژ دەکەم کە ئەو متمانەیەی پێ دراوە دڵنیام کە وەکو هەمیشە دەتوانێ ئەم ئەرکە پیرۆزەی کە تازە پێی سپێردراوە بەسەرکەوتووی ئەنجامی بدات، بێگومان چ پەرلەمان، چ حکومەتی هەرێم، هەر بوونی ئەم دوو دەستکەوتە مەزنە شتێکی گەورەیە، ئەگەر هەمیشە لە یادمان بێت کە ئەم دوو دەسکەوتە گەورەیە بەرهەمی خوێنی هەزارەها شەهیدەو رەنجی میللەتی کوردە، هەموو کاتێک پیرۆزی ئەم دوو شوێنە لەبەرچاومانە، بەرپرسیەتێکی مێژوویی گەورە لەسەر شانی ئێوەیە چ پەرلەمان چ حکومەتی هەرێم، دڵنیام کە گرنگی ئەو مەسئولەیەتە زۆر چاک دەزانن و لەهەمان کاتدا دڵنیاشم کە میللەتی کورد و هەموو

حزبە هاوپەیمانەکان بەو پەری تواناوە پشتگیری لەپەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەکەن بۆئەوەی ئەم دەستکەوتانە رۆژ بە رۆژ زیاتر بن، بۆئەوەی میللەتی کورد زیاتر لە ئەمن و ئاسایشدا بژی و زیاتر بەختەوەر بێ، چونکە بەختەوەری گەورە ئەوەیە کە هیچ ماڵێکی هەژار لە کوردستان نەمێنێ و ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت، داواشتان لێ دەکەم کە ئەوپەری تەنسیقتان هەبێت لەنێوان خۆتاندا، هەردووکتان سەربازی یەک حزبن و یەک میللەتن، لەبەرئەوە تکام وایە کە برایانە هاوکاری یەکتر بکەن، هەمیشە بەرژەوەندی میللەتەکە لەبەرچاو بێت، چونکە پەروەردەی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کراوە کە هەموو شتێک لە پێناو بەرژەوەندی میللەت دەبێ بەلاوە بنرێ، ئەمە هەمووشی بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە خەریکین فێری دیموکراتیەت دەبین، لەمانای دیموکراتیەت تێدەگەین، مانای ئەوەیە کە هەریەکێک لە ئێمەمانان لەهەر کوێ پێویست بێت و بەرژەوەندی گەل و حزبی تێدا بێت لەوێ ئەنجامی ئەرکەکانی دەدات.
جارێکی تریش پیرۆزبایی لە کاک رۆژ دەکەم، پیرۆزبایی لە کاک نێچیرو کاک سامی و لەهەموو برا وەزیرەکانی کابینەی چوارەم دەکەم و داوای سەرکەوتن بۆ هەمووتان دەکەم، هەر شادو پیرۆز بێت.
دوو خوشکمان وەزیرن دەبوایە پێشتر بمگوتبا خوشکان و برایانی وەزیر، لەبەر ئەوە داوای لێبووردنیان لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خوشکانی وەزیر و، خوشکانی ئەندام پەرلەمان. زۆر سوپاسی سەرۆک بارزانی دەکەم بۆ پیرۆزبایی و ئەو وتە بەنرخەی و من حەز دەکەم لێرەدا دووبارە دووپاتی بکەمەوە و دڵنیای بکەم کە ئێمە وەکو یەک تیپ و دوو سەرباز هەموو پەرلەمان سەربازێکە و هەموو حکومەتیش سەربازێکە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان هاوکار دەبین و تەنسیق دەکەین و ئیشوکارمان وەکو یەک دەبێت.
کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان، ڕێگام پێ بدەن بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڤاڵەکانم لەناو پەرلەمانی کوردستان پڕ بەدڵ و بەخۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی لە کاک د.رۆژ نوری شاوەیس بکەین بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و لێرەوە لەبەردەمی هەموو لایەک بەڵێن تازە دەکەینەوە کە ئەوپەڕی هاوکاری ئەوپەڕی پشتگیری بکەین بۆ سەرکەوتنی لە کارەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان بەمە کۆتایی ئەم دانیشتنەمان هات، بۆ دانیشتنی داهاتوو لە کاتێکی تردا کاتەکەی دیاری دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣٨**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١٢/٢٢**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (٢) لە مادده (١٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، هەروەها حوکمی ماددەکانی ژمارە (١٣) و (١٥) لە پەیڕەوی ناوبراودا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٦)یدا کە لە ١٩٩٩/١٢/٢٢دا بەسترا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

١ـ هەڵبژاردنی د.ڕۆژ نوری شاوەیس بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٢ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/٢٢ەوە کاریگەر دەبێ.

**محەمەد حەسەن باڵەتە**

**سەرۆکی کاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ڕۆژی چوارشەممەی (٢٢)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ی زاینی**
**ڕێکەوتی (١)ی بەفرانباری ساڵی ٢٦٩٩ی کوردی لەهەولێر نووسراوە**

# تێبینی

لەلاپەڕە (٤٦٣ تا ٤٧٧) کۆنووسی
دانیشتنێکی نهێنی داخراوە